

# بەشێک لە دیمانەو چاوپێکەوتنەکانی

## هاوڕێ شەهرام سوبحانی

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست:

١- د. مەحمـوود عوسـمان: بە وڵاتـانی دژمـان گەمـارۆ دراویـن، لەنێـو خۆشـماندا نـایەکگرتووین و کـۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ئێعترافمان پێ ناکا.......................................................................... ٦

٢- کاوە ئاهەنگەری: لە قسەدا کەس دژی دێمۆکراسی نییە، بەڵام لە پڕاکتیکدا بەرژەوەندی جێگە بە فەلسەفە و ماف تەنگ دەکات............................................................................................ ١٣

٣- سۆران باریکە: لە فەرهەنگی ئیسلامی سیاسیدا شتێک بە ناوی بیری نەتەوەیی نییە................................ ١٩

٤- ناسر ڕەزازی: ئەگەر وریا نەبین وەک چۆن لە تورکیە مێلۆدی کوردییەکانمان کراونە تورکی، لە ئێرانیش وامان بەسەر دێت............................................................................................ ٢٧

٥- د. کوێستان گادانی: ڕاستە زۆر دەرفەتمان لەکیس چوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دۆخی ئێران ناگەڕێتەوە پێش شۆڕشی ژینا.............................................................................................. ٣٥

٦- فەریبا محەممەدی: پێویستمان بە گوتارێکی هاوبەش هەیە بۆ خاوەنداریەتی لە شکۆ و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان............................................................................................. ٤٣

٧- مستەفا شەڵماشی: وڵاتانی بڕیاردەری جیهان نایانەوێ قەرەبووی ئەو زوڵمە بۆ کورد بکەنەوە کە لە "سایکس – پیکۆ" و "لۆزان"دا لەدژی کورد کردوویانە........................................................................ ٤٩

٨- والی درووودی: بیری ئازادی لە ناخی هەر کوردێکدا چەکەرەی کردووە.................................... ٥٧

٩- حەسـەن شـەرەفی: هـاوڕانەبوونی هێزەکـانی ئۆپۆزیسـیون و بێکردەوەیـی کـۆمەڵگەی نێـونەتەوەیی هۆکـاری سەرنەکەوتنی شۆڕشی ژینا بوون.......................................................................... ٦٣

١٠- **گوڵاڵە شەرەفکەندی:** وێژمانی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"، وێژمانێکە ئێستاش کلیلی ڕووخانی ئەو ڕێژیمەی پێیە ............ ٦٨

١١- **مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** وتاری ١١ی ڕەشەممەی دوکتور قاسملوو مانیفێستێکی داوەتە دەست نەوەکانی ئێستا و داهاتوو............ ٧٥

١٢- **د. هۆشمەند عەلی:** شکست و هەڵەکانی ڕابردوومان نەبوونەتە وانەی مێژوو بۆ نەوەی ئێستامان............ ٨٠

١٣- **ڕزگار ئەمین‌نژاد:** یەک لە گرفتە سەرەکییەکانی خەبات لەدژی ئاسیمیلەکردن، هێژمونیی گوتار و هێماسازییەکانی ناوەندە............ ٨٧

١٤- **سوورێنی کوردستان:** سووتاندنی دارستانەکان پرسێکی گشتییە و بۆ ڕێژیم فەرق ناکات کام بەش لە ژینگەی کوردستان بێت............ ٩٥

١٥- **حەمید شەریفی:** دەف زۆرتر لە ناوچەی سنەوە گوازراوەتەوە بۆ ناوچەکانی تر و هەورامانیش بێبەری نەبووە لەم فەرهەنگە............ ١٠٠

١٦- **د. بابان ئەلیاسی:** دەستبەسەرکردن یان حەزفکردنی سەرانی ڕێژیم بەشێکە لە ستراتێژیی لایەنە توندڕەوەکانی ئێران بە مەبەستی پاراستنی کۆنترۆڵی سیستمی سیاسی............ ١٠٧

١٧- **ئاگری ئیسماعیل‌نژاد:** کانادا بە ئاگاداریی بریتانیا سپای خستۆتە نێو لیستی تێرۆرەوە و پێدەچێت بریتانیاش هەنگاوی هاوشێوە هەڵگرێ............ ١١٢

١٨- **هێرۆ قەدیمی:** شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" بۆ ڕامالینی تەواوی بەربەستەکانی کۆمەڵگە لە بەردەم ژنانە...... ١١٦

١٩- **د. کەیوان ئازاد ئەنوەر:** هەمیشە ئەو سەرکردانەی کورد کراونەتە ئامانج کە مەترسییان بۆ داگیرکەرانی کوردستان هەبووە............ ١٢١

٢٠- **د. ئارەزوو نەستانی:** کێشەی گەورەی پرسی مافی مرۆڤ لە یاسای نێودەوڵەتیدا نەبوونی زەمانەتی جێبەجێکردن و سزادانی لایەنی پێشێلکارە............ ١٢٩



سەرچاوە
Serchawe

٢١- حەسەن حاتەمی: لە شەڕی بەرفراوانی حیزبوڵڵای لوبنان و ئیسرائیلدا ئەگەری تێوەگلانی کۆماری ئیسلامیی زۆرە ........ ١٣٥

٢٢- حەسەن شەرەفی: دامەزرانی حیزبی دێموکرات خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کورد بوو ........ ١٣٩

٢٣- ڕۆستەم جەهانگیری: کوردستان هەر لەسەرەتاوە کۆسپی بەردەمی کۆماری ئیسلامی و ئایدۆلۆژیا مەزهەبییەکەی بوو ........ ١٤٤

٢٤- سوڵتان گوڵاوی: چەکی ئەتۆمی بە هاواری هیچ حکوومەتێکی دیکتاتۆرەوە نەهاتووە، ئەگینا یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو لێک هەڵنەدەوەشا ........ ١٤٩

٢٥- ئەوین مستەفازادە: بە دێکۆمێنتکردنی جینایەتەکانی ڕێژیم بەشێکە لە پرۆسەی داکۆکیکردن لە مافی کورد بە دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ........ ١٥٥

٢٦- د. لەیلا مرەوتی: بزووتنەوەی ژینا هاوسەنگیی هێزی تا ڕادەیەک لە بەرژەوەندیی کوردستان گۆڕی ........ ١٦٠

٢٧- حەبیبوڵڵا بەلووچ: کۆماری ئیسلامیی بۆ سەرکوتی نەتەوەکان خەریکی پەرەپێدانی فاشیزمە ........ ١٦٦

٢٨- شەهین تاڵەبانی: هونەرمەند ئەو کەسەیە بەرهەمەکانی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەکەی بێت ........ ١٧١

٢٩- مەیسەم موڕادی: ئیسڕائیل بە پلانی "نەزمی نوێ" دەیەوێت پرۆکسییەکانی ئێران تووشی لاوازی، یان داڕمانی یەکجاری بکات ........ ١٧٧

٣٠- سارۆ خوسرەوی: گەلی کورد پێویستە جەژنی خاوەنکار بە بەشێک لە شکۆ و شانازییەکانی مێژووی خۆی بزانێت ........ ١٨٤

٣١- سەیران مەنووچێهری: حیزبە کوردییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بەرەوپێشبردنی پرسی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا هەبووە ........ ١٨٩

٣٢- **فەریبا بەلووچ:** ڕەوتە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات پێویستە ژیرانە لەهەمبەر ئەو ناکۆکییانەدا مامەڵە بکەن کە ڕێژیم دەیاننێتەوە........................................................................................ ١٩٣

٣٣- **کاوە ئاهەنگەری:** نەبوونی پێناسەیەکی گشتیی لە شوناسی نەتەوەیی بۆ جۆراوجۆری ئایینی، زاراوەکان و دابەشبوونی خاکی کوردەکان بە سەر چوار جوغرافیای سیاسیدا دەگەڕێتەوە.................................... ١٩٩

٣٤- **ئەسما مەحیەدین:** ئەگەر ئەم دووبەرەکییە لەنێو کورددا کۆتایی پێ نەیەت تا ئەبەد ناگەینە مەقسەد.......... ٢٠٤

٣٥- **حیسام دەستپیش:** کۆماری ئیسلامی بە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران دەڕوات.................................... ٢١٢

٣٦- **د. ئازاد محەممەدیانی:** ناوەند نەیویستوە شوناسی جیاوازی کورد لەسەر پێناسەیەک کە کوردەکان لە شوناسی خۆیان هەیانە، قبووڵ بکات........................................................................................ ٢١٧

٣٧- **عەلی مێهرپەروەر:** ڕەزامەندیی خەڵک لە کۆماری کوردستان گەورەترین دەسکەوتی کۆمار بوو.............. ٢٢٤

٣٨- **فرمێسک ڕەزایی:** ژنان کۆڵەکەی ئازادی هەر کۆمەڵگەیەکن واتە پێوەری ئازادی وڵاتەکان بە ئازادی ژنان پێوانە و هەڵسەنگاندنی بۆ ئەکرێت........................................................................................ ٢٣٠

٣٩- **چرا یاسین:** کاتێک ناسیۆنالیزم دەبێتە خاوەنی شوناس کە ببێتە بەرنامە و پرۆژەیەکی جەماوەری و بەرنامەکەی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی هەبێت................................................................ ٢٣٥

٤٠- **جەمال فەتحی:** نەورۆز تەنیا هی کوردە و نەتەوەکانی دیکە یان لاسایی نەورۆزی کورد دەکەنەوە یان بە زۆر و خۆسەپاندن خۆیان کردووەتە شەریکی ئەم نەریتە مێژووییە...................................................... ٢٥٧

٤١- **عیرفان ڕەهنموون:** ئاگایی نەتەوایەتییە کە بەرنامە و ڕێکاری خەباتکارانە دادەڕێژێ و دەتوانێ نەتەوەی ستملێکراو بە ڕزگاری و ئازادی شاد بکات...................................................... ٢٦٤

٤٢- **دڵزار عابدی:** هونەر ئەو ئەکتەیە کە ڕاستەوخۆ لە خولقاندنی جیهانێکی ئیدەئاڵ بۆ هەرمانکردنی خۆی و مرۆڤایەتی هەنگاو دەنێت................................................................................ ٢٧٠

٤٣- **د. مەجید حەقی:** بۆ دەسەڵاتدارانی ڕێژیم مانەوەیان لە دەسەڵاتدا لە هەموو شتێک گرینگترە.............. ٢٧٦



سەرچاوە
Serchawe

٤٤- **کاوە ئاهەنگەری:** ناکرێ بە حیزبێک کە بەرنامە و مەرامی سیاسیی دژ بە حکوومەتی زاڵە، نەڵێین شۆڕشگێڕ...... ٢٨١

٤٥- **د. هۆشمەند عەلی:** نووسینەوەی مێژووی کورد و کوردستان پێویستیی بە چاوی کوردی هەیە، نەک بە چاوی بیانی...... ٢٨٥

٤٦- **د. کوردستان موکریانی:** ئەگەر تۆ زمانی خۆت نەپاراست، یانی ئاسایشی نەتەوەیی خۆت نەپاراستوە...... ٢٩٤

٤٧- **کاوە بەهرامی:** پێشمەرگە پێویستی بە پەروەردەیەک هەیە لێهاتوویی سەربازی ئاوێتەی تێگەیشتنی سیاسی و ئەخلاقی بکات...... ٢٩٩

٤٨- **عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لە ٨٠ ساڵ تەمەنی "کوردستان"دا هیچ لە جەوهەر و ڕیسالەتی نەگۆڕاوە...... ٣٠٧

٤٩- **د. هۆشمەند عەلی:** متمانەکردن بە فاکتەری دەرەکی هەڵەیە کورد بۆ بۆ سەرکەوتنی سیاسیی تەنیا دەبێ پشت بە یەکڕیزی و تەبایی نێوخۆیی ببەستێ...... ٣١٥

٥٠- **شوان پەروەر:** پێشمەرگە بەرگریکار و پارێزەری جڤاک، وڵات و هەبوونە، بۆیە دەبێ پێشمەرگە نەتەوەیی...... ٣٢٢



## د. مەحموود عوسمان: بە وڵاتانی دژمان گەمارۆ دراوین، لەنێو خۆشماندا نایەکگرتووین و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ئیعترافمان پێ ناکا



### ئاماژە:

لەکاتێکدا شەڕی حەماس و ئیسرائیل کاریگەریی زۆری لەسەر ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکان لە وڵاتان و جیهان داناوە، زۆر پرس و پرسیار هەن کە ماهییەتی ئەو شەڕە چییە؟ کورد لەکوێی ئەو هاوکێشەیەدا وەستاوە؟ کاریگەریی ئەو شەڕە لەسەر پرسی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان چ دەبێ؟ چۆن دەکرێ لەنێو دڵی هەموو ئەو هەڕەشانەی لەسەر کوردن هەل و دەرفەت دروست بێن؟ "کوردستان" ئەو پرسیار و مژارانەی لەگەڵ د. مەحموود عوسمان، سیاسەتمەدار و خەباتکاری دێرینی کورد هێناوەتە بەر باس.

**شەهرام سوبحانی**: دوکتور لە ئێستادا شەڕی حەماس و ئیسرائیل سێبەری خستووەتە سەر هەموو ڕووداوەکان. خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم شەڕە چییە؟ ئایا شەڕی ئایینە، شەڕی ئایدۆلۆژییە، شەڕی خاکە؟ شەڕی نیابەتییە؟ دەمانهەوێ لێکدانەوەی ئێوە ببیستین.

**د. مەحموود عوسمان**: شەڕێکی کۆنە، لە وەتی دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزراوە و پێش ئەوەش ئەو کێشانە هەر هەبووە. مەعلوومە فەلەستینیش میللەتێکن و مافی خۆیانە دەوڵەتی خۆیان هەبێ و ئیسرائیلیش دەیهەوێ دەوڵەتی خۆی هەبێ و

عالەمی دەرەووەش هەموو دەڵێن دەبێ دوو دوڵەت هەبێ، ئەویش لە تەنیشت یەکەوە. بەڵام یەکەم ئەرزیان کەمە و بەشی هەردووکیان ناکا. دووهەمینیش زۆر بڕیار دراوە کۆڕوکۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩٤٨ بەولاوە، بەڵام ئەو بڕیارانە وەکوو پێویست جێبەجێ نەکراون. ئیسرائیل تەبعەن لەسەر خاکی خۆیەتی و ئەمریکای لەگەڵە و دەوڵەتانی دنیا ئێعترافیان پێ کردوە، فەلەستینیش بەشی هەرەزۆریان دەربەدەرن و دەوڵەتە عەرەبییەکانیش نەیانتوانیوە شتێکی وابکەن. بەڵام ئێستا موشکیلەکە زیاتر بووە چوونکە ئێران دەستی تێ خستووە. حەماس و جیهادی ئیسلامی و ئەوانەی ئێستا لە غەززە شەڕ دەکەن دەوڵەتی ئێران پشتیوانییان لێ دەکا و لە بواری نیزامی و لۆجستیکەوە پاڵپشتیانە. ئەمە لە ڕابردووشدا بووە بەڵام ئەمجارە شەڕەکە گەورەترە چوونکە حەماس و ئەوان فرسەتیان هێنا و بە ئیمکاناتێکی زۆر پەلاماری ئیسرائیلیان دا و هەروەها ئیسرائیلیش تا ئێستا شتێکی وای نەدیوە بەو شێوە پەلامار بدری. ئیتر ئەوانیش دەیانهەوێ غەزە داگیر بکەن، ئەوەتا دەبینین ئەمریکا بەتەواوی هێزی خۆیەوە لەگەڵ ئیسرائیلە و ئێرانیش لەگەڵ حەماسە. دەوڵەتە عەرەبییەکانیش لەگەڵ ئەوەدا دژی ئیسرائیل قسە دەکەن، بەڵام تەئییدی حەماس و ئەوانەش ناکەن. خۆ ئەگەر عەمەلی تەماشای بکەین شەڕەکە تەڕەفێکی ئێرانە و تەڕەفێکی ئەمریکایە و مومکینە زیاتریش پەرە بستێنێ و لە حەماس بەولاوەتر حیزبوڵڵای لوبنانی تێوەربدرێ. مخابن ئەوانەی کوژراون و بریندارن و بوونەتە قوربانیی بەشی هەرەزۆریان هیچ پێوەندییەکیان بە شەڕەکەوە نییە و ئیتر کێشەیەکی گەورەیە و پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتە گەورەکان لەسەر ئەو بڕیارە ساغ ببنەوە بە سەر هەردوولایدا فەرز بکەن کە دوو دەوڵەت هەبێ و لە تەنیشت ئیسرائیلەوە دەوڵەتی فەلەستینیش دابمەزرێ و بتوانن بەئارامی لەگەڵ یەک بژین، هەرچەند ئەوە کارێکی ئاسان نییە و دیاریش نییە کە دەبێ یا نابێ.

**شەهرام سوبحانی**: کورد لە کوێی هاوکێشەکان دایە، شەڕەکە کە بەسەدان کیلومتر دوور لە سنوورەکانی ئێمە، بەڵام هەر وەک دەبینین شەقی خستووەتە نێوماڵی کورد و دابەشبوون و دووبەرەکێ و چەن بەرەکێی دروست کردوە، بۆ؟

**د. مەحموود عوسمان**: بەدڵنیاییەوە ئەو شەڕە کاریگەریی زۆری لەسەر کورد هەیە، چوونکە کورد پێوەندیی لەگەڵ ئێران و ئەمریکاش هەیە. عێراق بەگشتی و کورد و بەتایبەتی ئێران و ئەمریکا دەوریان هەیە لە کوردستان و مادام ئەمریکا و ئێران وەکوو دوو دەوڵەت تەرفی شەڕەکەن، تەبعەن ئەوە کاریگەریی لەسەر دەوڵەتی عێراق و کوردستان هەیە. تەنانەت بە ئەگەری زۆر کاریگەرییەکان قووڵتر بن، چوونکە ئەمریکا دەیهەوێ لەگەڵ ئەو بی و ئێران دەیهەوێ لای ئەو بگری و لەو بەینە کێشە درووست بووە. بۆ نموونە هێندێک لە میلێشیاکانی سەر بە ئێران لە عێراقەوە لە بنکەکانی ئەمریکا دەدەن، ئەوە لە فڕۆکەخانی هەولێر و لە حەریر دەدرێ و حکوومەتی ناوەندیی عێراقیش نەیتوانیوە تا ئێستا بیانوەستێنێ. کەوابوو بەردەوامیی ئەو قەیرانە کاریگەریی لەسەر کورد بە تایبەتی کوردی عێراق دەبێ.



سەرچاوە
Serchawe

## شەهرام سوبحانی

**شەهرام سوبحانی**: لە ئەگەری پەرەسەندنی ئەو شەڕەو تێوەگلانی وڵاتانی ناوچەکە مەترسییەکانی لەسەر هەمموو بەشەکانی کوردستان چی دەبێت؟ یان ئەگەر پێتان وایە دەکرێ لە نێو دڵی ئەو هاوکێشەلەدا دەرفەتمان بۆ درووست بێ ئەو دەرفەتانە کامانەن؟

**د. مەحمووود عوسمان**: بڕوا ناکەم دەرفەتێکی ئەتۆ بۆ کورد درووست بێ جگە لە زەرر نەبێ. لەلایەک ئێران و لەلایەک ئەمریکایە، ئەگەر بێ و ئەم ڕازی کەی و ئەو ڕازی کەی تووشی کێشەی زۆر دەبی. مەسەلەکە ئەوەیە چەندە ئێران بەهێز بێ، زەرەری بۆ کوردە لەم دیو سنوورو و لەو دیوو. لە تورکیەش هەروایە. تورکیە کە ئێستا لەگەڵ ئیسرائیل پێوەندی خراپ بووە تەبعەن ئەویش کاریگەری زیاتری دەبێ و لە سووریەش ئێمە دەبینین ڕۆژئاوا بەردەوام لەلایەن تورکیەوە پەلامار دەدرێ. لەلایەک میلیشیا عێراقییەکانی سەر بە ئێران لە هێزەکانی ئەمریکا دەدەن و ئەمریکاش بۆ تۆڵەکردنەوە لە سووریە دەدا، یانێ کورد لەو بەینەدا کەوتووەتە نێوان دوو بەرداشەوە و بۆیە بڕوا ناکەم کورد سوودێک لەو شەڕە وەرگرێت. شەڕەکە نەبێ بۆ کورد چاکترە، چوونکە لە کۆتاییدا هەردوولا هەر دەمێنن، واتا هەر یەک لە جێگەی خۆی و وانییە بڵێی لایەک سەتا سەت سەر دەکەوێ و ئێتر تۆ کەلکی لێ وەردەگری. لەڕاستیشدا ئەم دوو لایەنە هیچیان دۆستی کورد نیین، نە ئێران و نە ئەمریکا؛ چوونکە ئەمریکاش هیچ شتێکی بۆ کورد پێ نییە و نەیکردووە کە بڵێ ئێتر ئەمریکا سەرکەوت کوردیش شتێکی بۆ درووست دەبێ. لە بەر ئەوە زەرەری ئەبێ بۆ کورد و چەندە زووتر بە ئاشتی کۆتایی پێ بێت باشترە بۆ هەمموو لایەک و بۆ کوردیش.

**شەهرام سوبحانی**: بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی پاڵپشتی کورد ناکەن هۆکارەکەی چییە؟

**د. مەحمووود عوسمان**: سیاسەتی ئەوان لەسەر بنەمای وڵات بووە. ئەوان دەڵێن عێراق یەک وڵاتە، تورکیە و ئێران و سووریەش هەرکام وڵاتێکن و ناکرێ دابەش بن و کورد بەشێکە لەو وڵاتانە و دەبێ مافی خۆیان لەو وڵاتانەدا دەستەبەر بکەن. ئیدی تەئییدی ئەوە ناکەن لەدژی ئەو وڵاتانە بی و بتەوێ سنوورەکان بگۆڕی. دەبینی مەسەلەن لە تورکیە ئەوەی دژی حکوومەتی تورکیە بێت پێی دەڵێن تێرۆریست، لە ئێران پێی دەڵێن تەجزیەتەلەب، بەڵام لە ئاکامدا چییان بۆ کوردی ئێران نەکردووە. لە عێراقیش زیاتر لەگەڵ بەغدان، نەک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی؛ چونکە تۆ بەشێکی لەو وڵاتە و پێت دەڵێ تۆ بڕۆ کێشەی خۆت لە گەڵ بەغدا چارەسەر بکە. ئەو وڵاتانە سیاسەتەکەیان ئەوەیە و ئەوەش بە واتای ئەوە نییە دژی کوردن. تەبعەن پێت دەڵێ تۆ بەشێکی لە عێراق و من لەگەڵ عێراق مامەڵە دەکەم و تۆش بەشێکی لەو وڵاتە و کێشەی خۆت بڕۆ لە بەغدا بەپێی دەستوور چارەسەر بکە. واتا ئیهتمامی گەورەیان بە حکوومەتی مەرکەزییە. لە تەنیشت ئەوە مەرحەبا لە کوردیش دەکەن، بەڵام بە شێوەیەکی کەمتر و شتێکی تایبەتییان پێ نییە. بۆ نموونە ڕیفراندۆمەکەی



سەرچاوە Serchawe

ساڵی ٢٠١٧. ئەو ڕێفراندۆمە تەنیا بۆ ئەوە بوو دەنگی کوردەکە وەرگری، بەڵام لە ئاکامدا هەموو عالەم بوو بە دژمان، لە کاتێکدا هیچپیشمان نەکردوە. بە واتایەیە بڕوات پێ ناکەن کە تۆ میللەتێکی و مافی ڕێفراندۆم و مافی دیاریکردنی چارەنووست هەیە. لە بەر ئەوە سیاسەتەکەیان ئەوەیە کە دەیبینی. زیاتر سیاسەتەکەیان لەگەڵ دەوڵەتەکانە لە تورکیە، لەگەڵ ئێران، لەگەڵ عێراق و سووریە و پێت دەڵێن تۆ بەشێکی لەو وڵاتانە. بەداخەوە جوغرافیای ئێمەش ئێمەی حەبس کردوە لە بەینی ئەو دەوڵەتانەدا، بەحرێکمان نییە تا بتوانێ سەرنجی دەوڵەتان بەلای خۆیدا ڕابکێشت و بۆ ئێمە ڕێگای دەربازبوونێک بێت.

**شەهرام سوبحانی**: بۆ خۆشتان دەزانن بزووتنەوەی سیاسی ڕۆژهەڵات بە قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێ لە دوو ساڵی ڕابردوودا کە بینیمان لە لایەک هەم شۆڕشی ژینا و لە لایەک هەم ڕێکەوتنی ئەمنییەتی نێوان ئێران و عێراق بزووتنەوەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی خستۆتە بەردەم زۆر ئەگەر و سیناریۆی ناڕوون. ئێوە ئەمە پتر بە هەل و دەرفەت دەبینن یان هەڕەشەو مەترسی؟

**د. مەحموود عوسمان**: زیاتر هەڕەشە و مەترسییە، هەل و دەرفەتیش مومکینە تێیدا بێت. ئەو هەل و دەرفەتە پێوەندیی بە هەڵویستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرانبەر بە ئێرانەوە هەیە کە ئایا دەیانهەوێ حکوومەتی ئێران یان سیاسەتەکانی بگۆڕن؟ ئەوان بە قسە هەموو دژی ئێرانن، بەڵام شتێکی وا نابینی کە سیاسەتی ئەوەیان هەبێ و لە کردەوەدا شتێکی وانابینی کە ڕێژیمەکە نەهێڵن یا بیگۆڕن. دیار وەها بەرنامەیەکیان نییە. ئێمە بینیمان ئەو هەموو خۆپیشاندانە کرا و شۆڕشی ژینا ڕووی دا، بەڵام ئەمریکا چیی کرد؟ هیچی نەکرد. باسیان دەکرد وەکوو مەحکوومکردنی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی بەڵام سیاسەتیان ئەوە نییە کە ڕێژیمەکە بگۆڕن چوونکە هەر ئۆمێدیان وایە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە گەڵ ئەو ڕێژیمە مەرحەبایەک بکەن لە بەر ئەوە من دەرفەتی زۆر تێدا نابینم، لەو وەزعەدا ئێمە وەک کورد زەرەرمان زۆر کردوە بەڵام تەبیعی نازانی سیاسەتی دنیا چۆنە. ئەگەر زۆرە گۆڕانکارییەکی وا درووست بێ لە دنیا داکە ئەو سیاسەتانە بگۆڕن. ئەگەر ئەو هەلە هاتە گۆڕێ کوردیش لەوانەیە لەو هەلە سوود ببینێ، بەڵام هەتا ئێستا شتێک دیار نییە.

**شەهرام سوبحانی**: دوکتور یانی پێتان وایە کە لە حاڵی حازردا هیچ ئۆمێدێک نییە؟

**د. مەحموود عوسمان**: ئەگەر مەبەست بۆ کوردی ئێرانە من حالییەن ئۆمێدێکی وا نابینم، چوونکە ئەوە ئێران هەیە و هیچ دەوڵەتێک حازر نییە ڕێژیمەکە بگۆڕدرێ، مومکینە لەگەڵی نەبن و تەنانەت دژی بن و گەمارۆی ئابووریشی بخەنە سەر؛ بەڵام ئیهتیمامێکی گەورەش نابینم بۆ کوردی ڕۆژهەڵات. یانێ ئێستا ئەمریکا کە ئەوندە دژی ئێرانە و شەو و ڕۆژ بەحسی

دەکا و سزای لە سەر دادەنێ، بەڵام زۆر بە زەحمەت ویزا دەدەن بە کوردێک کە بچێ بۆ ئەمریکا و هەمیشە پێیان دەڵێن کە ئێمە تەئییدی ئەوە ناکەین ئێوە بە چەکداری بتانەوی رێژیمەکە بگۆڕن. بەکورتی کێشەکان زۆرن و هۆکارەکەش ئەوەیە ئەوان ئێمە لە بناغەوە وەک نەتەوەیەک سەیری ئێمە ناکەن، وەک نەتەوەیەک کە مافی چارەنووس و مافی کیانێکی هەیە و دەبێ قەوارەی خۆی هەبێ. جا ڕەنگە لە داهاتوودا گۆڕانکارییەک بکرێ، بەڵام لە ئێستادا وای نابینم.

**شەهرام سوبحانی**: بەپێی دۆخی سیاسی هەرکام لە بەشەکانی کوردستان کورد لە هەر کام لە پارچەکانی کوردستان بە تایبەتمەندییە جیاوازییەکانی خۆیەوە یان تەنانەت لە چوارچێوەی ڕێکەوتن و پلاتفۆرمێکی هاوبەشدا ستراتیژیکییەکەی دەبێ چی بێت؟

**د. مەحموود عوسمان**: دەبێ یەکگرتوو بن و پێکەوە هاوکار بن لەسەر ئاستی نەتەوەیی و لەسەر ئاستی هەر پارچەیەکیش حیزبەکان چەندی دەتوانن هاوکاری یەک بن. پێویستە بەرەیەکیان هەبێ و دژی یەکتر سیاسەت دەکەن. ئەوە کاریگەریی زۆرە چوونکە ئێمە میللەتێکی گەورەین. ئەگەر هەموو حیزبەکان هاوکاری یەک بن بێگومان قورساییەکی گەورەیان دەبێ لە دنیای دەرەوە، لەسەر ئاستی نەتەوە و ئاستی هەرکام لە پارچەکانیش ئەوەی لەجێی خۆی. بۆ نموونە لێرە لە کوردستانی باشوور ئەگەر پارتی و یەکیەتیی پێکەوە ڕێک بن و کێشە و گرژییان نەبێ، دەتوانن لۆبیی زیاتر بکەن و عینی شت لە ڕۆژهەڵات و لە نێوان حیزبەکانی ئەوێدا. بەڵام بەداخەوە من ئەو یەکگرتنە نابینم و لە بەر ئەوەشە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ئیعتراف بە بوونی ئێمە ناکا. ڕاستە ئێمە نەتەوەیەکین و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆمان هەیە، بەڵام بۆخۆمان یەکگرتوو نین و جۆغرافیاکەشمان لەبار نییە و گەمارۆ دراوین لە نێوان ئەو دەوڵەتانەی کە هیچیان دۆستمان نین.

**شەهرام سوبحانی**: ئاماژەتان کرد کە یەکێک لە هۆکارەکان نەبوونی جۆگرافیایەکی لەبار بووە. بەڵام خۆ نموونەی وڵاتانی دیکەی وەک کوردستانیش هەن کە ڕێگایان بە دەریا نییە و دەوڵەت و وڵاتی سەربەخۆن.

**د. مەحموود عوسمان**: بە بڕوای من ئەوە هۆکاری سەرەکییە و پاش ئەوە دەتوانین ئاماژە بە نایەکگرتوویی کورد بکەین، دواتریش وەک گوتم کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ئیعترافمان پێ ناکەن و لە هەموو گرینگتر ئەو دەوڵەتانەی دەوروبەرمان هەموویان دژی ئێمەن و هەمووشیان پێوەندی و بەرژەوندییان لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکان هەیە و کۆمەڵگەی جیهانییش ئێمەیان کردۆتە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی خۆیان.



سەرچاوە
Serchawe

**شەهرام سوبحانی**: دوکتور زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیە. ئەگەر شتێکی نەگوتراو مابێ لە چوارچێوەی باسەکەماندا.

**د. مەحموود عوسمان**: ئەمن هەمیشە ئەوەم گوتوە کە من لەگەڵ کوردی ڕۆژهەڵات بووم و هەموو دەزانن هەڵویستی من بەنیسبەت خەبات و تێکۆشانی کوردی ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی تریش چۆنە. هیوادارم حیزبەکانی ڕۆژهەڵات هەوڵ بدەن یەکگرتوو بن و ئەو گوشارانەی کۆماری ئیسلامییش دەیخاتە سەر هەرێمی کوردستان پێویستە بە یەکگرتوویی بەرەنگاریان ببنەوە و ڕەچاوی دۆخی هەرێمی کوردستانیش بکەن هەر وەک هەتا ئێستا ڕەچاویان کردوە، چونکی هەموومان دەزانین کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات وەک یەکەکە نین کە ڕەچاوی هیچ دۆخێک ناکەن. هیوادارم حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە عەینی کاتدا کە لە خەباتی خۆیان بەردەوامن، لەگەڵ گەلانی تری ئێرانیش هاوکار بن و چاوەڕوانی فرسەت بن و لە لۆبیکردن بەردەوام بن و ئەگەریش دەرفەتی وتوویژ و ئاشتی دروست بوو، لە کیس خۆیانی نەدەن. بەڵام بەڕاستی دەبێ زۆریش وریا بن، ئێمە لەو بارەیەوە تەجربەمان زۆرە. ئێمە زۆر شەڕمان لەگەڵ حکوومەتی عێراق کرد و زۆر ئیعتیمادمان لەسەر ئێران هەڵچنی، بەڵام دیتمان کە چی لە ئێمە کرد و چۆن دژی ئێمە ڕاوەستا. بۆیە دەبێ دەرس لەو مێژووە وەرگرن. کوردی ڕۆژهەڵات مافی خۆیانە دیفاع لە خۆیان بکەن، چوونکە ئێران هێرش دەکاتە سەریان و ئەوانیش دیفاع لە خۆیان دەکەن. ئەوە بە مانای شەڕخوازی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بزانن کە ناتوانن متمانە بە دەوڵەتی عێراق و دەوڵەتانی دیکەش بکەن چوونکە ئەو دەوڵەتانەش لەگەڵ کورد نین.

مێژووی کۆنی کورد و شۆڕشەکانی کە دەخوێنینەوە، دەبینین شۆڕشەکە پێش کەتووە و سەرکەوتوو بووە، بەڵام لەپڕ دەوڵەتەکان لەگەڵ یەک هاوکارییان کردوە و شۆڕشەکەیان کۆتایی پێ هێناوە. تەجروبەی مەهابادمان هەیە، تەجروبەی ئاراراتمان هەیە، تەجروبەی ١٩٧٥ی باشوورمان هەیە، تەجروبەی ١٩٨٨، ئەنفال و کیمیابارانمان هەیە. بەڕای من هەوڵ بدەین چەندی دەکرێ یەکگرتوو بین، یەکگرتنەوەی هەردوو لایەی دێموکرات زۆر باش و هەنگاوێکی گەورە بوو. بەڵام ئەو یەکیەتی و یەکگرتوویە دەبێ لە هەموو ئاستی ئێراندا بەدژی ڕێژیم دروست بێ و لە دەرەوەش لە چالاکی و لۆبیکردن نەوەستن. کوردی ڕۆژهەڵات هاوکات پێویستە لەگەڵ کوردی ئێران و تورکیە هاوکار و هاوخەبات بن و چاوەڕوانی دەرفەت بن، چونکی لە دنیادا گۆڕانکاری قووڵ ڕوو دەدا. ئێمە بینیمان چۆن یەکیەتیی سۆڤییەت هەڵوەشا و وەزعەکە گۆڕا و مومکینە لە داهاتووشدا زۆر گۆڕانکاری لە بەرژەوەندیی ئێمەدا ڕوو بدا.

١ی سەرماوەزی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## کاوە ئاهەنگەری: لە قسەدا کەس دژی دیمۆکراسی نییە، بەڵام لە پڕاکتیکدا بەرژەوەندی جێگە بە فەلسەفە و ماف تەنگ دەکات



### ئاماژە:

دیمۆکراسی بە ئەسڵێکی گرینگ لە چارەسەری پرسی نەتەوەکان دادەنرێ و قسەی لەسەر دەکرێ، هاوکات کۆمەڵێک پرسیار لەم بارەوە لای هەر تاکێکی  کۆمەڵگەوە دروس دەبێ کە ڕۆڵی دیمۆکراسی لە چارەسەری کێشە و گرفتەکانی نەتەوەی کورد چییە؟ ئایا دیمۆکراسی دەتوانێ وڵامدەری ویست و داخوازییەکانی نەتەوەی کورد بێ؟ ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانییەکان تا چ ڕادەیەک پابەند بە چەمکەکانی دیمۆکراسی بۆ ئێرانی داهاتوون؟ لای ئەوان تەنیا دروشمێکە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات یان ئەسڵێکی چەسپاو لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیاندا و کۆمەڵێک پرسیاری دی. لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کاوە ئاهەنگەری، شرۆڤەکاری سیاسیی ئەو بابەتە تاوتوێ دەکەین:

**شەهرام سوبحانی:** کاک کاوە سەرەتایی مژارەکەمان لەم پرسیارەوە دەست پێ دەکەین کە ڕۆڵی دیمۆکراسی لە چارەسەری گرفت و کێشەکانی نەتەوەی کورددا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**کاوە ئاهەنگەری:** ئەوەی ڕاستی بێ ئەگەر فەلسەفی چاو لەم پرسیارەت بکەم و بمهەوێ لەم ڕەهەندەشەوە وڵام بدەمەوە،

**شەهرام سوبحانی**

دەتوانم بڵێم کە دێمۆکراسی چارەسەری زۆرینەی کێشە و گرفتەکانمانە. دیارە دەبێ مەبەستتان نەتەوەی کورد لە ئێران بێ، بەڵام ئەگەر مەبەستت کورد بە گشتیش بێ ئەوە هەمدیسان وڵامەکەم لە ڕووی فەلسەفییەوە هەر لە جێگەی خۆیەتی. بۆ وا دەڵێم؟ لەبەر ئەوەیکە دێمۆکراسی لە زات و ناخی خۆیدا، " ڕێگەچارە"یە. واتە گەیاندنی هەر تاکێک بە ستاتووسی شیاوی خۆی. لە دێمۆکراسیدایە کە "تاک" و "کۆ" شانسی بەکردەوەییکردنی ئیرادەی خۆیان پێدەدرێ. حەتمەن بیستووتانە کە دەڵێن دێمۆکراسی واتە حکوومەتی خەڵک بە سەر خەڵکدا. دیارە ئەم چەمکە کە ڕیشەی لە زمانی لاتین دایە، هەر بەو مانایەیە، واتە کراسیای (حکوومەت) دێمۆس (خەڵک). یان حکوومەتی خەڵک. بەڵام ئەوە تەنیا باری زەینی و تێۆریکی باسەکەیە کە وەک باسیشم کرد، لەم ڕووەوە بە باوەڕی من دەتوانین وەک چارەسەری زۆربەی کێشەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ناوی ببەین. بەڵام لە کردەوەدا هەندێک شت دێنە ئاراوە کە ئێمە مەجبوور دەکەن ڕوو لە هەندێک مکانیزمی کرداری دیکە بۆ بەڕێوەبردنی دێمۆکراسی بکەین. لێرەدایە کە "ئابراهام لینکۆڵن"، سەرۆککۆماری بە ناوبانگی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و یەکێک لە باوکانی بنیاتنەری ئامریکا دەڵێ: دێمۆکراسی واتە حکوومەتی خەڵک بە سەر خەڵکدا، لە ڕێگای خەڵکەوە بۆ خەڵک. ئەم تێبینییانەش لەبەر ئەوە دێنێتە ئاراوە کە لێرەدا مەجالی باسیان نییە. بەڵام با من باس لە پێناسەیەکی دیکە بکەم کە وێکچوونێکی هزری- فەلسەفی جوانی لەگەڵ ڕێبەری ناوداری کورد شکۆیان دوکتور قاسملوو هەیە. ئەوەیکە ڕێبەری مەزنمان دروشمی " دێمۆکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان"ی لە نێو گوتاری سیاسی حیزبی دێموکراتدا جێ خست، لە ڕاستیدا هەڵقووڵاوی ڕوانین و تێگەیشتنێکی فەلسەفی زۆر وردبینانە و دووربینانە بوو. ئەگەر ئێمە ئەم دروشمەمان لە پێش شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە دەبیست، چەند دەیە دواتر، فەیلەسووفی بەناوبانگی جیهان؛ "جان کەین" ئاوا دێمۆکراسی پێناسە دەکات: "دێموکراسی واتە خودموختاریی بەرابەرەکان". سەرنج بدە سەر دوو وشەی " خودموختاری" و "بەرابەری" لە دێمۆکراسیدا. ئێستا گرینگی و قورسایی و جوانی دروشمەکەی قاسملووی مەزنمان باشتر بۆ دەردەکەوێ. چوون لە فەلسەفەی دێمۆکراسیخوازی شکۆیان عەبدولڕحمان قاسملوودا، "خودموختاری" و "بەرابەری" دوو بیچمی بنەڕەتی خەبات و ژیان بوون و هەر لەو پێناوەشدا سەری دانا. بەکورتی دێمۆکراسی لە ڕووی فەلسەفی و تیۆریکەوە چارەسەری کێشەکانمانە بەڵام لە کردەوەدا پێویستیمان بە کۆمەڵێک مکانیزمە.

**شەهرام سوبحانی**: ئەو مکانیزمانە چین؟

**کاوە ئاهەنگەری**: کۆمەڵێک ڕێگەچارەی سیاسی هەن وەک مکانیزم کە کۆمەڵگەکان بەکاریان هێناوە. واتە تەتبیقی دێمۆکراسی فەلسەفی بۆ سەر دێمۆکراسی سیاسی. بۆ نموونە بۆچی دێمۆکراسییەکان هیچیان عەینی یەک نین لە ڕووی پێکهاتەی سیاسییەوە؟ لەبەر ئەوەیکە هەر کۆمەڵگەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە تەتبیقی سیاسییدا ئەگەر دێمۆکراسی بنەما بێ، ئەوە دەرکەوتەی جیاواز و جۆراوجۆری لێ دەکەوێتەوە. یان شێوازەکانی تەتبیقی دێمۆکراسی، ئایا

دێمۆکراسییەکە ڕاستەوخۆ دەبێ یان ناڕاستەخۆ؟ پارلمانی دەبێ یان سەرۆکایەتی؟ و ....هتد. و بگرە چەند و چۆنی دابەشکردنی دەسەڵات بەشێکە لە پرۆسەی دێمۆکراتیزاسیۆن. فۆرم و چەند و چۆنی دابەشکردنی دەسەڵات لە وڵاتانی دێمۆکراتیکدا وەک یەک ناچن.

ئەم باسە بەرفراوانە، هەر بۆیە وتم کە دێمۆکراسی لە ڕووی فەلسەفییەوە چارەسەرە، بەڵام بە کردەوە کۆمەڵێک مکانیزم و ئاڵۆزی تایبەت بە خۆی هەیە.

**شەهرام سوبحانی**: دێمۆکراسی دەتوانێ وڵامدەری ویست و داواخوازییەکانی نەتەوەی کورد بێ؟

**کاوە ناهەنگەری**: ئەگەر بوونی هەبێ و ئینجا سازو کاری سەردەمیانەی بەڕێوەچوونی دەستەبەر بکرێ، پێموایە دەتوانێ ویست و داخوازییەکانی نەتەوەی کورد بەدی بێنێت. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە زۆر کەس بە ڕواڵەت دێمۆکراسی قەبووڵە بەڵام زۆر جار بە کردەوە، لە دژی دەوەستێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر مانەوەی نەتەوەکانی زاڵ و بندەستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە قەیرانێکی مەعریفیدان و ئەوەش وەک گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگای دێمۆکراتیزاسیۆنی لێهاتووە. تێگەیشتنی ئێمە بە نیسبەت دێمۆکراسی زۆر کرچ و کاڵە. ئەوەی فێری دەبین لە پەروەردەی فەرمی و نافەرمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، زۆربەی دژ بە دێمۆکراسین. ئینجا لە مەڵبەندێک یان لە وڵاتێکدا دێمۆکراسی وەک وانە لە منداڵییەوە نەوترێتەوە، بۆ دەبێ بەرهەمی ژیانی کۆییمان " دێمۆکراتیک" بێ!؟ دەگەڕێمەوە سەر پێناسەی دێمۆکراسی؛ وەک باسم کرد لە دێمۆکراسیدا خودموختاری ئەسڵێکی سەرەکی و بنەڕەتییە. واتە تاک دەبێ خودموختار بێ، واتە بتوانێ ئیرادەی خۆی بە کرداری بکات، واتە ستاتووسی هەر تاکێک لە ناو کۆیەکدا پارێزراو بێ، واتە تاک بڕیار دەر بێ.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا سیستەمی پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە سەر بنەمای ئەم تێگەیشتن و گۆشە نیگایە دارێژراوە؟

**کاوە ناهەنگەری**: بێگوومان وەڵام نایە، کەوابوو سیستەم و مکانیزمی ژیانی کۆیی ئێمە ناتوانێ دێمۆکراتیک بێ. بۆیە ئێمە وەک کورد لە دوو بەشدا دەبێ لە فکری چارەسەردا بین یەکەم، کۆمەڵگەی کوردی خۆمان کە بە دەست بیچمی کولتووری و دەستووری ناکوردی و نادێمۆکراتیکەوە دەناڵێ. دووهەم، چەند و چۆنی هەڵسووکەتی نەتەوە و حکوومەتە سەردەستەکان لەگەڵ ئێمە و ئێمە لەگەڵ ئەوان کە لە ڕاستیدا خەبات و هێز و وزەی کورد بە زۆری بۆ ئەم بەشە تەرخان کراوە و چەندین دەیەیە کە قەرارە ئەو باڵانس و موعادلەیە بە قازانجی خۆمان بگۆڕین.



سەرچاوە
Serchawe

**شەهرام سوبحانی**: ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانییەکان تا چ ڕادەیەک پابەند بە چەمکەکانی دیمۆکراسی بۆ ئێرانی داهاتوون، لای ئەوان تەنیا دروشمێکە بۆ بە دەسەڵات گەیشتن یا ئەسڵێکی چەسپاو لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیاندا؟

**کاوە ناهەنگەری**: وەک کەسێک کە شارەزای ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش وەک خەڵکەکەی لە قەیرانی مەعریفیدا تل دەخواتەوە. وەکی باسیشم کرد، لە ڕواڵەتدا و لە ئاستی وشەدا کەس دژی دیمۆکراسی نییە، بەڵام لە ئاستی کردەوە و پراکتیکدا، زۆر شت دەگۆڕدرێ و بەرژەوەندی جێگە بە فەلسەفە و ماف تەنگ دەکات.

**شەهرام سوبحانی**: کۆمەڵگەی کوردستان و بەگشتیی ئێران تا چ ئاستێک خوازیاری دامەزراندنی ئەم شێوە نیزامەن؟ و خوێندنەوەی کۆمەڵگەی ئێرانی بۆ ئەم پرسە لە چ ئاستێک دایە؟

**کاوە ناهەنگەری**: من بە تایبەتی بە دوای شۆڕشی ژینا زیاتر لەگەڵ ئاستی مەعریفی کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستان و ئێران ئاشنا بووم و بۆ من جێی دڵخۆشییە. بە زمانێکی دیکە و زۆر بێپەردە عەرزتان دەکەم؛ ئەگەر باوەڕم بە داهاتوویەکی گەش هەبێ، ئەوە پێموایە کە بە دەست نەوەی نوێی یاغی و کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێ، نەک ئۆپۆزیسیۆنی کلاسیک. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر هەندێک شت کە من زۆرتر بە کورتی ئاماژەیان پێدەکەم،

**یەکەم**، شکستی بیرۆکەی کۆن و کلاسیکەکان کە وەک دەرفەت و دەسکەوتێکی باشی بۆ نەوەی نوێ لێهاتووە و چیتر ئەو شێوازە کلاسیکانە تەجرووبە نەکەنەوە.
**دووهەم**، تابۆ شکەنی یەکێکی دیکە لە خسڵەتە باشەکانی ئەو نەوەیەیە کە دەتوانێ ئەولاتر ببینی و بخوێنێتەوە و لە ڕابردوودا چەق بەستوو نەبێ.
**سێهەم**، ئاشنا بوون لەگەڵ بیرۆکەی سیاسی نوێ و تەجرووبەی گەلانی دیکە. چوارەم؛ بوونی ئامێری پێوەندی کە توانیویتی بە نیسبەت پێکهاتنی هزری گشتی (خرد جمعی) زۆر یارمەتیدەر بێ و باس و بابەتەکان زۆر خێراتر و قوڵتریش بکەوێتە نێو نەوەی نوێیەوە.

**شەهرام سوبحانی**: کەند و کۆسپەکانی بەردەم دیمۆکراسی و ڕەهەندەکانی چین؟ و چەندە دەتوانێ ڕێگر بێت؟

**کاوە ناهەنگەری**: ڕاستییەکەی یەکەم کێشە نەبوونی خودی "دیمۆکراسی"یە بۆیە باس کردن لە کەند و کۆسپ و

ڕەهەندەکانی شتێک کە بۆخۆی بوونی نییە، کەمێک سەیر دەنوێنێ. کەوابوو ئێزن دەخوازم سەرەتا بە ڕاشکاوی "نەبوونی دێموکراسی" باس بکەم و ئینجا بە ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی پێک نەهاتنی دێموکراسی لەم ناوچەیە ئاماژە بکەم. سەبارەت بە هۆکارەکانی لەدایک نەبوونی دێمۆکراسی لەم ناوچەیەدا، بە باوەڕی من نەبوونی بزووتنەوەیەکی ڕووناکبیریی تابۆ شکێن، پێشڕەوە و ڕێخۆشکەر، باسێکی جیددی و سەرەکییە. هەتا ئەم بزووتنەوەیەش ڕوو نەدات، قەیرانی مەعریفی کە یەخەی هەمووانی گرتۆتەوە، چارەسەر نابێ و لە نەهایەتدا ناتوانین دڵ بە بنیاتنانی دێمۆکراسی لەم ناوچەیەدا خۆش بکەین. دیارە وەک لە پرسیارەکەشتدا هاتووە، ئەم ڕێگەیە بێ ڕێگر و کۆسپ نییە. بۆ نموونە عەقڵیەتی دینی، پێکهاتەی هیرارشییەکی عەشیرەیی، نەبوونی سیستەمێکی پەروەردە و بارهێنان هەر لە منداڵییەوە تا کۆتایی، نەبوونی ڕێبەرییەکی بنیاتنەر وەک "باوکانی بنیاتنەر"ی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، ناوچە و جیرانی دواکەوتووی نووقمی عەقڵیەتی نادێمۆکراتیک و .... هتد. لە کۆتاییدا، نەبوونی"هزری سیاسی"(خرد سیاسی) پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەکان بە سەرەکیترین کۆسپەکان دەزانم.

**شەهرام سوبحانی:** **حیزبەکانی ڕۆژهەڵات تا چ ئاستێک توانیویانە دێمۆکراسی و ڕەهەندەکانی لە نێو کۆمەڵگەدا نەهادینە بکەن؟**

**کاوە ئاهەنگەری:** نەهادینە کردنی دێمۆکراسی لە نێو کۆمەڵگەی کوردستاندا ناکەوێتە سەرشانی ئەحزابێک کە بۆخۆیان قەدەغەن و ناتوانن چالاکی یاساییان هەبێ. لە وڵاتێکیشدا کە ڕێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامی بە سەریدا زاڵە، هەمدیسان باس لە نەهادینەکردنی دێمۆکراسی دوور لە لۆژیکە. بۆیە بەگشتی دەبێ باس لە چۆنێتی دەستپێکردنی دێمۆکراسی بکەین کە هێشتا گەلانی ئێران بەگشتی و نەتەوەی کورد بە تایبەتی لێی بێبەهرەیە. بەڵام لەوانەیە ڕووی پرسیاری ئێوە لە دێمۆکراسی نێوخۆیی حیزبەکان بێ کە ئەوەش باسێکی دیکەیە. حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیش لە ڕواڵەت و تیۆریدا خاوەن ستاتووسی دێمۆکراتیکن. بۆ نموونە هەڵبژاردن هەیە، کۆنگرە و کۆنفرانس هەیە، کەسانێک خۆ دەپاڵێون، دەنگدان هەیە و بگرە چەند ساڵ جارێک ئەکتێکی دێمۆکراتیک بەڕێوە دەبەن. بەڵام ئایا دێمۆکراسی هەر ئەوەندەیە؟

بە باوەڕی من نا. لەبەر ئەوەیکە دێمۆکراسی مۆدێرن کە "جان کەین" وەک خودموختاری بەرابەرەکان پێناسەی دەکات، زۆر شتمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. هەر بۆیە ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ئایا هەموو ئەندامانی ئەحزابی کوردی، لە ژن و پیاو ڕا بگرە تا ئەوانەی خۆیان بە کۆمەڵگەی پەلکەزێرینە پێناسە دەکەن و ... هتد. بە ستاتووسی بەرابەر و خودموختار گەیشتوون؟ بۆیە پێموایە کە دێمۆکراسی پێش ئەوەی قالب بێ، ناوەڕۆکە. پێش ئەوەی ئەساسنامە بێ کردار و ڕەفتارە.

**شەهرام سوبحانی**

لێرەدایە پێموایە حیزبەکانیش تا نەهادینەبوونی دێمۆکراسی مەودایەکیان لە پێشە.

**شەهرام سوبحانی**: کاک کاوە زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانە، ماندوو نەبن.

**کاوە ئاهەنگەری**: سپاس ئێوەش ماندوو نەبن.

**١١ی سەرماوەزی ٢٧٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

## سۆران باریکە: لە فەرهەنگی ئیسلامی سیاسیدا شتێک بە ناوی بیری نەتەوەیی نییە




### ئاماژە:

ئیسلامی سیاسی وەک دیاردەیەکی هاوچەرخ کاریگەریی زۆری لە سەر بزاڤی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە کوردستان و ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە. هاوکات کۆمەڵێک پرس و پرسیار لەو پێوەندییەدا هەمیشە گەنگەشەی لەسەر دەکرێ: پرسی نەتەوەیی و سەروەریی خاک و گەل لە کوێی ئایدۆلۆژیی ئیسلامیدا جێ دەگرێ؟ بەشداریی ئایین لە سیاسەت و خەباتی کورددا تا چەند لە پێناو چەسپاندنی مافی نەتەوەیدا بووە؟ کورد وەک نەتەوەکانی دیکەی وەک فارس و عەرەب و تورک چەند توانیویەتی لە ئایین وەک پاڵپشتێک بە قازانجی بەرەوپێشبردنی پرسی نەتەوایەتی کەڵک وەربگرێ؟ "کوردستان" بۆ وەرگرتنی وەڵامی ئەو پرسیارانە و چەند پرسیاری دیکە وتووێژێکی لەگەڵ سۆران باریکە، مامۆستای زانکۆ و کارناسی باڵا لە بواری ئیسلامی سیاسیدا پێکهێناوە.

**شەهرام سوبحانی**: کاک سۆران سەرەتا بۆ چوونە نێو باسەکەمان ئەگەر باسێکی کورت لە مێژووی ئیسلامی سیاسیی لە کوردستان بکەی.

## شەهرام سوبحانی

**سۆران باریکە**: مێژووی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیاوازە لە وڵاتانی دیکە، چونکە ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مێژوویەکی ئەوەندە دووردرێژی نییە بە نیسبەت وڵاتانی دیکە. ئیسلامی سیاسی لە کۆتاییەکانی دەیەی ٥٠ی هەتاوی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵداوە کە ئەمەش زیاتر لەژێر کاریگەری و هەژموونی حۆجرە و کەسایەتییە ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پەیوەندیان لەگەڵ حۆجرەکانی باشووری کوردستان و مەدرەسە دینییەکانی باشوور بووە. هەتا ئەو سەردەمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەوتێک یان بزووتنەوە یا هیچ جووڵانەوەیەک بەو ناوە یان لەژێر کاریگەریی ئیسلامی سیاسیدا نەبووە. بەڵام لە سەرەتاکانی دەیەی ٥٠ی هەتاوی بەهۆی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی کەسایەتییە ئایینییەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ باشووری کوردستان هەیانبوو، ئەو هاتوچۆیەی لەنێوان حۆجرەکان یان مەجلیسە دینییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبوو، ئەمانە وای کرد ئەم بیرورایە بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بپەڕێتەوە و وردە وردە لەنێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پەرە بستێنێ.

**شەهرام سوبحانی**: بڵاوبوونەوەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان بەرهەمی چ خوێندنەوە و تێڕامانێکە و ئامانجەکانی چین؟

**سۆران باریکە**: ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرهەمی بڵاوبوونەوەی بیری ئیخوانییە لە ناوچەکە بەتایبەت بۆچوونەکانی سەید "قووتب" و خوێندنگە ئایینییەکانی باشووری کوردستان کە زیاتر هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بیری ئیسلامی سیاسیدا هەبووە. لە ساڵانی بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێران و لە ساڵی ١٣٥٧ ڕەوتێکی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵات سەری هەڵدا بە ناوی "مەدرسەی قورئان" کە دواتر ناوەکەیان گۆڕی بۆ "مەکتەبی قورئان" بە سەرکردایەتیی ئەحمەدی موفتیزادە. ئامانجی ئەم ڕەوتە سیاسی ئیسلامییەش دامەزراندنی حکوومەتێکی ئیسلامی بوو.

**شەهرام سوبحانی**: چۆن بوو بیری ئیخوانی گەیشتە ڕۆژهەڵات و ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵات گەشەی کرد؟

**سۆران باریکە**: گەشەکردنی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵات بۆ ئەو دۆخە ئازادە دەگەڕێتەوە کە لە ماوەی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵانی (١٣٥٦ - ١٣٥٧) هەبوو. دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی بە سەر کوردستاندا زۆر لاواز بوو و ئەمەش وای کردبوو هەر لایەنێکی خاوەن بۆچوون بێتە مەیدان و موفتیزادەش کە پێشتر "مەکتەبی قورئان"ی دامەزراندبوو، و بە هۆی زاڵبوونی گوتاری نەتەوەیی و لایەنەکانی دیکە و پێگەی کۆمەڵایەتی ڕێبەرانی ئەو حیزبانە ئیمکانی دەرکەوتنی نەبوو؛ لەو پشێوپشێوییەی سەردەمی شۆڕش کەڵکی وەرگرت. ئەو توانی خۆی زیاتر بناسێنێ و دواتریش بە پشتیوانیکردن لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بیری خودموختاریی ئیسلامیی هێنایە گۆڕێ کە دیارە ئەمەش زیانی زۆری بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد گەیاند.



سەرچاوە
Serchawe

دواتر ئیخوانی ڕۆژهەڵاتی بە سەرکردایەتیی "ناسر سوبحانی" لەژێر چەتری ئیخوانی نێونەتەوەییدا هەوڵی دامەزراندنی حکوومەتی ئیسلامی و پێکهێنانی ئۆمەتی ئیسلامیی دا. لە ڕاستیدا بیری ئیخوان لە ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوییەوە لە ڕێگەی باشووری کوردستانەوە گەیشتە ڕۆژهەڵات و لە ساڵی ١٣٥٨ وەک ڕێکخراوێک کە پێی دەگوترێ "دەعوەت و ئیسلاح" دەستی بە چالاکی کرد.

**شەهرام سوبحانی**: ئەدی بیری سەلەفیەت و سەلەفییەتی جیهادی چی؟ چۆن بوو بیری سەلەفیەتی جیهادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چێ بوو و گەشەی کرد؟

**سۆران باریکە**: مێژووی سەلەفیزمیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مێژوویەکی زۆر دوور نییە. سەلەفیزمیش لە ڕۆژهەڵات بەرهەمی سەلەفییەتی باشووری کوردستانە. شەڕی ئەمریکا و ئەفغانستان و دواتریش عێراق هۆکارێکی کاریگەر بوون بۆ بڵاوبوونەوەی بیری سەلەفییەتی جیهادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. سەلەفییەت لە سەرەتادا پشتیوانیی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی لە پشت بوو، واتە سەرهەڵدانی بیری سەلەفیی جیهادی لە ڕۆژهەڵات جگە لە دەرەنجامی سیاسەتە نێوخۆییەکان لێکەوتەی سیاسەتە ناوچەییەکانی ئێران لە ساڵانی ڕابردوودا بووە.

**شەهرام سوبحانی**: کاریگەرییە نەرێنییەکانی بزاڤە ئایینییە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر پرسی نەتەوەیی و یەکگرتوویی کورد چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**سۆران باریکە**: ئیسلامیزم یان ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕۆژی دەرکەوتنیەوە کێشەی بۆ بیری ناسیونالیزمی کورد دروست کردوە و لە فەرهەنگی ئیسلامیزمدا شتێک بە ناوی بیری نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم نییە. بۆیە گوتاری هەموو لایەنە ئیسلامییەکان زیاتر نەیارەتیی ناسیۆنالیستە کوردەکانی لە هەگبەدا بووە. ڕەوتە ئیسلامییەکان هەر لە سەرەتاوە پشتیوانییان لە کۆماری ئیسلامی کرد و ڕێگای خۆیان لەگەڵ بیروبۆچوونی حیزبە ناسیۆنالیستەکان یان ڕەوتە ناسیۆنالیستەکانی کورد جیا کردەوە. ئەمەش بە نموونەوە لە چەندین قۆناغی جیاجیادا دەرکەوت بەتایبەتی لە شەڕی سێ مانگە و هەروەها دروستکردنی ڕێکخراوی "پێشمەرگەی موسوڵمان" کە کاریگەریی نەرێنیی یەکجار زۆری هەبوو لە سەر بزووتنەوەی ڕزگاریی خوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

**شەهرام سوبحانی**: یانی بەشداری ئایین لە سیاسەت و خەباتی کوردستان لە پێناو چەسپاندنی مافی نەتەوەییدا نەبووە؟

**سۆران باریکە**: تا پێش دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی بەشداری ئایین لە سیاسەت و خەباتی کوردستاندا زیاتر لەپێناو مافی نەتەوایەتیدا بووە و رەنگ و بۆی کوردایەتیی پێوە دیار بووە. تەنانەت لە چەند قۆناغێکی مێژوودا سەرکردایەتیی زۆربەی هەرە زۆری بزووتنەوە یا دەبێ بڵێی رەوتە نەتەوایەتییەکان لە دەستی کەسانی ئایینیدا بووە. بەڵام کاریگەریی ئیسلامی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەو کاتەوە کە سەری هەڵداوە بۆ کوردستان و بۆ کۆمەڵگەی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا نەرێنی بووە و بە زیانی شکاوەتەوە. لەرووی کۆمەڵایەتی هەوڵیان بۆ گۆڕینی کولتوور و فەرهەنگی کوردی داوە، لە ئاراستەی پێکهێنانی کولتووری هاوبەشی ئیسلامیدا هەوڵیان دا هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان بگۆڕن و لە بواری سیاسییەوە باوەڕیان بە چەمکە مۆدێرنەکانی وەکوو سێکۆلاریزم و دیموکراسی و ناسیۆنالیزم نییە و خوازیاری دامەزراندنی حکوومەتی ئیسلامین. بێگومان پاراستنی هەر نەتەوەیەک پێویستی بە زمانەکەیەتی بەڵام یەکێک لەو بابەتانەی ئیسلامی سیاسی لە رۆژهەڵات کاریگەریی نەرێنی لەسەری هەبووە زمانە. ئیسلامییەکان کەش و هەوایەکیان رەخساندوە کە تێیدا ئەوەندەی بایەخ بە گەیاندنی پەیامە ئیسلامییەکان دراوە کەمتر گرنگی بە زمانی کوردی دراوە. هەربۆیە هەموو ئەم کاریگەرییانەش دەبنە هۆی دروستبوونی کەلێنی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەی رۆژهەڵات لێک دردۆنگ دەکەن و هەوڵ بۆ پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی نادەن.

**شەهرام سوبحانی**: وەک باس کرا زۆر نەتەوەی دیکەی موسوڵمان توانیویانە ئیسلام سیاسی بۆ ئامانجە نەتەوەییەکانیان بەکار بێنن، بەڵام کورد بۆ نەیتوانیوە؟

**سۆران باریکە**: لە بنەڕەتڕا و لە مێژووی بیری ئیسلامیدا پرسی ناسیۆنالیزم وەک دیاردە و پرسیار لە بەردەم زانا و رێبەرانی ئیسلامی کلاسیک نەبووە تاکوو هەڵوێستی هزری و شەرعیی لەسەر دیاری بکەن. بۆیە لە جیهانی سەردەمدا سەبارەت بە پێگەی ئایینی ناسیۆنالیزم لە ئیسلامدا روانگەی جیاواز سەری هەڵدا و لە هەر وڵاتێک ئاراستەیەکی وەرگرتوە. هێندێک لە ئیسلامخوازان لەو باوەڕەدان ئیسلام و موسڵمانان یەک ئۆممەتن و نابێ باس لە نەتەوەی جیاواز بکرێت و تەنانەت پێداگری لە سەر یەک دەوڵەت بۆ هەموو موسوڵمانان دەکەن. ئەوەی ئاشکرایە هەر گرووپ و کۆمەڵێکی ئیسلامی کاتێک دەست بە بانگەواز دەکات یاخود بابەتێک یەکلا دەکاتەوە پێویستە لەسەریان بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو را و بۆچوونانەیان بەڵگە یان ئایەت و فەرمووده بهێننەوە بۆیە دەبینین کاتێک گرووپێک بە شێوەیەکی جیاواز بیری کردەوە بۆ نموونە نەتەوەییەکان هەمیشە ئەوەیان خستۆتە روو کە لە دینی ئیسلام و یاساکاندا شتی لەو بابەتە رێگەپێدراو نییە. هەر بۆیە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی هەستی نەتەوایەتی و بەرەبەرە بڵاوبوونەوەی ئەو ئایدیۆلۆژیا تازەیە لە سەرەتاکانی سەدەی بیست هەر زوو شارەزایانی ئیسلام و پێشەواکانیان دەستیان بە فتوای جۆراوجۆر کرد و تەنانەت ئایەتی قورئانیشیان بۆ دەهێناوە و پاڵپشت و پشتبەستوو بەو ئایەتەی لە سوورەتی "الحجرات" ئایەی ١٣دا هاتووە، هەڵگرانی

بیری ئیسلامی جەخت لەوە دەکەنەوە مرۆڤ ئاساییە لە هەر نەتەوە و هۆز و ڕەگەزێک بێت و لای خودا ئەو کەسە پەسەندترینە کە خوداپەرستی دەکات و پارێزگاری ئایینەکەی بێت. گرینگ ئەوەیە هەستی نەتەوەیی پێش موسڵمانێتیی کەسەکە نەکەوێ و بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نەدراوە هەستی نەتەوایەتی یاخود هیچ هەستێکی تر ببێتە ناوکی کۆبوونەوەی کۆمەڵە مرۆڤێکی موسوڵمان کە ببێتە هۆی دروستبوونی ترازان لە کۆمەڵە سەرەکییەکە ئەویش ئوممەتی ئیسلامییە. ئەڵبەت دەبێ ئەوەش لەبەر چاو بگرین کە بەپێچەوانەی ئیسلامی سیاسی وەک ئاماژەی پێ درا بە پشتبەستن بە هێندێک گێڕانەوەی ئایینی کە پەیوەندییان بە واتای سیاسی و سەردەمی ناسیۆنیزمەوە نییە هەوڵیان بۆ ڕەتکردنەوەی ناسیۆنالیزم داوە لە کاتێکدا دۆخی سیاسیی سەردەم جیاوازە و نەکهەر بوونی یەک دەوڵەت بۆ هەموو نەتەوەکان جێبەجێ ناکرێ بەڵکوو خودی عەرەبەکانیش وەکوو نەتەوەیەک نەیانتوانیوە بە یەک دەوڵەت ڕازی بن. بۆیە نە ئایین پەسەندی دەکات و نە دۆخی نەتەوەیی بێدەوڵەتەکانیش ئەوە قەبووڵ دەکات نەتەوەیەکی وەکوو عەرەب چەندین دەوڵەتی هەبێ و هێندکیش وەکوو کورد هیچ دەوڵەت و وڵاتێکیان نەبێ. هەربۆیە لەژێر کاریگەریی ئەم بۆچوون و بەڵگانەی ئیسلامییەکان دەیهێننەوە دەبینین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژی دەرکەوتنەوە هەمان کێشەی بۆ بیری ناسیۆنالیستی کورد دروست کردوە بەپێچەوانەی ئیسلامی نەریتی. چونکە ئیسلامی نەریتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەدەکانی ڕابردوو بە تایبەت لە سەدەی بیستەمدا شانبەشانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی ڕۆڵی بینیوە، تەنانەت لە زۆر وێستگەدا خۆیان ئاڵاهەڵگری شۆڕش و بزووتنەوە نەتەوەیەتییەکان بوون. لە سەرەتای دەیەی حەفتای زایینیی سەدەی ڕابردوودا ئەو کوردانەی خەریکی دابونەریتی ئیسلامخوازی بوون، شوناسی نەتەوەیی خۆیان وەلانا بوو، و لەڕاستیدا ئەمەش پرۆژەیەکی ئاڵتێرناتیڤ و نەیار بوو لە بەرامبەر هەردوو ناسیۆنالیزمی کوردی و ڕەوگەی ئیسلامی نەریتخواز لە کوردستاندا.

**شەهرام سوبحانی**: دەتانەوێ بڵێن گوتاری ئیسلامی سیاسی لەگەڵ گوتاری مافخوازیی کورد یەکی نەدەگرتەوە؟

**سۆران باریکە**: ڕێک وایە، بەو واتایەی لە بیری ئیسلامی سیاسیدا نەتەوەخوازی نابێ هەبێ. هەڵبەت ڕێکخراوێکی ئیسلامیی وەک مەکتەبی قورئان لە سەرەتای دامەزرانی و دوای قۆناغی شۆڕشی گەلانی ئێرانیش پرسی نەتەوایەتیی بە یەکێک لە سێ داواکارییەکەی دادەنا کە مەزهەب، چینایەتی و نەتەوایەتی بوو، بەڵام لە کردەوەدا هیچ هەنگاوێکی بۆ بابەتی نەتەوایەتی هەڵنەدەهێنا و زۆر جاریش لەمپەریش بوو لە بەرامبەریدا. هەروەها ئەگەرچی بەشێکی کەم لە سەرکردایەتیی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان پێشتر کەسانی نەتەوەیی بوون، بەڵام کاریگەرییان لەسەر کەسانێکی زۆر هەبوو کە لەدژی پرسی نەتەوەیی بجووڵێنەوە. ئەوان باوەڕیان بە خودموختاری بۆ کوردستان هەبوو بەڵام خودموختاریی ئیسلامی نەک خودموختاری نەتەوەیی، بۆیە پێیان وابوو گوتاری نەتەوەیی کێشەخوڵقێنە بۆ گوتاری ئیسلامی و مەسەلەی نەتەوایەتییان وەک بابەتێکی قێزەون سەیر کردوە. ئاکامگیری لەو باسەمان ئەوەیە گوتاری ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



سەرچاوە
Serchawe

زیاتر نەیارێتیی ناسیۆنالیستە کوردییەکانی لە هەگبەدا بوو. ئێمە دەبینن لە کاتێکدا حیزبە کوردییەکان ڕیفراندۆمی بەڵێ یان نەخێری کۆماری ئیسلامییان بایکۆت کردبوو، ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لە تارانەوە لە ڕێگای پەیامێکی ڕادیۆوە داوایان لە کوردەکان دەکرد بچن و بەشدار بن لە ڕیفراندۆمی حکوومەتی ناوەندی و بە بەڵێ دەنگ بە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بدەن. تەنانەت ئەوە گەیشتە ئاستێک کە ڕێکخراوە ئیسلامییەکان کوردیان بە ڕێگری سەرکەوتن و ڕزگاربوونی ئێران لە دەستی زلهێزەکان دەزانی و دەیانگوت هەرکات ئێران هەنگاوێک بۆ ڕزگاری دەنێتە پێش، زلهێزەکان کورد بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی ئێران نەتوانێ ڕزگار بێت لە دەستی داگیرکەران. لە قۆناغێکی دیکە سەلەفییەتی جیهادی دەبینین کە لە هەموو ڕێکخراوەکانی تر ڕادیکاڵانەتر بەرانبەر بە ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەجووڵێتەوە. ئەوان زۆربەیان دژی بیروبۆچوونی نەتەوایەتیی حیزبە ناسیۆنالیستەکانی دژبە کۆماری ئیسلامی بوون و بانگەشەی سەلەفیگەری، ڕەتکردنەوەی هەموو هەستێکی نەتەوەیی نیشتمانپەروەرانە و بەحەرامزانینی زۆربەی داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری لایەنی سەرەکی بانگەشەی ئەم گرووپانەن. ئەوان جگە لە هەموو حیزبە سیاسی نەتەوەیی و چەپەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنانەت دەسەڵاتی سیاسی باشووری کوردستانیش بە کافر و دوژمنی ئیسلام و پەرەپێدەری کوفر و بێئیمانی دەزانن و دژی هەموو گرووپ و تاقمێکی کوردستانین بە تەریقەتی نەقشبەندی قادری و تەنانەت مەکتەبی قورئانیشەوە.

ئێمە دەبینین لە قۆناغی دوایی شۆڕشی گەلانی ئێران کە کورد پێویست بوو یەکگرتوو بێ بۆوەی بە مافەکانی خۆی بگات لەم قۆناغەدا هێزە ئیسلامییەکان کەوتنەوە بیری ڕەچەڵەکی ئایینیی خۆیان و بە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی و هێنانە ئارای چەمکی ئۆممەتی ئیسلامی لە بەرانبەر ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەستان. دەمەوێ بڵێم گوتاری ئیسلامی سیاسی لە هەر قەوارەیەکدا، چ لە قەوارەی نوێخوازی و چ لە قەوارەی فێندەمەنتاڵدا دەتوانێت پێش بەسازبوونی گوتاری هاوبەش بگرێت و لە گوتارێکی جیاواز لە چوارچێوەی هزری ئایینیدا هەوڵ دەدات کۆمەڵانی خەڵک لە خۆی کۆ بکاتەوە و لانیکەم تا ئێستا نەیتوانیوە لە چوارچێوەی گوتاری نەتەوەیی بزووتنەوەی سیاسی کورددا خۆی پێناسە بکات.

**شەهرام سوبحانی**: واتە دوو ڕاستەهێڵی جیاواز لەگەڵ دنیای سەردەم بەتایبەت لەلایەن سەلەفییەتەوە؟

**سۆران باریکە**: ئیسلامی سیاسی هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە هەوڵی ئەوە بووە کۆمەڵگە لە هەموو داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دابڕێ و بیخاتە ژێر هەژموونیی کولتووری ئیسلامی. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەم بیرە لە سەرەتای بڵاوبوونیەوە هەوڵی دا نەریتە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی کورد بسڕێتەوە. ڕەوتە ئیسلامییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



سەرچاوە
Serchawe

بە ئاراستەی پێکهێنانی کولتووری هاوبەشی ئیسلامی هەوڵیان دا هەنسووکەوتە کۆمەڵایەتییەکان بگۆڕن کە بۆ خۆی بووە هۆی پێکهێنانی کەلێنی کۆمەڵایەتیی زیاتر بە تایبەتی لە نێوان ئایین و کولتووردا. ئەم کردەوەیە پاشخانی مێژوویی هەیە و بە هێندێک جیاوازییەوە شێوازێکی نوێ بە خۆوە دەگرێت. هاتنی هەر ئایینێک بۆ ناوچەیەکی تازە بریتی بوو لە هاتنی دابونەریتی نەتەوەی خاوەن ئایین بۆ ناوچەکە و سڕینەوەی بەشێکی زۆر لە کولتووری کۆمەڵایەتیی ناوچەکە. ئەمە ڕەنگە بەزۆرەملێش نەبووبێ، بەڵکوو زۆر جار ئایینەکە فرەچەشنیی کۆمەڵایەتی و کەلەپووریی قەبووڵ بووە، بەڵام خەڵک نائاگایانە خۆیان بەرەو گۆڕان چوون و هەندێ کەس کولتوور و کولتوور گۆڕین و زمان و پۆشینی جلووبەرگی بێئاگایانە بە نیشانەی موسڵمان بوون دەزانی. هەر لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین بڵێین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا سەرهەڵدانی بیری نوێی ئایینی لەژێر کارتێکردنی ڕەوتە ئیسلامییەکانی سەردەمدا کاریگەریی کۆمەڵایەتی بە تایبەت لەسەر کەلەپووری نەتەوەیی هەبووە. پێش دەرکەوتنی ئەم ڕەوتانە ئایین و کەلەپووری کوردی وەها لەگەڵ یەکتر ڕاهاتبوون کە بە دووی سڕینەوە و لاوازکردنی یەکترەوە نەبوون کەلەپووری کوردی بۆ خۆی کەلەپوورێکی خاوەن خاوێن و دەوڵەمەند بووە و ڕێزی لە ئیمانداران و لە سەرووی هەموویانەوە زانایانی ئایینی دەگرت لە بنەڕەتدا ئەوانیش بەوپەڕی لێبووردەییەوە لەو کەلەپوورەدا دەژیان و ڕێزیان لێ دەگرت و خۆیان بە بەشێک لەوە دەزانی و بەشدارییان تێیدا دەکرد هەروەها خەڵک بە بیستنی دەنگی بانگ کۆڕی شایی خۆیان ڕادەگرت و ئەوانەی پێیان خۆش با دەچوونە مزگەوت و پاشان درێژەیان بە جێژنو شاییەکەیان دەدا و ئیمانداران و هێندێک جار زانایانی ئایینی خۆشیان لە کۆڕوشاییدا بەشدار دەبوون و ئەم دووانەیان بەدژی یەکتر نەدەزانی و هەرکام لەمانە لە جێی خۆیاندا ڕێزیان هەبو. بەڵام بە سەرهەڵدانی ڕەوتە نوێیە ئایینییەکان کەلێنی ئایینی و کولتووری و نەتەوەیی و ناکۆکییەکان زیاتر لە پێش خۆی دەرکەوت و ڕواڵەت و جلوبەرگ و شێوازی هەڵسوکەوت و قسەکردن و بەشداریی کۆمەڵایەتی لە کۆڕ و ڕێوڕەسمەکاندا لەلایەن کۆمەڵانی ڕاکێشراو بەرەو ئەم بزاڤانە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و بە جۆرێک دابڕانێکی کۆمەڵایەتی لەو چەشنە و ناهاوسەنگێکی کۆمەڵایەتی لێ کەوتەوە. شتەکان لە جێی خۆیان نەمان و هێندێک جار وا بووە کۆڕی شایی و زەماوەند بۆتە جێی چاوپێکەوتنی زانایانی ئایینی. ئەم ڕەوتانە هەموو هەوڵیان ئەوە بووە کولتووری نەتەوەیی بگۆڕن بەرەو کولتووری ئیسلامی و ئەڵبەت بە شێوەیەکی سەرەکی ئەم مەبەستە لەلایەن سەلەفییە جیهانییەکانەوە زەق و بەرچاوە و ڕەوتەکانی دیکەش بە پلە و چەند پلە لە خوار ئەوانەوە دێن. ئەم ڕێکخراوانە جگە لە دژایەتیکردنی نۆرمە کۆمەڵایەتییە نەتەوەییەکان بە هەموو شێوە دژی ئیسلامی نەریتی تیژ وەستاونەوە و مەلاکانی مزگەوت بە نەزان و دواکەوتوو لە قەڵەم دەدەن و چوونە سەرقەبران و فاتیحاخوێنی بە کوفر دەزانن و دژی ئەو شێوە دیندارییەی تەریقەتەکانیشن. لە کاتێکدا تەریقەتەکان هەر زۆر زوو خۆیان لەگەڵ نیشتمانپەروەری یەکلا کردبۆوە.

ئەو کۆمەڵگەیەی سەلەفییەکان دەیانهەوێ لەگەڵ ئەو کولتوور و فەرهەنگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لە بواری ئایینی و چ

شەهرام سوبحانی

لە بـواری نەتەوەییـیەوە یەک نـاگرێتەوە. ئەوان بـاوەڕی سـەرجەم موسـوڵمانان بەتونـدی ڕەت دەکەنەوە و بە کۆمەڵێـک خورافـات لە قەڵەمیـان دەدەن و کـۆی ئەو بیرکـردنەوە و ڕەفتـار و هەڵسوکەوتـانە وایـان کـردوە سەلەفییەت لە کولتووری کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانـدا نامۆ بێت و کەمتر بگونجێت.

**شەهرام سوبحانی**: کاک سۆران زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانە.

**سۆران باریکە**: ئێوەش ماندوو نەبن

١٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

## ناسر ڕەزازی: ئەگەر وریا نەبین وەک لە تورکیە مێلۆدی کوردییەکانمان کراونە تورکی، لە ئێرانیش وامان بەسەر دێت



**(وەختێک ڕێژیمێک یان حکوومەتێک ئامادە نەبێ دان بە بوونی میللەتێکدا بنێ، ئامادە نەبێ لە گەڵیدا دابنیشێ و لەسەر مافەکانی قسەی لەگەڵ بکا، چۆن ئیزن دەدا مۆسیقا و فەرهەنگی ئەو میللەتە گەشە بکا و بەرەوپێش بڕوات؟)**

### ئاماژە:

**سنە و مۆسیقا دووانەی لێکدانەبڕاون و ئەوە کە سنە وەک شاری داهێنانی مۆسیقا لە ڕێکخراوی یۆنێسکۆوە تۆمار کراوە، نیشانەی زیندوویەتی و گەشەی مۆسیقیی کوردی لەو دەڤەرەیە. ئەم دەسکەوتە لەجێدا ئەو پرسیارانەش دەورووژێنێ کە ئەو ناسناوە چۆن بەدی هاتوە؟ ڕەوتی ڕوو لەگەشەی مۆسیقا لەو ناوچەیە بە چەند قۆناغدا تێپەڕیوە و لەنێو سەبک و دابەشبوونی بەسەر لکە جۆراوجۆرەکاندا کامیان ڕمێنیان زیاترە؟ مامۆستا ناسر ڕەزازی، گەورە هونەرمەندی بواری مۆسیقای کوردی میوانی "کوردستان"ە و ئەم بابەتە لەگەڵ بەرێزیان دێنینە بەرباس.**

**شەهرام سوبحانی:** کاک ناسر پێم خۆشە سەرەتا باسەکەمان بەم پرسیارە دەست پێ بکەین. وەک دەزانین سنە بە پێتەختی دەف لە دنیا ناسراوە و، لەلایەن یۆنێسکۆشەوە بە شاری داهێنانی مۆسیقی و لە ئێرانیشدا بە پێتەختی مۆسیقی ناسراوە.

**ئەمە یانێ شاری سنە و مێژوویەک لە مۆسیقی. ئێوە چۆن باس لەو مێژووە دەکەن؟**

**ناسر ڕەزازی**: ئەگەر باسێکی مێژوویی لە دیرۆک یان مێژووی مۆسیقای کوردی لە شاری سنە بکەین، مێژوویەکی وەهای نییە و زیاتر ئەرمەنی، بەهایی، مەسیحی و جوولەکە ئاڵاهەڵگری مۆسیقای کوردی لەو ناوچەیە بوون. سنە شارێکی زۆر کۆن نییە، ئەم سنەیەی ئێستا تەمەنی ٥٠٠ ساڵە، بەڵام قەڵاچوالان ١٣٠٠ ساڵ زیاترە و پێش ئەم شاری سنەیە قەڵاچوالان جێگەی دانیشتنی خەڵک بووە. دەفیش بەڕاستی چەند ساڵێکە هاتۆتە نێو مۆسیقای کوردی و لەلایەن کامکارەکانیشەوە چووەتە نێو مۆسیقای ئێران. ناتوانین بڵێن فارسی، ئەبێ بڵێن ئێرانی چونکە مۆسیقیی ئێران نەکەهەر مۆڵکی تەنیا فارس نییە، بەڵکوو مۆرکەکەشی مۆرکی تەنیا مۆسیقیی فارسی نییە. مۆسیقیی ئێران پێکهاتووە لە مۆسیقای چەند نەتەوەی بندەست.

ئەگەر بگەڕێینەوە دواوە لە سنە شتێک بە ناوی گرووپی مۆسیقی نەبووە هەتا ئەوکاتەی ڕادیۆی سنە دامەزراوە. دواتر کۆمەڵێک ژەنیاری ئەرمەنی و یەک دوو موسوڵمان گرووپێکیان لە ڕادیۆی سنە داناوە خزمەتی مۆسیقای کوردییان کردوە. دەبێ ئەو واقعییەتە بڵێم کە زۆر عەیب بووە لە سنە ئەتۆ ئەو سەردەمانە سازێکت هەڵگرتبایە و بچووبایەی بۆ ڕادیۆ و پێتیان گوتبا ئەوە ژەنیارە. یانێ خەڵک ئەو ڕێزەی نەبوو بۆ هونەر کە ئێستە بۆی دادەنێ. بۆیە مێژوو مۆسیقا لە شاری سنە دەبێ بکەین بە چەند بەش. چونکە سنەی ئەو سەردەمانە، سەردەمی سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی دەبێ بکرێت بە سەردەمێک یان قۆناغێک لە گۆرانی و مۆسیقای شاری سنە کە بەڕای من دوای سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی ئەو شێوازە تەواو بوو و هیچکەس نەیتوانی جێگەی بگرێتەوە؛ وەک چۆن کەس نەیتوانی جێگەی مامۆستا حەسەن زیرەک و محەممەدی ماملێ بگرێتەوە. بەڵام چونکە ئێمە باسی سنە ئەکەین لە دوای سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی یەکێکی تر هاتووە کە دیارە نەیتوانیوە کێبەرکێ لەگەڵ سەید عەلی ئەسغەردا بکات و "ئا فەزێ"ی ناو بووە. دوای ئەو دەتوانین بڵێین شێوازی سەید عەلی ئەسغەر، شێوازێکی زمانی یەکگرتوو بووە و دوای ئەو دەگاتە مەزهەری خالقی و قۆناغی ئەویش بە شێوازێکی مۆسیقی لە شاری سنە دادەنرێت. بەڵام دەتوانم بڵێم تۆزێک پێش مەزهەری خالقی چەند گۆرانیبێژێکی دیکەمان هەبووە لە شاری سنە کە ئەمانەش کاتی خۆی توانیویانە خزمەتێک بە مۆسیقای کوردی بکەن، وەک "نەورۆزی"، "فەتانەی وەلیدی" و "حێکمەت ئەوبەری" و... بەڵام بەداخەوە حێکمەتی ئەوبەری هەر زوو بە گەنجی وازی هێنا و گۆرانی نەوتەوە.

دواتر دەگەینە قۆناغی هونەرمەندانی وەک "ناسری ڕەزازی"، "نەجمەی غوڵامی"، "عەباسی کەمەندی"، "یەدوڵڵا محەممەدی"، "مەرزییەی فەریقی"، "لەیلا فەریقی"، "هانی مۆجتەهیدی" و ئەڵبەت کەسانی تریش هەن کە باش لەبیرم نین. دیارە لەنێوان دەرکەوتنی مەزهەری خالقی و ئێمەدا چینێکی تر هەبوون وەک "ئیرەج عەندەلیبی"، "هووشەنگ شگرف"، "حۆجەتۆت

سادات"، "شەهابی" و ئەمانەش کۆمەڵە هونەرمەندێکی تایبەت بەشاری سنە بوون کە هیچیان نەیانتوانی سنووری "کوردستان" ببڕن، سنووری کوردستان سێ گۆرانیبێژ بڕی: سەید عەلیئەسغەر کوردستانی، مەزهەر خالەقی و فەتانە وەلیدی. بەڵام لە دوای فەتانەوە گۆرانیبێژانی وەکوو ناسری ڕەزازی و ئەوانەی کە ناوم هێنان توانیان سنوور ببڕن، بەڵام بۆچی؟ چوونکە سەردەمەکە جیاواز بوو.

**شەهرام سوبحانی**: ئەدی دوای قۆناغی ئێوە؟

**ناسر ڕەزازی**: لە دوای ئێمە چەند گرووپێکی کورد لە تاران دەرکەوتن کە کاریگەریی زۆریان لە سەر مۆسیقای کوردی هەبوو بۆ نموونە کامکارەکان، عەندەلیبییەکان، سلێمانپوورەکان، فەرەج‌پوورەکان و، هەروەها عەزیز ئەتاعەتی هەر چەند بە ڕەگەز کورد نەبوو، بەڵام خزمەتێکی زۆری بە مۆسیقای کورد کرد. جیاواز لە مە لەنێو شاری سنەش ئێمە مۆسیقای زەماوەند و هەڵپەڕکێمان هەبوو، دەهۆڵ و زوڕنامان هەبوو کە ئەمانە لە خەتەنەسووران و لە زەماوەند و لە هاتنەوەی زاوا لە حەمام و بەربووک و ئەمانەدا دەوریان هەبوو. دیارە من تەنیا باسی شاری سنە دەکەم و ئەگەر بمانهەوێ مۆسیقای شاری سنە دابەش بکەین بەڕاستی زۆرە. لەیلاخ بەشێکی یەکجار گرینگە لە مۆسیقای شاری سنە، پاشان هەورامی لە لایەک، جافی لە لایەک، لەلایەکیش مۆسیقای تەکیە و خانەقاکان لە سنە و پاشان مۆسیقای تازیەباری و پرسە و سەرەخۆشیمان هەیە و ئەوەش بۆخۆی بەشێکە. با ئەوەشم لەبیر نەچێت لە ساڵی ١٩٧٥ دوای شکانی شۆڕشی ئەیلوول تیپی شۆڕش کە هاتن بۆ سنە لە تەلەڤیزیۆنی شاری سنە چەند گۆرانییان بڵاو کردەوە کە ئەوەش کاریگەرییەکەی لە سەر هونەری شاری سنە و دەورووبەری دانا و گۆڕانێکی تێدا وەدیهێنا. واتە مۆسیقای کوردی لە شاری سنە چڵ و لقی زۆرە، بەڵام دەبێ ئەو واقعییەتە باس بکەین کە بەداخەوە ئەو کاتانە سنە کوردایەتیی نەدەکرد، بەڵکوو سوونیگەرییان دەکرد. بەڕاستی ئەگەر سنەیی سوونیگەری نەکردبایە بەڕاستی نەدەما. وەک حەسەنی قزڵجی دەڵێ: ئەگەر ئەو شۆڕشەی ئێران نەکرابا کوردەکانی ئێران عەجەماوی دەبوون بە تایبەت سنە بۆ خوارەوە یانێ هەستی کوردایەتی ئەسڵەن نەبوو. سەیری ئەو جلوبەرگەش بکە کە بۆچی لە سنە کڵاوی پاڵەوی و کۆت و پانتۆڵی کوردییان لە بەرە و لە سابڵاغ شەدە و بۆین باخ و کۆت و شەڵوار ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هەرای مەلا خەلیل و مەسەلەی ڕەزا شا کاتێک چوو بۆ تورکیە و هاتەوە و دەیهەویست لە ئێراناگۆڕانێک وەدی بێنێ. ئەوەی باسم کرد ئاماژەیەکی کورت بە مێژووی مۆسیقی لە شاری سنە بوو.

**شەهرام سوبحانی**: جوغرافیای مۆسیقا لە پارێزگای سنە چۆنە؟ مەبەست دابەشبوونی بەسەر شێواز و سەبکەکانە و ئەوەکە کام سەبک و شێوازی هەژمۆنیی زیاترە؟

**ناسر ڕەزازی**: زمانی ئاخاوتنی سنە پێکهاتووە لە سێ زمانی کرمانجی، جافی، هەورامی، چونکە ئەمانە بن زاراوە نین وەک سنەیی، چونکە لەم سێیانەش پێکهاتووە پێی دەڵێن ئەردەڵانی. سنە چونکە لە دابەشکردنی پارێزگاکان و جۆگرافیای ئێراندا بەداخەوە زۆر زوڵم کراوە و بەشێک لە کوردستانییان خستۆتە سەر ئازەربایجان، سنە ئەبێ بەخاوەن چەند جۆر مۆسیقی. هەرچەند هەورامی لە کۆنەوە هەر زاڵ بووە، بەڵام لەم سەد ساڵەی دواییدا سۆرانی سەری هەڵدا لە بەر ئەوەیکە بە هەموو کەموکۆڕییەکانیەوە بوو بە زمانێکی ستانداردی کوردی لە دوای هەورامی. لە دوای ئەوەش بەشێکی تری تێدایە کە دەتوانم بڵێم ئەم بەر بۆ ئەو بەری سنە هەموو دانیشتووانەکەی وەک یەک نین و وەکوو یەکیش قسە ناکەن. هەورامی تێدایە، ئەردەڵانی تێدایە، سۆرانی تێدا هەیە، پاشان لە کۆنیشدا ئەرمەنی و جوولەکەشی تێدا هەبووە کە ئەوانە بەڕاستی بناغەدانەری مۆسیقای کوردین لە شاری سنە. جوغرافیاکەش بەداخەوە ئێمە ئێستا ناتوانین هەروا بە خۆمانەوە دابەشی بکەین چوونکە بە هۆی ئەم دروستبوونەی پارێزگای کوردستانەوە کە ئێران بەناحەق دروستی کردووە و لە خوارەوە کرماشانی لە کوردستاندا هەڵبڕیوە و لە سەرەوە لە سەقز بەو لاوە هەمووی لە کوردستان دابڕیوە و خستوویەتە سەر ئازەربایجانی غەربی، ئەمە ناحەقییە کە دەبێ لە داهاتوودا بۆی تێبکۆشین کە ئەمە جیا بکرێتەوە و بەداخەوە جۆغرافیاکەشیان لێ تێک داوین.

**شەهرام سوبحانی**: تایبەتمەندییەکانی شاری سنە بە پێوەری جیهانی چ بوو کە وایان کرد لەلایەن یۆنیسکۆوە وەک شاری داهێنانی موسیقا بناسرێ؟

**ناسر ڕەزازی**: ئەم پرسیارە تۆزێک قورسە چونکە کورد لە ئێراندا نەتەوەیەکی بندەستەیە. ئێران وڵاتێکی چەند نەتەوەییە کە هەتا ئێستاش ئامادە نین بیپەڕژێنن و دانی پیدا بنێن و هەموو ئەو نەتەوانەش خاوەنی مێژوو و تایبەتمەندیی مۆسیقیی خۆیانن. خومەینی دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ ڕایگەیاند کە مۆسیقا حەرامە، بەڵام بە ڕای من بە قازانجی ئێمە تەواو بوو. چونکە لەنێو ئەو گێژاوەدا شتی باش کرا و دەنگخۆشی باش دەرکەوت. بۆ نموونە: کاتی خۆی کە لەنێو ئیسلامدا مۆسیقییان قەدەغە کردووە، لە تەکیە و خانەقاکاندا زمانی کوردی پارێزراو دەمێنێ. ئێمە ئەمڕۆ ئەو دەرفەتەمان نییە ئازادانە و بە یارمەتی و پاڵپشتێکی باشەوە وەکوو فارسەکان بتوانین کارەکانمان ببەینە پێشێ. هەر چەند ئەوانیش کێشەیان هەیە، بەڵام ئێمە هەر وێران و داماو کراوین و، ئەگەر کارێک بکەین دەبێ بە حەوتخانی ڕۆستەمدا تێپەڕین، ئەشێ سەریان بۆ دانەوێنین، بەڵام ئەوە ناکەین. بەڕاستی لەو ماوەیەشدا کە ئەو هەمووە دەنگخۆشانە دەرکەوتن گرفتی زۆریان بۆ دروس کردوون، لەحاڵێکدا ئەگەر وریا نەبین وەکوو وڵاتی تورکییە کە مێلۆدی کوردییەکانمان دەکەنە تورکی، هەمیشە ئەو مەترسییە لەسەر مۆسیقیی کوردی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بووە. ئەوکات ئەشێ ئێمە چی بکەین، چۆن بیانهێنینەوە، وەک چۆن ئێستا دەف ئیتر لە مۆڵکی کورددا نەماوە، ئێستا دەف لە ئێرانا بە ئامێرێکی

فارسی دادەنرێ، لە کاتێکدا ئی کوردە. ئەمن پێم وابێ بندەستیی کورد، نەخوێندنی کورد بە زمانەکەی خۆی و نەبوونی ئازادی و دێموکراسی و زۆر شتی دیکە لە باری سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و....هتد ڕێگر بوون لەوەی وەک میللەتێکی ئازاد کارەکانمان بکەین. هەر لەبەر ئەوە مەیدانی باشمان بۆ نەڕەخساوە، بەلام سەرەڕای ئەوەش کاری باش کراوە. بەلام لە وەلامی ئەوەدا کە چۆن سنە دەبێتە پێتەختی دەف، هۆکارەکەی بۆ شارەزایی دەفژەنان لە مێژووی مۆسیقیی ئەو شارەدا دەگەڕێتەوە. دەف ئی خانەقاکانی سنە و شارەکانی تریشە، بەلام لە سنە بایەخی زۆری پێ درا. بیژەنی کامکار وەک یەکەمین کەس لەنێو گرووپەکەی خۆیاندا فێری ئەم سازە بوو، و بەشێوەی زانستی و ئاکادێمیک ئەمەی بردە نێو مۆسیقای ئێرانی. ئەمە بوو بە هۆکاری ئەوەیکە سنە بکرێتە پێتەختی دەف و ئێستا ئیدی دەف گەیشتۆتە تورکیە و زۆرێک لە ولاتانی دیکەش.

**شەهرام سوبحانی**: **ئەم هەلبژاردن و دیاریکردنە وەک شاری داهێنان، یان پێتەختی دەف و مۆسیقی لە چ ڕوویەوە دەرفەت و دەسکەوتی بۆ گەشەپێدان بە هونەر و موسیقای ڕەسەنی کوردی ڕەخساندوە؟**

**ناسر ڕەزازی**: من پێم وابێ ئەم هەلبژاردنە شتێکی وای نەڕەخساندوە تەنیا ناوێکە و بە هەرحال وەکوو شانازی براوە بە سەر ئەم شارەدا، دەنا ئەمە بە واتای ئەوە نییە کە شارەکانی دیکەی کوردستان دەفژەنی تێدا نییە. هەر لە ئیلامەوە بگرە هەتا ئەگاتە ورمێ و بۆ سەرەوە ئێمە باشترین دەفژەنمان هەیە، بەلام دەتوانم بلێم لەسەرەتادا لە سنە دەفژەنی باش هەلکەوت. بەلام من پێم وانییە کۆماری ئیسلامی ڕێگە بدا لەلایەن ئەو ڕێکخراوانەوە و لەوسۆنگەیەوە یارمەتییەک بگاتە هونەرمەندانی کورد بۆ پێشخستنی مۆسیقای کوردی. هەرچییەکیش بنێردرێ ناگات، هەر وەکوو یارمەتییەکان بۆ بۆمەلەرزەلێدراوەکانی کوردستان کە لەلایەن ولاتانی دیکەوە دەهات و نەدەگەیشتە دەست خەلکەکە و خۆیان دەیانخوارد. ئێمە دەبێ خۆمان تێبکۆشین و کارێک بکەین برینی خۆمان سارێژ بکەین دەنا هیچ کەسی تر ناتوانێ ئەو کارە بکا. ئەگەر کورد بڕوای بەخۆ بێت و ئەگەر حیزبەکان سەرەڕای جیاوازییەکانیان یەکگرتووبن دەبێ کارێک بکەین کە خۆمان بین، خۆمان برینی خۆمان سارێژ و چارەسەر بکەین. بۆ نموونە من لە گەل هێندێک هونەرمەند قسەم کردوە ئەلێن کاکە چی بکەین؟ مەجبوورین بڕۆین لە زەماوەندەکان و بۆنەکاندا گۆرانی بلێین، دەنا ئەگەر بمانهەوێ کارێک بکەین بەر لەوە داوای ئەوەمان لێ دەکەن بڕۆین لە بۆنە و ڕێوڕەسمەکانیاندا بەشدار بین. ئەوەیە وەختێک ڕێژیمێک یان حکوومەتێک ئامادە نەبێ دان بە بوونی میللەتێکدا بنێ، ئامادە نەبێ لە گەلیدا دابنیشێ، چۆن ئیزن دەدا مۆسیقا و فەرهەنگی ئەو میللەتە گەشە بکا و بەرەوپێش بڕوات؟ بە کوردییەکەی ئێمە دوو براین، کاکە باوکمان مردووە یان دەبێ ئێحترامی یەک بگرین وەکوو یەک پێکەوە بژین یا دەبێ مالەکە بەش کەین و تۆ بە ڕێی خۆت و منیش بەڕێی خۆمدا. ئەگەر کورد لە ئێرانا ڕێز و حورمەتی بۆ دابنرێ و دەرجە دوو دەرجە سێ نەبێت و، وەکوو فارس و ئازەری و هەموو وەکوو یەک لە ژێر یەک ساباتدا بژین و

زمانی فارسییش بە زەبری زۆر بەسەر خەڵکدا نەسەپێندرێ، ئەم نەتەوەگەلەوە وەکوو بنەماڵەیەک پێکەوە بژین، وڵاتێک بێ کە دێمۆکراسییەتی تێدا بێ و دوور بێ لە ئێعدام و بەدبەختی و چارەڕەشی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە؛ من بۆ ئاوا دەبم؟ بەڵام وەختێک ئەوان ڕێزم ناگرن، وەختێک منیان قەبووڵ نییە، کوا دەیانهەوێ و دەهێڵن هونەرەکەم، مۆسیقییەکەم، نووسینەکەم و فەرهەنگەکەم گەشە بکات؟ نەخێر هەتا ئێستا ڕێگەیان نەداوە و هەمیشە بەو شێوەیە لەگەڵ کورد هەڵسوکەوتیان کردوە.

**شەهرام سوبحانی**: سنە لە چوار دەیەی ڕابردوودا هەموو کاتێک لەلایەن دەسەڵاتی تارانەوە بە چاوی ئەمنیەتییەوە سەیر کراوە. بەڕێزتان چۆن باس لە کاریگەریی ڕوانگەی ئەمنیەتیی ڕێژیم بۆ سنە لەسەر پێگەی مۆسیقی و هونەری کورد لەو شارە دەکەن؟

**ناسر ڕەزازی**: بەڵێ سنە دەمێکە لەژێر زوڵم و ستەم و چەوساندنەوەدایە. یانی نەتەنیا سنە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی و سنەش بەتایبەتی لەم چەند ساڵەدا ئارامی و خۆشی بە خۆیەوە نەدیوە و ئەمە شتێکی تازە نییە. سنە لەم ڕێگەیەدا قوربانیی زۆری داوە هەر لە سەردەمی سەفەوی و قاجارەکان و پاڵەوی و هەتا ئێستا؛ هەرچەند سەفەوییەکان خۆشیان کورد بوون. بەڵێ نەتەنیا دەسەڵاتەکانی پێش ترو ئێستاش جگە لەوە حیسابی بۆ دەکەن بەڵکوو لێشی دەترسن لەبەر ئەوەیە کورد دەیەوێ وەک ئینسانێکی ئازاد لەو وڵاتەدا بژی و نایهەوێ بندەستە بێت. نایهەوێ وا چاوی لێ بکەن کە لە شارەکانی دیکەوە خەڵکی بۆ بێنن وەکوو شارەدار و پارێزگار و... . ئێمە باشترین ژن و پیاوی ئازا و تێگەیشتوو و خوێندەوارمان هەیە، بەڵام بەداخەوە جیاوازی خستنە نێو نێوان شێعە و سوونی و سیاسەتی ناکۆکی بنێوە و حکوومەت بکە بووە. گرینگتر لەوەش لە ئێستادا شۆڕشێکی گەورە بەرانبەر بە ئەم ڕێژیمە وەڕێ کەوتوە و کورد بۆ وەرگرتنی مافەکانی لە خەباتەکەی بەردەوامە. هەر چەند ئەمن پێم وایە ئەبێ ڕێگاکەمان بگۆڕین، سەردەمی چەک نەماوە، بەزۆر چەکیان بە ئێمە هەڵگرتوە و ئێمە دەبێ کارێک بکەین لە ڕێگای دیالۆگ و هونەر، ئەدەب و نووسین و لەو ڕێگاگەلەوە بە مافەکانی خۆمان بگەین. پرسی ژن، ژیان، ئازادی کە دنیای داگرت سەرچاوەکەی کوردستانە. ئێستا هەموو دنیا باسی دەکا و کەلکی لێ وەردەگرن لە خۆپێشاندانەکاندا باسی دەکەن. گرینگ ئەوەیە دەبێ میللەتی کورد یەکگرتوو بێ و بزانێ چی ئەکات بۆ وەدسهێنانی ئەو مافانە. بەتایبەت حیزبەکان چوونکە میللەتی کورد یەکگرتووە و ئەوە حیزبەکانن کە دەبێ بیر لە یەکگرتوویی نێوانیان بکەن.

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر لە باسەکەمان دوور نەکەوینەوە، ئەو دەسکەوت و نازناوانەی سنە لە بواری مۆسیقادا وەدەستی هێناون، پتر بەرهەمی کام ڕەوتی هونەری و شوێندانەریی کامانە کەسایەتیی هونەریین؟ئایا دەتانەوێ لەو بارەیەوە

ئاماژەیەکتان هەبێ؟

**ناسر ڕەزازی**: بەڕاستی ئەو دەسکەوت و نازناوانەی سنە لە بواری مۆسیقادا کە وەدەستی هێناون ناکرێ تەنیا لە سەر گرووپێک یان گۆرانیبێژێک تاپۆ بکرێت. لە سنە هەروەک گوتم زۆر هونەرمەندی گەورە هەبووە، سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی لە سەردەمی خۆیدا. دواتر مەزهەری خالەقی، نەورۆزی، ڕۆمی، حێکمەت نەوبەری، فەتانەی وەلیدی، شەهین تاڵەبانی و زۆری دیکە. بەڵام ئەو کارانە نەبووە بە دەسکەوتێک کە بڵێی ئەمە من خۆم بە ڕەغبەتی خۆم کارم لە سەر کردوە، هەمیشە کێشە و ژانەسەریان دروسی کردوە، بەڵام دەتوانین بڵێن ئەمە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرووپە کوردانەی لە تارانن و خزمەتی مۆسیقای فارسی دەکەن، بەڵام لە پاڵیشیدا کاری کوردی دەکەن. ئەوانە بێ کاریگەری نەبوون و ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆنسێرتانەی لە نێو ئێران بەتایبەت لە باشووردا ئەکرێن. هەروەها ڕۆڵی تەلەڤیزیۆنەکانیش دەبێ لە بەرچاو بگرین.

**شەهرام سوبحانی**: ناسر ڕەزازی چ وەک کەسایەتیی سیاسی و چ وەک مامۆستایەکی هونەری مۆسیقی لە کوردستان کە خۆی لەدایکبووی شاری سنەیە، چ پەیامێکی بۆ کۆمەڵگەی هونەریی کوردی بەتایبەت تازەلاوان و فێرخوازەکانی مۆسیقیی کوردییە لە ئێستادا؟

**ناسر ڕەزازی**: پەیامی ناسر ڕەزازی ئەوەیە گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی کۆن خاوەن مێژوو و کارەسات و ئێش و ئازاری بەرکوژانی زۆری بە خۆیەوە دیوە، بەڵای زۆری بەسەردا هاتوە، بەڵام هەر ماوە و نامرێ و لە دیلی و بندەستیش ڕزگاری دەبێت. ئەمن هیوادارم خەڵکی بەشەرەفی سنە، خەڵکی شاری سنەی خوێناوی بەتایبەت گەنج و لاوەکانمان بیر لەوە بکەنەوە کوردستانی بندەستی ئێران یان عێراق یان باشووری کوردستان بە ساڵان لە ژێر زوڵم و ستەمی دەسەڵاتی بەعسی فاشیست و خوێنرێژدا ئازاریان چێشت، زیاتر لە چوار هەزار گوندیان وە بەر بۆمبی کیمایی درا و وێران کرا، خەڵکەکەی بەدەستی ئەو حکوومەتە دڕ و نائینسانەی سەدام ڕاو نران، ئەنفال کران و دەستدرێژی کرایە سەر ماڵ و نامووسیان، کچی گەنجیان فرۆشرا بە وڵاتانی عەرەب و باشترین ڕۆڵەکانیان لە زینداندا بە پەتی سێدارە خنکێندران، خەڵکەکەی ئاوارە و دەربەدەر کران بەدەستی ئەنسار و ئیسلام و جۆندوڵڵا و موجاهێدین بەر تۆپ درا و پارچە پارچە کرا، بستێکی کوردستان نەما خوێنی پێشمەرگەی تێدا نەڕژابێ؛ بەڵام بە خەبات و کۆڵنەدان و گۆڕانی ڕەوتی ڕووداوەکانی جیهان و زۆر هۆکاری دیکە ئەوەتا خەریکن بەرەو ڕزگاری یەکجاریی دەڕۆن. با ئێمەش خەڵکی کورد لە کوردستانی بندەستی ئێران بەتایبەت شاری سنە وریا بین و نەهێڵین زمانەکەمان فەوتێ و نەهێڵین داگیرکەرانی کوردستان نێوان گەلی بندەست و چەوساوەی کوردا مەزهەب بکەنە داردەست بۆ دروسکردنی کێشە و ناکۆکی لەنێو کوردی شیعە، کوردی سوونی، کوردی ئەلحەق، کوردی



سەرچاوە
Serchawe

ئیزەدی و کوردی عەلەوی و.... هتد. با ماوە نەدەین لەنێو سازمان و حیزب و ڕێکخراوەکانماندا دژایەتی و دووبەرەکی دروست بکەن با نەهێڵین زمانی شیرینی کوردی فەرامۆش بێت چوونکە کۆڵەکەی مانەوەی هەر گەل و نەتەوەیەک زمانەکەیەتی. با خۆمان باشتر بناسین و بێگانە پەرەست نەبین، چونکە ئاسۆ بۆ ئێمەی گەلی بندەست و مافخوراوی کورد ڕوونە و سەرشۆڕییش هەر بۆ خۆفرۆشان و دوژمنانی کورد دەمێنێتەوە.

کۆتا پەیامی ناسری ڕەزازی وەک گۆرانیبێژێکش ئەوەیە بەڕاستی هەر گەل و نەتەوەیەک خاوەن گۆرانی نەبێت ئەوە نە میللەتە، نە نەتەوە. بەداخەوە من ناوی ئەو پرۆفیسۆرە گەورەی چینیەم لەبیر نەماوە کە دەڵێ هەر میللەتێک گۆرانیی نەبوو میللەت نییە. دەزانی من شانازی بە چی دەکەم، بە ئەو مۆسیقارانەی ئەو گۆرانیبێژانەی لەنێو ئەو گێژەن و بەربەست و ناخۆشییەدا توانیویانە خزمەت بە زمانی کوردی بکەن، لە ڕێگای هونەرەوە زۆرمان هەن کە بەڕاستی دەروەستن. دیارە تاکوتەرایەکیشمان هەیە کە بە هەرحاڵ لە باوەش ڕێژیمدان و ئەوەی پێیان کراوە کردوویانە و مێژوو ئەوە لە داهاتوودا نیشان دەدا کە کاریگەرییەکەی چییە. ئەمن هیوادارم گەنجانی کورد و ئەوانەی خەریک کاری مۆسیقان هەر لە گەنجەوە تا پیرەکانیش ئەوە بزانن خزمەت بە مۆسیقا خزمەتە بە زمانی کوردی، خزمەتە بە فەرهەنگی کوردی ولە ڕێگای هونەری مۆسیقاوە ئینسان دەتوانێت کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەیەک بگۆڕێت چ بە باش، چ بە خراپ، هەر چەند لەم دواییانەدا جارێکیتریش دەیڵێم گۆرانیبێژی دەنگخۆش چ کچ، چ کوڕی باش هەڵکەوتوون. بەڵام هیوادارم ئەمانە ئاگایان لەوە بێت کە تەنیا دەنگخۆشی حیساب نییە، ئەبێ لە سەر سۆلفێژ کار بکەن، نۆت بزانن، دەزگاکان بناسن، ئاگایان لە ڕابردووی هونەری کوردی و گۆرانی کوردی بێت. ئەگەر ئاوەها بڕۆنە پێش ئەتوانن کاریگەری زۆر زۆر باشیان هەبێ بەسەر ڕەوتی کۆمەڵگەی کوردەواری و هەروەها ئەو بزووتنەوەیە کە ئەمڕۆ لە ئارادایە.

**شەهرام سوبحانی**: کاک ناسر سپاسی تایبەت بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا، دەستت خۆش بێت و ماندوو نەبی.

**ناسر ڕەزازی**: سپاس ئێوەش ماندوو نەبن.

٣٠ی سەرماوەزەی ٢٧٢٣

## د. کوێستان گادانی: ڕاستە زۆر دەرفەتمان لەکیس چوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دۆخی ئێران ناگەڕێتەوە پێش شۆڕشی ژینا



**ئاماژە:**

**شۆڕشی ژینا بە پاشخانی سەرهەڵدان و ناڕەزایەتییەکانی دەیان ساڵەی دژی کۆماری ئیسلامی بناغەی کۆماری ئیسلامی بەتەواوی وە لەرزە خست و ڕێژیمی تا لێواری نەمان برد. ساڵێک دوای ڕووداوەکانی ڕەزبەر و خەزەڵوەری ١٤٠١ ئەو پرسیارە لە هەموو کاتێک بەرجەستەتر دەبێتەوە کە کاریگەرییەکانی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی لە سەر ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکان لە کوردستان و ئێران چی بوون؟ ئایا بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە گشتییەتی خۆیدا توانی ڕاپەڕینی ژینا بکات بە دەرفەت بۆ بەرجەستەکردنی ویژمانی سیاسی و پرسی کورد؟ ژنانی کورد لەکوێی ئەو شۆڕشەدا وەستاون؟ شۆڕشی ژینا بۆ بە ئاکام نەگەیشت؟ ئایا ئەو ڕاپەڕینە کۆتایی پێ هاتوە؟ لەم دیمانەیەدا ئەم پرسیارانە و کۆمەڵە بابەتێکی تر لە پێوەندی لەگەڵ شۆڕشی ژینادا لەگەڵ خاتوو د. کوێستان گادانی، چالاکی سیاسی و مامۆستای زانکۆ تاوتوێ دەکەین.**

**شەهرام سوبحانی: خاتوو کوێستان سەرەتا باسەکەمان بەم پرسیارەوە دەست پێدەکەین، ساڵێک و چەند مانگ دوای شۆڕشی**

**ژینا، بەڕێزتان چۆن باس لە کاریگەرییەکانی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی لەسەر ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکان لە کوردستان و ئێران دەکەن؟**

**د. کوێستان گادانی:** بە ئاوڕدانەوەییەکی کورت لەسەر شۆڕشی ژینا، بزووتنەوەیەک کە لەسەر بناغەی سێ چەمکی "ژن، ژیان، ئازادی" ڕێچکەی خەباتی خۆی گرتە بەر، پێش ئەوەی کاریگەری ئەم ڕاپەڕینە لەسەر ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکان لە ناوچەدا باس بکەین، ڕەنگە گرینگیی خۆی هەبێت کە بەکورتی باسی نێوەڕۆک و کاریگەریی ئەم سێ چەمکە لە ژینگەی سیاسیی ئێران و کوردستاندا بکەین. لەم سێ وشەیەدا کە لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا بە چەندین زمان وەرگێردراوە و دەنگدانەوەی جیهانی هەبووە. هەمووان دەزانین کە ژن لە بواری ڕەگەزی و مافی یەکسانی بەداخەوە لە ئێران هێچ بایەخێکی ئەوتۆ و ئەمڕۆیی لەچاو وڵاتانی ئازاد و دیموکراتیک پێ نەدراوە. مانا و مەفهوومی وشەی ژن پەیامێک بوو بۆ سەلماندن، دەربڕینی توانایی و یەکسانیی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەی داخراوی ئێراندا. وشەی ژیان لە بواری کۆمەڵایەتی و بژێوی ژیان، فەرق و جیاوازیی نێو کۆمەڵگە ڕەمزی مانەوە و بەردەوامیی خەڵکی ئێران کە دەتوانین وەک بێزاریدەربڕین لە ژیان و بارودۆخی ئابووری و بژێوی ژیانی خەڵکانی دانیشتووی ئێران و دەنگهەڵبڕینی نارەزایەتی خەڵک و گوێنەدان و دابیننەکردنی پێویستی ڕۆژانەی دانیشتووانی ئێران لەلایەن دامودەزگای حکوومەتی ئیسلامی بخوێندرێتەوە. چەمکی سێیەم کە ڕەنگبێ لەنێو دانیشتووانی ئێراندا لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دی و لە تاکێک بۆ تاکێکی دیکە جیاواز بێت. بەو مانایە کە ڕەنگبێ تاکێک لە شاری تاران وشەی ئازادی بۆ شێوەی پۆشینی جلوبەرگ، ئازادی و سەربەستبوونی لە دەرەوەی یاسا و ڕێسای ئیسلامی ئامانج بێت، بەڵام هەمان وشەی ئازادی بۆ کوردەکان و نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێران مانا و مەفهوومی سیاسی، سەربەستیی نەتەوەیی و ئازادیی ڕادەربڕین بێت. بە باگراوندی ئەم سێ چەمکە وەک دروشمی پڕ نێوەڕۆکی ژن، ژیان، ئازادی دەبینین کە کاریگەریی ئەم شۆڕشە نەک تەنیا لە ئێران و کوردستان بەڵکوو دەنگدانەوەی لە هەموو جیهاندا هەبوو. کاریگەریی لەسەر ڕووداوە سیاسییەکان بەدڵنیاییەوە لە نێوخۆی کوردستان بەنیسبەت دەرەوەی وڵات زیاتر بووە، دیارە هەر ئەوەش چاوەڕوان دەکرێ چونکە ئامانج لەو بزووتنەوانە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ و پێکانی ئامانجەکان لە ناوچەی دیاریکراوە کە ئەگەر پشتیوانی دەرەوەی وڵاتیشی وەک کاتالیزاتۆرێک بۆ ئەم ئاڵوگۆڕەی لێ بکەوێتەوە زۆر باشتر دەبێ.

بەکورتی دەتوانم بڵێم بارودۆخی ئێران و کوردستان ناگەڕێتەوە بۆ پێش ٢٦ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی. کوردستان بەتایبەتی و ئێران بەگشتی بۆ جارێکی دیکە بۆیان دەرکەوت کە کۆمەڵگە بەبێ هەبوونی ڕۆڵ و نەخشی ژنان ناتوانێ کۆمەڵگەییەکی سەرکەوتوو بێت و هەبوون و تێکەڵاوبوون و بەشداریی ژنان لە پرۆسەی وەدەستهێنانی ماف و ئامانجە ڕەواکانی هەر کۆمەڵگەیەک بەردی بناغەی جێگیرکردنی کۆمەڵگەییەکی دیموکراتە لە داهاتوودا. ژنان و لاوان چیدیکە

پاشکۆ و ڕێڕەوەی گەورە سالانی کۆمەڵگە نین و بەڵکوو بەشێوەیەکی سەردەمیانە و ئەمڕۆیی دەتوانن ڕێبەری بزووتنەوەیەک وەرگرن و بە ئەزموون و هاوکاریی نەسڵی پێش خۆیان سەرکەوتنی زیاتر وەدەست بێنن. بۆ کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان دەرکەوت لەگەڵ ئەوەی مێژوو و خەباتی چەند ساڵەی گەلانی ئێران بەرز دەنرخێنن، بەلام تەنیا ڕێگای ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لەیەک شێوە و یەک ڕەهەندی خەباتدا نییە بەڵکوو لە زۆر ڕەهەندەوە دەتوانن هەنگاو بەرەوە چارەسەری کێشەکان هەڵێننەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە چاوەڕوانی زیاتری لە مودیرییەتی بەردەوامی شۆڕشی ژینا دەکرا، بەلام یەکدەنگی، هاوکاری و یەکگرتوویی خەڵکی ئێران لە ناوچە جیاوازەکان لە جارانی پێشوو زیاتر بوو کە هەمووی ئەمانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە وای کردوە، خەڵکی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی ترسی لە حکوومەت نەمێنێ و بە خەباتی نێوخۆیی لە داهاتوودا هەرەس بە سیاسەتی ناعەدالەتی و نابەرابەری و سیاسەتی دوگمی کۆماری ئیسلامی بهێنێ. بەمجۆرە ئەگەر ئەم حکوومەتە تەنیا ڕێگای نەجاتی خۆیشی لە قەتلوعام، زیندانیکردنی دژبەران و ئێعدامی خەڵکی ئێراندا ببینێتەوە، دیسانەوە ئەم حکوومەتە بەم خەڵکە نەترسە ناوێرێ و ناگەڕێتەوە قۆناغی پێش شەهیدکردنی ژینا و ئەو ڕاپەڕینەی لەو سۆنگەیەوە وەرێ کەوت.

**شەهرام سوبحانی**: بە ڕوانگەیەکی خەسارناسانە، ئایا بزووتنەوەی ژنانی کوردستان یان تەنانەت بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە گشتییەتی خۆیدا توانی ڕاپەڕینی ژینا بکات بە دەرفەت بۆ بەرجەستەکردنەوەی ویژمان و پرسی کورد و بزووتنەوەی ژنانی کورد؟

**د. کوێستان گادانی**: ئەوەی کە ئەم دەرفەتە بۆ پرسی ژنان و پرسی کورد چەندە کەلکی لێ وەرگیراوە، ناتوانین بڵێین کەلکمان لێ وەرنەگرتوە, بەلام دەمانتوانی زیاتر و باشتر کەلک لەم بزووتنەوە جەماوەرییە وەرگرین. هۆکاری کەمتر کەلکوەرگرتن لەم هەلومەرجەدا دەتوانێ ئەوە بێت کە ئامادەیی تەواوی بۆ نەکرابوو، بەرنامە داڕێژراو نەبوو. چاوەڕواننەکراو بوو. ئەزموونی کار و نیازپاکی و کار و هاوکاریی ئۆپۆزیسیۆن چ لە ئاستی ئێران و چ لە ئاستی کوردستانی غایب بوو. هێندێک بەرژەوەندیی حیزبی و نەتەوەییمان پشتگوێ خست و زیاتر لە بیری بزووتنەوەی هەمە لایەنەی خەڵکی ئێراندا بووین و دەکرێ بڵێین هێندێک بە تەعاروف و بە ئیحتیات هەنگاوەکانمان هەڵدەهێنایەوە تا زەمانێک کە ئێمە بۆ هاودەنگی و یەکڕەنگی و پشتیوانی هەمە لایەنە هەوڵمان دەدا، هێندێک لایەنی دیکە بەرنامەڕێژیی خۆیان کردبوو. هەمووی ئەوانە و زۆر خاڵی دیکە بوونە هۆکاری ئەوەی کەمتر بتوانین لەم دەرفەتە کەلک وەرگرین. بەلام لەلایەکی دیکەوە دەسکەوتەکانیشی کەم نەبوون وەک ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و بگرە هاوئاهەنگی ڕیزی حیزب و لایەن سیاسییە کوردەکانیش وشیارتر خەتی سیاسی ڕوونتر و ڕێگا و شێوەی هاوکاری خەباتییان بۆ یەکتر شەفافتر و ڕوونتر بوونەوە.

بۆ جارێکی دیکە لە دوای شەڕی کۆبانی ژنی کورد ئەمجارە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان نیوی ژنی کورد و خەباتی نەتەوایەتی و یەکسانی هێناوە نێو بەرنامەو پرۆژەی کاری دامودەزگای نێودەوڵەتی. ژنانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرنج و پشتیوانیی ژنانی جیهانیان بۆ هاوخەباتی و یەکسانیخوازی لە کۆمەڵگەدا بۆ لای خۆیان ڕاکێشا. ئەوە کە لە ماوەی دوو مانگدا دوو خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل و ساخارۆف پێشکەش بە دوو ژن کرا کە سیمبولی خەباتی یەکسانی و ئازادی بوون، هەم دەسکەوت و هەم پەیامێکی سیاسیی پڕ مانا بوو بۆ حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**شەهرام سوبحانی:** هەر بەو ڕوانگە خەسار ناسانەیە، شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بۆ بە ئامانج نەگەیشت؟ یان بە تەعبیرێکی دی ئایا ئەو ڕاپەڕینە کۆتایی هاتوە؟

**د. کوێستان گادانی:** پێش ئەوەی باسی بە ئامانجگەیشتن بکەین دەبێ بڵێین ئامانجی ئەم شۆڕشە لە سەرەتاوە چی بوو تا بزانین بە ئامانج گەیشت یان نا. تازە هەر لەسەر وشەی شۆڕش زۆر تێبینی هەیە ئەرێ شۆڕش بوو یان بزووتنەوەیەکی جەماوەری بە مەودا و بەربەرین و بەردەوامێکی زۆر کە هەموو شاهیدی بووین. کە باس لە سەرکەوتن یان شکستی شۆڕش دەکرێ، دەبێ ئامانج و بەرنامەیەکی لە پشت بێت و گرووپێک جا هەرچی ناوی لێ بنێین بەڕێوەبەری ئەم شۆڕش و بزووتنەوەیە وەئەستۆ بگرێ. بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئەم بزووتنەوەیە، بزووتنەوەییەکی جەماوەری بوو کە لە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا توانی چەندین پەیامی ببێت و کاریگەریی خۆشی دابنێت. لەم ڕوانگەوە دەتوانین بڵێین کە سەرکەوتوو بووە و ئامانجی خۆی پێکاوە. ئەگەر بڕوانینە بەرنامە و پلانی هەر یەکەیەکەی دامەزراو و ڕێکخراوی سێنفی تا حیزبێکی سیاسی و دامودەزگای دەوڵەتی لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئامانجێکی تایبەتی هەیە و لەم ڕێگەیەدا کار و تێکۆشان دەکات. ئێمە هەموومان دەزانین کە شۆڕشی ژینا تا ڕادەیەکی زۆر خۆرسک و بێڕێبەر بوو بە بەراورد لەگەڵ شۆڕشەکانی پێشووتر. کەسێکی کاریزما و بەڕێوەبەرێکی تایبەتی نەبوو، تەنانەت بەرنامە و خواستێکی دیاریکراوی لە بوارێکی تایبەتیشدا نەبوو. واتا وەک خۆپیشاندانەکانی دیکە "خواستتەوەر" نەبوو، بەڵکوو تەقینەوەی ناڕازیەتیی پەنگخواردووی چەندین ساڵەی خەڵکی زوڵملێکراوی کوردستان و ئێران بوو کە بەکۆمەڵ و یەکدەنگ ڕووی دا کە دیارە ئەووەش بەداخەوە هەموو شارە گەورەکان و هەموو چین و توێژی کۆمەڵگەی نەگرتەوە.

**شەهرام سوبحانی:** خوێندنەوە گشتییەکەی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی کۆماری ئیسلامی بۆ پرسی ژنان و مافەکانییان لە ئێرانی داهاتوو چییە؟ پێتان وانییە بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن پتر لەوەی باوەڕیان بەو پرسە هەبێت پتر بۆ بەرژەوەندیی سیاسی و لە پێناو دەسەڵاتخوازیدا سەیری دەکەن؟

**د. کوێستان گادانی:** پێش ئەوەی باسی خوێندنەوەی گشتیی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی کۆماری ئیسلامی بکەین، با ئاورێکی زۆر کورت لەسەر ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بدەینەوە. دڵنیام لێرەدا لەگەڵم هاوڕان کە باسی ئۆپۆزیسیۆن دەکەین روومان لە ئۆپۆزیسیۆنێکە لە دەرەوەی وڵات نیشتەجێن بەداخەوە تا ئێستاشی لەگەڵ بێت بە پرشوبڵاوی و لاوازی دەبیندرێت. لێرەدا جێگەی خۆیەتی دووپاتی بکەمەوە کە لە نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو و هاودەنگ دەرفەتێکی زێرینی وەک شۆڕشی ژینا بۆ دەسکەوتی زیاترمان لە دەست دا. ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران نەیتوانیوە لەسەر چەند خاڵی هاوبەش بە هاوپەیمانێک بگات کە بتوانێ لانیکەم وەک ئاڵتێرناتیڤێک قسەی خەڵکی نێوخۆی ئێران بکات دەتوانین چ چاوەڕوانییەکمان لێی هەبێت. ئۆپۆزیسیۆنێکی دابەش و ناڕێک کە هەر کەسەی سازی سیاسیی حیزب، ڕێکخراوی خۆی وەک کەسایەتیی لێ دەدا، نەک تەنیا ناتوانین ڕا و بیروبۆچۆنییان لەسەر ژنان بە دروستی بزانین، بەڵکوو زۆر جاری وا هەبوو کە تەنانەت لەسەر خودی کۆماری ئیسلامی تووشی ڕاوبۆچوونی دوگم و پارادۆکس بووە. دیارە هەموو حیزب و پێکهاتەیەک هێندێک دروشمی هەیە کە تا ئێستا بەکردەوە جێبەجێ نەکراون. یەکێک لەوان پرسی ژنە. لەم حیزب و ڕێکخراوانەدا، لەگەڵ ئەوەی بەرنامە و تیۆریی باشی هەیە بەڵام تا ئێستا پیادە نەکراون. لە کات و ساتی وەک شۆڕشی ژینا یان هەلومەرجی تایبەتدا ئەم دروشمانە زیاتر لە وتووێژ و لێدوانەکاندا دەردەکەون. هەموو هەوڵ دەدەن کە لایەنێک لە لایەنێکی دیکە باشتر سەرنجی جێگە و پێگەی ژنان باس بکەن و ڕێزی لێ بگرن. بەڵام تا ئێستا هیچ حیزب و ڕێکخراوە و کەسایەتیک بە گوێرەی پێویست نەیانتوانیوە لە مەیدانی کردەوەدا وڵامدەری چالاکی، تێکۆشان، جێگە و پێگەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بن. تا ئێستاش خەبات و ڕۆڵی ڕێبەری و بەڕێوەبەریمان هەر زۆرتر ڕوخساری پیاوانەی پێوە دیارە، لەگەڵ ئەوەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەهۆی هێندێک میکانیزم و هەبوونی ڕێکخراوەکانی ژنان بەتایبەتی لە ئاستی حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان پێشکەوتنێک لەم بوارەدا دەبیندرێت. بەڵام تەنیا دەستپێکە جێ نەکەوتووە. ئەوەی چاوەڕوان دەکرا لە حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان خوێندنەوەی ڕۆڵی ژنان و دیاربوونییان بوو لە ئاستی کاری دیپلۆماسی کە وەک بالوێزێک کار بۆ شۆڕشی ژینا بکەن و دەنگی ئەوان بن لە دەرەوەی وڵات. لەگەڵ ئەوەی ژنان وەک تاک بۆخۆیان ئەوەندەی لە دەستییان هات کاریان کرد بەڵام لە ئاستی بەڕێوەبەریی حیزبی و ڕێکخراوەییدا بەداخەوە دەبێ بڵێین کە جێگەی ژنان خاڵی بوو، من ئەوە دەگەڕێنمەوە بۆ رووتینی کاری چەند ساڵەی حیزبە کوردییەکان کە زیاتر پیاوان لە ناوەندی بڕیاردان و وتەبێژی دابوون و هاوکات هەستیاربوونی دۆخەکە کە بەهۆی کەمی ژنان لە ناوەندی بڕیارداندا لە ڕابردوودا، دوو دڵی، شک و گومان لە توانایی ژنان لەم بوارەوە لەلایەن ڕێبەری و بەڕێوەبەریدا هەبووە. لەلایەکی دیکەش کاتەکان و دۆخەکان ئەوەندە ناڕوونن کە حاڵەتێکی کێبەرکێی دێتە ئاراوە کە هەر تاک و هەر حیزبێک پێی‌وایە ئێستا کاتی دیاربوون و لەسەر خەت بوونە و ئەگەر ئەو هەلە نەقۆزنەوە ئەوە خۆیان دیار نابن و ئەم دەرفەتە لە دەست دەچێت و ڕابردووی کار و چالاکییان نادیار دەبێت. کەواتە دەتوانین بڵێین نە لە ئاستی حیزب و ڕێکخراوەییدا و نە لە ئاستی تاکەکەسییدا هەبوونی ژنان لە ناوەندی بەڕێوەبەریی و ڕێبەری نەبووتە کولتوورێکی جێکەوتوو و هەمەپەسەند و زیاتر لە

چوارچێوەی دروشمی بریقەدار و فۆرمالیتەدا ماوەتەوە. لەم بارەوە ژنانی ئێرانی بەهۆی پشتیوانی مەیدانی کە لە کۆمەڵگەی ئێراندا لێیان کرا بە باشترین شێوە دەرکەوتن و بەشێک لە ئێرانییەکان ئەم هەلەیان باش قۆستەوە و بە پێشخستنی ئەم ژنانە دەکرێ بڵێین کە شۆڕشی ژینای کوردییان زیاتر بە ئێرانی کرد کە دەبێ بڵێین ئێمەی کورد بەهۆی هێندێک بەربەستی تاکی، حیزبی و بێئەزموونی و بێپشتیوانیی مەیدانی لەم دەرفەتە بەباشی کەڵکمان لێ وەرنەگرت. زیاتر لەسەر ڕەوتی نیشتمانپەروەری ئیحساسی و زیاتر لە چوارچێوەی سیاسەتی حیزبیدا خۆمان قەتیس هێشتەوە و بەرخوردمان بەم قەزییەیە، واتە شۆڕشی ژینا کرد.

**شەهرام سوبحانی**: کۆماری ئیسلامی وەک ڕێژیمێکی تۆتالیتەر و سەرکوتگەری مافەکانی خەڵک بۆچی ئەوەندە لە پرسی ژن، ژیان، ئازادی تۆقیوە؟ تا ئەو ڕادەیەی ڕیسوایی ئەوە بکرێت کە دەستبەسەر لەوحی ڕێزلێنانەکەی خەڵاتی ساخارۆڤدا بگرێ؟

**د. کوێستان گادانی**: ئەم ترس و خۆفەی ڕێژیم دەتوانێ لە چەندین گۆشەوە باسی لێ بکرێت. یەکەم، ڕێژیم زۆر لە ئێمە باشتر کە لە دەرەوەی ئێران دەژین کۆمەڵگەی خۆی دەناسێ بەو مانایە کە دەزانێ زۆر درەنگ بووە و ڕیشەی کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی تەنیا بەهۆی سەرکوت و زەبر و زۆری لە دەستدایە کە ئەوە لە درێژخایەندا هەر دۆڕانی بە دوایەوەیە. کەواتە جموجۆڵ و چالاکبوونی خەڵک بە گشتی و ژنان و لاوان لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەتایبەتی هەست پێ کردوە و دەزانێ کە خەڵک وەحشت و ترسی لەم دەوڵەتە لەرزۆکە نەماوە یان باشتر بڵێین کە وەگیان هاتوون و مەرگ تەرجیح دەدەن بەسەر ئەم شێوە ژیانە. دوویەم، ئەوەی کە خەڵکی نێوخۆی ئێران و نەسڵی ئەمڕۆ لەگەڵ دنیای دەرەوە لە پێوەندی نەک ڕۆژانە بەڵکوو لە کات و ساتدا پێکەوە دەژین و تێکنۆلۆژی وای کردوە کە هیچ شتێک ناتوانێ تا سەر شاراوە بێت. سێیەم، لەم چەند ساڵانەی دواییدا ژنان چالاکیی زیاتر و بەشداری زیاتریان لەنێوخۆی وڵات هەبووە کە ئەمە هەم لە بواری کولتووری و لە هێندێک ناوچەی ئێران لە بواری مەزهەبی تابۆ بووە و ئەگەر ئەمە لە ئێران هەروا بەردەوام بێت ئەم کۆمارە ئیسلامییەی کە دەیەوێ ئیمپراتۆریی شیعە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دابمەزرێنێت و ڕێبەری بکات ناتوانێ وڵامدەری بەرنامە و پیلانەکانی بێت نەک لەنێوخۆی وڵات بەڵکوو لە دەرەوەی ئێرانیش. بۆیە، ئەگەر جاران پیاوان ڕێبەر و پێشەنگی خۆپێشاندانەکانی سەر شەقام بوون و چالاکی سیاسی و جەنگاوەر دادەنران، تا ڕادەیەک لە باری کولتووری و مەزهەبی ئاسایی بوو و بگرە کوشتن و ئێعدامیش بۆ پیاوان زیاتر جێگای پەسەند و عادی بوو، بەڵام ئێستا کە ژنان شان بە شانی پیاوان و بگرە زیاتر لە پێشڕەوەی خەبات دژی ئەم ڕێژیمەن. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵ دەدات کە ئەم ڕۆڵ و نەقشەی ژنان کەمڕەنگتر بکاتەوە و نەهێڵێ دەنگ و ڕەنگییان بە هیچ کۆی بگات و لەوەش دەترسێ کە ئەم خەباتە، پەسن و دەنگدانەوەکەی ببێتە پاڵنەرێکی زیاتری چالاکیی ژنانی نێوخۆ کە بەشداریی پتر و کاریگەرتریان لە کۆمەڵگەدا هەبێت.



سەرچاوە
Serchawe

کەواتە ڕێژیم لەم ڕوانگەیەوە هەوڵ دەدات کە خەبات و دەنگوڕەنگی ژنانی چالاک بنەبڕ بکات یان ئەوەی ڕێگریی، ترس و تۆقاندن بەم کردەوانەی بخاتە نێو ڕیزەکانی ژنان کە بە خۆشییەوە لەم بارەوە تا ئێستا هیچ دەسکەوتێکی نەبووە.

**شەهرام سوبحانی: باسی خەڵاتەکەی ساخارۆڤ و هەڵوێستی یەکیەتیی ئورووپا کرا. ئێوە چۆن دەڕوانە پاڵپشتیی کۆمەڵگەی جیهانی وەک فاکتەرێک لە سەرکەوتنی بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵکی ئێران؟**

**د. کوێستان گادانی:** بەداخەوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەپێی مێژوو زۆربەی کات هەر چاوی لە پشتیوانی و دەستێوەردانی کۆمەڵگەی جیهانی بووە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی. دیارە ئەم چاوەڕوانییە سنووری خۆی هەیە، بەو مانایە کە هێندێک چاوەڕوانی و بە دەستهێنانی دەسکەوتی بەرچاو بەهۆی عورف و پرۆتۆکۆل و هاوپەیمانی کاری دیپلۆماسی و دانووستانی نێوان دەوڵەتان بەپشتیوانی جیهانی و دەوڵەتانی زلهێز گرێ دراوە و نکۆڵی لەم بەشە ناکرێ. بەڵام هۆی ئەساسیی ئەم چاوەڕوانییانە لەڕاستیدا لە نەبوونی یەکدەنگی، یەک هێزی و یەکگرتوویی خۆمانە کە وەک کۆمەڵگەیەک کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەژین بە هەموو نەتەوەکانەوە، لەسەر بەرژەوەندی و خاڵە هاوبەشەکان زۆر لێک دوورین کە بەداخەوە بەهۆی مێژووییەکی پڕ لەژێر دەستی و دابەش بوونمان کورد یەکەم پشکی پێ براوە. لە کاتی ئاوادا هەموو هیوا و ئومێدمان دەبێتە چاوەڕوانی و پشتیوانیی کۆمەڵگەی جیهانی بەبێ ئەوەی بزانین کە ئەوانیش بەرژەوەندیی وڵاتانی خۆیان لەبەر چاوە و زۆر بەوردی هەڵسەنگاندنی بابەتەکان دەکەن و لە هەر کات و ساتێکدا بەرژەوەندی بۆ ئەوان و هاوپەیمانییەکانیان هەبوو لەسەر خەت دەبن دەنا لە هەمووی ئەم پرۆسانەدا تەنیا و تەنیا لە چوارچێوەی پرۆتۆکۆلەکانی مافی مرۆڤ ئیدانەی هەڵسوکەوتی وڵاتی وەک ئێران دەکەن.

لە شۆڕشی ژینادا وێڕای لەسەر شەقامبوونی خەڵک لە نێوخۆی وڵات و هاودەردەی و پیشتوانی هەزاران کەسی لەسەر شەقامەکانی وڵاتانی ئورووپا و دەرەوەی وڵات بەگشتی دیسانەوە هەر لە چوارچێوەی مافی مرۆڤ ئیدانەی ئەم هەڵسوکەوتانەی ئێرانییان لە بەرامبەر شۆڕشی ژینادا کرد. کۆمەڵگەی جیهانی دەیتوانی زیاتر لە پشتیوانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا دیار بکەوێ و ڕۆڵی هەبێت. میدیای جیهانی ڕۆڵی باشی گێڕا، ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە پێوەندییەکانییاندا چ وەک کەسایەتی، چ بە گرووپ و چ وەک حیزب و ڕێکخراوەکان دەنگی خەڵکی نێوخۆیان بە دامودەزگای نێودەوڵەتی ڕاگەیاند، بەڵام دیسانەوە کۆمەڵگەی جیهانی بە پارێزەوە و لە چوارچێوەی پێوەندی و بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بەرخوردیان بەم قەزییە کرد. ڕاستە خەڵاتی ئاشتی نۆبێل و خەڵاتی ساخارۆف درا بە دوو ژن لە نێوخۆی ئێران، بەڵام هەر لە چوارچێوەی مافی یەکسانی و ڕەگەزیدا بابەتەکەیان دیت، واتە یەکەم چەمکی دروشمی ژن، ژیان، ئازادیان بەرجەستە کردوە نەک ژیانی خەڵک و ئازادیی خەڵک لە نێوخۆی ئێران، کە من لەم هەلومەرجەدا ئەم



سەرچاوە
Serchawe

خوێندنەوەیەش بە کەم نابینم وەک دەستکەوتێکی شۆڕشی ژینا چاوی لێ دەکەم. بەڵام کۆمەڵگەی جیهانی دەیتوانی لەوە زیاتر پشتیوانی لە شۆڕشی ژینا بکات.

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر کۆتاییەک بۆ شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بنووسرێتەوە، ئێوە چ کۆتاییەک پێشبینی دەکەن و ئەو کۆتاییە چۆن بەدی دێت؟

**د. کوێستان گادانی**: من زۆر لەگەڵ وشەی کۆتایی شۆڕشی ژینا هاوڕا نیم و کۆتاییەک بۆ ئەم شۆڕشە نابینم. بەڵکوو لە جۆری خۆیدا وەک سەرەتای شۆڕشێکی ئەمڕۆیی لە چوارچێوەی وڵاتی ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستاندا دەیبینم کە ڕەنگبێ لە فۆرم و شێوە و شوێن بە جۆرێکی دیکە سەر هەڵداتەوە. ڕاستە کە ئێستا خۆپێشاندانی سەر شەقام نابینین بەڵام خۆ ڕۆلی بنەماڵەی شەهیدانی ژینا خۆی وەک خەباتێک لەم چوارچێوە پڕ لە ترس و خۆفەی کە بۆ خەڵکی کوردستان خوڵقێنراوە، کاریگەریی لەسەر خۆپیشاندانەکان کەمتر نییە. لە ڕوانگەی منەوە نە شۆڕشی ژینا یەکەم شۆڕشی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و نە کۆتا شۆڕشی نێوخۆش دەبێت، بەڵام دەتوانین بڵێین کە شێوەیەکی نوێ لە شۆڕش بوو کە خەڵکی کوردستان لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا ئەزموونی کرد و کاریگەریی و دەستکەوتی تایبەت بەخۆیەوە هەبووە لەگەڵ ئەوەیدا کە دەیتوانی دەستکەوتی زیاتری هەبێت و خەڵکی ئێران بە گشتی و کورد بەتایبەتی ئەم دەرفەتەی زیاتر قۆستبویانەوە بۆ نیزیک بوونەوە لە ئامانجەکانی خۆی، بەڵام ئەم شۆڕشە کۆتایی پێ نەهاتووە و نایە بەڵکوو بە فۆڕمێکی دیکە سەر هەڵدەداتەوە کە هیوادارم ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەگشتیی و کورد بەتایبەتی بە ئەزموونوەرگرتن لە شۆڕشی ژینا بتوانێ خۆی تەیار بکاتەوە و لە دەرفەتی داهاتوودا زیاتر لەم بزووتنەوانەی نێوخۆ بە قازانجی دەستەبەرکردنی مافی ڕەوای گەلەکەمان کەلکی لێ وەربگرێت.

١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# فەریبا محەممەدی: پێویستمان بە گوتارێکی هاوبەش هەیە بۆ خاوەندارەتی لە شکۆ و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان




**ئاماژە:**

**شۆڕشی ژینا یەکێکە لە ڕووداوە سیاسییە گرنگەکانی مێژووی کوردستان و ئێران. شۆڕشێک کە دەستکەوتی زۆری بۆ بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستان هەبوو، بەتایبەتی تیشک خستنەسەر پرسی دێموکراتیکی نەتەوەیی کوردستان لە ئێران و جیهاندا. لە ئەگەری درێژەی ئەم شۆڕشە لە کوردستان و ئێراندا، ڕووبەڕووی چەندین پرسیار دەبینەوە: ئەم شۆڕشە بەرەو کوێ دەڕوات؟ لە ئێستادا گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان چین؟ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی تا چ ڕادەیەک پابەند بە دامەزراندنی بەرەیەکی بەهێز کە لەسەر بنەمای گوتارێکی سیاسی هاوبەش بۆ بونیادنانەوەی وڵاتێکی دێمۆکراتیکن؟ لە بەردەوامیی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"دا ئەرک و بەرپرسیارێتیی حیزبە سیاسییەکان کامانەن و چۆن دەتواندرێت ئەم شۆڕشە بگەیەندرێتە سەرکەوتن؟ "کوردستان" ئەم بابەتانەی لەگەڵ خاتوو فەریبا محەممەدی، وتەبێژی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان تاوتوێ کردوە.**

**شەهرام سوبحانی: خاتوو فەریبا با ئاوا دەست پێ بکەین. شۆڕش بۆ هەڵدەگیرسێ و بە ڕای ئێوە جیاوازی شۆڕشی ژینا و شۆڕشەکانی دیکەی ئێران چییە؟**

**فەریبا محەممەدی**: پێناسەی شۆڕش لە بنەڕەتدا بە واتای گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕ دێت. زۆر کەس پێیان وایە شۆڕشی فەڕانسە دایکی هەموو شۆڕشەکانە، چونکە پێش لەوە شۆڕش چەمکێکی ڕاستەقینەی نەبووە و گۆڕانکارییەکان لە ئاستێکی بەرچاودا نەبوون. بەڵام ئەو شتەی ئەمڕۆ لە مێشکی ئێمەدا درووست بووە، ئەمەیە کە شۆڕش بە واتای هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتیی دەسەڵاتدار و حکوومەتەکانیانە کە لە دەروونی کۆمەڵگەوە بە شێوەی ناڕەزایەتی دەردەکەوێت و دەبێتە هۆی دروستبوونی بزووتنەوەیەکی بەکۆمەڵ بۆ گۆڕین و لەنێوبردنی سیستمی دەسەڵاتدار و گەیشتن بە داخوازییەکانیان. بە وتەی لێنین: "ئەگەری شۆڕش لە وڵاتێکدا هەیە کە خەڵکەکەی لە حکوومەت تووڕە و ناڕازین و حکوومەتیش توانای دەسەڵاتداریەتی لە دەست دابێت". بۆیە دەتوانین بڵێین شۆڕشی ژینا زۆربەی تایبەتمەندی و پێناسەکانی شۆڕشێکی لە خۆ گرتبوو. بەردەوامبوونی ئەم شۆڕشە، پێشەنگبوونی هێماکانی بزووتنەوە وەکوو دروشم و کردەوەکان، وەرگرتنی پاڵپشتیی نێونەتەوەیی، بەرفراوانکردنی بازنەی بەشداریی خۆپیشاندەران بۆ کۆمەڵێکی بەرین لە گرووپە کۆمەڵایەتی-ناسنامەیی و پیشەیی و درووستکردنی گۆڕانکارییەکی قووڵ لە کۆمەڵگەی ئێران، لە تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی ژینا بوو کە بۆتە یەکێک لە جیاوازترین ناڕەزایەتییەکانی پاش شۆڕشی ٥٧ لە ئێران. تەنانەت دەتوانین ئەو بانگەشەیەش بکەین کە لە مێژووی سیاسی پێش "شۆڕشی ٥٧"یشدا بینینەوەی نموونەیەک لە ناڕەزایەتی کە هاوسەنگی ئەم شۆڕشە بێ، زۆر ئەستەمە. هەربۆیە خاڵە ئەرێنییەکانی ئەم شۆڕشە کە بۆتە هۆی جیاوازبوونی لە ڕاپەڕینەکانی دیکە، پێشەنگبوونی جیلی نوێ و بەتایبەت ژنان بوو کە لە وێژمان و دیسکۆرسگەلی پێشوو (مەزهەبی، ڕیفۆرمخوازی و پیاوسالاری) لە ئێران تێپەڕ ببوون و دژی کۆی بنەماکان و سیستمی کۆماری ئیسلامی ڕاوەستابوون. دیارە کوردستان و بزووتنەوەکەی بەنیسبەت شوێنەکانی دیکەی ئێران جیاواز بووە و هەر لە سەرەتای دەسەڵاتداریی کوماری ئیسلامی و ئێستایشی لەگەڵ بێ باوەڕی بەم حکوومەتە نەبووە و نییە. ئەم ڕاپەڕینە بە گیانلەدەستدانی ژینا و ناڕەزایەتیدەربڕینی خەڵکی سەقز و کوردستان دەستی پێ کرد و بە ئامادەبوونی بەرچاوی ژنان وخواستەکانیان بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" هەموو ئێران و جیهانیشی گرتەوە. هەر چەند سەرەتا ڕژیم پێی وانەبوو ئەم ڕاپەڕینە بتوانێت لە ماوەیەکی کورتدا تەواوی ئێران بگرێتەوە هەر بۆیە کونترۆڵی دۆخەکەی لە دەستدا و تەنانەت زۆربەی بەرپرسانی ڕژیم ترسی ڕووخانی دەسەڵاتەکەیان لێ نیشتبوو.

**شەهرام سوبحانی**: بزووتنەوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئێستا کۆسپی زۆریان لەبەردەمدا بووە. وەکوو خەسارناسییەکی ئەم بابەتە، بە ڕای ئێوە کام فاکتەر گەورەترین زیانییان بە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردستان گەیاندوە؟

**فەریبا محەممەدی**: وەڵامی ئەم پرسیارە دەتوانێت فرەڕەهەند بێت و هەر یەکەیان پێویستی بە لێکۆڵینەوە و شیکاریی زیاترە. بەڵام لە ئاستی سەراسەری کە ئەم بەشەی لە کوردستانیش لە چوارچێوەی وڵاتێک بە ناوی ئێراندا هەڵکەوتوە،

دەتوانین ئاماژە بە کۆسپ و ئاستەنگی زۆر بکەین. بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی دوو ڕێژیمی دیکتاتۆریی پەهلەوی و ئیسلامی دەتوانین ئاماژە بە تەگەرەی یەکجار زۆر بکەین. خەڵکی کوردستان بەردەوام بۆ گەیشتن بە خواست و مافە ڕەواکانیان لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا خەباتیان کردوە و بۆ ئەم مەبەستەش نرخی خۆیان داوە. لە ڕوانگەی سیستمی دەسەڵاتداریی ئێرانەوە، کاتێک ڕەزاخان هەوڵی دا دەوڵەتێکی نەتەوەیی بە ناوی ئێران دابمەزرێنێت و بیکاتە یەک نەتەوە و لەو پێناوەدا نکۆڵی لە زمان و ئایینی هەموو نەتەوەکانی دیکە کرد، دوابەدوای ئەوە و بە شێوەیەکی مۆدێڕن چەوساندنەوەی نەتەوەکانی دیکە لە ئێران دەستی پێ کرد کە تا ئێستاش بەردەوامە. بۆیە بە هاتنەسەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نکۆڵی لە شوناسە نەتەوەییەکان چڕتر و، شوناسە ڕەگەزی، مەزهەبییەکان و.... هتد زیاتر سەرکوت کران. بۆیە ئەم ڕوانگە بوو بە سیاسەتی سەرەکیی دەسەڵاتدارانی ئێران و نەتەوەی کوردیش وەکوو نەتەوەیەکی لەمێژینە و ڕەسەن، لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی بەردەوام خەباتی کردوە و بەردەوامیشە لە خەبات.

بەڵام لە نێوخۆی کوردستاندا پێویستە زیاتر گرنگی بە خەسارناسی بزووتنەوە بدەین. شوێنێک کە بەردەوام بزووتنەوەیەکی چالاک و سەقامگیری هەبووە و لە ڕۆژانی یەکەمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا بە تەنیا دژی وەستایەوە. بۆیە نەتەوەیەک کە مێژوویەکی وای هەیە و حیزبەکانیشی ڕۆڵیان لەم خەباتەدا هەبووە، دەبوو لەم بارودۆخەی ئێستادا لە ئاستێکی جیاواز و بەشێوازێکیتر خۆیان دەرخستایە. لێرەدا نەبوونی هاوکاریی حیزبەکان و نەبوونی وێژمانێکی هاوبەشی نەتەوەیی یەکێکە لەو هۆکارە گرنگەلەی کە زیانی بەم بزووتنەوە گەیاندوە. جیاوازییەکی بنەڕەتی لە کوردستان و بەشەکانی دیکەی ئێران لە ڕووی هەبوونی حیزب و مێژووی خەبات و وشیاری نەتەوەیی و سێکۆلاریزمەوە هەیە و پێویستمان بە ناوەندێکی گەورەیە بە بەشداریکردنی هەموو حیزبە سیاسییەکان لەو ناوەندە کە بەپێی خواستە هاوبەشەکانمان، وێژمانێکی هاوبەشیشمان هەبێ. پێویستە سەرکردەیەک یان نوێنەرێکمان هەبێت کە بتوانێت نوێنەرایەتی زۆرینەی نەتەوەی کورد بکات و بە شێوازێکی باشتر هەوڵ بدات بۆ دیالۆگ و پێکهاوردنی بەرەیەکی هاوپەیمان لەگەڵ لایەنەکانی تر و نوێنەری نەتەوەکانی تر و ئەمەش کاتێک ڕوودەدا کە گوتارێکی هاوبەشمان هەبێت.

**شەهرام سوبحانی: ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی تا چ ڕادەیەک پابەند بە پێکهێنانی بەرەیەکی بەهێز لەسەر بنەمای گوتارێکی سیاسی هاوبەش بۆ بونیادنانەوەی وڵاتێکی دیموکراتیکن؟**

**فەریبا محەممەدی**: ئەگەر وای دابنێین کە بۆ قۆناغی پاش کۆماری ئیسلامی هەموو خەڵک واتە هەموو پێکهاتە و نەتەوەکانی ئێران لە یەک بەرەدا بن و وێژمانێکی هاوبەشیان هەبێ، ئەوە تەنیا کاتێک دەبێ کە بە بەفەرمیناسینی هەموو ئەم جیاوازییانە و ماف و خواستەکانیان بە ڕێگاچارەیەکی هاوبەش بگەن. هەر بۆیە ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆنی

ئێرانی نەک هەر پێبەند بە بنەماکانی دیمۆکراتیک نین بەڵکوو بەردەوام لە هەوڵدان بۆ سڕینەوە و پەراوێزخستنی نەتەوەکانی دیکە و پێشێلکردنی مافەکانیان و تەنیا فۆرمی دەسەڵاتدارییەکە لە ئێراندا بگۆڕن نەک نێوەڕۆک و ڕوانگە و سیاسەتەکانی.

**شەهرام سوبحانی**: کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران خاوەنی فرە چەشنی نەتەوەیی بە ئیدئۆلۆژیگەلێ جیاوازەوە، بەم فرە چەشنییەی کۆمەڵگەی ئێران، چۆن بتوانین بەرەیەک دابمەزرێنین کە وڵاتێکی دیمۆکراتیک بەدوای خۆیدا بێنێت؟

**فەریبا محەممەدی**: دامەزراندنی وڵاتێکی دیمۆکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە ئێستاکەش گیرۆدەی شەڕ و لەشکرکێشی ئیسلامییە توندڕەوەکانە هەرچەند مەحاڵ نییە، بەڵام زۆر ئەستەم دەبێت و بە تایبەتیش لە ئێراندا. وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، دەیان ساڵە بە هەڵوێستی، نکۆڵیکردن لە نەتەوەکانی دیکە و سەرکوتکردنیان، ئێران"یان ڕاگرتوە و ئەمەش بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە سیاسەتی دەسەڵاتداران و کولتووری زۆربەی خەڵک و خەونی وڵاتێکی دیموکراسی و ئازاد لەنێو دەبات. ئەوە کاتێک دەتوانێت بەدی بێت کە مافی هەموو نەتەوەکان و فرە چەشنی ڕەگەزی و جێندەری و ئایینی و مەزهەبی بەفەرمی بناسرێت و پلاتفۆرم یان جاڕنامەیەکی دیمۆکراتیکمان هەبێت و پێش هەر شتێک مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ هەموو نەتەوەیەک بە شێوەیەکی یەکسان ڕەچاو بکرێت. بێگومان لە وڵاتێک کە ساڵانێکە هەڵاواردنی نەتەوەیی، ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتی هەیە دەبێت بەرنامە و پلانێکی گشتگیرمان هەبێت بۆ ئەوەی ئەو کەموکوڕییانە تا ئاستێکی گونجاو قەرەبوو بکرێنەوە و ڕێگای پێشکەوتن خۆش بکرێت، کە خودی ئەمە بە تایبەت لە ئێراندا پرسێکی جیاواز و گرنگە. بۆیە بەم ڕوانگەوە دەتوانین لە دەوری بەرەیەکی هاوبەش کۆببینەوە. بەڵام نەبوونی حیزبی سەراسەری کە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزیان هەبێ و ئامادگی خۆیان دەرببڕن بۆ قبووڵکردنی هەڵوێستێکی دیموکراسی و سەردەمیانە، بۆشاییەکی گەورەیە کە تا ئێستاش هەستی پێدەکرێ و لەم ڕاپەڕینەشدا بەرچاو بوو.

**شەهرام سوبحانی**: لە درێژەی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا، ئەرکی حیزب و ڕەوتە سیاسییەکان لە ئێراندا چین؟ چۆن دەتوانرێت ئەم شۆڕشە بە سەرکەوتن بگەیەنرێت؟

**فەریبا محەممەدی**: شۆڕشی ژینا بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" توانی لە وێژمانەکانی پێشوو تێپەڕێت و بە کۆکردنەوەی هەموو جیاوازییەکان، وەرزێکی نوێ لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەست پێ بکات و ئەم بەڵێنە بدات کە بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی خەڵک، لە نێو تاریکیی ستەم و هەژاری و چەوساندنەوەدا کە کۆمەڵگەی گرتووەتەوە درز و کەلێنێک ڕوو بە هیوا دەدۆزرێتەوە. بۆیە بۆ تێپەڕبوون لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی پێویستە هەموو لایەن و حیزبە سیاسییەکانی

کوردستان و ئێران یەکگرتوو و یەکدەنگ بن. هیچ بزووتنەوەیەک ناتوانێت تەنیا هەر خۆی بە نوێنەری خەڵک بزانێت. هەروەها پێداگری لە سەر سیاسەتی لە بەرچاونەگرتنی نەتەوەکان و سەرکوتکردنیان لە ژێر ناوی یەکگرتوویی نەتەوەیی بەتایبەت لە نێو ئەم نەوەی نوێی کۆمەڵگەدا چیتر جێگەی نییە.

**شەهرام سوبحانی**: **شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" یەکێک لەو فاکتانە بوو کە نەک تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا توانی پرسی نەتەوەیی کوردستان زەق کاتەو، بە ڕای ئێوە حیزبە کوردستانییەکان توانیان لەم شۆڕشە لە بەرژەوەندی چارەسەرکردنی پرسی کورد کەڵک وەرگرن؟**

**فەریبا محەممەدی**: بزووتنەوەی کوردستان لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا بە تایبەتمەندییە ناوازەکانی لە شوێنەکانی دیکە جیاواز بووە و لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەم دواییەی کوردستاندا جارێکی دیکە بە نارەزایەتیدەربڕین بەرامبەر بە کوژرانی ژینا ئەمینی لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕژیم لە تاران، توانی لە ماوەیەکی کورتدا گەورەترین نارەزایەتی لە سەراسەری ئێراندا ڕێک بخات. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان لەو کاتەدا بەجێ و بەدروست، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و خەڵکیان بۆ مانگرتنی گشتیی بۆ نارەزایەتی بەرامبەر بە کوژرانی ژینا بانگهێشت کرد و بە ڕاگەیاندراوە دوابەدواکانی توانی لەو شۆڕشەدا ڕۆڵ بگێڕێت. خەڵکی کوردستان هەمیشە سەلماندوویانە هەر کاتێک حیزبەکان یەکگرتوو و یەکدەنگ بن ئەوانیش پشتگیرییان دەکەن. ئەم یەکگرتوویی و یەکریزییەی خەڵک و حیزبەکانی کوردستان لە کاریگەرییەکی زۆری لە بەشەکانی دیکەی ئێراندا هەبوو و دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی " بوو بە دروشمێکی جیهانی و هیوای دارمانی سیستمی کۆماری ئیسلامی لە دڵی خەڵک و هەموو ئازادیخوازانی دونیا زۆرتر کرد و جەستەی سەرکردەکانی ڕژیمی وەلەرزە خست. هەر بۆیە چاوەڕوانی لە کوردستان و حیزبە کوردییەکان زۆرتر لە جاران بوو و ڕۆڵێکی چارەنووسسازیان هەبوو، بەڵام حیزبەکانی کوردستان بەهۆی پەرشوبڵاوی و نەبوونی گوتاری هاوبەش و هەوڵدان بۆ پێگەی تاکەکەسی و حیزبی لەبری بەرژەوەندیی گشتی و نەتەوەیی، نەیانتوانی لەو دەرفەتە کەڵک وەربگرن و ئەو ئەرکە گرینگە بەجێ بهێنن. هاوەدەنگیی حیزبێک لەگەڵ فاشیستترین بەشی دژبە کۆماری ئیسلامی و هەوڵدان بۆ یەکخستنی سپای پاسداران و ئەرتەش و سەپاندنی بەسەر خەڵک و پێشێلکردنی داخوازییەکانی شۆڕشی ژینا و دروشمە ڕادیکاڵەکەی لە ژێر ناوی "منشور مهسا"(جۆرج تاون) زەبرێک بوو کە لە جەستەی ئەم شۆڕشە کەوت. بەداخەوە حیزبەکانی دیکەش نەیانتوانی یەکریزی و تەبایی لە نێو بزووتنەوەی کوردستان درووست بکەن و دواتر بە گوتارێکی هاوبەش، هەنگاوێک بەرەو یەکگرتوویی گشتیی هەڵ بگرن. تا ئەوکاتەی نەتوانین لە ڕوانگەی بەرژەوەندی بزووتنەوەی گەلی کوردستانەوە بۆ پرسەکان بڕوانین، بێگومان ناتوانین وەک حیزبێکی کوردستانی ئەرکی سەرەکیی خۆمان بەجێ بهێنین.

**شەهرام سوبحانی**: **کوردستان بۆ ئەوەی ببێتە فاکتەرێکی بەهێز چ لە ناوخۆی ئێران و چ لە ئاستی نێودەوڵەتییدا پێویستە**

چ هەوڵێک بدات؟ حیزبە سیاسییەکانی کوردستان تا ئێستا توانیویانە وەک فاکتەرێکی بەهێز لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داکۆکی لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کوردستان بکەن؟ ئەگەر نەیانتوانیوە هۆکارەکەی چییە؟

**فەریبا محەممەدی**: لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا بەشێکیم باس کردوە و بە پێویستی نازانم دووپاتی کەمەوە. بەڵام بەم جۆرە درێژەی پێ دەدەم کە ئێمە دەبێت ئاستی پرسی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان لە پرسێکی نێوخۆیی وڵاتێک بۆ پرسێکی جیهانی بەرز کەینەوە. چونکە پرسی کوردستان پاش، دوای دابەشبوونی بەسەر چوار وڵاتدا، ناکرێت تەنیا پەیوەندی بە یەک وڵاتەوە هەبێت، بەڵکوو پرسێکی ناوچەیی و جیهانییە و پێویستە لەسەر ئاستێکی گشتگیرتر چارەسەر بکرێت. مافی دیاریکردنی چارەنووس وەکوو مافێکی سەرەتایی و دیار لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا هاتوە و وەک بنەمای یەکسانی مرۆڤ و نەتەوەکان ناسێنراوە، بەڵام داگیرکەرانی کوردستان هیچکات دانیان پێدا نەناوە. بۆیە مافی دیاریکردنی چارەنووس مافێکی سرووشتییە بۆ نەتەوەی کورد. هۆکاری ئەوەیکە تا ئێستا نەمانتوانیوە سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ پرسی کوردستان ڕاکێشین، نەبوونی یەکریزی نەتەوەیی و گوتاری هاوبەشە. ئێمە تا ئێستاش نەمانتوانیوە بە دەنگی بەرز لە میدیاکان و کۆدەنگی جیهانیدا بڵێین سەربەخۆیی کوردستان مافی بێ ئەملاوئەولای ئێمەیە. وەک دەڵێن، ماف پێت نادرێ، بەڵکوو وەردەگیرێت.

**شەهرام سوبحانی**: خاتوو فەریبا، وەکوو دوایین پرسیار، چەندە هیواتان بە داهاتووی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" هەیە؟

**فەریبا محەممەدی**: لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا، چەندین بزووتنەوەی نارەزایەتیی لە جیهاندا ڕوویان داوە و توێژەرانی بواری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵی نوێیان داوە بۆ ڕوونکردنەوەی سەرچاوە، پرۆسەی پێکهاتن و کاریگەری و دەر ئەنجامەکانییان. بەجۆرێک کە کێبڕکێیەک نێوان تیۆرییە ئەکادیمییەکان بۆ ڕوونکردنەوەی باشتر لەسەر ئەو نارەزاییەتیانە دروست بووە و گرنگی زیاتریان بە پرسی فەلسەفەی جوانیناسی داوە. لە شۆڕشی ژینادا هەستی بەرەنگاربوونەوە، دارمانی ترس و تێپەڕبوون لە کولتوور و یاسای پیاوسالاری، هاوئاهەنگی هەمەچەشنی و شوناسە جۆربەجۆرەکان، ڕوویەکی دیکەی لە نارەزایەتی نیشان دا. بەجۆرێک کە هاوکات لەگەڵ گروتینی شۆڕشگێڕانەدا شایەتی هەڵبژاردنی دروشمگەلی جوان و پڕ نێوەرۆک و کردەوەی نوێ بووین کە سەرنجی میدیا جیهانییەکانی بۆ خۆی ڕاکێشا. هەر بەم هۆکارە ئەم شۆڕشە دەلاقەیەکی نوێی کردووە کە درەنگ یان خێرا دەرنجامێکی ئەرێنی واتە هەمان ئازادی و ڕزگاری دەبێت. خەڵکی کوردستان و بەتایبەت ژنان، پێشەنگەکانی ئەم شۆڕشە بوون و دەبن. دیسان جەخت لەوە دەکەمەوە ئێمە پێویستمان بە گوتارێکی هاوبەش هەیە کە لەگەڵ شکۆ و داخوازیی خەڵکی کوردستان بگونجێت.

٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا شەڵماشی: وڵاتانی بڕیاردەری جیهان نایانەوێ قەرەبووی ئەو زوڵمە بۆ کورد بکەنەوە کە لە "سایکس - پیکۆ" و "لۆزان"دا لەدژی کورد کردوویانە



### ئاماژە:

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێ، پرسی کوردیش وەک پرسێکی سەرەکی و چارەسەرنەکراو لەم جوغرافیایەدا ماوەتەوە و بەداخەوە نەیتوانیوە وەک نەتەوەکانی سەر گۆی زەوی سەروەریی خاکەکەی خۆی بەدەستەوە بگرێ و لە ڕیزی نەتەوە ئازاد و سەربەستەکانی دنیادا خۆی ببینێتەوە. کەوابوو لەم قۆناغە هەستیار و چارەنووسسازەدا دەیان پرسیار گوێمان دەزرینگێنێتەوە کە ڕەوتی ڕووداوەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرەو کوێ دەڕوات ؟ کورد لە تەواوەتیی خۆیدا و تایبەتتر لە هەر کام لە بەشەکان لەکوێی گۆڕانکارییەکانی داهاتوو لە ناوچەدا جێ دەگرن؟ کورد وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت بەو دوژمن و نەیارە زۆرەی هەیەتی، بەڕوونی چۆن دەتوانێ لەو تۆفان و باهۆزەی هەڵیکردووە نەک پێگەی ئێستای بپارێزێ، بەڵکوو چەند هەنگاوێکی دیکەش لە دەستەبەری ئامانجەکانی نیزیک بێتەوە؟ لەم دیمانەیەدا ئەم پرسیارانە و کۆمەڵێک پرسیاری دیکە لە پێوەندی لە گەڵ پرسی کورد لە گەڵ کاک مستەفا شەڵماشی، ئەندامی پێشووی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات تاوتوێ دەکەین.

**شەهرام سوبحانی: کاک مستەفا بۆ چوونەنێو باسەکەمان بە پرسیارێکی گشتی دەست پێ دەکەین. خوێندنەوەی ئێوە بۆ**

**ڕەوتی ڕووداوەکانی ئێستای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چییە؟**

**مستەفا شەڵماشی**: ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە هەلومەرجێکی هەستیاردا تێدەپەڕێ. هەموو جۆرە ململانێیەک لەم ناوچەیەدا هەیە. ململانێی هێزە نێودەوڵەتییەکان و هێزە ناوچەییەکان وەک ململانێی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕووسیە و ئەمریکا، چین و ململانێی هێزە ناوچەییەکان وەک ئیسرائیل و فەلەستینییەکان، ئیسرائیل و ئێران و هێزە نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامی کە وەک باسکی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی هەر لە عێراقەوە تا یەمەن بەردەوام خەریکی ئاژاوەنانەوەن، ئیسرائیل و ڕێکخراوە عەرەبییەکان و هێندێک دەوڵەتی عەرەبی، تورکیە و کورد لە باکوور و ڕۆژئاوا، ململانێی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هەموو دەوڵەت و نەتەوەکانی ناوچە و جیهان. ململانێی ئیسلامی توندئاژۆ لەگەڵ وڵاتانی ئازاد و هێز و لایەنە دێموکراتیکەکان، ململانێی سێ نەتەوەی فەرمانڕەوا وەک "فارس، تورک، عەرەب" لەگەڵ کوردی هەرچوار پارچەی کوردستان، جگە لەوە خەباتی چەوساوەکان و مافخوراوەکانیش درێژەی هەیە. نەتەوە بندەستەکان کە گەورەترینیان نەتەوەی کوردە، بە مافی خۆیان نەگەیشتوون و لە بەربەرەکانێدان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان. کەوابوو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەوەندەی ناوچەیەکی دەوڵەمەند و ستراتێژیک و گرینگە، زۆر لەوە زیاتریش ناوچەیەکی پڕ کێشە و قەیراناوی و پڕ توندوتیژییە. هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرەکان و پاش ئەوەی کۆلۆنیالیزمیش شکستی خوارد ئەو ناوچەیە زۆر بە شێوەیەکی ناڕێک و ناعادڵانە لەلایەن ئەو وڵاتانەوە کە لەو کاتدا زلهێزی جیهانی بوون و دەسەڵاتی ناوچەیان بەدەستەوە بوو، دابەش کرا بە سەر چەند دەوڵەتێکی کۆن و چەند دەوڵەتێکدا کە بۆخۆیان بەبێ گەڕانەوە بۆ دەنگی دانیشتووانی ناوچەکە بە شێوەیەکی سەقەت دروستیان کردن. لەو دابەشکردنەشدا چەند نەتەوەیەکی ئەسیلی ناوچە، بەتایبەت نەتەوەی کورد پشتگوێ. لەوەش خراپتر نیشتمانەکەیان بەسەر چەند وڵاتدا دابەش کرا. هەروەها کێشەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان بە چارەسەرنەکراوی مایەوە و ساڵ لە دوای ساڵ بەرەو ئاڵۆزتربوون چوو تا دەستی کۆماری ئیسلامیشی هاتە نێو و بوو بە کارتێک بەدەست توندئاژۆترین هێزەکانەوە لە هەر دووک لایەندا. هەر بۆیەش کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتەواوی چارەسەر نابن، تا لە سەر بناغەی پێکهاتەی نەتەوەیی ناوچەکە، دەستێوەردان لە نەخشەی سیاسی ئەو ناوچەیەدا نەکرێ. تا کورد، فەلەستینی، بلووچ و... هتد. و باقی نەتەوە ژێردەستەکان بە مافی خۆیان نەگەن و تا سەروەت و سامانی ناوچەکە بە شێوەیەکی عادڵانە بەسەر دانیشتووانی ناوچەکەدا دابەش نەکرێ و تا دەستی دەستدرێژکەران، بۆ سەر ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ناوچەکە کورت نەکرێتەوە، کێشەکانی ئەو ناوچەیە کۆتاییان نایە.

**شەهرام سوبحانی**: **کورد لە تەواوەتیی خۆیدا و تایبەتتر لە هەر کام لە بەشەکان لە کوێی گۆڕانکارییەکانی داهاتوو لە ناوچەدا جێ دەگرن؟**

**مستەفا شەڵماشی**: بە باوەڕی من مەسەلەی کورد بەگشتی لە چەقی گۆڕانکارییەکانی داهاتوودایە. کە دەڵێم مەسەلەی کورد مەبەستم ئەوەیە مەسەلەی نەتەوەی کورد وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت کە هەموو تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیەکی تێدایە و زیاتر لە پەنجا میلیۆن کەسە و نیشتمانێکی دەوڵەمەندی هەیە بە ڕووبەرێکی دوو میلیۆن کیلۆمیتری چوار گۆشەوە. بەڵام مەرجی سەرنجدان بە مەسەلەی کورد لە کاتی ئاڵوگۆڕەکان و خوڵقاندنی نەخشەیەکی سیاسی تازەدا ئەوەیە کوردیش وەک نەتەوەیەک باوەڕی بەخۆی هەبێ. بە ناوی واقیعبینی تەسلیمی ئەو دابەشکردنە نەبێ کە بەبێ ئیرادەی خۆی بەسەریدا سەپاوە و وەک یەک نەتەوە دەرکەوێ. ناوەندێکی بڕیاردانی نەتەوەیی "کۆنگرەیەک"، یا "پاڕلمانێک" پێک بێنێ. ناوەندیی ستراتێژی نەتەوەیی دامەزرێنێ تا توێژینەوەی پێویست بکا و پلانی تایبەت بۆ چۆنیەتیی بەرەوڕووبوون لەگەڵ هەر ئاڵوگۆڕێک کە بێتە پێشەوە دارێژێ. ناوەندی ساغکردنەوەی زمانی ستانداردی کورد دامەزرێنێ و کار بۆ گەشەپێدانی زمانی ستانداردی کوردی بکا و لە ئێستاوە لەو بەشانەی کوردستاندا کە ئیدارەی خۆماڵییان هەیە کاری پێ بکرێ و لەو بەشانەش کە هیچ مافێکیان نییە، ببێتە زمانی ئەدەبی و هونەری. بناغەیەک بۆ هێزی نیشتمانی دابنێ تا پێشمەرگە بەرەو هاوئاهەنگی بڕوا و لە پێشمەرگەی حیزبەوە، ببێتە پێشمەرگەی نیشتمان و .... هتد. ئەرکی ئەو هەنگاوانەش لە قۆناغی یەکەم دەکەوێتە سەر شانی ئەو دەسەڵاتە هەرێمییانەی کورد کە تا ڕادەیەک چارەنووسی بەشێک لە کوردستانییان بەدەستەوەیە و ئەو حیزبە گەورانەی خاوەن نفووزی باشن لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا.

**شەهرام سوبحانی**: کورد وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت بەو دوژمن و نەیارە زۆرەی هەیەتی، بەڕوونی چۆن دەتوانێ لەو تۆفان و باهۆزەی هەڵی کردووە نەک پێگەی ئێستای بپارێزێ، بەڵکوو چەند هەنگاوێکی دیکەش لە دەستەبەری ئامانجەکانی نیزیک بێتەوە؟

**مستەفا شەڵماشی**: لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم بە چەند مەسەلەیەکی گرینگ کرد. لێرەدا بە پێویستی دەزانم میکانیزمی وەدیهاتنی ئەو ئامانجانە باس بکەم. یەکەم میکانیزم بۆ ئەوەی کورد پێگەی خۆی بپارێزێ و لەوەش زیاتر بە ئامانجە نەتەوەییەکانی بگا ئەوەیە کە لە ڕادەی کوردستاندا یەک بگرێ، لەجیاتی کوردایەتیکردن لەپێناوی حیزبایەتیدا، حیزبایەتی بکا لەپێناوی کوردایەتییدا. ئەو دووبەرەکی و دژایەتییەی لەنێو حیزبەکاندا هەیە لە هەموو بەشەکانی کوردستان کۆتایی پێ بێ. ستراتێژی نەتەوەیی دارێژێ و دەست هەڵگرێ لەوەی چاوی لە ناوەندی ئەو چوار وڵاتە بێ کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە تا بە خێری خۆیان ئاوڕێک لە کوردستان بدەنەوە. شەقامی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان بجووڵێنێ و ئینتیمای نیشتمانی لە هەموو کوردستاندا پەرە پێ بدا. گرینگی بدا بە زمان، هونەر، کولتوور و ئەدەبی کوردی و لە هەمووشی گرینگتر، یەکگرتن و یەکگرتن و یەکگرتن.

**شەهرام سوبحانی**: نیزیک بە دوو سەدە لە مێژووی نیزیک و هاوچەرخی کورد بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی خەباتی کردوە و ئێستاش خەبات دەکا و هێشتا نەیتوانیوە قەوارەی سیاسی و حکوومەتی خۆی هەبێت. هۆکارەکان چین؟

**مستەفا شەلماشی**: خەباتی کورد تا ئەو جێگایەی پەیوەندی هەیە بە خۆپاراستن و بەرگری لە ئاسیمیلەبووندا، سەرکەوتوو بووە. کوردستان چوار دەوری بە دوژمن گیراوە، بەردەوام پیلانی زۆر قیزەون بۆ گۆڕینی دێمۆگرافیی کوردستان و ئاسیمیلەکردنی کورد لە گۆڕێدا بووە. کورد بە خەباتەکەی هەم توانیویەتی بەشی زۆری نیشتمانەکەی بپارێزێ و هەم نەیهێشتووە بەرنامەی تواندنەوەی نەتەوەیی ڕوو بدا. بەڵام لە وەدەستهێنانی مافەکانیدا سەرەڕای وەدەستهێنانی هێندێک دەسکەوتی کاتی و هەمیشەیی وەک دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵات، دامەزراندنی دەسەڵاتێکی خۆیی لە باشوور و ڕۆژئاوا و سەلماندنی بوونی کورد لە باکوور، بەگشتی تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووە. سەرنەکەوتنی خەباتی کورد زۆر هۆکاری هەن کە بەشێکیان دەرەکین و بەشی زۆریشیان نێوخۆیین. بەشە دەرەکییەکەی ئەوەیە چوار دەوڵەتی ناوچەکە کوردستانییان بەسەردا دابەش کراوە لەسەر دژایەتیکردنی کورد هەمیشە یەکن و تا لە بەشێکی کوردستاندا کورد دەرفەتێک بەدەست دێنێ مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بەکار بێنێ، هەر چواریان هەموو ناکۆکییەکانی خۆیان وەلا دەنێن و دژی کورد یەک دەگرن و تەواوی هێزی خۆیان بەکار دێنن تا پێش بە سەرکەوتنی کورد بگرن. دووهەم شتی دەرەکی ئەوەیە وڵاتانی بڕیاردەری جیهان، چاویان لە ماف و ڕاستییەکان پۆشیوە و تەنیا بیر لە قازانجی ئابووریی خۆیان دەکەنەوە. نایانهەوێ قەرەبووی ئەو زوڵمە بۆ کورد بکەنەوە کە لە پەیمانەکانی "سایکس - پیکۆ" و "لۆزان"دا لەدژی کورد کردوویانە و نیشتمانی کوردانیان بەبێ لە بەرچاوگرتنی ئیرادە و ویستی نەتەوەی کورد دابەش کردوە. ئێستا کاتێک بیر لە کێشەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکەنەوە، بەر لە هەموو شتێک قازانجی خۆیان لە چوار دەوڵەتەکەدا، "تورکیە، ئێران، عێراق و سووریە" لەبەرچاوە و پەنجا میلیۆن کورد، بە نیشتمانێکی دوو میلیۆن کیلۆمیتری چوارگۆشەوە کە لە هەموو مافێک بێبەشە، نابینن. بەڵام هۆکارە نێوخۆییەکان زۆرن، یەکنەگرتنی کورد، نەبوونی ستراتێژیی نەتەوەیی، نەبوونی هاوئاهەنگی لەنێو هێزە خەباتکارەکانی کورددا، بە جەماوەرینەکردنی خەبات، زاڵبوونی قازانجی حیزبی بەسەر قازانجی نەتەوەییدا، دژایەتیکردنی هێندێک بیر و بۆچوونی کۆمەڵایەتی، مەزهەبی و سیاسی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کورد و خەباتی کوردایەتی، سیاسەتێکی سەقەتی حیزبەکان و ڕێبەرانی کورد کە لەژێر دروشمی واقیعبینیدا، بانگەشە بۆ بچووککردنەوەی مافە نەتەوەییەکە دەکەن و تەسلیمی سنووری دەستکرد دەبن. هەروەها نەحاوانەوە و نەبوونی یەکتر قەبووڵکردن لە نێوان هێزەکان و تەنانەت تاکەکانی کوردیشدا، بەشێکی گرینگ لەو هۆکارانەن.

**شەهرام سوبحانی**: ئەو نەتەوانەی سەردەمانێک چارەنووسیان وەکوو کورد بووە، کلیلەکانی ڕزگاریی نەتەوەیی و بەدەوڵەتبوونیان چی بووە؟

**مستەفا شەڵماشی**: ڕاستە زۆر نەتەوەی ژێر دەستی وەک کورد تەنانەت لە سەدەی بیستەمیشدا ڕزگار بوون و سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێناوە. یەکێک لە گرینگترین هۆیەکانی سەرکەوتنی ئەوان بە باوەڕی من ئەوە بووە ئەو وڵاتانەی کە پێشتر وڵاتەکانی ئەو نەتەوانەیان داگیر کردوە، یا بە جۆرێک، بە سیستەمێکی سیاسی یا بە شێوەی کۆڵۆنیالی، ئەوانیان خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، لە باری گەشەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە لە وڵاتە ژێردەستەکانی خۆیان پێشکەوتووتر بوون. چاو لە وڵاتەکانی باڵکان، ئورووپای ڕۆژهەڵات و سۆڤییەتی کۆن و تەنانەت تەیموری ڕۆژهەڵات، ئەفریقای باشوور و باشووری سودانیش بکە، ئەوان وەک کوردستان گیرۆدەی دەستی دەسەڵاتێکی لە خۆیان دواکەوتووتر نەبوون. دووهەم هۆی گرینگ ئەوەیە خەباتی هەموو ئەو نەتەوانەی بە قوربانیدانێکی زۆر کەمتر لە کورد بە ئازادی گەیشتوون، خەباتەکەیان جەماوەری بووە. لە هێندێکیاندا بە میلیۆن خەڵک ڕژاونە سەر شەقامەکان و داوای سەربەخۆییان کردوە. وەک وڵاتەکانی باڵکان. لە هێندیکی تریان زنجیرەی دەستگرتنی سەر سنوورەکانی خۆیان پێکهێناوە، وەک سێ وڵاتەکەی قەراغ دەریای باڵتیک لە یەکیەتیی سۆڤییەتی کۆندا، یا بەرەی نیشتمانییان پێکهێناوە، وەک ئەفریقای باشوور. دەیان حیزبیان نەبووە کە هەر یەک لە هەوایەک بخوێنێ و هەر لەسەرەتای هاتنە سەر شەقامەوە داوای سەربەخۆییان کردوەو ستراتێژی نەتەوەییان هەبووە.

**شەهرام سوبحانی**: لە خوێندنەوە گشتی و خەسارناسییە باوەکاندا هەمیشە فاکتەری دەرەکی بۆ ئەو شکست و هەرەسانە بەرجەستە کراوە. بەڵام ئاخۆ دەکرێ هەموو ئەو ناکامییانە بەوە پاساو بدرێتەوە؟

**مستەفا شەڵماشی**: هەر وەک لە پرسیاری پێشووتردا باسم کرد، بەهیچ شێوەیەک ناکرێ تەنیا فاکتەری دەرەکی بکرێتە هۆکار بۆ سەرنەکەوتنی خەباتی نەتەوەی کورد. تەنانەت لەوەش زۆرتر، بە بۆچوونی من شوێنکاری فاکتەرە نێوخۆییەکان تەنانەت لە فاکتەرە دەرەکییەکانیش گەورەتر بووە. هیچ نەتەوەیەکی ژێردەست ناتوانێ چاوەڕوان بێ دژایەتی لەگەڵ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانییدا ناکرێ. خۆ ئەگەر وا بوایە هەر لە سەرەتاوە ئازاد دەبوو. بۆیە ژێردەستە، چونکە هێزێک هەیە دەیهەوێ مافەکانی لێ زەوت بکا و نیشتمانەکەی داگیر بکا، کەواتە دوژمنی هەیە و لە دوژمنیش چاوەڕوان ناکرێ کە دژایەتی نەکا. چاوەڕوانییەکی زیادیە ئەگەر پێت وابێ هەروا لە خۆڕا دەستت لێ هەڵدەگرن و لێدەگەڕێن خێروبێری وڵاتەکەت بۆ خۆت بێ. ئەوان بەدرێژایی سەدان ساڵ هەموو سامانەکانی وڵاتی تۆیان تاڵان کردوە. ئەویش وڵاتێکی لە هەموو بارێکەوە دەوڵەمەند و جوانی وەک کوردستان. داگیرکەرانی کوردستان چۆن هەروا بەئاسانی دەستی لێ هەڵدەگرن، یا بە وتووێژ و ڕوونکردنەوە وەک هێندێک لە ڕێبەرانی کورد چاوەڕوانییان هەیە مافەکانت قەبووڵ دەکەن؟ ئێستا بەکردەوە دەبینین کە لە سەدەی بیست و یەکیشدا ئامادە نین بوونی تۆ وەک نەتەوەش قەبووڵ بکەن، جا چ بگا بەوەی کە مافەکانت بسەلمێنن. کەواتە بەشی زۆری هۆیەکانی سەرکەوتنت دەبێ بۆ خۆت بیانخوڵقێنی. ئەوەش بەو شتانە دەکرێ کە لە سەرەوە

باسمان کرد. بۆیە بە بۆچوونی من هۆی نەگۆڕانی فاکتەرە دەرەکییەکانیش کە تا ئێستا هەر بە زیانی کورد بوون خەتای خۆمانە. ئێمە دەبێ بەر لە هەموو شتێک هەوڵ بدەین هێزێک بین کە حیسابمان بۆ بکرێ. تەنانەت ئەگەر پێشمان وایە بە وتوویژ لەگەڵ نەیارانمان لە ناوەندی چوار وڵاتەکە دەکرێ مەسەلەکەمان چارەسەر بکەین، دەبێ بەر لە وتوویژ هێزەکانمان یەک بخەین. یەکگرتوو بین و یەک گوتارمان هەبێ. خەڵکەکەمان بێنینە سەر شەقام، بە جۆرێک کە هەموو کەس لەوە تێ بگا کە ئەوەی داوای دەکەین، تەنیا داوای یەک حیزب یا چەند حیزب نییە، بەڵکوو داوای هەموو خەڵکی کوردستانە. جا ئەو کاتە ڕەنگە گوێ لە قسەکانمان بگیرێ و دانیشتن و وتوویژ بە ئەنجام بگا.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا بەڕێزیشتان پێتان وایە کە دۆخ و چارەنووسی هەرکام لە بەشەکان بەپێی تایبەتمەندیی خۆیانەوە جیاوازە، یان دەکرێ لەسەر بنەمای ویژمانێکی کوردستانداگر و میکانیزم و گرێبەستێکی نەتەوەیی کورد ببێتە فاکتەرێک لە ئاراستەدان بە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست، ئەوەندەی پێوەندیی بە پرسی کورد و جوغرافیای کوردستانەوە هەیە.

**مستەفا شەڵماشی**: دیارە ئەوەی کە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان هێندێک تایبەتمەندی خۆیان هەیە نکۆڵی لێ ناکرێ. بەڵام مەسەلەی سەرەکی و ڕاستییە گەورەکە ئەوەیە کە کورد یەک نەتەوەیە و کوردستان یەک وڵاتە. هیچ گومان لەوەدا نییە چارەنووسی هەموو نەتەوەی کورد بە یەکەوە بەستراوە، هەر وەک لە بەرامبەر بوون و ماف و چارەنووسی نەتەوەی کوردیشدا، هەر چوار وڵاتەکەی کە کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە، یەک هەڵوێستیان هەیە. بەڵگەش ئەوەیەکە ئەو چوار وڵاتە تەنیا دژی دابینکردنی ماف و چارەنووسی ئەو بەشە لە کوردستان نین کە وەبەر خۆیان کەوتوە، بەڵکوو لە هەر بەشێکی کوردستاندا باس لە چارەنووس ومافی نەتەوەی کورد بکرێ ئەوان دژبەرن. کاتێک لە باشووری کوردستان ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کرا، ڕەگی ملی کار بەدەستانی هەر چوار وڵاتەکە "ئێران، تورکیە، عێراق و سووریە" هەستا و یەک دەنگ لە دژی ڕێفراندۆم ڕاوەستان. تا ئێستاش لە هەموو مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە نەتەوەی کوردەوە دوژمنەکانی کورد یەک هەڵوێستییان هەبووە. بۆیە بە باوەڕی من چارەنووسی هەموو نەتەوەی کورد بە یەکەوە بەستراوە و خۆ فریودانە ئەگەر بڵێین دەتوانین لە بەشێک لە کوردستاندا بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد بگەین و چوار دەوریشمان ئەوەمان بۆ پەسند بکەن و وەک دراوسێیەکی ئاسایی ڕەفتارمان لەگەڵ بکەن. دیارە ڕەنگە بکرێ لە بەشێک لە کوردستاندا لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی ڕێککەوتن بکرێ و بەو مەرجەی کە هیچ خەتەری جیابوونەوەی کورد لە گۆڕێدا نەبێ، هێندێک مافی کولتووری و ئیداری دابین بکرێ، بەڵام ئەوەش پەیوەندی هەیە بە هاو کێشەی هێزەوە زۆرتر لە ڕووی ناچارییەوە قەبووڵ دەکرێ و هەر کات بزانن هاوکێشەی هێز بە قازانجی ئەوان گۆڕاوە، بەرە بەرە هەوڵ دەدەن ئەو مافانەی قەبووڵیان کردوە وەری بگرنەوە. هەر وەک لە باشووری کوردستان هەر ئێستا ئەو ڕەوتە لە گۆڕێدایە. ئەوەی جێگای داخە تا ئێستا ستراتێژیی خەباتی حیزبە کوردستانییەکان ڕاست لە سەر ئەو ئیمکانە کەمەی مافەکان دامەزراوە و تا ئێستا

قوربانییەکی زۆر دراوە بۆ وەدیهێنانی لانیکەمی مافەکان بۆ هەر بەشەی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا کە ئەو بەشە لە کوردستانی وەبەر کەوتوە. کە وەک دەبینین دەسکەوتەکانمان بەهیچ شێوەیەک هاوسەنگ نین لەگەڵ ئەو خەباتە دژوارەی کە بەڕێوە چووە لە هەر بەشەی کوردستان. کەواتە سەرەڕای ئەوەی کە هەر بەشەی کوردستان پێویستە لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا کە تێیدا دەژی خەبات بکا بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەران و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆی، پێویستە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش لە سەر بنەمای وێژمانێکی نەتەوەیی هەوڵ بدا بۆ پەسندکردنی میکانیزم و گرێبەستێکی نەتەوەیی کە ببێتە هۆی پێکهێنانی ناوەندێکی نەتەوەیی کە بتوانێ نوێنەرایەتی هەموو نەتەوەی کورد بکا. بەتایبەت لە ئەگەری هاتنەئارای هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەتەوەی کورد پێویستە یەک نوێنەرایەتی و یەک وێژمانی هەبێ.

**شەهرام سوبحانی**: دەمانەوێ ڕای جەنابتان لەبارەی پرسی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا و هەڵسەنگاندنی ئێوە لەو پێوەندییەدا بزانین .

**مستەفا شەڵماشی**: کورد لە شۆڕشی ژینادا نەخشی سەرەکی و لە سەرەتادا نەخشی ڕێبەرایەتیی ئەو جووڵانەوەیەی هەبوو. لەڕاستیدا ئەو شۆڕشە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و گەشەی کرد و لە کوردستانەوە دروشمە سەرەکییەکەی "ژن، ژیان، ئازادی" بۆ درا. زۆر باشیش توانی پەیوەندی بگرێ بە هەموو نەتەوەکانی ئێرانەوە و دروشمەکەی هێندە گونجاو بوو کە زۆر زوو سەرانسەی ئێرانی داگرت و تەنانەت بوو بە دروشمێکی جیهانییش. دروشمی "کوردستان، کوردستان چشم و چراغ ایران" بەڵگە بوو بۆ ئەوەی بیسەلمینێ شۆڕشی ژینا لە کوردستانەوە هەڵقوڵاوە و گەشەی کردوە. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە لە سەرەتادا ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئەو ناوەندە ڕۆڵێکی زۆر باشی گێڕا و نەخشی سەرەکیی هەبوو لە پەرەگرتنی شۆڕشی ژینادا. بەڵام بەداخەوە لە دوای ماوەیەک ئەو یەکگرتووییە نەما، دیسان حیزب، حیزبێنە و هەوڵدان بۆ خۆ دەرخستن و چنینەوەی بەرهەم بۆ حیزب و کەسایەتی تایبەتی دەستی پێ کرد و دژبەرانی کوردیش چ لە نێوخۆی دەسەڵات لە ئێران و چ لە نێو بەناو ئۆپۆزیسیۆندا دەستیان تێوەردا و توانییان لەو ڕۆڵە گرینگەی کورد بەدەستی هێنابوو کەم بکەنەوە. ئەویش بەهۆی هەوڵدان بۆ درزخستنە نێو یەکیەتیی کورد بەگشتی و بە تایبەتی نێو ناوەندی هاوکاری، کە بەداخەوە تێیدا سەرکەوتوو بوون و ڕۆڵی کوردییان زۆر لاواز کرد. بەتایبەت لەنێو ئۆپۆزیسیۆندا لایەنگرانی سەڵتەنەت و ڕەزا پەهلەوی بە وەرێخستنی هێندێک شانۆی ئاڵتێرناتیڤسازی و بە ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ و چەند کەسایەتییەکی میدیایی و هونەری و مافی مرۆڤی توانییان درز بخەنە نێو ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و بەگشتی و ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەتایبەتی و، زەربەیەکی کارا لە شۆڕشی ژینا بدەن و هەر لەو کاتەشدا ڕۆڵی کورد لاواز بکەن. ئەوەی جێگای داخ بوو بەشداریی

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ بوو لەو شانۆیەدا و دیارە پێویستە ئەوەش بڵێم هێزە کوردستانییەکان، بەتایبەتی ناوەندی هاوکاری و بە تایبەتیتر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر لاواز جووڵانەوە لە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئاڵتێرناتیڤێک لە هێزەکانی سەر بە نەتەوەکانی ئێران و حیزب و ڕێکخراوە دێموکراتیە سەرانسەرییەکاندا. چونکە گومان لەوەدا نییە کە لە سەرەتادا کوردستان دەیتوانی ببێتە پێشەنگی ئاڵتێرناتیڤسازی و بەجۆرێک لە سەرانسەری ئێران قەبووڵ کرابوو کە هەر پلاتفۆرمێکی هێنا بایە ئاراوە سەرنجی بەشێکی زۆر لە ئۆپۆزیسیۆنی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا. بەداخەوە دەبێ بڵێم کورد بە گشتی زۆر خەباتکارە و بە پشوو درێژی دەتوانێ درێژە بە تێکۆشان بدا، بەڵام کە دەگاتە بەڕێوەبەری و بەدەستەوە گرتنی ڕۆڵی گەورە و پلانی کەلان، دەستەوەستان دەبێ و باوەڕ بەخۆبوونی دادەبەزێ. ئەوەش تا ئێستا زیانی زۆر گەورەی پێ گەیاندوە.

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر شتێکی نەگوتراو مابێ و باسکردنەکەی بە پێویست بزانن، تکایە بفەرموون.

**مستەفا شەڵماشی**: زۆر شت گوترا، تەنیا دەمهەوێ چەند شتێکی گرینگ دووبارە بکەمەوە. سەرکەوتن لە یەکگرتنەدایە. لە باوەڕبەخۆبوون و ساغبوونەوەی فکریدایە. لە گرینگیدان بە ڕێکخراو و بە کادری لێهاتوو و خاوەن تاقیکردنەوە و باوەڕ پێکردن و دەسەڵاتدان بە لاوی تێکۆشەر و لێهاتوودایە. سەرکەوتن لە بە جەماوەریکردنی خەبات، نەتەوەسازی و گرینگیدان بە چاند، کولتوور، فەرهەنگ، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، پەرەپێدانی ئینتیمانی نیشتمانی ونەتەوەییدایە.

سەرکەوتن لە خۆ بەهێز کردن، دانانی بناغەی ئابووری، ساغبوونەوەی ستراتیژی و دانانی دامەزراوەی نەتەوەیی دایە.

١٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## والی دروودی: بیری ئازادی لە ناخی هەر کوردێکدا چەکەرەی کردووە



### ئاماژە:

کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی خوێنمژە کە بەدرێژایی تەمەنی نەگریسی خۆی لە ئێران و بەتایبەت لە کوردستان دژی جیابیرانی بەهەموو شێوازێک جووڵاوەتەوە، بەسێدارە، کوشتن، ئێعدام، ئەشکەنجە و زیندان و... بەڵام لەڕاستیدا هیچکام لەمانە نەیتوانی کۆتایی بەبیری ئازادی و ئازادیخوازی ڕۆڵەکانی کورد بێنێ و ئەمڕۆ دەبینین کە زیاتر لەهەموو ساتێک بیری ئازادی و ئازادیخوازی لەناو کوردستاندا ڕوو لەزیاد بوونە، تا ئاستێک کە ڕێژیمی تا لێواری نەمان بردووە، لەم دیمانەیەدا داوامان لە کاک والی دروودی، پێشمەرگە و زیندانی سیاسی پێشوو کە وەک یەکێک لە سیمبوولەکانی خۆڕاگری ناسراوە و پتر لە ٢٥ ساڵ تەمەنی لە بەندیخانەکانی ڕێژیمدا بووە با لە زمانی کاک والییەوە ئاوڕێک لە جینایەتەکان ڕێژیم لە بەندیخانە بدەینەوە و بزانین چۆن باس لە خۆڕاگرانی نیشتمان دەکا.

**شەهرام سوبحانی:** کورتەیەک لە ژیانی سیاسی و خەباتی خۆتان بۆ ئێمە باس بکەن کە کاک والی دروودی کێیە؟ کە ئەمڕۆ وەک یەکێک لە سیمبوولەکانی خۆڕاگری دەناسرێ و یادی لێ دەکرێ؟

**والی دروودی:** سڵاو و ڕێز ماندوو نەبن من والی دروودی کوڕی ئەنوەربەگی دروودی لەدایکبووی گوندی چرۆسانە لە ناوچەی

بێڵەواری کامێران لە بنەماڵەیەکی خۆشناو و ناودار و نیشتمانپەروەر لەدایک بووم هەر لە تەمەنی منداڵییەوە لە تەمەنی ٦ بۆ ٧ساڵیدا ئەتوانم بڵێم لەگەڵ سیاسەت ئاشنا بووم بەهۆی ئەوەیکە خاڵی گەورەم یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی باشوور بوو، خاڵی دووهەمیشم خاڵە مزەفەر کە ئەوانەیکە قەدیمی ترن لە ناوچەکە دەیناسن، یەکێک لە ئەندامانی ڕێبەری چریکەکانی فەدایی خەلق بوو و لە زەمانی شا کە بەهۆی ئەوەیکە دەستیان بوو لە تێرۆری شا، گیراو حەبسی ئەبەدی پێ دراو ٦ بۆ ٧ساڵ لە زیندان مایەوە تا شۆڕش کرا و لە زیندان ئازاد بوو، من بەو هۆوانەوە کە دواتریش کە شۆڕش کرا و ناوچەکە بوو بە جێگەی هاتووچۆی پێشمەرگە و ئەحزابی سیاسی تر هەر لەبەر خاتر ئەوە گەورە ماڵ بووین پێشمەرگەکان چ لە کۆمەڵە و چ لە ئەحزابی تر وەکوو چریک و پەیکار و ڕەنجدەران و ئەمانە کە دەهاتن بەتایبەت حیزبی دێموکرات هاتووچۆی ماڵیان دەکرد، من هەر لەو کاتەوە ئاشنا بووم و خزمایەتێکی کە لەگەڵ دوکتور خەلەقی بوومان و ئاشنایەتێکی زۆری لەگەڵ هێندێک لە بەرپرسانی حیزبی هەمان بوو، هەر لەو وەختەوە بەو جۆرە ئێمە ئاشنا بووین لەگەڵ حیزب و دواتریش لەگەڵ کاک ڕەشاد کادری لێهاتوو و  بە توانای حیزبی دێموکراتی کوردستان کە من لەگەڵی ئاشنا بووم و لە تەشکیلات سازماندەهی کرام و لە ساڵی ٦٢ وە من بە فەرمی کاری سیاسیم بۆ حیزب دەست  پێ کرد، دواتریش چوومە ئەرتەش و ماوەی ٦ بۆ ٧ ساڵێک لە هێزی دەریای بووم، بەهۆی ئەوەی کە چالاکیم هەبوو بۆ حیزبی دێموکرات و کاری تەشکیلاتیم دەکرد، لە ئەرتەش دەرکرام و ماوەیەک زیندانی کرام دواتریش ئازاد بووم، دواتر دووبارە پێوەندیم گرتەوە بە حیزب و ڕەسمەن ساڵی ٧٢ بوومە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و لەچەندین شەڕ و جەولەو کاری سیاسی لە ناوچەکە بەشداریم کردووە، لە ساڵی ٧٥ کە لە جەولەیەکی سیاسی نیزامیدا بووین، شەڕێکی قورس لە نێوان پێشمەرگەکانی ئەگەر هەڵەم نەکردبێت هێزی شاهۆ و هێزەکانی ڕێژیم دەرگیر بووین، لەو کاتە کە شەهید ئەسعەدی مەقەدەسی فەرماندەی هێز بوو، لەو شەڕەدا بریندار بووم و دەمانویست کە لەڕێگەی تکای چەن کەسێکی تەشکیلاتییەوە بچین بۆ کرماشان کە بەو هۆیەوە هێندێک کەس بەناو تەشکیلات هاوکاری لەگەڵ ئیتلاعات دەکرد، من لە ڕێگەی کامێران کرماشان گیرام و دوای زیندانی کردن و مەحکووم بە حەبسی ئەبەد بووم و دوای ئەوە بۆ یەزد تەبعید و دوای ٢٥ساڵ زیندانی ئازاد کرام. دوبارە هاتمەوەو پێوەندیم بە حیزبی دێموکراتەوە گرت و هاتمەوە ناو حیزب و ئێستاش پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانم.

**شەهرام سوبحانی**: کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو حکوومەتە سەرەڕۆیانەیە کە پتر لەچوار دەیە دەسەڵاتداری خۆی بە هەموو مێتۆدێک لەدژی جیابیرانی جووڵاوەتەوە، بە زیندان، سێدارە، ئەشکەنجە و... بەرێزتان وەک یەکێک لەو بەندکراوانە سیاسییە کە پتر لە ٢٥ساڵی تەمەنت لە زیندانەکانی ڕێژیم بووە چۆن باس لەو جینایەتانە دەکەی؟

**والی دروودی**: باس کردن لە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لە زیندان بە دەنگ بە ڕەنگ و تەنانەت بە



سەرچاوە
Serchawe

ساعەتها فیلم و وتوویژ و... بەبڕوای من ناکرێ چۆن ئەو شتێکە کە ئێمە دیمان و ئەو شتێکە باس دەکرێ ئاسمان تا زەوێ جیاوازی هەس، من زۆر کەسم بینی کە هەر ئێوارێ ساعەتی ٨ تا ٨ی بەیانی هەر لە ژێر ئەشکەنجەدا بووە و ناڵەی دەگیشتە لای ئێمە بەڵام هیچکات یەک نۆکەتەیان نەدرکاند و ئیعترافیان بە هیچ شتێک نەکرد، هەر لەبەر ئەویکە گیان فیدا بوون، لەبەر خاتر پاراستنی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات، یان بۆ پاراستنی گیانی چەند کەسێکی تر تەشکیلاتی حیزب بوون، من لە ماوەی تەقریبەن ٢٨ساڵ و نیم زیندان چون من بۆ دوو مەرحەلە زیندان کرام جارێکی ٣ساڵ و نیم تەبعید کرام بۆ ئەهواز ٦ساڵیان پێم دا، جارێکیتریش ٣ساڵ و نیمم کێشا جارێکیتر حەبسی ئەبەدم پێدرا و تەبعید کرامەوە بۆ یەزد، سەرجەم نزیکەی بیست و هەشت ساڵ و نیوم زیندانی کێشا، لەو دوو قۆناغەدا من زۆر شتم دیی زۆر پێشمەرگە، کادر، ئەندام و لایەنگر و تەشکیلاتی حیزبەکانیش، ئێستا هەر باسی حیزب دێموکرات دەکەم، کۆمەڵە و تەنانەت خەبات، چریکەکان، موجاهیدین، بەڵام ئەوەیکە بۆ من ئێستا وەکوو بیرەوەری وەبیرم بێ، ئەو جینایەتانە وتم بەڕاستی بەهیچێک باس ناکرێ، نە بە سەعاتها، فیلم و کتێب و.... چۆن ئەو جینایەتانە بەتایبەت وەک ئەشکەنجەی فیزیکی و ئیلا ئەوە نەبێ ئینسان هەستی بکا باوەڕبکە و تەنانەت وتنی هێندێک شتیشیان پێم وایە ئینسان بکەوێتە بیری ڕابردوو و شایەد لەرزە بی گرێت کە ئێمە چۆن ئەو ئازارەمان تەحەموول کردووە لەسەر هێندێ هاوبەندی ترمان.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا بەو هەموو سێدارە و کوشتن و بڕینەوە توانیویە لە گەیشتن بە ئامانجەکانی کە یەکێک لەوانە کپکرانی دەنگی ئازادیخوازان بووە سەرکەوتوو بێت؟

**والی دروودی**: دەنگی ئازادیخوازی بە هیچ شتێک کپ ناکرێ، نە بە زیندان، لێدان و بڕین و ئاوارە کردن و تەبعید و ... ئەمە بیرێکی سەردەمی نییە، بیری ئازادیخوازی ئەگەر بەڕوانینە مێژوویی حیزب و مێژوویی جووڵانەوەکان، سەدان ساڵە بەڕاستی کورد هەوڵ دەدا بۆ وەدیهێنانی حکوومەتێک یان ناوچەیەکی فیدراڵی کە بە ئازادی تێیدا بژی، بیری ئازادی بیرێکی کۆنە، بیرێکی سەردەمی نییە، ئەگەرچی ئێستا حیزبەکان دەستەبەندییان کردووە لە قاڵبی جیاجیادا دایاناوە، جووڵانەوەی زۆر لە کوردستاندا ڕوویداوە هەر بۆ ئازادی بووە، وەکوو: جووڵانەوەی شێخ سەعیدی پیران، جووڵانەوەی شێخ ڕەزای دێرسیم، میر محەممەدی ڕەواندز، شێخ مەحموود، دواتر کۆماری کوردستان و ئاخریشی ئەم هەرێمی کوردستانە، بیری ئازادی بیرێکی کۆنە، بیرێکە من وا دەزانم ژێنێتیکییەکە لە ناخی هەر کوردێکدا بۆ وەدەسهێنانی لانیکەمەکەی هەرێمێک کە بە ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆیی تێیدا بژی، چەکەرەی کردوە، بێ سەردار و ڕێیس وسەرۆکێکی غیرە کوردی.

**شەهرام سوبحانی**: شێعرێکی مامۆستا قانع هەیە کە ئەمڕۆ زیاتر لە هەر وەختێ ڕەنگی تازەیی پێوە دیارە، ئەویش "قوڕ بە سەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندخانەیە" ناوەڕۆکی ئەم شێعرە دەرخەری چ پەیامێکە؟ ئایا زیندانەکانیش بۆتە



سەرچاوە
Serchawe

## قوتابخانەیەک بۆ گەشەی بیری نەتەوەیی یان نا؟

**والی دروودی**: بێگومان ئەو شێعرەی مامۆستا قانعە و من بۆ خۆم زۆر جار خوێندوومەتەوە لە زینداندا و خوالێخۆشبوو گۆرانیبێژی ناوداری کورد کاک "حەمەی جزا"ئەو شێعرەی مامۆستا قانعی کردووە بە گۆرانی "بووکی ئازادی" زۆر دڵنشینە بەڕاستی وەک فارس وتەنی: نفووز دەکاتە پێست و ئێسقانی ئینسان، من دڵنیام بیری ئازادی ڕاستە لە دەرەوەش هەیە و بەهێزە، بەڵام من تا لە زینداندا بووم بەهێزتر بوو، بەهێزییەکەی ئەوەیە کە لە زینداندا کە تۆ بە تەواوی سنووردار دەکرێت، سنووردار تەنانەت لە ماچی منداڵەکانت، سنووردار لە سلاوێک لەگەڵ هاوڕێیانت، تەنانەت سنووردار کردن و دانیشتن لەگەڵ هاوژین، منداڵ، دایک، باوک، خوشک و برا یان خۆشەویستێک، یان دوو خولەک قسە بکەی وەختێک ئەونەدە سنووردار دەکرێت، ئەوکات هەست بە چەوساونەوەیەکی دوو هێندە دەکەی. کە بۆچی من وەک گەورەترین نەتەوەی ئەم سەردەمە ئاوام لێ هاتووە؟ کە کابرایەکی غیرە کورد وا بلێن کابرایەکی فارس یا داگیرکەرێک ئێمە بەتایبەت کە لە زیندانی یەزد بووین، ئێمە دەستبەسەرمان بکاو لە زیندان و شارەکاندا تەنانەت بە تەبعید من دڵنیام بیری ئازادی لەو جۆرە شوێنانە زۆرتر کاریگەرە تا لە دەروە، بەڕاستی چون بە تەواوەتی بێبەشە لە هەموو مافێک، تەنانەت ژیانێکی ئاسایی کە کابرا لە دەروە هەیەتی لە بەر ئەوەیە من ئیمانم بەو شێعرە هەیە کە بیری ئازادی لە زینداندا فراوانتر ئەوێت و قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی کە هیوای بە بەندیخانەیە ڕێک وایە، ئەڵبەتە زیندان بەڕاستی زۆر کەسی بەزاند ئەوانەی کە نەفس نزم بوون ئەوانەی کە باوەڕ بەخۆبوونێکی ئەوتۆیان بە خۆیان یان بە جووڵانەوەکە یا بیروباوەڕکە نەبوو، هێندێک کەسیش کۆڵ ئەدەن چونکە بەڕاستی زیندان جێگەیکە کە ئینسان دەگینێتە نوقتەی ئاخر، ئاخر ئەوەیکە هەڵوێستێکی کامڵ بگرێت یا ئەوەیکە شۆڕشگێڕ بمێنێتەوە یا بەڕاستی پاڵ بداتەوە بۆخۆی من لەبەر ئەوەیە ئیمانی کامڵم ئەوەیە کە بەڵێ بیری ئازادی لە زینداندا فراوانتر دەبێت.

**شەهرام سوبحانی**: پێمان خۆشە لێرە گوێمان لە چەند بیرەوەری کاک والی بێ کە لە زینداندا وەک بیرەوەری بۆی ماوەتەوە، بە تایبەت ئەو بیرەوەرییانەی کە ئەمڕۆ بوونەتە ئەزموون لە ژیانیدا؟

**والی دروودی**: بیرەوەری زیندان زۆرە، بیرەوەری یانێ چرکە بە چرکەی ئەو زیندانە بیرەوەرییە، بەڵام بەداخەوە من چەند جاریش و لەچەند شوێنی تریشدا هەم قسەم و هەم وتووێژم کردووە، هەم لە باسی نێومالێ خۆماندا یان لەلای هاوڕێیانەوە باس دەکەم، ئێژم تەنانەت ئەو بیرەوەرییانە کە زۆر خۆشن وەکوو زەماوەند و شووکردنی کچێک، زەماوەندی خزمێکی نزیک باشترین ڕەفێقت ژیانی هاوبەش پێک بهێنێ ئەبینی ئەوەش تاڵە، تاڵە چونکە تۆ لەوێ بوونت نییە، لەبەر ئەوە من وا ئەزانم تەواوی بیرەوەرییەکانی زیندان تاڵن، من هێندێک بیرەوەری هەن بەڕاستی من بە تاڵترینیان

دەزانم، کە ئێمە هەر ئەو ساڵە کە گیراین، پێم وابێ ساڵێک دواتر بوو کە کاک مەنسوورەکان، کاک مەنسووری ڕەشە هەورامی، کاک مەنسووری حوسێنی، ئەگەر بەهەڵە نەبم کاک ڕەفعەت و کاک یەدوڵڵا شیرین کەلام و ئەمانە کەوتنە ناو کەمین کە ئەو دوو سێ نەفەرە کە ناویانم برد باشترین دۆست و دەتوانم بڵێم زیادە لە حەد لەگەڵ یەک تێکەڵ بووین، یا زۆر کەس کە تێرۆر کران کە هەواڵی دەگەیشتە زیندان ئەوانە تاڵ بوون یا مردنی دایکی خۆم کە ئەو بیرەوەرییانە کە تەنانەت من کچەکەشم شووی کرد تاڵ بوو بۆم چۆن تەنانەت ئیجازەیان نەدا یەک خولەک لە زەماوەندەکەیدا بەشدار بم، هەر وەک وتم بەڕاستی هەمووی تاڵن بەڕای من تاڵ و شیرینی نییە، بەڕاستی هەمووی تاڵە. بەڵام بیرەوەرییەکی خۆشم کە هەر لە زیندان لەبیرم ناچێ ئەوە بوو کە ئێمە ئەو کاتە لە ئیتلاعاتی کرماشان بووین کاک عومەریش لەگەڵمان بوو، کاک عومەر لە شەڕەدا بریندار بوو لەو شەڕە کە من دوای هاتم بچم بۆ شار گیرام کاک عومەر هەر لەوێ لاقی چەپ و شانی ڕاسی پێکرا و بریندار بوو هەرچی کێشمان نەمانتوانی بی کێشینە دواوە، بەداخەوە ئەو هەر لەوێ بە دیل گیراو من خۆم بەچاوی خۆم دیم کە جاشەکانی جوانرۆ چوونە سەری و ئەزیەت وئازاریان کرد و ئیر ئێمە لەم باوەڕەدا بووین کە کاک عومەر کوژراوە کە هەر لەوێ کوشتوویانە یا ئێعدام کراوە کاتێک من گیرام دوای ٦بۆ ٧ مانگێک بوو من لە گرتنگەی ئیتلاعاتدا بووم نەمزانی کاک عومەر ماوە و نەمردووە یا شەهید نەبووە بەهەرحاڵ ئەزیەتی زۆرمیان کرد لەو شەڕەدا جاشێک کوژرا بوو جاشێکی بەناوبانگ کوژرا و جوانرۆیی بوو و فەرماندەگوردانێک بوو کە ئەوان هەر لە منیان ئەپرسی کێ کوشتوویە؟ ئەم کەسە کێ کوشتوویە؟ کامتان کوشتووتانە؟ منیش ئیتر ئەزیەتی زۆریان کردم منیش وتم با بێژم عومەر کوشتوویە خۆ ئیسە عومەر کوژراوە تەواو بووە منیش وتم وەڵڵا عومەر کوشتوویە ئیتر ماوەیەک بوو کە من ئاسوودە بووم بەڕاستی کەس کاری پێمەوە نەبوو نە ئەهاتن ئەزیەتم کەن ئەو کەسە کە دەمی برد بۆ دەرەوە و دەمی هاوردە و یەکێک لە ئەرکەکانی ئەوە بوو کە بزانێ ئەو کابرایە کێ کوشتوویە! جارێک پرسی وتی ئەو کابرایە کێ کوشتوویە؟ منیش وتم عومەر کوشتوویە، ماوەیەک ئیتر دەستیان هەڵگرت دوای ماوەیەک ڕۆژێک چووینە زیندان یەکترمان دیی لەزینداندا لەگەڵ عومەر باسمان کرد و وتی کورە نازانم بۆچە ڕۆژێک هاتن نیشتنە گیانم و زۆریان لێم داو ئیتر لەمەولا هەموو ڕۆژێک دەسێک کوتەکیان لێم ئەدا وتم چۆن؟ وتی وەڵڵا ڕۆژێکا هەر لەخۆیانەوە نیشتنە کۆڵم وتی تۆ ئەو کابرایەت کوشتووە ئەگەر هەڵەم نەکرد بێ "بارام"ی ناو بوو وتی تۆ بارامت کوشتووە؟ وتم کورە وەڵڵا ئەوە من بووم وتم، ئیتر یاس بووم نەمزانی وەمزانی مردووی یا شەهید بووی و کوژراوی ئیتر ئەوندەیان ئەزییەت کردم وتیان کێ کوشتوویە؟ منیش وتم: وەڵڵا عومەر کوشتوویە ئەوە پێم وابێ تەنیا بیرەوەری خۆشی ناو زیندان بووە بووم.

**شەهرام سوبحانی: پەیامی کاک والی دروودی بۆ خەڵکی خەباتکار و خۆڕاگری کوردستان، بە تایبەت ئەو خەباتکارانەی کە ئێستا لە زیندانەکانی ڕێژیم دان چییە؟**

شەهرام سوبحانی

**والی دروودی**: من بەڕاستی لە زینداندا ئەوەندە ئینسانی گەورە، گەورەم دیوە و ئەوەندە چیرۆکم لە ئینسانە گەورەکان بیست لە زینداندا خۆم لەوەدا نابینم، بەڕاستی پەیامم بۆ کەسێک هەبێ من کاتێ لە زیندانی کرماشان بووم کاتێک کاک "کەماڵ دەباغی" و "مەلا حوسێن" و ئەمانە کە کاتی خۆی بردوویانن بۆ ئێعدام لەو کاتەدا سروودی "ئەی ڕەقیب"یان خوێندووە یا براکانی شریبعەتی لە سنە یا من بۆ خۆم لە دادگا کە "لەیلا سەعیدی"م دیت شەهید "لەیلا سەعیدی" لە پلیکانەکانەوە هاتە خوارەوە و سروودی "ئەی ڕەقیب"ی خوێند و دوای وتی من حوکمی سێدارم بەسەردا سەپاوە وتی: "مەترسە گوێ مەدە ژیان ئەوەندە ئەرزشی نییە کە ئینسان خۆی بۆ خراو کا" من تەنیا ئەوە دەتوانم بێژم ژیان شایەد بە ناو بەڕاستی شیرین بێ، بەڵام کورتە کورتەیەکەشی خۆشی هالە ئەوە کە تۆ بە سەربەستی بژی، پەیامم ئەوەیە کە هیچکەس بە زۆری ناکەنە حیزبی، هیچکەس بە زۆری ناکەنە تەشکیلات ئەگەر لە توانایی خۆتدا نایبینی مەیکە چون ژیان بەڕاستی کورتە، بەو کورتییەی ژیانیش من پێم خۆشە هەموو ئینسانێکی کورد بە سەربەستی و ئازادی بژی، کاری تەشکیلاتی کارێکی دژوارە و کەند و کۆسپی زۆری تێدایە بەتایبەت بۆ ژیان هەر تاکێک، لەبەر ئەوە داواکارم لە ئەوانەی کە گیروگرفتیان زۆرە مەیکەن و ئەوانەی کە لە خۆیانڕا دەیبینن ئەوە ئەو کارە لە ئەستۆ بگرن ئەگەر دەسبەسەر بوون جۆرێک زیندان بکێشن کە لە دوا ڕۆژدا لەحاند خۆیان و لەئاست بنەماڵە و کۆمەڵگە و حیزبەکەشیاندا بتوانێ سەربەرز و شانازی بەخۆی و ڕابردووی بکا.

٢٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe

## حەسەن شەرەفی: هاوڕانەبوونی هێزەکانی ئۆپۆزیسیون و بێکردەوەیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی هۆکاری سەرنەکەوتنی شۆڕشی ژینا بوون



**ئاماژە:**

**لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامیی ئێران چووە چلوشەشەمین ساڵت دەسەڵاتدارەتیی خۆیەوە، دەسەڵاتێک کە کۆمەڵگە و خەڵکی وڵاتی بەتەواوی تووشی بێهیوایی و بێئەنوایی کردوە. ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و سەرکوتگەر لە نێوخۆی وڵات و تێرۆریست و یاخی لە کۆمەڵگەی جیهانیدا کە هەموو خەونەکانی شۆڕشی ١٣٥٧ی مایەپووچ کردەوە و ئەمڕۆکە دەربازبوون و تێپەڕین لەم ڕێژیمە و بووەتە ئامانجی سەرەکیی خەڵکی ئێران. پرسیار ئەوەیە پێشمەرج و ڕێگای سەرەکیی دەربازبوون لە دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی چییە؟ بۆچی کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران هەتا ئێستا نەیتوانیوە بە دروستکردنی جێگرەوی کۆماری ئیسلامی کۆتایی بە تەمەنی ئەم ڕێژیمە بێنێ؟ ئەم پرسیارانە و چەند باسێکی دی تەوەری وتووێژێکی "کوردستان" لەگەڵ کاک حەسەن شەرەفی، ئەندامی ناوەندیی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە:**

**شەهرام سوبحانی: کاک حەسەن با لەپێشدا بپرسم کە جیاوازی نێوان دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ و دێمۆکراتیک لە چی دایە؟ خەڵک بۆ دەربازبوون لە دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی پێویستیی بە چ هەنگاوێکە؟**

**حەسەن شەرەفی**: دەسەڵاتی سەرەڕۆ دەسەڵاتێکە بیر لە ئازادی، ماف، ژیان و سلامەتی کۆمەڵگە ناکاتەوە و هیچ یەک لەوانە نەک بە ئەرکی خۆی نابینێ، بەڵکوو دژ بە مانەوە و درێژەی دەسەڵاتی خۆیی دەزانێ. ڕەوایی خۆیی لە ڕای خەڵک بەرانبەر بەخۆی نابینێ و بەپێچەوانەوە هەموو چین و توێژ و بەگشتی کۆمەڵگە وەک کەرەسەیەک لە خزمەت خۆیدا دەزانێ، خۆیشی لە ئاست هیچ لایەن و ناوەندێکدا بە بەرپرسیار و وەڵامدەر دانانێ. بەڵام دەسەڵاتێکی دێموکراتیک لە ناخی کۆمەڵگە هەڵقوڵاوە و خۆی بەرانبەر بە خەڵکی کۆمەڵگە بە بەرپرسیار و وەڵامدەر دەزانێ و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک و دابینکردنی ژیانێکی شایان و کۆمەڵگەیەکی سلامەت بە ئەرکی خۆی دادەنێ و لە پێناویاندا تێ دەکۆشێ.

بەداخەوە لە ئێران دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری بە ئیدئۆلۆژییەک ئەویش لە جۆری دواکەوتووانەی لەسەر کارە و نە ڕێز بۆ خاک و نە بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە دانانێ و سەرچاوەی جیاوازیدانان و هەڵاواردن لەنێوان ژن و پیاو، پیرەوانی ئایینەکان و ئایینزاکانە و مانەوەی خۆی لە سەرکوت و دەست بەدەم داگرتن و گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدامی خەڵکدا دەبینێ و ماکەی کردەوەی تێرۆریستی و ڕەفتاری ناسەردەمیانەیە. کۆمەڵگەی ئێران لەدژی وەها ڕێژیمێکی هار و هەوسارپچڕاو و دژیگەلی لە خەبات و تێکۆشاندایە و زۆر جاریش بەشێوەیەکی بەرین و یەکگرتووانە لە پێناو نەمانی ئەو ڕێژیمەدا هەنگاوی ناوە کە نموونەی بەرچاوی شۆڕشی ژینا بوو کە لە کوردستان سەری هەڵدا و ئێرانی گرتەوە و دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لە گەرووی کوردەوە هاوار کرا و، نەک ئێران، بگرە دەنگدانەوەکەی زۆربەی شوێنەکانی جیهانیشی گرتەوە.

بەڵام ئەوە کە بۆ نەیتوانیوە ڕێژیم بڕووخێنێ؟ ئەمە بۆ چەند هۆی بنەڕەتیی دەگەڕێتەوە کە بەکورتی ئاماژەیان پێ دەکەم. شۆڕشەکە سەرەتا هەمەگیر و یەکگرتووانە بوو، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو قوربانیدانە بەرە بەرە درز لە یەکگرتوویییەکەی کەوت. هەر چەند شۆڕشەکە بە نیسبەت بزووتنەوکانی پێشووتر درێژماوەتر بوو، بەڵام ئەوەندە بەردەوام نەبوو کە بە ئاکام بگا کە ئەوەش هۆی تایبەتی خۆی هەبوو، و هاوڕانەبوونی هێزەکانی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی و بێکردەوەیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەشێوەیەکی شوێندانەر، بەشێک لەو هۆیانە بوون کە نەتوانرێ هەنگاوەکان بە ئاکام بگەن. دیارە سەرکوت و کوشتاری خەڵک و زەبروزەنگی ڕێژیمیش بەشێوەیەکی بەرین لەپەنا ئەمانەدا دەوری خۆی هەبوو.

**شەهرام سوبحانی**: لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا ڕەوتی پاشایەتیخوازەکان وەک لەمپەر و خنکێنەری شۆڕشەکە دەرکەوتن. کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران چۆن دەتوانێ لەوان تێپەڕێ و وەک پێویستە پلان و بەرنامەی بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی هەبێت؟

**حەسەن شەرەفی**: لایەنگرانی پەهلەوی و بەگشتی سەڵتەنەتخوازەکان هەر چەند کەمیش بن بەڵام بەشێکن لە کۆمەڵگەی ئێران و لە چوارچێوەی دێموکراسیدا ئەو مافەیان هەیە داخوازیی خۆیان هەبێت. بەڵام ئەوەی بەکردەوە لەو ماوەیەدا لێیان دیترا ئەوە بوو کە لە بەراوردی دەسەڵاتی پەهلەوی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بە هەڵەچوون کە ڕێژیم لە ئەوان باشتر نەبووە و هەرگیز خۆیان لەگەڵ باشترەکانی جیهان بەراوەرد نەکرد، واتە چونکە خەڵک لە کۆماری ئیسلامی بێزارن کەوابوو حەق و ڕاستی هەر ئەوانن. بەڵێ ئەوان لە گەرمەی شۆڕشی ژینا و یەکگرتوویی خەڵک و کۆمەڵگەدا هەڵوێستی نەشیاو و کردەوەی نادروستی وایان لەخۆیان نیشان دا کە یەکگرتووییەکەیان لە بار برد و دوایە و ئێستاش بۆیان دەرکەوت کە ئەوەی خەونیان بۆ دەدیت وا دەرنەچوو. جیا لە کردەوە بە دروشمیش هێندی لایەن لە کۆمەڵگەی ئێران بەدژ دەزانن و پێبەپێی دژایەتیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دژایەتیی ئەوانیش دەکەن وەک موجاهیدین، حیزب و ڕێکخراوە چەپەکان، نەتەوە زۆرلێکراو و ماف پێشێلکراوەکان. بۆیە بەو سیاسەتە نادروست و بەو کردەوە نەشیاوانە وێناچێ بزووتنەوەی گشتی دژبە کۆماری ئیسلامی ئێران نەتوانێ بەسەر ئەو گرفتەدا هەنگاو باوێ. ئێوەڕۆکیشیان بە لەبەر چاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە هیچ بەرنامەیەکی ئەورۆیی و پێشکەوتووانەیان بۆ داهاتووی ئێران نییە، و تەنیا قسە و ئیدیعایان ئەوەیە کە لە کۆماری ئیسلامی باشترن؟! بەڵام بۆ خەڵک ڕوون و ئاشکرایە بەو زمانە ناسپاسی و بێ حورمەتیانەش کە بە هێندێ لایەنی نزیک بە خۆیشیان دەیکەن ئێوەڕۆکیان پتر دەرکەوتوە.

**شەهرام سوبحانی**: ڕۆژانە دەبیستین کە کۆماری ئیسلامی لە لێواری نەماندایە، بەڵام دەشبینین کە ڕێژیم کۆماری ئیسلامی هەر لە سەر پێیە. ئەو خاڵە بەهێزانەی گەشبینمان دەکا بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی چین؟

**حەسەن شەرەفی**: وتەی میدیاکان کە باس لەوە دەکەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە لێواری نەماندایە زیاتر دەربڕین و ئاماژە بە لاوازی و لەرزۆکبوونی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک ناتەبا لەگەڵ ڕۆحی سەردەم داڵدەدەری تیرۆریزم، خراپیی باری ژیانی خەڵک، فشار و ئەشکەنجە و ئیعدام بۆ هەر دەنگێکی ناڕازی و ڕەخنەگر و فەساد و دزی و درۆ و ناڕاستی و هەموو ئەوانە و زۆر بابەتگەلی دیکە ڕێگا بۆ دەربڕینی ئەو بۆچوونە دەدەن. بەو حاڵەش وەک ئاماژەت پێدا هەر ماوە و بۆ نەمانی ئەو ڕێژیمە یەکگرتوویەکی بەرینتر، بەردەوامتر و لێکنزیکبوونەوەی پتری بۆچوونەکان بەنیسبەت داهاتووی ئێران لەلایەن خەڵک و لایەنە سیاسییەکانەوە دەتوانن شوێندار و کاریگەربن. چونکە ئەگەر هەموو بۆ نەمانی ڕێژیم یەکدەنگ بن و مادام لەسەر داهاتووی ئێرانێکی دێموکراتیک بە مانای واقعی خۆی هاوڕا نەبن، دڕدونگی و نامتمانەیی و لە ئاکامدا نایەکگرتوویی ڕووی دزیوی خۆی نیشان دەدا و ئەوەش یەکێک لە هۆیەکانی مانەوەی ڕێژیم بە هەموو لاوازییەکانییەوەتی. بەم حاڵەش مادام کۆمەڵگە و نەتەوەکانی ئێران سوورن لەسەر نەمانی کۆماری ئیسلامی ئێران و وەک لەمپەرێک لەسەر ڕێگای گەیشتن بە ئازادی و ژیانێکی ئینسانی دەیبینن، گەشبینی هەر هەیە

و هەر دەبێ هەش بێت؛ بەڵام درەنگ و زووەکەی بەستراوەتەوە بەو مەرجانەی ئاماژەمان پێدان.

**شەهرام سوبحانی**: ستراتیژی "دامەزراندنی ئێرانێکی دیموکراتیکی فیدراڵ" ویژمانی سەرەکیی بەشێکی زۆر لە لایەنە سیاسییەکانە، ئایا ئەم دروشم و ویژمانە لەگەڵ ویستی خەڵکی نێوخۆدا یەک دەگەرێتەوە، زیاتر کوردستانم مەبەستە؟

**حەسەن شەرەفی**: لەپێشدا با ئەو ڕاستییە بخەمە ڕوو کە بەشی هەرە زۆری لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەشێکی جیانەکراوەن لە کۆمەڵگە و خەڵکی کوردستان و ویژمانیان جیاوازی لەگەڵ خەڵک نییە. دروشمی ئێرانێکی دیموکراتیکی فیدراڵ دەستکردی لایەنێک یا چەند لایەنی سیاسی نییە، بەڵکوو لە خواستی خەڵکەوە سەرچاوەی گرتوە. لە شۆڕشی ژیناشدا چ ئەوەی پێوەندی بە ئێرانەوە هەبووە چ بە کوردستان نە دروشمێکی زۆر جیاواز لەوە نەبیستراوە، خۆ ئەگەر ڕۆژێک خەڵک بە هەڵسەنگاندنی قورسایی و دەرەتانی خۆی و پێکهاتنی هەلومەرجی دیکە هەوڵی گۆڕینی ئەو ویژمان و ستراتیژییە بدات، بەدڵنیاییەوە هێزە سیاسییەکانی لەم کاروانەش بەدوا ناکەون.

**شەهرام سوبحانی**: کۆماری ئیسلامی لەم قۆناغە هەستیارەدا بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتەکەی چ ستراتیژییەکی گرتووەتە بەر و ستراتیژی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم چییە؟

**حەسەن شەرەفی**: کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کات کڕین و مانەوەی زیاتر لە دەسەڵات پەنای بۆ زۆر پیلان بردوە. گرتن، کوشتن، بێدەنگکردن، سزادانی چووکەترین دەنگی ڕەخنە، تەنانەت لە ئاستی ناوچەییشدا کڕینی پشتیوانی چەند وڵاتێک بە نرخی هەدەردانی خاک و ئاو و سەرمایەی ماددی و مەعنەویی وڵات، دروستکردنی تاقمە و دەستەی تێرۆریست و خراپکاری لە دەرەوەی سنوورەکان کە بە خراپ کەلکوەرگرتن لە هەستی ئایینزایی بەشێک لە خەڵک و تەرخانکردنی سامانی وڵات بۆ پرچەککردن و خۆ تەیارکردن بۆ سەرکوت و... . بەڵام هەبوون ڕێژیم و دەسەڵاتی دیکەی لەو بابەتەش هەر بەو تایبەتمەندییە دڕندانەیەش، کەچی بە خەباتی خەڵکی وڵاتەکەیان بەسەریدا زاڵ بوون و سێبەری وەها ڕێژیمێکیان لەسەر خۆیان لابردوە. خەڵکی ئێران و تایبەتی کوردستانیش چی لەوان کەمتر نییە، بگرە لێبڕاوتر و چاو نەترس تریشن، ڕەنگە نەکرێ یەک یەک و بەجیا لەگەڵ هەر یەک لە پیلانەکانی ڕێژیم خەبات بکرێ بەڵام خەباتی جیددی، یەکگرتووانە لەپێناوی نەمانی ڕێژیم ئاکامەکەی نەمانی هەر پیلان و باسک و دەست و پێوەندییەکی ئەو ڕێژیمەیە.

**شەهرام سوبحانی**: ساڵانێکە خەڵک بە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی نای گەورە بە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم

**دەڵێن. ئایا نەبوونی شەرعییەتی سیاسی ڕێژیم توانیوەتی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وەک فاکتەرێک لەسەر هاوکێشەکان کاریگەریی هەبێت؟**

**حەسەن شەرەفی**: بە شێوەیەکی گشتی ئەو شانۆیانەی بە ناوی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا بەڕێوە دەچن لە نێوەڕۆکی هەر هەڵبژاردنێکی دێموکراتیک بەتاڵە، بەتایبەت دووپات و چەند پاتبوونەوەی ئەو شانۆیانە و تەئید و ڕەدکردنەوەی ئەو سەڵاحییەتانەی کە شورای نیگەبان دەیکا و بۆ ئەویش هیچ پێوانەیەک لەگۆڕێدا نییە، زۆربەی هەرە زۆری خەڵک تێگەیشتوون کە ڕێژیم ئامانجی لەو شانۆیانە تەنیا ڕەکێشکردنی خەڵک بۆ سەر سەندووقەکان و خۆڕانان بەوەیکە گویا بە جیددی دەگرن و لە سەر چارەنووس شوێندانەرن، بۆیە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو ڕواڵەتسازییەی ڕێژیم لەبەرچاو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، پێویستە ئەمجارە بەتایبەت دوای شۆڕشی ژینا "نا"یەکی توندتر، گەورەتر و بەرچاوتر بە ڕێژیم بگوترێ و دەرخەری ئەو ڕاستییە بێت کە ئەو ڕێژیمە لەلایەن خەڵکی ئێران و کوردستانەوە بێزراوە و بە تەواوەتی ڕەد کراوەتەوە. بەشداری نەکردن، خۆ کاندید نەکردن، نەک شێوەیەکی گرینگ لە خەبات بەڵکوو ئەرکێکی نیشتمانی و ئینسانییشە.

**١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣**

# گوڵاڵە شەرەفکەندی: وێژمانی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"، وێژمانێکە ئێستاش کلیلی ڕووخانی ئەو ڕێژیمەی پێیە



**ئاماژە:**

**لەکاتێکدا پرسی هەڵبژاردنەکان و سیاسەتی هاندان و هەڕەشەی ڕێژیم بۆ بردنەسەرێی ئاستی بەشدارییەکان گەیوەتە ترووپکی خۆی، چەند پرسیارێک گرینگ دەنوێنن، وەک: ژنان و پرس و مافەکانیان لەکوێی هاوکێشەکانی هەڵبژاردنەکاندا جێ دەگرن؟ هەڵبژاردنەکان لە چل و پێنج ساڵی ڕابردووی حوکمڕانیی ڕێژیمدا چ شتێکی لە بەرژەوەندیی پرسی ژنان گۆڕیوە و بەوپێیە ژنان بۆچی دەبێ بەشداری هەڵبژاردنەکان بن؟ ئەم پرسیارانە و کۆمەڵێک باس و بابەتی دیکەمان لەگەڵ زۆر بەڕێز خاتوو گوڵاڵە شەرفکەندەی، جێگری سەرۆکی ژنانی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال هێناوەتە گۆڕێ.**

**شەهرام سوبحانی: چل و چوار هەڵبژاردن لە ئێران کراوە، ئەم هەڵبژاردنانە چ ئاڵوگۆڕێکیان لەسەر پرسی ژنان بە قازانجی ئەوان بووە؟**

**گوڵاڵە شەرەفکەندی: واقعییەت ئەوەیە کە لە تەواوی توولی ئەو ساڵانەدا بێجگە لە یەک دوو جار کە ئەوانە هەوڵیان داوە کە مەسایلی ژنان بە جۆرێکی باسی بکەن یا لزوم و زەroورەتی وایان دیتووە کە هێندێک خۆیان مۆدێرن نیشان بدەن یا**

بە عیبارەتێکی لەو مەسەلەی بڕوانێ تەبلیغاتیک بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئیستفادە بکەن یەک دوو مەورد بووە ئەو پەڕی سێ مەورد بووە کە لەو حاڵەتانەشدا هیچ وەخت ئەو مەسەلەیە لە مەسەلەیەکی زاهێری تەبدیل نەبووە بە مەسەلەیەک یا باسێکی ئەساسی یا ئێختساسی زەرووڕەت، ئێمە دەزانین کە میزانی ژنانێک کە ئێستا نوێنەرن لە پەڕلەمانی ئێران، ٦ دەرسەدە یانی لەو ٢٩٠ نەفەرە شتێک لە حدودی ١٦ یا ١٧ ئەندام ژنن لە دووڕەهایەکی کە ئەوانە سەعیان کردوە کە ڕێکلامی پێوە بکەن تەنیا مەسەلەکە ئەوە بووە کە سرنجی پێ ڕابکێشن و نیازەکەش بۆ ئەوە نەبووە کە گۆڕانکاری بنەڕەتیی لە کۆمەڵگەدا پێک بێنن یا ئیحساسی نیازیان کردوە سەبارەت بەوەی کە بەڵێ ژنانی زۆرتر لە مەجلیس دانیشن هیچ یەک لەوانە قەزییەکە نەبووە قەزییەکە زۆرتر بۆ بازاڕی نێودەوڵەتی بووە بۆ ڕاکێشانی سرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بووە کە بڵێن بەڵێ ئێمەش ئەو ئەرجەعییەتە لە نەزەر دەگرین یا ئەو مەسەلەیە گرینگە بۆمان. بەڵام خۆدی ژنان لە ئێران یەک دوو دەورە وا هەبووە کە ژنانیش ئەو بەحسەیان بە عیبارەتێکی لە نەزەر گرتووە و سەعیان کردوە و هەوڵیان داوە گوتوویانە تەنانەت ئەگەر ژنانێکە دەچنە مەجلیس باوەڕیان بە مەسایلی بەرابەری و یەکسانی جنسییەتیش نەبێ بەڵام با ڕێژەکەی بچێتە سەرێ با تیعدادەکە شەڕ بکەین بۆ ئەوەیکە ڕێژەکە بە ڕێژەیەکی قابلە قەبووڵ بگاتێ بەعێبارەتێکی، لەو مەواردەدا هەبووە کە ژنان زۆرتر بەپیری ئەوە باسەوە چۆن یا سەعیان کردوە بازێک لە ژنان چونکی بە هەرحاڵ بۆ خۆت دەزانی کوردستان قەتی مەشرووعییەتی ئەو نیزامەی قەبووڵ نەبووە و قەتیش لەو شانۆانەی ڕێژیمدا بەو شێوەیە بەشداری نەکردوە بەڵام بە تەوری کولی دورەهایەک هەبووە کە لەو دەورانەدا ژنان هەوڵیان داوە کە تێعدادی ئەندامانی ژنی ئەو مەجلیسە زیاتر بکردرێ سەرەڕای ئەوەیکە دەیانزانی زیاد بوونی ئەو تێعدادە هیچ تەسیرێکی لەسەر کۆالیتی یا لە سەر بڕیارهایەک کە لەو مەجلیسە دێتە دەرێ دانانێ چونکێ ئەو بڕیارانە ناتوانن بە دژی شەریعە یا ئەو تەفسیرە لە شەریعە بن کە لە حەقیقەتدا دژایەتی هەیە و بە تەوری سیستماتیک هەڵاواردنی ڕەگەزی ئیعمال دەکا بە دژی ژنانی ئەو کۆمەڵگەیە لە ئاکامدا ئەوان ناتوانن هیچ هەڵوێستێکی بگرن بە دژی ئەو شەریعەیە، تەنانەت ئەگەر کوو ئەندامانی ژنی پەڕلەمانیش زیاتر بێ هیچ فەرقێکی لەو قەزییەدا ناکا ئەوە یەک، دووهەم ئەوەیکە خودی سیستمیش قەت هەموو غەمی نەبووە کە ڕێژەی ئەو ژنانە بەرێتە سەرێ مەگەر ئەو یەک دوو مەوردەش بەحسەکە بۆ ڕاکێشانی سرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بووە و ئەبەدەن بۆ ئیحساسی زەرووڕەت و نیاز و ئەو نەبووە یا باوەڕ بەو شتە نەبووە بە هەرحاڵ چوونە مەجلیسێک بەرنامەی هەڵبژاردن یا بەرنامەکەیان ئەوە نەبووە کە لە ڕاستای تەسیرگوزاری یا بەهبوود بارودۆخی ژنان عەمەل بکەن خۆدی ئەو ژنانە لە مەجلیسی ئێرانێ بارەها پاڵپشتیان لە بەرنامەهایەک کردوە کە بۆ خۆشیان دەزانن کە یەکەمین زەربە یا قوربانیان ئەسڵی ئەو بڕیارانە بە عیبارەتێکی ژنان بوون گەرچی مەجلیس لە ئێران بە جۆرێکی قۆدرەتی ئان چۆنانیشی نییە کە ئێمە دەزانین هەر شتێکی کە لەو مەجلیسەش بە عیبارەتێکی تەسوویب بکردرێ قۆدرەتی ئیجرایی نییە تا وەختێکە بە تەئید دەگا و ئەو تەئیدەش بە قەولی وان فۆقەها عۆلەمایەک دەبێ تەئیدی بکەن کە دیسانەکانە بەر ئەساسی شەریعە چاوی لێ دەکەن.

**شەهرام سوبحانی**: ژنان بۆ دەبێ لە هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگاندا بەشداری بکەن کە چەند مەلایەکی پیاو بنێرنە ئەو مەجلیسە هەتا ڕێبەرێکی پیاوی مادامولعومر بە سەر ئەو کۆمەڵگەیەدا بسەپێنێ؟

**گوڵاڵە شەرەفکەندی**: ئەوەیکە ژنان بۆ دەبێ بەشداری بکەن! کولی قەزییەکە خۆ لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا قەزییەی موشارەکەتی ژنان بەحسەکە ئەوە نییە کە لە سەر حەق دیفاع بکەن بە کێ دەنگ بدەن هیچێک لەو قەزییانە نییە نە بۆ نیزام نە بۆ خەڵکەکە مەگەر مەواردێکی دیکە مەسەلەن کابرا خزمی خۆی بۆ جێگایەکی کاندیدە لەو مواردەی دا فەرق دەکا غیرە ئەو سوورەتەی لە تەواوی توولی ئەو ساڵانەدا باسی ئەوەی نەبووە کە ئەو کەسەی دەچێت مەسەلەن پیاوە یا ژنە یا چ بەرنامەیەکی هیچ تەکیدێکی لە سەر ئەوە نەبووە تەنانەت هەتا ئێستاش کە خراپترین حاڵەت دایە مەعموولەن ئەسڵی ترین پەیام بۆ ئەوە بووە کە بڵێن لە دنیای دەرەوە بڵێن ئەوەتا ئێمە خەڵکمان لەگەڵە دوای ئەویش ئەوانە دەیانهەوێ عەدەد دروس بکەن خۆ بۆ مەبنای ئەوەیکە بتوانن عەدەد دروس بکەن دەبێ نمایەشێک پایەیەک هەبێ لەو پایەیەدا تەبیعییە ئەوان هەوڵ دەدن کە بڵێن ژن و پیاویشمان لەگەڵە بەتایبەت دوای شۆڕشی ژینا زۆر گرینگە کە ئەوان ژنان نیشان بن نمایش بدەن بە دنیا بڵێن کە نە شۆڕشی ژینا شۆڕێک بوو هیچ شتێک نەبوو و ئێمە ئێستاش مەحبووبین بەتایبەت لەلایەن ژنانەوە مەحبووبین بۆیە دەبێ کەسانێک هەبن کە بچنە سەر سەندووق کە ئەوان ئەوەی بکەنە فیلم و نمایش بە دنیای بفرۆشن ئەوە بەشێکی دیکە وەک هەمیشە بە عیبارەتێکی مەشرووعییەت کرینە یانێ نمایشە لە بەرچاوی دنیا بەڵام ئەو شتەی کە ئەو هەڵبژاردنەی ئەو جارەش جیاواز دەکا لەگەڵ جارهای پێشوو ئەوەیە کە ئەوانە بە هەرحاڵ پێویستیان بەوە هەیە کە میزانی لەنێوخۆیان دا موشکیلیان هەیە و تیکە کەمەی میزانی ئەو کەسانەی کە ئێستاش باوەڕیان بە سیستەم ماوە یا بەجۆرێکی بەرژەوەندییان گرێدراوە بە سیستم زۆر زۆر لە خوارە، تەنانەت یەک ڕەقەمییە، ئەو یەک ڕەقەمییەش بۆ ئەوەیکە بتوانێ پشت نەکاتەوە دەستی بەر نەدا لە حیمایەت لە ڕێژیمێکی کە لەسەر پایەی حیمایەتی وی ڕاوەستاوە تەبیعییە ڕێژیم پێویستی بەو هەیە کە بە هەرحاڵ موشارەکەتێک هەبێ لە هەڵبژاردندا کە بتوانێ ئەوی قانع بکا کە ئێستاش خەڵکەکە جا لە ترس بێ جا بە هەر دەلیلێکی بێ ئێستاش کەسانێک دەچنە سەر سەندووق لێرەدایە کە بەهەر حاڵ نەچوونی سەر ئەو سەندووقەی دەتوانێ دەوری ئەساسی بگێڕێ لەو بابەتەیەوە کە ئەوەیکە ئێستاش بەجۆرێکی چ لەڕێگەی بەرژەوەندییەوە چ لە ڕێگەی ترسەوە چ لە ڕێگەی هەر شتێکەوە ئێستاش ئەو حکوومەتە کۆڵەکەکەی لەسەر ئەوەیە لە سەر ئەوەی بە قەوڵێکی ئەو ٧ دەرسەدەیە ئەویش دەبێ بتوانێ ئیحساس بکا کە شتێک ماوە یانێ ئەوەندە لە ڕووخان نزیک نییە کە بەهەر حاڵ ئەویش بەجێی بێڵێ بۆ ویش بێ ئەوان پێویستان بە ئەوە هەیە کە خەڵک بچێ و دەنگ بدا لە ئاکامدا ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەیکە ئەوان لە هەر حەربەیەک ئیستفادە بکەن و بەتایبەت ئەوان تەکیدی تایبەت دەکەن لەسەر بەقەوڵی خۆیان ژنەکان، بنەماڵەکان لەو بابەتەیەوە کە خەڵکەکە بنێرێ یا بنەماڵە مەجبوور بکا یا هەر شتێکی دیکە بۆیە نەتبیستووتە کە ئەو ژنانەی کە دەڵێن بەهەر حاڵ شناسنامەکەی

منی وەرگرتووە بەڵێ قەولی گۆشتیان پێ دوام نازانم قەوڵی غەزایان پێ داوم قەولی چیان پێ داوم شتێکی دیکەش کە ڕنگە زۆر جالب نەبێ ئێمە لێرە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیکە ژنان لە گۆڕەپانی سیاسی دا مەعمووڵەن دۆنباڵەڕەوون ئێستاش ساحێبی بە نەزەری وان یا ئەوانیکە حەمایەت لەو سیستمەی دەکەن ئێستاش ساحێبی نەزەری ئیدەی خۆیان نین و تەبیعییە ئەوان ئەو ژنانەیان بەعینوانی سیاهی لەشکەر دەوێ و غیەرز وی شتێکی دیکە نییە بێجگە لەوە شتێکی دیکەیان لەو ژنانە ناوێ ئەو بۆیان گرینگە پەس سێ خاڵ بوو، یەکەم ئەوەیکە دوای شۆڕشی ژینا وانیشان بدەن کە ژنان بەهەر حاڵ شۆڕشی ژینا سەمبوولی ژنانی وان نییە و تەنیا شۆڕشێک بوو کە مەهار کراوە و ئەلعانەکە هیچ موشکیلەیەک نییە و هەموو شتێک فرید و فرۆیدە یەک دووهەم، ئەوەیکە بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، سێهەم ئەوەیکە، ئەوانەیکە ئێستاش وەفادارن بەو سیستەمەی نیشان بەن کە آب از آب تکان نخوردە و هەموو شتێک ئارامە و ئێوە دەبێ حیمایەت بکەن و ئەو ڕێژیمە دەبێ بمێنێتەوە، و بەو جۆرە نییە کە ئێمە هیچ پایەگایەکمان نەمابێ.

**شەهرام سوبحانی**: شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی چەندە ڕوانگەی ژنانی کوردستانی بە نیسبەت پرسی هەڵبژاردنەکان گۆڕیوە؟

**گوڵاڵە شەرەفکەندی**: بەبڕوای من کوردستان لە تەواوی توولی ئەو ساڵانەدا تەکلیفی لەگەڵ ئەو ڕێژیمەی دا زۆر مەعلووم تر بووە چ سەبارەت بە کوردستان، چ سەبارەت بە ژنان، بەڵام لە دەورەهایەکی جیاواز بە بەهانەیایەکی کە ڕەقابەتەکان بەعیبارەتێکی زۆر بکرێ لە بەینی بەعزە بنەماڵەیەکدا بە جۆرێکی ژنان تێ وەردراون کە ئاوری موشارەکەت لە هەڵبژاردن دا بەهەر حاڵ خۆش بکەن بەڵام سەبارەت بە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"، ئەوە شتێکی تازە نییە کوردستان فەزایەکە کە بەهەر حاڵ لەگەڵ خەبات بە دژی ئەو ڕێژیمەی ئاشنایە بەڵام ئەوەیکە دوو خەبات لێک گرێ دەدرێن یەکیان ئەوەیکە خەباتی شوناسی نەتەوەیە، یەکیان خەبات بە دژی سیستمێکی کە هەڵاواردنی ڕەگەزی تا ئەو ئاستەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو بازنەیە تەنگتر دەکاتەوە و حازرە بە کوشتاری ژنان بە شێوەهای جۆراوجۆر وەختێکی ئەو دوو خەباتە لێک گرێ دەدرێ لە کوردستان کە هەر دووکی ئەو قەزیانە پاشنە ئاشیلی ڕێژمێکی بە عیبارەتێکی ئەوە دەبێتە باعیسی ئەوەیکە وێژمانێک دروس دەبێ کە ئەو وێژمانی شۆڕشی "ژن. ژیان. ئازادی"، وێژمانێکە کە ئێستاش کلیلی ڕووخانی ئەو ڕێژیمەی پێیە، دروستە کە لەو حاڵەتەی ئەسڵی گەرم و گۆڕی خۆیدا نەماوە، دروستە کە حیمایەتێکە پێویستییەتی لە کولی ئێران وەری ناگرێ، بەڵام ئێستاش بە هەرحاڵ بەجۆرێک مەسئوولی ڕۆنێسانسێکە لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا و ئۆمێدێکە کە تەواوی حەولی ئەو ڕێژیمە ئەوەیە کە دەریچەی ئەو ئۆمێدە ببەستێ و خەڵک لە نائۆمێدیدا بە عیبارەتێکی دیسان مۆنفەعیل بکاتەو بێ هەڵوێست بکاتەو بەڵام کوردستان ئێستاش سەرچاوەی ئەو ئینرژییە و ئەو ئۆمێدە دەڵێن نێوخۆی کوردستان کاملەن تەبیعییە کە ئەگەر ڕێژیم بتوانێ دەسکەوتێکی هەبێ یا نمایشێکی لەو ناوچەیە یا بە لە حزووری ژنان لە سەر سەندووق هەبێ گەورەترین فەخر فرۆشی هەم بە ئێران و هەم بە دنیا و هەم بە کوردستان دەکا بە وەسیلەی ئەو نمایشە بۆیە

گرینگتر دەبێ کە تەبیعییە ئەو ژنانەی کە بە هەرحاڵ لە شۆڕشدان ئازیزانیان لە دەست داوە کاملەن تەبیعییە کە ئەوان ناچن بەڵام ئەوانەی دیکەش کە بە هەر بەهانەیەکی ڕازیان دەکەن گرینگ ئەوەیە کە ئەوانەش خیانەت نەکەن بە هەموو ئەو دایکانەی کە جەرگیان سووتاوە خوێنی منداڵیان ڕژاوە بەڵام تەنانەت نەیانهێشتووە ئەو ڕێژیمە فرمێسکیشیان ببینێ یانێ ئەوەندە بەهێزن لە بەرانبەر ئەوە ڕێژیمەدا ڕاوەستاون گرینگ ئێرەیە کە ژنانێکی کە بە هەرحاڵ ڕۆڵەکانیان لە دەست نەداوە و مومکینە بە تەمع یا بە مەجبووری بچنە سەر سەندووقی دەنگدان بە هەرحاڵ ئاورێک بدنەوە لە وانەی کە چۆن لە ماوەیەدا بە تایبەت ئەو یەک دوو ساڵی ڕابردوودا چۆن و بە چ شانازییەکی بە چ وەزعییەتێکەوە وەختێک ڕۆڵەکانیان فیدای ئەو شۆڕشە کردوە نەیانهێشتووە فرمێسکیشیان ئەو ڕێژیمە تەنانەت ببینێ.

**شەهرام سوبحانی:** ئایا مەجلیس ئەو شوێنە کە بتواندرێ بە گۆڕینی یاساکانی هەڵاواردن و جیاییخستن پرسی ژنان هەنگاوێک بەرەوپێش بچێ؟

**گوڵاڵە شەرەفکەندی:** مەجلیسی ئێران هیچ کات ئەو هێزەی نەبووە کە بتوانێ شتێک بۆخۆی بە دەسپێکەری خۆی بە ئەساسی برێک بەرژەوەندی خەڵک بەرێتە مەجلیس یا تەسویبی بکا، یەکەم مەحدوودییەتی قودرەتی وی کۆنترۆڵ لە سەر قودرەتی وی، ئەوە بەشێکە دووهەم، ئەوەیکە ئەو کەسانەی کە توانیویانە کاندیدی هەڵبژاردن بن بەهەر حاڵ لە فیلتێر گوزەراون و مەعمووڵەن کەسانێک نین کە باوەڕی خەڵکیان لە پشت بێ یا مەسایلی ویست و خواستی خەڵکیان بۆ گرینگ بێ، ئەوە دوو، سێهەم ئەوەیکە بەتایبەت ئەوە دەورەیە ئەو دەنگۆیە هەیە و چەندین نموونەش هاتۆتە دەرێکە بڵێ تەنانەت کاندیدبوونیش بە پووڵ دەکردرێ ئێستا کە کۆماری ئیسلامی هەموو شتێکی کردۆتە پووڵ و پووڵی لێ دەردێنێ ڕۆژ بە ڕۆژ یانێ خراپتر بووە یانێ ئەو کەسانەیکە دەتوانن خۆ کاندید بکەن ئەسڵەن پێویست نییە کە تەنانەت لە نەزەر ئینسانییەوە تەنانەت لە نەزەر بە هەر حاڵ لانیکەمی بارودۆخیشیان پێ بێ و شتێکی بە پووڵ دەکردرێ دەر نەتیجە ئەوە بەشێک لە وانەی کە خۆ کاندید دەکەن بەشێک لە سەر دەسەڵاتی مەجلیسەکەیە کە دەسەڵاتێک بوونی نییە، ئەوەیکە هەموو شتێک بریارێکە هەر بریارێک بارها و بارها فیلتێر دەکرێتەوە لە کۆتاییدا هەموو ئەو بریارانەی کە تا ئێستا گیراون واقعییەت ئەوەیە قەت قازانجی ئەوە میللەتەی تێدا لە بەرچاو نەگیراوە دەنگی ناڕازی لە مەجلیس مەعمووڵەن نەیتوانیوە بە هیچ جێگایەک بگا و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو بازنانە تەنگتر بووە لە باشترین حاڵەتدا کە مەجلیس بە قەولی خۆی دەنگی ئیعترازی تێدا بووە چ تەسیریکی توانیوە لە سەر بارودۆخی ئێران، لەسەر مەسایلی ئێران، لە سەر بە هەرحاڵ چ وەزعییەتی خەڵکی لە نێوخۆی ئێران چ بارودۆخێکی کە بە هەرحاڵ لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوروو نەفشێکی کە ئێران دەیگێڕێ لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بە عیبارەتێکی بتوانێ تەسیر دابنێ یا لە سەر مەسەلەی مافی مرۆڤ یا لە سەر مەسەلەی باشتربوونی بارودۆخی ئابووری خەڵکەکە یا مەسەلەن ئەو سەرمایە و داهاتەی کە بە هەرحاڵ لە ئێران

هەیەتی چۆن بتوانێ لە بەینی خەڵکەکەیدا دابەشی بکا ئێمە دەبینین کە ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵک لە ئێران فەقیرتر بووە، دەست تەنگتر بووە، مەحدوودتر بووە، زوڵم و زۆر لە سەری زۆرتر بووە، یانێ ڕۆژ بە ڕۆژ لە جیاتی ئەگەر وابایە کە مەجلیس بتوانێ جێگایەک بێ کە تەسیری لە سەر ژیان و بڕیارێکی سەبارەت بە ژیانی ئەو خەڵکەدا دەگیرێ دابنێ دەبوو ڕۆژ بە ڕۆژ ئێمە بە هەرحاڵ شاهیدی باشتر بوونێک یا حەرەکەتێک بەرەو باشتربوون چووباین لە حالێکدا لە تەواوی ئەو ساڵانەدا دیتوومانە کە ڕۆژ بە ڕۆژ باروودۆخ لە ئێراندا خراپتر بووە و خەڵک دەستتەنگتربووە و سفرەی خەڵک بە قەوڵی مەعرووف خاڵی تر بووە و خەڵک لە بەرچاوی منداڵەکانی خۆی شەرمەندە بووە چونکە نەیتوانیوە سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵەی کە ڕۆژانە دەیدا نەیتوانیوە ئەو نانەی کە دەبێ بیهێنێتە سەر سفرەی، یا منداڵی خۆی بەو جۆرەیکە دەتوانێ بنێرێ بەر ئەساسی لیاقەت بۆ مەدرسە بۆ دانشگاە و بۆ درێژەدان بە خوێندن تەنانەت لە کاتێکدا کە لە زانکۆی تەواو کردوە بتوانێ هەلی کاری بۆ برەخسێنێ، هیچێک لەوانە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو بازنەیە مەحدوودتر و مەحدوودتر بووە ئەوان توانیویانە منداڵەکانی خۆیان بنێرنە دەرەوی وڵات لە باشترین زانکۆکانی دنیا خوێندنیان پێ بکەن باشترین خانووها و بارودۆخی باشتریان بۆ دابین بکەن ئەوانەیکە بەرپرسانی دەوڵەتین بەڵام خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ مەحدوودتر و بێ دەرەتانتر بووە و بارودۆخی ئابووری کە بۆ خۆمان دەیبینین لە ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر بووە دەرنەتیجە ئەوە نییە کە تۆ چاوەڕوانیت هەبێ لەو مەجلیسە کە تەنها شتێکی کە ڕێژیم پێویستی پێ هەیە ئەویش ئەوەیە کە شتێکی ساختەگی بە ناوی مەجلیس دەنا خۆ تەنانەت بچن پێشنیاریش بدەن خۆ قانوون لە مەجلیس ناکردرێ لە ئێران بە عیبارەتێکی ئەتۆ بە قەوڵی مەعرووف دیسانەکانە لە شەریعەی دەدەی کە زۆرتر لە شەرعییە ئەوەیە کە چەندە قازانجی وان چۆن دەتوانێ کاریگەری لە سەر ئەو حکوومەتە یەک دەستەی کە ئەوان دەیانهەوێ یا چۆن دەتوانێ کاریگەری لە سەر ئەوەی دابنێ یا چۆن دەتوانێ بە عیبارەتێکی لەگەڵ بۆچوونی بە قەوڵی خۆیان خامنەایی هەماهەنگ بێ یا ئەو شتانەی کە ئەوان دەیانهەوێ دەستبەر بکا.

**شەهرام سوبحانی**: ژنان نیوەی کۆمەڵگەی ئێران پێکدێنن، ئایا نیوەی ئیرادەی کۆمەڵگەیەک بەس نییە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمێک کە هیچ مافێکی بە ژنان نەداوە؟ کەواتە ژنان بۆچی دەبێ دەنگ بدەن؟

**گوڵاڵە شەرەفکەندی**: بەحسەکە لە سەر ئەوەیە کە تۆ باسی کۆمەڵگەیەک دەکەی کە بەشێوەی جۆراوجۆر فەلەج کراوە، فەلەج کردنەکەی لەو بابەتەوەیە کە تۆ باسی ژنان دەکەی ژنان لە هەموو کۆمەڵگەیەکیدا فەقیرترین ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیەن لە کۆمەڵگەی ئێرانی نە تەنیا ئەوەیکە ژنان مافی دەسپێڕاگەیشتن بە کار، مافی ئەوەیکە لە بواری ئابوورییەوە بتوانن خۆیان بەڕێوەبەرن، ماڵ بەڕێوەبەرن لە بواری قانوونییەوە لە بەر دەستی پیاوەکاندان بۆ ئەوەیکە بە عیبارەتێکی بۆ خۆیان بڕیاردەری ژیانی خۆیان نین کەواتە ئەوە هەموو دەست و باڵی لێ ئەستاندوون ئەتۆ باسی ژنانێک



سەرچاوە
Serchawe

ناکەی کە ساحێبی ئیرادەی خۆیانن بە خاتری ئەوەش ساحێبی ئیرادەی خۆیان نین کە ئەو هەموو مەحدوودییەتەی کە لە سەر ئەوان ئیعمال دەکردرێ جاروبار مەجبووریان دەکا بە هێندێک کار، ناڵێن هەموویان بە تایبەت بۆ نەسڵی میان سال بۆ باڵا سدق دەکا کە بەشێکی زۆریان بەخاتری بارودۆخی ئابووری بنەماڵە مەجبوور دەبن کە بە هەرحاڵ لە بارودۆخێکدا لەو شانۆوانەی کە ڕێژیم بە هەر حاڵ بەرپای دەکا بەشداری بکەن بە قەوڵێکی جا بە تەمای ئەوەیکە بتوانێ هێندێک بارودۆخی ئابووری بنەماڵە باش بکەن سەری قەوڵیان پێ درابێ و ئەو جۆرە شتانە دەتوانێ هۆکار بێ بەڵام ئەو نەسڵە جەوانەی کە ئێستا باوەڕی ڕەهای بەو سیستەمە بەو چوارچێوەیە، بەو ڕێژیمە نییە و داوای ژیانێکی عادی و نۆرماڵ دەکا ئەو تەحتی هیچ بارودۆخێکی ئەو نەسڵە جەوانە ناچێ دەنگ نادا بەو ڕێژیمە، ئەوە هێن نەسڵی جەوانەکە، دەمێنێتەوە میان ساڵەکە یا ئەوەیکە بە هەرحاڵ هێندێک باڵاترە بە هەر دەلیلێکی ئەو ژنە کە دەچێ بەشداری دەکا جگە لە ئەو ٧ دەرسەدی کە ئێستاش بە عیبارەتێکی باوەڕێکی بەو ڕێژیمە ماوە یا بەرژەوەندی گرێدراوە ئەوەی دیکە بە دەلایلێکی دوو دڵە، دوو دڵیەکەی لە چییە؟ لە ئەوەیکە خەڵک هێزی ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمەی نییە، کەواتە من دەتوانم چی بکەم لە بەرانبەر ئەو ڕێژیمەدا کە باوەڕی بەوەی نییە کە ئەگەر نەچوونە سەر خۆدی ئەو حەرەکەتە چکۆلەی ئێعترازییەی کە نەچی دەنگ بدەی تەسیرێکی حاڵەتێکی دیکە ئەوەیە کە بە عیبارەتێکی نیگەرانی کارەکەی منداڵەکانی یا بەجۆرێکی ئەو شتانەی کە سبەینێ تەسیر دابنێ ناڕاستەخۆ لە سەر ژیانی وی، سێهەم ئەوەیکە بەعیبارەتێکی داهاتوو ڕوون نییە، ئاسۆیەکی ڕوون بوونی نییە، تەسیر دەکاتە سەر ئەوەی کە ئەو ژنە مۆنفەعێل بێ مۆنفەعێل لەگەڵ مەسایلی ئەو کۆمەڵگە ڕەفتار بکا، چوارەم ئەوەیکە ئەوە موشکیلی ئەوانی دیکەیە و موشکیلی من نییە، ئەمن نە کارم بە ڕێژیم داوە نە کارم بە سیاسەت داوە بەڵام وەختێکی دەچێ دەنگ دەدا لە حەقیقەتدا ئەو هەڵوێستی گرتووە و لەو هەڵوێستەدا هەڵوێستی بە دژی ئەو دایکەی کە جەرگی سووتاوە تەنانەت جەسەدی منداڵەکەشی نادەنەوە کە تەنانەت بۆ خۆشی بینێژێ و قەبرێکە بچێتە سەر ئەو قەبرە و بەعیبارەتێکی ئارامش پەیدا بکا ئەو ژنەی کە بڕیار دەدا من هیچم پێم ناکردرێ جا دەنگی من بە چ کەڵک دێ، و دەچێ دەنگ دەدا بە دژی خۆشکەکەی خۆی هەمان خۆشکی کە منداڵەکەی بە دەستی ئەو ڕێژیمە کوژراوە دەتوانین بڵێن هاوکاری لەگەڵ ئەو ڕێژیمە دەکا بۆ کرینی ئەو گوللەیە کە ئەولادی خۆشکەکەی دەکوژێ خوێن دەڕژێ و بۆ هەموو ئەو دایکانەی کە جەرگیان دەسووتێ جۆرێک نائاگاهی سیاسی، بێ باوەڕی، نائۆمێدی، هۆکارهای ئابووری، و بڕێک مەسایل دەتوانێ ببنە هۆکار کە ئەو ژنە بێ ئەوەیکە بزانێ ببێتە داردەستی ڕێژیمێکی یا مۆهرەی شانۆیەک بۆ ئەو ڕێژیمە کە ئەو ڕێژیمە پێی زیندوو دەمێنێتەوە و بە عێبارەتێکی پێ لە سەر ئەو هەموو خوێنانە دادەندرێ کە تا ئێستا ڕژاون.

١١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

## مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە: وتاری ١١ی ڕەشەممەی دوکتور قاسملوو مانیفێستێکی داوەتە دەست نەوەکانی ئێستا و داهاتوو



### ئاماژە:

١١ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٥٧ یەکێک لە گرینگترین ڕۆژە مێژووییەکانی خەباتی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتە. لەم ڕۆژەدا خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو ڕاگەیاندرا و جارێکی دیکە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بۆ گرتنەدەستی جڵەوی چارەنووسی خۆیان هاتنە مەیدان و دەنگی متمانەی خۆیان بە حیزبی دێموکرات دایەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر بایەخی ئەم ڕۆژە مێژووییە لە خەباتی سیاسی نەتەوەکەمان وتووێژێکمان لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سیاسەتمەداری کورد و خەباتکاری لەمێژینەی کورد کردوە کە بۆخۆی یەکێک لە ڕێکخەران و وتاربێژانی ئەو ڕۆژە مێژووییە بووە.

**شەهرام سوبحانی**: مامۆستا وتووێژەکەمان بەم پرسیارە دەست پێ دەکەم، بۆچی ١١ی ڕەشەممە لە مێژووی حیزبی دێموکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا وەک یەکێک لە گرنگترین و مەزنترین ڕووداوەکانی مێژوویی نەتەوەیی ناو دەبرێ؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: دوای تێپەڕینی پتر لە ٣٣ ساڵ لە دامەزرانی حیزبی دێموکرات و زیاتر لە ٣٢ ساڵ لە پاشەکشەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردی خۆرهەڵاتی کوردستان و گرتنەبەری تێکۆشانی نهێنیی حیزب کە دەورانێکی

سەخت و پڕکەندولەند و هەورازونشێو و قوربانیدان بوو، ئەمە یەکەم جار بوو کە حیزبی دێموکڕات، ئەویش لە زمانی ڕێبەرێکی لێوەشاوەی وەک دوکتۆر قاسملووەوە ڕاستەوخۆ و بەئاشکرا لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەدوا و ڕوانگەکانی خۆی بۆ باس دەکردن. بۆیە بەجێیە قبووڵ بکەین کە ئەم ڕووداوە پاش ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ بۆ حیزب و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری خۆشترین و گەورەترین ڕووداوی مێژوویی تا ئەو وەختە بوو. هەقە ئەوەش بگوترێ کە میتینگی ١١ی ڕەشەمە نەکهەر بۆ کوردستانییان بە هەموو پێکهاتەکانیانەوە، بەڵکوو بۆ هەموو ئازادیخوازانی ئێرانیش هەڵکەوت و دەرفەتێکی مێژوویی بوو. هەربۆیە بێجگە لەوانەش کە لەلایەن حیزبی دێموکڕاتەوە بانگهێشتن کرابوون، بە هەزاران کەسی تینووی ئازادی لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران بە تایبەتی لە تارانەوە بۆ بەشداری لەو میتینگەدا خۆیان گەیاندبووە مەهاباد.

**شەهرام سوبحانی**: گرنگترین دەسکەوتەکانی میتینگی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ٥٧ بۆ حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان چی بوون؟ پێتان وایە ئەو دەسکەوتانە چەندە کاریگەرییان لە سەر وشیاریی نەتەوەیی کورد لەو سەردەمە و ئێستاش داناوە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: دەتوانم بڵێم گەورەترین دەسکەوتی ئەو ڕۆژە پێکهاتنی میتینگەکە خۆی بوو. گاڵتەی پێ ناکرێ پاش پتر لە ٣٠ ساڵ زەبروزەنگ کە کۆبوونەوەی زیاتر لە دە کەس و جاری وابوو کەمتریش دەخرایە ژێر چاوەدێریی پۆلیس و تێک دەدرا یان خەڵکی لەسەر دەگیرا، ئێستا پتر لە سەد هەزار کەس -و بە ڕیوایەتی ڕۆژنامەی «اطلاعات» دووسەد هەزار کەس- بە ئاشکرا لە دەوری یەکتر کۆ دەبوونەوە و گرنگترین مەسەلە چارەنووسییەکانیان باس دەکرد. بەڕاستی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ دیمانەی قۆناغێکی هیوابەخش لە مێژووی خەباتی هەقخوازانەی گەلانی ئێران بوو.

دەسکەوتی گرنگی دیکە بە تایبەتی بۆ خەڵکی کوردستان بەرچاوڕوونیی سیاسی بوو. لە ڕۆژانی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بەدژی ڕێژیمی پاشایەتیدا ئەم قسەیە لەسەر زاروزمانان بوو کە «هەموو کەس دەزانێ چیی ناوێ. بەڵام کەس نازانێ چیی دەوێ». دیارە کەسانی ئاگا و وشیار زۆر بوون کە دەیانزانی چییان دەوێ، بەڵام نەک لە هەموو ئێران، لە کوردستانیش یەکدەنگییەک لەئارادا نەبوو. کەچی ئێستا حیزبێکی بە ئەزموون ئەویش لەسەر زمانی ڕێبەری لێوەشاوەی خۆی نەخشە ڕێگای خەباتی درێژخایەنی کورد و تەنانەت دوورەدیمەنی داوڕۆژی هەموو ئێرانی دەخستە بەرچاوی ئەوانەی چاوی دیتنیان هەبوو.

ئەگەر بەوردی گوێ بۆ وتاری ١١ی ڕەشەمەی دوکتۆر قاسملوو بگرین بێ دەمارگرژی دەبینین کە ئەو مانیفێستێکی داوەتە دەست کە نەکهەر بۆ ئەوکات و بۆ ئێستا، بەڵکوو بۆ نەوەکانی داوڕۆژیشمان لە هێڵە گشتییەکاندا ڕوونکەرەوەی بەرچاوی



سەرچاوە
Serchawe

خەباتگێڕانی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستانە.

**شەهرام سوبحانی:** مامۆستا بەڕێزتان وەک یەکێک لە بەشداربووانی میتینگی ١١ی ڕەشەمە، یان یەکێک لە بەڕێوەبەرانی ئەم میتینگە، پێمان خۆشە لە زمانی خۆتانەوە ببیستین قورسایی قسەکانی دوکتور قاسملوو لە پەیامەکەیدا چی بوو؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** باوەڕ بکەن ئاسان نیە بەشێکی دیاریکراو وەک قورسایی وتارەکەی دوکتۆر قاسملوو دەستنیشان بکەین. هەمووی هەر قورس و هەمووی ئامۆژگاری و نەخشەڕێگا و شیاوی لێفێربوون بوو. خستنەبەرچاوی ڕابردووی خەباتی خەڵکی کوردستان و پێویستیی یەکریزیی هەموو چین و توێژەکانی گەلی کورد و لەوەش زیاتر یەکدەنگیی نێوان هەموو گەلانی ئێران و نیشاندانی ڕێگاچارەی گیروگرفتەکانی وڵات بە کاربەدەستان و پێشنیاری سالمترین سیاسەت بۆ پەیوەندیی دیپلۆماسیی دەوڵەت و خوێندنەوە و ڕێزدانان بۆ هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵی کوردەواری و تێکڕای گەلانی ئێران و زۆر بابەتی بەسوودی دیکە لە وتارێکی کورتی نیوسەعاتیدا تەنیا لە توانای بلیمەتێکی وەک قاسملوودا هەبوو.

**شەهرام سوبحانی:** یەکێک لەو تەوەرە دیارانە کە دوکتور قاسملوو لە وتارەکەیدا پێداگرییان لەسەر دەکا یەکیەتیی و یەکگرتوویی نێوان خەڵک و هێزە سیاسییەکان لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ یەکترییە. بۆچی ئەو پێشمەرجە گرنگە لە خەبات بۆ سەرکەوتن هەتا ئێستاش لە ئاستی خۆیدا نییە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** لە وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانەدا زۆرجار دەگوترێ دوژمنان ناهێڵن ڕێک کەون. ئەمن هیچ وەخت لەو باوەڕەدا نەبووم و نابم. تەنانەت ئەم قسەیە بە سووکایەتی دەزانم. چونکە مانای ئەوەیە ئێمە گوێ بۆ دەنگی خەڵک و بانگی ویژدان ڕاناگرین و چاومان لە زاری دوژمنان و ناحەزانە چیمان پێ دەڵێن. بە جۆرێکی دیکە بڵێین ئەمە هەڵاتن لە بەرپرسایەتی و گەڕان بە دووی تاوانبار لە دەرەوەی خۆماندایە. ئاخر ڕاستە دوژمنان هەوڵی لێکترازانمان دەدەن، بەڵام ئەوان لە پەرشووبڵاویمان قازانج دەکەن خۆمان چی؟ کەوایە خەتایەکە لەخۆمانە و دەتوانێ زۆر هۆکاریشی هەبن کە گرنگترینیان بەرچاوتەنگی و هەستنەکردن بە بەرپرسایەتی بەڕادەی پێویستە. ڕەنگە لەو نێوەدا بتوانین ئاماژە بە دوو هۆکاری سەرەکی بەتایبەتی بۆ کوردی خۆرهەڵات و هێزی سیاسییە ئێرانییەکان بکەین کە ئەمانەن:

**یەکەم،** تاراوگەنشینی و نەبوونی بڕیاربەدەستانی هێزە سیاسییەکان لە نێوخۆی وڵات و نەبوونی فشاری کۆمەڵانی خەڵک و نەدیتنی ڕاستەوخۆی ئێش و ئازارەکانی هاونیشتمانان. ئەوانەی دەورانی شەڕی سێ مانگەیان دیوە لەبیریانە کە دامەزرانی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد (هیئت نمایندگی خلق کرد) بەشێکی زۆری لە ئاکام و تەنانەت لەژێر فشاری ئەو دەستە و



سەرچاوە Serchawe

کۆمەڵە خەڵکانەدا بوو کە لە شارەکانەوە دەهاتنە لای حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردەکان.

**دووهەمیش**، سەرسەختیی زۆرایەتی و زێدەخوازیی کەمایەتی لە نێو هێزە سیاسییە کوردستانییەکاندایە. ئاشکرایە کە هێزە کوردستانییەکان لە دەرەوەی ئیدیعای خۆیان هێندێکیان زۆرترن و خەڵکی پتریان هەیە و بەشێکیان کەمتر. جا زۆرایەتییەکە پێی وایە ئەگەر نەختێک بۆ کەمایەتی دابشکێنێ لە سام و هەیبەتی کەم دەبێتەوە و کەمایەتییەکەش بە کەمتر لە «مساوات مطلق» ڕازی نابێ. غافڵ لەوەی کە ئەگەر ڕێک کەون زۆرایەتی و کەمایەتییەکە بەوە تێک ناچێ و ڕێز و خۆشەویستیی هەردوو لاشیان لەلای گەلەکەیان دەچێتە سەرێ.

**شەهرام سوبحانی**: دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری حیزبی دێموکرات و کاریگەرترین ڕێبەری جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە سەردەمی خۆی بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەو خەباتە و دەرباز بوون لە ناکۆکی و ناتەبایی و چەند بەرەکیی نێوماڵی کورد چ شتێکی بە پێویست دەزانی و بۆخۆی لەو پێوەندییەدا چیی کرد؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: بە داوای لێبووردنەوە دوکتۆر قاسملووش دەگەڵ هەموو گەورەیی و لێبووردەیی خۆی وەک هەموومان کورد بوو و خوێنی کورد لە دەمارەکانیدا دەجووڵا. بەو حاڵە هەوڵێکی زۆری دا کە بەڵای دووبەرەکی لە یەخەی بزووتنەوەی کوردی ئێران بکاتەوە. بەڵام هەموو کاتێک هەوڵەکانی دەگەڵ ئەو دوو هەستە دژبەیەکە بەرەوڕوو دەبوون کە لە وەڵامی پرسیاری پێشتردا ئاماژەیان پێ کرا. باسی ئەو تۆمەتە زۆرجار ناڕەوایانە کە لایەنەکان لە یەکتریان دەدان و ئەو ناووناتۆرە ناشیرنانە ناکەم کە دەرهەقی یەکتر بەکاریان دەبردن، هەرئەوەندە بەسە کە بڵێین زۆرایەتی دەیەویست کەمایەتی «خڕکاتەوە» و کەمایەتی هەوڵی دەدا «هەیبەتی زۆرایەتی بشکێنێ.»

**شەهرام سوبحانی**: چۆن دەتوانین نێوەرۆکی پەیامەکانی ١١ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٥٧ لەگەڵ دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێستای کوردستان لێک گرێ بدەین؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: بە باوەڕی من پەیامی ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ بۆخۆی لە هێڵە گشتییەکاندا درێژکراوەی پەیامی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ بووە و ئێستاش و دوارۆژیشمان گرێدراوی هەردووکیانن و بێ ئەوەی مافی داهێنان و نوێ - بوونەوە لە خۆمان و نەوەکانی دواترمان بستێنینەوە هەموومان پەیڕەوی ئەو پەیامانە و هەڵگری ئەو ئاڵایەین کە لە دامەزرانی حیزبەکەمانەوە تا ئەمڕۆ لەنێو ڕێبوارانی ڕێگای دێموکراتدا دەستاودەستی کردووە.

## شەهرام سوبحانی

**شەهرام سوبحانی**: مامۆستا بەڕێزیشتان یەکێک لە وتاربێژانی ئەو میتینگە بوون. ٤٥ ساڵ دوای ئەو ڕووداوە چۆن یادی ئەو ڕۆژە دەکەن، بەتایبەت چۆن لە پەیام و وتارەکەی ئەو ڕۆژەتان دەڕوانن.

**مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە**: وتاری من لەو ڕۆژەدا پتر پەیامی بەخێرهێنانی بەشدارانی میتینگەکە بوو، چونکە لەوکاتەدا بەرپرسی ڕێکخراوی حیزب لە مەهاباد و بە مانایەک خانەخوێ بووم. ئەگەر قەراریش بێ هەڵسەنگێندرێ ئەوە کاری من نیە و دەبێ کەسانی دیکە نەزەری لەسەر بدەن.

**شەهرام سوبحانی**: مامۆستا گیان ماندوو نەبن و زۆر سپاس بۆ ئەوەیکە کاتتان دانا و لەم دیمانەیەدا بەشداریتان کرد

**مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە**: سپاس ئێوەش ماندوو نەبن

١٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

## د. هۆشمەند عەلی: شکست و هەڵەکانی ڕابردوومان نەبوونەتە وانەی مێژوو بۆ نەوەی ئێستامان



### ئاماژە:

**مێژووی کورد پڕە لە هەوراز و نشێوی جۆراوجۆر کە ئاوێنەی ڕاستەقینەی خەبات و تێکۆشانی میللەتێکی بندەست، و زوڵملێکراوە کە سەدان ساڵە بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی خۆی لە بەربەرەکانێ و ململانێ لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا چۆکی نەداوە و بەردەوامتر و شێلگیرانەتر و قایم بەزاتتر هەنگاوەکانی بۆ داهاتوویەکی ڕوونتر پتەوتر کردوە. لە ئاوڕدانەوە بەم مێژووە پڕ بەرەورووی دەیان پرسیاری جۆراوجۆر دەبین. وەکوو : ئێمەی کورد ئێستا لەکوێیی مێژووی کۆن و نوێدا وەستاوین؟ ئایا دۆخی ئێستای کوردی پێوەندیی بەوەوە هەیە مێژووی خۆی ناناسێ؟ دەسەڵاتەکانی عەرەب و فارس و تورک بە چ مێتۆدێک لەهەمبەر مێژووی کورد جووڵاونەتەوە؟ و کۆمەڵێک پرسیاری دی. بۆ وڵامدانەوە بەو پرسیارانە دیمانەیەکمان لەگەڵ د. هۆشمەند عەلی، پسپۆڕی مێژوو و مامۆستای زانکۆ پێک هێناوە.**

**شەهرام سوبحانی**: دوکتور سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا. بەم پرسیارە وتوێژەکەمان دەست پێ دەکەین کە ئێمەی کورد لە ئێستادا لەکوێی مێژووی کۆن و نوێ وەستاوین؟ لەوەدا کە هەموو بەڵگە مێژووییەکان دەڵێن کورد لە هیچ شوێنێکی دیکەوە نەهاتووە و لە ڕەسەنترین نەتەوەکانی نیشتەجێی ئەم جوغرافیایەیە، بەڵام بۆچی لەو دۆخەدایە؟

**د. هۆشمەند عەلی:** نەتەوەی کورد یەک لە نەتەوە ڕەسەن و دێرینەکانی ئەم ناوچەیەیە. مێژووی کۆن و شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان گەواهی ئەوەمان بۆ دەدەن کە لە بەرەبەیانی مێژوودا ژیان لە کوردستانی کۆندا هەبووە. گەلانی کۆنی کوردستان وەک: گۆتی، لۆلۆیی، خوری، کاشیەکان، میتانی، ماد و... هتد، لە دانیشتووانە ڕەسەنەکانی کوردستانن و نەتەوەی کوردیش لە پاشماوەی سەرجەمی ئەو گەلە کۆنانەی کوردستانی کۆن پێکهاتووە. مەبەستمە بڵێم کورد خاوەنی ڕابردووە لەنێو مێژوودا، بەڵام وەک نەتەوە خراوەتە دەرەوەی مێژوو، بەو مانایەی لەلایەن نەتەوە سەردەستەکانی ناوچەکە، ئەوانەی لەسەر خاکی کوردستانی دێرین دەوڵەتیان بۆخۆیان بنیات ناوە وەک بێگانە و میوان سەیری کورد دەکەن و بەدرێژایی دەسەڵاتی سیاسییان هەر بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ کورد کراوە. نەتەوەی کورد بۆخۆیشی ئەوەندەی لەسەر میراتی ئەو شانازییە مێژووییەی ڕابردوو ژیاوە و دەژی، نەیتوانیوە خۆی لە ئێستای مێژوودا ببینێت، بەجۆرێک کە بێت و ئالنگاریی بەپێی واقیع و سەردەم بکات و ئەوەندە بە ڕابردووە نەنازێ و پتر بیر لە ئێستا و داهاتووی بکاتەوە، ئەم دۆخەش وایکردوە بگات بەدۆخێک کە دوای بەدەستهێنانی هەر سەرکەوتنێکیش دوای ماوەیەک گەڕاوەتەوە خاڵی سفر.

**شەهرام سوبحانی:** لە پێوەندی لەگەڵ مێژووی شکست و سەرکەوتنەکانی هەر نەتەوەیەکدا قسەیەکی بەناوبانگ هەیە کە دەڵێ هەر میللەتێک مێژووی خۆی نەزانێ مەحکوومە بە دووبارە کردنەوەی ڕووداوەکان. ئایا دۆخی ئێستای کوردی پێوەندیی بەوەوە هەیە مێژووی خۆی ناناسێ؟ ناسینی مێژوو لەکوێ و چۆن و بە چ جۆرێک ئەو هێزەت دەداتێ دۆخەکان لە بەرژەوەندیی خۆتدا بگۆڕی؟

**د. هۆشمەند عەلی:** وەک گوتم کورد خاوەن مێژوویەکی دێرینە، خۆشمان دەزانین کە ئەو مێژووەمان هەیە، بەڵام دەرس و پەندمان لە ڕابردوومان وەرنەگرتوە. بۆیە کێشەی نەناسینی مێژوومان ئەوەیە کە زوو شکست و سەرکەوتنەکان لەبیر دەکەین، زوو دۆست و دوژمن تێکەڵ دەکەین و سادەین لە دووڕێیانی سیاسەتدا، ئەوەیە وای کردووە کە پێت وابێت مێژوومان نەناسیوە، چونکە هەڵە و کەمایەسییەکانی ڕابردوومان لە یاد کردوە و نەبووە بە دەرس و پەند، بەو مانایەی شکست و هەڵەکانی ڕابردوومان نەبووە بە وانەی مێژوو بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوومان. بۆیە گەر ڕابردوو بەتەواوی لەبەر بکەین ڕەش و سپی بەتەواوی بە مانا سیاسییەکەی لێک جودا بکەینەوە، ئەو هێزەت پێ دەدات کە لەسەر بنەمای مێژوویی سیاسەتی ئەوڕۆ و سبەی دابڕێژیی و دۆست و دوژمن بەئاسانی بناسی، نەک بەسۆز و عاتیفە سیاسەت بکەی وەک زۆرێک لە سیاسییەکانی کورد کردوویانە.

**شەهرام سوبحانی:** مێژووی کورد لە ئێستادا لە ڕەهەندی خاک و جوغرافیاوە ئاوێتەی داگیرکاریی چەند نەتەوەیەکی دراوسێیە کە لەڕووی حوکمڕانی و دەسەڵاتی سیاسییەوە سەردەستن. داگیرکاریی ئەو نەتەوانە لەڕووی مێژووسازیی، شێواندن

و چەواشەکاری مێژووییەوە چۆن و بە چ مەبەستێک بووە؟

**د. هۆشمەند عەلی:** شێواندنی مێژووی کورد لەلایەن داگیرکەرانەوە بە مەبەست و ئامانجی گەورەی سیاسیی بووە، لەلایەک کاریان لەسەر تێکدانی دەروونی تاکی کورد کردوە و لەلایەکی تریشەوە هەستی بڕوا بەخۆنەبوونیان لەناخی تاکی کورددا دروست کردوە، ئەمانەش بوونەتە هۆی ئەوەی وشیاری نەتەوایەتی کوردی لاواز بکات و بیخاتە ژێر پرسیارەوە، بەتایبەتی لەلای بەشێک لە لاوان و جەوانانی کورد پتر ئەو هەست بە کەمیکردنە دروست کراوە. بەگشتی سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان تاکی کوردی لە ڕووی ژێئۆسیاسییەوە شێواندوە، بەو مانایەی تاکی کورد لەسەر هەر بەشێک لەو بەشانەی کە لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانەوە دابەش بووە، هەستە سیاسیی و ژێئۆسیاسییەکەشی دابەش بووە، واتە کوردی باشوور لە ئێستادا ئەوەندەی وەلای زۆرینەی بۆ حکوومەتی عێراقی هەیە ئەوەندەی بۆ حکوومەتی هەرێم نییە! وەک چۆن لە ڕابردووشدا و نەسڵی پێشوو ئەوەندەی عەرەبی زانین و بە عەرەبی قسەکردن جێی شانازیی و خۆپیاهەڵدانی بوو، ئەوەندە پێداگر نەبووە لەسەر سەپاندنی زمانی کوردی وەکوو زمانی فەرمی و دانپێدانراوی دەستووری عێراقی! هۆکارەکەشی ڕوون و ئاشکرایە کە کاریگەریی دەروونی و سیاسیی داگیرکەرانی کوردستان لەسەر خۆبەکەمزانین و خۆ بەبچووک سەیرکردن لە ناخی بەشێکی کورددا ڕوواوە و ئەوەش لەڕووی ژێئۆسیاسییەوە ناخێک و هەستێکی تەواو شێواوی پێداوە، کە هەموو ئەمانەش مەبەستی سەرەکیی و ئامانجی گەورەی داگیرکەرانی کوردستانە.

**شەهرام سوبحانی:** ئەم داگیرکاریی مێژووییە، یان بە واتایەکی دەستبردن بۆ مێژوویی کورد لەلایەن نەتەوە سەردەستەکانی ئێستا لە چوارپارچەی کوردستان ئایا هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکتری هەیە؟ مەبەست ئەوەیە دەسەڵاتەکانی عەرەب و فارس و تورک هەر بە یەک مێتۆد لەهەمبەر مێژووی کورد جووڵاونەتەوە؟

**د. هۆشمەند عەلی:** داگیرکەرانی کوردستان لە ڕواڵەت و پێکهاتەی نەتەوەیی و ڕەگەزییاندا جیاوازن، بەڵام لە نێوەڕۆک و مەبەست و ئامانجیاندا هەر هەموو یەکن، چونکە بەدرێژایی ڕابردوو کۆک و هاوڕابوونە لەسەر تواندنەوە و سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا. وەک چۆن لە ڕواڵەتدا جیاوازن، لە مێتۆدی کارکردن و دژایەتیکردن بۆ شێواندنی مێژووی نەتەوەی کورد کەمتر جیاوازن، چونکە هەر یەکێک لە داگیرکەرانی کوردستان کاری لەسەر شێواندنی مێژووی کورد کردوە بەهەر جۆرێک لەو جۆرانەی کە بۆی گونجاوە و بۆی ڕەخساوە، گەر لە عێراق هەندێک مافی فەرهەنگی و ئیداری دراوە لە ڕابردوودا، بەڵام لەگەڵیشیدا بە ئاگر و تۆپباران و تەنانەت بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی نێونەتەوەیی بەکارهێناوە بۆ سڕینەوە و ئیبادەکردنی نەتەوەی کورد لەسەر خاک و نیشتیمانەکەی، لە ئێران جگە لەوەی مافی فەرهەنگی و نەتەوەیی نەدراوە بەڵکوو ڕۆژانە ئیعدامی لاوان و کوڕان و کچانی کورد دەبینین بە تاوانی

کورد بوون، لە تورکیەش هەروا و سووریەش لە ڕابردووە و لە بەرنامەی سیاسیی حیزبی بەعسی سووریەدا مافی کورد هەر نەک بوونی نەبووە، بەڵکوو نەتەوەیەک بەناوی کوردەوە لە سووریە خاوەنی ڕەگەزنامەی دەوڵەتیش نەبووە. ئەوە جگە لەوەی هەر یەک لە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لە ڕێی پەروەردە و پرۆگرامی خوێندن و سیاسەتی فەرهەنگیی و کولتووری نەتەوەیی خۆیان لە عەرەب، تورک و فارسدا وەک نەتەوەی سەردەست و باڵا مێژووییان بۆخۆیان تۆمار کردوە و تا بۆشیان کرابێت و بشکرێت مێژووی کورد نەک هەر دەشێوێنن، بەڵکوو لە ئەزەڵەوە بە نەبووی دادەنێن. بۆیە بەگشتی میتۆدی داگیرکەرانی کوردستان لە شێواندنی مێژووی کورد زۆر لێک نزیکە و ئەوەی کە جیای دەکاتەوە هەلومەرج و زەمینەی جێبەجێکردنیەتی.

**شەهرام سوبحانی**: دەڵێن مێژوو چرای ڕۆشنکەرەوەی داهاتوویە. مێژووی کورد و بەسەرهاتە مێژووییەکانی ئەو نەتەوەیە چ لە ڕابردووی کۆن و چ لە سەردەمی دوای دروستبوونی دەوڵەت - نەتەوەکانی سەدەی بیستەمدا چەندە لە بەرنامە و ئەجێندای حیزبە سیاسییەکانی کورددا شوێن و جێگای هەیە؟

**د. هۆشمەند عەلی**: یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دروستبوونی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان ئالنگاریی ئەو دۆخە مەترسیدارە بووە کە ڕووبەڕووی نەتەوەی کورد لە کوردستاندا کراوەتەوە، بەو واتایەی کە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان هەڵقوڵاوی نێو مێژووی نەتەوەن، هەر چەندە بەشێک لەو حیزبە سیاسییانە هەلومەرجی نێودەوڵەتی و هەرێمی و ئەجێندای دەرەکی لە پشتە، بەڵام بەگشتی ئەوانەی هەڵقوڵاوی ئەو بەرەنگارییە نەتەوەییەن بەرامبەر بەداگیرکەرانی کوردستان زۆرتر بایەخیان بە مێژوو و زمان و کولتووری کوردی داوە، بۆ نموونە: جوانترین ماوەی حوکمڕانیی کوردی لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بۆ گرنگیدان بە خوێندنی کوردیی و مێژووی کورد و .... هتد، کە کۆماریش بەرهەمی حیزبی سیاسییە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانە، هەروەها لە عێراقیش لە هەلومەرجی قۆناغی شۆڕشی ئەیلوولدا و بە تایبەتی لە بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بەشی هەرە زۆری دەستکەوتەکان فەرهەنگی و مێژوویی بوون کە ئەویش بەرهەمی ئەوکاتی پارتی دێموکراتی کوردستانە. تەنانەت لە بەشی ڕۆژاوای کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم و بەتایبەتی لە سەروبەندی پێش و دوای ساڵانی جەنگی دووهەمی جیهانی، بەرنامەی سیاسی و حیزبی سیاسی کوردی تەنها لە چوارچێوەی بزاڤی فەرهەنگی و کولتووری و مێژوویدا خولاوەتەوە. بۆیە بەگشتی لە بەرنامەی حیزبە سیاسییە تەواو کوردستانییەکاندا مێژووی کورد وجودی هەیە، بەڵام لە زۆرینەی ڕووداو و بەسەرهاتە مێژووییەکانی نەتەوەیماندا دەرس و پەندیان وەر نەگرتووە و زۆر جار و بەردەوام هەڵەکانی ڕابردوویان دووبارە و سەد بارە دەکەنەوە.

**شەهرام سوبحانی**: ئێمەی نەتەوەی کورد هەم فرە زاراوە و هەم فرە ئایینین و تەنانەت لە ڕووی نووسینیشەوە بە دوو

ڕێنووس دەنووسین. لە مێژووی نەتەوەکاندا جۆراوجۆری و فرەییەکان بە ئیمتیاز و دەوڵەمەندی دادەنرێن، یان بە هۆکاری لاوازی؟

**د. هۆشمەند عەلی:** ئەو جیاوازیی و فرەییانە لە مێژووی نەتەوەکاندا بە ئیمتیاز و دەوڵەمەندی دادەنرێت، بەڵام بیرمان نەچێت مەبەستمان لەو نەتەوانەیە کە خاوەن دەوڵەتن و قۆناغی دەوڵەت نەتەوەیان تێپەڕاندوە، بەڵام بۆ ئێمەی کورد کە نەتەوەیەکی زیاتر لە ٦٠ ملیۆن کەسی بێدەوڵەتین و هێشتا قۆناغی دەوڵەت نەتەوەمان نەبینیوە (ئەوە لە کاتێکدا نەتەوەکانی تر تێشیان پەڕاندوە و لە ئێستادا مۆدێلی دەوڵەت نەتەوە هەر نەماوە!) ئەو فرەیی و جیاوازییە زۆرانەی زاراوە و شێوازی نووسین و فرە ئایین و.... هتد، بۆتە هۆی پتری پەرتەوازەیی و لاوازیی نەتەوەی بۆ کورد و هاوشانی هەڵکەوتەی خراپی جوغرافیای سیاسیمان، ئەو جیاوازییانەش ڕۆڵی نەرێنی و سلبیان هەبووە و هەیە لە لاوازی نەتەوەییمان، چونکە وشیاری نەتەوەیی و هەستی هاوبەش و ئازاری هاوبەش کاڵ بووتەوە، بۆ نموونە: ئەو ژێنۆسایدەی بەسەر کوردانی ئێزیدی هات لە شەنگال دوای هێرشی تیرۆریستانی داعش لە ئابی ٢٠١٤ کەمتر بووە هۆی کۆدەنگیی نەتەوەیی لەسەر ئەو تاوانە گەورەیەی داعش؛ ئەمەش بەهۆی جیایی ئاینییەوەیە لەگەڵ زۆرینەی کوردی موسڵمان!

**شەهرام سوبحانی:** هەر لەژێر تیشکی پرسیارەکەی پێشوومدا، ئێمە لە ئاستی کوردستاندا پارچەگەرایی و، لە ئاستی پارچەکانیشدا دەبینین کە دیاردەکانی ناوچەگەرایی و زاراوە گەرایی هەیە. ئایا ئەوانە هۆکار و لەمپەر بوون لە بەردەم بەدەوڵەتبوونی کورددا؟

**د. هۆشمەند عەلی:** بەگشتی بەڵێ لەمپەر بوونە لە بەردەم بەدەوڵەتبوونی کورد، هاوشانی کۆمەڵێک فاکتەری دیکەی زاتی و خودی نەتەوەییمان، بەڵام ئەوەشمان بیر نەچێت گەر تا ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨) کورد خۆی فاکتەری سەرەکی بووبێت لە بەدەوڵەتنەبوون وەک عاملی نێوخۆیی نەتەوەییمان، ئەوا گومانی تێدا نییە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا ئێستاش لەگەڵدا بێت فاکتەری سەرەکی زلهێزەکان و گەورە دەوڵەتانی بڕیار بەدەستی دونیان لە بەردەم بەدەوڵەتبوونی کورددا وەک عاملی خاریجی.

**شەهرام سوبحانی:** ئەگەر بیری هۆزەکی، زێدپەرستی، زاراووویستی و هەموو دیاردەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردی هۆکاری جیایی و دابڕانە نەتەوەییەکانن، ئەدی چارە چییە؟ چۆن دەتوانین بەسەر ئەو دۆخەدا زاڵ ببین و دەبێ چ بکەین و چۆنی بکەین؟



سەرچاوە
Serchawe

**د. هۆشمەند عەلی:** تەبایی و یەکیەتیی نەتەوەیی و ستراتیژی نەتەوەیی پێویستە بخرێتە پێش هەموو شتێکی ترەوە، ئەوەش بە دامەزراندنی ئەنجومەنێکی نەتەوەیی سەرتاسەری یەکگرتوویی کوردستانی لەسەر جەم حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان پێک بێت لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە، ئەوەش بە لە خۆبوردوویی حیزبەکان و بە هاوبەشی و هاوپەیوەندی لۆبی کوردی لە ئورووپا و ڕۆژاوا دێتە دی، هەر چەندە لەو بارەوە کار و هەوڵی زۆر دراوە، بەڵام ئەو هەوڵانە بەگشتی لەسەر ئاستی ناوچەیی و حیزبی و کەسیدا پتر پێویستە یەک ئەنجومەنی سەرتاسەری نەتەوەییش کوردستانی بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان و نەخشە ڕێگای داهاتووی نەتەوەی دابمەزرێت، کە ئەوەش زۆر قورسە چونکە بەربەستی سەرەکی حیزبە سیاسییەکان و سیاسەتی هەرێمییە.

**شەهرام سوبحانی:** ئایا لە دەرەوەی ئەو بابەتانەی باسمان کرد هۆکاری دیکەش هەیە بۆ بەدەوڵەتنەبوونی کورد؟ یان مێژووی نەتەوەی هاوشێوەی کورد لە جیهاندا هەیە؟

**د. هۆشمەند عەلی:** بەڵێ بێگومان، وەک: سیاسەتی نێودەوڵەتی و پرسی کورد لەسەدەی بیستەمدا (سیڤەر و لۆزان، حکوومەتی شێخ مەحموود و کۆماری کوردستان بە نموونە)، جۆغرافیا (ژیئۆپۆلتیک)ی کوردستان، ئابووری، کۆمەڵایەتی، دیپلۆماسی کوردی، بزووتنەوە کوردییەکان و ڕۆڵی سەرکردە، هۆکاری هەرێمی (عوسمانی و سەفەوییەکان لە ڕابردوودا و تورکیە و ئێران لە ئێستادا بە نموونە)، ناکۆکیی نێوخۆی و دووبەرەکایەتی لەنێو کورددا (خیانەت، شەڕی کورد کوژی، ململانێی ناوخۆی)، لاوازی بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی (کولتوور، زمان) و لاوازی وشیاریی نەتەوایەتیی کوردی، ئەمانە هەمووی هۆکارن لە بەدەوڵەت نەبوونی کورد. بێگومان مێژووی نەتەوەی هاوشێوەی کورد لە جیهاندا هەیە، وەک: تبتیەکان لە ئاسیا، کابیل (ئەمازیغ) لە ئەفریقیا، فەڵەستینییەکان. هەر یەک لەو گەل و نەتەوانە بەپێی هەلومەرج و قۆناغی جیاوازی مێژوویان وەک نەتەوەی کورد لە دەرەوەی دەوڵەت دان، ئەوە جگە لەوەی کە بەسەر هات و ڕووداوی تراژێدی سامناکی هاوبەشیشیان لە مێژوویاندا هەیە.

**شەهرام سوبحانی:** ئێمە ئێستا لە دوو بەشی کوردستاندا جۆرێک لە سەروەریی سیاسیمان هەیە و لە دوو بەشەکەی دیکەشدا خەبات و تێکۆشانی سیاسی بەردەوامە. وەک مامۆستایەکی زانکۆ لە بەشی مێژوودا پێت وایە حیزبە سیاسییە خەباتکارەکان و ئەو لایەنانەی لە حکوومەتی ناوچەی کوردیدا هەن دەبێ چۆن مامەڵە لەگەڵ مێژووی کورد بکەن؟ چ شتێک دەبێ بکرێ و چ شتێک دەبێ نەکرێت؟

**د. هۆشمەند عەلی:** حیزبە سیاسییەکان و ئەو لایەنانەی لە حکوومەتی ناوچەی کوردیدا هەن دەبێ دەستکەوتەکانی



سەرچاوە
Serchawe

نەتەوەی کورد بپارێزن، تەبایی و یەکیەتیی نەتەوەیی بهێننە دی کە نییە، پێویستە ستراتیژی نەتەوەیی هاوبەش دابرێژرێت کە ئەستەمە لە ئێستا بیکەن، هەر چەندە ئەوە زۆر گرنگە بۆ سەرکەوتن و بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکان، چونکە بەکردەوە لە ڕابردوو ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە کە هەر کاتێک یەکگرتوو و تەبابووین دەسکەوت و ئامانجی گەورە بەدەست هاتووە هاوشانی هەلومەرجی نێونەتەوەیی، وەک چۆن پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لە دوای کیمیاباران و ئەنفالەکان بەرەی کوردستانیان دامەزراند و دەستکەوتی گەورەشی ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ و پاشان دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. ئەوەشی کە نابێت بکرێت پشتنەبەستن بە دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان، ڕق و قینە وەلابنێن و بەرژەوەندی حیزبی و کەسی وەلابندرێ و بیر لە چارەنووسی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت و ماندوو لە مێژوودا بکرێتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: زۆر سپاس دوکتور بۆ بەشداریت لەو دیمانەیەدا

**د. هۆشمەند عەلی**: سپاس بۆ بەسەرکردنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان"

**١٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

## ڕزگار ئەمین‌نژاد: یەک لە گرفتە سەرەکییەکانی خەبات لەدژی ئاسیمیلەکردن، هێژمونیی گوتار و هێماسازییەکانی ناوەندە



### ئاماژە:

هەموو هەوڵی داگیرکەرانی کوردستان بەدرێژایی مێژوو ئەوە بووە بە هەموو مێتۆدێک بەر بە گەشەکردنی شوناس و هەوێتیی کورد بگرن و دەسەڵات و هەژمۆنیی سیاسی و کولتووریی خۆیان بە هەموو هێزەوە بەسەر کورددا بسەپێنن. ژێنۆساید، سەرکوتی بزووتنەوە سیاسیە و فەرهەنگییەکان، سیاسەتی نەرمی تواندنەوە و دروستکردنی قەیرانی شوناس بۆ نەوەی نوێی کۆمەڵگەی کوردی تەنیا بەشێک لە سیاسەتی داگیرکاریی ڕێژیمەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە. بەڵام لە بەرانبەر ئەوەدا ناسیۆنالیزمی مەدەنی و مرۆڤتەوەر و ئاشتی‌تەوەری کوردیش بەردەوام ڕوو لە گەشە و هەڵکشاندا بووە. پرسیار ئەوەیە ئایا ئاشتیخوازیی کورد لە بەرانبەر دژمنانیدا نەبووتە هۆی خوڵقاندنی ئەو دۆخەی مەجالی زیاتر بە نەیارانی بدا لە سەر سیاسەتی داگیرکاریی خۆیان بەردەوام بن؟ کۆماری ئیسلامی لە درێژەی خوڵقاندنی قەیرانی شوناسدا بۆچی دەیهەوێ کوردەکانی لەک، لوڕ، هەورامی لە باوەشی میللەتی کورد جیا بکاتەوە؟ ڕێکارەکانی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوە و خەبات لە بەرانبەر سیاسەتی داگیرکەری و ئاسێمیلاسیۆنی کورد لە کوردستان چییە؟ ئەم پرسیارانە و کۆمەڵێک باس و بابەتی دیکەی پێوەندیدار بەو باسەمان لەگەڵ ڕزگار ئەمین‌نژاد، کارناسی باڵای کۆمەڵناسیی پەروەردە تاوتوێ کردوە.

**شەهرام سوبحانی**: کاک ڕزگار پێش هەموو شتێک و بۆ بەرچاوڕوونی پتر دەمەوێ بپرسم لە ڕوانگەی ئێوەوە ئایا کوردستان داگیرکراو و مۆستەعمەرەیە؟ ئایا سیاسەتەکانی ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامییش لە چوارچێوەی سیاسەتگەلێ ئێستعماریدا جێ دەگرن؟

**ڕزگار ئەمین‌نژاد**: خوێندنەوەی کارناسانە لەمەڕ کۆلۆنیالیزم، ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە کە کوردستان وڵاتێکی کۆلۆنیکراوە و هەروەها پێیان وایە هەڵسوکەوتی تاران لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی نێو ئێران کۆلۆنالیستییانەیە. هەڵبەت خوێندنەوەکانی پۆستکۆلۆنیالیزم چەند لقی لێ دەبێتەوە و هەر کام لەم لقانە بە تێرم و خوێندنەوەی جیاوازەوە توێژینەوەیان لەسەر مێژووی کوردستان و ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە کردوە. بۆ نموونە «کۆ - کۆلۆنیالیزم»، «کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی» و هەروەها «کۆلۆنیالیزمی نێوان بندەستان» بەشێکن لەو خوێندنەوانە. بەڵام لەم توێژینەوانەدا بەگشتی سیاسەتی سەنتراڵیزەکردنی ئابووری-ئیداری لە ئێران و هەروەها بەفەرمیکردن و سەپاندنی کولتوور و زمانی ئێتنیکی فارس بە بنەما وەردەگرن. لە گشت لقەکانی خوێندنەوەی پۆستکۆلۆنالیستیدا پرۆسەیەکی مانادار بەدی دەکرێت لە نێوان ڕەوتی گەشەسەندوویی لە ناوچە فارسنشینەکان و هەژارکردن و بە کەمینەکردنی نەتەوە بێدەوڵەتەکانی نێو ئێران. لە سەدەکانی نۆزدە و هەژدەهەمدا ئەم ڕەوتە پێچەوانە بوو، بۆ نموونە کوردستان میرنشینی خۆی هەبوو، زۆر سەربەخۆتر و لە باری ئابوورییشەوە سەقامگیرتر بووە. خوێندنەوەی پۆستکۆلۆنالیستی هاوچەرخن و بەرهەمی کۆمەڵێک ئاکادێمیسیەن و هەروەها کۆمەڵێک ڕۆشنبیری ئۆرگانیکن کە زۆر کاری باش و توێژینەوەی بەنرخیان بە زمانەکانی ئینگلیسی، فارسی، کوردی و زمانەکانی دیکە کردوە و لە ژۆرناڵی زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهانیشدا چاپ و بڵاو کراونەتەوە. تەنانەت پێشبینی ئەوەش دەکرێت کە لقێکی تایبەت بە خوێندنەوەی پۆستکۆلۆنیالسیتی سەبارەت بە نەتەوە بێدەوڵەتەکان لە کالێج یا زانکۆکاندا بکرێتەوە. هیوادارم ئەم هەوڵانە بگات بە ئامانج چونکە پرسی کورد دەچێتە قۆناغێکی دیکەوە و ئەو دەوڵەت-نەتەوانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە لە ئاستی نێونەتەوەییدا تووشی ئاڵەنگارییەکی جیددی دەکات. بەڵام نابێ دیسیپلینی ئاکادێمیکیش لەبەرچاو نەگرین چونکە ئەم توێژینەوانە لەمەڕ پرسی کۆلۆنیالیزم بە گشت لقەکانیەوە، لە ئێستادا هەر پێشمەرجێکی تیۆریکە و دەبێ چاوەڕوان بین لە کۆمەڵگەی ئاکادێمیکدا چۆن دەسەلمێندرێن.

بەڵام گوتاری دژەکۆلۆنالیستی لە سەردەمانی پێش ئەم توێژینەوانەش هەبووە، بۆ نموونە لە ڕۆژنامەی "کوردستان" کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان چاپ و بڵاو کراوەتەوە؛ لە زۆر شوێندا ئاماژە بە «ئیستعمار» کراوە، لە شێعری شاعیراندا و بۆ نموونە مامۆستا هەژار لە دژی ئیستعمار هەڵوێست دەگرن و تەنانەت دوکتور قاسملووش سیاسەتی داگیرکردنی کوردستان وەک سیاسەتێکی نیمچە ئیستعماری شرۆڤە دەکات. کەوایە هەڵسوکەوتی کۆلۆنالیستیانەی ڕێژیمەکانی ئێران لە هەست و

نەستی تاکی کورددا وەها بیچمی گرتوە کە قەت لەبیری ناچێتەوە لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بەکۆلۆنی کراوە و، وەچە لە دوای وەچە زیاتر پەرە بە خوێندنەوەی دژە کۆلۆنالیستی دەدەن. بەڵام کاتێ حیزبێکی سیاسی و بەرپرس بەتەما بێت خوێندنەوەی دژە کۆلۆنیالیستی لە بەرنامەی سیاسیی خۆیدا بە بنەما وەربگرێت ناچارە ستراتیژییەکەشی بگۆڕێت. وابزانم دەرکەوتەی تیۆریی دژە کۆلۆنیالیستی لە سەربەخۆیی کەمتر نەبێت و لە ئێستادا ئەم پارادایم شیفتە بۆ حیزبەکانی کوردستان مومکین نییە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە حیزبەکان لە ڕووماڵکردنی وەها تیۆریگەلێک خۆیان نەبان بکەن، بە دڵنیاییەوە زۆر پێویستە گرنگی بەم تیۆریانە بدرێت و لە ڕاگەیاندنەکانیشدا ڕەنگ بداتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: زۆر لە نوخبە و ئیلیتی کورد لەسەر ئەو باوەڕەن کە کوردستان بۆ ڕزگاربوون لە داگیرکاری و گەیشتن بە ئازادی لەپێشدا پێویستی بە فەرهەنگسازییە، ئەم فەرهەنگسازییە بە چ شێوەیەک دەتوانێ دۆخەکە لە بەرژەوەندیی کورد بگۆڕێ؟

**ڕزگار ئەمینژاد**: وابزانم زۆربەی کۆمەڵناسان لەسەر ئەم پێناسەیە کۆک بن کە کولتوور پرۆگرامێکی زەینی-دەروونییە بۆ خۆڕیالیزەکردن و هەروەها پێناسەکردنی تاک و تەنانەت کۆمەڵگەش. بەڵام زۆر زەحمەتە بڕوا بەوە بکەم کە کولتوور وەک پەکەیج بەر لە چالاکییەکانی مرۆڤ ساز و ئامادە کرابێت. کولتوور ڕەنگدانەوەی هەڵسوکەوتی مرۆڤ و پێوانەکانی ئێمەش بۆ داوەری کردن لەسەر کولتووری باش و خراپ، شێوازی تەعامولی تاک و کۆمەڵگەیە. هەڵبەت کولتوور یەک لەو ئێلێمانانەیە کە لە نێو گشت دیاردەکان و هەروەها لە گشت کات و فەزایەکی کۆمەڵایەتیدا حوزووری هەیە و خۆیمان بیر دەهێنێتەوە. هۆکارەکەش ڕوونە؛ چونکە کولتوور دیاریکەرە لە شێوازی تەعامول لەگەڵ خۆمانەکان و ئەوانەی دیکەش. کەوایە خەبات لەپێناوی ئازادیدا پراکتیکی کولتووری هزر و بەیانی ئازادییش هەموار دەکات. لە سیستەمێکی دژ بە ئازادیدا کولتوورسازی گرنگە بەڵام مومکین نییە، چونکە ڕێگا بە پراکتیکی ئازاد نادرێت. کەوایە بزووتنەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی دەبێ کار بۆ ناساندنی بەربەستەکانی ئازادی بکات و لەهەمان کاتدا بیری کۆمەڵگە بهێنێتەوە کە ژیانی ئازاد تا چەند پێوەندیی بە کەرامەت و بەختیاریی مرۆڤەوە هەیە. ئەگەر سەیری گشت ئایدیالۆژییەکان بکەین، بەر لەوەی کولتوورسازیی بکەن، وێنەسازیان کردوە. واتە دروستکردنی وێنەیەکی گەورە کە مرۆڤ بیکات بە نموونە، خۆی لەگەڵدا تەتبیق بدات و خەبات بۆ ڕیالیزەکردنی ئەو وێنەیە بکات. کولتوور لە ڕەوتی خەباتەکەدا خۆی بەرهەم دەهێنێت و تەنانەت دەبێت بە نموونەی ڕەفتاری بۆ ئایدیالۆژی یان بزاڤەکە. وابزانم ئەو شتەی کە بۆ خەبات لەپێناو ئازادیدا پێویست بێت پەرەدان بە کولتووری ڕێکخراوەیی بێت، واتە بیری خەڵک بێنینەوە کە بە تەنیا لە ڕێگای ڕێکخستن، هەماهەنگی و پرۆژە و بەرنامە دانانەوە دەتوانین شانسی گۆڕان لە کۆمەڵگەدا ببەینە سەر، کە ئازادییش یەک لەو ئامانجانەیە.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا ناسیۆنالیزمی مەدەنی و ئاشتیخوازی کورد لە بەرانبەر دژمنانیدا نەبووتە هۆی خوڵقاندنی ئەو دۆخەی مەجالی زیاتر بە دژمنانی بدا پێداگرتر بن لە سەر سیاسەتی داگیرکاری و کۆلۆنیالیستیی خۆیان؟ بە بڕوای بەڕێزتان کاتی ئەوە نەهاتووە کە حیزبەکانی کوردستان سیاسەتەکانی خۆیان لە چوارچێوەی کاردانەوەکانی دوژمنانیان دابڕێژن؟

**ڕزگار ئەمینژاد**: سەرەتا ئەوە بڵێم کە پرسی ئاشتی و ئامانجی ئاشتیخوازانە یەکێکە لە فەزیلەتە بەرزەکانی مرۆڤ. کەوایە ئاشتیخوازیی کێشەسازکەر نییە و قەتیش نابێتە هۆکار بۆ لاوازبوونی هێزە سیاسییەکان. بەڵام کاتێ باس لە ئاشتی دێتە ئاراوە دەبێ پێناسەی ئەجێنت و ئامانجی ئاشتیخوازانە ڕوون بێتەوە. ڕێگەم بدەن یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو بە نموونە بهێنمەوە. ئێمە لەبیرمانە کە خەباتی ئاشتیخوازانە یەک لە چەکە هەرە گرنگەکانی بلۆکی سۆسیالیستی بوو لە دژی بلۆکی کاپیتالیستی. ئاشتیخوازیی لە ساڵانی شەست و حەفتا و تەنانەت هەشتای زایینیدا و لە ئاستی ئورووپا و ئامریکاش بوو بە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی مەزنی کۆمەڵایەتی. بە بۆچوونی زۆر یەک لە کارناسانی سیاسی، ئەگەر بزووتنەوەی ئاشتیخوازانە نەبوایە، لەوانەیە شەڕی ڤیەتنام و ئامریکا درێژخایەنتر بوایە و ئامریکا لەژێر زەختی وەها بزووتنەوەیەکدا ناچار بە کشانەوە لە ڤیەتنام کرا. کەوایە ئەجێنتەکە لێرەدا بلۆکی سۆسیالیستییە و ئامانجەکەش شکستی بلوکی کاپیتالیستی بوو. پرسیارێک کە قەت بزاڤە ئاشتیخوازەکانی ئەوکات وڵامیان نەدایەوە ئەوە بوو کە بلۆکی سۆسیالیستی تا چەند پابەند بە ئاشتییە؟ ئەمە لە کاتێکدا بوو کە یەکیەتیی سۆڤییەت لە ڕێگای شەڕەوە لایەکی ئورووپای داگیر کردبوو، لە ئەفغانستان شەڕی دەکرد، پرۆژەی چەکی ناوکیی سۆڤییەت هەڕەشەیەکی جیددی بوو لەسەر جیهان و ... هتد. بەڵام لە سۆنگەی خەباتی کورد لە کوردستان، دەبێ عەرزتان بکەم کە خەباتەکە ئێستاش لەگەڵدا بێت بڕوای بە چارەسەرکردنی ئاشتییانەی پرسی کوردە. هۆکارەکەش ڕوونە، چونکە ماهییەتی خەباتەکە و داواکانی کورد ئاشتیخوازانەن. کورد لە ئێران لەسەر کێشەی سنوور یا لە پێناو کورسیی دەسەڵات و لەبەر کودیتا دەستی بۆ چەک نەبردووە، داوایەکی هەیە و داواکانیشی سیاسی - مەدەنین، کەوایە پێناسەی ئەجێنت و ئامانجی ئاشتییەکەش ڕوونە. بەڵام ڕێژیمەکانی ئێران نەک پێشوازیان لە هەوڵی ئاشتیخوازانەی کورد نەکرد بەڵکوو بە هەڵایسانی شەڕ لە دژی کوردستان هەوڵیان داوە سیمای بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی کورد شەڕەنگێز پیشان بدەن، لە ڕێگای زەبر و زەنگ و سەرکوتەوە ئارامییەک بۆ کوردستان بگەڕێنێتەوە و بە جیهانیش بڵێن ئاشتی لە کوردستاندا جێگیرە و ئەوانەش کە مل بەو ئاشتییە نادەن؛ گرووپێکی چەکدارن، ناو و مۆرکی خراپی سیاسیشیان لێ دەدات. کەوایە ماهییەت و داواکانی کورد لە کونتێکستی ئاشتی نزیکترە و ئەگەر بزووتنەوەیەکی ئاشتیخوازانە لە ئێراندا هەبێت کە خەباتی کورد و داواکانی بە هەند بگرێت و وەک پێشمەرجی ئاشتییەکی نەتەوەیی سەیری بکات، ئەوا کورد شانسی سەرکەوتنی زیاتر دەبوو. بەڵام ئەو تێرمە سانتیمێنتاڵیانەی ئەمرۆ لە ڕێتۆریکی چالاکانی سیاسی و مەدەنی ئێراندا دەبینین، وەک مافی شارومەندی، ئاشتی،



سەرچاوە
Serchawe

ئازادیخوازی، دێموکراسی، خەباتی ناتوندوتیژیانە و... هتد، بەرهەمی هێژمونسازیی چینی "بروژوا - بروکراتی" ئێرانە و بە مەبەستی پەراوێز خستنی یەک لە باڵەکانی ڕێژیم سوودی لێ وەردەگرن نەک سیستەمە سیاسییەکە. بەداخەوە چەمک و پێناسەی خەباتی کورد لە نێو ئەو توێژە کۆمەڵایەتییە زۆر نەگەتیڤە چونکە لە بنەڕەتدا بڕوایان بە پرسی فرە نەتەوەیی نییە و هەر پێکهاتە و بزاڤێک بەناوی نەتەوەخوازیی سەرهەڵبدات وەک هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی ئێرانی دەبینین. بەڵام سەرەڕای ئەو بەربەستانە کە لەبەردەم خەباتی کورددا هەن، حیزبەکانی کوردستان نابێ سیاسەتەکانیان کاردانەوەیی بێت. حیزب خوێندنەوەی خۆی لەسەر دۆخی کوردستان و ئێران و تەنانەت جیهانیش هەیە، کەوایە سیاسەت و ستراتیژی خەباتەکەی دەبێ ڕەنگدانەوەی خوێندنەوە و عەقڵیەتی سیاسی خۆشی بێت. حیزبەکانی کوردستان بۆ شەڕکردن لەگەڵ ڕێژیمەکانی ئێران دانەمەزراون کە تاکتیکەکانی بەپێی ڕەفتاری ڕێژیمەکان تەکووز بکات، بەپێچەوانەوە حیزبەکانی کوردستان نوێنەرایەتی داوایەکی نەتەوەیی دەکەن، خەبات بۆ بەختیاریی، سەربەرزی و ژیانێکی باش بۆ نەتەوەکەیان دەکەن و سروشتییە کە دەبێ سیاسەت هەم لە پراکتیکدا و هەم لە ڕێتۆریکدا، بەپێی نێوەرۆکی ئەو ئامانجانەش داڕێژرێن. بەڵێ، ڕاستە کورد ئاشتیخوازە، بەڵام ڕوانگەی سیاسیی ئێمە بۆ ئاشتیخوازی دەبێ لەسەر بنەمای تاوانناسی بێت، واتە نەهێشتنی تاوان بە بنەما بگرین نەک سزادانی تاوانبار. کەوایە ڕێژیمی ئێران خۆی شەڕە، نەک لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسی کورد، بەڵکوو بۆ ناوچەکە و تەنانەت بۆ جیهانیش ئەم ڕێژیمە شەڕە. کەوایە ئاشتی لە ئێراندا بەبێ نەمانی کۆماری ئیسلامیی ئێران نایەتە دی.

**شەهرام سوبحانی**: یەکێک لە پرۆژە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بە کەمینەکردنی نەتەوەی کورد و دروستکردنی دابڕانی زیاتر لەنێو ئەو نەتەوەیە لە ئێراندا بووە، بۆ نموونە دابڕاندنی لوڕەکان لە کورد و ئەتومیزەکردنی کورد. بۆ؟

**ڕزگار ئەمین‌نژاد**: سیاسەتی بە کەمینەکردنی نەتەوەکانی ئێران مێژوویەکی کۆنی هەیە و هی ئێستا نییە. ئەم پرۆژەیە لە ڕێگای هەڵوەشاندنەوەی ئەماراتەکانەوە دەست پێ دەکات و دواتر لە سەدەی نۆزدەهەمدا بە هۆی سیاسەتی نیشتەجێکردنی زۆرەملێ و چەککردنی خێڵەکان و هەروەها دوورخستنەوەی بەشێک لە خێڵەکان لە ژینگەی سروشتیی و ئێتنۆ - جۆغرافیای خۆیان، پێ دەنێتە قۆناغێکی دیکە. بەڵام کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و لە دەستپێکی سەدەی بیستەمدا تەوژمی بە کەمینەکردنی نەتەوەکان لە ڕێگای ژینۆسایدی ئەتنیکی، زمانی و ژینگەییەوە وەها دراماتیک بوو کە نەتەوەکانی ئێران وەک ڕۆژانی ڕەش یادی لێ دەکەنەوە. ژینۆسایدی لۆڕەکان بە دوای ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان لە تورکیە، گەورەترین ژینۆسایدە لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و بە دوای لۆڕ کووژیشدا، بلوچکووژی و کوردکووژی و قڕکردنی عەرەبەکانیش بە پلەی چەندەم دێن. لە یادداشت و بیرەوەریی ئێلیتی نەتەوەکانی ئێران کە بە شێوەی فۆتۆبیۆگرافی چاپ کراون، قووڵایی ئەم جینایەتانە بە باشی پیشان دەدەن. ڕەوەندی ڕووداوەکان لەو سەردەمەدا نییەتی دەسەڵاتدارانی ئێرانمان بۆ ڕوون



سەرچاوە
Serchawe

دەکەنەوە واتە؛ مەبەستەکە دامەزراندنی دەوڵەت - نەتەوەی ئێران بوو لەسەر بنەمای ئەتنیکی - زمانی کە فارس پێناسەکەی بێت. ئەم پرۆژەیە لە سەردەمی پەهلەویی دووهەمەوە بە ژێنۆسایدی کۆبیرەوەریی دەست پێ دەکا، واتە شێواندنی بیرەوەری و «تایمۆس». کوشتنی ڕۆح و سۆزی نەتەوەیی کە بڕوایەکی بەهێزی ئەخلاقییە و لە هەستی نەتەوەییدا دەبووژێتەوە ئامانجی ئەم پرۆژەیە بوو کە بە ئامێری سانسۆر، مێژووسازی، کۆنترۆڵ و سووکایەتی دەچووە پێش بەڵکوو نەتەوەکان وەها لە یەکتر نامۆ بکەن کە مەجالی هەستی هاو چارەنووسییان نەمێنێ و تەنانەت بە هۆی جیاوازیی مەزهەبی و بنزارییەوە دەگژ یەکتریشان بکاتەوە. سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە حاند لەک و هەورامییەکان، لە ڕاستیدا درێژەدانی سیاسەتی بەکەمینەکردنی نەتەوەکانە کە بە چەند پرۆژەی وەک هەژارسازی، لێکدابڕان و کەم کردنەوەی حەشیمەتی پێکهاتە نەتەوەییەکان دەچێتە پێشەوە بەڵکوو باشتر کۆنترۆڵیان بکات و خێراتر ئاسیمیلە ببن. تەنانەت دەکارکردنی تێرمی «کوردنشین» ئەگەرچی یەک لەو سیاسەتە گوتارییانەیە کە ڕێخۆشکەرە بۆ نامۆکردنی تاکی کورد بە نیشتمانەکەی خۆی، بەڵام بە بۆچوونی زۆر یەک لە ڕووناکبیرانی کورد ئاماژەیەکیشە بە نیشتەجێ بوونی کاتی. واتە ئەم پێکهاتانە نیشتمانێکیان نییە کە خەسڵەتی ئێتنۆ-جۆغرافیکی هەبێت، ئەمانە کۆچەرن، هاتوون و لەوانەیە لە داهاتووشدا بڕۆن.

**شەهرام سوبحانی**: بە پێی ئەزموون و ئەزموونکراوەکان و لە دۆخی ئیستادا ڕێکارەکانی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوە و خەبات لە بەرانبەر سیاسەتی داگیرکاری و ئاسیمیلاسیۆنی کورد لە کوردستان چییە؟

**ڕزگار نەمین‌نژاد**: سەرەتا دەبێ بزانین ئامێرەکانی ئاسیمیلەکردن چین و چۆن کار دەکەن، کەوایە هەر بەو ئامێرانە و بەو مێتۆدانەش دەکرێ خێرایی ئاسیمیلەکردن خاو بکرێتەوە. بەڵام پرۆسەی ئاسیمیلەکردن لە ئێران خسڵەتێکی تایبەت بە خۆی هەیە و دەکرێ لە سۆنگەی مێتۆدۆلۆژیای ئەندازیارانی کولتووری ئێرانیدا لیی تێبگەین. ئەو دیاردەیەی بە ناوی کولتووری ئێرانی پێناسە دەکرێت بەرهەمی سووژەسازیی کۆلۆنیالیزمی ئورووپاییە. بەدوای ئینقلابی پیشەسازی لە ئۆرووپا، پێناسەی مودێرنیزم بە پێی داواودانی (عرضه و تقاضا) کاپیتالیزم و هەروەها خوێندنەوەیەکی کولتووریی لەمەڕ سیڤیلیزاسیۆن تیۆریزە کراوە. سیڤیلیزاسیۆن لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا مانایەکی دیکەی هەبوو، واتە دیاریکردنی چارەنووسی تاک، قوتاربوون لە چەمکی ئۆمەتی مەسیحی و بنیاتنانی چەمکی سیڤیل بە ناسنامەیەکی سیاسییەوە کە بنەماکانی مافی سیڤیل دەستەبەر بکات. بەڵام کۆلۆنیالیزمی ئۆرووپایی مۆدێرنیزمیان لە بەرامبەر نەریتدا پێناسە کرد. کەوایە سیڤیلیزاسیۆن لە سەردەمی کاپیتالیزمدا یانی سڕینەوەی هێما و پێناسەکانی نەریت. بەڵام نەریت چی بوو؟ نەریت هاوواتای دواکەوتوویی و خورافە دەهاتە ئەژمار، نەریت بە مانای فرە ڕەنگی و فرە چەشنییەکی مزاحێم بوو لەبەردەم زێدەباییخوازییەکانی کاپیتالیزمدا، بۆیە کۆلۆنیالیزمی ئورووپایی بە چەکی سیڤیلیزاسیۆنەوە هەڵمەتی سڕینەوەی فرە کولتووری، فرە زمانی،

فرە چەشنی و گشت فرەکانی دیکەی دەست پێکرد و دەوڵەت نەتەوەکانی ئۆرووپاش بەرهەمی وەها پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی - ئابووری بوون. ئێستا لە سەردەمی پۆست مۆدێرندا ئێمە تێدەگەین ئەم سیاسەتە تا چەند زەبری لە کەرامەتی مرۆیی داوە، بەڵام ئەو کات نۆرمێکی سیاسی بوو چوونکە سەنتڕالیزمی بروکراتیک وای دەخواست. وابزانم ئەو پێناسە کورتە لەمەڕ مۆدێرنیزم و سیڤیلیزاسیۆن یارمەتیمان بدات بەڵکوو لە دۆخی سیاسی - کۆمەڵایەتی نەتەوە بێ دەوڵەتەکانی ئێران تێبگەین.

کولتووری ئێرانی وەک شمشێرێکی دوو سەر وایە: سەرێکی ئەم شمشێرە زمانی فارسییە و سەرەکەی دیکە کولتوورێکی هاوردەی مۆدێرنە کە لە خزمەت جێگیرکردنی سیستەمی سەنتڕال - بروکراتیکی ئێرانی و هەروەها لە قازانجی کەڵەکەبوونی سەرمایە و دەسەڵات لە دەست ئەتنیکێکی تایبەت دایە. ئەم ڕوانگەیە لە شێوەی پێناسەکردنی فۆلکلۆری ناوچە جیاجیاکانی ئێراندا بە جوانی دەردەکەوێت، بۆ نموونە: موزیک و زمانی مەحەلی، جلوبەرگی قەومی و... هتد. بەرهەمەکانی ئەوان فەرمی و مۆدێرنن، بەڵام وەبەرنانی ئێمە مەحەلی و قەومین و هەر ئەم پۆلێنبەندییە کولتوورییە لە دیبەیت و توێژینەوەی زانکۆکانی ئێرانیشدا دەبینین کاتێ خەسارناسیی بۆ هۆکارەکانی گەشە نەسەندوویی پەراوێزەکان دەکەن. ئەمە نموونەیەکی سادەیە، بەڵام ئەم نموونانە باس لە ئالیاسیۆن و هێژمون دەکەن. یەک لە گرفتە سەرەکییەکانی خەبات لەدژی ئاسیمیلەکردن، هێژمونیی گوتار و هێماسازییەکانی ناوەندە. ئەم هێژمونە ئێمە دەکات بە کەمینە، وێنەیەکی مەحەلیمان لێ ساز دەکات و پێناسەیەکی قەومیمان پێ دەبەخشێت بەڵکوو قەت خۆ لە قەرەی هێژمونی کولتووریی و گوتاریی ئەوان نەدەین، لەنێو کولتووری بەرزی ئەواندا بتوێینەوە و هەرگیز خەون بە ئیرادەی ئازاد و نەتەوەسازیی خۆمانەوە نەبینین.

**شەهرام سوبحانی**: واتا مەبەستتان بەهێزکردنی بزاڤی کۆمەڵایەتی - سیاسیی و گوتاری سەربەخۆیە؟

**ڕزگار ئەمین‌نژاد**: بزاڤی کۆمەڵایەتی - سیاسیی تەنیا میکانیزمێکە کە دەتوانێت لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ وەها هێژمونێکدا گوتاری خۆی ساز بکات. بەڵام بزاڤە کۆمەڵایەتییە سیاسییەکان نابێ تا ئاستی کۆمەڵێک پێرفۆرمانسی کولتووریی - فۆلکلۆری دابەزن، ئەمە ئەو دۆخەیە کە "سیمۆن دۆبوڤار" پێی دەڵێت: ئیمانێنس واتە پووکانەوە بەنێو قاپووری خۆیدا. بزاڤێکی کۆمەڵایەتی - سیاسی دەبێ تا ئاستی ترانسێندەنتاڵ بەرز بێتەوە بەڵکوو هێژمونیای ئەو مێژووە کولتوورییە بشکێنێت کە ڕێگرە لە ئازادی و بووژاندنەوەی تایمۆسی خۆی و لە ئەنجامدا؛ پێناسەیەکی کولتووریی بە بنەما بگرێت بەڵکوو بە ئیرادەیەکی ئازاد خۆی پێناسە بکاتەوە. کەوایە کولتوور لەم سۆنگەوە کردەوەی سیاسییە، چونکە هۆکارەکانی ئاسیمیلەکردن سیاسین و سیاسەتیش دەبێ هێندە بوێر بێت کە سیلە لە ئایدیالۆژیی دەسەڵاتی سەنتڕاڵ - بروکراتی ئێرانی بگرێت. واتە خەبات لە دژی ئەو ئایدیالۆژییەی کە بە ناسیۆنالیزمی ئێرانی ناسراوە و مەعریفەیەکی

کاپیتالیستی - کۆلۆنالیستی پاراو کراوە.

**شەهرام سوبحانی**: سپاس بۆ ئەوەی کاتتان بۆ ئەو دیمانەیە دانا.

**ڕزگار ئەمین‌نژاد**: زۆر سپاس ئێوەش ماندوو نەبن.

١ی بانەمەڕی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## سوورێنی کوردستان: سووتاندنی دارستانەکان پرسێکی گشتییە و بۆ ڕێژیم فەرق ناکات کام بەش لە ژینگەی کوردستان بێت



### ئاماژە:

کوردستان لەڕووی سەرچاوە سروشتییەکانەوە دەوڵەمەندە کە یەک لەوان دارستان چڕ و لێڕەوارەکانیەتی. بەڵام حکوومەتە ناوەندگەراکان بەتایبەت لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا ئەوەندەی بۆیان کراوە سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستانیان بەتاڵان بردوە، دواتر بۆ زەبرلێدان لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد فەوتاندوویانە و بۆ مەبەستی دیکە کەلکیان لێ وەرگرتوە، بەتایبەت لەپێوەندی لەگەڵ دارستانەکاندا. ساڵانێکە بڕینەوە و سووتاندنی دارستانەکان لە کوردستان باسی گەرمی میدیاکان و خەمی گەورەی ژینگەپارێزان و نیشتماندۆستانی کوردە و کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی سیاسی و هەروەها قازانجە ئابوورییەکانی درێژەیان پێ دەدا، هاوتەریب لەگەڵ ئەوە ڕێکخراوەکانی ژینگەپارێزی و چالاکانی ئەم بوارە گوشاریان دەخرێتەسەر، دەگیرێن و بەرەورووی تێچووی قوورس دەکرێنەوە.

"کوردستان" بۆ تاوتوێی پتری سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەنیسبەت ژینگە و بەتایبەت دارستانەکانی کوردستان وتووێژێکی لەگەڵ چالاکێکی ژینگەپارێزی کوردستان بە نازناوی "سوورێنی کوردستان" پێکهێناوە.

**شەهرام سوبحانی**: هۆکاری بڕینی دارستانەکانی زاگرۆس بەگشتی و بەتایبەتی بڕینی دارستانەکانی ئەم دواییانەی مەریوان لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیم بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**سوورێنی کوردستان**: لێرەدا دەمهەوێ ئاماژە بە دوو خاڵی سەرەکی بکەم کە هۆکاری هەر دوو ئەم قەیران و کارەساتانەن ڕێژیم بە نیسبەت بڕین و کاولکاریی ژینگەیی لە ڕێگەی دەست و پێوەندییەکانیەوە هەر ڕۆژ لە کوردستان جێبەجێی دەکات.

**یەکەم پرسی** ژینۆسایدکردنی دارستانەکان تایبەت بە مەریوان و ناوچەیەک لە کوردستان نییە، بەڵکوو پرسێکی گشتییە کە لە پارێزگای سنەوە شۆڕ ئەبێتەوە خوارێ هەتا دەگاتە کرماشان، ئیلام، لوڕستان، خۆراسان، سەردەشت و پیرانشاریش لە خۆ ئەگرێت. کە لەلایەن دەسەڵاتی داگیرکەری ئێرانییەوە بە شێوەی سیستماتێک و بە بیانووی پرسی نەتەوەیی و ئەمنییەتی و زۆر جار بە بیانووی هەبوونی ئۆپۆزیسیۆنی کوردەوە دەکرێتە ئامانج و کار بۆ نەهێشتن و لەنێچوونی ئەم سامانە نەتەوەیی و گرانبایییە سرووشتییە ئەکرێت کە بەداخەوە هەتا ئەمڕۆکانەش ئەو سیاسەتە هەر بەردەوامە.

**دووهەم پرسی** برسیکردن و بە هەژارکردنی خەڵکی کوردستان یەکێک لەو هۆکارانەیە، یان باشتر وایە بڵێین ڕێگەخۆشکردنە بۆ کەسانی هەڵپەرەست و دەست و پێوەندییەکانی ڕێژیم کە بە شێوەی ئاگاهانە و نائاگاهانە دەست دەدەنە کاولکاری و بڕین کە هەر دوو هۆکاری سەرەکی خودی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

**شەهرام سوبحانی**: بە وردی ئەو شوێنانەی کە لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمەوە ژینگەکەیان تێک دراوە کوێنن؟

**سوورێنی کوردستان**: وڵامی ئەم پرسیارە کۆی کوردستانی گەورە دەگرێتەوە و تایبەت بە شوێنێکی دیاریکراو نییە، بۆ نموونە: ئاماژە بە چەندین شوێنی هەستیار و گرینگ دەکەم.

- سنوورەکان کە دایم پاکتاوکراوە و دارستانەکەی سووتێندراوە و بۆتە مۆڵگەی هێزەکانیان و تەنانەت سەکۆی مووشکی تێدا دامەزراوە، چیاکانی سورێن و شاهۆ و کۆساڵان و هەورامان و... هتد بەشێکن لەوانە.

- شوێنی مانۆڕدان و ئاموزشی هێز و چەکەکانیان کە ساڵانە ئەبێتە هۆی ئاگرکەوتنەوە و یان بە تەواویەتی زەوت و داگیرکراوە و تایبەت بە خۆیانە.

- زەوتکردنی هەرێمی زرێبار و دەورووبەری شاری مەریوان کە قەراغ شار لە خۆ ئەگرێت، بە بیانوو خانووبەرە و کڕین و فرۆشتن لەلایەن دەست و پێوەندییەکانی خۆیەوە و بە بڕە پارەیەکی باش و گرانبایی تەخریب دەکرێت و دواتر بە خەڵکی ئاسایی و نیزامی ئەیفرۆشێ.

**شەهرام سوبحانی**: **ئایا هەتا ئێستا خەڵکی ئەو ناوچانە هیچ هەڵوێستێکی جیددیان لەهەمبەر ئەو جینایەتانە هەبووە؟**

**سووریێنی کوردستان**: بەڵێ، بە دەیان جار خەڵک و ڕێکخراوە ژینگەییەکان لەهەمبەر ئەم جینایەتانە ناڕەزایەتییان دەربڕیوە و ئەکتی سیاسی و مەدەنیی بەهێزیان بووە. هەر لەو سۆنگەیەوە خەڵک و چالاکڤانانی مەدەنی دەسبەسەر کراون و ئازار و ئەزیەت دراون بۆ نموونە: ئاماژە بە پالاوگەی نەوت دەکەم کە چەندین ساڵ پێش دەیانەویست لە تەنیشت زرێبار دروستی بکەن کە لەگەڵ ناڕەزایەتی خەڵک و ئەنجومەنی "سەوزی چیا" ڕووبەڕوو بوونەوە و پاش هەوڵ و تەقالا و تێکۆشانی خەڵک و ئەنجومەن بەخۆشحاڵییەوە ئەو پڕۆژەیان سەری نەگرت.

- گرتن و مانگرتنی ڕێگاوبانی سنووری مەریوان واتە "باشماخ" لە بارهەڵگرەکانی ڕێژیم کە چەندین ڕۆژ خەڵک ناڕەزایەتییان دەربڕی کە بەداخەوە بێ ئاکام مایەوە.

- ناڕەزایەتی بێسنوور لە بەستنی بەنداوەکان و بەتایبەت بەنداوی "کانی بڵ" لە هەورامان کە بووە هۆی ناڕەزایەتی خەڵکی ئەو ناوچەیە و ڕێکخراوە مەدەنییەکان کە ئەویش دوای هەوڵێکی زۆر بێئاکام مایەوە.

- ناڕەزایەتیی ئەنجومەنی "سەوزی چیا" و خەڵکی مەریوان بە نیسبەت شوێنی زبڵدانی مەریوان، ناسراوە بە زبڵدانی گوندی "ئەسراوا" و هێنانی دەزگای بەرهەمهێنانەوە (بازیافت) بۆ ئەو شوێنە کە خەڵکی خۆجێیی کار بکەن کە لەگەڵ شارەداری و هێزە ئەمنییەتییەکان پاش زەخت و زۆرێکی لە ڕادەبەدەر توندوتیژی و بریندار بوون و دەسبەسەرکرانی کۆمەڵێک خەڵک و ئەندامانی ڕێکخراوەکانی مەریوانی لێ کەوتەوە کە ئەگەر ئاماژە بە ناوی شەهید "شەریف باجوەر" نەکەم وا ئەزانم بێ ئینسافی و غەدرەم لێ کردوە کە شەهیدی نەمر و هاوڕێیان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان گێڕا لە نەهێشتنی زبڵ بۆ "ئەسراوا". هەر ئەمە بووە هۆی ئەوەی ڕەق و کینەیەکی دوژمنکارانە لە چالاکڤانانی مەدەنی هەڵگرن و بکەونە بیری تۆڵەسەندنەوە کە بەداخەوە ئەم مەسەلەیە بووە هۆی ئەوەی کە شەهید "شەریف" و یارانی شەهید بکەن؛ بەڵام هەتا ئێستاکانەش ڕێژیم لەوەدا سەرکەوتوو نەبوو و ئەو کێشە وەک خۆی ماوە.



سەرچاوە
Serchawe

- دۆڵی "سەماقان" لە ناوچەی سەرشیوی مەریوان کە خەڵکی ناوچەکە و ڕێکخراوەکان و بە تایبەت ئەنجومەنی "سەوزی چیا" و شەهید "شەریف" و یارانی بە مانگرتن و مانەوە و چادرلێدان لەو شوێنە ڕێگرییان کرد لەوەی کە زبڵ بۆ ئەو شوێنە ڕاگوێزرێت.

- نارەزایەتی ٣ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧هەتاوی دوای شەهیدکردنی شەهید "شەریف" و یارانی لەنێو شەقامەکانی شاری مەریوان و تاوانبار کردنی سپای تێرۆریستی پاسداران لەلایەن کۆی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان و خەڵکی هەمووی کوردستان و گوتنەوەی دروشمی نیشتمانی لەسەر شەقامەکان وەکوو: "سپای پەت و سێدارە تاوانبارە لەم کارە"، "کاک شەریف ڕێگات درێژەی هەیە"، "مەرگ و نەمان بۆ کۆماری پەت و سێدارە"، و کۆمەڵێک دروشمی حەماسیی دیکە کە چەند نموونەیەکی بچووکی هەڵوێست و نارەزایەتی خەڵک و ڕێکخراوەکان بوون.

**شەهرام سوبحانی**: شوێنەوار و لێکەوتەکانی برین و سووتانی دارستانەکان لە مەریوان چەندە کاریگەریی نەرێنی لەسەر لە نێوچوونی ئێکۆسیستم بۆ نموونە ژیانی پەلەوەرە کۆچەرییەکان و گیانلەبەرانی دیکە داناوە؟

**سوورێنی کوردستان**: بێگۆمان ژینگە گرێدراوی ژیان لە نێوان هەموو بوونەوەر و گیانلەبەرەکانی سەر گۆی زەوەییە کە بە هیچ شتێک وەسف ناکرێ. من لەو باوەڕەدام دەستی ئینسان پیس بووە بە ژینگە و هەر جۆرە دەستێوەردانەکانی لە ژینگە بووە هۆی سووتان و لە نێوچوونی دارستانەکانی گۆی زەوەی و ئاکامێکی زۆر مەترسیدار و کارەساتباری بە دوای خۆیدا هێنا، کە بە دڵنیاییەوە کاریگەریی نەرێنی داناوە لەسەر گیانلەبەران و بەرەو لە نێوچوونیان ئەبا کە ئێستا کەم و زۆر ئێمە لێرە هەست بەو شتانە دەکەین. بۆیە لەوەشدا کۆماری ئیسلامیی ئێران و دامودەزگا پێوەندیدارەکانی هەم زۆرترین تاوانیان کردوە و هەم زۆرترین بەرپرسایەتییان لەسەر شانە.

**شەهرام سوبحانی**: هەڵوێستی ڕێکخراوە ژینگە پارێزییەکان لە مەریوان لە بەرانبەر ئەم جینایەتانە چی بووە؟

**سوورێنی کوردستان**: پێتان وایە چەندە توانیویانە لەپووچەڵکردنەوەی ئەم سیاسەتانە کاریگەر بن؟ هەڵوێستی ڕێکخراوە مەدەنییەکان ڕوون و ئاشکرایە. ئەساسەن کاری ژینگەیی هەوڵدانە بۆ پەرەپێدانی کولتووری ئاشتی و پێکەوە ژیان، هەوڵی ئەوان بۆ کۆمەڵگەی سالم و تەندروستە بۆ بەختەوەری و گەڕانەوەی ژیان و کەرامەتی ئینسانی و بەها مرۆییەکانە. ژینگەپارێزان بەپێی بارودۆخ و پێگەی جەماوەرییان لەنێو خەڵکەکەیاندا لە هیچ شتێک دەریغییان نەکردوە و بە کاری ڕۆشنگێری و فەرهەنگسازییەکان و وشیاری بەخشین بە کۆمەڵگە توانیومانە بەشێکی زۆر لە پلان و خەون و خەیاڵی



سەرچاوە Serchawe

دەسەڵات پووچەڵ کەینەوە. ئێمە هەمیشە لە خۆمان هەڵوێستمان نواندوە و لە پێناو ئاوەدانی و سەوزایی و پاراستن وپارێزگاری کردن لە نیشتمانەکەمان بە گیانی باشترین ڕۆڵەکانمان کە سەرمایەی نەتەوەیی و نیشتمانی بوون پێشکەش بە بارەگای ئازادی و ژینگە و سروشتی وڵاتەکەمان کردوە.

**شەهرام سوبحانی**: حەتمەن دەزانن و بیستووتانە کە لە پارێزگای کرماشان و لوڕستان ڕێژیم بە مەبەستێکی دیاری کراو دارستانەکان زاگرۆس لە نێو دەبا و بە جێگەی مادەی هۆشبەرەکان بەرهەم دێنێ، پێتان وایە ئەم هەوڵانەی ڕێژیم دەتوانێ ئەم پیلانانەی بەدوادا بێت؟

**سوورێنی کوردستان**: بە نیسبەت ئەو پرسیارە و مەوقعییەتی جیاوازی ناوچەیی پارێزگاکان جۆری کارکردی ڕێژی ڕەنگە وەک یەک وا نەبن، یا بە شێواز و فورمێکی تایبەتی هەبێت کە من ناتوانم بەو نیسبەتەوە قەزاوەت بکەم یا خوێندنەوەی دروست و زانستیم لە سەری هەبێت. بەڵام لێرەکانە ئەو پلان و هەوڵانە بە ڕێژەیەکی کەم کاریگەرییەکی وەهای داناوە. بەگشتی دەشتوانین بڵێین یا خوێندنەوە ئەوەی کە لەداهاتوودا کاریگەری نەرینێ و خراپ لە دوای خۆیدا بەجێی دەهێڵێ، دیارە بە سووتان و کاولکاریی دارستانەکان چ لە باری تێکدانی ئێکۆسیستمی هەرێمی و ناوچەیی و گۆڕینی کەش و هەوا و لە ناوچوونی بوونەوەر و گیانلەبەر و دەیان زەرە و زەیان و مەترسی دروستکردن لە سەر دانیشتوانی ناوچەکە و بە کۆچ و کۆچکردن، وشککردنی سەرچاوەی ئابووری، دووکەڵەکە ئەچێتە چاوی خەڵکی بەشمەینەتی کورد و دەورووبەریش کە لە ژینگەی کوردستاندا بێت. بەگشتی دەتوانم بڵێم کە پرسی سووتاندنی دارستانەکانی زاگرۆس و پیلانە مەترسیدارەکانی ڕێژیم پرسێکی گشتییە و بۆ ڕێژیم فەرق ناکات کام بەش لە کوردستان بێت.

**شەهرام سوبحانی**: سپاس بۆ بەشداریت لەو دیمانەیەدا

**سوورێنی کوردستان**: سپاس بۆ ئێوەش بۆ ورووژاندنەوەی ئەو باسە و خەمخۆریتان

١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## حەمید شەریفی: دەف زۆرتر لە ناوچەی سنەوە گوازراوەتەوە بۆ ناوچەکانی تر و هەورامانیش بێبەری نەبووە لەم فەرهەنگە



**ئاماژە:**

کوردستان خاوەن فەرهەنگ و مۆسیقایەکی دەوڵەمەند و سرنجڕاکێشە. ئەم پاشخانە دەوڵەمەندە فەرهەنگی و هونەرییە ئێعتبارێکی زۆریان بە پێگەی نەتەوەیی کورد داوە و ئەم جوانییانە هەر ساڵە لە دەیان کەرنەڤاڵی تایبەت و لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا خۆیان دەنوێنن. بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەوەی کورد خاوەنی سەرەوەریی سیاسیی خۆی نەبووە و لە نەبوونی دەوڵەت و حکوومەتی خۆماڵیدا کە هەوڵی پارێزگاری و خەملاندنی ئەو کولتوورە بدات، هەمووکات مێژوو و فەرهەنگ و جوانییەکانی کوردستان مەترسی فەوتان و تاڵانیان لەسەر بووە. یەک لەو مەترسییانە خۆ بە خاوەنکردنی دەسەڵاتی ناوەندی و نەتەوەی سەردەست و بەستنەوەی بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کوردستان بە مێژووی خۆیانەوە بووە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا "کوردستان" تایبەت بە جەژنی "هەزار دەفی پاڵەنگان" دیمانەیەکی لەگەڵ کاک حەمید شەریفی، هونەرمەند و چالاکی هونەری و ئەدەبی پێکهێناوە.

**شەهرام سوبحانی**: کاک حەمید سپاس بۆ بەشداری کردنتان لەم دیمانەیەدا. بەر لەوەی باسی "جەژنی هەزار دەف" بکەین،

دەپرسین دەف وەک ئامێرێکی مۆسیقی لە کوێی کولتوور و مۆسیقیی کوردییدا جێ دەگرێت؟

**حەمید شەریفی**: دەف یا باشترە بێژین دەپ -چونکە پیتی «ف» بە عەرەب کراوەی پیتی «پ»ێیە- سازێکی تەواو کوردییە. ئەم شێوازە لە سازی تەک و تۆمی لەنێو زۆربەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا هەبووە و هەیە، بەجۆرێک لەلای ئێمپراتۆری ئیلامییەکان دەفی چوارگۆش هەبووە. بەڵام شێوازی سازەکە و ژەنینی جیاوازە. بۆیە ئەم جۆرە لەم سازە تەنانەت تا ساڵی ١٣٥٣ی هەتاوی جیا لە کوردستان لە هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێراندا نەناسراو بوو، هەتاکوو «بیژەن کامکار» هێنایە نێو سازە ئێرانییەکانەوە.

**شەهرام سوبحانی**: بۆچی هەوڵ دەدرێ مێژووی دەف تەنیا بە خانەقا و عیرفانەوە گرێ بدرێتەوە و ئایا ئەوە مەبەستێکی تایبەتیی لە پشت؟

**حەمید شەریفی**: سازی دەف سازێکی زۆر کۆنتر لە ئیسلام و عێرفانە، بەڵام دوای هاتنی ئیسلام زۆربەی سازەکان ناچار بوون خۆیان ببەستنەوە بە ئیسلام و بە جۆرێک بە عێرفانەوە کە ساڵگەلێک دواتر بەدوای ئیسلامدا هات. هەر چەند بەر لە هاتنی ئیسلامیش جۆرێک لە نزا و ستایشی خۆاکان هەبووە و ئاواز و سازی بۆ بەکار هێنراوە. بەڵام ئەتوانین بێژین سازی دەف و زۆربەی گۆرانی و تەنانەت زەماوەندەکانیش خۆیان بەستەوە بە خانەقاوە، بۆ ئەوەی زیندوو بمێنن. کە خوەشبەختانەش وا بوو. مامۆستا عەلی مەردان چونکی هاتوچۆی خانەقای مامی کردوە لە کەرکووک، توانی زۆربەی ئەو گۆرانییانە بێنێتەوە نێو خەڵک. ناکرێت فەرهەنگێک کە هەتە و ئەتوانی باش کەڵکی لێ وەرگریت، دوو دەستی دووری خەیتەوە بە ناو هەر ئایدۆلۆژیاییکەوە یا ترسێکی سیاسی. با نەهێڵم ئەو بۆ مەبەستی خۆی کەڵکی لێ بگرێت من خۆم بە باشترین شێوە بەکاری بێنم. ئەمن کاتی خۆی چەپێکی وا بووم کە ئەم باسەم پێ زۆر بچووک بوو، لەبەر ئەوەی پێم وا بوو چۆن عێرفانییە ئەبێ بخرێتە لاوە، بەڵام ئێستە وا بیر ناکەمەوە. پێمان سەیر نەبێت کە «داریوش ئێقبالی» کارێکی هەیە بە ناو: «نفرین نامە» کە تەک و تۆمی خانەقای هەست.

**شەهرام سوبحانی**: جەژنی هەزار دەف چییە و فەلسەفە و مێژووەکەی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

**حەمید شەریفی**: نازانم بەڕاستی ئێمە جەژنێکی وامان لە مێژوودا هەبوویێت یا نە، بەڵام تەک و تۆمی دەف و ناوچەی هەورامان و شاخەکانی زاگرۆس جیا لە فەزایەکی عێرفانی، ئەتوانێ فەزایەکی زۆر ئەفسانەیی و خەیاڵی و تایبەت دروست کات. بۆیە لە جەژنی پیرشالیاردا ئەبینین، بگرە هەر ئەمە بیرۆکەی بۆ «بەهمەن قوبادی» دروست کردبێت و لە فیلمێکدا



سەرچاوە
Serchawe

بە ناوی «نیوەی مانگ» بەکاری هێناوە و ئەم جار لە خەڵکێکی زۆرتر و بەتایبەت ژن کەڵکی وەرگرتوە. ئەمەش ناکرێت بێ مێژوو بووبێت و هەروەها کە گوتم جەژنی پیرشالیار نموونەیەکە.

**شەهرام سوبحانی:** ئەگەر مێژووی ئەم بۆنەیە بۆ دوور و کەونار دەگەڕێتەوە، ئەدی چۆنە لە سێ ساڵی ڕابردوودا لە پاڵنگان وەک فێستیڤاڵ بووژاوەتەوە؟

**حەمید شەریفی:** هەروا کە وتم ناوچەکە، شاخەکان، ئەشکەوتەکان، دەنگدانەوەکان و دەنگی دەف و جەژنی پیرشالیار و زۆر شتی تر ئەتوانن ئاماژە بۆ مێژوویەک بەم سازەوە بکات. بەڵام جەژنی هەزار دەف وەک خۆی تازەیە، جەژنی "هالۆڤین" جەژنێکی کۆنی ئیرلەندی-ئێسکاتلەندییەکان بووە، کە لە ڕێگەی پەنابەرەکانەوە ئەڕواتە ئامریکا و نزیک بە ۱۰۰ ساڵە بووەتە جەژنێکی جیهانی و هاوکات پیشەسازی و گەشتیاری.

**شەهرام سوبحانی:** ئایا ئەم جەژنە کە بە تایبەتمەندیی دەفەوە دەناسرێتەوە، تایبەت بە جوغرافیایەکی دیاریکراوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان بە گشتی کوردستانە؟

**حەمید شەریفی:** دەف کە بەسراوەتەوە بە خانەقاکانەوە زۆرتر لە ناوچەی سنە گوازراونەتەوە بۆ ناوچەکانی تر و هەورامانیش بێبەری نەبووە لەم فەرهەنگە، بە تایبەت پاڵەنگان کە بەپێی قسەی بەشێک لە مێژوونووسان، ئەردەڵانەکان لە پاڵەنگانەوە هاتوون. لانیکەم ئەمە زانیاریی تا ئێستای منە. هیوادارم شتی تازەتر لەوانە دەربکەون

**شەهرام سوبحانی:** ئەو جەژن و بۆنەیە دەکرێ هەڵگری چ خەسڵەت و تایبەتمەندییەک بێت، عرفانی، ئایینی یان تەنانەت لە ئێستادا وەک ڕاکێشانێکی گەشتیاری؟

**حەمید شەریفی:** عێرفان بە جۆرێک لادان بووە لە دینی داسەپاو کە هەموو شتێک بە تایبەت مووزیک، قەدەغە ئەکات. هەرچەند دوایە بۆخۆیشی ئەبێت بە شێوازێک لە ئایین، بە جۆریک کە «قانع» لە شێعرێکی تایبەتدا وایان پێ ئەڵێت:

**دوێنێ دەروێشێ وتی: کەف بەدەف و دەف بە تەرەب**
**دەبە دەب دەب، دەبە دەب دەب، دەبە دەب**

**وتم: ئەی ئەحمەقی ئاشوفتە ! وەتەن چۆڵە، وتی:**



سەرچاوە
Serchawe

دەبە دەب دەب، دەبە دەب دەب، دەبە دەب
هەرچی هەوڵم لەگەڵ ئەو بەچکە سەگادا ئەیوت
دەبە دەب دەب، دەبە دەب دەب، دەبە دەب
وتم واچاکە لەفکری خۆیەوە بۆی دەربێم
بە مرووری گەلێ ئەییام لەناو بەم دەبە دەب
دەفم هەڵگرت و بە حەی حەی دەسی شێخم ماچ کرد
وتم لێدەن بە عوومی لە مەقامی دەبە دەب
من و شێخ و ژن و دەروێش هەموو تێکەڵ بووین
شێخ لەفکری ڕەپی سووری، من و دەرویش دەبە دەب
قانعا! بەسیە، موحەققەق بە، دووسەد وەک من و تۆ
تەرک ناکەن بە یەکێ بەزم و مەقامی دەبە دەب

ئەوەش پێمان دەڵێت کە "قانع" جیا لە هەموو شتێک، مووسیقای باش ناسیوە. بمانهەوێت و نەمانهەوێت کۆمەڵگە هەموو جۆر بیرۆکەی و ئایین و ئاینزای تێدایە و ئەکرێت بەشێک لە فەرهەنگی کۆمەڵگەیەک بێت و تەنانەت بۆ بەشی گەشتیاریش ئەتوانرێ کەڵکی لێ وەرگیردرێت. بە مەرجێ دەستی کۆتا بێت لە پەروەردە و سیاسەت.

**شەهرام سوبحانی**: لەو ماوەیەدا هەندێ باس هاتە گۆڕێ کە جەژنی هەزار دەف بۆنەیەکە پێوەندیدار بە ڕۆژی لەدایکبوونی سەعدی. چ پێوەندییەک لە نێوان ئەو جەژنە و سەعدی یان گرێدراوییەکی دیکەی ئەم جەژنە بە کولتووری فارسەکانەوە هەیە؟

**حەمید شەریفی**: ئەم باسە کە وەک قارچێک سەری هەڵدا و زۆربەی ڕاگەیاندنەکان باسیان کرد، باسێکی تایبەت بوو. بەڵام کە ئەگەڕێینەوە بۆ مێژوو و باسێک سەبارەت بە زمانی فارسی و ناوچەی فارس و شیراز و ڕەچەڵەکی «سەعدی شیرازی» دێتە ئاراوە، کە تا ڕادەیەک دوور نییە لە ڕاستی. دوای هاتنی ئیسلام زمانی دەرباری ساسانییەکان کە ئەتوانین بێژین کوردی یا باشترە بێژین "ماد"ی بووە و ئێستاش زمانی زۆربەی ناوچەکانی ئێرانە بێجگە لە عەرەب و تورکنشینەکان کە هاوردەن بۆ ئەو ناوچەیە. ئەم زمانە لە دەربار جۆدا ئەبێتەوە و ئەم جار لە زەمانی دەسەڵاتی سامانییەکان کە لە خۆراسانەوە هاتوون، وردە وردە ئەبێتە زمانی دەربارەکانی تەنانەت هەموو دەسەڵاتە تورکەکانی ئێرانیش.

ئەم زمانە کە «دەری»یە. یا بە مانای (درە یا دەرباری) پێویستی بە ئەوە ئەبێت پەیوەندی بە خەڵکەوە بگرێت. چۆن

خەڵک هەم زمانی خۆیان هەیە و هەمیش لە ناوەندەکانەوە دوورن. کەوایە ئەبوایا خۆی ناوچەی بکاتەوە. بۆیە زۆرتر خۆی لەگەڵ زمانی بەتایبەت کوردی و ناوچەی شیراز کە ئێستاشی بێتەوە کوردنشینە و ناوەکەشی دوور نییە ئەگەر بڵێین «شاری ڕەز»، نزیک کردەوە و وردە وردە خۆی کرد بە زمانی ئەدەبی و لەو ڕێگەوە هاتە نێو ناوچەکانی تری ئێرانەوە.

ئاخێوەرانی شیراز و پارێزگای فارس لە دێر زەمانەوە تا ئێستا شاخەی لوڕی، بەختیاری و لەکیی زمانی کوردی بووە و هەیە. بۆیە کاتێ زمانی دەری و کوردی لەو ناوچە یەک ئەگرن، ئەبن بە زمانێک کە ئیمڕۆ پێ ئەڵێن زمانی فارسی. ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە زمانی پارسییەوە نییە، چونکە ئیتر دوای هێرشی عەڕەب، پارتێکیش نامێنێت. زۆربەی ناوچەکانی پارێزگای فارس یا پێشگر یا پاشگری کوردییان هەیە. هەر نەتەوەیەک بێجگە لە کورد لەو ناوچەیە، هاوردەیە.

سەعدی ئەگەر خۆی کورد نەبووبێت حەتمەن کوردی زانیوە. شێوازی شێعری عەرووزی کە لە زمانی عەڕەبییەوە دێتە نێو زمانی فارسییەوە ئەبێت بە زمانی فاخر و باڵادەست و دەرباری ئەگینا تا بەر لە «نالی» ئەم شێوازە لەنێو کورددا نەبووە و شێعری کوردی تەنانەت «ئەوێستا»یش بە شێوازی پەنجەیی نووسراوە. دەفتەری یارسانەکان و شێعری گوورانی، سەیدی، بێسارانی و مەولەوی و... فۆلکلۆری کوردی زۆربەی بەم شێوازە نووسراوە کە بە «پهلویات» ناسراوە.

"ذبیح الله صفا" لە کتێبی «تاریخ ایران» ناوی ئەم شێوازەی ناوە (لهجەی محلی شاعران بزرگ ایرانی)، بۆیە بابا تاهیر هەرگیز شێعری عەرووزی نەوت و زۆربەی شاعیرانی تر تەنانەت حافز و سەعدیش «پهلویات»ی لێ ماوەتەوە. هەرچەند گوایا لە کتێبی "معجم الادبا" لە نووسینی «یاقووت حەمەوی» باسی کورد بوونی سەعدی کراوە. هەروەها لە کتێبێک کە لە مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕس ماوەتەوە کە بەداخەوە بەردەست نییە، ئاماژە بە کوردبوونی سەعدی کراوە. ئەوەش نموونەیەک لە شێعری درێژی موسەلەس لە سەعدی کە دێڕێکی فارسی و دێڕێکی کوردییە

چە باشد گر ز رحمت پارسایی
کند در کار درویشی دعایی
کە خیرت بوت ازین معنی کتاشنفت
بگی رحمت و سعدی با کش ای گفت

**بە سۆرانی:**

کە خەیرت بێت لەو مانایە کێت ئەژنەفت

بکەی ڕەحمەت وە سەعدی وە کێش ئەوە گۆت

**شەهرام سوبحانی:** لەوەدا کە دەستبەسەرداگرتن، چەواشەکردن و بەلاڕێدابردن لە تایبەتمەندییەکانی سیاسەتی نەرمی ڕێژیمە ناوەندگەراکان بۆ تواندنەوەی کورد و بێگانەکردنی کورد لە شوناس و کولتووری خۆی بووە، ئەم سیاسەتە لە مۆسیقیدا چۆن جێبەجێ کراوە؟

**حەمید شەریفی:** لە هەموو ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا ئەمە بەدی ئەکرێت، دوای تواندنەوە و پاکتاوکردن کە سەرکەتوو نەبوون تێدا، دەستیان بە ئینکارکردنی کورد کردوە و لەوەش کە سەرکەتوو نەبوون ئەڵێن وایە ئێوە کوردن و ئەمەش فەرهەنگی کوردییە و جار جار بە شاخ و باڵیشیا هەڵدەڵێن و لەم جۆرە جەژنانەشی بۆ ئەگرن بە مەرجێ هیچ خواست و ئیرادەیەکی سیاسی لە پاڵیدا نەبێت. یانی گەیشتوونەتە ئاستێک یا باشترە بڵێین شۆڕشی کوردی ئەوانی گەیاندووتە ئاستێک کە دان بە خۆت و نەتەوەکەت و فەرهەنگ و هونەرتا ئەنێن و پێیان خۆشە کە تۆش بەس خەریکی ئەوە بیت و خۆت سیاسی نەکەیتەوە و هەر لەو ئاستەدا بمێنێتەوە. ئەوان پێیان وایە کە هەر نەتەوەیەک کە بەشی فەرهەنگییەکەی ئازاد بێت، بیر لە ڕزگاری سیاسی ناکاتەوە. بەڵام هەروا کە هاتوە، کورد هەمیشە لە پێشڕەویدا بووە و بە پێچەوانەی ڕوانینی ئەوان، کورد هەموو شتێکی سیاسی وێنا ئەکات تەنانەت هەڵپەرکێیەکەشی. بۆیە ئەوان وەک خۆیان ئەڵێن: "تهدیدها را بە فرصت تبدیل کنیم"، من پێم وایە ئەبێ کوردیش "تمام فرصتها را بە تهدید دوبارە تبدیل کند"، ئەوە بەو مانایە کە ئەبێ لە هەر دەرفەتێک کە بۆمان ڕەخسا کەڵک وەرگرین بۆ هەرچی زیاتر پێشڕەوی کردن.

**شەهرام سوبحانی:** پێتان وایە کورد بە پێگەیشتوویەکی سیاسیی ئەوتۆ گەیشتووە بەباشی بتوانێ خاوەنداریەتی لە هەموو ڕەگەزەکانی شوناسی خۆی و یەک لەوان مۆسیقییەکەی بکات؟

**حەمید شەریفی:** بەڵێ، گەیشتووە، بەڵام پێویستی بە دەرفەت و کەرەسە هەیە. پێگەیشتن و ئاگاهی بەشێکە و کەرەستە و دروستکردن بەشێکی تر، تەواوی مووسیقیی ڕۆژئاوای ٣ ڕیتم یا تەک و تۆمی هەیە، بەڵام خودی شاری "سنە" هەر ئێستا ٣ تەک و تۆمی هەیە کە تاران نایناسێت. یەکێ لەوانە ٨/٧ کە بۆ هەڵپەرکێ گەریان بە کار دێت. بە هەموو تورکەوە کە لە دارێکی گەورە بە ناو«ئۆقۆز»ەوە دێن نە ڕیتمی ٨/٧ یان هەیە نە هەڵپەرکێ ئەی چۆنە تورکی تورکییە خۆی کردوە بە خاوەنی هەم ڕیتمەکە و هەم هەڵپەرکێیەکە؟ لە مووسیقی جیهانی بەشێک هەیە بە نێو گامی "کلیسایی" یا مووسیقی "مۆداڵ" کە هی هەزاران ساڵە و سەری لە کلیسا دەرهێناوە یا کلیسا کۆی کردووەتەوە. دوو گام لەم هەفت گامە بە نێو "فریژیەن" (Phrygian mode)و "دووریان" (Dorian mode) "لەنێو کورددا زۆربەی گۆرانیگەل هەورامی و گەریان

لەخۆ ئەگرێت. ئەمەش هی دراوسێیەتیی کورد و ڕوومەکان و یوونانییەکان و مێسرییەکان بووە تا هاتنی سەلجووقییەکان بۆ ناوچەکە نزیک ١١٠٠ ساڵ لەمەو پێش. بۆیە مووزیکی یۆنانی زۆر نزیکترە لە ئێمەوە تا مووزیکی خۆراسانی و ئێران، ئەمە جیا لە بەیت، حەیران، لاوک، سیاچەمانە، لاواندنەوە، لۆرە و... هتد. دەیان مەقامی یارسانەکانە کە نە تەنیا فارس ناناسێت بەڵکوو هەموو ناوچەکە نایناسێ. بۆیە ئەمە پێویستی بە کۆکردنە و پۆلێن بەندی کردن و کلاسەکردنە و ناوێکە بۆ خاوەنداریەتی کردن و بۆ بارهێنانی مووزیکاری کورد. نەتەوەیەک ئەگەر ئاگای لە فەرهەنگی خۆی نەبێت، زوو ئەمرێت. با ئەوش بڵێم «فەرهەنگ» نە «کولتوو» کاتێ خۆمان وشەی وا پڕ مانا و جوانمان بۆی هەیە، لە کۆتایشدا ئەگەر کوردستانێک وا لە ڕۆژهەڵات باسی ئەکەین و وێنای ئەکەین نەتوانێ خاوەنداریەتی زۆربەی هەرە زۆری ئەو ناوچە و فەرهەنگ و زمان و شێعر و مووسیقی و... هتد. نەکات، زۆر بچووک ئەبێت.

**شەهرام سوبحانی**: **کاک حەمید ماندوو نەبن، زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا**

**حەمید شەریفی**: سپاس ئێوەش ماندوو نەبن.

**ی جۆزەردانی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

## د. بابان ئەلیاسی: دەستبەسەرکردن یان حەزفکردنی سەرانی ڕێژیم بەشێکە لە ستراتیژیی لایەنە توندڕەوەکانی ئێران بە مەبەستی پاراستنی کۆنترۆڵی سیستمی سیاسی



### ئاماژە

مەرگی ئیبراهیمی ڕەئیسی سەرۆککۆماری ڕێژیمی ئێران و ئەمیر عەبدوللاهیان وەزیری دەرەوەی ڕێژیم لە دوو حەتووی ڕابردوودا بووە هۆی کاردانەوەیەکی بەربلاو لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا کە گرینگترینیان خۆشی و شادی دەربڕینی خەڵکی نێوخۆ و دەرەوی ئێران بوو، هەروەها بووە هۆی ورووژاندنی چەندین پرسیاری جۆراوجۆر وەکوو: مردنی سەرۆککۆمار و وەزیری دەرەوەی ئێران چ کاریگەرییەکی لەسەر سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران دەبێت؟، ئایا مردنی گوماناوی ڕەئیسی دەتوانێت ببێتە هۆی ئاژاوەگێڕی و دوو دەستی نێوان سەرانی سیستەم؟، ئایا بڕیار وابوو ڕەئیسی ببێتە جێگرەوەی خامنەیی؟ ئایا بەڵگەنامەیەک هەیە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە مەرگی ڕەئیسی ڕووداوێک نەبووە، بەڵکوو بەرنامەیەکی لەپێش داڕێژراو بووە؟، هۆکاری لەنێوبردن و دەستبەسەرکردنی ئەندامانی نیزام لەماڵی خۆیاندا، لەوان ڕەفسەنجانی، خاتەمی، مووسەوی و... هتد چییە؟ کە بۆ وەڵامدانەوەیان داوامان لە زۆر بەڕێز د. بابان ئەلیاسی، چالاکی سیاسی و کارناسی نێودەوڵەتی کردوە تا لەم بارەوە زانیاری زیاترمان پێ بدا.

**شەهرام سوبحانی:** دوکتور بابان سەرەتا بەم پرسیارە دەچینە نێو باسەکەمان، بە بڕوای بەڕێزتان مردنی سەرۆککۆمار و

شەهرام سوبحانی

**وەزیری دەرەوەی ئێران چ کاریگەرییەکی لەسەر سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران دەبێت؟**

**د. بابان ئەلیاسی**: سەرەتا دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە ململانەیەکی ناوخۆیی لە ئێراندا هەیە فرە لایەنە و ڕەهەندی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئایدۆلۆژی لەخۆ دەگرێت. ئەم ململانێیی کە لەنێوان لایەنە جیاوازەکانی ناو سیستەمی سیاسی ئێران، حکوومەت و گروپە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان و ئاڵنگاری ئابوورییە، هەم بە هۆی سیاسەتی ناوخۆیی و هەم بە هۆی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان توندتر بوونەتەوە. کەچی هەتا ئێستا هۆکاری مردنی ئیبراهیمی ڕەئیسی ڕوون نییە و زانینیشی لەوانەیە زەحمەت بێت، چونکە ڕێژیم نایەوێ هۆکارەکەی ئاشکرا بێت. هێندێک چاوەدێر گومان دەکەن کە پیلانی ناو باڵەکانی ڕێژیمە و هێندێکیش دەیدەنە پاڵ ئیسرائیل و، ڕێژیمیش خۆی تا ئێستا، هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ کێشەی فەنی. ڕێژیم نایەوێ هۆکاری مردنەکەی ڕوون بکاتەوە، چونکە ئەوە دەتوانێت ببێتە هۆی نائارامی و ناسەقامگیری زیاتر لە وڵاتدا. هۆکاری کوژرانی هەرچی بێت، کوژرانی سەرۆککۆمار و وەزیری خارجەکەی، زەبرێکی گەورەیە لە کۆماری ئیسلامی و پێگەی ڕێژیم لاوازتر دەکات. ئەم ڕووداوە چ لە ئاستی ناوخۆیی و چ لە ئاستی دەرەوەش لاوازی ڕێژیم دەردەخات. لە پەیوەندی لەگەڵ دۆزینەوەی جێنشین بۆ سەرۆککۆمار، ئێستا ڕێژیم نەک تەنها دەبێت جێنشین بۆ ڕەئیسی بدۆزێتەوە، بەڵکوو دەبێت لەبیری جێنشینیش بۆ خامنەیی بێت. لە بەر ئەوەی مکانیزمەکانی هەڵبژاردن لە ئێران دێموکراتیک نین، ڕێژیم ناچارە دەست بۆ ڕێگای ئەندازەیاری کردنی هەڵبژاردنەکان بکات، ئەویش بە دۆزینەوەی کاندیدای دڵخوازی ڕێژیم لەنێو بازنەی تەنگی لایانگرانی خۆی. لە ئەندازەیاریکردنی هەڵبژاردن، ڕێژیم ئەزموونی هەیە، بەتایبەت کاتی هێنانی "ئەحمەدی نژاد"، کە حکوومەتی تووشی قەیرانی جیدی کرد. بۆیە لە هێنانی جێنشین بۆ ڕەئیسی، ئەو ئەگەرە هەیە کە ڕێژیم نەتوانێ بە باشی مودیریەتی بکا و لە ناو باڵە جیاوازەکانی ڕێژیم دووبەرەکییەکان قووڵتر ببنەوە. لە پەیوەندی نێوانی حکوومەت و گەلانی ئێران لە سەردەمی ڕەئیسی، ئەم وڵاتە لەگەڵ گەورەترین قەیرانی وجوودی ڕووبەڕوو بووەوە. ئەویش دوای شەهید بوونی "ژینا ئەمینی" بوو. هەر چەند بە بەکارهێنانی توندوتیژی لە ڕادەبەدەر، ناڕەزایەتییەکان سەرکوت کران، بەڵام هۆکارەکانی ئەو ناڕەزایەتییانە هێشتا لە جێی خۆیانن. ئێران لەم ساڵانەی دواییدا چەندین شەپۆلی ناڕەزایی بەخۆیەوە بینیوە، وەک بزووتنەوەی "سەوز" لە ساڵی ٢٠٠٩، هەروەها خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییە لە ساڵانی ٢٠١٧ - ٢٠١٨ و ٢٠١٩ - ٢٠٢٠، کە بەهۆی ناڕەزایەتییە ئابوورییەکان و سەرکوتی سیاسی و داخوازییەکان و ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان بوو. وەڵامی حکومەت بۆ ئەم ناڕەزایەتییانە زۆر جار توند بووە. پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دەرەوەش، وایکردوە کە گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی ئەمریکا سەپێنراون، ئابووری ئێرانی پەکخستووە و هەناردەکردنی نەوتی سنووردار کردوە و دەست ڕاگەیشتن بە سیستەمی دارایی نێودەوڵەتی سنووردارە و، بووەتە هۆی هەڵاوسان و بێکاری. خراپ بەڕێوەبردنی ئابووری و گەندەڵی ئەم کێشانەی گەورەتر کردوە و ناڕەزایی گشتیی بەرفراوانی لێکەوتوەتەوە. مردنی ئیبراهیم ڕەئیسی بۆشایی دەستبەجێی سەرکردایەتی دروست دەکات، بەتایبەتی بە



سەرچاوە
Serchawe

## شەهرام سوبحانی

لەبەرچاوگرتنی رۆڵی ئەو وەک سەرۆککۆمار و کاریگەرییەکانی لە ناو فراکسیۆنی کۆنەپارێزەکانی دامەزراوەی سیاسی ئێراندا. ئەم چۆڵایی دەسەڵاتە پێگەی رژێمی لاواز کردوە. هەر چەند ئەگەری سەرهەڵدانەوەی ناڕەزایەتییەکان لەم ماوەیە زۆر لاوازە، بەڵام پێشبینی سەرهەڵدانەوەیشی ئاسان نییە و دەتوانێ لە هەر ئان و ساتێ روویداتەوە. ئەوە ڕاستە لەماوەی نێوان مردنی ڕەئیسی تا هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری نوێ، بۆشاییەکی سەرۆکایەتی لە ئێران دروست دەبێت، بەڵام بە حوکمی ئەوەی لە ئێران دەسەڵاتی سەرۆککۆمار زۆر سنووردارە و خامنەیی خۆی هەمە کارەیە، مردنی سەرۆککۆمار کاریگەری بەرچاوی لە سەر دۆخی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران نابێت. جیا لەوە، لە زۆر بوارەوە ئیبراهیمی ڕەئیسی سەرۆککۆماری ئێران، کەسایەتییەکی سیاسیی ناکارامە و لاواز بوو. بەگشتی مردنی ئیبراهیم ڕەئیسی، کاریگەری لەسەر دیمەنی سیاسی و پەیکەری کۆمەڵایەتی و سەقامگیری ئابووری و پەیوەندییەکانی دەرەوە و ئاسایشی ناوخۆی ئێران نابێت. سروشت و ڕادەی ئەم دەرئەنجامانە تا ڕادەیەکی زۆر بەندە بە وەڵامدانەوەی دەستبەجێی سیاسی و سەرهەڵدانی سەرکردایەتی نوێ و کاردانەوەی کوتلە جۆراوجۆرەکانی ناو سیستەمی سیاسی ئاڵۆزی ئێران. دەرئەنجامەکانی مردنی ڕەئیسی لە سەر سیاسەتی دەرەوە و دانوستانە نێودەوڵەتییەکان کاریگەری وەهای نابێت. لەوانەیە تاکتیکی ڕژێم لە پرسی بەرنامە ئەتۆمییەکەی هەڵوێستی بەپێی بەرژەوەندییەکانی بگۆڕێ، بەڵام لەبەر ئەوەی کە هێڵی گشتی ئەو پرۆژە ئەتۆمییەی ئێران، لەژێر چاوەدێری عەلی خامنەیی خۆی دایە، هەڵوێستی جێنشینی ڕەئیسی ناتوانێ لە دیاریکردنی ئاراستەی ئەم دانوستانانەدا زۆر گرینگ بێت. سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ئەکتەرە سیاسییەکانی ناوچەکە، لەوانە سعودیە، ئیسرائیل، تورکیە و ... بە دووری دەزانم کە گۆڕانکاری بنەڕەتی بە سەردا بێت، چونکە هەر لایەنێک هەوڵ دەدا هەژموونی خۆی بسەپێنێ. ئەگەری ئەوەش هەیە کە وڵاتانی رۆژئاوا بە ناچار ستراتێژییەکانیان بەرامبەر ئێران هەڵسەنگێننەوە، بەتایبەتی ئەگەر سەرکردەیەکی توندڕەوتر لە جێگەی ڕەئیسی دەستبەکار بێت. چین و ڕووسیەش بەردەوام دەبن لەگەڵ ئێران بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان. ئەگەر پێویست بێت واز لە ئێران دێنن. چونکە بە دوای بەرژەوەندین نەک هاوپەیمانی لەگەڵ ئێران. ڕەئیسی وەک سەرۆککۆمار، زۆر مەیلی بەرەو بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی دژبەری رۆژئاوا بوو. لە ئاستی ناوخۆیی، توندڕەوەکان کە پابەندترن بە پاراستنی بناغە ئایدۆلۆژییەکانی کۆماری ئیسلامی و بەرەنگاربوونەوەی نفوزی رۆژئاوا دەکەن، زاڵن بەسەر دامەزراوەکانی وەک شووڕای نیگابان و دەسەڵاتی دادوەریدا. دەکرێ بگوترێ کە لە ناوخۆی ئێران دەسەڵات یەکدەست بووەتەوە و ئیدی چەمکی دیموکراتی مانای خۆی لە دەست داوە و، ئێران بەرەو سیستەمێکی تیۆکراسی (مەزهەبی) دەچێت. هەتا ئەم ڕژێمە هەبێ لە سەر سیاسەتی دەستێوەردان و پەرەدان بە قووڵایی ئیستراتێژیکی ئیسلامی سیاسی شیعە بەردەوام دەبێت. بەو مانایە، لە پشتیوانی کردنی گروپە تێرۆریستییەکان و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان، بەتایبەت وڵاتانی دراوسێ بەردەوام دەبێت و، وەک هۆکاری گرژی لە ناوچەکە دەمێنێتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: پێت وایە مردنی گوماناوی ڕەئیسی دەتوانێت ببێتە هۆی ئاژاوەگێڕی و دوو دەستی نێوان سەرانی سیستەم؟

**د. بابان ئەلیاسی**: مردنی ڕەئیسی دەتوانێ لانیکەم تا هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێ، ببێتە هۆی نادڵنیایی ئابووری و کاریگەری لەسەر بازاڕەکان و متمانەی وەبەرهێنەران و بەهای تمەنی ئێرانی بدات. ئەم ناسەقامگیرییە دەتوانێت کێشە ئابوورییەکانی ئێستا، وەک هەڵاوسان و بێکاری گەورەتر بکات. بەڵام دەکرێت سەقامگیریی نیسبی دروست ببێت ئەگەر سەرکردەیەکی بەتوانا سەرهەڵبدات یان ناسەقامگیری درێژخایەن ئەگەر ململانێی باڵەکانی ناو ڕژێم بەردەوام بێت. ئەم ئەگەری دووهەمە زۆر بەهێزترە، چونکە ڕژێم کۆمەڵێک کێشەی چارەسەر نەکراوی ناوخۆیی و دەرەکی هەیە، کە گرێدراوە بە سروشت و ماهییەتی ڕژێمەوە. ئایدیاڵە دامەزرێنەرەکانی شۆڕشی ئیسلامی، وەکوو هەستی دژە ڕۆژئاوایی و پێشخستنی مۆدێلێکی ناوازەی حوکمڕانی ئیسلامی و خستنە ژێر پرسیاری نەزمی جیهانی، زۆرجار لەگەڵ پێداویستییە پراگماتیکییەکان بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ ئابووری جیهانی و کۆمەڵگەی دیپلۆماسی بەریەک دەکەون. ئەم گرژییە لە مشتوومڕەکانی سیاسەتی دەرەوە و چاکسازییەکانی ناوخۆدا بەرچاو دەکەون. لە نێوان هێزە جیاوازەکان لە ئێران ململانێی جیددی هەیە. دەرئەنجامی ململانە ناوخۆییەکان دەتوانێ کاریگەریی بەرچاوی هەبێت لەسەر ئاراستەی داهاتووی ئێران، پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی و بارودۆخی بژێویی هاووڵاتیانی. سروشتی دینامیکی ئەم ململانێ ناوخۆییانە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئێران لە کاتێکدا کە ڕێڕەوی خۆی بەرەو پێشەوە دەبات، بەردەوام ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگ دەبێتەوە و دەبێ دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم بکا.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا بڕیار وابوو ڕەئیسی ببێتە جێگرەوەی خامنەیی؟

**د. بابان ئەلیاسی**: بە ئاشکرا ڕانەگەیاندرا بوو کە ڕەئیسی ببێتە جێنشینی خامنەیی، بەڵام یەکێک لە بژاردەکان بوو. ڕەئیسی کەسایەتییەکی سەرەکی لە نێو بناغەخوازانی ئێراندا بوو. زۆر جار وەک جێنشینێکی پۆتانسێلی عەلی خامنەیی ڕێبەری مەزنی ئینقلابی ئیسلامی سەیر دەکرا. هێندێک لە چاوەدێران بە دووری نازانن کە خامنەیی و دەورووبەرەکەی دەستیان لە حەزف کردنی ڕەئیسی و وەزیری خارجەکەی هەبوو بێت. هۆکاری ئەم گریمانە دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە ڕەئیسی و وەزیری خارجەکەی زۆر ڕادیکاڵانە لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا هەڵسووکەوتیان دەکرد و ئەمەش لەگەڵ بۆچوونی خامنەیی و دەورووبەرەکەی کە زۆرتر سیاسەتی عەمەلی و پراگماتیکیان پەیڕەوی دەکرد، ناتەبایی هەبوو. لایەنگرانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە کە خامنەیی نایەوێت دوای خۆی، ئەوەی بە سەر "ئەحمەدی خومەینی" و "هاشمی" هات، بە سەر موجتەبای کوڕی و دەورووبەرەکەی بێت. بۆیە دوور نییە کە خامنەیی بۆ ئەوەی ئەم مەترسییە دروست نەبێت، بە جۆرێک لە سیاسەتەکانی ئێران ئاڵوگۆڕ دروست بکا و بەرامبەر بە ڕۆژئاوا نەرمی بنوێنێت. بە جۆرێک لای ڕۆژئاواییەکان مەقبوولییەت دروست بکات و دوای مردن خامنەیی، هەم موجتەبا پارێزراو بێت، هەم حکوومەتەکەش. ئەوە لە کاتێکدایە کە پێش مردنی ڕەئیسی، دەگوترێ کە ئێران و ئەمریکا بۆ جاری یەکەم لە وڵاتی عەممان وتووێژی ڕاستەوخۆیان هەبووە.



سەرچاوە
Serchawe

**شەهرام سوبحانی**: ئایا بەڵگەنامەیەک هەیە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە مەرگی ڕەئیسی ڕووداوێک نەبووە، بەڵکوو بەرنامەیەکی لەپێش دارێژراو بووە؟

**د. بابان ئەلیاسی**: وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، لێکۆڵینەوەی کۆتایی لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بڵاو نەکراوەتەوە. هیچ لایەنێکی دیکەش بە بەڵگەوە هۆکاری مردنەکەی ڕوون نەکردۆتەوە. ئەوەی هەتا ئێستا دەگوترێ تەنها بۆچوون و شیکردنەوەیە بۆ ڕووداوەکە.

**پێتان وایە هۆکاری لەنێوبردن و دەستبەسەرکردنی ئەندامانی نیزام لەماڵی خۆیاندا، لەوان ڕەفسەنجانی، خاتەمی، مووسەوی و ... هتد چییە؟**

**د. بابان ئەلیاسی**: دیمەنی سیاسی لە ئێران ئاڵۆزە و بە ئاڵۆزییەکانی نێوان ڕیفۆرمخوازان، کۆنەپەرستان و توندڕەوەکانی ناو دامەزراوەی کۆماری ئیسلامی تایبەتمەندە. گرتن و دەستبەسەرکردنی کەسایەتییە دیارەکانی وەک "محەممەد خاتەمی"، "ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی" و "میرحوسێن مووسەوی"، ڕەنگدانەوەی ئەم ململانێ ناوخۆیی و ململانێی دەسەڵاتەیە، کە عەلی خامنەیی دەسەڵاتێکی بەرچاوی بەسەر هەموو لقەکانی حکوومەت و سەربازی، لەوانەش سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی و میدیاکاندا هەیە. خامنەیی مەجالی هیچ چاکسازیەکی سیاسی، پێشخستنی ئازادییە مەدەنییەکان، و باشترکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕۆژئاوا نادا، یان لە نێوان لایەنگرانیدا، سیاسەتی خودی و ناخودی دەگرێتە پێش. ئەمەش ناڕەزایەتی لەنێو سەرانی ڕێژیم دروست دەکا، بەتایبەت لە نێو سەرۆککۆمارکانی پێشوو ئەم دۆخە زۆر دیار و بەرچاوە. دەستبەسەرکردنی ئەو کەسایەتییانە یان حەزفکردنیان، بەشێکە لە ستراتیژێکی بەرفراوانتر لەلایەن لایەنە توندڕەوەکانی ئێرانەوە بۆ پاراستنی کۆنترۆڵی سیستمی سیاسی جێبەجێ دەکرێ. ڕێژیم تاکتیکی جۆراوجۆر بەکار دەهێنێت، لەوانە گرتن لە ماڵەوە، قەدەغەکردنی میدیا و گۆشەگیری یاسایی، بۆ سەرکوتکردنی ناکۆکی و بێلایەنکردنی کاریگەریی دژبەرەکانی نێو دەسەڵات. ئامانج لێی پێشگرتنە لە هەر جۆرە تەحەدایەکی بەرچاو بۆ قەوارە ئایدیۆلۆژی و سیاسی کە شۆڕشی ئیسلامی دامەزراندووە، بەمەش بەردەوامیی پێکهاتەی دەسەڵاتی ئێستا مسۆگەر بکرێت.

**شەهرام سوبحانی**: کاک بابان سپاس بۆ بەشداری کردنتان لەم دیمانەیەدا

**د. بابان ئەلیاسی**: سپاس ئێوەش ماندوو نەبن.

١٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٤

## ئاگری ئیسماعیلنژاد: کانادا بە ئاگاداریی بریتانیا سپای خستۆتە نێو لیستی تیرۆرەوە و پێدەچێت بریتانیاش هەنگاوی هاوشێوە هەڵگرێ




**ئاماژە:**

سپای پاسداران زیاتر لە چوار دەیە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لە ئێران و دەرەوەی ئێران خەریکی کردەوەی دژە مرۆڤییە و لەم پێناوەدا سەدان جینایەت و تاوانی لە کارنامەی ڕەشی خۆیدا تۆمار کردووە. بەڵام بە خۆشحاڵییەوە لەم ساڵانەدا هەوڵەکانی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ بە تیرۆریست ناساندنی سپا وەک ڕێخراوێکی تیرۆرسیتی بێ ئاکام نەبووە کە تازەترینیان دوو حەتووی ڕابردوو بوو کە چاوەری ئەوەش بووین کە وڵاتی کانادا سپای بە فەرمی وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناساند. لە درێژەی ئەم وتووێژدا کۆمەڵێک پرسیارمان سەبارەت بە تیرۆریست ناساندنی سپای پاسداران لەلایەن وڵاتی کاناداوە هێناوەتە بەرباس کە بۆ وڵامدانەوەیان داوامان لە زۆر بەڕێز کاک " ئاگری ئیسماعیل نژاد"، ڕۆژنامەنووس کردوە تا لەم بارەوە زانیاری زیاترمان پێ بدا.

**شەهرام سوبحانی:** کاک ئاگری ناساندنی سپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لەلایەن دەوڵەتی کاناداوە دەتوانێ چ کاریگەرییەکی لەسەر پێوەندییەکانی ئێران لە دەرەوە هەبێت؟

**ئاگری نیسماعیلنژاد**: بۆ وڵامی ئەو پرسیارە دەبێت چەند خاڵمان لەبەر چاو بێت:

**ئا**: ئێران وڵاتێکی ئاسایی نییە و وەکوو وڵاتێکی گێرەشێوێن لە دنیادا دەناسرێ و ئەوەش وای کردوە پەراوێز بێت و دەیان گەمارۆی جۆراوجۆری لەسەر بێت.

**بێ**: ئێران تێرۆریسمی دەوڵەتی وەکوو ئامرازێک لە پەیوەندی نێودەوڵەتیدا بەکار دێنێ.

**سێ**: ئێران وڵاتی کانادا و ئابووری کانادا وەکوو دەروازەیەک بۆ دەورلێدانەوەی گەمارۆکان بەتایبەتی گەمارۆی ماڵی بەکار دێنێ.

کاتێ ئەو سێ گریمانەیە لەبەر چاو دەگرین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بە تێرۆریست ناساندنی سپا لەلایەن کاناداوە کارتێکەری جیاوازی لەسەر ئێران دەبێت،

**ئەو کارتێکەرییانە بریتن لە:**

١- کارتێکەری ئابووری بەرینی دەبێت، چون دەیان ناوەندی ماڵی لە کانادا خەریکی پوول سپی کردنەوە بۆ کۆماری ئیسلامی و سپای پاسدارانن.
٢- کارتێکەری لەسەر بەرنامەی مووشەکی و درۆنی کۆماری ئیسلامی دەبێت، چون دەرکەوتووە کە دەیان تیکە لە مووشەک و درۆنی سازکراوی سپا لە کانادا بەرهەم دێت یان لە ڕێگای بازاڕی کاناداوە دابین دەکرێت.

٣- لە ڕووی سیاسییەوە کارتێکەری بەرینی هەیە، چون سپا هێزێکی فەرمی کۆماری ئیسلامییەوە و کاتێ بە هێزێکی تێرۆریستی دەناسرێ مانایی ئەوەیە ئەو دەسەڵاتە سیاسییە کە سپا بەڕێوەی دەبات دەسەڵاتێکی جێگای بەقا و باوەڕ نییە و بۆیەش لەگەڵ دەسەڵاتی وا هەر چەشنە گرێبەستێکی ئابووری، سیاسی هەڵەیە.

٤- کارتێکەری ڕاستەوخۆی لەسەر پەیوەندی ئابووری ئاشکرای نێوان کانادا و ئێران دەبێت و کارتێکەری لەسەر گرێبەستی ئابووری لە داهاتووشدا دەبێت، بەگشتی دەتوانین بڵێن هەتا سپا لە لیستی تێرۆری کانادا دەرنەچێ هەر چەشنە گرێبەستێکی ئابووری لەلایەن کۆمپانییە کاناداییەکان لە ئێران جۆرێک مەترسییە و بۆیەش هیچ کۆمپانییەک خۆ لە قەرەی نادا کە وایە ئابووری ئێران ئیزۆلەتر دەبێت.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا ئەم هەوڵەی کانادا دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەیکە وڵاتانی ئورووپاش سپای پاسداران بخەنە لیستی تێرۆرەوە؟

**ئاگری ئیسماعیلنژاد**: بە گشتی نا، شێوازی سیاسەتی ئورووپا لەگەڵ ئێران شێوازێکی تایبەت بە خۆییەتی و ئورووپا لەبەر هێندێ کێشەی وەکوو ئیسلامی سیاسی، پەنابەر و تەناهی وزە زیاتر لەوەی دژ بە ئێران ڕاوەستێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەڵدەکات. بۆیەش ئەو سیاسەتەی کانادا کارتێکەرییەکی لەسەر سیاسەتی یەکیەتیی ئورووپا نابێ، بەڵام بێ گومان کانادا بە ئاگاداری بریتانیا سپای خستۆتە نێو لیستی تێرۆرەوە و پێدەچێت بریتانیاش هەنگاوی هاوشێوە هەڵگرێ بەڵام یەکیەتیی ئورووپا ئەو ئاراستەیە ناگرێتە بەر.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا ئەم بە تێرۆریست ناساندنە تەنیا لە چوارچێوەی نووسراوەیەک دەمێنێتەوە یان کردەوەشیان بە نیسبەت کۆماری ئیسلامی دەبێت؟

**ئاگری ئیسماعیلنژاد**: بە هۆی سەروەری قانون لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەگەر لایەنێکی سیاسیش لە کانادا باوەڕی بە تێرۆریست بوونی سپا نەبێ، ناتوانێ لەو قانوونە لادا، بۆیە ناتوانین بڵێن هەر لەسەر کاغەز دەمێنێتەوە، بەڵام بێگومان بۆ بەڕێوەچوونی ئەو قانوونە بودجە، کات و هێزی دەوێت و لاوازبوونی هەر کام لەوانە دەتوانێ بەڕێوەچوونی قانوونەکە لاواز بکات.

**شەهرام سوبحانی**: ئەو لایەنانەی بە تایبەت ئەوانەی کە هەڵگری ئیدئۆلۆژی ئێرانیزمن بۆچی دژ بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسدارانن؟

ئێرانییەکان بە تایبەتی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هیچ ڕێکخراوە و تەشکیلاتێکیان بۆ دژایەتی کۆماری ئیسلامی یان بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە ئێران تەنانەت لە قۆناغی بۆشایی دەسەڵاتیش بەدەستەوە نییە، ئەوان بەتایبەتی لایەنی وەکوو ڕەزا پەهلەوی پێگەی جەماوەریشان لەگەڵ خواستی سیاسیان نایەتەوە، لەبەر ئەو هۆکارانە پێیان وایە سپای پاسداران لە کاتی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەتوانێ ببێتە هێزی ئەوان و ئەوان هێزی سپا بۆ ئامانجی سیاسی خۆیان بەکار بێنن. کوردی و کورتی بۆیە پێیان ناخۆشە سپا بچێتە لیستی تێرۆرەوە چون دەیانەوێ لەداهاتووی پاش کۆماری ئیسلامی سپا وەکوو هێزی سەرکوتی نەتەوەکان بەتایبەتی نەتەوەی کورد بەکار بێنن.



سەرچاوە
Serchawe

**شەهرام سوبحانی**

**ئاگری ئیسماعیلنژاد**: **شەهرام سوبحانی**: کاک ئاگری سپاس بۆ بەشداریت و  ماندوو نەبیت

**شەهرام سوبحانی**: سپاس ئێوەش ماندوو نەبن.

۱۲ی پووشپەڕی ۲۷۲٤

## هێرۆ قەدیمی: شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" بۆ ڕامالێنی تەواوی بەربەستەکانی کۆمەڵگە لە بەردەم ژنانە



### ئاماژە:

لە دوای شەهیدکردنی ژینا لە کوردستان و سەرهەڵدانی شۆڕشی" ژن، ژیان، ئازادی" ڕێژیم هەموو هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ تاکوو دەنگی ئازادی و مافخوازانەی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و بەتایبەت کوردستان کپ بکات. بۆ ئەو مەبەستەش لە هیچ کردوەیەکی نامرۆڤانە دەستی نەپاراست و بە گرتن، ئەشکەنجە، ڕفاندن، کوشتن، ئێعدام و ... دژی خەڵکی مافخواز و وەزاڵەهاتووی کوردستان وەستایەوە.

هێرۆ قەدیمی، چالاکی سیاسی و یەکێک لە دەستبەسەرکراوەکانی ساڵوەگەڕی شۆڕشی ژینا گێڕانەوەی خۆی لەم دۆخە لەگەڵ "کوردستان" باس دەکات:

**شەهرام سوبحانی**: خاتوو هێرۆ، سەرەتا ئەگەر کورتەیەک لە ژیانی خۆتان بۆ خوێنەرانی ئێمە باس بکەن.

**هێرۆ قەدیمی**: سڵاو و ڕێزم هەیە بۆ بەڕێزتان و سپاس بۆ ئەوەیکە ئەم دەرفەتەتان بە من دا تا بتوانم بپرژێمە سەر ئەو

**شەهرام سوبحانی**

ڕۆژانەی ئەمڕۆ بوونەتە بەشێک لە بیرەوەرییە ناخهەژێنەکانی ژیانی من. من هێرۆ قەدیمی لە ڕێکەوتی ٢٤ - ١٢ - ٥٩ لە شاری بۆکانم لە دایک بووم. لە دوای لە دایک بوونم هەتا سەرەتای چوون بۆ قوتابخانە لە تەورێز بووم. کاتێک وەختی خوێندنم هات هاتمەوە بۆکان و دیپلۆمم وەرگرت و هەر لە بۆکان مامەوە. بە بۆنەی پێکهێنانی ژیانی هاوبەشیم ماڵم چووە سەقز.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا پەیوەست بوونی بەڕێزتان بە کار و چالاکی سیاسی تەنیا بۆ ساڵوەگەڕی شەهید بوونی ژینا دەگەڕێتەوە یان پێشتریش چالاکیتان هەبووە؟

**هێرۆ قەدیمی**: چالاکی من زۆرتر مەدەنی بووە تا سیاسی و چالاکییەکانی من دەگەڕێتەوە بۆ پێش شەهیدبوونی ژیناش. بەڵام لە ئێران سنووری نێوان چالاکی سیاسی و مەدەنی زۆر نادیارە چونکە ڕێژیمی ئێران ترسێکی زۆری لە چالاکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان هەیە و لەگەڵ چالاکانی مەدەنییش هەروەک چالاکانی سیاسی دەجووڵێتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: بەڕێزتان وەک یەکێک لە دەستبەسەرکراوانی ساڵوەگەڕی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" چۆن باس لە دەستبەسەرکردن و ڕفاندنی لاوانی کوردستان لەو بزووتنەوەیەدا دەکەن؟

**هێرۆ قەدیمی**: شۆڕشی ژینا یەکێک لە گەورەترین ڕاپەڕینەکانی گەلانی ئێران لە دوای شۆڕشی ٥٧ بووە کە سەرچاوەکەی ئەو شۆڕشە کوردستان بوو، دواتر بۆ هەموو ئێران پەرەی سەند. قووڵایی دروشمی شۆڕشەکەش قورساییەکی زۆری خستبووە سەر ڕێژیم و ترسێکی یەکجار زۆریشی خستبووە دڵیان. ئەوان دەیانزانی چالاکی سیاسی و مەدەنی لە کوردستان بە شێوەی سیستماتیک دەڕواتە پێشەوە و هەر سەر هەڵدانێک لە کوردستانەوە بە شێوەی تایبەت چاوی لێدەکرێ. هەڵسوکەوتێک کە خەڵکی سەقز لەگەڵ چلەی ژینا کردیان ڕێژیمی خستە ترسێکی قووڵترەوە. ڕێژیم ئاگادار بوو کە لە ساڵوەگەڕی کوشتنی ژینادا خەڵکی سەقز دووبارە حەماسەیەکی دیکە دەخوڵقێنن و ئاگری شۆڕشەکە دووبارە دەگەشێنەوە. هەر بۆیە لە دوای چلەی ژیناوە بەرنامەکانی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پرۆگرامی ساڵیادی ژینا ئامادە کردبوو کە یەکێک لەوانە دەستبەسەرکردنی تەواوی چالاکە سیاسی و مەدەنییەکان بوو.

**شەهرام سوبحانی**: ئێوە بۆ ماوەی چەند ڕۆژ دەستبەسەر بوون؟ کەش و هەوای زیندان و ئەشکەنجەکان لە چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی چۆن بوون؟



سەرچاوە Serchawe

**هێرۆ قەدیمی**: مەئموورانی ئیتلاعاتی ڕێژیم میراتی "ساواک"ی دەورەی پاشایەتی و تەجروبەی زیاتر لە چل ساڵ کار لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیان هەیە. ئەوان بۆ وەرگرتنی دانپێدانانی زۆرەملێ شێوەی جۆراوجۆر بەکار دینن. کە لەژێر ناوی ئەشکەنجەدا باسی دەکرێ. ئەشکەنجەش بۆ خۆی بە دوو شێوە دابەش دەکرێ، یەکەم ئەشکەنجەی ڕۆحی و دووهەم ئەشکەنجەی لەش. ئەوان بە شێوەیەکی یەک لە دوای یەک لەو دوو شێوە ئەشکەنجە کەڵک وەردەگرن. نوور، تاریکی، گەرما، سەرما، ترساندن، شکاندن، شک و دڵەڕاوکێ خستنە دڵت لە دۆست و خزم و کەس و کارت، هەڕەشە لە بنەماڵە(بەتایبەت منداڵەکانت)، لێدان، دەستدرێژی و ... هتد. ئەمانە بە گشتی دەتوانین بێژین ئامرازی کارەکانیانە، من بۆ ماوەی سی و شەش ڕۆژ لەو دۆخەدا بووم. هەموو ڕۆژێک چەندین سەعات لێپرسینەوەم بووە و دوایش لە زیندانی تاکەکەسیدا دەمامەوە. چەند حەوتووی ئاخر چوومە بەندی عمومی کە ئەویش چیرۆکی تایبەتی خۆی هەیە. ٢٤سەعاتە گڵۆپێکی گەورەت لە سەر هەڵکراوە و پشوودانت بە سەختییە. لە هاو بەندیەکانت لە شک و دوودڵی دای و نازانی چکارەن. چکۆلەترین هەڵسوکەوتت دەچێتەوە ئیتلاعات. تەنانت بۆ کتێبێکیش کە لە کتێبخانەی خۆیان وەرم گرتبوو لێپرسینەوەم لێکرا.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا ئەو ڕۆژەی کە دەستبەسەرکران کەسانی دیکەش لەگەڵت بوون بە تایبەت کەسانێک کە بیانناسی؟

**هێرۆ قەدیمی**: من کەسێکم نەدی کە لەگەڵ من دەستبەسەر کرابێ، بەڵام دوایی زانیم کە تەنیا نەبووم و تەنانەت چەند ڕۆژ پێش دەستبەسەرکرانی من و دوای ئەویش کەسانێکی دیکە گیران.

**شەهرام سوبحانی**: لە گرتنگەکانی ناوەندە ئەمنییەتییەکاندا چ دەگوزەرێت؟

**هێرۆ قەدیمی**: ئەوان بە هەر جۆرێک بێت دەبێ دانپێدانانێکی زۆرەملێ وەرگرن. ئەو دانپێدانانە دەبێتە خاڵێکی ئەرێنی بۆ بازجووەکان. جاری وایە دەستبەسەرکراو بێتاوانە، بەڵام زۆر جار دەبێ دان بە شتێک دابنێ تا خەلاسی بێت. شەڕی و قورسی دەستبەسەرکراو و بازجوو ئەوەیە کە ئیعتراف بە شتێک کە نەبووە چ سوودێکی هەیە؟ بەڵام ئەوان بە دوای شتێکەوەن کە خۆیان لە لای بەرپرسەکانی سەرەوە کارامە نیشان بدەن. ئەو جۆرە هەڵسوکەوتەی کە هەیانە ڕەحم و بەزەیی لە دڵی ئەواندا کوشتوە و تەنیا چاویان لە گرتنی خاڵێکی ئەرێنییە بۆ وەرگرتنی ئەو خاڵە لە هیچ کارێک چاوپۆشی ناکەن. لە پاڵ ئەوەشدا ئەوانەی لە سازمانە ئیتلاعاتییەکان کار دەکەن لە باری دینییەوە زۆر توند ئاژۆن. دەستبەسەرکراوان وەک دوژمنی ئیسلام و ئیمامەت و حکوومەتی ئیمامی زەمان دەبینن و خاوەنی بیرێکی زۆر ئیدئۆلۆژیکن. کەسێک کە لە بەرانبەر ئیدئۆلۆژیکەیان ڕاوەستی دوژمنە و دەبێ لەنێو بچێ. تەواوی ئەوانەی دەستبەسەر دەکرێن لەگەڵ

ئەو دوو وەزعییەتە ڕووبەڕوو دەبنەوە و دیارە لە گرتنگەکاندا چی دەگوزەرێ.

**شەهرام سوبحانی**: پێیان گوتی بەڕوونی لەسەرچی گرتوویانی؟ داوای بازجووەکان چی بوو؟

**هێرۆ قەدیمی**: من پێش دەستبەسەرکرانم دوو جار بانگ کرا بووم بەڵام دەستبەسەرکرانی من لە ڕۆژی ٢١خەرمانانٰدا بە بۆنەی کەرەسەی ئیستارلینک بوو. لەگەڵ گرتنم دوو موبایلیشم لێگیرا. لە یەکیاندا فایلی یارمەتییەکان بە بریندار و خێزانە کوژراوەکانی شۆڕشی ژینا و هەروەها یارمەتی بۆ گروپە ژینگەپارێزەکانیشی تیا بوو و ئەوە حوکمەکەی منی زۆر قورستر کردەوە. ئەوان دەیانگوت تۆ یارمەتیی کەسانێکت داوە کە لە شۆڕشی ژینادا بەشدار بوون و خەڵک هان دەدەی کە زۆرتر بێێنە سەر شەقام و هەروەها یارمەتی ژینگەپارێزەکان ئەرکی تۆ نییە و با ژینگە لەنێو بچێ.

**شەهرام سوبحانی**: چۆن بوو بڕیارت دا وڵات جێ بهێڵی؟

**هێرۆ قەدیمی**: من لە دوایی هاتنەدەرەوەم لە گرتنگە دەمزانی حوکمی زیندانیم بۆ دەبڕنەوە و بە ئەزموونێک کە لە گرتنگە بووم دەمزانی ئەوان تەنیا بە زیندانیکردنم ڕازی نابن و بە چڕی لە ژێر چاوەدێریدا دەبم و ژیانی واش بەڕاستی ژیانێکی زۆر ئەستەمە و بە تەنیا کچەکەشم دەیان ترساندم و ئەوە سەختترین گوشاری دەرونی بۆ دروست کرد بووم .هەر بەو بۆنەوە بڕیارمدا وڵات جێ بێڵم و بڕیارێکی زۆر سەخت و گران بوو بۆ من.

**شەهرام سوبحانی**: لە ئێستادا چۆن باس لە دەور و پێگەی کچان و ژنان لە ناڕەزایەتییەکانی و خەباتی جەماوەری لە ئێران و کوردستان دەکەن؟

**هێرۆ قەدیمی**: ئێران و بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی بەهێزترین کچانە. ئەوان لە شۆڕشی ژینادا گەورەترین حەماسەیان خوڵقاند. چەندەها کچی تەمەن لاو گیانی خۆیان لە پێناو ئەو شۆڕشەدا لە دەست دا. ئەوان بۆ بە دەستهێنانی تۆزێک ئازادی ڕێگایەکی دوور و سەختیان بڕیوە. شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" دروشمێک نەبوو کە تەنیا ڕوو بە ڕێژیم بێت بەڵکوو دروشمی ڕامانێنی تەواوی بەربەستەکانی کۆمەڵگەیە کە بۆ ژنان دروستببووە. شۆڕشی ژینا کەم ڕەنگ بووە بەڵام نەخەوتووە. هەموو جووڵانەوەیەک کەوتن و هەستانەوەی هەیە، نەورۆزی ٢٧٢٤ یەکێک لە هێماکانی زیندووبوونی شۆڕشەکە بوو. هیوادارم بەشەکان و میللەتەکانی دیکەی ئێرانیش بە قووڵایی ئەو دروشمە بگەن چونکە هاوڕێ و هاو هەنگاوبوون لەگەڵ کورد لەم شۆڕشە ئازادی و دێموکراسی بۆ داهاتوومان مسۆگەر دەکات.



سەرچاوە
Serchawe

**شەهرام سوبحانی**

**شەهرام سوبحانی**: خاتوو هێرۆ سپاس بۆ بەشداریتان و ماندووش نەبن

**هێرۆ قەدیمی**: سپاس ئێوەش ماندوو نەبن.

١٦ی پووشپەڕی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## د. کەیوان ئازاد ئەنوەر: هەمیشە ئەو سەرکردانەی کورد کراونەتە ئامانج کە مەترسییان بۆ داگیرکەرانی کوردستان هەبووە



### ئاماژە:

مێژووی دەسکەوتی نەتەوەیی و هەروەها کارەساتەکان لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد بۆ فێربوون و ئەزموون وەرگرتنە. بەو پێیە خوێندنەوەی مێژوو ئەرکە، بەتایبەت بۆ سیاسییەکان لەپێناو دووپاتنەبوونەوەی کارەساتەکان و بەردەوامیی هەوڵەکان بۆ دەخستنی دەسکەوتی زیاتر و دەستەبەرکردنیان. ڕۆژی ٣١ی جۆزەردان بیرهێنەرەوەی تیرۆری سەرکردەی نەمر "سمکۆخانی شکاک"ە. سمکۆخانی شکاک چ پێگەیەکی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا هەیە؟ بۆچی بە باوکی ناسیۆنالیزمی کورد ناسراوە؟ شۆڕشی سمکۆ بۆچی شکستی هێنا؟ ئەم پرسیارانە و چەند بابەتێکی تر لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی مێژوو تاوتوێ دەکەین.

**شەهرام سوبحانی:** د. کەیوان بەم پرسیارە وتووێژەکەمان دەست پێ دەکەین کە سمکۆخانی شکاک بۆچی وەک باوکی ناسیۆنالیزمی کورد ناسراوە؟

**د. کەیوان ئازاد ئەنوەر:** لەڕاستیدا ئەمن ناتوانم بڵێم کە "سمکۆی شکاک" باوکی ناسیۆنالیزمی کوردە، بەڵکوو سمکۆ یەکێک



سەرچاوە
Serchawe

بووە لە ڕێبەرانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە قۆناغێکی مێژووییدا. لەم بارەوە هەموو مێژوونووسان لەسەر ئەوە کۆک نین "سمکۆی شکاک" باوکی ناسیۆنالیزمی کوردی بێت، بەڵکوو ئەوە بۆچوونی هەندێک مێژوونووس و کەسایەتیی سیاسی و نووسەر و خەمخۆری نەتەوەی کوردە کە ئەویان وەک باوکی ناسیۆنالیزمی کوردی ناساندوە. بۆ؟ چونکی ئەو یەکێک بووە لەو سەرکردانەی مێژووی خەباتی نەتەوایەتی کورد کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ناسیۆنالیزمی کوردی تێکۆشاوە و هەوڵی داوە نەتەوەی کورد وەکوو نەتەوەیەکی ژێردەست بگەیەنێتە سەربەخۆیی و مافەکانی خۆی. دیارە کە دەڵێن: باوکی ناسیۆنالیزمی کوردی نەبووە، ئەوە لە گەورەیی "سمکۆی شکاک" کەم ناکاتەوە، چونکی مێژوو پێمان دەڵێ سمکۆ یەکێک لە ڕێبەرانی ئەو ڕێبازە و سەرکردەیەکی شۆڕشگێری کورد بووە کە کاری بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی کرد، وەگەرنا یەکەم کەس نەبوو، وە باوکی ئەو ڕەوتەش نەبوو، بەڵکو وەک ئاماژەمان پێدا یەکێک بوو لەو ڕەوتە سیاسی و مێژووییەی نەتەوەی کورد. سەرکردەیەک کە هەتا دوا هەناسەی ژیانی، خەباتی بۆ نەتەوە و خاکەکەی کرد و لە هێز و دڵڕەقی و توندڕەوی دوژمنەکانیشی سڵی نەکردەوە.

**شەهرام سوبحانی**: دەکرێ ئاماژە بەو کەسایەتییانە بکەن کە لەو ڕێبازەدا لە "سمکۆخانی شکاک" لەپێشتر بوون؟

**د. کەیوان ئازاد ئەنوەر**: لە مێژووی ئێمەی کورددا، زۆرینەی سەرکردەکانمان، بەتوانا و دڵسۆز بوون. واتە هەڵەیە یەکێکیان بە گەورەتر و یەکێکی دیکەیان بە بچووکتر بزانین. واتە "سمکۆ خانی شکاک" لە "شێخ مەحموودی نەمر" گەورەتر و بچووکتریش نەبوو. لە "ئیحسان نووری پاشا" کەمتر و گەورەتر نەبوو. لە "سەید ڕەزای دەرسیم" گەورەتر و بچووکتر نەبوو. ڕاستە ئاستی توانا و کەسایەتییەکان وەک یەک نەبووە، بەڵام لە یەکیش دوور نەبوون. ئەمەش بەو مانایە نا کە تاقیکردنەوەیەک بێت و مامۆستای وانەکە، (١٠٠) بداتە "سمکۆی شکاک" و (٩٧) بداتە "شێخ مەحموودی نەمر" و (٩٠) بداتە "ئیحسان نووری پاشا" و (٨٥ (بداتە سەید ڕەزای دەرسیم. هۆیەکەش ئەوە بووە هەریەک لەوان و ئەوانەی تریش خوێندکار نەبوون تا لە وانەیەک ئەوەندە وەربگرن، بەڵکوو ئەوان شۆڕشگێڕ بوون و لە سەردەم و کات و پێگەی جوغرافیی خۆیان خەباتیان بۆ نەتەوەکەیان کرد. ئەوەندەی لە توانایان بوو، بە خۆیان و هۆزە و ناوچەکەیان دژی داگیرکەرانی کوردستان وەستان. ئەمە لەلایەک. لەلایەکی دیکەوە نابێت ئەوەش نادیدە بگرین، کە هێز و توانای هەر سەرکردەیەک یا بەند بوو بە کەسایەتیی خۆی و هۆز و خێڵ و تیرە و بنەماڵەکەی تا بە ناوچەکەی دەگات، لەپاڵ ئەو هێزە داگیرکارییەی بەرامبەری وەستا. ئەمەو جگە لە بەرەنگاری هۆز و خێڵ و تیرە و بنەماڵە کوردە نەیارەکانی بۆی، تا بە هێزە ئەورووپایی و ڕووسەکان دەگات. لەم بارەوە "سمکۆی شکاک"یش وەک سەرۆک هۆزی شکاک و سەرکردەیەکی کورد لە قۆناغێکی مێژووییدا شۆڕشی کرد و کۆی شۆڕشەکەی نزیک بە (١٢) ساڵی خایاند، بەڵام بەراورد بە "شێخ مەحموودی نەمر"، کە تەمەنی کۆی شۆڕشەکەی لەکاتی شۆڕشەکەی "سمکۆی شکاک"دا، نەگەیشتە (٦) ساڵ، واتە نیوەی تەمەنی شۆڕشەکەی "سمکۆی شکاک"،

کەچی بەرهەمەکەی زیاتر بوو، بەوەی "شێخ مەحموودی نەمر" لە ساڵی (١٩١٨ز) کرایە حکوومەتداری باشووری کوردستان و نزیک بە (٨) مانگ لە حوکمڕانیی بەشێکی باشووری کوردستان مایەوە. لە (١٠ی تشرینی یەکەمی١٩٢٢ز) کرایە مەلیکی باشووری کوردستان و شاری "سولەیمانی" بووە پایەتەختی دەسەڵاتەکەی و بۆ ماوەی "پێنج" مانگ لەو پۆستەی مایەوە. تەنانەت دواتریش هەر وەک "مەلیک مەحموود" سەیر کرا. لەم بوارەدا بەرهەمی خەباتەکەی "شێخ مەحموودی نەمر" لەوەی "سمکۆی شکاک" زیاتر بوو، ئەگەرچی کەم ماوە بوو. "ئیحسان نووری پاشا" لە ساڵی (١٩٢٧ز) کۆماری ئاراراتی لە بەشی باکووری کوردستان ڕاگەیاند، لەکاتێکدا "سمکۆی شکاک" ئەو کارەی نەکرد. هەموو ئەوانەش پێمان دەڵێن: کە لەسەر خاکی کوردستان و لای نەتەوەی کورد، زۆری هاوشێوەی "سمکۆی شکاک" و زیاتریش هەبوون. هەر وەک ئەوەی کەمتریش لەو هەبوون. خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێشتریش ئەوا "بەدرخان پاشا" لەنێوان ساڵانی (١٨٢١-١٨٤٧ز) میر و ڕێبەرایەتیی ناوچەی بۆتانی کرد و وەک ناسیۆنالیزمێکی گەورەی کوردیش ناسرا. "شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری"ش لەنێوان ساڵانی (١٨٨٠-١٨٨٢ز) ڕێبەرایەتیی شۆڕشێکی گەورەی کرد و وەک ناسیۆنالیستێکی تری کوردی ناسرا. ناوەکان زۆرن و نووسین و باسکردنی مێژوویان و کەسایەتییان و شۆڕش و هەوڵە سەربەخۆیی خوازییەکانیان زۆری دەوێت. هەربۆیە هەڵەیە چاکە و گەورەیی یەکێکیان بەسەر ئەوەی تریاندا بدەین. لایەنێکی تری وەڵامی پرسیارەکەی بەڕێزتان ئەوەیە کە ئێمەی کورد بەدرێژایی مێژوو، سەرکردەیەکی وەک "بیسمارک" یان" گاریباڵدی" یان "گاندی"مان نەبووە، تا خاکەکەمان بەرەو قەوارەیەکی سیاسی ببەن و هێز و هۆزە پەرتەوازە و دژ بە یەکەکان یەک بخەن. خۆ ئەگەر ئێمەی کورد، ئەوەمان بوایە ئێستا کوردستان دەوڵەت و کورد سەربەخۆ بوو. خۆ ئەگەر ئەو کارە بە "سمکۆی شکاک"ی بکرایە، ئەوا دەکرا ناوبراو بە باوک و ڕێبەری نەتەوەیی کورد دابنێین، بەڵام کە بۆی نەکرا ئیتر چۆن ئەو ناوەی لێ بنێین؟

**شەهرام سوبحانی: بەڵام بەڕێزتان چۆن باس لە کاریگەریی سمکۆخانی شکاک لەسەر گەشەسەندنی بیری ناسیۆنالیزمی کورد دەکەن؟**

**د. کەیوان ئازاد ئەنوەر:** "سمکۆی شکاک" کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕی ناسراوی کورد بوو. ئەو سەرباری ئەوەی سەرۆکی هۆزی شکاک بوو، لە ناوچەی شکاک و هاوسێی ناوچەی ئازەربایجان و نەتەوەی ئازەری بوو، لە کۆمەڵگەیەکدا شۆڕش وەڕێ خست کە زمانی فارسی زمانی فەرمی ناوچەکە و کۆی دەوڵەتی ئێران بوو. تارانی پایەتەختی ئەو دەوڵەتەش، بەراورد بە زۆربەی ناوچەکانی تری ئێران و کوردستان، دوور نەبوو. "سمکۆی شکاک" لەو پێگەیەدا شۆڕشەکەی وەڕێ خست کە ئەوکات خاکی ئێران بەدەست بنەماڵەی قاجارەوە بوو. بنەماڵەی قاجاریش بە بنەماڵە و دەسەڵاتێکی توندڕەو و دڵڕەق ناسرابوون. بەتایبەت بەرامبەر بە کورد. تەنانەت بەهۆی لێدان و دوورخستنەوەی "بنەماڵەی کوردی زەند" لە لووتکەی دەسەڵاتی ئێران، گەیشتنە پایەی پادشایەتی. هەر بۆیە لەو سەردەم و پێگەیەدا هەڵایسانی شۆڕشێک بە ڕابەرایەتیی "سمکۆی

شکاک"و لەو ناوچە هەستیارەدا کارێکی ئاسان و بێ مەترسی نەبوو. ئەوە لەکاتێکدا قاجارەکان وەک ئازەرییەکان نەک هەر تورک، بەڵکوو شیعەش بوون، لەکاتێکدا کوردەکان، نە لە نەتەوەی تورک و ئازەری بوون، نە زۆرینەشیان شیعە بوون، بەڵکوو زۆرینەی کورد سووننی مەزهەب بوون. هەربۆیە خەبات لەو سەردەمەدا بۆ ئازادی ئایین و ئایینزایی و زمان و مافی نەتەوەیی و کولتووری لە دەوڵەتێکی وەهادا، کارێکی قورس و خەباتێکی سەختی پێویست بوو. "سمکۆی شکاک" لەو سەردەم و ڕووبەڕە جوغرافیایە و لەنێو ئەو کۆمەڵگەیەدا لە ساڵی (١٩١٨ز) دەستی دایە شۆڕش و تا ساڵی (١٩٢٢ز) ڕووبەڕووی دەوڵەتی قاجاری وەستا. ئەوە قۆناغی یەکەمی خەباتی بوو، بەڵام بەهۆی بەرتەسکبوونی ناوچەی شۆڕشەکەی و کەمیی پشتیوانی نێوخۆیی و نەبوونی پشتیوانی دەرەکی لەو کاتەدا، تا بە کەمی توانای سەربازی و بنەمای ئابووری بۆ درێژەدان بە شۆڕش دوچاری شکست هات. بەتایبەت دوای ئەوەی بەشێکی هۆزە کوردییەکانی سنووری دەسەڵات و ناوچەکەی و دەورووبەری لەبری ئەوەی ببنە هاوپەیمانی "سمکۆی شکاک"، لە دژی وەستان. ئەوەش خەباتەکەی قورس کرد و لە شکست نزیکی کردەوە، بۆیە پەنای بۆ باشووری کوردستان هێنا. کاتێکش "سمکۆی شکاک" قۆناغی دووهەمی شۆڕشەکەی وەڕێ خست، "ڕەزا شا" پادشای ئێران و توندتر لە بنەماڵەی قاجاری دژی کورد وەستا و پشتیوانیی بریتانیا و فەڕانسە و تەنانەت "یەکیەتیی سۆڤییەت"یشی هەبوو. هەربۆیە کاتێک "سمکۆی شکاک" بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو نادادییانە، دەستی دایەوە شۆڕش و بەرامبەر دەوڵەتی نوێی پەهلەوی وەستا. دیار بوو خەباتەکەی بەرامبەر ئەو دەوڵەتە نوێیە، ئاسان نابێت، ئەگەر پشتیوانی نێوخۆیی هەموو کوردی لەگەڵ نەبێت کە لەگەڵی نەبوو. هەربۆیە شۆڕشەکەی لەو دۆخەدا کەم نەبوو، بەتایبەت کاتێک کاری بۆ خوێندن بە زمانی کوردی کرد و هەوڵی بۆ بە زیندوو هێشتنەوەی فەرهەنگ و کولتووری کوردی دا. لێرەوە هەوڵەکانی "سمکۆی شکاک" بۆ زیندووکردنەوە و کارکردن بە زمانی کوردی و پۆشینی پۆشاکی کوردی و دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە بەشی خۆرهەڵاتی کوردستان، وەک هەنگاوی زیندووکردنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی سەیر دەکرێ، ئەوە بەدەر لەوەی سەلماندی کە کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆ و ئازادە و خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی ئەدات.

**شەهرام سوبحانی**: تیرۆرکردنی کەسایەتییەکانی کورد دەتوانێ چ هۆکارێکی بێ کە دەستبەجێ لە هەموو قۆناغێکی مێژوودا هەوڵ و بڕاردەی یەکەمی داگیرکەران بووە؟

**د. کەیوان ئازاد ئەنوەر**: بە گەڕانەوە بۆ مێژوویی شۆڕشی "سمکۆی شکاک" و بە گەڕانەوە بۆ مێژوویی شۆڕشەکانی تری کورد، لە پێش "سمکۆ" و دوای ئەویش، دەگەینە ئەوەی هەمیشە ئەو سەرکردانەی کورد کراونەتە ئامانج کە مەترسییان بۆ لایەنی بەرامبەر واتە داگیرکەرانی کوردستان هەبووە. ئەو سەرکردانە بە زاراوە و قەناعەتی ئێمە شەهید کراون و لە دیدگای بەرانبەرەکانیان تیرۆر کراون. دیارە ئەگەر چاوێک بە مێژوویی کورددا بگێڕین و لەنێو مێژووی کوردیشدا، بەشی خۆرهەڵاتی کوردستان لەنەزەر بگرین، ئەم بەشەی خۆرهەڵات، کە لەژێر دەسەڵات و هەژموونی دەوڵەتی ئێراندا بووە،

بەردەوام چەندین سەرکردەی کورد لەو بەشەی خاکی کوردستاندا خەباتیان کردوە. خۆ ئەگەر قۆناغی مێژوویی هاوچەرخ بە نموونە وەربگرین، ئەوا چەندین سەرکردەی کورد لەو بەشەی کوردستان، بەدەستی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ئێران شەهید کراون، وەک "سمکۆی شکاک، قەدەمخێر، پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو، دوکتور سادقی شەرەفکەندی" و کەسایەتیی تر. ئەوانەی شەهید کران، مەترسی بوون بۆ سەر دەوڵەتی ئێران. بۆ؟ چونکە دەسەڵاتدارانی ئێران لەو ماوەیەدا باش بەوە گەیشتوون ئەگەر ئەو سەرکردانە نەمێنن، ئەوە خەڵکی کوردستان بێ سەرکردە ئەمێنێت و ئەوکات ناتوانن لە دەوری یەک کۆببنەوە. بەوەش پەرتەوازە ئەبن و لێدان و جڵەکردنیان ئاسان دەبێت. کاتێکیش ئەوە رووی دا، ناچار دەبن چۆک بۆ دەوڵەت دابدەن و ملکەچی هەموو بڕیار و داواکانیان بن. لەلایەکی دیکەوە بیری ئێرانیزم وای زانیوە و وای ڕوانیوە، کە ئەگەر سەرکردەکان لەنێو چوون، ئیتر شۆڕشەکان، کۆتاییان دێت و دەوڵەت ڕووبەڕووی بەرەنگاربوونەوەی نێوخۆیی نابێتەوە. ڕاستییەکەشی وابووە، بە شەهیدبوونی "سمکۆی شکاک" شۆڕشەکەی کۆتایی هات. بە شەهیدبوونی (پێشەوا قازی محەممەد کۆماری کوردستان کۆتایی پێ هات. سەرنج بدەن ئەوە بووە ڕوانگەیەک بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران، کە لە لێدانی سەرکردەی شۆڕشەکان، یان ڕێبەرانی بزووتنەوە چەکدارییەکان، بگەنە ئەو ئەنجامەی، کە ئیتر ئەو شۆڕش و بزووتنەوەیە کۆتایی دێت. واتە هۆکارێکی سەرەکی لاوازبوون و دواتر لێدان و ڕووخانی شۆڕش و بزووتنەوەکە دەبێت. ئەوەش ئامانجی سەرەکی دەسەڵاتدارانی ئێران بوو بەدرێژایی مێژوو و لە هەموو ناوچەکانی ئێراندا، بە ناوچە کوردستانییەکانەوە.

**شەهرام سوبحانی: لە تەنیشت تیرۆری ڕێبەران هەمیشە هەوڵی چەواشەکردنی مێژووی کورد و ناساندنی ڕێبەرانی کورد وەک پیاوکوژ دراوە؟ بۆ؟**

ئەو هۆکارانەی مێژووی کوردییان چەواشە کردووە و دواجار سەرکردەکانی ئێمەی کوردیین لە بەرامبەر ڕای گشتی و نەیارانماندا ناشیرین و خراپ کردوە، زۆرن. گەیشتۆتە ئەوەی، سەرکردەکانمان بە (تیرۆریست، یاخی، گێرەشێوێن) بناسێنرێن. ئەوەش لە بەهێزی و بەتوانایی دەسەڵاتدارانی ئێران، سەرچاوەی گرتوە. کاتێک وەک دەوڵەت و لە چەندین لاوە و بە چەندین کەرەسە و پلانی ورد، کار بۆ شێواندنی ئەو مێژووی کورد و شۆڕش و سەرکردەکانی بکرێت. خۆ ئەگەر بە واقیعی لە کاری ئەوان ورد ببینەوە، بۆمان دەرئەکەوێت ئەوان وەک دەوڵەتی سەردەست مافی خۆیان بوو، ئەو کارە بکەن، چونکە ئەگەر ئەوان مێژووی کوردیان چەواشە نەکردایە، چۆن ئەیانتوانی ڕەوایەتی بە کارەکانی خۆیان بدەن؟ واتە چۆن لە لێدان و شکست پێهێنانی شۆڕش و هەوڵە ڕزگاریخوازەکانی کورددا سەرکەوتوو بن؟ دیارە ئەگەر ئەوان، سەرکردەکانی کوردییان نەکردایەتە یاخی و گێرەشێوێن، چۆن لەبەردەم خەڵکی خۆیان و ڕای گشتیدا، ڕەواییەتیان بە کارەکەی خۆیان ئەدا؟ لەلایەکی دیکەوە دەسەڵاتدارانی ئێران، هەوڵیان ئەدا کوشتنی سەربازەکانیان گەورە بکەن و بە شێواندنی

تەرمەکانیـان لەلایەن خودی خۆیـانەوە، ڕووی شۆڕشـەکانی کـورد و سـەرکردەکانی ناشیرین بکەن. ئەوەش لە ڕێگـای میـدیا گەورەکانیان بە تەلەفزیۆن و ڕۆژنـامە و تـۆڕە میدیاییەکانی تـرەوە. وەک ئەوەی "سمکۆی شکاک"و شۆڕشەکەی پـێ عەیبـدار کـرا، کاتێـک هەنـدێک حـاڵەتی تـاڵانی و کوشتنی لابەلا بەسـەر شۆڕشـەکەیدا سـاغکرایەوە. گەیشـتە ئەوەی بەشـێک لە کوردەکـانیش بـاوەڕ بەوە بـکەن، کە "سمکۆی شکاک" و هـۆزەکەی بـۆ کـاری تـاڵانچی و گەیشتن بە زەوی و سـامانی زیـاتر، دەستی داوەتە چەک! هەربۆیە ئەو دیدگا شێواوە، نەک وای لە بەرپرسـانی ئێـران و هێزە چەکدارەکان کـرد، توندتر دژ بە شۆڕشـەکەی بوەستن، بەڵکوو لەنێـو کـوردیش چەنـدین سـەرۆک هـۆز و سـەرۆک خێـڵ و سـەرۆکی بنەماڵەکـان، چـوونە پـاڵ دەوڵەتی ئێران و لە دژی "سمکۆی شکاک" شۆڕشەکەی وەستان. دیارە هەموو ئەوانە و زۆر کاری تـریش، لەو هۆکـارانە بـوون، دواجار ڕەوایەتیان بە لێدانی شۆڕشەکەدا. لەم بوارەشدا دەوڵەتی ئێران، سوودی لە بـوونی سەدان زانکۆ و سەدان ناوەنـدی فەرهەنگی و هەزاران خوێنـدکار و ئاکـادیمی زانکۆکـانی وەرگـرت، تـا لە ڕێگـای ئەوانەوە، هەزاران تـوێژینەوە و بەرهەم و کتێبی تـایبەت لە سەرجەم بوارەکانی "مێژوو، ڕیشەی کورد، جوغرافیا، کۆمەڵگەی کوردی و ئێرانی، زمـان و ئەدەبـی کـوردی" و دەیـان بـواری تـر ئامـادە بکەن، تـا ڕووی ڕاسـتەقینەی مێـژووی کـورد و شۆڕشـەکانی بشـێوێنن. وەک ئەوەی دواتـر "سمکۆی شکاک"یان بە سـەرۆک هـۆزێکی نەخوێندەوار و دواکەوتـوو ناسـاند، کە لەلایەن نەیـارانی دەوڵەتـی ئێرانەوە خەڵەتێنراوە و ئامانجیان لێدانی ئارامی ئێران و خەڵکەکەی و تێکدانی پەیوەندی نێـوان کـورد و خـاک و پێکهاتەکـانی ئێـران بـووە. دواتـر ئەو کارانەیان و دەیان کاری دروستکراوی لەو جۆرەیان بە زمانی فارسی بەچاپ گەیاند. دواتـر ئەو بەرهەمانەشیان هەر بە کەسانی خۆیان بۆ زمـانە زینـدووەکانی جیهانیـان وەرگێـڕا، تـا واقیعـی مێـژووی کـورد و شۆڕشـەکانیان بشـێوێنن و سیمایەکی تری دواکەوتوویی و پاشکۆیی ئێرانی بە کورد و شۆڕشەکەیانەوە بنێن.

**شەهرام سوبحانی**: **ئەگەر بگەڕێینەوە سەر سمکۆخانی شکاک، بۆچی شۆڕشی سمکۆخانی شکاک شکستی هێنا؟**

**د. کەیوان ئازاد ئەنوەر**: کۆمەڵێک هۆکار لەپشت شکستی شۆڕشەکانی کوردەوە بوون بە شکستی شۆڕشەکەی سمکۆشەوە. لەوانە ڕێبەرایەتـی زۆرینـەی ڕەهـای شۆڕشـەکانی کـورد، لەلایەن سـەرۆک هۆزێـک یـان مامۆسـتایەکی ئـایینی، هۆکارێـک بـووە. واتە شۆڕشەکانی ئێمەی کورد، شۆڕشی جووتیـاران، کرێکـاران، کاسبکاران نەبـووە، تـا هەمـوو بە ویسـتی خۆیـان بەشـداری تێدا بکەن. تەنانەت شۆڕشێکی فەرهەنگی یان پیشەییش نەبووە، تـا ڕوویەکـی شارستانی بە بەر شۆڕشەکەماندا بنرێت، بەڵکوو شۆڕشێک بوون، لەلایەن سەرۆک هۆزێک یان سەرۆکی خێڵ و بنەماڵەیەک یان کەسایەتییەکی ئـایینی دەست پـێ کراوە. بەو پێیەشی سەرۆک خێڵەکە یان سەرۆک هۆزەکە، سەرۆکی ناوچەیەک بووە، ئـاسایی سـەرۆکی هـۆزێکی تـر نەیـاری بـووە. بەوەی سەرۆک هۆزە نەیارەکە، بە خۆی و هۆزەکەیەوە لە دژی وەستاوە، یـان لە قۆنـاغێکی خەبـاتی سـەرۆک هـۆزە شۆڕشگێڕەکەدا، چۆتە پاڵ دوژمنەکەی و لە شۆڕشەکەی داوە. ئاسایی کاتێک هۆزی شکاک بە سەرۆکایەتیی "ئیسماعیل خانی سمکۆ"ی سەرۆک

هۆز،ڕێبەرایەتی شۆڕشێکی کرد، هەر لە ناوخۆی کورددا هۆزە نەیارەکانی شکاک، دژایەتییان کرد، بۆیە دواجار ئەم هۆزە نەیارانە لەلایەن دەوڵەتانی سەر دەستەوە بۆ لێدان و شکستی شۆڕشەکە بەکارهێنران. هۆکەش ئەوە بووە، ئەگەر هۆزی شکاک بە ڕێبەرایەتی "سمکۆ" سەرکەوتوو بوایە لە هەوڵەکەیدا، بوون و گەورەیەکەی جێگای قبوڵی هۆزەکانی تری کورد نەبوو. لەم بوارەشدا نەیارانی کورد لە خودی کورد زیرەکتر و وریاتر بوون، بەوەی هۆزە نەیارەکانیان لە دژی هۆزە شۆڕشگێرەکان بەکار هێنا. ئەمەو حەز و ویستی هۆزە نەیارەکانیش زۆر بوو، تا لە ڕێگای داوای دەوڵەتی سەردەست و داگیرکەرانی خاکی کوردستانەوە بە زیاتر بگەن. هەربۆیە کاتێک لەلایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ئێرانەوە داوای یارمەتیان بۆ لێدانی هۆزە شۆڕشگێرەکە و شۆڕشەکەی لێکرا، بەدەم داواکەوە چوون، تا لەلایەک هۆزە نەیارەکەیان بە سەرکەوتن نەگات، لەلایەکی دیکەوە ڕەزامەندی دەسەڵاتداران بەدەست بهێنن بۆ پشتیوانی لە خۆیان و هۆزەکەیان. دواجار بەم هۆیە هۆزە شۆڕشگێڕەکە لێدراو و تێکشکاو کۆتایی بە شۆڕشەکەی هاتوە. هەر بۆیە کاتێک لە مێژوویی ئێمەی کورددا، سەرۆک خێڵ و سەرۆک هۆز و سەرۆکی بنەماڵەیەک ڕێبەرایەتی شۆڕشێک یان ڕاپەڕین و جووڵانەوەیەکی کرد، هۆز و خێڵ و بنەماڵە نەیارەکانی، بەرامبەری وەستان. واتە لەبری ئەوەی هەمووان خەمی کۆی نەتەوە و خاکەکەیان بێت، خەمی مانەوە و هێز و دەسەڵاتی خۆیان بوو. ئەوەش بە زیانی کۆی خەباتی کورد کۆتایی هات. بە هەمان شێوە کاتێک مامۆستا یان پێشەوایەکی ئایینی ڕێبەرایەتیی شۆڕشێکی کوردییان کرد، بەو پێیەی سەرچاوەی ئایینی ئیسلام یان ڕێبازێکی ئایینی خاکی کوردستان نەبوو، هەربۆیە لەلایەن پێشەوا و پێگە ئایینییەکانی دەرەوەی کوردستان لێدران. ئەوانەشی سەرچاوەیان خاکی کوردستان بوو، ئەوەندەی خەمی کۆی ئایینەکەیان بوو، خەمی خاک و نەتەوەکەیان نەبوو. بۆ نموونە کاتێک فارسەکان و دەوڵەتی ئێران، خۆیان بە خاوەنی ئایینزای شیعە زانی، هەمیشە لەنێو کورددا پێکهاتەی شیعەی کوردییان لە دژی ئایین و پەیڕەوە ئایینییە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی بەکارهێنا. هەروەها بۆ ئایینزای سوونە و کۆی ئایین و ئایینزاکانی تری کوردستان، هەر وابوو. وەک ئەوەی سەردەمانێک لە شاری "ئیستانبۆڵ"ی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی، کە پێگەی سولتانی عوسمانی و خۆی بە ڕێبەری ئایینزای سوونە دەزانی، فتوای لێدانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد درا.

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر باسێکیش دەسکەوتەکانی شۆڕشی سمکۆخانی شکاک بکەین. کورد چەندە توانیویە لەو دەسکەوتانە بۆ بەرەوپێشچوونی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خۆیی کەڵک وەربگرێ؟

**د. کەیوان ئازاد ئەنوەر**: ئەگەر بە عەقڵانی لەم بابەتە بڕوانین شۆڕشی سمکۆی شکاک ئەو دەسکەوتانەی بەدی نەهێنا کە پێویست بوون. با هەر یەکێک لە ئێمە چاو لە مێژوویی شۆڕشەکەی سمکۆ بکات و بزانێت، توانی شارێک ئاوەدان بکاتەوە؟ پردێکی گەورە دروست بکات؟ بنەمای شارستانییەت لە نێو شۆڕشەکەیدا بنیات بنێت؟ زمانی کوردی سنوورەکەی یەک بخات؟ یان فەرهەنگێک بۆ زمانی کوردی دابنێت؟ خوێندنگەیەک یان زانکۆیەک بکاتەوە، تا ببێتە بەرهەمی داهاتووی نەتەوەکەی؟



سەرچاوە
Serchawe

یان باڵەخانەیەک وەک کۆشکی سەرۆکایەتی شۆڕشەکەی بنیات بنێت، تا دواتر وەک شوێنەوارێکی گەورەی خۆی و شۆڕشەکەی بمێنێتەوە و پێشانمان بدات، کە ئەو لە وەها شوێنێکدا بۆ ماوەیەک شۆڕش و حکوومەتداری کرد؟ دیارە ئەوەش بۆ "شۆڕشەکەی سمکۆی شکاک" هەر وانییە، بۆ زۆربەی هەر زۆری شۆڕش و دەسەڵاتەکانی مێژووی کورد هەر وابووە. وەک ئەوەی کوان ئەو باڵەخانانەی کە میر و سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی کوردی تێدا ژیان و فەرمانڕەوایەتیان تێدا کرد؟ لە هەمووی مێژووی ئێمەدا تەنیا هەر دوو شاری "سولەیمانی و ڕەواندز"مان وەک (دوو) شاکاری کوردی بۆ ماوەتەوە کە لەلایەن میرەکانی کوردەوە دروست کرابێت. بەدەر لەوە، کوا ئەو دەسکەوتە ماددییە گەورانەی نەک هەر شۆڕشەکانی کورد، بگرە دەسەڵاتە کوردییەکانیشمان بەرهەمیان هێنا؟ جیاواز لەوەو بەدەر لە دەسکەوتی ماددی، شۆڕشەکانی کورد بە شۆڕشەکەی "سمکۆی شکاک"ەوە، دەسکەوتی مەعنەوی هەبووە. وەک ئەوەی شۆڕشێکی کوردانەی بۆ نەتەوە و خاکەکەی کرد. تەمەنی بۆ خەبات و قوربانیدان دانا و لەو پێناوەشدا شەهید بوو. ئەوەش کردی بە توانایی خۆی کردی و بۆ ماوەی (١٢) ساڵ بەرامبەر نەیارەکانی وەستا. لەو ماوەیەش لە پێکهێنانی چەند ئەنجومەنێکی نێوخۆیی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئەو گوند و شارانەی لەژێر دەسەڵاتیدا بوون ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بوویێت، کاریکرد. هەروەها کاری بۆ بە زیندوو هێشتنەوەی زمانی کوردی و خوێندی کوردی کرد کە ئەوەش هەوڵێکی کەم نەبوو.

**شەهرام سوبحانی**: کاک کەیوان سپاس بۆ بەشداریتان و ماندوو نەبن

**د. کەیوان ئازاد ئەنوەر**: سپاس ئێوەش ماندوو نەبن.

١٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

## د. ئارەزوو نەستانی: کێشەی گەورەی پرسی مافی مرۆڤ لە یاسای نێودەوڵەتیدا نەبوونی زەمانەتی جێبەجێکردن و سزادانی لایەنی پێشێلکارە



### ئاماژە:

کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی خۆسەپێنی خۆی بە جینایەتخوڵقێنی لە کوردستان دەست پێ کرد. بناغەی دەسەڵاتەکەی بە کوشتاری بە کۆمەڵ لە کوردستان و ئێعدامی زیندانییانی سیاسی و جیابیران و سەپاندنی کەشی سەرکوت قایم کرد. سیاسەتە دژی مافی مرۆڤییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ماوەی تەمەنی ئەو ڕێژیمەدا درێژەی بووە. هەربۆیەش بە بەردەوامی لەلایەن ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤەوە مەحکووم کراوە. هەر لەو ماوەیەشدا جاوید ڕەحمان، ڕێپۆرتەری شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافی مرۆڤ لە کۆبوونەوەیەکی شوڕادا باسی لە کۆمەڵکوژییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەیەی ٦٠ لە ناوچە ئێتنیکییەکان ئێران کرد و ئەو کارەی بە ژێنۆساید و هەروەها کوشتاری زیندانییانی سیاسی و تاوانی دژە مرۆڤایەتی ناو بردوە. بۆ تاوتوێکردنی زیاتری ئەم بابەتە وتووێژێکمان لەگەڵ بەڕێز د. ئارزەوو نەستانی، مافناس، مامۆستای زانکۆ و ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێناوە.

## شەهرام سوبحانی

**شەهرام سوبحانی: خاتوو ئارەزوو زۆر سپاس بۆ بەشداریتان سەرەتا لەم پرسیارەڕا وتووێژەکەمان دەست پێ دەکەم. جاوید ڕەحمان لە ماوەی ڕابردوودا باسی لەوە کرد کۆمەڵکوژییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەیەی ٦٠ لە ناوچە ئێتنیکییەکان ئێران دەکرێ ژێنۆساید بووبێ و کوشتاری زیندانییانی سیاسی تاوانی دژە مرۆڤایەتی بووە. گرینگی و بایەخی ئەو باسە لە چیدا دەبینن؟**

**د. ئارەزوو نەستانی**: ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا وەک گەورەترین نارەزایەتیی پاش شۆڕشی ٥٧، چ لە ئاستی ناوخۆی ئێراندا و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لێکەوتە و کاردانەوەی جۆراوجۆری لێکەوتەوە. هەرچەند قورسایی ئەو بزووتنەویە زیاتر لە ناوچە پەراوێزییەکانی ئێران و بەتایبەت لە کوردستان و بەلووچستان بوو، بەڵام لە گشتییەتی خۆیدا توانی سیستەمی سیاسی لە ئێراندا بەشێوەیەکی جیددی تووشی ئاڵەنگاری بکاتەوە. گشتگیری و بەرفراوانی ڕاپەڕینەکە لە لایەک و سەرکوتی سیستماتیک و توندی دەسەڵات لە لایەکی دیکەوە پرسیاری گەورەی لە سەر مەشروعیەتی ڕێژیم دروست کردوە کە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا وێنەی نەبووە. ئەوەی لە ناوخۆ و دەرەوە مەشروعیەت دەداتە ڕێژیمێکی سیاسی، بەرپرسیار بوونێتی بەرامبەر بەهاکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەک ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و دەروەست بوون بەرامبەر بەرپرسیارەتییە نێودەوڵەتییەکان کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا دانیان پێدانراوە.

هاوسۆزی بەربڵاوی ڕای گشتی لەگەڵ ئەو نارەزایەتی دەربڕینانە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی پارێزەری مافی مرۆڤی بەرەورووی بەرپرسیارەتی کردۆتەوە سەبارەت بەو پێشێلکارییە فراوانەی لە ناوچە جیاوازەکانی ئێراندا ئەنجام دران و لەڕێگەی سۆشیال میدیا و هێڵەکانی ئینترنێتەوە گەیشتنە چوارگۆشەی جیهان. لەلایەکی دیکەوە و هاوکات لەگەڵ خۆپیشاندانەکان لە ناوخۆی ئێراندا، ڕەوەندی ئێرانی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان چالاکی و ئاکسیۆنی گەورە و بەرچاوی ئەنجامدا و دەتوانین بڵێین نەخشی لۆبی دژی کۆماری ئیسلامی گێڕا. هەموو ئەوانە لە پەنای سروشتی کۆماری ئیسلامی وەک ڕێژیمێکی لاسار لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، وێنایەکی لە دەسەڵات لە ئێراندا دروست کردوە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی بەرەو گرتنە بەری میکانیزمێک بۆ کۆنترۆڵی ئەو ڕێژیمە پاڵ پێوەناوە. دانانی ڕیپۆرتەرێکی تایبەت بۆ بەدواداچوونی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا هەوڵێکە بەو ئاراستەیەدا. ڕاپۆرتەکە کە بەرهەمی لێکۆڵینەوەی چەند ساڵەی جاوید ڕەحمانە، باس لە پێشێلی بەربڵاو و سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە دەیەی ٦٠دا دەکا و ئیدعا دەکا کە تاوانی دژەمرۆیی و تاوانی ژێنۆساید دژی زیندانیانی سیاسی و بەهاییەکان و هەروەها ناوچە ئێتنیکییەکان کراوە. ئەو دوو تاوانە بە تاوانە هەرە مەترسیدارەکانی پێشێلکەری مافەکانی مرۆڤ ئەژمار دەکرێن و لە چوارچێوەی سەلاحیەتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا پێناسە کراون. گرینگیی هەوڵەکانی لە شێوەی ئەو ڕاپۆرتە لەوە دایە کە لە لایەک ڕای گشتیی نێودەوڵەتی وشیار دەکاتەوە لەو تاوانانەی ئەنجام دراون و یارمەتی ئەوە دەدا کە هەوڵەکانی گۆشەگیر



سەرچاوە
Serchawe

کردنی کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا خێراتر بکرێن و لەلایەکی دیکەو ئەو نیگەرانییە لای تاوانباران دروست دەکا کە ڕووبەڕووی سزا ببنەوە.

**شەهرام سوبحانی: بە نیسبەت ئێرانەوە چ شتێک ڕووی داوە کە ئەمڕۆ "جاوید ڕەحمان" لە "ژنێڤ" داوا لە کۆمەڵگەی جیهانی دەکا لەهەمبەر ئەم جینایەتانەی کۆماری ئیسلامیدا ڕێوشوێنی تایبەت بگرنە بەر؟**

**د. ئارەزوو ئەستانی:** جاوید ڕەحمان ڕیپۆرتەری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ لە ئێراندا، دامەزراوەیەکە لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا و دەبێ سەرنج بدەینە ئەو واقعیەتە کە سیاسەت دیوەکەی تری یاسای نێودەوڵەتییە و ناتوانرێ کاریگەریی ڕووداوە سیاسییەکان لە دۆخە یاساییەکان بسڕدرێتەوە. ڕاپۆرتی ئەوساڵی جاوید ڕەحمان ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەی بە سەرەوەیە کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەو کەلێن و دوورکەوتنەوەی نێوان خەڵک و دەسەڵات هاتۆتە ئاراوە. مەبەستم ئەوەیە جەخت لەوە بکەمەوە کە تەنیا لە چوارچێوەی ڕێوشوێنەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەگشتی یاسای نێودەوڵەتیدا ناتوانین تێگەیشتنی تەواومان لەسەر ئەو ڕاپۆرتە هەبێ و زەمینەی سیاسیی ڕاپۆرتەکە لەبەرچاو نەگرین. هەروەک لە ڕاپۆرتەکەی جاوید ڕەحماندا باسکراوە پێشێلکاریی بەربڵاوی مافی مرۆڤ لە ساڵەکانی سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە دەستی پێکردوە و تا ئێستاش درێژەی هەیە، واتە ئەو پێشێلکارییانە بە فەرمانی حکومی و ئیداری و بەشێوەی پلانمەند ئەنجام دراون و ئەنجام دەدرێن، واتە پەیوەندی بە گرژی و هەڵچوون لە قۆناغێکی دیاریکراودا نییە و بۆتە بەشێک لە سروشت و نەریتی دەسەڵات. جاوید ڕەحمان لە ڕاپۆرتەکەیدا کە پێشکەشی ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکانی کردوە ئاماژە بەوە دەکا کە هێزی کوشندە دژی خۆپێشاندەران بەکار هاتووە کە لە دوای ڕووداوی کوشتنی "ژینا ئەمینی" ڕاپەڕیون و هێزە ئەمنییەکان پێچەوانەی ئەوەی دەسەڵاتی ئێران بانگەشەی بۆ دەکات بەپێی پێویست و تەنیا بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە هێزیان بەکارهێناوە، واتە هێزی لەڕادەبەدەریان بەکارهێناوە بە ئامانجی کوشتنی خۆپێشاندەران و بە ئاراستەی کۆتایی هێنان بە نارەزایەتییەکان کە پێچەوانەی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانە. هەروەها بەکارهێنانی هێز لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بە فەرمان و بڕیاری دەسەڵاتی باڵا بووە، بۆ نموونە سپای پاسداران خۆپێشاندەران بە داردەستی دوژمنی دەرەکی ناو دێنێ کە ئەوەش دەستی هێزە ئەمنییەکانی لە دەست بردن بۆ چەک ئاوەڵاتر کردوە. لە کاتێکدا خۆپێشاندەران چەکیان پێ نەبووە و بەشێوەیەکی ئاشتیانە نارەزایەتییەکانیان دەربڕیوە. ڕاپۆرتەکە بەو ئەنجامە دەگا کە تاوانەکانی کوشتن و بریندارکردن و ئەشکەنجەدان لەو نارەزایەتییانەدا دەچنە چوارچێوەی تاوانی دژە مرۆیی. ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لە ژمارەیەکی بەرچاو لە بەڵگەنامە و ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیدا جەختیان لێکراوەتەوە، بۆ نموونە: ڕێککەوتننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و هەروەها ڕێککەوتننامەی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان بەووردی ئەرکی دەوڵەتانی لە

ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ دەستنیشان کردوە و ئێرانیش یەک لەو وڵاتانەیە کە ئەو ڕێککەوتننامەیەی ئیمزا کردوە و پابەندیی خۆی بە جێبەجێ کردنی ڕاگەیاندوە. سەرەڕای هەموو ئەوانە کێشەی گەورەی پرسی مافی مرۆڤ لە یاسای نێودەوڵەتیدا نەبوونی زەمانەتی جێبەجێ کردن و ئۆرگانی تایبەتمەندی نێودەوڵەتییە بۆ سەپاندنی ئەو مافانە یان سزادانی لایەنی پێشێلکار. بەتایبەت کاتێک پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە دژی خەڵکەکەی خۆی ئەنجام دەدرێت، لەو حاڵەتەدا دەوڵەت بانگەشەی ئەوە دەکا کە پرسەکە ناوخۆییە و لە چوارچێوەی سەروەری و حاکمیەتی دەوڵەت دایە کە بەپێی میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک دەرفەت و مەجال هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی پێشێلکاریی بەربڵاوی مافی مرۆڤ لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا. دامەزرانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی هەنگاوێک بوو بۆ دەرهێنانی پرسی پێشێلی مافەکانی مرۆڤ لە پرسێکی نێوخۆییەوە بۆ پرسێکی نێودەوڵەتی. هەندێ جار پێشێلکاریی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ هەڵوێستی ئەنجومەنی ئاسایشی لێکەوتۆتەوە لەژێر ناوی هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی. بۆ نموونە: دانانی هێڵی دژەفڕین لە عێراق بۆ پاراستنی کورد و شیعەکان لە دەسەڵاتی بەعس بە یەکەم دەستێوەردانی مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنرێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی پێشێلکاریی بەرفراوانی مافەکانی مرۆڤ. هەروەها دەستێوەردانی سەربازی لە کۆزۆڤۆ لە ١٩٩٩ لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشێلکاریی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ. جاوید ڕەحمان بە بەڵگەمەند کردنی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دژی گەلانی ناڕازیی ئێران و سەلماندنی ئەوەی تاوانی مەترسیداری دژەمرۆیی و تەنانەت ژینۆساید لەلایەن دەسەڵاتەوە ئەنجام دراون و هەروەها ئاگاداربوون لە لاوازیی پێگەی ڕێژیم لە ناوخۆ و دەرەوە، هەوڵ دەدا لە لایەک سەرنجی ڕای گشتی بۆ تاوانەکان ڕابکێشێ و تێچووی ئەو پێشێلکارییانە بەرێتە سەر و لەلایەکی دیکەوە زەرفییەتە دادوەرییەکانی وەک دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و سەڵاحیەتی جیهانیی قەزایی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ دادگایی کردن و سزادانی تاوانباران بخاتەڕوو. هەر بۆ ئەو مەبەستە لە ڕاپۆرتەکەیدا سەرنجی ئەنجومەنی مافی مرۆڤ بۆ دادگای حەمیدی نووری و هەروەها دادگای خەڵکیی ئابان ڕادەکێشێ.

**شەهرام سوبحانی**: بۆچی کورد و بزووتنەوەی سیاسیی کورد هەتا ئێستا نەیتوانیوە پەروەندەی ئەو جینایەتانەی کۆماری ئیسلامی لە دادگایەکی نێونەتەوەییدا وەگەڕ بخات؟

**د. ئارەزوو نەستانی**: بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانێ لەو زەرفیەتە یاساییانە کەڵک وەرگرێ بۆ بەرپرسیار کردنی کۆماری ئیسلامی یان بەرپرسان و ڕێبەرانی بەشدار و بڕیاردەر لەو تاوانانەدا، پێویستە تێگەیشتنێکی دروستی هەم لە دەرفەتە دادوەرییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەم لە پێگەی یاسایی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە یاسای نێودەوڵەتیدا هەبێ و هەروەها تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بەشێوەیەکی بەڵگەمەند کۆبکاتەوە. کەموکووڕی



سەرچاوە
Serchawe

لە نەزمی نێودەوڵەتیدا و باڵادەستیی نەخش و ڕۆڵی دەوڵەت لە داڕشتن و جێبەجێ کردنی یاسا نێودەوڵەتییەکاندا بوونەتە هۆی ئەوەی یاریکەرانی نادەوڵەتی و یەک لەوان بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان بکەونە پەراوێزی ڕووداوەکانەوە و دەنگیان نەبیسترێ یان بە زەحمەت ببیسترێ. کە دەڵێم نەبیسترێ مەبەستم ئەوەیە تەعامولی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە و یەک لەوان ئێران لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە سیاسی، ئابووری و ئایدۆلۆژییەکانە نەک لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە بەهاکانی مافی مرۆڤ.

**شەهرام سوبحانی**: ئەو باس و گۆڕانکارییانە چ ئەرکێک دەخاتە سەر شانی وڵاتان و ڕێکخراوە جیهانییەکان؟

**د. ئارەزوو نەستانی**: هەروەک لە وەڵامی پرسیاری پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئەگەر قەرارە ئەو هەوڵانەی لەلایەن دامەزراوە فەرمییە نێودەوڵەتییەکانی وەک ڕیپۆرتەری تایبەتی مافی مرۆڤ بۆ ئێران دەدرێن دەرەنجامێکی لێبکەوێتەوە، ئەوا پێویستە زەرفیەتەکانی یاسای نێودەوڵەتی بخرێنە گەڕ. لەکاتێکدا پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بلۆکبەندییە سیاسییەکان کاریگەریی بێ ئەملا و ئەولایان هەیە لە سەر ئاراستەی هەوڵ و دەرەنجامەکان. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر یاسا بە تەنیا حوکم بکا و بەدەر بێ لەو باندۆرە سیاسییانەی ئاماژەمان پێکردن، هیوای دادخوازی و سزادانی پێشێلکارانی مافەکانی مرۆڤ بەدی دەکرێ. جاوید ڕەحمان لە ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێ تاوانەکانی دژەمرۆیی و ژینۆساید دژی ناوچە ئێتنیکییەکان کراوە، ڕێچکەی باوی نێودەوڵەتی لە حاڵەتی هاوشێوەدا ڕوودانی ئەو تاوانانە بە مەترسی بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەزانێ وەک ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیاری ١٩٧٣ی ساڵی ٢٠١١، دەستێوەردانی مرۆڤ دۆستانەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن ڕێژیمی قەزافی لە یەمەن پەسند کرد. بەڵام ئەو دۆخە بە کردەوە کاتێک ڕوو دەدا کە مەشروعیەتی ڕێژیمی سیاسی لە ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا بە شێوەی بەرچاو درزی تێکەوتبێ.

سەبارەت بە ئێران سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ تەریک کەوتنەوەی نێودەوڵەتی بەرەوڕوو بۆتەوە، وەک دەوڵەتێکی نابەرپرس لەئاست بەرپرسیارەتییە نێودەوڵەتییەکان دەرکەوتووە و زۆربەی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤی پێشێل کردوە و هەروەها بە دنەدانی گرووپە جیهادییە توندڕەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بنەمای دەستێوەرنەدان لەکاروباری ناوخۆیی وڵاتان وەک بنەمایەکی جێگرتووی یاسای نێودەوڵەتی پێشێل کردوە، تا ئێستاشی لەگەڵ بێ قەناعەتێکی نێودەوڵەتی بۆ هێنانەڕۆژەڤی ئەو پرسانە لە گۆڕێ نییە کە بتوانێ ڕێژیم ڕووبەڕووی بەرپرسیارەتی بکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە بەهۆی ئەو جەمسەربەندییەی کە لە ئەنجومەنی ئاسایش وەک تاقە ئۆرگانی جێبەجێ کردنی نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە، ئەنجومەنی ئاسایش لە پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا بە سەر دوو بەرەی ناکۆک و دژیەکدا دابەش بووە و



سەرچاوە
Serchawe

بە کردەوە هەر چەشنە هەوڵێکی بۆ پەنابردن بۆ فەسڵی حەوتەمی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان نەزۆک کردوە. ئەستەمە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر سزادانی کۆماری ئیسلامی بەپێی ئەو میساقە ڕێک بکەوێ، وەک ئەوەی بەرامبەر ڕێژیمی سەددام کرا لە ساڵی ١٩٩١ بۆ پاراستنی کورد.

**شەهرام سوبحانی**: بزووتنەوەی سیاسیی کورد چۆن دەتوانێ ئەمە بکا بە دەرفەت بۆ دادخوازی و کردنەوەیەکی بەرەیەکی دیکەی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی؟

**د. ئارەزوو نەستانی**: پرسی کورد لە ئێراندا پرسێکی سیاسی و یاساییە، هەر بۆیە پێویستە لە هەر دوو ڕەهەندەکەوە بۆ بەدیهێنانی مافەکانی خەبات بکا. ئەوەندەی بزووتنەوەی کورد گرینگی بە لایەنی سیاسیی پرسی کورد داوە، لایەنەی یاسایی تا ڕادەیەکی زۆر پشتگوێ خستوە. کاتێک باس لە ڕەهەندی یاسایی پرسی کورد دەکەم مەبەستم ئەوەیە مافی نەتەوەیی خۆی لە خۆیدا پرەنسیپێکی دانپیانراوی نێودەوڵەتییە کە لە ژمارەیەک لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا جەختی لە سەر کراوەتەوە و تەنانەت وەک عورفێکی نێودەوڵەتی سیفەتی ئیلزامی وەرگرتوە و بەپێی یاسای نێودەوڵەتی هیچ دەوڵەتێک ناتوانێ نکۆڵی لێ بکا. لە لایەکی دیکەوە کورد دەتوانێ بە سەلماندنی ڕەفتاری ڕەگەزپەرستانەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ڕێگەی بەڵگاندنیان بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پشتیوانییەکی یاسایی بۆ پرسەکەی دەستەبەر بکا. کەواتە کورد دەبێ هەموو دەرفەت و لەمپەرەکانی دادخوازی لە پرسی پێشێلی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستاندا لەبەر چاو بێ و تیمێک پارێزەری شارەزا بە شێوەیەکی پرۆفێشناڵ بکەوێتە کار بەردەوام بۆ بەڵگاندنی تاوانەکان ڕێژیم لە کوردستان و گەیاندنیان بەو سیستەمە دادوەرییانەی سەڵاحیەتێکی جیهانی بۆ تاوانە مەترسیدارەکانی پێشێلی مافەکانی مرۆڤ قەبووڵ کردوە، جا چ دادگا نێودەوڵەتییەکان بێ یان دادگای ئەو وڵاتانەی ئەو سەڵاحیەتەیان قەبووڵ کردوە. کەیسی حەمیدی نووری نموونەیەکی سەرکەوتووە لەو بوارەدا و دەتوانێ یارمەتیمان بکا بۆ دۆزینەوەی دەرفەتەکان.

**شەهرام سوبحانی**: خاتوو ئارەزوو سپاس بۆ بەشداریت و ماندوو نەبی

**د. ئارەزوو نەستانی**: سپاس ئێوەش ماندوو نەبن.

٢٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

## حەسەن حاتەمی: لە شەڕی بەرفراوانی حیزبوڵڵای لوبنان و ئیسرائیلدا ئەگەری تێوەگەلانی کۆماری ئیسلامیی زۆرە



### ئاماژە:

گرژییەکانی ئیسرائیل و حیزبوڵڵای لوبنان لە ناوچەکە هەر ڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنن و ئەم گرژییانە ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕێکی گەورەی لە ناوچەکەدا بەهێز کردوە کە دەتوانێ کاریگەری زۆری لەسەر داهاتووی سیاسیی ئێران و ناوچەکەش هەبێت. لە دیمانەیەکی تایبەتدا لەگەڵ کاک حەسەن حاتەمی، چاودێری سیاسی باس لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژەڤی ئێران و ناوچە دەکەین.

**شەهرام سوبحانی**: کاک حەسەن وەک دەبینین گرژییەکانی ئیسرائیل و حیزبوڵڵا لەم ماوەدا پەرەی سەندووە بە بڕوای بەڕێزتان ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕێکی دیکە لە ناوچەکە ئارادایە؟

**حەسەن حاتەمی**: وەزعییەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتیی و شەڕی پڕ خوێن و پڕ تێچوو و تەژی لە ڕووداوگەلی زۆر ناخۆش، بەتایبەتی لە دوای کارەساتی ٧ی ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠٢٣دا، وەزعێکی وای خوڵقاندووە، کە هەرئان و ساتێکی

ئیمکانی کارەساتی زۆر لەوە گەورەتر لەو ناوچە ئاڵۆز و پڕ کێشەیە هەیە، کە ئەگەری شەڕی بەفراوانی نێوان حیزبوڵڵای لوبنان بیخوێنەوە سپای پاسدارانی دووهەمی کۆماری ئیسلامی ئێران- و ئیسرائیل یەک لەوانە چونکە دامەزرانی حیزبوڵڵا و پەرەگرتن و بەرفراوانی لە لوبنان بە یارمەتی و هەوڵدانی ڕاستەخۆی کۆماری ئیسلامی ئێران لە چوارچێوەی بیری ئازادکردنی فەلەستین و لەنێوبردنی ئیسراییل دا، لە گەرمەی شەڕی ١٤ ساڵەی نێوخۆیی ئەو وڵاتە و لە ساڵی ١٣٦٢ (١٩٨٣) وە بوو بە گرینگترین و نیزیکترین خاڵ بۆ کێشەی ئیسراییل و فەلەستین لە چوارچێوەی شەڕی عەرەبەکان و ئیسڕاییل دا.

**شەهرام سوبحانی**: سەرهەڵدانی ئەو شەڕە دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامیشی تێوە بگلێ؟

**حەسەن حاتەمی**: کۆماری ئیسلامی ئێران بە پێی وڵامی پرسیاری یەکەم، بەردەوام کەم و زۆر دوور و نیزیک لەو شەڕەدا بەشدار بووە و هەیە. قسەکانی حەسەن نەسروڵڵا لەو بوارەدا، کە هەموو کەل و پەلە پێداویستییەکانی ڕێکخراوە تێرۆریستی و ئاژاوەگێڕانەی کە لە زنجیرەی «مقاومت» و قەرەبووی هەموو تێچووەکانی لە شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل دا، بە تایبەتی شەڕی ٣٣ ڕۆژەی ٢٠٠٦دا، تەنانەت خزمایەتیی پێکهێنان لە ڕێگەی ژیانی هاوبەشی کچان و ژنان ئێرانی ئیسلامی و حیزبوڵڵای لوبنان و پێچەوانەکەی لە لایەک و چەک و چۆڵی نیزامی و لۆجستیکی و بارهێنان و پەروردەی «ئەولادەکانی شەڕی بیری قاسم سولیمانی و سپای قودس» لەلایەکی دیکە، لە ئەگەری شەڕی بەرفراوانی حیزبوڵڵای لوبنان لەگەڵ ئیسرائیل، تێوەگلانی پتری کۆماری ئیسلامیی هەیە، کە نەتەنیا خۆی بەڵکوو هەموو گرووپە پرۆکسی (نیابەتی)یەکانی کە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیەتی و بە ناوی «هلال شیعه» دەناسرێن لەو شەڕە دەگلێن.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا گۆڕانکاریی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئارادایە؟ و ئەم گۆڕانکارییە چەندە دەتوانێ بە قازانجی نەتەوەی کورد بێت؟

**حەسەن حاتەمی**: هەروەک دوای کارەساتی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ بەشێک لە سیمای جیهان و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕا، کارەساتی ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ لە هێرشکردن بۆ ئیسراییل و قەتڵ و عام و کوشتاری بە کۆمەڵ و بارمتەگریی و تێکدانی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە هۆی «پیمان ابراهیم» بەرەو ڕەوتی گەورەتری ئاشتی نێوان عەرەب و ئیسرائیل دەچوو کە لەوانە بوو بە کەمترین تێچوو دەوڵەتی لانیکەم دیفاکتۆی فەلەستینیشی لێ دروست بێ، بەرەو ئاقارێکی زۆر ناخۆش و شەڕ و وێرانی چووە. ئەو ڕووداوە کە پتر لە ٩ مانگ تێپەڕاندە و و تراژیدییەکی مرۆیی و وێرانی لێکەوتۆتەوە. گۆڕانکارییەکی زۆر پێویستی لەسەر میزەکانی بڕیارداندا، داناوە و لە ژوورە فیکرییەکانی ئەمنییەتی

ناوچەیی و جیهان باسەکانیان گەرمە. نەتەوەی کورد بەداخەوە لە سەدەی ٢٠ دا و لەگەرمەی شەڕی جیهانی یەکەم بە جۆرێک دابەشکرا، کە ماددەکانی ٦٢، ٦٣ و ٦٤ ی پەیمانی سیڤریش ئیمکانی پێکهێنانی کیانێکی نە تەنیا سەربەخۆ بەڵکوو خۆجێیشی بۆ نەڕەخسا. ئەو نەتەوە دابەشکراو و ماف پێشێلکراوە، پتر لەشەڕەکانی جیهانی و یا ناوچەیی کە دەسەڵاتی ناوەندیی لاواز بوون، توانای هەوڵدان و تێکۆشانی بەرجەستەتر و بەدەستکەوتتر بووە. بۆ وێنە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی و دروستبوونی حیزب و ڕێکخراوەکان پتر لەنێو کوردان و خەباتی دەیان ساڵەی کورد و کوردستانییەکان لە دامەزرانی کۆماری کوردستان، هەتا پێکهاتنی حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان و ئازادیی ڕێژەیی و بەڕێوەبەریی خۆجێی لە ڕۆژئاوا، تا ئێستا ئەو بەرهەمانە بوون کە وەدەست هاتوون. لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانیش کە بۆ ماوەیەکی کورت ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەی مەدەنی ئازاد کرا. بەڵام بەداخەوە لە یەکەم بەهاری ئازادیدا، کە خوێناوی کرا، ململانێی ئازادی و گەیشتن بە مافەکان لە بەرامبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران درێژەی هەیە. کەوابوو هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێک کە دەسەڵاتی ناوەندی کە نیشتیمانی کوردانی تێدایە، لاواز بێ یا جۆرێک دێموکراسی و بەفەرمیی ناسینی مافەکان بە کردەوە ئیجرا کرێن، سوودی گەلی کوردی تێدا دەبێ.

**شەهرام سوبحانی**: لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە ئەگەری دروستبوونی فەزایەکی سیاسی و مەیدانی چۆن دەتوانن ئەو هەلە بقۆزنەوە بۆ نێوخۆیی وڵات؟

**حەسەن حاتەمی**: لەنێوخۆی وڵات بەگشتیی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی لە خەرمانانی ١٤٠١ و شۆڕشی ژینا لە درێژەی خەباتی پتر لە ٤٠ ساڵە بە ڕەهەندی جۆراوجۆردا، بەرەو بزووتنەوی شۆڕشگێڕی هەنگاوی نا و هەموو گەلانی لە ئێران بەشێوەی ڕێژەیی، بۆ نەویستنی ڕێژیمی دیکتاتۆری ئاخۆندی، سپایی، مافیایی، ئەمنییەتی زۆر بوێرانە و بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لە کوردستان بەرەو هەموو ناوچەکانی جوغرافیای ئێران و بەشێکی زۆر لە جیهان چوو، کە ڕێژیمی هەتا لێواری نەمان برد. ئەو پتانسیلە سەرەڕای سەرکوتی بێ بەزییانە لە هەناوی کۆمەڵگەکان لە ئێران بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە جۆرێک هەر هەیە. نیشانەکانی ئەو وەزعیەتە لە چوار جار لە بە ناو «انتخابات»تەکانی ڕێژیم بە باشی ڕەنگیان داوەتەوە، کە لە ١٦ی پووشپەڕی ١٤٠٣دا، وەلی موتڵەقەی فەقیهی دووهەم (عەلیی خامنەیی) ناچار بە پاشەکشە و جۆرێک لە «نرمش قهرمانە» بردوە. لەو بەستێنەدا، یەکێک لەگرینگترنیان شوێنەکانی جێی متمانەی گەلی کورد و کوردستانییەکان ناوەندی هاوکاریی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وڵامی کۆمەڵگەی مەدەنی و ماف ویستان و کەرامەتخوازانی مرۆیی کە لە «قتل سیاسی حاکمیەتی» ژینا کچە کوردی بە مەهسا کراو، لە تاران بە یارمەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لاوەکان، ژنان و کچان و نەسڵی نوێی (زێد) بوێر و چاونەترس کە بە هاتنە مەیدان، مێژوویەکی نوێیان تۆمار کرد، بە ڕوودانی هەر ئەگەرێک، زۆرترین ئامادەیی لەنێوخۆ دروست دەبێ، بەو مەرجەی هەم

یەکگرتوویەکی پتەوی کورد و کوردستانی، لەلایەک و یەکڕێزی نەتەوەکانی نافارس و فارس بە هەست بە بەرپرسایەتی تاکوو کۆی دیکتاتۆر نەویستان و مافخوازتەوەرکان لە دنیای کلیک (کرتە) کان، لەلایەکی دیکە، هاوپێوەندی و هاوخەباتی بەرفراوان دەتوانێ لەنێوخۆ و دەرەوە جێبەجێ بێ.

**شەهرام سوبحانی**: ئەو شەڕە چەندە کاریگەری لەسەر بارودۆخی سیاسی، ئابووری، و... کۆماری ئیسلامی دەبێت؟

**حەسەن حاتەمی**: چ ئەو شەڕەی لەسەرەوە باسی کرا و چ شەڕی رووسییە و ئۆکراین، کە کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەک خۆی تێوەگلاندوە و هەر شەڕ و تێکهەڵچوونێکی دیکە، کاریگەرییەکی فرەی لەسەر وەزعییەتی، ئابووری، سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی گەلانی پێکهاتەی ئێران و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەبێ. هەرچەند بەداخەوە وەلی فەقیهی یەکەم (بە ئایەتوڵڵاکراوی مەزهەبی، خومەینی) بە دەنەدانی هەڵایسانی شەڕی ئێران و عێراق و ٨ ساڵ لەو شەڕە کە ٦ ساڵ و نیوی درێژی دروشمی زۆر نادروستی «شەڕ شەڕ هەتا تەواوبوونی فیتنە لە عالەم» بوو، کە بە خواردنەوەی «جامی ژەهر »ە، بەناوبانگ ئاگر بەست کرا. وەلی موتڵەقەی فەقیهی دووهەمی بە ئایەتوڵڵای سیاسی کراو، عەلیی خامنەییش بە دروشمی «محور مقاومت» و پەرەپێدان بە شێعەگەریی لە جیهان لەژێر بیری «تمدن اسلامی»، بەردەوام لە شەڕی نهێنی و ئاشکرا دایە و بەرهەمەکەشی، هەڵاوسانی پتر لە ٥٠٪ ی، وەزعی شپرزەی ئابووریی گەلانی ئێران، بوونی بە میلیۆنان موعتاد، دابەزین پووڵی نەتەوەیی بۆ نزمێکی سەر سووڕهێنەر، زۆرترین قاچاغی ماددە هۆشبەرەکان و دروستکاری حەبە مەترسیدارەکانی جۆری دووهەمی هۆشبەری، سەرکوتی بەردەوامی ژنان لە شەقامەکان و گوشاری زۆر بۆ زیندانییە سیاسییەکان و چوونە سەری زۆری گیان لێئەستێندراوکان لە گرتووخانەکان و وڵامدەرنەبوون لە ژیانی کوڵەمەرگی گەلان لە ئێران و گیان و ژیانی مرۆڤەکان بە هێند نەگرتن لە بەر بیری مەزنیی خوازیی و بناژۆیی(بنیادگرایی) کە بناخەکەی لە سەر شەڕ و ئاژاوەیە، کە ڕێژیم بەردەوام هەوڵی بۆ دەدا و بە قەوڵی ڕەفسەنجانی: ئێران بە ڕادەی یەک قارە ئیمکاناتی هەیە... بەڵام ناکارامەترین دەسەڵاتی هەیە و وەزعی ناسەقامگیر و کارەسات بارە.

**شەهرام سوبحانی**: کاک حەسەن زۆر سپاس بۆ بەشداریت و ماندووش نەبی

**حەسەن حاتەمی**: سپاس ئێوەش ماندوو نەبن.

٢١ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

## حەسەن شەرەفی: دامەزرانی حیزبی دێموکرات خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کورد بوو



### ئاماژە:

بێگومان ٢٥ی گەلاوێژ یەکێک لە گرینگترین ڕۆژە مێژووییەکانی نەتەوە کوردە، چونکە لەم ڕۆژەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەمین حیزبی مۆدێڕنی کورد لەسەر دەستی پێشەوای نەمر دامەزرا. ئەم حیزبە هەم ڕێچکەیەکی نوێی بۆ خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کورد داڕشت و هەم بووە هۆی هیوا و هۆمێدی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانن لە چوارچێوەی حیزبێکی ئەمڕۆیی و نەتەوەیی وەک حیزبی دێموکراتدا خۆیان ببینەوە و خەبات بۆ ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆیان بکەن. لە دیمانەیەکی تایبەتدا لەگەڵ کاک حەسەن شەرەفی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باس لە بایەخمەندی، دەسکەوت و کاریگەرییەکانی حیزبی دێموکرات لەسەر بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین.

**شەهرام سوبحانی: کاک حەسەن با بەم پرسیارە دەست پێ بکەم، گرینگی و بایەخمەندییەکانی ٢٥ی گەلاوێژ لە مێژووی سیاسیی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چیدایە؟**

**حەسەن شەرەفی:** هەرکام لە بزووتنەوە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بایەخ و شوێندانەری و گرینگی خۆیان هەبووە. و خاوەن تایبەتی خۆیان بوون، بەڵام گرینگیی ٢٥ی گەلاوێژ کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی تێدا دامەزرا وەک سەرەتایەک لە تێکۆشانی نەتەوەیی و لە لایەک بوونی حیزبێکی مۆدێرن بۆ خەبات لە پێناو وەدیهاتنی ئامانج و ئاواتە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی نەتەوەی کورد بە ڕادەیەکە کە دەکرێ ناوی وەرچەرخانی گرینگ لە ڕەوتی خەباتی کورد بە گشتیی پێ بدەین. بەو مانایە کە شێوەیەکی تازە لە جۆری خەباتی بە دوا دەهات کە سیمای بزووتنەوەی کوردی بە تەواوی گۆڕی لە خەباتی تەنیا نەتەوەییەوە بەرەو خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیک برد. لە ڕێبەری فەردییەوە خستیە سەر ڕێلی ڕێبەریی جەمعی و لە دەوری ڕێبەریی کەسایەتی ئایینی و عەشیرەییەوە بەرەو دەوری ڕێبەری سیاسییەوە پێشی خست. لە بزووتنەوەی خێڵەکی و بێ بەرنامەییەوە بەرەو حیزبایەتی و یاسامەندی و خاوەن بەرنامەی ڕوونی سیاسی برد و شکڵی پێدا و لە کۆمەڵگەدا جێگیری کرد. بەڕاستی ئەگەر بمانهەوێ سەرجەم بابەتە ئەرێنییانە دەست نیشان بکەین کە بە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا هاتنە ئاراوە یا شیکاری بۆ بکەین هەر بابەتەی و هەر بەرگێکی کۆمەڵێک وتارە و دەرەتانی لێکۆڵینەوەی وردی پێویستە.

**شەهرام سوبحانی:** پێتان وایە گرینگترین و چارەنووسسازترین بڕگەکانی مێژوویی سیاسی و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٨ دەیەی ڕابردوو کام قۆناغ و سەردەمن و بۆ؟

**حەسەن شەرەفی:** ٨ دەیە خەباتی بێ پسانەوە و بەردەوام بە بەرنامەی سیاسی و بە ئیرادەی درێژەدان بە تێکۆشان و قوربانیدان ئاشکرایە چەند و چەندین بڕگەی مێژوویی لە خۆ دەگرێ کە دەربڕی هەڵکشان و داشکان و سەرکەوتن و لەخۆبایینەبوون و شکست و نائۆمێدنەبوون و کەوتن و هەستانەوەن و هەر کامیان بە جیا شیاوی لێ وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەن. بەڵام ئەگەر بە شێوەی ئاماژەیی قەناعەت بکەین بە بڕوای من بڕگەی دامەزراندنی حیزب خۆی یەکێک لەو بڕگە گرینگانەیە کە بە کورتی لە وڵامی پرسیاری یەکەمدا باسمان لێ کرد. بڕگەی دواتر کە خۆی بەرهەمی بڕگەی یەکەم بووە، دامەزرانی کۆماری کوردستانە کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی سیاسیی کورددا ئەو نەتەوە بوو بە خاوەن کیانێکی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردی لە شکڵی کۆماریدا و ئاکامە ئەرێنییانەی بە دوای خۆیدا هێنا کە بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان بۆ کورد دەستەبەربوون. بڕگەی سێهەم لە ڕوانگەی منەوە ئاڵوگۆڕەکان و هەوڵەکانی دوکتور قاسملوو لە کۆنفرانسی سێ و کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتدا بوو کە ساغکردنەوە و کۆکردنەوە و سەریەکخستنەوەی ئەندامان حیزب و شکڵی ڕێکخراوەیەکی بە واقیعی بە حیزب بەخشی و بەرنامەی ڕوونی سیاسی بۆ حیزب دەستەبەر کرد. سیاسەتی سەربەخۆیی لە حیزبدا جێگیر کرد و کەسایەتییەکی بە حیزب بەخشی کە بەڕاستی شیاوی حیزبێکی نەتەوەیی و دێموکراتیک بوو. دیارە حەرەکەتەکانی ساڵەکانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ و پێش و دوای ئەویش ئەوەندە گرینگ هەن کە دەبێ



سەرچاوە
Serchawe

بایەخی خۆیان پێ بدرێ و هەرکام لە کات و شوێنی خۆیدا شیکارییان بۆ بکرێ. بڕگەیەکی دیکەی گرینگ لە مێژووی حیزبدا ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە کۆتایی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا بوو کە پاش ئەوەندەی سەرکوت و زیندانی ئەندامان. خەڵک لە میتینگی دەیان هەزار کەسیدا لە شاری مەهاباد ئامادە بوون و ڕیشەداربوونی ئەو حیزبەی لە دڵی خەڵک و کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتدا نیشان دا. جیا لەوە لەو هەڵبژاردنانەی کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە شارەکانی کوردستان بەڕێوەچوون کاندیدەکانی حیزب لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو شارانەی کە هەڵبژاردنیان تێدا بەڕێوە چوون هی حیزبی دێموکرات بوون کە جارێکی دیکە قورسایی و خۆشەویستی ئەو حیزبەی خستەوە بەرچاوی هەموو لایەک. لە ماوەی زیاتر لەو ٤٠ ساڵەشدا کە خەبات و تێکۆشانی حیزب پاش فتوای کوشتاری کورد لەلایەن خومەینییەوە سیمایەکی ناسراوتر و شوێندانەرتر لە خۆڕاگر بە خۆیەوە گرت چەندین بڕگەی گرینگی لە فیداکاری و سەرکەوتن و ڕووداوی تاڵ و بە ئازاری تاقی کردەوە شەهیدکرانی ڕێبەران و شەهادەتی تێکۆشەران، دابڕان و ترازانی نێوخۆیی، بەم حاڵەش بە هەڵگرتنی ئەو زامانەش بە چۆک دانەهات و بە قامەت و سیمای تایبەت بەخۆیەوە لە مەیدانی خەباتدا هەروا سوارچاک و چالاک مایەوە. لە بەرانبەردا یەکگرتنەوەکان و وەسەریەککەوتنەوەکان حزوور لە هێندێ ناوەندی نێونەتەوەیی و سەرکەوتن لە پێکهێنانی چەند هاوپەیمانی چ لە کوردستان چ لە ئێران و هەر کام خۆیان وەک بڕگەیەکی تایبەتی شیاوی ئاماژە و لێکۆڵینەوەن کە لەم مەجالە کورت و کەمەدا دەرفەتی پێڕاگەیشتن بە هەمووان بە وردی نییە، چونکە هەموویان گرینگ و پڕ بایەخن.

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر باس لە دەسکەوتەکانی حیزبی دێموکرات لە بڕگە گرینگەکانی مێژوویی خەباتیدا بکەین، ئێوە گرینگی بە کامیان دەدەن، یان چۆنیان ڕیز دەکەن؟

**حەسەن شەرەفی**: لە ڕاستیدا ئەمە هەموو بڕگەکانی مێژووی حیزب دەگرێتەوە، بەڵام دامەزرانی حیزب، دامەزرانی کۆماری کوردستان و بڕگەکانی نێوئاخنی خەباتی زیاتر لەم ٤٠ ساڵەی دوایی حیزب بەگشتی پێک دێنن دەکرێ وڵامی ئەم پرسیارەی ئێوە بێ.

**شەهرام سوبحانی**: کاریگەرییەکانی حیزبی دێموکرات لەسەر بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چی بووە؟

**حەسەن شەرەفی**: کە باسی بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ پێش هەموو ناوێک، ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەوێتەوە بەرچاو و دیارتر و زیاتر لەهەر ناوێکی دیکە خۆی دەردەخا، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ دەوری گرینگ و شوێندانەری حیزبی دێموکرات لەو بزاڤەدا. لە داهێناندا، لە زام هەڵگرتندا، لە فیداکاریدا هەموو ئەمانە و

زۆری دیکە سیمای ئەو حیزبە ئەگەر نەڵێم بە تاقانەیی بەڵام بێگومان بە شوێندانەرترین و جێگای ئۆمێدتربوون بۆ خەڵکی کوردستان دەناسێنێ.

**شەهرام سوبحانی**: ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ حیزبی دێموکرات ٧٩مین ساڵی تەمەنی خۆیی تێپەڕ ئەکات حیزبێک کە دوای کەند و کۆسپگەلێکی زۆر هێشتا لە گۆڕپانی سیاسی دا ماوەتەوە، هۆکارەکانی مانەوەی ئەم حیزبە چییە؟

**حەسەن شەرەفی**: ئەوە کە پاش ٧٩ساڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای ئەو زامانەی هەڵیگرتوون و ئەو شانازییانەش تۆماری کراون هەروا قورس و قایم و بە ئیرادە و ئامادە بۆ فیداکاری تێکۆشەرانی هەر لە مەیداندا ماوەتەوە و بە شوێندانەرییش ماوەتەوە؛

**کۆمەڵێک تایبەتمەندی ئەو حیزبە دەگرێتەوە کە لە سەروویانەوە دەکرێ ئاماژە بەم سێ خاڵە بکەین.**

١- سیاسەتی دروست و واقیعبینانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٢- فیداکاریی و لەخۆبوردوویی تێکۆشەرانی ئەو حیزبە بە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانیەوە.
٣- پشتیوانی بەربڵاو و هەمە لایەنەی خەڵکی کوردستان لەو حیزبە کە بە حیزبی خۆیان و بە فیداکاری بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیان دەزانن.

دیارە لایەنی دیکەش لەو بوارەوە دەوری خۆیان هەبووە، بەڵام بە بڕوای من ئەگەر بە کورتی ئاماژەیی پێ بدەین لەم ٣ تایبەتمەندییەدایە.

**شەهرام سوبحانی**: بۆچی کۆماری ئیسلامی هەمیشە و لە هەموو بەرەکاندا حیزبی دێموکراتی بە سەرەکیترین دژبەر و نەیاری خۆی داناوە؟

**حەسەن شەرەفی**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاڵاهەڵگری وەدیهاتنی کۆمەڵێک ئامانج و ئاواتی خەڵکە کە لە دێموکراسی، مافی نەتەوایەتیی کوردی، عەداڵەت و یەکسانی بەرابەری ژن و پیاو و ...دا خۆی دەنوێنێ. ئەوانەش ئەو بابەتگەلەن کە لەگەڵ بۆچوون و باوەڕی ناسەردەمیانە و دواکەوتووەکانی ئیدئولۆژیی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناتەبان و دابینی ئەوانە بە هۆی ڕووخان و نەمانی خۆی و باوەڕەکانی دەزانێ. جیا لەوە جیددیبوون و پێداگربوونی حیزبی دێموکراتی

**شەهرام سوبحانی**

کوردستانی ئێران لە خەبات دژی ئەو ڕێژیمە و تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجانە حیزبی دێموکراتی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران کردووەتە ئامانجی هەموو جۆرە پیلانەکان و سەرکوت و دژایەتیی ئەو کردەوە جینایەتکارانەیەی هەتا ئێستا دەرحەق بە حیزبی دێموکرات کردوونی.

**شەهرام سوبحانی**: حیزبی دێموکرات بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی و سەرکەوتن لە ڕەسالەتی مێژوویی خۆی ئەویش لە سەردەمی ئێستادا پێویستیی بە چ جۆرە ستراتیژییەکە؟

**حەسەن شەرەفی**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕابردوو و ئێستاشدا ئیستراتێژی ڕوونی هەبووە و هەیە و ڕایگەیاندوە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە گرینگەش لە تاکتیکی شیاو و شوێندانەر بە پێی هەلومەرج و دەرەتان کەڵکی وەرگرتوە بەو مانایە ئەگەر ئیستراتێژی حیزب ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهاتوە تاکتیکەکان دەتوانن بە پێی هەلومەرج یا ئاڵوگۆڕیان تێدا پێک بێ یا لە ئەولەوییەت و نا ئەولەوییەتدا جێگۆڕکێیان پێ بکرێ، ئەویش بە شێوەی کاتی.

٣١ی گەلاوێژی ٢٧٢٤

---

## ڕۆستەم جەهانگیری: کوردستان هەر لەسەرەتاوە کۆسپی بەردەمی کۆماری ئیسلامی و ئایدۆلۆژیا مەزهەبییەکەی بوو



**ئاماژە:**

**فتوای جیهادی خومەینی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دژی کورد لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی هەر تەنیا ڕاگەیاندنی شەڕ و بڕیاری کوشتاری خەڵکی کوردستان نەبوو، بەڵکوو دەرخەری جیاوازییەکانی دوو عەقڵییەتی سیاسی بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران بوو. عەقڵییەتێک کە دەیویست لە ڕێگەی دیالۆگ و تێگەیشتن لەسەر بنەماکانی مافەوە ئەم پرسە چارەسەر بکا و عەقڵییەتێک کە تەنیا سڕینەوە و زمانی چەک و ئاگری دەناسی. ڕوویەکی دیکەی ئەو مێژووە خۆڕاگری و چۆکدانەدانی نەتەوەی کورد و بزووتنەوە سیاسییەکەی بوو. "کوردستان" بۆ باسێک لەو قۆناغە مێژووییەی خەباتی کورد لە ئێران دیمانەیەکی لەگەڵ ڕۆستەم جەهانگیری، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات پێکهێناوە:**

**شەهرام سوبحانی: کاک ڕۆستەم با بەو پرسیارە دەست پێ بکەم کە بۆچی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ لە مێژووی هاوچەرخی کورد لە ئێراندا گرینگە؟**

**ڕۆستەم جەهانگیری**: بۆیە گرینگە چونکی گەلانی ئێران تازە لە شۆڕشێکی سەراسەری لەدژی ڕێژیمی ملهوڕی پەهلەویدا سەرکەوتبوون و گەلی کورد پێی وابوو ڕێژیمێک کە دێتە سەر کار، ئازادی و دێموکراسی و ژیانێکی ئارام و خۆشی بۆ گەلانی ئێران بەدی دێنێ و گەلانی ئێران لە ژێرچەپۆکی ڕزگار دەبن. بەتایبەت گەلی کورد کە وەک هەموو گەلانی ئێران لەدژی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی بەشداریی شۆڕشی کرد و خوێنێکی زۆری لێ چۆڕابوو. گەلی کورد ئەو شۆڕشەیان بە شۆڕشی ڕزگاری و وەدیهێنانی ئازادی و دێموکراسی بۆ مافی نەتەوەیی دەزانی، بەڵام بە سەرسووڕمانەوە هەڵوێستی مەلاکان و حکوومەتی تازەی ئێران کە پێشتر باسی ئازادی و ڕزگاری و هەروەها نەمانی سیستەمی دیکتاتۆری و زوڵم و زۆری حکوومەتی دژە گەلییان دەکرد، ڕێک پێچەوانە دەرچوو. گەلی کورد کە داوای سیاسییان هەبوو و، داوای مافی خۆیان لە ڕێگای نوێنەرانی خۆیان واتە حیزبە سیاسییەکانەوە دەکرد. بەڵام ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو وەڵامی ئەم داوا ڕەوایانەی گەلی کوردیان نەک نەداوە، بەڵکوو لە پێشدا لە سنە و دوایە لە پاوە و ناوچەکانی دیکە شەڕیان لە دژی کورد هەڵگیرساند و کوردیش بەرەڤانیان لە خۆیان و دەسکەوتەکانیان کرد. بۆیە کورد و کوردستان لە بەرامبەر هێزموونی هێرشکەران تەسلیم نەبوون، بەرگرییان کرد و دوژمنیان تووشی شکست کرد. بۆیە ئەم ڕۆژە دەکرێ ناوی بنێین، ڕۆژی بەرخۆدانی کوردستان لە بەرانبەر ڕێژیمی مەلاکانی ئێران. چون هەر لەو ڕۆژەدا ڕێژیمی مەلاکان بڕیاری جیهادیان بە دژی گەلی کورددا. کورد لە هەمبەر ئەو جیهادە بەرگریی بێوێنەیان کرد، بۆیە لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ بە ڕۆژێکی زۆر گرینگ لە لاپەڕەکانی مێژووی پڕ سەروەری کوردستاندا تۆمار کراوە.

**شەهرام سوبحانی**: پێتان وایە ٢٨ی گەلاوێژ بەرهەمی بەریەککەوتنی دوو دنیابینی بوو؟ دنیابینیی کورد کە سیلەی چاوی لە ماف و ئازادی و دێموکراسی بوو، و دنیابینیی دەسەڵات کە دژی هەموو ئەو بەها و بایەخانە بوو؟

**ڕۆستەم جەهانگیری**: بەڵێ زۆر ڕاستە. لە ئەسڵدا خاڵی هاوبەشی دەسەڵاتەکانی یەک لە دوای یەک لە ئێران سەرکوتی گەلانی ژێردەستەن بە خاسمانی گەلی کورد کە چ لە دەورانی پاشایەتی و چ لە دەورانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو مافێکی نەتەوەیی و مرۆڤایەتی بێبەش کراون. کورد لە چەند لاوە لەگەڵ سیستەمی ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی لە ناتەباییدا بوو. بزووتنەوەی کورد داوای ئازادی و دێموکراسی و مافی یەکسانی بۆ ژن و پیاو دەکرد، لە هەموو گرینگتر بزووتنەوەی کورد داوای سیستەمێکی سێکۆلاری دەکرد، ئەم داوایە لەگەڵ بیری تەسکی ئیدئۆلۆژیک و کۆنەپەرەستی ڕێژیم نەک لە ناتەباییدا بوو، بەڵکوو ڕێژیم لەگەڵ ئەم بیر و هزرە دژایەتیی ڕەهای هەیە. کورد خۆدانی ئەحزابی سیاسی و لائیک بوو بەو مانایە ئەحزابی لائیک و سیستەمی ئەحزاب لەو نیزامەدا بڤە بوو. کورد داوای دابەشکردنی دەسەڵات لە تاران بوو لە نێوان گەلانی ئێران و حاکمانی تاران، دابەشکردنی دەسەڵات لە تاران نێویان ناوە جوودا‌خوازی(تجزیه طلب) کورد چەکی لە دەستدا هەبوو و تەسلیمی حکوومەتی کۆنەپەرەستی نەبوو. لە هەموو گرینگتر کورد مافەکانی خۆی چاک دەناسی و

ئەحزابی کوردی ویستەکانیان لەگەڵ خواستی گەلی کورد بە یەک گرێدراون. ئەوانەی سەرێ باسمان کرد، لە بیر و هزری کۆماری ئیسلامی جێگای نەبوو. بەداخەوە ئەم ویستانە لەگەڵ نیزامی پاشایەتی هەروا بوو یانێ دەرحەق بە مافەکانی کورد وەک یەک بیر دەکەنەوە.

**شەهرام سوبحانی**: ڕووداوی ٢٨ی گەلاوێژ هەر ڕووداوێک بوو کە دەکرێ لە بەستێنێکی مێژوویدا خوێندنەوەی بۆ بکەین، یان سەرەتا و دەسپێکی ڕەوتێکی مێژوویی کە هەتا ئێستاش درێژ کراوەتەوە؟

**ڕۆستەم جەهانگیری**: بەڕای من هەر دووکی ڕاستە، یەکەم ئەوەیە کە ڕووداوی ٢٨ی گەلاوێژ، دوو لایەنی دژبەری یەک بیریان دەکردەوە. لایەنی کۆماری ئیسلامی بڕیاری خۆی دا کە دەبێ حکوومەتی ئیسلامی و دیکتاتۆری مەزهەبی یەک نەتەوە و یەک دەوڵەت یەک ئالا بە شێوازی ئیسلامی شیعەی دوازدە ئیمامی خۆی بسەپێنێ. بەربەستی گەورەی لەسەر ڕێگای وەدیهاتنی ئەم بیرو هزرە کوردستان بوو، بۆیە پێی وابوو کە دەبێ بە شێوەیەک کوردستان سەرکوت بکەن و بزووتنەوەی ئازاد و دێموکراسیخوازی سەراسەری ئێرانی پێی بێدەنگ بکەن. کوردیش بڕیاری خۆیان دا، کە دەبێ لە بەرامبەر هێژموونی سەدەکانی نێوەڕاست ڕاوەستن و بەربەرەکانیی ڕەوا بکەن. لە واقعدا لەو بڕیارەدا کوردستان سەرکەوتوو بوو. دوای چەند مانگ خومەینی داوای لێبوردنی لە گەلی کورد کرد و بەناو دەرگای وتوویژی کردەوە. هەرچەند ئەویەش بە پیلان و دەهۆ بوو، بەڵام لەو مەرحەلەیەدا شۆڕشی کورد هەبوونی خۆی سەپاند و توانی پێش سەرکوتی ئازادیخوازی لە سەراسەری وڵات بۆ ماوەیەک بگرێ. بەستێنی دیکە ئەوەیە کە تراژێدیای وەک ٢٨ی گەلاوێژ لە شۆڕشی کوردستاندا زۆرمان هەیە. کە لە مێژووی بزووتنەوەی حەقخوازانەی نەتەوەیی کوردستاندا تۆمار کراوە، تراژێدیای کۆمەڵکوژی شۆڕشی دێرسیم، شەهیدکردنی سمکۆی ڕێبەر و ڕووخانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی یەکەم سەرکۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی ... نموونەی دیکە لە بزووتنەوەی نەتەوەییخوازی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان زۆرن. بەڵام بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧، دەستپێکی ڕەوتێکی تازەی مێژوویی پڕ سەروەریی کوردە.

**شەهرام سوبحانی**: جاوید ڕەحمان لە ئاخرین ڕاپۆرتی خۆیدا وەکوو ڕاپۆرتێری شوڕای مافیمرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانی باسی لەو کۆمەڵکوژییانە کرد کە کۆماری ئیسلامی دوای فتوای ٢٨ی گەلاوێژی خۆمەینی لە کوردستان خوڵقاندی و تەنانەت بە ژینۆساید ناوی برد، چۆن دەکرێ ئەمە بکرێتە دەسکەوتی سیاسی بۆ جووڵانەوەی کورد؟

**ڕۆستەم جەهانگیری**: بەداخەوە دوای زیاتر لە چوار دەیەیە کە بە ڕێبەری خومەینی فەرمانی جیهادی دژی گەلی کورد دراوە و بە ڕەسمی لە ڕاگەیاندنەکانی ئێران زۆر بە بێشەرمیو بە ئاب و تابێکی زۆرەوە بڵاو دەکرایەوە. لە دژی گەلێک کە هەم

موسڵمان بوون و هەم داوای ئازادی و مافی زەوتکراویی خۆی دەکرد. هەموو دنیا گوێیان لێ بوو و چاویان دەیدی. بەداخەوە لەو دەمیدا لەو جیهانە پان و بەرینەدا لەو هەموو ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان بە تایبەت ڕێکخراوە نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو گوێیان کەڕ بوو، چاویان کوێر بوو و کوردیان بە تەنیا هێشت و ڕێژیم کەوتە کۆمەڵکوژکردنی گەلی کورد، و ئەوان تەنانەت کەس بە وشەیەکیش مەحکوومی نەکرد. ئێستا کە جاوید ڕەحمان لە ڕاپۆرتی خۆیدا وەبیری دنیا دێنێتەوە دیسان هەر باشە. بە ڕای من حیزب و ڕێکخراوەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو هێزە دیپلۆماسییەکانی خۆیان ئەم هەلە بقۆزنەوە وەک بەڵگەیەکی فەرمی لە پێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ دنیا و ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافیمرۆڤ بێنە بەر باس بە یەکدەنگی پێشلکردنی مافی کوردان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخەنە بەر دیدی جیهان. ئەمە بەڵگەیەکی یاساییە، دەکرێ ڕێژیمی پێی ڕیسوا بکەین ڕای گشتیی جیهان لێی ئاگادار بکەن، کورد نابێ لەو جینایەتە کە لەو کاتەوە هەتا ئێستا بە سەر کورددا هێنراوە بێدەنگ بێت.

**شەهرام سوبحانی**: پێتان وانییە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت حیزبی دێموکرات لە دیپلۆماسیی دەرەکی و لە پێوەندییەکانیان لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و مافی مرۆڤییەکان لاواز جووڵاونەتەوە؟ ئەوە کە نەیانتوانیوە ئەوە بکەنە کەیسێکی مافی مرۆڤیی بەربڵاو و کاریگەر لە دژی ڕێژیم؟

**ڕۆستەم جەهانگیری**: بەداخەوە، بە هۆی پەرشوبڵاوی نێومالّی کورد، لەگەڵ جەنابت هاوڕام. کە دەبوو حیزبەکان بە هەموو هێز و توانای خۆیان و بە یەکدەنگ پێکەوە هەموو دەرگا داخراوەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کۆڕ و کۆمەڵەکانی مافیمرۆڤ بکوتن، هاواری بێدەرەتانیی گەلی کورد بە گوێ کپبووەکانی ئەم جیهانە بگەیەنێ. پێموایە هەر حیزبێک بە پێی هێز و توانای خۆی بە تایبەتی حیزبی دێموکرات کە بە هۆی دیپلۆماسیی پان و بەرین، هەم دۆستی زۆر و هێزی زۆری لە ئورووپا و ئامریکا هەیە، دەتوانن کاری زۆر باش بکەن. بەڵام دوو هۆکار هەن کە پێموایە تێدا سەرکەوتوو نەبوون. پەرشوبڵاویی ئەحزابی کوردی، هەر لایەنێک بۆ خۆی پێوەندییەکانیان بەڕێوە دەبرد، ناکرێ بڵێین کاریگەری نەبووە، بەڵام نەیانتوانی دەرگا داخراوەکان بکەنەوە، بە ڕای من ئەگەر بە هاوبەش بە یەک هەیئەت چووباین، دەکرا زۆر کاری باش و بەجێ بکەین. دیسان نەچووە بچێ، ئەرکی سەرشانی ئەحزابی کوردی ڕۆژهەڵاتە لەو قۆناغە سەختە مێژووییەدا لە دەوری یەکتر کۆببنەوە و پێکەوە کار بکەن و بە بەرنامەی هاوبەش، دەنگی کپکراویی کورد لە ڕۆژهەڵات بگەیەنێتە ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی. ڕای گشتیی جیهانی، تەنانەت نوێنەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش کە گوێیان لێی دەبێ و دەنگیان دەگاتە ئاستی هەرەبەرزی جیهان. بەڵام یەکدەنگی و یەکگرتوویی هەموو ئاستەنگەکان دەبڕێ.

**شەهرام سوبحانی**: پێتان وایە کە مێژوو لە ئێران لە گۆڕینی ڕێژیمەکانیشدا دووپات دەبێتەوە، بەو مانایە کورد چۆن

**دەتوانێ رێ لەو ڕووداوێکی هاوچەشنی ئەوە لە داهاتوودا بگرێت؟**

**ڕۆستەم جەهانگیری**: بەداخەوە دەبێ بڵێم، بەڵێ. بە گۆڕینی ڕێژیمەکان چ لە ئێران یان لە عێراق و سووریە و تورکیەدا، ئەم تراژێدیانە دووپات دەبنەوە. تەنیا یەک ڕێگا هەیە کە کورد بتوانێ پێشی ئەم ڕووداوانە بگرێ، ئەویش خەباتی خۆیان هەمە چەشنە بکەن. لە هەموو ڕێکارەکان و دەرفەتەکان کەڵک وەرگرن. خەبات لە نێوخۆ گەشە پێبدەن. لە دەرەوە لە پێوەندییەکانی خۆیان زیاتر پەرە پێ بدەن. ببنە دەنگی بە هێزی بزووتنەوەی نێوخۆی وڵات، بەڵام لە پێشدا دەبێ یەکگرتوو بین، چون یەکگرتوویی، هەم بۆ خەباتی نێوخۆ هەمیش بۆ خەباتی دیپلۆماسی لە دەرەوە زۆر باشە و دەنگی کورد بە هێزتر دەکات.

**شەهرام سوبحانی**: کاک ڕۆستەم زۆر سپاس بۆ بەشداریت لەم دیمانەیەدا و ماندووش نەبی

**ڕۆستەم جەهانگیری**: سپاس بۆ ئێوەش.

٣١ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## سوڵتان گوڵاوی: چەکی ئەتۆمی بە هاواری هیچ حکوومەتێکی دیکتاتۆرەوە نەهاتووە، ئەگینا یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو لێک هەڵنەدەوەشا



### ئاماژە:

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەموو کاتێک لە دژوارترین دۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی‌دایە. دۆخێک کە هەر ڕۆژ ڕێژیم زیاتر بەرەو لێواری نەمان دەبات. بەڵام ڕێژیمیش بۆ مانەوەی لە دەسەڵات و کرینەوەی کاتی زیاتر و سەپاندنی دەسەڵاتە ناڕەواکەی بەسەر خەڵکدا لە هەموو مێتۆدەکانی سەرکوت کەڵک وەردەگرێ، تاکوو بتوانێ دەنگی ناڕەزایەتیی خەڵک کپ بکات. لێرەدا کۆمەڵێک پرسیار بەرجەستە دەبن کە ئاخۆ ڕێژیم دەتوانێ تا سەر ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەی بپارێزێت؟ هۆکار چییە سەرەڕای ناڕەزایەتییە جەماوەرییە بەردەوامەکان، بەڵام ڕێژیم هەتا ئێستا توانیویەتی دەسەڵاتەکەی بپارێزێت؟ چ شتێک دەتوانێت دژبەران و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بخاتە بەرەیەکی یەکگرتوو دژی ئەم ڕێژیمە؟ ئەم پرسیارانە و کۆمەڵێک پرسیاری دیکە تەوەری سەرەکیی دیمانەیەکی "کوردستان" لەگەڵ سوڵتان گوڵاوی، چالاکی سیاسی پێکدێنن.

**شەهرام سوبحانی:** کاک سوڵتان سەرەتا پێم باشە بەم پرسیارە بچینە نێو باسەکەمان، کۆماری ئیسلامی نیزامێکی سیاسیی بەرهەمی شۆڕش بوو. شۆڕشێک کە بە دروشمەکانی ئازادی و بەرابەری سەرکەوت. بەڕای بەڕێزتان چی ڕووی دا کە کۆماری

ئیسلامی ببێتە ئەم ڕێژیمە دیکتاتۆر و تۆتالیتێرە؟

**سوڵتان گولاّوی**: لە سەردەمی شۆڕشی ئێراندا من تەمەنم زۆر کەم بوو، بۆیە ناتوانم هەڵسەنگاندنی بابەتە سیاسییەکانی ئەوکات بە وردی بکەم و بەپێی ئەزموونی خۆم باسیان بکەم .بەڵام ئێستا بە ئاوڕدانەوەیەک بەسەر ڕووداوەکانی ئەوکات و ئەو فاکتانەی لە بەردەستن تا ڕادەیەکی زۆر بۆمان دەردەکەوێت کە لە بنەڕەتدا دروشمی "ئازادی و بەرابەری" ویست و دروشمێکی هاوبەشی گشتیی شۆڕشەکە نەبوو، بەڵکوو هەر دەستە و گرووپێکی بەشدار لە شۆڕشەکەدا ئامانجی خۆی دەپێکا و مانایەکی لە ئەو دروشمە هەڵدەکوڵی. دەتوانین بڵێین هەر گرووپ و سازمانێک ئیدئۆلۆژی و تێگەیشتنی تایبەت بە خۆی بۆ داوارۆژی ئێران لەو هەلومەرجەدا وێنا دەکرد و ئەو دروشمە بەداخەوە نەبووە ئامانج و ویستێکی گشتی بە واتایی وشەکانیەوە. بە کورتی کۆمەڵگە بەرچاوڕوونییەکی تەواوی لەم دروشمە و ویستەکانی ئەم دروشمە و ئامانجەکانی خۆیان نەبوو و لە نێوەڕۆکی ئەم دوو چەمکە سیاسییە و باری مانایی و زەرورەتی هەبوونی بێ ئەملاوئەولایان لە کۆمەڵگەدا تێنەگەیشتبوو. بۆ نموونە: هەندێک لە چەپەکانی سەر بەشۆڕەوی ،یەکیەتیی سۆڤییەت) لەم دروشمە تێگەیشتنی ئێستالینییان هەبوو و لە هەمان کاتدا زۆربەی ئیسلامییەکان ئەم دروشمەیان تەنیا بۆ ڕەخساندنی دەرفەت بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتێکی ئیسلامی بەکار دەهێنا. بە بڕوای من ئەگەر ئەم دروشمە دەبووە ئامانجێکی هەمە لایەنە و سەرەکی و بە تێگەیشتنێکی هەمە لایەنەوە، بێگومان وا بە ئاسانی دواکەتووترین گرووپی نێو شۆڕشەکە و دیکتاتۆرترین کەسی نێو ئەو گرووپەش واتا خومەینی دەستەڵاتی بەدەستەوە نەدەگرت. من پێمwایە هەموو لایەنەکان تەنیا لەسەر یەک شت کۆدەنگ بوون ئەویش کۆتاییپێهێنان بە دەستەڵاتی پاشایەتی لەو شێوە دەستەڵاتە مۆتڵەقەی کە لە ئێراندا حوکمی دەکرد. بەڵام بۆ دوایی ڕووخان بەشی هەرە زۆریان هیچ پلان و ستراتیژییەکی ڕوونیان نەبوو و لە خەون و خەیاڵاتدا دەژیان و جیاوازییەکان هەر لە مانگەکانی دوایی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەوە خۆیان دەرخست.

**شەهرام سوبحانی**: کۆماری ئیسلامی چۆن توانیویەتی سەرەڕای ناڕەزایەتییەکان، ڕاپەڕین و بەرهەڵستکارییەکان بەڵام هەتا ئێستا لەسەر تەختی دەسەڵات بێت؟

**سوڵتان گولاّوی**: لە ئەساسدا نائاگایی کۆمەڵگە، دوودڵی و سەرلێشێواوی بەشێک لە حیزبە سیاسییە سەرتاسەرییەکان، سەربەخۆنەبوونی بەشێکی بەرچاو لە ڕەوتی فکری سیاسی کە چاوەڕێی بڕیار و هەڵوێستی بەرەی ڕۆژئاوا یان ڕۆژهەڵات بوون و خۆیان ئیرادەی بڕیاردانیان نەبوو و هەروەها ڕادیکاڵبوونی ڕەوتێکی چەپی فکری کە زۆر لە کۆمەڵگە دوور کەوتبوونەوە و سەرقاڵی کێشەی فکری و ئیدۆئۆلۆژی خۆیان بوون دەرفەتیان بۆ جیناحی ئیسلامی سیاسی ڕەخساند کە زۆر بە ئاسانی پێشەنگایەتیی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت. دیارە دەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت کە تەنیا خومەینی و

دارودەستەکەی بە تەواوەتی بەرچاوڕوونییان هەبوو کە چ سیستمێکی سیاسی دادەمەزرێنن. هەربۆیە لەو کات و ساتەوە کە تێگەیشتن هەل و دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە بێ دوودڵی هەنگاو بە هەنگاو دیکتاتۆری ئیسلامییان لەسەر بنەمای فکریی وەلی فەقیهـ دامەزراند. خومەینی و دارودەستەکەی بە شۆڕش هاتبوونە سەرکار، هەربۆیە پایە و بنچینەی دەستەڵاتی حکوومەتەکەیان بە لەبەرچاوگرتنی خاڵە لاوازەکانی حکوومەتی پێشوو دامەزراند. یەکەم هەنگاو، پێکهێنانی سپای پاسداران و بەسیج لەتەنیشت ئەرتەشەوە، وەک هێزێکی تایبەتی سەر بە خۆیان بوو. دووهەم، سەرکوتی بێبەزەییانەی هەموو لایەنەکانی دیکە بوو. ئەو سەرکوتە بێبەزەییانە تەنانەت ئەوانەشی گرتەوە کە تێدەکۆشان خۆیان لەگەڵ دەسەڵات بگونجێنن. سێهەم، سازکردنی شەڕ و داتاشینی دوژمنێکی دەرەکی و درووستکردنی وەهمی لە مەترسیدا بوونی خاکی ئێران و ڕێکخستنی خەڵکی ئێران لەسەر بیری هاوبەشی بەرنگاری و پاراستنی وڵات یەکێکی دیکە لە ستراتێژییەکانی کۆماری ئیسلامی بوو هەر لە سەرەتاکانی دامەزراندنیدا. ئەو ڕێژیمە هەر لە سەرەتاوە ئازادی و سەربەخۆبوون و کەرامەتی مرۆڤەکانی پێکا و تەنانەت هەموو پێداویستییە سەرەتاییەکانیانی خستە ژێر ڕکێفی خۆی و خەڵکی چاو لەدەستکرد. دەرفەتی نەهێشتەوە بۆ مرۆڤەکان کە بە هێز و توانای خۆیان ڕەوتی ژیانیان بەدەستەوە بگرن و ژیانی خۆیان بەڕێوە بەرن. کەواتە خەڵک ناچار کرا بۆ هەموو شتێک چاو لە دەستی حکوومەت بن. خەڵک سەربەخۆیی ئابووری و ئازادی و کەسایەتیی خۆیان لە دەست دا. بەشێکی زۆری خەڵک بۆ ئەوەی لە ئیمتیازەکانی حکوومەتی کەڵک وەرگرن دەست بە داوێنی دەسەڵات بوون. بۆ نموونە: تەنانەت بۆ خوێندن ناچار کران فۆرمی بەسیج پڕ بکەنەوە. بەداخەوە ئەم بەرنامە و پلانەی ڕێژیم هەموو جومگەکانی وڵاتی گرتەوە لە کارمەندەوە ڕابگرە تا جوتیار و کرێکار. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە کەڵک وەرگرتن لەم بەرنامە و پرۆژانە توانی سیستمێکی دیکتاتۆری ڕەش دامەزرێنێت و دەستەڵاتی دیکتاتۆری خۆیان بەسەر ئێراندا داسەپێنن.

**شەهرام سوبحانی**: پێتان وایە ڕێژیم بتوانێت تا سەر ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەی بپارێزێت؟ بۆ؟

**سوڵتان گوڵاوی**: ئاخوندەکان لە داسەپاندنی سیستمێکی دیکتاتۆری بە سەر ئێراندا سەرکەوتن، بەڵام لە بەڕێوەبەری وڵاتدا فەشەلیان هێناوە و ئێرانیان تووشی ماڵوێرانی و شەڕ و دواکەوتوویی و دەیان قەیرانی بنەڕەتی و سەرەکی کردووە کە ئەمڕۆ ئەو ڕێژیمە ناتوانی چارەسەریان بکات. ڕەوتی ڕووداوەکان ئەوە بە ڕوونی نیشان دەدەن کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ڕۆژ لە دوایی ڕۆژ لە تێداچوون نیزیک دەبێتەوە و لە ئاکامدا تێک دەڕووخێت. سیستمی سیاسی ئێران و سەبک و چۆنیەتی دەستەڵاتداری ئەو وڵاتەی تووشی هەموو بۆحرانێک لە ئابوورییەوە بگرە تا کۆمەڵایەتی و... هتد. کردوە،

هەربۆیە ئەوان کە خوڵقێنەری بۆحرانەکانن ناتوانن چارەسەریان لابێت و دەبێت ئەو شێوە دەسەڵاتە کۆتایی پێبێت.

**شەهرام سوبحانی**: بێگومان یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەبوونی ئۆپۆزیسیونێکی هاوڕا و یەکگرتووە، هۆکاری ئەم پەرشوبلاوییە لە چیدا دەبینن؟

**سوڵتان گوڵاوی**: هۆکاری سەرەکی ئەوەیە ئێران وڵاتێکی یەکرەنگ و یەکدەست نییە، بەڵکوو فرە ڕەنگە. بە واتایەکی دیکە فرە نەتەوە و فرە ئاینە و بە زۆر هەوڵ دراوە یەکدەست و یەکرەنگ بکرێت، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوە کە جیاوازییەکان و لەیەک دوورکەوتنەوەکان زۆر بن و کێشەی زۆر قووڵ و چارەسەر نەکراوەیان لێ بکەوێتەوە.کەواتە لە وڵاتێکی ئاوادا ئۆپۆزیسیونێکی یەکدەست پێک نایەت. بۆ نموونە: دەبینیین کە نەتەوەکان حیزبی تایبەت بە خۆیان هەیە و هیچ حیزبێکی سەرتاسەریمان نییە کە نوێنەرایەتیی هەموو نەتەوەکانی ئەو چوارچێوە جوغرافیایەی ئێرانی ئەمڕۆ بکات. لە ڕاستیدا سنووری بوونیان لە هەرێمی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران زۆر کەم دەبێتەوە یان هەر نامێنێت لەبەر ئەوەی ویست و داخوازییەکانی ئەو نەتەوانە لە بەرنامەی سیاسی ئەواندا ڕەنگ ناداتەوە هەر بۆیەش جێی متمانەی ئەوان نین. ئەمە یەکێک لە هۆکارەکانی یەکنەگرتنەوەی ئۆپۆزیسێونەکانە. دووهەم هۆکار: حیزبەکانی ئێران لە سەردەمی دوو بلۆکی دنیادا لەدایک بوون و تا ئێستاش ویست و ڕوانگەیان لەو دابەشبوونەی دنیادا سەرچاوە دەگرێت. بۆ نموونە: ئێستا ئەگەر شەڕی ڕووسیە و ئۆکراین بکەینە بەراوەردێک بۆ تێگەیشتن لەو گرفتە هەموو ئەو لایەنانەی سەر بە بەرەی شۆڕەوی سۆسیالیستی بوون بە شێوەیەک لەشێوەکان لایەنگری ڕووسیە دەکەن. کەواتە بەشێک لە دژبەرانی ڕێژیم لە بۆحرانی فکریدان.

**شەهرام سوبحانی**: چ شتێک دەتوانێت دژبەران و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بخاتە بەرەیەکی یەکگرتوو دژی کۆماری ئیسلامی؟

**سوڵتان گوڵاوی**: بەداخەوە لەم وڵاتانی دیکتاتۆری ڕەشەدا دەستەڵاتداران ئۆپۆزیسیۆن دەرفەتی پەرەگرتنی سرووشتیان نییە، هەروەک چۆن لە ئێران دەبینین دوای ڕەوتی سەرکوت کردن بەشێکی زۆر لە دژبەرانی ڕێژیم وڵات جێ دەهێڵن و لە گۆڕەپانی خەبات دوور دەکەونەوە هەر بۆیەش تووشی شەڕی تێئۆری نێوخۆیی دەبن و شەڕ لەسەر ڕاستبوون و نەبوونی تێئۆری و بیروبۆچوونەکانیان دەکەن کە ئەوەش دەبێتە هۆی لێکدابڕانیان. بەو هۆکارانە و هۆکارێکی زۆر گرینگی دیکەش زیاد بووە ئەویش ئاڵۆزیی ماسمیدیا ئەو سەرلێشێواویی سیاسییەی کە دروست کردوە بووەتە هۆی ئەوەکە حیزب و ڕێکخراوەکان بەشێکی زۆریان هەر توانای بڕیاردانیان نەمابێت نەکا پێیان بڵێن ئێرانی فرۆشت یان کوردەکان بڵێن کوردستانیان فرۆشت. هەربۆیە لەوەها هەلومەرجێکی سیاسیدا بەداخەوە من پێموایە دژبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر لە بواری ئیدئۆلۆژییەوە لەیەک دوورن و جیاوازیی تێگەیشتنیان لە بابەتە سیاسییەکان زۆر زۆرە. جیا لەوەش ئەجێندای جیاوازشیان هەیە بۆ دوا ڕۆژی ئێران. هەر بۆیە بەباوەڕی من لەو هەلومەرجەدا دەرفەتی ئەوە نییە هەموو لایەنەکان

لەیەک بەرە کۆببنەوە.

**شەهرام سوبحانی**: دیاسپۆرای کورد، یان بە گشتی دیاسپۆرای ئێرانی بۆچی ئەو کاریگەرییە شوێندانەرەی لەسەر ناوەندەکانی سیاسەت و دەسەڵات لە کۆمەڵگەی جیهانی دژ بە ئێران نەبووە؟

**سوڵتان گوڵاوی**: دیاسپۆرای کورد لە دەرەوە تازەیە و بێئەزموونە و بۆخۆی تا ئێستاش لەو کۆمەڵگەیانەی تێدا دەژی جێگیر نەبووە و لە ئەساسدا تێکەڵاوی ژیانی ئابووری و سیاسی ئەو کۆمەڵگەیانە بە شێوەیەکی بەرچاو و کاریگەر نەبووە. دیارە وەڵامی ئەو پرسیارە بە باوەڕی من پێویستی بە لێکۆڵینەوەی هەمە لایەنە هەیە و ئەوەش کاری ناوەندێکی لێکۆڵینەوەیە نەک من. هەربۆیە من تەنیا دەتوانم بەگشتی لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەم. یەکەم کورد لە دەرەوەش وەک کوردستان دابەش کراوە واتا یەکدەست نییە کە ئەوە بابەتێکی تایبەتە و پێویستی بە باسێکی تایبەتیش هەیە کە لێرەدا ناکرێت بێتە بەرباس. بەڵام ئەگەر دیاسپۆرای ئێران بکەینە بابەتی باسەکە دەبێت ئەوە بڵێم کە دیاسپۆرای ئێرانی بە باوەڕی من لە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"دا کاریگەری باشی هەبوو و زۆر شوێندانەر بوون لەسەر هەڵوێستی سیاسی دنیادا. بەشێوەیەک کە ڕێژیمی ئێران ترسی وێکەوتبوو کار گەیشتەبووە جێگایەک کە منداڵانی زۆر مەکتەبی ئاڵمانی سروودەکانی شۆڕشی ژنایان دەخوێندەوە. بەگشتی چالاکی و تێکۆشانی دیاسپۆرا بە چالاکی نێوخۆوە گرێدراوە کاتێک لەنێوخۆوە خەبات و تێکۆشان پەرە بگرێت دیاسپۆراش دەجووڵێت و دەتوانین بڵێن تەواوکەری یەکن. نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کە لە دنیادا ئێستا زۆر وڵاتی دیکەش سیستمی دیکتاتۆری تێیاندا حاکمن، وڵاتان و دیاسپۆرای ئەو وڵاتانەش هەوڵی خۆیان دەدەن بۆ پشتیوانی نێودەوڵەتی.

**شەهرام سوبحانی**: توانای مووشەکی، میلیشیاسازی و هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتومی دیپارتمانی بەرگری و هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی لە دەسەڵاتدایە. ئایا ئەمانە دەتوانن گەرەنتیی مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بن؟

**سوڵتان گوڵاوی**: دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتومی لە هیچ جێگایەکی دنیا بە هاواری هیچ حکوومەتێکی دیکتاتۆرەوە نەهاتووە. بۆ نموونە: ئەگەر وابایە یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو لێک هەڵنەدەوەشا. لە ئێران حکوومەتێکی دیکتاتۆر و سیستمێکی ناجێگیری سیاسی لەسەر کارە. چوار بنەمای سەرەکی کە بۆ جێگربوونی سیستمێکی سیاسی پێویستە بۆ ئەوەی دەستەڵاتی سیاسی لە وڵات ئاڵوگۆڕ بەسەر دەستەڵاتدا بێنێت. بێ ئەوەی پێویست بە شۆڕش بکات، بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ئەو چوار بنەمایە لەگۆڕێدا نییە. ئەو چوار بنەمایە بریتین لە: هەڵبژاردنی دێموکراتیک بە

مـافی یەکسـان بـۆ هەمـوو خەڵکـی وڵات، یاسـایەکی دیموکراتیـک دوور لە هەڵاواردن و جیاوازیـدانان، دابەشـکردنی دەستەڵاتەکان بەشێوەیەکی دیموکراتێک، یاسایەکی پێشکەوتوو و دیموکراتیک بە دابینکردنی مافی نەتەوەکان، ئابووری وڵات لەسەر بنەمای عەدالەتی کۆمەڵایەتی، ئەو بنچینە سەرەکییانە لەگۆڕێدا نین، بەڵکوو بە پێچەوانەوە سەرکوت و کوشتن و بڕین لە ئێراندا ڕۆژانە دەبینین و ڕێژیم بە چەک وڵامی هەر داخوازییەکی خەڵک دەداتەوە . هەربۆیە لەسەر چارەنووسی ڕێژیم خەڵک بڕیار دەدەن نەک هەبوونی هێزێکی نیزامی.

**شەهرام سوبحانی**: دوورەدیمەنی هاوکێشەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتان و کۆمەڵگەی جیهانی چۆن دەبینن؟

**سوڵتان گوڵاوی**: کۆماری ئیسلامی ئەوەندە هێز و سەرمایەی ماددی و مەعنەوی لەسەر ئەم پرۆژە و سیاسەتی ناوچەییەی خۆی داناوە کە تازە ناتوانێت دەستی لێ‌هەڵگرێت. بۆیە لە کۆتاییدا یان دنیا تەسلیمی ئیرادە و ویستی کۆماری ئیسلامی دەبێت، یان ناچار بە پەرچەکردار دەبێت و پێش بە سیاسەتی شەڕ و پاوانخوازی ئێران دەگیردرێت.

**شەهرام سوبحانی**: کاک سوڵتان سپاس بۆ بەشداریت و ماندووش نەبی

**سوڵتان گوڵاوی**: سپاس بۆ ئێوەش.

١٦ی خەرمانانی ٢٧٢٤

## ئەوین مستەفازادە: بە دێکۆمێنتکردنی جینایەتەکانی ڕێژیم بەشێکە لە پڕۆسەی داکۆکیکردن لە مافی کورد بە دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی



### ئاماژە:

کورد بە درێژایی مێژوو هەموو شێوە مردنێکی ئەزموون کردوە کە کۆمەڵکوژی و جینۆسایدیش یەکێک لەو شێوە مردنانە بووە کە داگیرکەرانی کوردستان بۆ سەپاندنی هێژموون و دەسەڵاتی خۆیان لە کوردستان دەرحەق بە نەتەوەی کورد کردوویانە، کۆمەڵکوژییەکان و جینایەتەکان لە کوردستان زۆرن، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە لە دیمانەیەدا جێگای باسە و سرنجە باسێک لە سەر کۆمەڵکوژییەکەی قارنێیە کە لە ڕێکەوتی ١١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨هەتاوی لەلایەن ڕێژیمی خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامییە دژ بە خەڵکی بێ تاوان و مافخوازی کوردستان کرا. لەم بەشەدا داوامان لە زۆر بەڕێز خاتوو ئەوین مستەفا زادە، چالاکی مافی مرۆڤ و وتەبێژی ڕێکخراوی "کوردپا" کردوە تا لەم بارەوە زانیاری زیاترمان پێ بدا.

**شەهرام سوبحانی:** خاتوو ئەوین هەروەک دەزانین کە ١١خەرمانان هاوکاتە لەگەڵ کۆمەڵکوژییەکەی قارنێ، پێم خۆشە لێرەڕا باسێکی پۆخت لەو کۆمەڵکوژییە بکەن؟

**ئەوین مستەفازادە**: کۆمەڵکوژی گوندی قارنێ یەکێکە لە تاوانە هەر قێزەوونەکانی دەستی کۆماری ئیسلامی ئێران کە دوابەدوای فتوای جیهادی خومەینی بۆ سەر کوردستان روویدا. دوای ئەوەی کە خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ فەرمانی جیهادی بۆ لە ناوبردنی هێزە سیاسییە کوردستانییەکان دەرکرد، لە ١١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بە بیانووی بوونی هێزی پێشمەرگە گەمارۆی گوندی "قارنێ" دەدرێت و لە ئەنجامی هێرشێکی نیزامی بە چەک و چەقۆ و تەنیا لە ماوەی سێ کاتژمێردا ٦٨ کەس لە خەڵکی مەدەنی(پیاو و ژن و منداڵ) دەکوژرێن و بەشێکیان سەر دەبڕدرێن، لەوانە مەلای مزگەوتی گوند (مەلا مەحموود مەستورزادە) کە بە قورئانەوە بەرەو پیری سەربازەکان دەچێ و داوایان لێدەکات دەست لە خەڵکی گوند بپارێزن و دڵنیایان دەکاتەوە کە گوندەکەیان خاڵییە لە پێشمەرگە، بەڵام سەربازەکان هەر لەوێ مەلا مەحموود دەکوژن و سەری دەبڕن. کۆمەڵکوژی گوندی قارنێ لەکاتی خۆیدا دەنگدانەوەیەکی زۆری لە کوردستان و ئێران لێکەوتەوە، بەڵام چونکە کوشتار و کۆمەڵکوژییەکە بەشێک بوو لە سیاسەت و فیتوای جیهادیی خومەینی، هیچ دەرئەنجامێکی ئەوتۆ لەو بەڵێن و قسانە بەدی نەکراوە، کەس لەسەری سزا نەدرا. بەڵکوو کۆمەڵکوژی و تاوانی زیاتریشی لە گوندەکانی دیکەی کوردستان، بەدواداهات. هەربۆیە پێویستە بۆ خوێندنەوە و گێڕانەوەیەکی بە دیکۆمێنت، ئاوڕ لە پێش زەمینە و سیاسەت و فیتوای جیهادی خومەینی بۆ سەر کوردستان و ئەو شەڕ و ناکۆکییەی نێوان تورک و کورد کە بەشێکی زۆری دەستی حکوومەتی تێدا بوو، بدرێتەوە. ٢٥ی خەزەڵوەری١٣٥٨ی هەتاوی رۆژنامەی ئیتلاعات لە راپۆرتێکدا باسی لەوە کرد کە کۆتایی لێکۆڵینەوەکان ئەوە نیشان دەدەن کە گرووپی خۆجێی "جوانمردان" لە دامەزرێنەرانی ژاندارمری، ٤٥ کەسی بێتاوانی قارنێیان کوشتووە و دواتر بۆ بیابان گۆاستراونەتەوە بۆ ئەوەی نیشان بدرێت لە شەڕدا کوژراون. هەروەها لەو رۆژنامەدا باس لەوە کراوە، بەداخەوە لەگەڵ ئەوەی بکەرەکانی ئەو کوشتارە ناسراون، بەڵام بە هۆی پشتیوانی ظهیرنژاد(فەرماندەی لەشکری ٦٤ ورمێ) لە گەندەڵەکانی ناوچە، ئەگەری دەستبەسەرکران و سزادانی ئەو کەسانە بوونی نییە". رۆژنامەی "کەیهان"یش باسی لە دروستبوونی لێژنەیەک پێکهاتوو لە نوێنەری سەرۆک وەزیر و پارێزگار و ئیمامی جومعەی نەغەدە کرد کە سەردانی گوندی قارنێیان کردوە بۆ رادەستکردنەوەی راپۆرت بە سەرۆک وەزیران و پارێزگار. لەگەڵ هەموو ئەو دەنگدانەوانە و هەروەها کۆمەڵێک بەڵێنی بەرپرسانی ئەوکات بۆ سزادانی بکەرەکان، بەڵام تاکوو ئێستا هیچ کەس لەو پەیوەندییەدا سزا نەدراوە و بەرپرسانی پەیوەندییدار هۆکارەکانیان بۆ نەبوونی هەماهەنگی پێویست و ئاگادار نەبوونی دەوڵەتی کاتی ئەوە کات لەو جینایەتە گەڕاندەنەوە و دادخوازی بنەماڵەکان لە تاران و پارێزگای ورمێش بێ ئاکام مایەوە. تەنانەت بنەماڵەکان بۆ وەرگرتنی دیە و ناونووسی لە بونیادی شەهید خرانە ژێر گوشارەوە، بەڵام قەبووڵیان نەکرد.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا هەتا ئێستا بزووتنەوەی سیاسی کورد توانیوە کۆمەڵکوژییەکەی قارنێ بکاتە کەسێکی بەهێز بۆ داکۆکی لەسەر مافی کورد و بە دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە دنیای دەرەوە کەڵکی لێ وەربگرێت؟



سەرچاوە Serchawe

**ئەوین مستەفازادە**: کارکردنی لەسەر کەیسی جنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر کوردستان بەتایبەتی لە ئاستی نێودەوڵەتی ئەرکێکی قورسە و پێویستە بەپێی میکانیزمی ڕێکخراوەکانی سەر بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و بەتایبەت کۆمیتەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کاری بۆ بکرێت و هەموو فاکتەرە و لایەنەکانی بە دیکۆمێنت کردنی تاوانێک لەبەرچاو بگیرێت. سەبارەت بە کۆمەڵکوژی قارنێ، هەم کۆمەڵێک بەڵگە و بابەتی ڕۆژنامەی ئەوکات بوونیان هەیە و هەم بەشێوەیەکی پەرتەوازە کۆمەڵێک گێڕانەوە و نووسراوە لە زاری شایەتحاڵان بوونی هەیە کە بناغەیەکی باشن بۆ کارکردن لەسەر ئەو کەیسە بەپێی مکانیزمە نێودوڵەتییەکان. چونکە ئەوەی کە هەیە کۆماری ئیسلامی تاکوو ئێستا و بە تێپەڕینی زیاتر لە ٤٤ ساڵ بەرامبەر ئەو جینایەتە وەڵامدەر نەبووە و نایهەوێ کاری لەسەر بکات. بەڵام ئەوەی کە گرینگە پێداگری و بەدواداچوون لەسەر کەیسی تاوانەکان و بەڵگەمەندکرانیان بۆ داهاتوویە، چونکە هەرچەندە کات بەسەر تاوانەکان تێپەڕێت و شایەتحاڵان لە ژیان دانەمێنن، بە دیکۆمێنت کردنیان قورستر دەبێت. ئێمە دەبێ لە کەیسی تاوانەکانی حکوومەتێک بەرامبەر خەڵک و نەتەوەیەک ئەوەمان لەبیر بێت کە نابێت بڵێن چونکە ئێستا لە ئاستی نێودەوڵەتی دانی پێدانانرێت، کەوایە پێویست ناکات بە دیکۆمێنت و بەدواداچوونی بۆ بکەین؛ بەڵکوو هەر خودی پرۆسەی بەدواداچوون و بە دیکۆمێنتکردنی بەپێی میکانیزمە نێودەوڵەتییەکان بەشێکە لە پرۆسەی داکۆکیکردن لە مافی کورد بە دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

**شەهرام سوبحانی**: ئێمە وەک نەتەوەی کورد چۆن دەتوانین ڕووداوە دڵتەزێنەکانی هاوچەشنی ٢٨ی گەلاوێژ و کۆمەڵکوژییەکەی قارنێ و قەڵاتان و ... هتد. بکەینە هەوێنی بەردەوامیمان دژی داگیرکەرانی کوردستان؟

**ئەوین مستەفازادە**: بەداخەوە بۆ نەتەوە بێبەشکراوەکانی وەکوو کورد هەمیشە هەلەکان و ئاشنابوون بە زانستی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەیی بۆ کارکردن لەسەر تاوانەکان قورسترە و درەنگتر دەنگی دەبیسترێت؛ بەتایبەتی کاتێک حکوومەتێکی وەکوو کۆماری ئیسلامی نە تەنیا سەرکوتت دەکا، بەڵکوو دان بە هیچ شتێک دانانێت و هەموو هەوڵێکیش دەدات کە دەنگت نەبیسرێت. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ڕێگاهایەک بوونی هەیە کە کورد دەنگی خۆی بەرز بکاتەوە و باس لە تاوان و جینایەتەکان بەرامبەر خۆی بکات.

هەربۆیە پێویستە لە هەموو میکانیزم و ڕێگا نێودەوڵتییەکان کەڵک وەرگرین و لە هەر هەلومەرجێکی وەکوو ئێستا کە دێتە پێش، باشترین کار بکەین بۆ بە ڕەسمی ناسینی مافەکانمان و ئەو سەرکوتەی لەلایەن حکوومەتەوە بەرامبەرمان دەکرێت. لە ئێستادا و دوای شۆڕشی "ژینا" وڵاتانی ڕۆژئاوایی ئاوڕێکی جیددیان لە نەتەوە ژێردەستەکانی وەکوو کورد و بەلووچ داوەتەوە، تەنانەت "جاوید ڕەحمان" ڕێپۆرتی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بە کاروباری ئێران باسی لەوە کرد کە

دەبێت جینایەتەکانی دەیەی ٦٠ کاری جیددیان لەسەر بکرێت. هەروەها "کۆمیتەی ڕاستی دۆز" دانی بەوە داناوە کە نەتەوەی کورد و بەلووچ لەسەر بنەمای مێژوویەک لە چەوسانەوە و سەرکوت، لەکاتی شۆڕشی ژینادا بەشێوەیەکی سەرەڕۆیانە سەرکوت کراون.

هەربۆیە دەبێ لەبیرمان بێت کە بەشێکی جیددی لە خەبات و بەردەوامی خەباتی کوردستان ئەوەیە کە پرسی ڕەوایی خەباتی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتی بە ڕەسمی بناسرێت و دانی پێدابنێن. خودی ئەمەش زۆرێک لە دەرگاکان بە ڕووی کورد دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە ئاستی نێودەوڵەتی خەبات بۆ پرسی ڕەوایی کوردستان و مافەکانی کورد بەرەوپێش ببات.

**شەهرام سوبحانی**: **بەڵگەمەندکردنی ئەو کارەساتانە لە کوردستان دەتوانێ چ ئەرکێک بخاتە سەرشانی وڵاتان و ڕێکخراوە مرۆڤییەکان؟**

**نەوین مستەفازادە**: سەرەتا پێم باشە بۆ چوونە ناو ئەو بابەتە باس لە گرینگی بەڵگەمەندکردنی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لەماوەی شۆڕشی ژینا لەلایەن "کۆمیتەی ڕاستی دۆزی" ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەم. بەهۆی ئەوەی کە ئەو کۆمیتەیە بەپێی بڕیاری ڕێکخراوە نەتەوە یەکگرتووەکان دروست بووە و دەستی بەکار کردوە، کەوایە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی لە ئاستی نێودەوڵەتی بە ڕەسمی دەناسرێن و لە داهاتوودا بۆ بەڕێوەچوونی هەر جۆرە دادگایەکی عادڵانە دەتوانین بۆی بگێڕینەوە. لەهەمان کاتدا ئەو هەوڵانە دەبنە هۆی ئەوەی لەلایەن بەرپرسانی سیاسی وڵاتان پرسی کورد و نەتەوەکان و سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی بەپێی میکانیزمی خۆیان ڕوون و ئاشکرا بێت و نەتوانن حاشای لێوە بکەن و کۆماری ئیسلامیش کە پارە و لابییەکی زۆری لە ئاستی نێودەوڵەتی خەرج دەکات، چەواشەکارییەکانی بۆ نەچێتە سەر. بەگشتی دەتوانم بڵێم بەڵگەمەندکردنی ئەو کارەساتانە لەلایەن ڕێژیمەوە بەسەر کوردستان دادێت، ئەگەر بەپێی ئۆسوول و مکانیزمە نێودەوڵەتییەکان ئەنجام بدرێت، وەکوو پرەنسیپێکی نێودەوڵەتی شوێنی خۆی دەگرێت و ئەگەریش بە بەردەوامی کاری تێیدا بکرێت، وڵاتان و ڕێکخراوە مرۆڤییەکان والێدەکات لە ڕوانین و بەرنامە و سیاسەتەکانی خۆیاندا بیگونجێنن و کاری بۆ بکەن. هەروەها چونکە بەشێکی زۆری ئەو وڵاتانە لانیکەم خۆیان وانیشان دەدەن پابەندی دێموکراسی و مافی مرۆڤن، بە پێویستی دەبینن کە ئەو پرەنسیپانە لە کردار و هەڵوێستەکانیان ڕەنگ بداتەوە، ئەمەش خۆی دەرفەتی گرنگیدان بە پرسی کورد لە دەرەوەی وڵات و کرانەوەی دەرگاکانی کارکردنی زیاتر بۆ کورد لەو بوارەوە لێ دەکەوێتەوە.

ئەوەی کە ئێمە کوردی وەکوو ئەسڵێک پێویستە لەبیرمان بێت، ئەوەیە کە بە ڕەسمی ناسینی پرسی کورد و کوردستان، بەو جۆرەی کە مەسەلەی ئێمە بۆتە بابەت و دەتوانین دەستی لەسەر دابنێین؛ خۆی بەشێکی زۆری ڕێگای خەباتی ئێمەی لە

ئاستی نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤی پێوەوە. هەربۆیە ئێمە دەبێ لەو بوارەدا دوور بڕوانین و ئەو مێژوو و کارەساتانەی بەرسەرماندا سەپاوە بە دیکۆمێنتی بکەین، تاکوو هەم ڕەوایی خەباتی خۆمان نیشان بدەین و هەمیش لە داهاتوودا کەس حاشا لە تاوانەکانی دژی کورد نەکات و لە سیاسەتەکانی حکوومەتی داهاتوو خەسارەکان قەرەبوو بکرێنەوە.

**شەهرام سوبحانی:** ماوەیەک لەمەوپێش "جاوید ڕەحمان" داوای لە کۆمەڵگەی جیهانی کرد کە لەهەمبەر جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ڕێوشوێنی تایبەت بگرنەبەر، ئایا ئەم هەوڵانە دەتوانێ ئاکامێکی بۆ دۆزی سیاسی کورد بە دوادا بێ؟

**ئەوین مستەفازادە:** بەوە جۆرەی کە لە سەرەتاوە ئاماژەم پێکرد، ئێمە لەو بوارەدا ڕێگایەکی دووروودرێژمان لە پێشە و پێویستە لە هەموو هەلومەرج و دەرفەتەکانیش باشترین کەڵک وەرگرین بۆ بەڕەسمی ناسینی پرس و مافەکانی خۆمان و مەحکووم کردنی پێشێلکارییەکان. سەبارەت بە داواکاری جاوید ڕەحمان، بەهۆی ئەوەی کە لە پۆستێکی دانپێدانراوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە و لەسەر جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی تەنانەت لە دەیەی٦٠یش ڕاپۆرتی پێشکەش کردوە و هەروەها باسی لە گرینگی لێکۆڵینەوە لە ئاستی نێودەوڵەتی لەسەر ئەو جینایەتانە کردوە؛ کەوایە سەرەتایەکی باشە بۆ کارکردن لەسەر زۆرێک لەو بابەتانەی کاریان لەسەر نەکراوە. هەربۆیە پێویستە ڕێپۆرتی تازە لەسەر ڕاسپاردەی ڕێپۆرتی پێشوو ئەرکدار بکەین کە بە میکانیزمی نێودەوڵەتی کار لەسەر ئەو کارەساتانە بکرێت کە تا ئێستا کاری جیددی لەسەر نەکراوە. ئەوەی ئێمە کورد دەبێ لەبەرچاومان بێت ئەوەیە کە دەڵێن کۆماری ئیسلامی بە شێوازێکی سیستماتیک و بەرنامە بۆ دارێژراو، و لە ڕەوەندێکی مێژوویی کوردی سەرکوت کردوە و نیشان بدەین ڕووبەڕووی هەڵاواردنی نیژادی-مەزهەبی بووینەتەوە. بۆیە گەڕانەوە بۆ مێژوو نە تەنیا کارەساتەکانمان بەڵگەمەند دەکات، بەڵکوو سیاسەتی سەرکوتی سیستماتیکی حکوومەت بەرامبەر کورد زیاتر دەردەخات و وا لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکات ئاوڕێ جیددی لێ بدەنەوە. هەموو ئەو هەوڵانەش بۆ بە ڕەسمی ناسینی دۆزی سیاسی کورد و دانپێدانان بە مافی کوردی دەتوانێت لێ بکەوێتە.

**شەهرام سوبحانی:** خاتوو ئەوین سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا و ماندووش نەبن

**ئەوین مستەفازادە:** سپاس بۆ بەڕێزتان ئێوەش ماندوو نەبن.

١٧ی خەرمانانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## د. لەیلا مرەوتی: بزووتنەوەی ژینا هاوسەنگیی هێزی تا ڕادەیەک لە بەرژەوەندیی کوردستان گۆڕی



### ئاماژە:

خەباتی مەدەنی لە سیستەمە دیکتاتۆر و تۆتالیتارەکاندا هەمیشە جێی مشتومڕ بووە و پێوەندیدار بە پرسی کورد و خەباتی نەتەوایەتیی ئەم گەلە دژی کۆماری ئیسلامی لە زۆر ڕەهەندەوە باسهەڵگر بووە. دوای نیزیک بە سەدەیەک خەباتی ڕزگاریخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسیاری جەوهەری ئەوەیە کلیلەکانی سەرکەوتنی ئەم خەباتە چین؟ ئایا خەباتی پێشمەرگانەیە، یان خەباتی مەدەنی و جەماوەری، خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی؟ ئەم باسە تەوەری سەرەکیی دیمانەیەکی "کوردستان"ە لەگەڵ د. لەیلا مروەتی، شرۆڤەکاری سیاسی.

**شەهرام سوبحانی**: د. لەیلا با هەر لەو پێشەکییەوە بچینە نێو باسەکە کە ئێوە کلیلەکانی سەرکەوتنی خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لەچیدا دەبینن؟ لە کام ڕەهەندی خەباتدا؟

**د. لەیلا مرەوتی**: لەپێشدا پێویستە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە خەباتی ڕزگاریخوازانە لە کوردستان هەتا ئێستا

سەرکوتوو بووە؟ یا شکستی خواردووە؟ یا نە، بەردەوام ئەو خەباتە لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا درێژەی هەیە؟ من پێم وایە کە ئەو خەباتە بەردەوام درێژەی هەیە، بەڵام بە نیسبەتی ئەوەیکە ئێمە لەو خەباتە هەم خەباتی چەکداریی پێشمەرگە ئەبینین، هەم جموجۆڵی مەدەنیی خەڵکی کوردستان ئەبینین بە شێوەی گشتی و هەم مێژوویەک دەبینین کە لە کۆتاییدا بەو ئاکامە ئەگەین ئەم خەباتە بەشێک لەو خەباتانە بووە کە ساڵیانێکی ساڵ بەسەردا تێپەڕ بووە بەڵام لە واقعیەتا بە نیسبەتی ئەو مێژووە ئەو شەڕەی کە پێشمەرگە ئەنجامی داوە، بە نیسبەتی ئەوەیکە خەڵکی کوردستان زۆر کات پاڵپشتی حیزبەکان بوون، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە بە بەشێکی زۆر لە ئامانجەکانی بگات. ئەوە بەو مانایە نییە کە شکستی خواردووە بەو مانایەیە کە هێشتا ئەو بەربەرەکانێی بەینی حکوومەت و ئەو شەڕ و فشارەی حکوومەت بەسەر خەڵکی کوردستان بە سەر پێشمەرگە و ئەو خەباتەی ئەهێنێ زۆرە، یانێ بەشێک لە کێشەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەرکوتکردنی ئەو خەباتە و ئەوەیکە حکوومەت لە تەواوی هێزی خۆی کەڵک وەردەگرێت کە ئەو خەباتە سەرکوت بکات. ئەڵبەتە ئەمە تەنیا تایبەت بە کۆماری ئیسلامی نییە. ئەوینین کە لە مێژوویەکی هەشتا ساڵەدا چ لە دەورەی پەهلەوییەکان و چ لە دەورەی کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام ئەو دوو ڕێژیمە خەباتی کوردستانیان سەرکوت کردوە، بەڵام نەیانتوانیوە لە بەینی بەرن و لە هەمان کاتتدا خۆدی کوردیش نەیتوانیوە بە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی بگات. بۆ نموونە: ئایا دوای ٨٠ ساڵ کورد توانیویەتی دەوڵەتێکی سەربەخۆی بێت؟ نە، ئایا کورد توانیویەتی بە فێدراڵیزم بگات؟ نە، ئایا کورد توانیویەتی بە خودمۆختاری بگات؟ نە، ئایا کورد توانیویەتی بە مافە سەرەتاییەکانی خۆی بگات؟ نە، ئایا ڕێژیم توانیویەتی هەموو خەباتی ڕزگاریخوازانە لە کوردستان لە زمانی خەڵک لە دڵی خەڵک و کە لەگەڵ پێشمەرگە هاوڕا بوونە لەبەینی ببا؟ نە، و ئەو خەباتە بەردەوام درێژەی هەیە یانێ ئێمە لێرە لەگەڵ دوو مەسەلە ڕووبەڕووین. یەکەم فشاری کۆماری ئیسلامی کە هەر لە سەرەتایی هاتنە سەرکارییەوە بە سەر خەڵکی کوردستانی هێنا ئێوە دەزانن هەر لەو کاتا کە خۆمەینی هاتنەسەرکاریەوە زۆرینەی خەڵکی کوردستان بە تەحریمی ڕێفراندۆم و هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی کە وەکوو نێوەڕۆکی مەشروعییەتی خۆی دەیناسی نیشانیان دا کە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نین و ئێمە دەشبینین کە سپای خۆمەینی هێرشیان کردە سەر خاکی کوردستان و ئەو شەڕەیان بە سەر خەڵکی کوردستانا داسەپاند. خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە وەکوو دوو هێزی بنەڕەتی لە کوردستان ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی مانەوە و لە گەڵیا شەڕیان کرد بەردەوام ئەوە درێژەی هەبوو بەڵام ئەوە لە عەینی حاڵدا کە ئەو مێژووە لێی دەکۆڵینەوە دەگەینە ئەم دەورە ئەوینین کە نە کۆماری ئیسلامی لە کۆتاییهێنان بە بزووتنەوەی کورد سەرکەوتوو بوو، نە بزووتنەوەی کورد توانیویەتی بە مانای واقعی بە ئامانجەکانی بگات. یانێ ئێمە لە جۆرێک هاوسەنگی هێز لە بەینی ئەو دوو تەرەفەین و لەو هاوسەنگییەدا هیچکام نەیتوانیوە ئەوەی دیکە لە بەین ببات و لە عینی حاڵیشدا خۆشی نەیتوانیوە سەرکەتوو بێ.

بابەتێکی گرینگ ئەوەیە لە دوای بزووتنەوەی ژینا ئەو باڵانس و هاوسەنگی هێزە لە بەینی کۆماری ئیسلامی و کورد

بەگشتی تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕانی پەیدا کردوە، بە تایبەت لایەنی کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستان و قورسایەتی قسە و کرداری زۆرتر بوو هەرچەند سەرکوت لە کوردستانا زۆرتر بووە. بەتایبەت لە دوای بزووتنەوەی ژینا بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵ و هێزێکی ڕادیکاڵ هاتە نێو مەیدان کە هاوسەنگیی هێزی تا حەدێک بە نەفعی خەڵکی کوردستان گۆڕی.

**شەهرام سوبحانی**: چۆن چاو لە دۆخی بزووتنەوەی مەدنی چ لە کوردستان یان لە ئاستی ئێرانیشدا لە دوای سەرکوتی بزووتنەوەی ژینا دەکەن؟

**د. لەیلا مرەوتی**: بێگومان بزووتنەوەی ژینا ئەزموونێکی تایبەت بوو بۆ خەڵکی ئێران بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی چونکێ بۆ یەکەمجار کوردستان کە خۆی وەک حاشیە وابوو و پەراوێز خرابوو بۆ خۆی ئەبێ بە ناوەندی جموجۆڵێکی ڕادیکاڵی ئینقلابی یا بزووتنەوەیەکی ئینقلابی کە لە نێوخۆیدا پۆتانسییەلی ئینقلابی بوونی هەیە یانێ لە هەلومەرجی پیشا ئینقلاببوون قەراری گرتووە و ئەوە شتێکی تایبەتە لە بزووتنەوەی کورددا. بەڵام ئەوەیکە ئەو بزووتنەوە کە سەرکوت کرا، ئایا خەباتی مەدەنی گۆڕانی پەیا کرد لە کوردستان یا بەگشتی لە ئێران دیارە خەباتی مەدەنی لە کوردستان هەرواکە لە پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم پێ کرد لەبەین نەچوو، بەڵکوو خەباتی مەدەنی شکڵی جیاوازی بە خۆی گرت.

**بۆ نموونە**: ئێمە ئەزانین مەراسمێک وەکوو نەورۆز هەمیشە بۆ کورد نەورۆز جۆرێک هێمای سیاسی و نیشتمانی و لەنێو خەڵکی کوردستاندا ئەرزش و بایەخێکی زۆری هەبووە و هەیە. بەڵام لە دوای بزووتنەوەی ژینا بینیمان کە لە کوردستان هەڵپەرکێ نەورۆز ئەو جوغرافیاییە گەورەتر بووە و هەر لە خۆی و ماکۆ هەتا ئابدانان و ئیلام و خوارەوەتر کە ئێمە شتێک بەناوی مەراسمی نەورۆز دەبینین هەڵپەرکێ نەورۆز و ئاگر و لیباس و ڕەنگی جۆراوجۆر دەبینین هێما گەلی کوردی دەبینین ئیعترازێکی زۆر تایبەت دەبینین کە یەکدەنگە، یەکڕەنگە بە هەڵپەرکێ کوردی کە بۆ خۆیی نەمادێک لە یەکڕەنگی و یەکدەنگی لە کوردستانە. ئەوە بەشێک لەو خەباتی مەدەنییەیە کە لە دوای بزووتنەوەی ژینا بەهێزتر ئەوێ، چ لە باری جوغرافیایی و چ لە باری حەشیمەتەوە. مەسەلەیەکی تریش لە بەحسی خەباتی مەدەنیدا ئەوەیە کە ڕێکخراوە مەدەنی لەناو کوردستانا بەهێزتر و بەهێزتر ئەبن هەرچەند حکوومەت گەرەکیەتی هەموویان پەراوێز بخات، بە تایبەت فشارێکی زۆر دەخاتە سەریان کە زۆریان مەحدوود بکاتەوە و زۆریان کۆنترۆڵ بکات و کەسانێک کە لەو ڕێکخراوانەدا هەن دەستبەسەر دەکرێن، بە تایبەت ژینگەپارێزان. بەڵام ئەوانیش نە تەنیا لاواز نەبوون بەڵکوو بەهێزتر و بەهێزتر ئەبن.

**شەهرام سوبحانی**: بە سەرنجدان بە ئاماری گرتن و بەندکردن و حوکمدانەکان، ڕێژیم ئەو هەمووە تێچووە قورسە بۆ بەسەر بزووتنەوەی مەدەنی و جەماوەریدا دەسەپێنێت؟

**د. لەیلا مرەوتی**: ڕێژیم بە چەند هۆکار ئەو کۆمەڵگەیە سەرکوت دەکات. هۆکارێکی ئەوەیە گەرەکیە نەهێڵێت دووبارە شتێکی وەک بزووتنەوەی ژینا شکڵ بگرێت. بەشی دووهەمیشی ترسی ڕێژیمە کە دەبێتە هۆی ئەوەیکە سەرکوتکردنەکان زۆرتر بکات بۆ ئەوەی کە لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و پیشگیرییەک بکات لە دۆخی ئینقلابی لە ئێران بە تایبەت لە کوردستانا. ئەڵبەت دەتوانم بڵێم هۆکاری دیکەشی هەیە ئەویش ئەوەیە هەروا کە پێشتر باسم کرد کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێران زۆر لاواز عەمل دەکات و هەرچەند لە وەختێکا لە شەرایەتێکدا ئەو کۆمەڵگە ئەیتوانی ئاڵوگۆڕێکی ئینقلابی لە پێوەندی لەگەڵ خۆی و لەگەڵ حکوومەت دروست بکات. بەڵام ئەنجامی نەدا بە هۆی ترس بە هۆی ئەوە بوو کە ڕێکخراو نەبوو و حکوومەت بۆ ئەوەی کە دووبارە شۆڕشێکی دیکە بزووتنەوەی ژینایەکی تر لەدایک نەبێت. بۆیە حکوومەت ئاماری گرتن، کوشتن، و ئێعدامەکان دەباتە سەرێ و بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش. هەرچەندێک کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێران و نێوخۆیی ئێران ڕادیکاڵتر عەمل بکات لە دەرەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەوتیش بە نیسبەتی ڕێکخراوە و دۆخی نێوخۆیی ئێران ڕادیکاڵتر ئەبێت.

**شەهرام سوبحانی**: لە تەنیشت بایەخدان بە خەبات و بزووتنەوەی مەدەنی، ئەو پرسیارەش هەمیشە دەکرێ کە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بە زەبری زۆر دەڕووخێن. پێتان وایە لە سەردەمی ئێستادا و بە پێی ئەزموونەکان لە ناوچە و دەوروبەرمان خەباتی مەدەنی سەرکەوتووترە یان خەباتی چەکداری؟

**د. لەیلا مرەوتی**: ئەم پرسیارە زۆر گرینگە چونکە ئێمە ئەباتە سەر دوو پرسی ئەساسی و تایبەتی، یەک ئایا ڕووخانی ڕێژیمەکان بە تایبەت ئەگەر باس لە ئینقلاب بکەین ئایا ئینقلابەکان دەبێ لەگەڵ شێوەیەک لە توندوتیژیی سیاسی تێکەڵ بن یا ئینقلابەکان بە ئارامی ئەتوانن ڕوو بدەن؟ وەکوو ئەو شتەی کە بە ناوی ئینقلابی مەخمەڵی لە وڵاتەکانی ئورووپای شەرقی ئەیناسین، دوو، ئایا بۆ ڕێژیمێکی تۆتالیتر وەکوو کۆماری ئیسلامی شەڕی چەکداری ئەتوانێ ببێتە هۆی ڕووخانی ئەم حکوومەتە؟ یا خەباتی مەدەنی ئەتوانێ لە کۆتاییدا حکوومەتێکی وەکوو کۆماری ئیسلامی برووخێنێ؟ وڵات گەلێک کە ئینقلابی مەخمەڵی و ڕەنگینیان ئەزموون کردوە کە لە ئورووپای شەرقی بوون لە دوای ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت زۆر جیاواز بوو و ئەساسەن بۆ وڵاتێکی وەکوو ئێران ئەوەیکە ئایا ئینقلابێکی مەخمەڵی یا ڕەنگی وەڵام بداتەوە زۆر باس و قسەی هەیە کە ئێستا باسی ئێمە نییە، چون ئەوە بابەتی خاسی خۆی گەرەکە، بەڵام ئایا کۆماری ئیسلامی بە نەرمی و بە ئارامی دەڕووخێ یا شەڕی چەکداری؟ یەک مەسەلە گرینگە، کۆماری ئیسلامی بۆ خۆی لە زاتی خۆی لەو ڕێژیمگەلەیە کە دەتوانین پێی بڵێن ڕێژیمهایەکی خۆدنابوودساز، ڕێژیم گەلێک کە خۆیان لە نێو خۆیاندا خۆیان دەڕووخێنن و هەڵدەتەکن. ئەڵبەتە ئەمە بەو واتا نییە کە کۆماری ئیسلامی خۆی خۆی دەڕووخێنێ و ئیتر هیچ کارێک نابێ بکرێت. نا، مەبەست ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی پۆتانسییەلی تایبەتی بۆ ڕووخان هەیە. بە نیسبەت شەڕی چەکداری دەتوانم بڵێم ئیمڕۆ شەڕی

چەکداری، شەڕی دەورەی ١٩٥٠ -١٩٧٠ نییە. دەورەی شەڕگەلێ چریکی نییە، لە قەرنی ٢١دا شێوازوجۆری شەڕەکان زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە. چۆن ئەساسەن تەسلیحاتی نیزامی ئیتر ئەو تەسیلحاتەی پێشوو نین ئێمە دەبینین شەڕ زۆرتر لەوەی کە شەڕێکی کلاسیک بێت ئێستا زیاتر شەڕی دنیای ئێلکترۆنیکە. شەڕی نوێیە. بەپێی ئەو پێشکەوتنانەی کە ئیمڕۆ لە حەوزەی تەسلیحاتا لە دنیا هەیە هەموو جۆرە شەڕێکمان هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت شەڕی سایبێری ئەبینین، توانایی ئینسانی ئەبینین و زاڵبوونی ئینسان لە ڕێگەی ژیریی دەستکرد بە سەر ئەو شتانە ئەبینین. هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی بەشێک لەو توانا نیزامییەی هەیە و لێرەدا ئەو پرسیارە بۆ ئێمە پێش دێ، ئایا بە نسیبەتی ئەو هێز و توانا سەربازییەی کۆماری ئیسلامی هەیەتی هێزە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی بەگشتی ئۆپۆزیسیۆنەکان توانایی ئەوەیان هەیە لەبەرانبەر ئەو نیزامە کە ئەو هەموو ئیمکاناتەی لە ئێختیار دایە بەرنگاری ببنەوە؟ ئایا لە باری جوغرافیایی و دۆخی ژئۆپۆلۆتیک ئەو ئیمکانەیان هەیە کە بتوانن شەڕێکی درێژخایەن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەن؟ ئایا هاوکات لە شەڕی چەکداری بە مەفهوومی مۆدێرن ئەتوانن کەڵک وەربگرن؟ ئایا ئەوندەیان هێز و قابلییەت هەیە کە هاوکات شەڕی چەکداریان دژ بە کۆماری ئیسلامی بێت؟ ئەمە لە ئەسڵدا کێ دەبێ وڵامدەر بێت؟ ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە شەڕی چەکداری هەیە و هێزی چەکداریان هەیە یانێ لە بەراوەردی هێزی خۆیان و کۆماری ئیسلامی پێیان وایە کە ئەو هێزە چەکدارییەیان هەیە و ئەو هێزەی ئەوان ئەتوانێ لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا بێت. کە ئەگەر ئەو هێزە بوونی بێت بەپێی بەراوەردێکە لە بەحسی شەڕهای چریکی بەپێی ئەو بەراوەردێکی کەن بۆ خۆیان ئەتوانن وڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە و ئەوەی کە ئایا بەو هێزە ئەتوانن کۆماری ئیسلامی بڕووخێنن یا نە؟ جابۆیە هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد بە نیسبەتی دۆخی ئێستای کۆماری ئیسلامی ئەو ڕێژیمە زەمینەی ڕووخانی هەیە بە هۆی ئەو دۆخە ئێقلیمی و جوغرافیایی و گەندەڵییەی کە هەیەتی هەروەها هێزی مەدەنیش بۆ خۆی ئەتوانێ بە شێوەیەک ئەو حکوومەتە بڕووخێنێ.

**شەهرام سوبحانی**: دووڕەدیمەنی خەبات و نارەزایەتییەکان لە دژی کۆماری ئیسلامی چۆن دەبینن؟

**د. لەیلا مرەوتی**: دیارە لە عیلمی سیاسەتدا پێشبینییەک بە نیسبەتی دۆخی داهاتووی وڵاتەکان ناکرێت یانێ ئەوەی کە بڵێن داهاتووی وڵاتێکی غەیرە دێموکراتیک چۆن دەبینین ئەبێ بە دەوڵەتێکی دێموکراتیک یا بە پێچەوانەوە ئایا دەوڵەتێکی دێموکراتیک ئیمکانی هەیە بڕووخێت و ببێتە دەوڵەتێکی بێ سۆباتی غیرە دێموکراتیک؟ لە واقعیەتی دنیای سیاسەتدا هەر ئاڵوگۆڕێک دەتوانێ ڕوو بدات بەڵام بەپێی دۆخی کۆماری ئیسلامی هەروا کە گوتم زۆرتر ساختاری لە ڕێژیمێکی خۆدنابوودسازە وەک ئەو ڕێژیمانەی کە خۆیان لەناو خۆیاندا یەکتری لەبەین دەبەن مەگەر ئەوەیکە ئەوە ڕێژیمە بێت ئاڵوگۆڕێکی کامڵ و بنەڕەتی لەنێو خۆیدا، لە حاکمیەت و یاسای بنەڕەتی، لە شێوازی پێوەندی لەگەڵ خۆی و خەڵک، لە سیاسەتی نێوخۆیدا ئاڵوگۆڕێکی تایبەت لە پێوەندی خۆی لەگەڵ دنیای دەرەوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ناوچەی

**شەهرام سوبحانی**

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە باسکەکانی ئیجرایی و سیاسەتەکانی دەرەکی وەکوو ئەوانەی کە بەناو گروپە نیابەتییەکانی ناسیاون، ئەبێت ئاڵوگۆڕێکی زۆر تایبەت پێک بێنێت و هەرچی شتە لە نوێ دروست بکاتەوە، ئەو شتەی کە زۆرێک پێی دەڵێن ئیسلاح و ڕیفۆرم. بەڵام مەسەلەی ئەسڵی ئەوەیە کە ئەو ئەسڵاح و ڕێفۆرمە لە ساختاری کۆماری ئیسلامی بەهۆی ئەو شەرایەتەی کە هەیەتی و هەروا هەر ئەو واقعیەتی ساختاری ئیدئۆلۆژیکەی باوەڕێکە بۆ خۆی لە چوارچێوەی فکری ئیسلامی سیاسی هەیەتی و ئەو ئابووریی ڕانتی نەوتییە ناکرێت. ئەوەی کە بەناوی ئیسلاحات لە ماوەی ساڵیانی ساڵ تەحوێلی خەڵکیان دا بێجگە لە درۆ هیچ شتێک نەبوو و ئەساسەن لە ساختارێک وەکوو کۆماری ئیسلامی شتێک بە ناوی ئیسلاحات هەڵەیەکی گەورەیە و درۆ و فریوێکی گەورە بوو کە هەر لە ئەوەڵەوە کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی لە دەسەڵاتی خۆی کردویەتە سەری خەڵک و بەو درۆانە زۆر کەسی فریو دا و ئەو ئیسلاحاتە یانی ڕووخان یانی ئاڵوگۆڕ و تەنیا لە ڕووخاندا دەستەبەر دەبێت. یانێ کۆماری ئیسلامی ناتوانێ یاسای بنەڕەتی بگۆڕێ و نەڕووخێ. لە نەهایەتدا من پێم وایە بەو دۆخەی کە کۆماری ئیسلامی دەچێتە پێشەوە ئەگەری ڕووخانی هەیە بەڵام ناتوانین کات و زەمانی بۆ دیاری بکەین.

ای ڕەزبەری ٢٧٢٤

## حەبیبۆڵڵا بەلووچ: کۆماری ئیسلامیی بۆ سەرکوتی نەتەوەکان خەریکی پەرەپێدانی فاشیزمە



### ئاماژە:

**ڕێژیمی لەنێوچووی پاڵەوی و کۆماری ئیسلامی بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر نەتەوەکانی ئێران و یەکدەستکردنی وڵات، لە بیری بنیادنانی ناسیۆنالیزمێکن پێداگری لەسەر دروستکردنی ئێرانێکی یەک نەتەوە، زمان، کولتوور و مێژوو بکات. مەبەست لەوەش ئەوەیە ئەم سیستمە فکرییە لەلایەک قەڵغانێکی بەرگریکار بێت بۆ حکوومەتەکەیان و لەلایەکی دیکەوە بەئاسانی بتوانن سامانی نەتەوەکانی نێو جۆغرافیای ئێران بە تاڵان ببات. فاشیزم چییە؟ فاشیزمی ئێرانی چۆن دروست بووە؟ جیاوازی فاشیزمی نەژادی و مەزهەبی چییە؟ ئەم فاشیزمە چ کاریگەرییەکی بەسەر کۆمەڵگەی بەلووچ و بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێرانەوەیە؟ نەتەوەکانی بەلووچ و کورد و نەتەوەکانی دیکە چۆن و بە چ شێوە و نەخشە ڕێگایەک ئەبێ لەگەڵ فاشیزمی ئێرانیدا بەربەرەکانێ بکەن؟ "کوردستان" لەم پێوەندییەدا وتووێژێکی لەگەڵ حەبیبوڵڵا بەلووچ، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی بەلووچستان "ڕاجی تەپاکی" پێکهێناوە.**

**شەهرام سوبحانی: بەڕێز بوزورگزادە با ڕوانگەی ئێوە لەسەر فاشیزم بزانین و بپرسین کە فاشیزمی ئێرانی چۆن دروست بووە؟**

**حەبیبوڵڵا بەلووچ**: زێدەڕۆیی لە نەتەوەگەرایی ئەویش لە حکوومەتێکدا کە ئامانجی یەکدەستکردنی کۆمەڵگە لە بواری کولتووری، زمانی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و تەنانەت مەزهەبییەوە بێت، فاشیزمە. ئەم فاشیزمە یەکەمجار لەلایەن نوخبە زێدەڕۆکان و بە هاوکاریی ڕەزاخانی پاڵانییەوە هاتە ئاراوە کە تەنانەت ناوی پاڵەوی کە لە ئەسڵدا بەلووچییە و لە دەورووبەری ناوەندی سیستانەوە هاتوە، بۆ ئەوە دیاری کرا کە مێژووگەرایی پەرە پێ بدات. هەر لەم ڕوانگەوە و بە مەبەستی چالاکییە جۆراوجۆرەکان دەست بەکار بوو، بۆ بەهێزکردنی ئەو بابەتە دەوڵەتی ئاڵمانیش ڕۆڵی هەبوو بەو هۆیەوە نوخبە ئێرانییەکان لەوێ پەیوەندییەکی چڕوپڕیان بوو لەگەڵ نازییەکان و ڕێکخراوگەلێک وەکوو ڕێکخراوی پەروەردەکردنی بیرۆکەی ئێرانییان "سازمان پرورش افکار ایرانیان" لەو ڕاستایەدا دامەزراند کە لەلایەن کەسانێک بەڕێوە دەچوو، وەکوو وەکوو ئەحمەد مەتین کە لە ئاڵمانی نازیی پەروەردە ببوو یان کەسێکی تر وەکوو داوود مونشیزادە کە کتێبەکانی لەژێر ناوی زمانەکانی دیکەی ئێرانەوە نووسیبوو و بەشێوەیەکی بەرچاو لە ڕاستای بەلاڕێدابردنی ئەو زمانانە ڕۆڵی هەبوو. هەر ئەو کەسانە لەکاتی گەڕانەوەیان لە ئاڵمان بەرپرسایەتی زۆر باڵای حکوومەتییان لە سەردەمی پاڵەوی وەرگرت و ئاوابوو کە ناسیۆنالیزمێکیان بنیات نا کە جەختی دەکردەوە لەسەر ئێرانێک کە خاوەنی یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک مێژوو و یەک کولتوور بێت. هەر بەو هۆکارە تەنانەت دەستێوەردانیان کرد لە مێژووشدا، ئەو دەستێوەردانە لە ئاستێکدا بوو کە زۆرێک لە کتێبە مێژووییەکان لەلایەن ناسیۆنالیستە زێدەڕۆ و فاشیستەکانەوە لە وڵاتانی جۆراوجۆرەوە لەنێو بران چونکە ڕوانگەی ئەوان کە بۆ نەژادی سەرتر بوو، ڕەت دەکردوە، هەر بەو مەبەستە دەتوانن سەرنجی ئەو ڕاپۆرتانەش بدەن کە "بی بی سی" بڵاوی کردووەتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: جیاوازیی فاشیزمی نەژادی و فاشیزمی مەزهەبی لە چیدایە و چ شوێندانەرییەکی هەبووە لەسەر کۆمەڵگەی بەلووچ و بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێران؟

**حەبیبوڵڵا بەلووچ**: فاشیزمی نەژادی و مەزهەبی هەرچەند جیاوازییان هەیە بەڵام کۆماری ئیسلامی لە هەردوویان کەڵکی وەرگرتوە، بە شێوەیەک کە هەم شاعیر و چالاکانی نەتەوەیی بەلووچیان تێرۆر یان سنووردار کردوە و هەم چالاکانی مەزهەبی. لەلایەکی دیکەوە خەریکی گۆڕانی ناوی شارەکان و تەنانەت تایفەکانیشن و ئەو گۆڕانکارییانە لە ئاستێکدان کە لەلایەکی ترەوە مزگەوتەکان تێک دەڕووخێنن، مەولەوییەکان تێرۆر دەکەن و ڕێگری دەکەن لە چالاکانی دینی و سوننە مەزهەبەکان. کۆکردنەوەی ئەو دووانە لەلای یەکتر ناوچەگەلێک وەکوو بەلووچستان، کوردستان، تورکەمەن سەحرا و ئەهواز و... دووقات زیاتر ئەمنییەتی کراون و لە سەرکوتدا پشکی شێریان بەرکەوتووە.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا ئێوەش لەسەر ئەو باوەڕەن کە هەندێک لە ڕەوتەکانی دەرەوەی وڵات فاشیزمی ئێرانییان لە

**چوارچێوەی مافی شارۆمەندی و دێموکراسی بۆ ئێرانی داهاتوو پەرە پێداوە؟**

**حەبیبوڵڵا بەلووچ**: ئێمە لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا بێبڕانەوە لەگەڵ فاشیزمێک ڕووبەڕووین کە نهادینە بووە، بەڵام بەنیسبەت پەرەسەندنی بزووتنەوەکانی نەتەوەیی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران و نیگەرانی فاشیزمی نووستوو کە ڕوانگەیەکی زێدەخوازییان هەیە لە "ئێران" بە سەرترزانینی "فارس" زیاتر پەرەی سەندوە. فاشیزم پێویستی بە هێما و ڕێبەر هەیە و هەر دووی ئەوانە کە لە پێشدا ساز کرابوون، دووبارە زیندوو کرانەوە و خەریکن کاریان لەسەر دەکەن. دەزگای کۆماری ئیسلامیی ئێران کە میراتگری سیستەمی پاڵەوییە لە ڕاستیدا میراتگری فاشیزمی نەتەوەییە، لە چوارچێوەی فاشیزمی مەزهەبیدا  لە زۆربەی کاتەکاندا کەڵکی لێ وەرگیراوە و بە کاریان هێناوە بەتایبەت لە بۆ ڕێگریکردنی جیددی لە هەرجۆرە پەرەسەندنێکی زمانەکانی دیکە لەو جۆغرافیایەدا، بەربەرەکانێ لەگەڵ کولتوور و چالاکانی کولتووریی و نەتەوەیی و چیها تێرۆر و کوشتن و زیندانیکردن یان ناچارکردنیان بە کۆچکردن، هەر لەو ڕوویەوە ڕێژیم بە هەمان ئەندازە کە فاشزیمی دەرەوەی وڵاتی لە پەرەسەندنی ڕەوتی نەتەوەیی نەتەوەکان هەست بە مەترسی دەکات، ئەوانیش هەست بە ترس دەکەن بۆیە لانیکەم بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ نەتەوە ستەملێکراوەکان هاوکاری پشتی پەردەیان هەیە. دەزگا سەرکوتگەرەکان بەتایبەت سپای پاسداران بۆ سەرکوتی ئەو بزووتنەوانەی کە لەسەر پایەی نەتەوەیی دروست بوونە هەم ئۆپۆزیسیۆنی بۆ دەرەوەی وڵات هەناردە کردوە و هەم لەو ڕاستایەدا سەرۆککۆمارێکیان هەڵبژارد کە پێشینەی زمانی فەرهەنگیی نەتەوەییەکی بەرزی هەبێت هەتا بزووتنەوەی نەتەوەیی نێوخۆی وڵات لە ڕێگەی ئاوا پەیامێکەوە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە هەڵبژاردنی پارێزگارێک لەلای سەرۆککۆمارەوە بۆ ماوەیەک، لاواز بکات.

**شەهرام سوبحانی**: **تا چ ڕادەیەک ئەو بارودۆخە بە مەترسی دەزانن بۆ سەر خەباتی نەتەوەکانی ئێران؟**

**حەبیبوڵڵا بەلووچ**: ڕەنگە زۆربەی خەڵک بەهۆی دڵخۆشکردن بەوەی کە فاشیزم لاواز و بێتوانایە، ئەو بابەتە بە بابەتێکی مەترسیدار نەزانن بەڵام من لەسەر ئەو باوەڕەم ئەو بابەتە مەترسییەکی جیددیە و بۆیە نە لەسەر ئەوەی چەند کەس لەژێر ناوی ئۆپۆزیسیۆن و لە نێوەرۆکدا فاشیزمن بەڵکوو بەهۆی ئەوەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتکردنی نەتەوەکان، خەریکی ئەوەیە فاشیزم بەهێز بکات و پەرە پێبدات و وادەزانێت بە ناردنی هەناردەکراوەکانی خۆی لەنێو ئۆپۆزیسیۆندا دەتوانێت ئیمکانی کۆنترۆڵ و ڕێنوێنی ڕەوتی فاشیزم بکات بەڵام زۆر لە هەڵەدایە، چونکە دەستێوەردانی دەوڵەتەکان بۆ بەهێزکردنی هەر ئیدئۆلۆژییەک لە مێژوودا بۆتە هۆی دروستکردنی ڕەوتێک کە دواتر لە سەردەمێکدا لە کۆنترۆڵیان دەرچووە و بووەتە هۆی بەهێزبوونی زیاتری ئەو بزووتنەوانە بەڵام ئەم بارووددۆخە بۆ کۆماری ئیسلامی و سپای پاسداران زۆر جێگای نیگەرانی نییە چونکە ئەو ئەزموونگەلێکی وەکوو دروستکردنی ئاوا گرووپگەلێک لە سووریە، عێراق، لوبنان،

یەمەن، ئەفغانستان و پاکستانیان بووە و ئەو نموونەش هەرئاوا پایەیەکی هاوشێوەی هەیە و لەکاتی پێویستدا بۆ سەرکوتکردن وێژمانی سەرەکیی کە وێژمانی نەتەوەکانە بەشێوەی جیددی بەکار دێن.

**شەهرام سوبحانی:** نەتەوەکانی بەلووچ و کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران چۆن و بە چ شێوە و ڕێکارێک دەبێت خەبات بکەن لە دژی فاشیزمی ئێرانی؟

**حەبیبوڵڵا بەلووچ:** تەنیا یەک ڕێگا هەیە ئەوەش هاوکاریی بەکردەوەی گشتگیر و هاواهەنگیی نەتەوەکانە، کە من لێرەدا کە وشەی "بەداخەوەم" بەکار دێنم کە هەتا ئێستا لە ئاستی کردەوەدا کار نەکراوە بەڵکوو تەنیا لە ئاستی ڕاگەیەندراو و بەیانییەدا وهەروەها هاودەنگییدا قەتیس ماوەتەوە. ئێمە نەتەوە ستەملێکراوەکان پێویستییەکی ئێجگار زۆرمان هەیە بە دروستکردنی بلۆکێکی گەورەتر لە ئاستی تەواوی حیزب و ڕێکخراوە چالاکەکان یان لانیکەم زۆرینەی نزیک بە تەواوی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە بێت، دەبێت کەلێنی نێوان هەموو ڕەوتە نەتەوەییە فیدراڵخواز و ئەوانەی مافی دیاریکردنی چارەنووسیان قبووڵە، وەلابنرێت. دەبێت ئەو ناکۆکییەی نێوان نەتەوەکان کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە هان دراون نەمێنێت و پێویستیی ئەم کارەش لە دوور یەک کۆبوونەوەی هەموو هاوپەیمانییە نەتەوەییەکانی نەتەوە چەوساوەکانە وەکوو یەک بلۆکی سەرتاسەری. هاوپەیمانیی دێموکراتیکی نەتەوەکان، هاوپەیمانیی کۆنگرە و هاوپەیمانیی نەتەوەیی سێ هاوپەیمانی تا ڕادەیەک بەهێز، دەبێت ببێتە یەک بلۆکی یەکگرتوو هەتا وێژمانی نەتەوەکان بتوانێت ببێتە جێگرەوەیەکی جیددی و دڵخوازی جیهانی.

**شەهرام سوبحانی:** دوو ساڵ دوای بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" چ لێکدانەوەیەکتان هەیە لە بارودۆخی سیاسیی و خەباتی ئێستای بەلووچستان؟

**حەبیبوڵڵا بەلووچ:** دوو ساڵ دوای بەربڵاوترین و جیددیترین خەباتی ئەم ساڵانەی دوایی کە زۆرینەی بنەماڵە بەلووچ و کورد و نەتەوەکانی دیکەی گرتەوە ئێستاش بارودۆخی ئاگرەکە خۆڵەمێشییە بەڵام لە هەلومەرجی گەمارۆی ڕێژیم گۆڕدراوە بۆ گەمارۆی دووبارەی نەتەوە ستەملێکراوەکان، ئێمە وەکوو هەمووکات خەریکین زەبرمان وێدەکەوێت لەلایەن ڕێژیمەوە. دوو شت زۆر ڕوونە یەکەم: ئەم هەلومەرجە بووە هۆی بەهێزبوونی دۆخی نێوخۆیی هێزە دێموکراسیخوازەکان و هەرچی زیاتر یەکگرتوویی نێوانیان. دووهەم: ئەو دۆخە کاتییە و لە کات و شوێنی گونجاودا دووبارە گۆڕانی بەسەردا دێت بەڵام ئەو گۆڕانە بەبێ دروستبوونی ئەو بلۆکە، ڕەنگە ببێتە هۆی شکستی دووبارە.



سەرچاوە
Serchawe

## شەهرام سوبحانی

**شەهرام سوبحانی**: ئاسۆی خەباتی خەڵکیی لە دەرەوە و نێوخۆی وڵات لە دژی کۆماریی ئیسلامی چۆن دەبینن؟

**حەبیبۆڵڵا بەلووچ**: هەر ئەوەی کە ئاماژەم پێ کرد و دەبێت لەگەڵ خۆمان ڕاستگۆ و ڕاشکاو بین؛ ئێمە بەبێ دروستکردنی بلۆکێکی بەربڵاو ناتوانین کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندییە فاشیستەکانی هەندێ ڕەوتی ڕاستگەرای وڵاتانی دیکە بەشێوەی تەواوەتی لەنێو ببەین. دانیشتن و تەنیا بۆ خۆت بەرنامەداڕشتن لە کۆتاییدا تەنیا لە ئاستی خۆتدا ئاکامەکەی دەبینی، دانیشتن تەنیا بۆ وێژمانی چالاکییکردن بۆ فیدراڵیزم ونەبینینی ئەوەیکە وێژمانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بەهەمان ئەندازە بەهێزە، بیرێکی باش نییە. دانیشتن بۆ ئەو مەبەستەی کە لە کۆتاییدا لەگەڵ ڕەوتە فارسەکان ڕێککەوتنێک بکەیت و نەتەوە ستەملێکراوەکان پشتگوێ بخەیت تەنیا دەبێتە هۆی شکستەکانی دواتر. ئێمە دەبێت هەموو حیزبە نەتەوەیی نەتەوەکان لە ئاستی بلۆکێکدا لە دەوری یەک کۆ بکەینەوە و توانایی پێویست و بلووغی سیاسیی ئەوەمان هەیە کە بە ئاکامی بگەیەنین.

**شەهرام سوبحانی**: بەڕێز بوزورگزادە سپاس بۆ ئەوەیکە کاتتان دانا و ماندووش نەبن

**حەبیبۆڵڵا بەلووچ**: سپاس بۆ ئێوەش

۱۷ی ڕەزبەری ۲۷۲٤



سەرچاوە Serchawe

## شەهین تاڵەبانی: هونەرمەند ئەو کەسەیە بەرهەمەکانی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەکەی بێت



### ئاماژە:

هونەر و مۆسیقا شێوازێکن لە دەربڕینی هەست و سۆزی مرۆڤەکان کە قەڵەم و وشە لە ئاست دەبڕینی ئەو هەست و سۆزانە بێ ئاکام ماوەتەوە. وەکوو چۆن دەڵێن: "لە شوێنێک کە وشە کەم دێنێ، ئەو کاتەیە کە مۆسیقا دێتە مەیدان و ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ" هونەرمەندانیش وەک ئەکتەری سەرەکی ئەم شانۆیە بە بزواندنی هەستی خەڵک و خولقاندنی دەیان ئەسەری سرنجڕاکێش ڕۆڵێکی سەرەکی لەم بەشەدا دەگێڕن. "کوردستان" بۆ باس و بابەتێکی تایبەت بە دنیای هونەر و ژیانی هونەرمەندان دیمانەیەکی لەگەڵ هونەرمەندی ناوداری کوردستان خاتوو "شەهین تاڵەبانی" پێکهێناوە.

**شەهرام سوبحانی**: خاتوو شەهین لەگەڵ ئەوەدا جەنابت یەکێک لە هونەرمەندە ناسراوەکانی کوردستانی، بەڵام با لە زمانی خۆتانەوە سەرەتا باسێکمان هەبێت لە ژیانی هونەریتان، لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ئەو ژیانە هونەری و پڕ بایەخەتان. و ئەوەیکە چۆن بوو کە هاتنە نێو دنیای هونەر؟

**شەهین تاڵەبانی**: لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستی ئاراستەی جەنابتان، دەسخۆشیتان لێ دەکەم کە ئەم دەرفەتەتان بەمندا کە بتوانم لە خزمەتتاندا بم. من هونەرمەند شەهین تاڵەبانیم با لێرەوە دەست پێ بکەم کە هەر منداڵێک لە تەمەنێکا پێی ئەزانن کە چە بەهرەیەکی هەیەو تواناییەکانی چین، من لە کلاسی دوو و سێی سەرەتایی مامۆستای کلاس ئاگادار بوو کە دەنگێکی تایبەتم هەیە، ئەو کاتانە لە هەفتا یەک ساعەت بەرنامەی مۆسیقامان بوو و زۆر کات مامۆستا داوای لە من دەکرد کە گۆرانی بڵێم، جارجاریش لەمەودوا بەرنامەیەک بوو بە ناو بەرنامەی "کودک" من بەشداریم ئەکرد و کلاس سێ و چوار تا پێنج و شەشیشی سەرەتایی هەروا بەرنامەیەکی دیکە بوو کە من بەشداریم ئەکرد لە ناو مەدرسەکەمانا. بەڵام کاتێک گەورە بووم و چوومە قۆناغێکی دیکەی خوێندن" ڕاهنمایی" ئیتر دوازدە، سێزدە ساڵە بووین وهەستمان کرد کە بۆ کچ گۆرانی خوێندن لە بازێ جێگەگەلا باش نییە و بە عەیبیان دەزانی، منیش ئیتر دووریم کرد لە بەرنامەکان. و ئەگەر داوایان بکردای کە بچم لە حزووری خەڵکا گۆرانی بلیم ئیتر نەدەچووم، بەڵام کە چوومە دەبیرستان بەس بۆ ڕەفێقەکانی خۆم جار جارێک گۆرانیم بۆیان ئەخوند تاکوو کلاسی نۆ یانێ سێ ساڵ لە دەبیرستان تەواو بوو دوای ئەوە من لە ئیمتحانێکدا بەشداریم کردوو و قەبووڵ بووم بۆ ئەوەیکە دەرسی مامۆستایەتی بخوێنم، بەمجۆرە بۆ دوو ساڵ لێنیچە کە ئیتر کچێکی گەورە بووین وهێشتا هەر جوان نەبوو لە زۆربەی جێگە تۆ لە بەرانبەر خەڵکا گۆرانی بڵێت بەڵام هەروا لەو دوو ساڵەدا بۆ هاوڕێیەکانم گۆرانیم ئەخوەند ئەو کاتە ١٧ ساڵەم بوو کە بەرنامەیەک پێشهات کە بۆ یەک هەفتە بچینە سەیرانێک بە ناوی "ئاویەر" لێنە هەفتەیەک بوو مامۆستاکان کە قەرار بوو ببین بە مامۆستای داهاتوو بەرنامەمان بوو دوای ئێواران کە دەرسمان تەواو ئەبوو لە دەوری یەک جەم ئەووینەو گۆرانیمان ئەوت تاکوو ئێوارەیەک بەرێزێک هات وتی: من "عەباسی کەمەندی"م ناوە و لە ڕادیۆ کار ئەکەم. گوێی لە دەنگم بوو، قاوی لێم کرد وتی: "من حەز ئەکەم بیت ببیتە گۆرانیبێژ و لە ڕادیۆدا گۆرانی بڵێت" بەڵام من پێمخۆش بوو کە جوابی بدەمەوە و بڵێم نابێت کەی بۆ کچ لێرا ئیسە لەم تەمەنا بەتایبەت لەناو کوردەواریدا ئەبێت گۆرانیبێژێت. وتی: ئەوە "فەتانە" گۆرانی ئێژێت قەیچی ئەکات. منیش وتم: نە، من ئەو کارە ناکەم. ماوەیەکی زۆر هەرهات، هەر چوو، هات بۆ ماڵمان وتی: کە عەیب نییە و تۆ دەبێ گۆرانی بڵێی و گۆرانییەکم هەیە بەناو "سەبری گوڵفرۆش" پێمخۆشە تۆ بیخوێنی. کاک عەباسی کەمەندی بۆ ماوەی پێنج بۆ شەش مانگ هەرهات و هەر ڕۆیشت تاکوو ڕازی بووم. هەرچەند کە بنەماڵەی خۆم ئەهلی هونەر بوون. بەڵام بۆ ئەوانیش قسەی خەڵک کاریگەری خۆی هەبوو، من دوای پێنج بۆ شەش مانگ ڕازیم بووم کە بیخوێنم، بەڵام بە شەرتێک کە ناوی من بگۆڕن بە ناوی " ویدا" ئەویش خۆشکێکم بوو کە ئەو کاتە زۆر منداڵ بوو و قەبووڵیان کرد و گۆرانی "سەبری گوڵفرۆش" یەکەم گۆرانی بوو کە کاک عەباسی کەمەندی ئامادەی کردبوو و ئێمە ڕۆیشتین بۆ پرۆڤەکردن و دوای چەن ڕۆژێک لە ڕادیۆی سنە لەگەڵ گرووپی مۆسیقای ئەو کات کە بەداخەوە ناوەکەیم لەبیرنەماوە تۆمارمان کردوو و گۆرانی "سەبری گوڵفرۆش" هاتە بەرهەم و دوای چەن ڕۆژ دەنگدانەوەی زۆری لە سنە و شارەکانی دیکە هەبوو و زۆربەی جێگەکان حەزیان لێ بوو و خەڵک دەیانگوت داخۆم ئەوە کێیە ئەو گۆرانییەی خوێندووە و نەیاندەزانی منیش بە کەسم نەدەگوت کە ئەوە من بووگم، دوای

ئەویچە ماوەیەکی پێچوو تازە چووەمە ناو کلاس و مامۆستا بووم، منداڵێک گۆرانییەکی خوێند بە ناو " دوێشەو خەوم دی دووروا بیماری" زۆر مێلۆدییەکەیم پێ خۆش بوو، منیش پێوەندیم بە کاک عەباس کەمەندییەوە گرت و وتم: ئەم مێلۆدییەش جوانە بەس شێعرەکانی بگۆڕێن بە فۆلکلۆر ئەو گۆرانییەشم تۆمار کرد. و ئیتر دوای ئەو دوو بەرهەمە گۆرانیم نەخوەند لە سنە نەمام و قسمەت وابوو کە بچم بۆ تاران.

**شەهرام سوبحانی**: هەر هونەرمەندێک بە ئاوازێک یان بە بەرهەمێکی جیاواز جێگەی تایبەتیی خۆی لەنێو دڵی خەڵکدا دەکاتەوە. پێتان وایە کام بەرهەمی هونەریی ئێوە توانیویەتی زۆرترین کاریگەریی لەسەر خەڵک و بەردەنگەکانتان بکات؟ بۆ؟

**شەهین تاڵەبانی**: ئەو گۆرانییەی کە حازر بووم و ڕازی بووم بیخوێنم یەکەم گۆرانی بوو کە بە ناوی" سەبری گوڵفرۆش" ئەو کات ئێمە لەگەڵ کاک عەباس کەمەندی لە ڕادیۆی سنە تۆمارمان کرد. ئەڵبەتە لە کاتێکدا ئێمە لەگەڵ کاک عەباس کەمەندی پرۆڤەمان ئەکرد هەر ئەو کاتە گرووپی مۆسیقا وتیان: زۆر زۆر جوان ئەوێت کە بە دوو قۆڵی بیخوێنن. کاک عەباس کەمەندی بە ڕەحمەت بێت وتی: "نەوڵڵا من ئەو کارە ناکەم، ئەو بۆ خۆیی دەنگی زۆر خۆشتر لە دەنگی منەو بۆ ئەو کارە حەیفە با هەر بۆ خۆیی بیخوێنێ". بەڵام گرووپی مۆسیقا  وتیان: ئێوە دووبارە بیخوێنە و با ئێمە گوێمان لێ بێ. خوێندمانەوە دووبارە گرووپی مۆسیقا ئیسراریان کرد کە نابێ، دەبێ بە دوو قۆڵی بیخوێنن و شتێکی جیاوازە و زۆریش جوان ئەبێت. ئیتر بەو جۆرە ڕازی بووین هەردووکمان بە یەکەوە دوو قۆڵی ئەو گۆرانییەمان بە ناو "سەبری گوڵفرۆش" خوەند. بەڵام بەڕاستی دوای بڵاوبوونەوەی ئەم بەرهەمە هەموو ڕۆژێک چەندین جار ڕادیۆ لە هەموو لایکەوە بڵاوی ئەکردەو، و تەنانەت تا "قەسرشیرین" و "کرماشان" و تەنانەت ئەو بەرهەمە توانی سنووری ڕۆژهەڵاتیش تێپەڕێکات و بگاتە باشوور.

**شەهرام سوبحانی**: با لە زمانی شەهین تاڵباینەوە ببیستین کە هونەرمەند کێیە؟ و بە کێ دەوترێت هونەرمەند؟

**شەهین تاڵەبانی**: هەروا کە وتم لە منداڵییەوە هەر منداڵێک بۆ خۆی ئەگەر لە هەر بوارێکدا بەهرەیەکی هەبێت نیشانی ئەدا و ئەزانێت کە چ توانایەکی هەیە. ئێستا ئەو توانایە چ بەشی مۆسیقا بێت یان گۆرانی، یا شێعر و... بەگشتی دەتوانم بێژم کە جەوهەرەی ئەو شتە لە ناخیاندا خۆی نیشان ئەدات و دەریدەخات کە مایەی هونەرمەندبوونی تێدایە یان نە، و ئەتوانم بێژم کە هونەرمەند ئەو کەسەیە کە "داهێنەر بێت و داهێنانی نوێ بکات " ئەو کەسەیە کە تەواوی وجودی، ئێحساسی لەسەر کارێک کە سوودمەند بێت بۆ وڵاتەکەی بۆ خەڵکەکەی تەرخانی بکات یان بە واتایەکی تر بەرهەمەکانی ڕەنگدانەوەی باروودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی نەتەوەکەی بێت. و هەر وڵاتێک ئەگەر بتوانێ لە هەموو بوارێکی هونەردا گەشە بکات ئەو وڵاتە دەوڵەمەند دەبێت و دەبێتە هۆی ئەوەیکە ئەو وڵاتە بناسن. بە بڕوای من هونەرمەند ئەبێت

کارێک کە ئیکات ئیمانی پێ بێت و بەو جۆرە کارەکەی بەدڵی خەڵک و سوودمەند ئەبێت یان بە واتایەکی تر ئەتانم بێژم کە " قسەی دڵی خەڵک بکات" ئەو کات لای خەڵک هونەرمەندە، و هەروەها هونەرمەند ئەبێ خاوەن کەسایەتییەکی تایبەت بێت چونکە کەسایەتی هونەری بۆ خەڵکەکەی ئەوێتە ئۆلگوویەک و خەڵک شتی لێ فێر ئەبن. و هەموو شتێکی ئەو هونەرمەندە بۆیان تایبەت و سرنجراکێش ئەبێت و لە هونەرمەند زۆر شت فێر ئەبن جا ئەو کاتەسە دەتوانین بەو کەسە بێژین هونەرمەند.

**شەهرام سوبحانی**: بەپێی ئەزموونەکانی خۆتان و هونەرمەندانی دیکەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو کۆسپانەی لە بەردەم هونەرمەندی دەروەست دەبن یان لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆیان دروست دەکرێ چن و چۆنن؟

**شەهین تاڵەبانی**: ئەو کاتە بەس قسەی خەڵک بوو کە ڕێگری ئەکرد لە ئەو کەسەی کە خاوەن بەهرەی دەنگی خۆشی بوو، بەتایبەت بۆ کچان، تەنانەت بۆ کوڕە کانیش من بنەماڵەم دەناسی کوڕەکەشیان دەنگی خۆش بوو، بەڵام ئیجازەیان پێیان نادا کە دوای بەهرەکەیان بکەون، هۆکارەکەشی هەروەک ئاماژەم پێکرد قسەی خەڵک بوو، بۆ ئەو کاتە. بەڵام ئێستا ئیتر ئەوە نەماوە ئیتر ئیسە ئەزانن کە هونەر سامانێکە بۆ وڵاتێک کە بەڕاستی هونەرمەندی ڕاستەقینەی تێیدا بێت و کاری هەروا وتم سوودمەند بێت وهونەرەکەی ببێتە هۆی ئەوەیکە ئەو وڵاتە دەوڵەمەند بێت لە هەموو بوارێکی هونەری. بۆ مەسەلەی دەسەڵات تا جێگەیەک بۆی بکرێ ڕێگری دەکات هەرچەند ئێستاش لە ڕۆژهەڵاتا بە تایبەت گرووپی مۆسیقا من ئاگادارم کە زۆر زۆر پێش چووگن و گۆرانیبێژیشی باشمان هەیە کە توانیگیانە خۆیان بگەیننە باشوور و دەربکەون و بەداخەوە دەبێ ئەو ڕاستییەش بگوترێ کە هێشتا لە ڕۆژهەڵاتا بە تایبەت کچان ئەو مەجال و ئیمکاناتەیان لە بەردەستدا نییە کە بەهرەکانی خۆیان نیشان بدەن و لە ئاکامدا دەتوانم بێژم تەنیا ئەو سەردەمە زۆرتر قسەی خەڵک بوو کە دەیتوانی ڕێگر بێت و دیوارێکی بەرزی لەبەینی ئەو کەسانا دروست دەکرد کە گەرەکی بوو کاری هونەری دەست پێ بکات.

**شەهرام سوبحانی**: پێمان خۆشە لێرەدا باسێک لە هونەرمەندی نەمر "فەتانە وەلیدی" بکەن، کە تایبەتمەندییەکانی ئەم کەڵە هونەرمەندە چی بوون؟ و چەندە کاریگەرییان لەسەر هونەرمەندانی پاش خۆیان داناوە؟

**شەهین تاڵەبانی**: فەتانەی ڕەحمەتی ڕۆحی شاد بێت کە داخێکی گەورەشە کە بەڕاستی زۆر زۆر پێمان ناخۆش بوو کە لەو حاڵەتا بوو و بەداخەوە هەر زوویش دونیای هونەری بەجێهێشت کە ئەوە بۆ خۆیی باسێکی جیاس، بەڵام فەتانە هەر بە هۆی ئەوەیکە بابی ئەهلی هونەر بوو و لەم پێوەندییەدا زۆر زۆر هەوڵیدا کە فەتانە ببێتە گۆرانیبێژێکی باش و ئەگەر سرنجتان دابێت لە حاڵەتی خوێندنی گۆرانییەکانا فەتانە ڕازی نەبوو و بە نەزەرم هۆکارەکەشی ئەوە بووە کە ڕۆحی لە



سەرچاوە
Serchawe

حاڵەتی خەمۆکیدا بوو و لە ناخی خۆیەوە نارەحەتییەکی هەبوو کە نەبوونی دایکی بوو یا هەر مەسەلەیەکی تر و هیچ وەخت بە ڕۆحییەکی شادەوە گۆرانی نەدەگوت، بابی زۆری لێ ئەکرد کە گۆرانی بڵێت و ئەو دەنگە جوانە و ئەو دەنگە خۆشە زۆر زۆر سوودمەند بوو و کارەکانی زۆر جوان بوو و توانایەکی زۆر زۆر جوانی بوو و پێموایە ئەگەر ڕۆحییەکی باشتری بووای کاری لەوە باشتر و جوانتری ئەکرد. و هەر ئەوەیکە وتم چونکە بابی لە پشتی بوو نیشانی دا کە ئەگەر کەنیشکێکی تریش هونەر و بەهرەیەکی بێت دەتوانێ بە شێوە نیشانی بدات کە ئەمە بۆ خۆیی کاریگەرییەکی باش بوو لەو سەردەمەدا.

**شەهرام سوبحانی**: هەر پێوەندییدار بە پرسیاری پێشوو ئەو تایبەتمەندییانەی کە "فەتانە وەلیدی" لە هونەرمەندانی سەردەمی خۆی جیاوازتر نیشان ئەدا چین؟

**شەهین تاڵەبانی**: بۆ وڵامی ئەم پرسیارە بەڕای من دەنگی هونەرمەندە کە دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەیکە بە نیسبەت هونەرمەندەکانی تر جیاوازتر دەربکەوێت. و پێوەندی هەیە بە شێوازی دەنگەکە، سۆز و هێزی دەنگەکە. و دەنگی هونەرمەند " فەتانە وەلیدی"ش دەنگێکی جوان و تایبەت بوو و هەروەها ئەو پشتگیرییەی کە لەلایەن بنەماڵەکەوەیە بەتایبەت باوکی کە هەیبوو توانی ئەو بەهرەیەی کە هەیەتی نیشانی بات و پێش بکەوێت.

**شەهرام سوبحانی**: چۆن باس لە ڕچەشکێنی ژنان بۆ هاتنە نێو دونیای هونەر ئەکەن؟ بە تایبەت لە سەردەمی بەڕێزتان کە زۆر شت ڕێگر بووە لە بەردەم ژنان لەم بەشەدا؟

**شەهین تاڵەبانی**: ئەو کەسە کە ڕچەشکێنی کرد لەو سەردەمەدا هونەرمەندی نەمر "فەتانە وەلیدی" بوو و ئەگەر منیش کردبێتم، بەڵام ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە لە هەر بنەماڵەیەکدا پێویستە دایک و باوک پشتی ئەو کچ و کوڕە بەهرەمەندانە بگرن کە بەڕاستی بەهرەیەکیان هەیە. بە تایبەت لە بواری هونەری، بەڕای من زۆر زۆر گرینگە کاتێک کە بزانی کوڕەکەت یان کچەکەت بەهرەیەکی هەس، ئەبێ ئەو پشتگیرییە بکەی بۆ ئەوەیکە بتوانێت لە کارەکەیا پێش بکەوێت و کاری جوان پێشکەش بکات و دونیای هونەر بە بەرهەمەکانی دەوڵەمەندتر بکات. بۆ ئەو مەسەلەیە بەڕای من ئەو شتانەی کە ڕێگر بوون قسەی خەڵک بوو، چونکە بەڕاستی قسەی خەڵک لەو کاتا زۆر زۆر گرینگ بوو، خەڵکی ئەو سەردەمەش هەمیشە و دایم چالاکی ژنانیان بەتایبەت لە کاری هونەریدا بە عەیب و عار دەزانی، و ئەوە بۆ خۆیی دەبووە هۆی ئەوەیکە ڕێگر بێت لە بەردەم ژنان و کچان و ئەو کەسانەی کە بەڕاستی خاوەن بەهرە بوون.

**شەهرام سوبحانی**: ئەوە پرسیاری زۆر کەسە کە هونەرمەند "شەهین تاڵەبانی" لەمێژساڵە دەنگ و بەرهەمی نوێی نییە،

شەهرام سوبحانی

**یەکەم بۆ؟ دووهەم ئایا هونەرمەند "شەهین تاڵەبانی" جارێکی دیکە بە بەرهەمی نوێ دەگەڕێتەوە لای ئەویندارانی دەنگ و هونەرەکەی؟**

**شەهین تاڵەبانی**: من بەداخەوە لە کوردستان کێشەیەکم بۆ هاتەپێش کە حەز ناکەم باسی بکەم، چۆن هەرچی بێت ئێمە کوردین، و بووە هۆی ئەوەیکە من لە دونیای هونەر دوور بکەومەوە. ئێستاش دوو سیدی گۆرانی تازەم هەیە و حەزم ئەکرد هەمووی بەرهەمەکان ئامادە بکەموو و پێشکەشی ئەو هەوادارانەی بکەم کە حەزیان لێیە گوێبیستی بەرهەمی تازەی من بن. بەڵام بەداخەوە ئەو مەسەلە کە بۆ من هاتەپێش بووە هۆی ئەوەیکە نەتوانم ئەو دوو سیدییەکە ئامادە بکەم و هەمیشەش پێمخۆش بووە کە یەک شێرکەت یان یەک، دوو ئێسپانسێری باشم بۆ پەیدا بێت کە بتوانن یارمەتیم بکەن تا من بتوانم بەرهەمەکانم ئامادە بکەم و بۆ جارێکی دیکە بکەوێتە بەر گوێ خەڵکی ئازیز و خۆشەویستی کوردستان و چێژی لێ وەرگرن.

**شەهرام سوبحانی**: **وەک دواین پرسیار ئەگەر قسەیەکتان مابێت و هەروەها ئەو پرسیارە کە هونەرمەند "شەهین تاڵەبانی" چ پەیامێکی تایبەتی بۆ خەڵک و کۆمەڵگەی کوردستان و تازەلاوانی ئەو بوارەدا هەیە؟**

**شەهین تاڵەبانی**: قسەی من بۆ خەڵکی خۆشەویستی کوردستان بەتایبەت لاوانی تازە پێگەیشتوو ئەوەیە ئێستا دونیای تەکنۆلۆژی کارێکی کردووە ئیتر مێشکی هەموو ئینسانێک زۆر زۆر گۆڕاوە و دونیای هونەریان بینیوە و ئەزانن، کە هەر وڵاتێک لە هەر بوارێکی هونەردا پێش بکەوێت ئەو وڵاتە وڵاتێکی دیار و دەوڵەمەند دەبێت، هەر وڵاتێک هونەری تێیدا نەبێت مردووە و ئاواتەخوازم کە خەڵک پشتگیری لە هونەر بکەن و یەک گلییەک کە من هەمە لە خەڵکی کورد ئەڵبەتە لە باشوور، چونکێ من لەحاڵی حازردا لە ڕۆژهەڵات نیم و ساڵهایە لێی دوورم، هیوادارم ئەوان وا نەبن بۆ هونەرمەندانی کورد، هیوادارم ئەرزش دابنێین و پشتگیریان لێ بکەن و ئەگەر ئەتوانن یارمەتیان بدەن با بەرهەمی تازەیان ببێت، گلەکەی من ئەوەیە کە بەداخەوە بەو ڕادەیەی کە ئەررش بۆ هونەری بێگانە وەک " تورک، فارس، عەرەب" دادەنێین بۆ هونەری کوردی ئەو ئەرزشە دانانێین. هیوادارم خەڵک بە هونەرمەندی کورد بایەخ بدا، نرخ بدەن ئەرزشیان بۆ دابنێین، ڕێزیان لێ بگرن و هەروەک وتم هونەرمەندی کورد بەلایانەوە ڕێز و خۆشەویستی ببێت. من ئاواتەخوازم ڕۆژێک بێت هونەری کورد بە ئاستی هونەری دونیا بگەیت بەتایبەت ژنیارەکان پێویستە ڕێزیان لێ بگیردرێ، چونکە ژنیارەکان زەحمەت ئەکێشن و کات دادەنێین بۆ ئەوەیکە ئەو هونەرە فێر ببن و بەڕاستی بەرهەمی گۆرانیبێژکانیش بە مۆسیقاوە ڕەنگ و جوانی دەگرێ و زیاتر دەردەکەوێ، هیوادارم ئەم گلەیی منە کە هەروەک وتم ئیتر نەبێت کە بێژم هونەرمەندی کورد بە ڕادەی هونەرمەندانی وڵاتانی دیکە ئەرزش و نرخ و بایەخیان ببێت.

١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

## مەیسەم مورادی: ئیسرائیل بە پلانی "نەزمی نوێ" دەیەوێت پرۆکسییەکانی ئێران تووشی لاوازی، یان داڕمانی یەکجاری بکات



### ئاماژە:

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دوای هێرشی ٧ی ئۆکتۆبری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل کەوتووەتە قۆناغێکی هەستیار و پڕ گۆڕانگاری، قۆناغێک کە دوورەدیمەنیی هاتنەئارای نەزمێکی نوێی ناوچەیی تێدا بەدی دەکرێ. بەڵام کوردستان و پرسی کورد لەکوێی ئەم نەزمە نوێیەدا جێ دەگرێ. "کوردستان" بۆ شرۆڤە و لێکدانەوەی زیاتری ئەم بابەتە وتووێژێکی لەگەڵ مەیسەم مورادی، شارەزای پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێکهێناوە.

**شەهرام سوبحانی**: کاک مەیسەم لە ڕوانگەی ئێوەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا چی ڕوو دەدا و پێتان وایە چ گۆڕانکارییەک لەم ناوچەیەدا خەریکە دێتە دی؟

**مەیسەم مورادی**: بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ پێش هێرشی ٧ی ئۆکتۆبری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل. لە ٧٨مین کۆبوونەوەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە کاتی وتاردانی خۆیدا، بنیامین نەتانیاهوو وێنەیەکی بەرز کردەوە

که لەسەری نووسرابوو "ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی نوێ". وێنەکە هەڵگری پەیامێکی زۆر بوو، بەڵام گرنگترینەکەیان ئەوە بوو پلانی ئیسرائیل بۆ نزیکبوونەوە لە وڵاتانی عەرەبی و هەروەها پەیوەستبوونی ئیسرائیل بە یەکێک لە گرنگترین کۆریدۆرە ئابوورییەکانی جیهانی نیشان دەدا. پێش کۆبوونەوەکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە سەرپەرشتیاری ئامریکا، پلانی دەستپێکردن و کاراکردنی کۆریدۆرێکی گرنگی ئابووری لە دانیشتنێکی وڵاتانی G20 لە هیندستان خرایە بەردەست. کۆریدۆرەکە ناوەی لێنرا(IMEC) ، کۆریدۆرەکە لە هیندستانەوە دەست پێدەکات، دەچێتە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دوای تێپەڕین بەنێو وڵاتی ئیسرائیلدا، دەچێتە وڵاتانی ئورووپا. بەڵام ئەوەی ڕوون بوو، ئێران و تورکیە بەشێک نەبوون لەو گۆڕانکارییە گرنگە ئابوورییەی دنیا، بۆیە بە قازانجی ئەم دوو وڵاتە نەبوو ئەو کۆریدۆرە کارا بکرێت و هەموو هەوڵی خۆیان لەو ئاراستەیەدا دەدا کە یان ببن بە بەشێک لە کۆریدۆرەکە، یان کاراکردنی کۆریدۆررەکە دوابخەن. بەهەرحاڵ کۆریدۆری (IMEC) هاوشان لەگەڵ پەیمانی ئیبراهیم، دۆخی ئیسرائیلی بەرەو ئەو ئاراستەیە دەبرد کە قازانجێکی گەورەی ئابووری و سیاسی بەرکەوێت، ڕەنگە ئەو دەستکەوتانە هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ئەوەی کە بنیامین نەتانیاهوو باس لە "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ" بکات. هێرشی تیرۆریستی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣، هاوکات دوو ئامانجی پێکا:دواخستنی پرۆسەی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل، هەروەها دواکەوتنی کاراکردنی کۆریدۆرەی هیند - ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست - ئورووپا. لە دوای ئەو هێرشەی حەماس، ئیسرائیل تێگەیشت کە چیدی بەشێوەی پێشوو، واتە فریزکردنی کێشەکان لە نێوانی خۆی، ئێران و پرۆکسیەکانی، ناتوانێت بەردەوام بێت، بۆیە لە حەوتوویەک دوای هێرشەکەی حەماس، بنیامین نتانیاهوو گوتی: "ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەگۆڕین". ئەو گۆڕانکارییانەی دەوڵەتی ئیسرائیل خۆی بۆ ئامادە کردبوو، لە دوای کوشتنی حەسەن نەسروڵڵا، ئاشکرا بوو. ئۆپەراسیۆنی هێرش بۆ سەر بارەگای سەرەکی حیزبوڵڵای لوبنان لە ناوچەی زاحیەی بەیروت، کە بووە هۆی کوشتنی حەسەن نەسروڵڵا لە ڕێکەوتنی ٢٧ی سێپتەمبر، ناوی لێنرا "نەزمی نوێ". دەستەواژەی نەزمی نوێ یان بەشێوەیەکی گشتی، چەمکی "نەزم" لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا هەڵگری بارێکی زۆری واتاییە، بۆیە کاتێک ئیسرائیل کوشتنی حەسەن نەسروڵڵا وەک دەستپێکی نەزمی نوێ دەناسێنرێت، زەینی شارەزایانی سیاسەتی نێودەوڵەتی ئالۆز دەکات و هەرکەس بە شێوەیەکی جیاواز هەوڵ دەدات کە خوێندنەوەیەکی لەسەر ئەو چەمکە و هەڵسوکەوتی دەوڵەتی ئیسرائیل هەبێت. لە وتارێکدا کە لەژێر ناوی "نەزمی نوێی ئیسرائیل و ستراتیژی پشتێنەی بەرگری ئێران" لە ڕێکەوتی ٨ی ئۆکتۆبری ئەمساڵ، لەلایەن ماڵپەڕی "سەکۆ" بڵاوم کردەوە، باسم لە گۆڕانکاریگەلێک کردوە کە دەتوانێت دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تەواوی بگۆڕێت، گۆڕانکاریگەلێک کە ئامانجی لێدان لە پرۆکسییەکانی ئێران و هەروەها پاشەکشەپێکردنی ئێرانە لە جۆری سیاستەکردنی خۆی لە ناوچەکە. بێگومان لێدان و لاوازکردنی پرۆکسیەکانی ئێران، بۆ ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی کاری ئاسان نییە و لە فەترەیەکی زەمانی کورتدا جێبەجێ ناکرێت و خێرا نابێت، لەبەر ئەوەی کە بەربەستگەلێکی گەورە لە پێش بەرەوپێشچوونی پلانەکانی ئیسرائیل دا هەیە.



سەرچاوە
Serchawe

**شەهرام سوبحانی**: ئێران و چین و ڕووسییە بە چ شێوەیەک دەتوانن ئەو پرۆسەیە بەدوا بخەن؟

**مەیسەم موڕادی**: ئێران، چین و ڕووسیە دەتوانن ڕۆڵی گرنگ بگێڕن بۆ ئەوەی کەوتنی دۆمینەیی پرۆکسیەکانی ئێران، پێشی پێ بگیردرێت و جێگیربوونی نەزمی نوێی ئیسرائیل بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست مسۆگەر نەبێت. بۆیە ئەمن من باوەڕم وایە دەبێت زۆر بە هەستیارییەوە چاو لە گۆڕانکارییەکان بکەین و پەلەی زۆرمان نەبێت.

**شەهرام سوبحانی**: بۆچی تا ئێستا هەستمان بەو گۆڕانکارییە گەورە نەکردووە؟

**مەیسەم موڕادی**: ئەم گۆڕانکارییانە دەبێت لە سێ بەش یان سێ ناوچە و سێ قۆناغدا هەڵبسەنگێندرێت:

**قۆناغی یەکەم:** بەریەککەوتنی لۆکاڵ لە نێوان ئیسرائیل و حەماس، حیزبوڵڵا، حووسیەکان و گرووپەکانی عێراق.
**قۆناغی دووهەم:** بەریەککەوتنی ناوچەیی، واتە نێوان ئیسرائیل و ئێران.
**قۆناغی سێهەم:** بەریەککەوتنی جیهانی، واتە بەریەککەوتنەکانی ئامریکا و چین و ڕووسیە، بۆ نموونە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان. لە کۆبەندی ئەم پرسیارەدا و بە پشتبەستن بەو بابەتانەی سەرەوە کە باسم کرد، من پێموایە کە ئەو هێرشەی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣، دەتوانین وەک سەرەتای گۆڕانکاریگەلێکی بنەڕەتی بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بناسێنین.

**شەهرام سوبحانی**: ئاستی بەرزبوونەوەی بەریەککەوتنەکان چۆن دەبێت؟

**مەیسەم موڕادی**: ئاستی بەرزبوونەوەی بەریەککەوتنەکان بەو شێوە دەبینم کە پێوەندیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەر سێ قۆناغەکەدا کە لە سەرەوە باسم کردووە هەیە. بۆ نموونە کاتێک ئاستی بەریەککەوتنەکان لە قۆناغی یەکەم واتە لۆکاڵ دەچێتە سەرەوە، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر قۆناغی دووهەم واتە ناوچەیی دەبێت، کاتێکیش لە قۆناغی دووهەم ئاستی بەریەککەوتنەکان دەچێتە سەرەوە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەریەککەوتنەکان لە قۆناغی سێهەم واتە جیهانی هەیە. کە واتە پێوەندیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەر سێ قۆناغەکەدا هەیە و هەر گۆڕانکارییەکی بچووک لە قۆناغی یەکەمدا دەتوانێت ئاستی بەریەککەوتنەکان لە قۆناغی دووهەم و سێهەم بباتە سەرەوە. لە چوونەسەرەوەی ئەم بەریەککەوتنانەدایە کە ئەگەری ئەوە دەچێتە سەرەوە کە ئاراستەی شەڕەکە بگۆڕدرێت و بەرە شوێنێک بچێت کە تەنانەت ڕەنگە ئەستەم بێت لە ئێستادا باسی بکرێت. بەڵام ئەوەی کە ڕوونە؛ ئیسرائیل بە پلانی نەزمی نوێ بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە هەموو هێزی



سەرچاوە
Serchawe

خۆیەوە دەچێتە پێشەوە و دەیەوێت پرۆکسییەکانی ئێران تووشی لاوازی، یان دارمانی یەکجاری بکات.

**شەهرام سوبحانی:** ئیسرائیل وڵامی هێرشەکەی ئێرانی بە هێرش بۆ سەر چەند پێگەیەکی سەربازی دایەوە. هێرشێک کە کەمتر بووە لەو چاوەڕوانییەی لە ئیسرائیل دەکرا. ئایا ئەمە ڕێککەوتنی لەسەر نەکرابوو و ئەمە بە نێوبژیوانی ئامریکا هەوڵدان نەبوو بۆ پێشگرتن بە قوڵبوونەوەی شەڕەکە؟

**مەیسەم مورادی:** لە ڕاستیدا من پێموانییە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، هێرشێکی ئاستخوار بووبێت. ئیسرائیل بۆ ئەم هێرشە چەند ئامانجی لە بەردەستدا بوو، لەوانە: پێگە ئەتۆمییەکان، پێگە نەوتی و گازییەکان، پێگەی وزەی شارەکان (بەرق/کارەبا) و هەروەها پێگە سەربازییەکانی ئێران، بەڵام ئەوەی دواجار ئیسرائیل لەسەری ساغ بوویەوە، لێدان لە پێگەی سەربازیی ئێران بوو. پێموایە ئێمە دەبێت لەچوارچێوەی هێرش بۆ سەر پێگە سەربازییەکانی ئێران، خوێندنەوەمان هەبێت بۆ قەبارەی هێرشەکە. ئیسرائیل لە ئێستادا لە دوو بەرەی شەڕی ڕاستەوخۆ (لوبنان وغەززە) و هەروەها هێزی خۆی بردۆتە قووڵایی خاکی سووریە وهاوکات بە لێدان لە حووسیەکانی یەمەن، پارێزگاری لە خۆی دەکات. هەموو ئەم لایەنانەی سەرەوە کە ئیسرائیل لەگەڵیاندا لەشەڕدایە، ئەکتەری نا-دەوڵەتین، بۆیە دەستی ئیسرائیل بۆ زۆر بابەت کراوەترە، بەڵام کاتێک کە بابەتەکە دێتە سەر ئێران، ئەوکات باس لە ئەکتەرێکی دەوڵەتی لە سیستمی نێودەوڵەتیدا دەکەین، بۆیە بۆ ئیسرائیل تاکتیکی هێرش بۆ سەر ئێران زۆر جیاوازترە بە بەراوەرد لەگەڵ ئەکتەرە نا-دەوڵەتیەکاندا. هاوکات کە ئیسرائیل وەڵامی ئێران دەداتەوە، ئاگاداری ئەو خاڵەیە کە سەربازەکانی لە دوو بەرەی شەڕی ڕاستەوخۆدا لە شەڕدان و هەروەها ئێران و پرۆکسییەکانی پلانی ئەوەیانە هەیە شەڕەکە بکەنە شەڕێکی پڕووکهێنەر بۆ ئیسرائیل و تێچووی زۆر بۆ ئیسرائیل دروست بکەن. بۆیە ئیسرائیل ناچارە زۆر بە وردی و لە سەرخۆ هەنگاوەکانی هەڵبنێت و نەکەوێتە ئەو داوانەی کە ئێران و پرۆکسیەکانی بۆیان داناوە. سەبارەت بەوەی کە ئایا جۆرێک ڕێککەوتن لە نێوانی ئیسرائیل و ئێراندا کرابێت، دەتوانم بڵێم کە من باوەڕم وایە هیچکەس ناتوانێت ئارگیۆمێنتێکی بەهێز بۆ ئەو باسە بێنێتەوە و باس لەوە بکات ڕێککەوتن لە نێوانی ئەو دوو دەوڵەتەدا هەیە، ئەمە لەکاتێکدایە ئیسرائیل بە زیاتر لە ٢٠٠ مووشەکی باڵستیکی و درۆن، دووجار لە لایەن ئێرانەوە هێرشی کراوەتە سەر، ئیسرائیلیش لەبەرامبەردا وەڵامی بۆ هەر دوو هێرشەکەی ئێران هەبووە.

**شەهرام سوبحانی:** پێتان وایە هێرشەکەی ئیسرائیل چەندە توانیوەتی پێگەی ڕژێم لەنێوخوی وڵاتدا لاوازتر بکات؟

**مەیسەم مورادی:** من باوەڕم وایە کە هێرشی دووهەمی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، هێرشێکی زۆر بەهێز و پڕ دەستکەوت بوو



سەرچاوە
Serchawe

بۆ ئیسرائیل. ڕاگەیاندنەکان باس لەوە دەکەن هەموو سیستمی بەرگریی S300 ی ئێران لەنێو چووە، هاوکات لە زۆر بنکەی گرنگی مووشەکیی ئێران دراوە کە زیانەکانی بۆ ئێران زۆر لەسەرەوەیە و چەند بەرپرسی ئێرانی کوژران و هەمووی ئەم بابەتانە لەو ڕێگەیەوە ڕووی دا کە ئیسرائیل فڕۆکەکانی خۆی بردە سەر ئاسمانی تاران. لە زانستە سیاسیدا کاتێک باس لە لەدایکبوونی دەوڵەت دەکرێت، زۆر ڕوانگەی جیاواز بەکار دێت، بەڵام یەکێک لەو ڕوانگە کە زۆرجار وەک نموونە دێتەوە، بۆچوونی Gil Rémillard لەسەر لەدایکبوونی دەوڵەتە. ڕێمیلارد لە نووسینێکی خۆیدا لە ژێرناوی "سەروەری و فدراڵیسم" پێیوایە بۆ ئەوەی دەوڵەتێک لەدایک بێت، دەبێت سێ تۆخمی جەوهەری هەبێت، توخمێکی یاسایی واتە سەروەری، توخمێکی بەرجستە واتە دانیشتووان و توخمێکی ماددی واتە خاک، ئیسرائیل لە هێرشی خۆی بۆ سەر ئێران، هەر سێ توخمە سەرەکییەکەی دەوڵەتی ئێرانی (واتە خاک، سەروەری و دانیشتوانی سەر ئەو خاکە) کردە ئامانج و بێ هیچ تێچوویەک فڕۆکەکانی خۆی بردەوە بۆ ئیسرائیل. بۆ کەسانێک کە زانیارییان لەسەر چەمکە گرێدراوەکانی دەوڵەت هەیە، لە شرۆڤەی بابەتێکی لەو شێوەی هێرشەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، چەند بابەت زەق دەبێتەوە بۆیان، گرنگترینەکەیان چەمکی سەروەرییە. من باوەڕم وایە ئەگەر کەسانێک خوێندنەوەیەکی دروستیان لەسەر چەمکی سەروەری دەوڵەت نەبێت، ناتوانن خوێندنەوەیەکی ڕێکوپێکیان لەسەر ئەوەی لە نێوان ئێران و ئیسرائیل ڕوو دەدات هەبێت. ئیسرائیل بە زیاتر لە ١٤٠ فڕۆکەی شەڕکەر هێرشی کردە سەر ئێران، فڕۆکەکانی ئیسرائیل زیاتر لە پێنج کاتژمێر لە ئۆپەراسیۆنەکەدا بەشداربوون و زیاتر لە دوو کاتژمێر ئاسمانی تاران بەدەستیانەوە بوو، ئەمە بە واتای ئەوەیە کە دەوڵەتی ئێران نەیتوانی سەرەتا سەروەری خۆی بپارێزێت و نەهێڵێت ئەو فڕۆکانە بچنە ناو سنووری دەوڵەتەکەیە وهاوکات ئاسایشی تاران کە پێتەختی ئێرانە، بە هەموو شێوەیەک تێکدرا. بۆیە لەپاڵ هەموو زیانەکانی دیکەی دەوڵەتی ئێرانییەکان، بەزاندنی سنوور و سەروەری دەوڵەتەکەیان، گەورەترین شکست بوو بۆیان و پێناچێت بتوانن بە ئاسانی ئەو شکستانە کۆ بکەنەوە. لە کۆتایی ئەم پرسیارەدا دەتوانم بڵێم: هێرشی ئەمجارەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، ڕێگەخۆشکەرە بۆ هێرشەکانی داهاتووی ئیسرائیل و بە زانیاری و خوێندنەوەیەکی قووڵترەوە دەتوانێت ڕێگەکە دووبارە بکەنەوە، بۆیە لە ئێستادا ئێرانییەکان لە دوو ڕوانگەوە زۆر تێکشکاون: یەک، سەروەریی دەوڵەتەکەیان بەزێندراوە بێ هیچ تێچوویەک بۆ ئیسرائیل. دوو، بێگومانن لەوەی کە هێرشەکانی داهاتووی ئیسرائیل، وردتر و قورستر لەم هێرشەی ئێستایە دەبێت.

**شەهرام سوبحانی: ئەگەر باسێک گۆڕانکارییانەی کە لە ناکاو بۆ چارەسەری پرسی کورد لە تورکیە هاتنە ئاراوە لە کوێی ئەو گۆڕانکارییانەدا جێ دەگرێ؟**

**مەیسەم مورادی**: بە بۆچوونی من بۆ ئەوەی لە هەڵسوکەوتی ئەم دواییانەی دەوڵەتی تورکیە بەباشی تێبگەین، دەبێت لە دوو بەشدا چاو لە بابەتەکە بکەین. بەشی یەکەم: وەک چۆن لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم بەوەدا کە تورکیە و

ئێران نەبوون بە بەشێک لەو گۆڕانە گەورە ئابووریەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دوای هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، بەهەمان شێوە، ڕێگە بە تورکیە نەدرا لە هاوکێشەکاندا دەور ببینێت، ئەم تەریکخستنەوەی تورکیە لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دڵەڕاوکێی بۆ دەوڵەت لە تورکیە دروست کرد. وەک بەشی دووهەمی وەڵامەکەم بۆ ئەم پرسیارە، دەبێت خوێندنەوەیەکی وردمان لەسەر سووریە و ڕۆژئاوای کوردستان هەبێت. مانگی دووی ئەمساڵ، ئامریکا لە ناوچەی دێرەلزوور، مەیادین و ئەبووکەماڵ لە سووریە و ناوچەی قایم لە عێراق، هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر پرۆکسیەکانی ئێران، هاوکات لەگەڵ ئەو هێرشەدا، هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لەسەر زەمین جووڵەیان کرد و چوونە پێشەوە. من پێموایە ئامریکا و ئیسرائیل دەیانەوێت بۆشایی بخەنە نێو هێزەکانی ئێران لە عێراق و سووریا، ئەو ناوچەیە کە ئامریکا مانگی دوو بۆردوومانی کرد، هەمان کۆریدۆری گواستنەوەی چەک و یارمەتیە بۆ پرۆکسیەکانی ئێران لە سووریا و دواتر بۆ حیزبوڵڵا لە لوبنان، تاکە لایەنێک کە بتوانێت ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە بە قازانجی ئامریکا و ئیسرائیل، هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستانە. تورکیە ترسی زۆری لەوە هەیە جوگرافیای ژێردەسەڵاتی هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستان زۆرتر بێت و پێگە نەوتی زۆرتر بگرنەوە دەست، بۆیە هاوشان لەگەڵ ئەو دڵەڕاوکەی کە دەوڵەتی تورکیە لە هەمبەر دوورخستنەوەی و بەشداری پێنەکردنی کارای خۆی کە لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیبوو، ئەو ترسەشی بۆ دروست بووە کە کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان زۆر بەهێزتر بێت، بۆیە هەوڵێکی زۆر دەدات پێش بەو بەهێزبوونەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بگرێت و بە وتەی وەزیری دەرەوەی ڕووسیە، نەهێڵن "دەوڵەتێکی نێخۆیی بۆ کورد لە سووریە دروست بکرێت". بەهێزبوونی هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، ڕاستەوخۆ کاریگەری ئەرێنیی دەبێت لەسەر ئەو بەشەکانی دیکە کوردستان و بەتایبەت بۆ ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان. باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان دەتوانن دەوری پشت جبەیەکی گەورە بگێڕن. من لەو باوەڕەدام دوو جوغرافیای باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان بەشێوەی کارا لەم بەریەککەوتنانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەشدارن، بۆیە ئەم کارابوونەوەی ئەم دوو بەشەی کوردستان، بە "پشتێندەی کوردی" دەناسێنم. بەهێزکردنی پشتێندەی کوردی و هاوکات ئەگەری ئەوەی لێدانەکان لە نێوخۆی ئێران لە لایەن ئیسرائیلەوە زۆرتر بێت، ئەو ترسە بۆ دەوڵەتی تورکیە دروست دەکات جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کارا بکرێت و پەیوەست بێت بەم گۆڕانکارییانەوە. لەبەر ئەوەش کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەن پێشمەرگەیە و خەڵکێکی زۆری ناڕازی لە دژی دەسەڵاتی ئێرانییەکان هەیە، پۆتانسیلی ئەوەی تێدایە کێشەی ئەمنییەتی بۆ دەوڵەتی ئێران دروست بکات. دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان زۆر بەباشی ئاگادارن کە هەرچەشنە گۆڕانکارییەک لە هەر بەشێکی کوردستان، ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو بەشەکانی دیکەی کوردستان، بۆیە بە باوەڕی من، ئەوەی کە تورکیە لە ئێستادا هەوڵی بۆ دەدات نەک "پرۆسەی ئاشتی" نییە، بەڵکوو پرۆسەی تەسلیمکردنی کوردە بۆ ئەوەی کە لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی داهاتوو هیچ پشکێکی بەرنەکەوێت.

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر لە نەخشە گەورەکەوە سەیری ڕووداوەکان بکەین، ئەم گۆڕانکارییانە دەتوانێ دەسکەوتێکی بۆ کورد

هەبێت؟

**مەیسەم مورادی**: گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەتوانێت قازانجی زۆری بۆ کورد تێدابێت، بەڵام ئەمە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی وردی ڕووداوەکان هەیە بۆ تێگەیشتن لەوەی دەوڵەتی تورکیە و ئێران لە ئێستاوە چۆن هەوڵ دەدەن پێش بە دۆمینەی گۆڕانکارییەکانی کوردستان بگرن، واتە تێدەکۆشن و سیناریۆی پێویست دادەڕێژن کە چۆن بتوانن پێش بە کاریگەری ڕووداوەکان بۆ کوردستانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بگرن.

**شەهرام سوبحانی**: کاک مەیسەم زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەو باسەدا

**مەیسەم مورادی**: سپاس، ئێوەش ماندوو نەبن.

١٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## سارۆ خوسرەوی: گەلی کورد پێویستە جەژنی خاوەنکار بە بەشێک لە شکۆ و شانازییەکانی مێژووی خۆی بزانێت




**ئاماژە:**

**خاوەنکار جێژنی ئایینی یارسانەکانە کە هەر ساڵە لە چلەی پاییزدا لەلایەن پێڕەوانی ئایین یاری بە شکۆوە بەڕێوە ئەچێت. "کوردستان" بۆ باس و بابەتێکی تایبەت بە جێژنی خاوەنکار لە کۆمەڵگەی یارسان و مێژوویی ئەم جێژنە و تایبەتمەندییەکانی ئەم جێژنە لە کوردستان وتووێژێکی لەگەڵ سارۆ خوسروەی، نووسەر و لە پێڕەوانی ئایینی یاری پێکهێناوە.**

**شەهرام سوبحانی: کاک سارۆ سەرەتا پێمخۆشە بەم پرسیارە وتووێژەکەمان دەست پێ بکەم، کە جێژنی "خاوەنکار" واتای و فەلسەفەکەی چییە؟**

**سارۆ خوسرەوی**: لە پێشدا با ئەوە بڵێم، وشەی "خاوەنکار" یانی سێحەبکار، بەڵام لە ئەدەبیاتی باوەڕیی یارساندا مەبەست لە "خاوەنکار" ئافرێنەر و خاوەنی چەرخی گەردوونە. ئەم وشەیە هاوواتای خودایە و لە پەڕاوەکانی

پارساندا وەک: "ساحێبکەرەم"، "پاشا"، "سوڵتانی حەقیقەت" و "شای هەورامان"یش لێک دراوەتەوە. واتای ئەوەیە کە تۆ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا لەگەڵ خوایەک ڕووبەروو دەبیتەوە کە وەک تۆ ئەندامێکە لە کۆمەڵگە، ئەم خودایە لە بوونی مرۆڤدا خۆی نیشان دەدات و تۆ دەتوانی ڕاوێژی لەگەڵ بکەی. لە پارساندا جەژنێک هەیە بە ناوی "خاوەنکار" و لەبەر ئەوەی "مەڕنۆ" وەک شوێنی ڕووداو یادی لێ دەکرێتەوە، ئەم جەژنە وەکوو جەژنی "مەڕنۆ"یش ناوی لێ دەبرێت. ئەم جەژنە بە خاتری ئامادەبوونی "سوڵتان سەهاک" و یارانی لە شوێنی ڕووداوەکە و سەرکەوتنی تیشک بەسەر تاریکاییدا و بوونی ڕەسمیی یارسان لە فۆرمی مرۆڤدا، وەک خاڵی وەرچەرخان و بنەڕەتیی بیرۆکەی یاری، یادی لێ دەکرێتەوە و هەموو ساڵێک لە کۆمەڵگەی پارساندا پیرۆز دەکرێت. مژاری یارسان بەر لە "مەڕنۆ" تەنیا وەک ئەدەبیاتێکی باوەڕی هەبووە، ئەوەیش بەدەر لە چوارچێوەی مەدەنی، دەستووری و سیستەمی ئایینی. بەڵام دوای "مەڕنۆ" کۆمەڵگەی یارسان دەبێتە خاوەنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئایینیی تایبەت بە خۆی. جەژنی خاوەنکار، پەیوەستە بە ڕۆحی ئەوەیندارێی یارسانییەکانەوە لە مەڕ مێژووی ١٢٠٠ ساڵەی ئایینەکەیان لە چەندین قۆناغی ئەستەم و پڕ لە تێکۆشانی لەبۆ زیندووڕاگرتنی ئایین، فەرهەنگ و شارستانیەتی کوردان لە نیشتمانی خۆیاندا.

**شەهرام سوبحانی**: مێژوویی جێژنی "خاوەنکار" بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

**سارۆ خوسرەوی**: ئایینی یاری بە نهێنی و ئاشکرا، چەندین دەورەی تێپەڕاندووە تا گەیشتووەتە ڕووداوی مەڕنۆ. وەک دەورەی بالوول، دەورەی شاخۆشین، دەورەی بابا سەرهەنگ، دەورەی بابا جەلیل، دەورەی بابا نائوس، سەجنار و پاشان دەورەی پردیوەر. مێژووی گشتیی سەرهەڵدان و پەیدابوونی ئایینی یاری دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ١٢٠٠ ساڵ پێش ئێستا، بەڵام تەمەنی نوێی ئەم ئاینە ٧٠٠ ساڵە، واتە لە چەرخی سێزدەی زایینی و لە کاتی سەرهەڵدانی سوڵتان سەهاک لە (دەورانی پردیوەر)، لە هەورامان جێژنی خاوەنکار لە ژێر ناوی "دەعوەتی پادشایی" بەڕێوە چووە.

**جێژنی "خاوەنکار" یا جێژنی "مەڕنۆ"یشی پێ دەڵێن، پێمان خۆشە لێرەدا باسێک لە حیکایەتی ئەو مەڕنۆوە بکەن.**

سوڵتان سەهاک بەرزنجەیی، کوڕی "شێخ عیسا"، یەکێک بووە لە گەورەکانی ناوچەکە. سوڵتان سەهاک لەساڵی ٢٦٠ی کۆچی هەتاوی لە بەرزنجەی سەر بە "عەربەت" لە پارێزگای سلێمانی لەدایک بووە. لەبەر ئەوەی لە باری بیر و بڕواوە کەسێکی جیاواز بووە، لە سەردەمی منداڵیدا، براکانی و خەڵکی ناوچەکە بەرانبەری نەرمونیان نابن و لەگەڵی کەوتوونەتە ململانێی فیکری. پاشان لەبەر گوشار و زوڵم و زۆریی هێزە دەسەڵاتخواز و ڕادیکاڵەکان، لە ناوچەی بەرزنجەی سلێمانییەوە بەرەو هەورامان کۆچی کردووە. لە ڕێگە، لە نزیکی هەورامان و لە کێوی "شنروێ"ی ئێستادا، هێزێکی نەیار



سەرچاوە
Serchawe

دوایان کەوتوون و هێرشیان کردوونەتە سەر. سوپایەک لەژێر ناوی "چیچەک"، کە پێک هاتبوون لە نەیاران و تاریکپەرستانی ناوچەکە، بە هاوکاری لەگەڵ هێزی پشتیوان کە بۆ پیلانگێڕی ڕەوانەی دەڤەرەکە کرابوون، ڕووبەڕووی سوڵتان سەهاک و یارانی بوونەتەوە. سوڵتان سەهاک لەگەڵ یارانی پەنا دەباتە ئەشکەوتێک بەناوی "مەڕنۆ" و بۆ ماوەی سێ شەو و سێ ڕۆژ لەوێ دەمێنێتەوە. لە ئەنجامی هەڵکردنی با و بۆران و گەردەلوول، سوپای چیچەک لە پاش سێ ڕۆژ تەفروتونا دەبن و لە ئاکامدا بەهۆی ڕووداو و بەڵای سرووشتی، ناچار دەبن ناوچەکە بەجێ بهێڵن. سوڵتان سەهاک، لە بەر ئەوەی سوپای چیچەک نەیتوانیبوو بە ئامانجی خۆی بگا و لە پلانەکەیاندا سەرکەوتوو نەبوون، دوای ڕۆژی سێهەم بڕیار دەدا جەژنێک بەڕێوە ببا بە ناوی جەژنی "خاوەنکار". ئەم جەژنە، بە جەژنی "مەڕنۆ"یش ناوبانگی ڕۆیشتوە. دوای بەڕێوەچوونی جەژنەکە، سوڵتان و یارانی درێژە بە سەفەرەکەیان دەدەن و دەگەنە هەورامان و لەوێ دەعوەتی پادشایی بەڕێوە چووە.

**شەهرام سوبحانی**: تایبەتمەندییەکانی ئەم جێژنە چییە؟ و بۆچی زۆربەی خەڵک ئاگاداری حەقیقەتی ئەم جێژنە نین، و تەنیا وەک جێژنێکی سادە و نەریتی چاوی لێ دەکەن؟

**سارۆ خوسرەوی**: دوای گەشەسەندن و سەقامگیریی ئیسلام لە کوردستان، زۆر لە ئایین و کولتوورە جیاوازەکان لەژێر کاریگەریی کولتووری زاڵدا، بە جۆرێک لەنێو چوون یان کەمڕەنگ بوونەتەوە. لەم نێوەدا، بەشێک لە باوەڕمەندانی ئایینییە زاگرۆسییەکان شانبەشانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، تێکۆشان و نەچوونە ژێر باری ئایینی داسەپاو، بەڵکوو لەسەر ئایینی دێرینی خۆیان مانەوە، کە یەکێک لەوانە پێڕەوانی ئایینی یارییە. سەرچاوەی یاسا و بیری ئایینی یاری دەچێتەوە سەر "مەڕنۆ" و لەوێوە چوارچێوە وەردەگرێ. پاشانیش خاوەنکار دەبێتە چەمکێکی نوێ و ژیان ڕەنگڕێژ دەکا و هەوڵ دەدا لە حەقیقەت بگا. بوونی یارسان بە هۆی ئەم ڕووداوەوە، سەلمێندراوە و سوڵتان سەهاک و یارانی لە پردیوەری هەورامان، ڕێساویاسای ئایینی یارییان داڕشتووە. کۆمەڵگەی یارسان هەتا چەند ساڵ پێش ئێستا لە ڕووی فەلسەفی و ئەدەبیاتی باوەڕییەوە شارەزای ڕووداوی مەڕنە و گرینگیی جەژنی خاوەنکار نەبوون، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە پەرتۆکەکانی ئایینی یاری وەک"سەرنجام و زەبووری حەقیقەت" بە شێوەی گشتی لەبەر دەست نەبوون و زۆرتر لە تەکیە و خانەدانەکانی یارسان پارێزراو بوون، بەڵام لە پاش چاپ و بڵاوبوونەوەی ئەم دوو پەرتۆکە و هەروەها شرۆڤەی بەشێکی زۆر لە کەلامەکان، باوەڕمەندانی یارسان باشتر لە گەوهەر و حەقیقەتی خاوەنکار تێگەیشتن.

**شەهرام سوبحانی**: نەریتی بەڕێوەبردنی ئەم جێژنە چۆنە؟ و فەلسەفەی بوونی "هەنار" یا "سێوی سوور" و "کەڵەشێر"ێکی تەندروست لەم جەژنەدا چییە؟

**سارۆ خوسرەوی**: نەریتی بەڕێوەبردنی ئەم جەژنە ئاوایە کە هەر بنەماڵەیەکی یارسانی لەسەریەتی کەڵەشێرێکی تەندروست کە بتوانێ بقوولێنێ، لەگەڵ برنج کە بە ڕۆنی خۆماڵی لێنرابێت، بباتە خزمەتی جەم و جەمخانە هەتا لەوێ لەلایەن سەیدەوە نزای لەسەر بخوێنرێ و پاشان بە شێوەیەکی دادوەرانە لەنێوان خەڵکیدا دابەش بکرێ. جگە لەو شتانەی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێ کرا، "نیاز"یش دەکرێ لە هەنار، سێوی سوور و چەند شتی تریش پێک بێ و لە جەمدا ئامادە بکرێ. جەمی دابەشکردنی هێز و دەسەلات، جەمی دابەشکردنی نیاز، جەمی هاریکاری و یەکیەتیی پێک دێ و ئەوجا جەمنشینان سەرقاڵی داگیرساندنی مۆم دەبن و لەگەڵ تەمبووردا کەلام دەخوێنن. لە ڕۆژی جەژندا، یارانی یاری، خۆیان بۆ سەردانی یەکتر ساز دەکەن و ئەندامانی جەمخانەکان بۆ جەژنە پیرۆزە سەردانی یەکتر دەکەن. ئەم نەریتە لە لای گشت ئەندامانی کۆمەڵگەی یارسان، جێگای خۆی گرتووە. لە ڕووی ئایینییەوە، هەنار لە ئایینی یاریدا میوەیەکی تاڕادەیەک تایبەتە و بە هێمای پیرۆزی، یەکبوون و هەرمان چاوی لێ دەکەن. پیرۆزی ئەم میوەیە لە جەژنی سێ ڕۆژەی خاوەنکار یان جەژنی پادشایی یارساندا بە ڕوونی دەبینرێت. هەنار لە دەستپێک تا کۆتایی جەژنی خاوەنکار لە جەم و خەمخانەکانی یارسان وەک نیاز دوعای لەسەر دەخوێنرێت و لە نێوان جەمنشینان دابەش دەکرێت. لە ئەدەبیات و فەلسەفەی باوەڕیی یارساندا، هەنار چەتری یەکبوونە، وەک ئەوەی کە سەدان دانەی هەنار لەناو پێستێکدا یەکیان گرتووە. لە نێوان هەر ڕیزە هەنارێک پەردەیەکی سپی و ناسک هەیە کە ئەو پەردەیە سنووری نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دیاری دەکات، بەڵام لە گەوهەردا هەر هەموویان بەرهەمی یەک دارن و لە یەک سەرچاوە ئاویان خواردووەتەوە. ئەم بیرۆکەیە دیارە لە فەلسەفەی مرۆڤمەداریی ئایینی یاریدا ڕەنگی داوەتەوە. هەروەها لە باوەڕیی یارساندا، کەڵەشێر هێمای ئاگایی و بێدارییی کۆمەڵگەیە بۆ شۆڕش و تێکۆشان و پێشکەوتن. تەندروستی کەڵەشێر بۆ ئەوەیە بتوانێ بخوێنێ و کۆمەڵگە وەخەبەر بێنێ. سێویش وەک میوەی ئەوین و پەیمانی دۆستایەتی لە جەمی یاریدا دابەش دەکرێت.

**شەهرام سوبحانی**: گرینگی جەژنی "خاوەنکار" بۆ گەلی کورد بە گشتی چییە؟

**سارۆ خوسرەوی**: فەلسەفەی خاوەنکار، لەدەوری یەک کۆمان دەکاتەوە، بۆ پارێزگاری لە شوناس و فەرهەنگ و شارستانییەتی خۆمان. خاوەنکار، تێکۆشانی سەرمەستانە و هێمای بێداری گەلە لە بەرانبەر داگیرکەران و نەیاران لەسەر خاکی کوردستان. گەلی کورد پێویست دەکات وەک فەلسەفەیەکی مەعنەوی و سیستەمی فیکری چاو لە جەژنی خاوەنکار بکات و بەدەر لە مەسەلەی ئایینی، خاوەنکار وەک بزووتنەوەیەکی فیکری و بەشێک لە شکۆ و شانازییەکانی مێژووی خۆی بزانێت.

**شەهرام سوبحانی**: کاک سارۆ سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا و ماندووش نەبن



سەرچاوە
Serchawe

**سارۆ خوسرەوی**: سپاس بۆ بەڕێزتان ئێوەش ماندوو نەبن.

٣٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## سەیران مەنووچێهری: حیزبە کوردییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بەرەوپێشبردنی پرسی ژنان لە کۆمەڵگەدا هەبووە



**ئاماژە:**

**٢٥ی نۆڤەمبەر، ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانە کە هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەدا ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی دنیا بۆ ڕێزگرتن لە مافەکانی ژن یادی ئەم ڕۆژە بە شکۆوە بەرز ڕادەگرن و دەیخەنە بەشێک لە بەرنامە و پرۆگرامی کاری خۆیان. "کوردستان" بۆ باس و بابەتێکی تایبەت بە ٢٥ی نۆڤەمبەر و پرسی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستان وتووێژێکی لەگەڵ خاتوو سەیران مەنووچێهری، چالاکی بواری ژنان هێناوەتە بەر باس.**

**شەهرام سوبحانی**: خاتوو سەیران سەرەتا سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا، پێمخۆشە بەم پرسیارە باسەکەمان دەست پێ بکەم کە، مێژووی ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەر بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ و هۆکاری دیاریکردنی ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان چییە؟

**سەیران مەنووچێهری**: مێژووی دیاریکردنی ئەم ڕۆژە دەگەڕێتەوە بۆ یادکردنەوەی تیرۆرکردنی دڕندانەی خوشکەکانی

"میرابال" لە کۆماری دۆمینیکان لە ساڵی ١٩٦٠، ٢٥ی نۆڤەمبەر وەک ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاریی توندوتیژی دژی ژنان دیاری کراوە. ئەم خوشکانە چالاکی سیاسی بوون دژی دیکتاتۆریی "ڕافایل تروخیلۆ" هەڵوێستی بوێرانە و ئازایانەیان نواندووە. کوشتنی ئەم دوو خوشکە بوو بە هێمای توندوتیژی و چەوساندنەوەی ژنان لە سەرانسەری جیهاندا. ئەم ڕۆژە وەک بیرخستنەوەیەکی کاریگەر بۆ پرسی ژنان و بەتایبەت بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان کە هاندەرێکە تاکوو ژنان و چالاکی فێمێنیستی زیاتر و شێلگیرانەتر لەسەر داخوازی و مافەکانی خۆیان پێداگرتر بن.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا بەتەنیا بە دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان دەکرێت بۆ ئەو بابەتە کیفایەت دەکا و چارەسەرە؟

**سەیران مەنووچێهری**: بێگومان نەخێر، ئەم ڕۆژە جیا لەوەی وەبیرهێنەرەوەی کارەساتێکی مێژوویی جیهانی دژی ژنانە، تەنیا ڕۆژێکی سیمبولیکە و دەتوانێت تیشکی زیاتر بخاتە سەر پرسی پێشێلکاریی مافەکانی ژنان و پرسی ژن بەگشتی. دەبێت هەوڵ بۆ کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر چڕتر بکرێتەوە و نابێت تەنیا لە یەک ڕۆژی ساڵدا قەتیس بکرێتەوە و هەروەها دەبێت ڕۆژانە کار لەسەر نەهێشتنی تاوانە جۆراوجۆرەکانی دژ بە ژنان بکەین وهەروەها ئەرکە و پێویستە کە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانە و بەختەوەر و پێشکەوتوو بەشێکی گرنگ و سەرەکیی ئامانجەکانمان بێت.

**شەهرام سوبحانی**: بەشێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی پێیان وایە کە هەتا پێناسەکانی کۆمەڵگە بە نیسبەت ژنان گۆڕانی بەسەردا نییە، ئەوا توندوتیژیش دژ بە ژنان هەر بەردەوام دەبێت، ئەو پێناسەگەلە چین؟ و چۆن دەکرێ بگۆڕدرێن؟

**سەیران مەنووچێهری**: لێرەدا گرنگە کە بزانین کۆمەڵگە و بەتایبەت دەسەڵاتدارانی حکوومەت ئەرکیان چییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان. من وەڵامی ئەم پرسیارەتان دابەش ئەکەم بەسەر دوو دەستەدا و بەکورتی ئەتوانین بێژین:

**ئەلف . کۆمەڵگە:**

- دروستکردنی شوێنی سەلامەت: دروستکردنی شوێنی سەلامەت بۆ ژنان بەمەستی ڕاپۆرتدانی توندوتیژی و داوای یارمەتی.
- پاڵپشتی ڕێکخراوەکانی ژنان: پاڵپشتیکردنی ئەو ڕێکخراوانەی کار دەکەن بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی دژی ژنان.
- داکۆکی لە گۆڕانکاری: پاڵپشتیی یاسا و سیاسەتەکان دەکات کە ژنان دەپارێزن و تاوانباران لێپرسینەوە دەکەن.

- بەرەوپێشبردنی یەکسانی ڕەگەزی: بەرەوپێشبردنی یەکسانی ڕەگەزی لە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگەدا

**ب . حکوومەتەکان:**

- وەبەرهێنان لە بەرنامەکانی خۆپاراستن: وەبەرهێنان لەو بەرنامانەی کە ڕێگری لە توندوتیژی دژی ژنان دەکەن.
- جێبەجێکردنی یاساکان: جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی کە ژنان لە توندوتیژی دەپارێزن.
- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پاڵپشتی: پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پشتیوانی بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی.
- کۆکردنەوەی زانیاری: کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر توندوتیژی دژی ژنان بۆ بەدواداچوونی پێشکەوتن و دیاریکردنی بوارەکان بۆ باشترکردن.

ئەبێت ئەوەشمان لەبەر چاو بێت کە ئێمە وەکوو ژنانی کوردستان و تاکی ژنی کوردستانی، ناتوانین لە چوارچێوەی حکوومەتێک کە نیشتمانمانی داگیر کردووە و ڕۆژانەش بەردەوام زوڵم لە خۆمان ئەکات، بە مافەکانمان بگەین؛ بۆیە ئێمە وەکوو ژنانی کوردستان دوو شۆڕشی گەورەمان لە بەردەمدایە و دەبێت هاوکات لەگەڵ یەک بڕواتە پێش کە یەکیان شۆڕشێکی هزریی کۆمەڵایەتی و کولتووریە و ئەوی تر شەڕ بۆ ڕزگاریی نیشتمان و سەربەخۆییی کوردستانی داگیرکەراومان و سەروەریی سیاسیی نەتەوەکەمانە.

**شەهرام سوبحانی**: هەر پێوەندیدار بە پرسیاری پێشوو، ئایا شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" وەکوو پێویست توانی ئەو گۆڕانکارییە بەسەر ئەو پێناسەگەلەدا بێنێ؟

**سەیران مەنووچێهری**: تا ڕادەیەکی باش کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە هەبووە و بەهۆی ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئەم شۆڕشە بووە کە بە شۆڕشێکی بەتەواوەتی ژنانە و یەکەمین شۆڕشی فێمێنیستیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە، ئەتوانین بێژین ئاراستەی کۆمەڵگەی کوردستانی گۆڕیوە و تەنانەت لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا کاریگەریی بەرچاوی هەبووە. بەڕاشکاوی و بەکورتی لە وەڵامی پرسیارەکەتاندا دەڵێم بەڵێ.

**شەهرام سوبحانی**: ڕۆڵی حیزب و لایەنە سیاسییەکان بەرانبەر بە پرسی ژنان و داکۆکی لەسەر مافەکانی ژنان، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**شەهرام سوبحانی**

**سەیران مەنووچێهری**: ئەگەر باس لە سەردەمی نوێ بکەین و ئاورێک لە ڕابردوو نەدەینەوە کە تەنانەت ژنی سەرکردەی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردستانی و هزرڤانی بەناوبانگ و تەنانەت دامەزرێنەری ڕێکخراوی فێمێنیستیی کوردستانیمان هەبووە، هەر لە سەرەتای دروستبوونی حیزب و ڕێکخراوی مۆدێرنی سیاسی لە کوردستان کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بووە، تەنانەت لەو سەردەمەشدا ئێمە حیزبی تایبەت بە ژنانمان هەبووە بۆ بەشداری لە پرس و کایە سیاسییەکان و لە هەمووی گرنگتر بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی خۆیان وەک ژنان؛ هەر لەو کاتەوە تاکوو ئێستا حیزبە کوردستانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دواکەوتوودا بە هەوڵ و هیممەتی خودی ژنانی ئازا و تێکۆشەر و لێهاتوو، ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەریان لەسەر بەرەوپێشبردنی پرسی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستان هەبووە کە بەم هۆیەشەوە کۆمەڵگەی کوردستان بە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتنخواز و یەکسانیخواز ناسراوە. بەڵام ڕەنگە ئێستە لە بەرەوپێشبردنی ئەم ئەرکە گرنگەدا تۆزێک کەمکاری بە حیزبەکانمانەوە دیار بێت، هیوادارم هەوڵ بۆ لابردن و نەهێشتنی ئەم کەمکارییە بدەن.

**شەهرام سوبحانی**: ئەرکی چالاکوانان و خەباتکارانی سیاسی لەم پێوەندییەدا دەبێت چی بێت و چۆن دەکرێت کاریگەریی ئەرێنییان لەو پێوەندییەدا هەبێت؟

**سەیران مەنووچێهری**: چالاکان و خەباتکارانی سیاسی دەبێت زیاتر گرنگی بەم چەند خاڵەی خوارەوە بەدەن:

### بڵاوبوونەوەی هۆشیاری

- هاندانی تاک، کۆمەڵگە، ڕێکخراو و حکوومەتەکان بۆ هەڵگرتنی هەنگاو بە مەبەستی ڕێگریکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان.

### داوای دادپەروەری

پشتگیریکردن لە یەکسانیی ڕەگەزی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بەتایبەت ژنان و چالاکی فێمێنیستی وەک پێشتر ئاماژەم پێ کردوون، دەبێت زیاتر و شێلگیرانەتر لەسەر داخوازی و مافەکانی خۆیان پێداگرتر بن.

**شەهرام سوبحانی**: خاتوو سەیران سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا و ماندووش نەبن

**سەیران مەنووچێهری**: سپاس بۆ بەڕێزتان، ئێوەش ماندوو نەبن.

٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

## فەریبا بەلووچ: ڕەوتە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات پێویستە ژیرانە لەهەمبەر ئەو ناکۆکییانەدا مامەڵە بکەن کە ڕێژیم دەیاننێتەوە




### ئاماژە:

**کورد و بەلووچ دوو نەتەوەی ستەملێکراو بە چارەنووسێکی هاوشێوەن. ئەم دوو نەتەوەیە خاکەکەیان لەنێو چەند وڵاتی ناوەندگەرادا بەشکراوە سیستماتیک ماف و ئازادییەکانیان لەلایەن ئەم حکوومەتانەوە پێشێل کراوە. "کوردستان" بۆ باس و بابەتێکی تایبەت بە چارەنووسی ئەم دوو میللەتە و کۆمەڵێک پرسی سیاسی ڕۆژەڤ وتووێژێکی لەگەڵ خاتوو فەریبا بەلووچ، چالاکی مافی مرۆڤ پێکهێناوە.**

**شەهرام سوبحانی: خاتوو فەریبا بۆچی ڕێژیم داخوازی ڕەوای خەڵکی بەلووچستان و کوردستان بە "جیاییخوازی" لە قەڵەم دەدات؟**

**فەریبا بەلووچ**: ئەم پرسە بۆ هەموو کەس ڕوونە کۆماری ئیسلامیی ڕێژیمێکی تۆتالیتێری ئیدۆلۆژییە کە دەیەوێ جۆغرافیای هەمەچەشنی ئێران بە شێوەیەکی سیستماتیک بۆ نەتەوەیەکی خاوەن شوناسێکی هاوبەش لەوانەش زمان و کولتوور بگۆڕێت.


سەرچاوە
Serchawe

لەدژی ئەم بیرۆکە تۆتالیتێرییانە، هەرکەسێک لە هەرکام لەو نەتەوانەی لە ئێراندا دەژین دژایەتی ئەم ئیدۆلۆژییە بکات و ئەگەر بیانهەوێت کولتوور و زمان و ناسنامەی مێژوویی و یەکسانی یاسایی خۆیان بپارێزن، بەرهەڵستیان دەبنەوە و هەوڵ دەدەن تۆمەتەکانی وەک "جیاییخواز" و "تیرۆریست"، بەتایبەتی بدەنە پاڵ گەلی کورد و بەلووچ، وا بنوێنن کە ئەم خەڵکە بۆ یەکپارچەیی خاکی ئێران مەترسیدارن و دەبێت کۆنترۆڵ و سەرکوت بکرێن. بابەتیەکی دیکەش ئەوەیە -بە تایبەتی لە بەلووچستاندا- ڕێژیم بەهۆی ئەم پرسە ئیدۆلۆژییەوە هەمیشە خەڵکی بەلووچیان لە دەستپێڕاگەیشتن بە سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیانیان بێبەش کردوە و یەکێک لەو هۆکارانەی بۆ نموونە دەیەوێت پاساو بۆ ئەم پرسە بهێنێتەوە هەر ئەوەیە، بە واتایەکی دیکە بۆ پەردەپۆشکردنی ناکارامەیی خۆیان بەرانبەر بە هەلاواردنی سیستماتیکی خەڵکی بەلووچستان لەم هەموو ساڵەدا، دەست بەم سەرکوتکردنە دەکەن و بە جودابییخواز و تێرۆریستیان دەزانن، بۆ ئەوەی پاساوێکیان بۆ بێبەشکردنی ئەو کەسانە کە بە شێوەیەکی سیستماتیکی ئەنجام دەدرێت، هەبێت.

**شەهرام سوبحانی**: ئەدی هۆکاری چڕبوونەوەی سەرکوتی خەڵکی بەلووچستان بە تایبەت دوای بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" چییە؟

**فەریبا بەلووچ**: لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی سیاسەتی بێبەشکردن، سەرکوت و گوشاری بەسەر خەڵکی بەلووچستاندا سەپاندوە و بە بێدەنگییەکی تەواو جێبەجێی کردووە. واتە نەک هەر لە نێوخۆی ئێران بەڵکوو لە میدیاکانی دەرەوەی ئێرانیشدا ڕوومالیان نەکراوە و هەمیشە لەسەر بنەمای هەمان پێناسە لە خەڵکی بەلووچستان، ڕای گشتییان سەرقاڵ کردوە، بۆ ئەوەی خۆیان لە نزیکبوونەوە لە بەلووچەکان بە دوور بگرن و بتوانن بەئاسانی لەم وڵاتەدا لە ستەمکارییەکانیان بەردەوام بن. واتە ئەو هەموو ساڵە هەوڵیان دابوو سەرکوتی خەڵکی بەلووچستان پەردەپۆش بکەن بۆ ئەوەی دەنگی ئەم نەتەوە ستەملێکراوە نەگاتە گوێی جیهان و لە ڕێگەی میدیا یان هەر ئامرازێکەوە دەستیان پێ گەیشتبێ هەوڵیان داوە وێنەیەکی ناڕاست لە خەڵکی بەلووچستان لە میدیاکان، فیلم و سینەمایەکاندا نیشان بدەن، گەلی بەلووچ بە شێوەیەکی تەواو هەڵبەستراو و فریودەر لەنێو خەڵکدا ڕیکلام و بانگەشەی بۆ دەکرا بۆ نموونە وەکوو تیرۆریست و قاچاخچی. بەڵام لە ڕاستیدا بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" گەورەترین گورزی لە دەسەڵات دا بۆ شکستپێهێنان بە سیاسەتی سانسۆری ئەم ڕێژیمە. بۆیە یەکێک لە دەسکەوتە گرینگەکانی ئەم بزووتنەوەیە نزیکبوونەوەی نەتەوەکانی ئێران بوو، ئەو نەتەوانەی بە شێوەیەکی سیستماتیک لە هەموو ئەو ساڵانەدا پەراوێز خراون و بەتایبەت هاوکات لەگەڵ کۆبوونەوەی خوێناویی زاهیدان وەکوو بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" بەهۆی دەستدرێژیکردنە سەر کچێکی بەلووچ لەلایەن پارێزگاری پۆلیسی چابەهارەوە، لە هەمان کاتیشدا میدیاکان خەریکی ڕوومالکردنی پرسەکانی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" بوون. بابەتی هەینی خوێناویی زاهیدان کە هاوکات بوو لەگەڵ ئەم بابەتە، نەتوانرا چاوپۆشی لێ بکرێت، لە



سەرچاوە
Serchawe

سەرەتادا ئەوەی کە ڕێژیم ئەو تاوانانەی لە هەینی خوێناویی زاهیدان ئەنجام دا، پێمان وایە لەبەر ئەوە بووە کە ویستویەتی لەو ڕێگەوە شارەکانی دیکەی ئێران بترسێنێت.

**شەهرام سوبحانی**: مەبەستتان ئەوە بوو بە سەرکوتی خوێناویی بەلووچەکان پاشەکشە بە نارەزایەتییەکان لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بکات؟

**فەریبا بەلووچ**: بەڵێ بۆ تۆقاندنی خەڵک بوو. ئەوان پێیان وابوو بۆ نموونە ئەگەر شارەکانی دیکە درێژە بە خەبات بدەن، ئەو جۆرە سەرکوتکردنە چاوەڕێیانە و بۆ ترساندنی خەڵکی دیکە کێ باشتر لە خەڵکی بەلووچستان، بە لام لە هیچ کوێیەک گوێیان نەدایە ئەو بابەتە ئەو پیلانە لەنێوچوون و کەس وەکوو جاران بڕوای بەم پیلانە نەکرد، بە تایبەتی بەرخۆدانی مەدەنیی خەڵکی بەلووچستان کە ڕێژیم لە دوای ئەو سەرکوت و چاوترساندنانە چاوەڕوانیی ئەوەی نەبوو بێنەوە سەر شەقام و بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک بە شێوەیەکی مەدەنییانە بەهۆی ئەو هەموو ساڵە چەوساندنەوە و بێبەشی و گوشارەی کە کۆماری ئیسلامی بەسەریاندا هێنابوو سەرنجی نیوەی جیهان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. کۆماری ئیسلامی چاوەڕوانیی ئەوەی هەبوو هەندێک گرووپی چەکداری کە هەمیشە باسی دەکات و لێی دەترسێت، بێن و خەڵک بە بیانووی ئەوانەوە سەرکوت و ململانێکان زیاتر بکات و بڵێن ئەمانە گرووپی تێرۆریستین، بەڵام ئەمە لە بەلووچستان ڕووی نەدا، و بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک خەڵک هەموو هەینییەک دەهاتنە دەرەوە و تەنیا بە هەمان دروشمیان دەوتەوە کە لە شوێنەکانی دیکەش دەوترایەوە، دادخوازیی بۆ خوێنی شەهیدان و برینداراکان بوون، تەنانەت کاتێک کۆماری ئیسلامی دوای یەک مانگ کۆمەڵکوژییەکی خوێناوی لە خاش ئەنجامدا، هێشتا خەڵک درێژەیان بە خەباتی مەدەنی خۆیان دا و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خەڵکی جیهان بۆ یەکەمجار چاو لە خەڵکی بەلووچستان بکەن و بزانن ڕێژیم لەوێ چ تاوانێکی خوڵقاندوە. ئەمەش ئەوە بوو کە ڕێژێم لێی دەترسا و نەیدەویست ڕووبدات، بەڵام لە کۆتاییدا ڕوویدا، و دواتر ڕێژێم بۆ تۆڵەکردنەوە دەستی کرد بە سەرکوت و لەسێدارەدان و کوشتنی ڕۆژانەی سووتەمەنبەرەکان و بەو شێوەیە وڵامی پرسی بەرخۆدانی مەدەنی لە بەلووچستان دایەوە دۆخی خەڵکی بێ ناسنامەی بەلووچستان لە پێشوو خراپتر بوو، تەنانەت دەرکردنی خەڵکی ڕەسەن لە بەلووچستان و چەندین ڕووداوی دیکە کە ڕۆژانە شاهیدی دەبین و ئەمەش تەنها بەهۆی بەرخۆدانی مەدەنی خەڵکی بەلووچستانەوە بوو.

**شەهرام سوبحانی**: بە بۆچوونی ئێوە نەتەوە چەوساوەکانی ئێران بە تایبەت کورد و بەلوچ لەم دۆخە هەستیار و قەیراناوییەی وڵاتدا چۆن دەتوانن هەنگاوێکی کاریگەر بەرەو مافەکانیان هەڵبێنن؟

**فەریبا بەلووچ**: هەموو ئەو نەتەوانەی لە ئێراندا دەژین چارەنووسیان بە یەکترەوە گرێ دراوە، واتە هیچ کام لەو نەتەوانەی لە ئێراندا دەژین، تەنانەت نەتەوەی فارسیش، تا هاودەنگی و هاوکاری لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئەم وڵاتەدا نەبێت، ناتوانن لە بەدیهێنانی مافە ئینسانییەکانیاندا سەرکەوتوو بن. بۆ ئەوەی بتوانن لە بەرامبەر گۆڕانکارییە سیاسییەکانی داهاتوودا پێکهاتەیەکی حکوومی دابمەزرێنن کە مافە مرۆیی و مێژووییەکانیان بە شێوەیەکی دروست و لەسەر بنەمای پێوەری نێودەوڵەتی، هاوسەنگی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێککەوتننامەکان دابین بکەن. هەروەها هاوپشتی لە نێوان نەتەوە و چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ئێران بە دڵنیاییەوە یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی سەرکەوتن بەسەر ئەم پێکهاتە تۆتالیتێرەیە، کە بەختەوەرانە دەتواندرێت بڵێین ئەمڕۆ نەتەوەکانی نێو ئەم جۆغرافیایە تێگەیشتن و دانپێدانانێکی دروستیان لەگەڵ ڕێژیم و سیاسەتی دووبەرەکیانەوە پەیدا کردوە. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەگەر ئەم هاوپشتی و هاوکارییەی نێوان نەتەوە ستەملێکراوەکان دروست ببێت، ئەنجامەکەی دەتوانێ هەنگاوێکی کاریگەر بێت بۆ گەیشتن و نزیکبوونەوە لە داخوازییەکانی ئێمەی ئازادیخواز چونکە لە ڕاستیدا ئەو نەتەوانەی لە ئێراندا دەژین هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ یەکتردا نییە و هەر ئەم دەسەڵاتدارانەن کە هۆکاری سەرەکی ناکۆکی نێوان خەڵک و نەتەوە جیاوازەکانی ئێرانن، بۆ ئەوەیکە بە جۆرێک هاوپشتی و یەکگرتوویی نێوان نەتەوەکان پێک نەیەت تا دەسەڵات بەرەو لێواری دارمان نزیک بکاتەوە و لەم ڕووەوە پرسی شتێکی تریش گرینگە ئەویش ئەوەیە کە ڕەوتە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات دەتوانن بە یەکدەنگ ئەم هاودەنگییە دروست بکەن و ژیرانە بەرامبەر ئەو ناکۆکییانە مامەڵە بکەن کە ڕێژیم ڕۆڵێکی کاریگەر لە دروستکردنیان دەگێڕێت. بەجۆرێک کە سەرکردەکانی ڕەوتە سیاسییەکان دەبێ زۆر تیژ و دووربین بن و وزەی خۆیان لەسەر ئەو پرسە تایبەتانە چڕبکەنەوە، هەمان ئەو پرسە تایبەتانەی کە حکوومەتەکان و ئەم دەسەڵاتدارە تۆتالیتێرانە هەوڵی دروستکردنی جیاوازی لە نێوان گەلانی نیشتەجێی ئێران دەدەن، بۆیە دەتوانرێت بڵێین ئەم هاوپشتییە ڕێگەیەکی بنیاتنەر و کاریگەرە کە ڕەوتە سیاسییەکان دەتوانن ڕۆڵێکی جەوهەری بگێڕن لە بەدیهێنانیدا، کە دواجار ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجی هاوبەشە، کە ئەویش ئازادییە و ئەوە بۆ خۆشکردنی ڕێگە بۆ دادپەروەری و مافی نەتەوە چەوساوەکان خۆش دەکات.

**شەهرام سوبحانی**: شیکردنەوەتان بۆ دۆخی سیاسی وخەباتی ئێستای بەلووچستان، بەتایبەتی دوای "شۆڕشی ژینا" چییە؟

**فەریبا بەلووچ**: بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" یان شۆڕشی ژینا، کە بە بۆچوونی من شۆڕشێک بوو و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەموو خەڵکی ئێران هەبوو و کۆمەڵگەی بەلووچستانیش لەو کاریگەرییە بەدەر نەبوو، هەرچەندە دوای هەفتەیەک، کۆبوونەوەی خوێناوی زاهیدان ڕووی دا و شێوەی خەباتەکەی هەموو خەڵکی زاهیدانی گۆڕی، بەڵام لەوە بێبەری نەبوو ئێمە لە شۆڕشی ژینادا شاهیدی ئەوە بووین کە ژنانی بەلووچ کە تەنانەت پێش کۆبوونەوەی خوێناویی زاهیدان هاتنە سەر



سەرچاوە
Serchawe

شەقامەکان، بۆشایی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان بە دروستکردنی ماڵپەڕ و دروشمنووسین لەسەر دیوارەکان تەنییەوە. و بە شێوازی جیاواز ویستی خۆیان دەربڕی، بەو شێوەیەش ئەو لێدوانانەی دەیاندا، پیاوانی ئایینیان ناچارکرد لە لێدوانەکانی خۆیاندا باس لە مافی ژنان بکەن و تەنانەت بابەتی گرینگی جیاکردنەوەی دین لە سیاسەت، کە پێشتر نەمانبینیبوو، بەڵام پیاوانی ئایینی کاریگەر لە بەلووچستان کە نەتەوەیەکی چووکەتر، نەریتخواز و مەزهەبیترە لەچاو نەتەوەکانی دیکەوە، کرا و ئەوەش بابەتێکی زۆر گرینک بوو کە بەرهەمی ئەم بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" یان شۆڕشی "ژینا" بوو. بۆیە پێموایە ئەم ژنانە و ئەم بزووتنەوەیە زۆر شتیان ڕوون کردۆتەوە کە من هەمیشە دەڵێم دەتوانین کۆمەڵگەی خۆمان یان تەواوی کۆمەڵگەی ئێران لە پێش شۆڕشی ژینا و دوای شۆڕشی ژیناوە دابەش بکەین، واتە بەلووچستان لە بواری بابەتە سیاسییەکاندا بێبەری نییە، خەڵک لە بەلووچستان ڕێک ساڵ و نیوێک خەباتی مەدەنییان لە شەقامەکاندا هەیە، ئەوان نیشانیان دا کە خەڵکی بەلووچستان هەندێک جار سیاسی و تەنانەت لە ڕووی سیاسیشەوە ئامادەن بۆ قبوڵکردنی ئەو پێشهاتە گشتیانەی کە بڕیارە لە ئێراندا ڕوو بدەن. لەو دوو ساڵەدا زۆرێک لە شەهیدان بەم شێوەیە کوژران و خوێنیان ڕژا، بەڵام جیهان چاوی بەڕووی کێشەکانی خەڵکی بەلووچستاندا کردەوە و ئەمەش وایکرد خەڵکی بەلووچستان لە دوای شۆڕشی ژینا پرسی دادخوازی و داواکارییەکانیان زۆر بە شێوەی ڕوونتر ببینرێت، بە بۆچوونی من ئەمە بابەتێکی زۆر بەنرخە و دەبێت بگوترێ ئەو پرسانەی لە هەموو ئێراندا درووژێنراون زۆر جیاوازن لە پرسەکانی بەلووچستان، چونکە خەڵک لە بەلووچستانی ئێمەدا خەبات دەکەن بۆ مانەوە. واتە بۆ پێداویستییە سەرەتاییەکانی خۆیان، کە تەنانەت دەکرێ بڵێین بارودۆخیان جیاوازە لە کوردستان، چونکە ئێمە خەبات بۆ مانەوە دەکەین، بەڵام ئەوەش دەبینین کە ڕۆشنبیران و ژنان و چالاکانی مەدەنیش داواکارییەکانی خۆیان بەرز دەکەنەوە.

**شەهرام سوبحانی**: ئێمە وەکوو دژبەرانی ڕێژیم لە سەنگەرە جیاجیاکان و خاوەن ڕەوتی سیاسی و فیکریی بەربڵاو و جیاوازەوە، چۆن دەتوانین سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانی و یەکیەتیی ئورووپا بەرەو پرسی نەتەوە چەوساوەکانی ئێران ئاراستە بکەین؟

**فەریبا بەلووچ**: بوونی ڕەوتی بەربڵاوی سیاسیی نەتەوە ستەملێکراوەکان لە ئێران کە لە دەرەوەی وڵاتن و بەشێکیشیان لە وڵاتانی ئورووپادان بەتایبەتی دوای شۆڕشی ژینا بوونیان زۆر بەرچاو بوو و بوونی ڕەوتە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی هەمەچەشنی ئێران زۆر گرنگ و بنچینەییە بۆ ئەوەی بتوانن ئەو تاوانە و جینایەتانەی کە کۆماری ئیسلامی بەنیسبەت نەتەوە چەوساوەکانی ئێرانەوە دەیکات، لە قاوی بدەن و دەنگی دادخوازی ئەوان بن، وە ئەمەش پەیوەستە بە ڕێکخراوە سیاسییەکانی دەرەوەی ئێران و ئەو کەسایەتیانەی کە لە ڕاستیدا سەر بەم نەتەوە چەوساوانەی ئێرانن و نیشتەجێی وڵاتانی ئورووپاین. ڕێکخراوەکانی کورد، بەلووچ، تورک، عەرەب، تورکمان و هەموو ئەوانەی لێرەن، پێویستە جۆرێک لە



سەرچاوە
Serchawe

هاودەنگی و هەماهەنگیی بە کردەوە پیشان بدەن، کە لەگەڵیدا بتوانن پەیامێک بن بۆ گەلی خۆیان بن و ئەو هاودەنگییە دروست بکەن. لە ڕاستیدا لێرەدا ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنێکی پێشەنگ و پێشکەوتنخواز، زۆر کاریگەر دەبێت و وەکوو لە پرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێدا، چونکە ئێمە ئەو هاواهەنگییە لە نێوان خەڵکی نێوخۆی ئێراندا دەبینین زۆر گرینگە ئەو هاوئاهەنگییەش لە دەرەوەی ئێران ڕووبدات، واتە کاتێک خەڵکی سەر شەقام داوای دەکەن پێویستە بتوانین بۆ یەکەمجار ناکۆکییە سیاسییەکانمان وەلابنێین بۆ ئامانجێکی هاوبەش و گەورەتر، و سەرەڕای بوونی حیزب و ڕەوتی سیاسی جیاواز، لە ڕێکخستنێکی هەموو لایەنەکانی سەر بە بە نەتەوەکانی ئێران، پێکەوە کۆ ببنەوە تاکوو بتواندرێت ئەو یەکگرتوویی وهاودەنگی و هاوسەنگییە بە کۆمەڵگەی جیهانی نیشان بدەن. بە لام بەداخەوە ئەوەی هەمووکات لە ئۆپۆزیسیۆنەوەکانی دەرەوەی ئێران دەیبینین تەنیا جیاوازی بیروڕایە و بەداخەوە هەموویان لە هەوڵی دووبەرەکی و دابەشبووندان.

**شەهرام سوبحانی**: **بەبۆچوونی ئێوە کێ یان کام لەو ڕەوتە سیاسییانە بەربەستن لە لە بەردەم بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ستەملێکراو لە ئێراندا؟ و چۆن گەلانی چەوساوە دەتوانن بەسەریدا زاڵ بن؟**

**فەریبا بەلووچ**: ئەوانەی خاوەنی بیرکردنەوە و ئیدۆلۆژیی تۆتالیتێریین و دەیانەوێت هەموو ئێران بکەنە یەک نەتەوە، زمان، کولتوور و... لە ڕاستیدا ئەم بەشە توندڕەوە، چ لە نێوخۆی ئێران و چ لە دەرەوەی ئێران دەبنە بەربەستێک لەبەردەم هاودەنگی و یەکگرتوویی زیاتری نەتەوەکان لە ئێراندا. هەروەک پێشتر ئاماژەم پێدا کردەوەیەکی هاوبەشی کردەیی لەلایەن هەڵسوڕاوانی سیاسی گەلانە زۆر گرینگ و کاریگەر دەبێت، چونکە لە لایەک ڕێگایەک بۆ نەهێشتنی ئەو بیرە تۆتالیتێرییانە و نزیککردنەوەی گەلانی ستەملێکراوی ئێرانی لێی دروست دەکات، و لە لایەکی ترەوە هەنگاوێک دەبێت بەرەو هەمان ئامانجی هاوبەش کە ئازادیی گەلانی چەوساوەیە.

**شەهرام سوبحانی**: **خاتوو فەریبا سپاس بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا**

**فەریبا بەلووچ**: سپاس بۆ ئێوە کە ئەو دەرفەتەتان بۆ من ڕەخساند لەگەڵ خوشک و برا کوردەکانم قسە بکەم

١٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## کاوە ئاهەنگەری: نەبوونی پێناسەیەکی گشتیی لە شوناسی نەتەوەیی بۆ جۆراوجۆری ئایینی، زاراوەکان و دابەشبوونی خاکی کوردەکان بە سەر چوار جوغرافیای سیاسیدا دەگەڕێتەوە



### ئاماژە:

شوناسی نەتەوەیی لە هەست بە هۆگربوون بە خاک، کۆمەڵگە، بەهاکان و ئیدۆلۆژییەکی هاوبەش لە نێوان تاکەکان بیچم دەگرێت کە بەپێی تێپەڕبوونی کات بەهۆی چەندین هۆکارەوە خۆی دەنوێنێت. دەتوانین لەو هۆکارانە ئاماژە بە زمان، کەلتوور و نەریتە هاوبەشەکان بکەین کە لە کۆتاییدا هەست بە بەستراوەیی و وەفاداریی بە خاک بکەن و هەروەها لە هاوپێوەندی، یەکگرتوویی، یەکیەتیی و بەهێزکردنی بەها و بیرۆکە هاوبەشەکان لە کۆمەڵگەیەکدا کارا بکرێنەوە. لەم وتووێژەدا لەگەڵ پرسیارگەلێک وەکوو؛ شوناس چییە؟ و شوناسی نەتەوەیی چۆن بیچم دەگرێت؟ داگیرکەرانی کوردستان لە چ ڕێگەیەکەوە هەوڵی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی کوردەکان دەدەن؟ بۆچی ئێمەی وەک نەتەوەی کورد هەتا ئێستا پێناسەیەکی گشتیمان لە شوناسی نەتەوەیی نەبووە تاکوو لە ئاکامدا یەکیەتیی و هاوپێوەندی نێوان ڕەوتە سیاسییەکانی کوردستان مسۆگەر بکات؟ ڕووبەڕوو دەبینەوە و بۆ وڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە وتووێژێکمان دەبێت لەگەڵ بەڕێز کاوە ئاهەنگەری، شرۆڤەکاری سیاسی.

**شەهرام سوبحانی**: کاک کاوە سپاس لەوەی بۆ بەشداریی لەم وتووێژەدا ئامادەیی خۆتان دەربڕی سەرەتای وتووێژە بەوەوە

دەست پێ دەکەین، شوناس چییە و شوناسی نەتەوەیی چۆن بیچم دەگرێت؟

**کاوە ئاهەنگەری**: شوناس کۆمەڵێک لە تایبەتمەندییەکان، باوەڕ، تایبەتمەندییە کەسیەتییەکان، ڕواڵەت و تەنانەت واتاییەکانە کە تاکێک یان گرووپێک بە یەکتر دەناسێنێت و لە یەکتر جیایان دەکاتەوە. شوناسی نەتەوەیی کۆمەڵە جۆراوجۆرییەکە کە ڕەوتی زەمەندا هێما و توخمی پێکهێنەر و شوناسی نەتەوەیەک پێک دێنێت. لە ڕوانگەی ڕەگەزناسیی وشەوە چەمکی"شوناس" لە ناوی لاتینی identitas وەرگیراوە کە جەخت لە وێنای زەینی تاکێک لە خۆی و "یەکسانی ئەوان لەگەڵ کەسانی دیکە" دەکاتەوە. بە پێی ئەو پێناسەیە شوناسی نەتەوەیی بە بوونی وێنایەکی زەینی هاوبەش نێوان خەڵکانێک کە خاکێکی هاوبەشیان هەیە، پێناسە دەکرێت. شوناس چەندین ڕوانگە و تایبەتمەندیی جیاواز وەکوو، شوناسی کاری، ئایینی، نەتەوەیی، قەومی یان نەژادی، ڕەگەزی، خوێندن، تۆرەمە و شوناسی سیاسی و هی دیکەی هەیە.

**شەهرام سوبحانی**: داگیرکەرانی کوردستان لە چ ڕێگەکەوە هەوڵی سڕینەوەی "شوناسی نەتەوەیی کوردەکان" دەدەن؟

**کاوە ئاهەنگەری**: لە یەک سەدەی ڕابردوودا داگیرکەرانی کوردستان زیاتر لە دوو ڕێگەی سەخت ئامێر و نەرم ئامێرەوە هەوڵی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی داوە. بەو واتایە بە بەرهەمهێنانەوە لە بواری کەلتوورییەوە، دەیهەوێت بە دەوڵەمەندکردن و پەرەپێدانی کەلتووری خۆی، لەسەرەوەبوون و کارابوونی کەلتوور و شوناسی خۆی بە سەر ژینگەی گشتی، تاکەکان و منداڵاندا بسەپێنێت، بە واتایەکی دیکە شوناسی خۆیان بەسەرەوەتر لە شوناسی کورد لەقەڵەم داوە. لە لایەکی دیکەوە بەهۆی بێبەشبوونی شوناس و کەلتووری کورد لە بەرهەمهێنانەوە و پەرەپێدان، بە تێپەڕبوونی کات نەوە و وەچەکانی داهاتووی ئەم نەتەوەیان وا تێگەیاندووە باوەڕیان بە ناکارامەیی و بێ نێوەرۆکی شوناس و کەلتووری خۆیان بکەن. بەو پێیە لە لایەک بە بەرهەمێنانەوەی ماکی و ئاوەزی لە پێوەندی بە شوناس و هۆکارە کەلتوورییە ناکوردییەکان و لەلایەکی دیکەوە داگیرکەرانی کوردستان کوردەکانیان لە بواری پەرەپێدان بە کەلتوور، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی بێبەش کردووە و بەردەوامیی ئەو سیاسەتە بیرۆکەی لەخۆ بێگانەبوون، هەڵاتن لە شوناسی خۆیی و ناکارامەییبوونی کەلتووری کوردی لە ژینگەی تاک و کۆمەڵگەی کوردستاندا زاڵ کردووە.

**شەهرام سوبحانی**: ئێمە وەکوو نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت چۆن دەتوانین شوناسی نەتەوەیی خۆمان لە بەرامبەر داگیرکەراندا بپارێزین؟

**کاوە ئاهەنگەری**: بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی ڕێگە و شێوازی زۆر هەیە بەڵام پێش لە هەموو کارێک بۆ ئەوەی

جێبەجێکردنی هەر هەوڵێک لەو بوارەوە ئەرێنی بێت مەرجێک هەیە، ئەویش بوونی هێمای ڕۆشنبیری، عەقڵ و زانستییە بەنسیبەت ئەو بابەتەوە. بۆ نموونە ئەگەر دەوڵەتی کوردیش دابمەزرێت بەڵام ستراتیژی و پلانێکی تۆکمە و گشتگیرمان لەو بوارەوە نەبێت ئەوا سەرکەوتنی دەوڵەتی کورد بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی کورد مسۆگەر و سەرکەوتوو نابێت. ئەگەر وای دابنێین ڕوانگەی عەقڵانی و زانستی لەمەڕ بوونی مەترسی لە سەر شوناسی نەتەوەیی کوردەکان هەیە، ئەوا بە باوەڕی من ئەو خاڵانە دەتوانن لە هاوکاریی بەو ڕوانگە گرنگ و شوێندانەر بن یەکەمیان: هەوڵدان بۆ شکستپێهێنان بە دەسەڵاتی ناوەندگەرا "سەنتەراڵیزم" بە مەبەستی دابینکردنی خودموختاری بۆ بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی شوناس و کەلتووری خۆیان لەو وڵاتەدا، هەڵبەت ئەو خاڵە لە کاتێکدا دێتە بەرباس کە هەلی دامەزرانی دەوڵەتی کوردی نەڕەخسا بێت. دووهەم: کەڵکوەرگرتن لە کەرەستەکانی پێوەندیی هەنووکەیی بۆ پەرەپێدانی توخمی پێکهێنەری کەلتووری و شوناسی کوردی، بۆ نموونە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە بەستێنێکی باش و بەکەڵکە لەو بارەوە. سێهەم: پێوەندیی نێوان کەلتوورە جۆراوجۆرەکانی زاگرۆس کە زاراوە و بەرەی جیاوازی تێدایە. چوارەم: بەڕێوەبردنی فێستیواڵ و ڕێوڕەسمە هاوبەشەکان و بەشدارییپێکردنی تەواوی ئەندامانێک کە شوناسی نەتەوەییان تێدایە و لە کۆتاییدا ئەزموون وەرگرتن لە مێژووی نەتەوەکانی دیکە لەو بوارەوە.

**شەهرام سوبحانی: بە بڕوای ئێوە حیزبەکانی کوردستان لەو بوارەوە چ ڕۆڵێکیان بووە؟**

**کاوە ئاهەنگەری**: حیزبەکانی کوردستان بەهۆی ئەوەی لە ئێراندا ناتوانن لە ڕێگەی یاساییەوە چالاکی بکەن، هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان لەلایەن داگیرکەرانەوە بە نایاسایی لەقەڵەم دراون بۆیە بەپێی ئەو حیسابە بێت ئیمکانی ڕووبەڕووبوونەوە و هەڵسوکەوتی سروشتی و ڕۆژانەیان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بابەتە گرینگەدا نەبووە و نییە، بەڵام بەشێک لە ئامانجەکانی خەباتی حیزبەکانی کوردستان بە کەلتوور و شوناسی نەتەوەییەوە گرێ دراوە، پێداگری و ڕەچاوکردنی خواستی کەلتووری و شوناسی نەتەوەیی بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لە خەباتی حیزبە کوردستانییەکان. وەکوو نموونە زمان کە یەکێک لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی شوناسی نەتەوەییە، بەستێنی خەباتی حیزبە کوردستانییەکان بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک دێنێت. ڕێزلێنان و بەرزڕاگرتنی زمانی کوردی لە ڕاستیدا خەبات بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەییە.

**شەهرام سوبحانی: بۆچی هەتا ئێستا ئێمەی کورد نەمانتوانیوە پێناسەیەکی گشتیمان لە شوناسی نەتەوەیی هەبێت تاکوو لە ئاکامدا یەکیەتیی و هاوپێوەندیی نێوان تەواوی ڕەوتە سیاسییەکانی کوردستان مسۆگەر بکات؟**

**کاوە ئاهەنگەری**: پرسیارێکی باشە، هۆکاری ئەوەی هاوپێوەندی و یەکیەتییمان نییە دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی ڕوانگەی و شێوەی تێڕوانینیمان بۆ بابەتەکە. ئەگەر هۆکاری ئێمە ئەوەیە کە هەتا ئێستا خاوەنی ئاوا هاوپێوەندی و یەکیەتییەکی پێویست نین یەکێک لە هۆکارەکانی دەتوانین ئاماژە بە نەبوونی هێما و لێک تێنەگەیشتنی هاوبەشە لە کۆمەڵگەی دەوروبەر و دەردی هاوبەشمانە. شوناسی نەتەوەیی هۆکاری یەکیەتییە، لە ڕاستیدا کۆدی ڕەفتاریی و هۆکاری کردەوە و دژکردەوەی ئێمەیە لە ژیانی کۆمەڵ و تاکەکەسیدا. ئێمە کاتێک ئاماژە بە نەبوونی هاوپێوەندی و یەکیەتیی دەکەین بە واتای ئەوەیە هێشتا ئێمە ڕێوشوێنی واتایی، هێمایی و ڕەفتاریی یەکیەتییمان نییە، هەر بەو هۆیەوە پێش هەموو شتێک پێویستمان بە "پێکەوە کارکردن"، لەگەڵ یەک قسەکردن، یەکتر ناسینی قووڵ و ورد هەیە. لە سەر ئەو بڕوایەم کە شوناسی کوردی کۆمەڵێک جۆراوجۆری و جیاوازیی لەخۆ دەگرێت. بەڵام بەهۆی نەبوونی دەوڵەتیی کوردستانی، دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانیش کەرەستە و ناوەندی پێویستیان بۆ پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی دابین نەکردووە، بۆیە نەبوونی پێناسەیەکی گشتیی لە شوناسی نەتەوەیی لە نێوان کوردەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە لایەک جۆراوجۆری ئایینی، زاراوەیی و دابەشبوونی خاکی هاوبەشی کوردەکان بە سەر چوار جۆغرافیای سیاسیی بێگانە و ناکوردیدا، لە لایەکی دیکەوە نەبوونی ڕەوتێکی بەهێزی ڕۆشنبیری و ڕێکاری کەڵکوەرگرتن لە کەرەستە پێوەندییە هەنووکەییەکان بە مەبەستی نزیکیی زۆربەی کوردەکان لەگەڵ یەکتر و گەیشتن بە لێک تێگەیشتنی هاوبەش لە شوناسی هاوبەشی خۆیان دەگەڕێتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: پێویستیی ناساندنی شوناسی نەتەوەیی بە منداڵان لە چیدایە؟ ئایا ئەو هەوڵە لە جۆغرافیای داگیرکراوی کوردستاندا ڕێگە پێدراوە؟

**کاوە ئاهەنگەری**: منداڵانی ئەمڕۆ بەڕێوەبەران و کاربەدەستانی داهاتوون، چۆنیەتی پەروەردە و هەوڵی ئێمە لە ئێستادا بۆ پەروەردەی منداڵانمان لەو بارەوە، بەرهەمەکەی لە بەڕێوەبەریی و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی ئەوان لە داهاتوودا خۆی دەنوێنێت، ئەگەرچی کەرەستەی پەروەردەیی فەرمیی وڵاتی ئێران لە ڕاستای پەروەردەی سروشتیی شوناسی کوردەکان نییە. بەڵام بەپێی ئەو پێناسەیە دەرفەتگەلێک کە لە سەردەمی دیجیتاڵ و بیری دەسکرددا بۆ ئێمە دابین بووە و دەتوانین بەشێک لەو نادادپەروەری و پێشێلکراوی مافەکانمان قەرەبوو بکەینەوە. بۆیە پەروەردەی منداڵان لەنێو ماڵدا لە ڕێگەی دایک و باوک و بەخستنەڕێی ڕێگە و شێوازی پەروەردەیی لەو بوارەوە دەتوانێت بەشێک لەو کەموکوڕیانە قەرەبوو بکاتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: ئێوە وەکوو کارناسێکی کۆمەڵناس چ ڕێکارێک بۆ پاراستنی "شوناسی نەتەوەیی" پێشنیار دەکەن؟

**کاوە ئاهەنگەری**: پێش هەموو شتێک ئێمە لە هەمبەر بوونی شەڕێکی نەرم دژی شوناسی نەتەوەیی کوردەکان دەبێت ئاگا و



سەرچاوە Serchawe

هوشیار بین، بە واتایەکی دیکە فەلسەفەی بوونی ڕێژیمێکی داگیرکەر لە ئێراندا لە دژایەتیکردنی  شوناسی نەتەوەیی کورددا خۆی دەبینێتەوە، ڕێوشوێنی کەلتوور و شوناسی ئەو ڕێژیمە بەر سەر دوو کۆڵەکەی شێعە - فارسییەوە ڕاوەستاوە. بەو هۆیەوە توانایی پێڕاگەیشتن بە شوناسێک بێجگە لە دوو کۆڵەکەی شێعە - فارسی بۆ ڕێژیم نە تەنیا ڕێگە پێدراو نییە، بەڵکوو دەتوانێت لەنێوچوونی و کوژرانی بە دواوە بێت. بە زمانێکی دیکە برەودان بە شوناسی شێعە - فارسی بە واتای دژە ژەهرێکە بۆ مانەوە و جێگرکردنی شوناس و کەلتووری ڕێژیم لە زەینی منداڵەکانی ئێران لە داهاتوودا، هەر بۆیە ڕێژیم گرینگی بە شوناسی نەتەوەکانی دیکە نادات. هەر ئەوەی کە لە پرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێ کرد بۆ بەرێخستنی ڕەوتێکی ڕۆشنبیریی بەهێز، خوێندنەوە، بەرهەمهێنانەوە، خۆنوێکردنەوەی سروشتیی شوناسی نەتەوەیی، کەڵکوەرگرتن لە کەرەستە و ئامێری پێوەندییە گشتییەکان، کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی نەتەوەکانی دیکە و هەتا دواتر دەتوانێت لە پاراستنی شوناسی نەتەوەیی خۆیان هەنگاوێک بۆ پێشەوە هەڵبێننەوە.

**شەهرام سوبحانی**: کاک کاوە سپاس لەوەی کاتتان دانا بۆ ئەم وتووێژە

**کاوە ئاهەنگەری**: تکایە، سپاس بۆ ئێوەیش هاوڕێیانی بەڕێز لە ڕۆژنامەی کوردستان، سەرکەوتوو بن.

۱۲ی بەفرانباری ۲۷۲٤



سەرچاوە
Serchawe

## ئەسما مەحیەدین: ئەگەر ئەم دووبەرەکییە لەنێو کورددا کۆتایی پێ نەیەت تا ئەبەد ناگەینە مەقسەد



### ئاماژە:

مێژوو دەلاقەیەک بۆ لێکۆڵینەوە و گۆڕەپانێک بۆ لێفێربوون، ئاوێنەیەک لە زانست و چیرۆکێک پڕ لە ئەزموون. لەو دیمانەیەدا لەگەڵ خاتوو ئەسما مەحیەدین، کارناسی مێژوو باس لە هۆکارەکانی بایەخمەندی مێژوو بۆ هەر نەتەوەیەک، و ئەو چەواشەکارییانە دەکەین بەسەر مێژووی کورددا هاتوون.

**شەهرام سوبحانی**: خاتوو ئەسما سەرەتا با ئەمە بپرسم کە هۆکاری بایەخمەندیی مێژوو بۆ هەر نەتەوەیەک چییە؟

**ئەسما مەحیەدین**: مێژوو بۆ هەر نەتەوەیەک گرینگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە چونکە بناغەیەک دەرەخسێنێت لە داڕشتنی داهاتووی ئەو نەتەوەیە کە دەتوانین لە چەند خاڵێکدا باسیان بکەین:

**یەکەم**: مێژوو یارمەتیی ئەو نەتەوەیە دەدات کە تێبگات لە بنەچە و ڕەچەڵەک و بەها باڵاکانی خۆی و هەستی

شانازیکردن بە میراتی مێژوویی لا دروست دەکات.

**دووهەم**: وانەوەرگرتن و فێربوون لە ئەزموونی پێش خۆیان، واتا هەر نەتەوەیەک دەتوانێ سوود لە ڕووداوە مێژووییەکانی خۆیی وەرگرێ، بەجۆرێک کە هەڵەکان دووبارە نەکاتەوە، و لە هەمان کاتیشدا ئەو ستراتیژییە بەکاربهێنێ کە نەتەوەکەیان تێیدا ئەنجامی باشی بەدەست ختسوە.

**سێیەم**: گرینگی مێژوو خۆی دەبینێتەوە لە پاراستنی کولتوور و فەرهەنگی ئەو نەتەوەیە، و ئەگەر بایەخدان بە مێژوو لای ئەو نەتەوەیە هەبوو، ئەوا بایەخدان بە فەرهەنگ و هونەر و کولتووریش دێتە ئاراوە. کەوابوو ئەمانە هەموویان گرێدراوی یەکن و کاریگەرییان لەسەر یەک هەیە.

**چوارەم**: گرینگییەکیتری مێژوو کە ڕۆڵی باڵا دەبینێ بۆ سیاسەتی ڕێنماییکردن و بڕیاردانی سەرکردەکانی ئەو نەتەوەیە، ئەوەیە کە سەرکردەکان دەتوانن پێشینەی مێژوویی نەتەوەکەیان بەکار بهێنن و تێکهەڵکێشی سیاسەتی مۆدێرنی سەردەمی بکەن، کەواتە دەتوانین بڵێن کە مێژوو دەکرێت ببێتە ئامرازێک بۆ حوکمڕانییەکی سەرکەوتوو.

**پێنجەم**: مێژوو بە تیشک خستنەسەر دەسکەوت و خەباتی نەتەوەیی دەتوانێ هەستی نیشتمانپەروەری و شانازیکردن لای ئەو نەتەوەیە بەهێزتر بکات.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا ئێمەی کورد توانیومانە ئەو بایەخە بە مێژووی خۆمان بدەین؟

**ئەسما مەحیەدین**: ئاشکرایە ئێمە وەک گەلی کورد خاوەن خودان دیرۆکی دێرین و لەمێژینە و دەوڵەمەندین، بەڵام بەداخەوە لە هەمان کاتدا تاکی کورد کەمتر پەرژاوەتە سەر گرینگیدان بەو مێژووییەی کە هەیەتی. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەر چەندین هۆکار کە گرینگترین هۆکار هەلومەرجی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتییە. کورد لەم ڕوانگەوە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگی و دژواری بۆتەوە بەجۆرێک کە هەر لە کۆنەوە نەیاران نەیانهێشتوە چاو بکەینەوە و چاوترسێن کراوین. بەڵام بەو پێیە بۆ گەلێکی چەوساوە و زوڵملێکراوی وەکوو کورد لەسەریەتی گەڕان بە مێژووی خۆیدا بکات و دەبێ لە خەبات و تێکۆشانی ناودارانی خۆیی ئاگادار بێ. ئەگینا ناچار دەکرێت مێژوویەک قبووڵ بکات کە نەیارەکەی بۆیساز کردووە.

هۆکارێکی دیکە سڕینەوەی مێژووی کوردە. ڕوونە مێژووی کورد لەلایەن زلهێزەکان و دەسەڵاتە باڵاکانەوە بەتایبەتی مێژوونووسەکانی سووریە، عێراق، تورکیە، ئێران دەستێوەردانی تێدا کراوە و سەر لەنوێ لە چوارچێوەی بەرژەوەندی وڵاتەکانیان دایانڕشتۆتەوە. ئێمە لێرەدا دەبێت بگەڕێینەوە سەر مێژوونووسە ڕۆژئاواییەکان و گەڕیدەکان بە تایبەتی

ڕۆژهەڵاتناسەکان کە چۆن بەشێکیان باسیان لە کورد و ژیانی کورد کردووە. زۆر جار ئێمەی کورد لە ململانێی سیاسی و سەربەخۆیی هێندەی شەڕی مانەوەمان کردوە، بەوە ڕانەگەیشتووین کە مێژوو بخوێنینەوە بەو واتایەی کە کورد شەڕی مافی سەرەتاییەکانی پێش مێژوو و زانستی مێژووناسی ختسووە. بۆ هۆکارێکی دیکە دەتوانین ئاماژە بە ناسەقامگیری سیاسی و نەبوونی هەوڵی یەکگرتووی خۆمان بکەین.

**شەهرام سوبحانی**: **ئەو هەنگاوانە چیین کە داگیرکەر بۆ چەواشەکردنی مێژووی کورد بەکاریان دێنێ؟**

**ئەسما مەحیەدین**: چەواشەکاری و تێکدانی مێژووی کورد ئامرازێکی بەردەوامی زلهێز و دەسەڵاتە باڵاکان بووە کە بەردەوام بۆ سڕینەوە و سەرکوتکردنی گەلی کورد و ویستی سەربەخۆیی و دووبارە نووسینەوەی مێژوویەکی سەراسەر درۆیینە لە خزمەت ئەجێندا و مەرامە سیاسییەکانی خۆیان کەلکیان لێوەرگرتوە. لێرەدا چەندین هۆکار هەن کە نەیار بۆ چەواشەکاری مێژووی کورد دەستی بۆ بەرێت، لەوانەش سڕینەوەی کولتوورە، ئەوەیش لە ڕێگای داگیرکاری فکری، بەجۆرێک کەوا لەو نەتەوەیە دەکەن کە کلوتوور و دابونەریتی خۆیان بیر بچێتەوە و نەریتی و کولتووری بێگانە قبووڵ بکەن و وەریبگرن. بە تایبەت زمان، مۆسیقا، جلوبەرگ، شایی و هەڵپەڕکێ و... یانێ دەتوانین بڵێین کە ئێمەی کورد بەجۆرێک فیکرمان داگیر کراوە کە دەستمان بەرداوە لە زۆرێک لە دابونەریت و کلتووری ڕەسەنی خۆمان کە دەتوانین ناوی بنێین سیاسەتی "ئاسێمیلە"کردن.

هەنگاوێکی دیکە بە کەم سەیرکردنی ڕۆڵی کوردە لە ڕووداوە مێژووییەکان، بە تایبەتی سەردەمی هەر دوو زلهێزی عوسمانی و سەفەوی کە زۆر جار کوردەکان وەک سەرکردەی سەربازی یان والی، موفتی، ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە. بەڵام بە دەگمەن یان بگرە هەر تیشک ناخرێتە سەریان. و زۆرجار ئێمە دەبینین کە ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد وەک خواست و ویستی سەربەخۆیی دژی داگیرکاری سەیر نەکراوە، بەڵکوو وەک کردەوەی یاخی بوون و خیانەت و دەرچوون لە قاڵب دراوە، کە ئەمە لەکاتێکدایە کە هەموو ئەوانە بۆ کورد خەباتی ڕەوان و بۆ چارەی خۆنووسین و ویستی سەربەخۆیی بوونە. هەنگاوێکی دیکە نکۆڵیکردنە لە بوونییەت و ڕەچەڵەکی کورد وەک نەتەوەیەکی دیاریکراو لە جۆگرافیایەکی جیاوازدا، کە سەرەڕای بوونی هەزاران بەڵگەی مێژوویی و شوێنەوار بۆ سەلماندنی بوونییەتی کورد لە زێدی خۆیان، بە نموونە لە سەردەمی ئەتاتورک بە کوردەکانیان دەگوت: "تورکی چیایی" کە نکۆڵییان دەکرد لە بوونی ناسنامەی نەتەوەیی کورد یان ئەوەتا "تیئۆری ئاریایی" بوون کە بەداخەوە بەشێکی زۆری ئێستای کورد ئەم تیئۆرییەی پەسەند کردووە و مێژووەکەی خۆی پێ بچووک کردۆتەوە. هەنگاوێکی دیکەی ئەم چەواشەکارییە، سنووری دەستکرد و گۆڕینی بە ئەنقەستی دیمۆگرافیای شوێنە کوردستانییەکانە کە ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن لە داڕشتنەوەی مێژووییەکی ساختە.

**شەهرام سوبحانی**: هۆکاری مانەوەی نەتەوەی کورد دوای سەدان ساڵ بێدەوڵەتی و پارچە پارچەبوونی خاکەکەی لە چیدا دەبینی؟ ڕۆڵ و دەوری زمان و گۆرانی لە مانەوەی کورددا چی بووە؟

**ئەسما مەحیەدین**: مانەوەی نەتەوەی کورد دوای ئەو هەموو دژواری و نەهامەتییەی کە بەسەریدا هاتوە و سەرەڕای بێدەوڵەتی و دابەشبوونی بەسەر چەندین وڵاتدا جێگەی سرنج و تێرامانە کە دەکرێت لە چەند هۆکاری سەرەکیدا پۆخت بکرێتەوە.

لێرەدا ڕاستە کە زمان و گۆرانی دەورێکی باڵایان بینیوە لە هێشتنەوەی کورد، چونکە زمان وەک پایەی شوناس دادەنرێت، ئەوەش ڕاستە کە بەکارهێنانی زمانی بێگانە لەنێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە ئێستادا بە تایبەتی لەنێو گەنجان کەم یان زۆر دەبیندرێ، بەڵام بایی ئەوەشمان ماوە زمانەکەمان لە فەوتان بپارێزین و بەرگەی لەمپەرەکان بگرین. و سەبارەت بە مۆسیقا، دەنگبێژی و هونەری زارەکی و چیرۆک گێڕانەوە دەتوانین بێژین کە دەوری باڵایان هەبووە و هەیە و مێژووە بەهاکانیان هەتا ئێستا پاراستوە و تەنانەت لە قۆناغە پڕ دژوار و فشارییەکاندا وەک سەکۆی کلتووری مامەڵەیان کردووە. ئەمانە کە باسمان کرد دەکرێت هۆکاری مانەوەی گەلی کورد بێت و لە هەمان کاتدا دەتوانین لە چەندین هۆکاری دیکەدا چڕی بکەینەوە، وەکوو: بەهێزی پێکهاتە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵگەی کوردی بە تایبەتی پەیوەندی خێڵەکی. بە بۆچوونی من هۆکاری سەرەکی پێوەندییە خێزانییەکانن، بەجۆرێک کە ڕێژەیەکی زۆری کوردەکان زەماوەند لەگەڵ هاوزمان و هاوخوێنی خۆیان دەکەن و کەمتر تێکەڵی نەتەوەکانیتر دەبن. هۆکارێکی دیکە، جوگرافیایە. ئاشکرایە کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە بوونی ناوچەی شاخاوی و بەرز کە هەر لە دیرۆکەوە تا ئێستا ڕۆڵی باڵایان لە بەرگریکردن لە هێرشە دەرەکییەکان بینیوە، هەر لەم بابەتەوە خاکی کوردستان دەوڵەمەندە بە بوونی نەوت و سامانی سروشتی کە لە ئاکامدا وایکردووە بەشێکی زلهێزە دەرەکییەکان پشتیوانیان بۆ کوردەکان دەربڕن کە ئەوەش دەکەوێتە چوارچێوەی ستراتێژی بەرژەوەندی دەرەکی. و هەروەها بەدرێژایی مێژوو ئێمەی کورد کەم تا زۆر توانیومانە ئامرازی خۆگونجاندن و خۆڕاگری بەکاربهێنین و لەگەڵ گۆڕانکارییە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکاندا بەر هەڵستکاری ئاسمیلەکردن ببینەوە و لە ئەنجامی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانمان بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییمان ئەگەرچی زۆر جارانیش سەرکەوتوو نەبووین. بەڵام سەرەڕای دووبەرەکی بە هۆی هەبوونی خواست و ئامانجی هاوبەش لە هەر ناوچەیەکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا سەرەڕای نەبوونی دەوڵەت و پارچەپارچە بوونی خاکەکەمان توانیومانە ئەمانە بکەینە میکانیزمێک بۆ پاراستنی خۆمان و هۆکارێک بۆ مانەوەمان.

**شەهرام سوبحانی**: چیرۆکی شاماران چییە؟

**ئەسما مەحیەدین**: قسە لەسەر کوردانەیی شاماران ناکەین چونکە لە ڕەگ و ڕیشەوە چیرۆکێکە لە ئەفسانە و فۆلکلۆری کوردییەوە سەرچاوەی گرتووە و لە دەوری بوونەوەرێکی ئەفسانەییدا دەسووڕێتەوە و دەتوانین بڵێین کوردانەترین دیمەنی هەیە، شاماران کە واتای "شاژنی مارەکانە" چیرۆکێکە کە بە چەندین شێوە باس کراوە و جارێک بە ئێرانی دەکرێت و جارێکیش تورکی و گەلانیتری ناوچەکەش هەر لایەنە و دەخوازێ بەرگی خۆی پێیدا هەڵواسێ کە بەداخەوە تەنیا کورد نەبێ زۆر جاران نکۆڵی لە بوونی ئەفسانە و چیرۆکەکانی دەکات و لە خۆیدا دایدەماڵێت، شامارانیش بەدەر نییە لەوە.

جابۆیە لێرەدا من بە پێی ئەزموونی خۆم و خوێندنەوەم بۆ چەندین سەرچاوە و ژێدەر بەمجۆرە دەکرێت چیرۆکی شاماران باس بکەم: شاماران کە وەک خواژنی زانایی و بوونەوەرێکی نیوە ژن و نیوە مار وێنا دەکرێت، کە هێمای زانایی و زانست و ژیری و هێزی عیرفانییە، لە بەهەشتێکی ژێرزەمینیی شاراوەدا نیشتەجێیە کە پڕە لە گەنجینە و جوانی سروشتی. و لێرەدا دەکرێت بپرسین کە چۆن ئەم بوونەوەرە دۆزراوەتەوە؟ تاماسب یان تاماسپ کە داربڕێکی هەژارە ڕۆژێک لە دارستان دەکەوێتە نێو چاڵێکی تەنگ و تاریک زۆر هەوڵدەدا لێی بێتە دەرەوە بەڵام بێسوودە، پاشان دەست دەکاتە کۆڵینی دیواری چاڵەکە و دەیکۆڵێ و تا دەگات بە دەروازەی ئەشکەوتێک، ئەشکەوتێکی پڕ لە مار دەبینێ و مارەکان بە دیتنی بەرەو ڕووی دێن، لەو کاتەدا چاوی دادەخا و لە خودا دەپاڕێتەوە کە ڕزگاری بکات، کە چاوی دەکاتەوە ژنێک دەبینێ کە نیوەی جەستەی مارە و نیوەکەیتری مرۆڤ. خۆی دەناسێنێ و دەڵێ:"من شامارانم، شای مارەکان و هەموو زانست و نهێنییەکانی جیهان دەزانم". ئیدی شاماران بەخێرهاتنی دەکا و تاماسب ماوەیەک لەلای دەمێنێتەوە و بە جوانی و مێهرەبانی شاماران سەرسام دەبێت. ساڵ دێت و ڕۆژ دەڕوات تاماسب بیریماڵەوە و ئارەزووی گەڕانەوە دەکات، شاماران ڕازی دەبێت بەڵام بەو مەرجەی شوێنی ئاشکرا نەکات، چونکە مەترسی بۆ سەر دروست دەبێت، تاماسپ ئەوێ جێدەهێڵێت و بەڵێنەکەی دەباتە سەر تا ئەو کاتەی کچی پاشا تووشی نەخۆشییەکی دەگمەن دەبێت و ڕاوێژکاری پاشا بانگەشەی ئەوە دەکات کە تاکە چارەسەر گۆشتی شامارانە، بۆ دیتنەوەشی ئەگەر ئەو کەسەی کە لەگەڵی ژیابێ تەڕ بکرێ پێستی دەگۆڕدرێ وەک پوولەی ماریی لێدێ و ئاشکرا دەبێ کە لەلای بووە بۆیە هەموو گەنجەکانی شار دەخەنە ناو حەوزێکەوە و تاماسبیش بە زۆری هەڵدەدەنە ناوەکە و تاماسب پێستی دەگۆڕدرێ و دەستبەجێ دەسگیر دەکرێ و لەژێر فشارێکی زۆردا ناچاری دەکەن شوێنی شاماران بدرکێنێ، ئیدی شاماران دێننە لای فەرمانڕەوا، شاماران پێش مردنی دەڵێ: "هەر کەس سەرم بخوا دەمرێ و هەر کەس ناوقەدم بخوا چاک دەبێتەوە و هەرکەس کلکم بخوا ژیری منی پێدەگا" بەو شێوەیە وەزیر سەری دەرخواردی تاماسب دەدا و لە ناوقەدی دەدات بە شازادە و خۆشی کلکی دەخوا، بەڵام شاماران کە دەیزانی وەزیر تووشی ئەو بارودۆخەی کردووە درۆی کردبوو و وەزیرەکە دەمرێ و تاماسب زانایی پێ دەگا و شازادەش چاک دەبێتەوە و فەرمانڕەوا داوا لە تاماسپ دەکات ببێتە وەزیری ئەو، تاماسپیش بە ڕەنگێکی پرووکاوە کۆشک جێدەهێڵێت، بەم شێوەیە چارەنووسیان بۆ دیاریکرا و بەڵام ئەوەی ناوی لەنێو ناوان مایەوە شاماران بوو.

**شەهرام سوبحانی**: بۆچی نەیاران و داگیرکەران دەیانەوێت شاماران لە کورد داماڵن و بە ناوی خۆیانەوە تۆماری بکەن؟

**ئەسما مەحیەدین**: ئاشکرایە ویستی داماڵینی ئەفسانە و چیرۆک و تۆخمە کلتوورییەکان لە کورد دەچێتە قاڵبی سڕینەوەی مێژوو و پاڵنەری سیاسی کلتووری، زۆر جاران داگیرکەران ئامانجیان لە هەڵوەشینی کلتووری ئەو ناوچەیە کە داگیری دەکەن بۆ تێکدانی ناسنامەی مێژووییە، ئەفسانەیەکی وەک شاماران کە ناوەخنی دانایی و ژیری لەخۆ دەگرێت، داگیرکەران هەوڵیانداوە بیکەن بە میراتی خۆیان و دووپاتە نووسینەوەی بۆ بکەن و لە بەرژەوەندی خۆیاندا بەکاری بهێنن، کورد چەندین سەددە ڕووبەڕووی سەرکوتکردن بۆتەوە بە تایبەتی زمان و کلتوورەکەی بۆ کەمکردنەوەی هەوڵی سەربەخۆیی سیاسی. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە ئەو ناوچانەی کە ئەفسانەی شامارانیان تێدا ناسراوە کوردستان بە هەر چوار بەشەکەی "باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا" لەمێژە کێبەرکێیان لەسەرە و ئەو گەلانەشی ئەو ناوچانەیان کۆنترۆڵ کردووە زۆر جار هەوڵدەدەن بانگەشەی میراتی کولتووری ناوچەکە بکەن بۆ بەهێزکردنی شەرعییەتی مێژوویی خۆیان. سەرلەبەری ئەو خۆبەخاوەن زانینەی داگیرکەران، کورد چالاکانە هەوڵ و تەقالای خۆی داوە بۆ پاراستنی چیرۆک و ئەفسانەکانی بە تایبەتیش لە ڕێگەی هونەر و وێژەوە کە نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان لە بەرهەمەکانیان شامارانییان وەک هێمایەکی ناوازەی کوردی چاندووە و هاوشانی ئەوانە هونەری زارەکی و زار بە زاری چیرۆکەکەی گەیاندۆتە نەوەی نوێ، و سەرەڕای ئەوەیکە داگیرکەران بەردەوام لە هەوڵی داماڵینی ئەم بەرگە زێڕینە لە مێژووی کوردستان بوونە، بەخۆشحاڵییەوە نەیانتوانیوە لە ئێمەی بستێنن و ئێستاکە وەک هێمایەکی بەهێز و ناسنامەی خۆڕاگری دەوڵەمەندی چاندی کوردی ماوەتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: وێستگە مێژووییەکانی کورد لە خەبات بۆ سەربەخۆیی کامانەن؟

**ئەسما مەحیەدین**: کوردەکان بەدرێژایی مێژوو چەندین جار بە دوای سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی بوون بەڵام هەوڵەکانیان تا ڕادەیەکی زۆر بەهۆی ئاڵۆزییە ژیئۆپۆلەتیکییەکان و دەسەڵاتە دەرەکییەکان و داینامیکی ناوچەییەوە پووچەڵ کراوەتەوە. بە نموونە: سەردەمی کۆن و ناوەڕاست ماددەکان کە ئیمپراتۆرییەتێکی مەزنیان لە هەگبەتان، هەمەدانی ئێستا دامەزراند کە ئێمە ناتوانین بڵێین بزووتنەوەیەکی سەربەخۆیی بوو، بەڵام هەوڵێکی سەرەتایی بوو بۆ کورد، کە دواتر بەهۆی خیانەتی ناوخۆییەوە لە دوایین پاشای ماددەکان لەلایەن فارسەکانەوە دەسەڵاتیان لێوەرگیرا. هاوکات دەرکەوتنی چەندین میرنشین لە شانۆی مێژوویی کورددا کە هەوڵیانداوە لەژێر فەرمانڕەوایی خەلیفەکان و بنەماڵە تورکییەکان دەربچن وەک میرنشینی (حەسنەوییەکان، مەروانییەکان، شەدادییەکان، و ئەیوبییەکان). دواتریش دەرکەوتنی ململانێی عوسمانی و سەفەوییەکان لەسەر خاکی کوردستان لە سەدەی شانزەوە تا سەدەی هەژدە وایکرد میرنشین و دەسەڵاتە کوردییەکانی ئەوکاتە هەوڵی



سەرچاوە Serchawe

جیددییانە بدەن بۆ سەربەخۆبوون و بەرگرییەکانیان چڕتر کردەوە و هەوڵەکانیش پچڕ پچڕ بوون دووری یەک بوون ئەوەش دەکرێت هۆکاری سەرنەکەوتن بووبێت، هەر چەندە میرنشینەکان تا ڕادەیەک سەربەخۆیی خۆیان هەبوو چونکە خودی خۆیان فەرمانڕەوایی خۆیان و ناوچەکەی خۆیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا پاشخانی دەسەڵاتی ناوەندی بوون لە تاران و ئیستەمبوڵ، جێی باسە بەردەوام لەنێو خۆیاندا دوژمنایەتی یەکترینیان دەکرد و کەمکات هەبووە پێکهاتبن و بەیەکەوە هەوڵی سەربەخۆییان دابێت.

بە بۆچوونی من سەرەتای سەرهەڵدان و خواستی سەربەخۆیی لە میرنشینەکانەوە دەستی پێ کرد ئەگەرچی هاوڕاش نەبوون، بەڵام لە بازنەی دەسەڵاتی خۆیاندا هەوڵی تەواویان داوە. بە نموونە: "میربەدرخان" میرنشینی بۆتان بوو کە بەهۆی هەوڵەکانی بۆ سەربەخۆبوون لە ژێردەستی عوسمانی دەوڵەتی عوسمانی وەک باوکی ناسیۆنالیزمی کوردیش دێتە باسکردن و بۆ یەکەم جار هەوڵیدا لە بازنەی تیرەگەری و تایفەگەری بێتە دەرێ و هەوڵی داوە میرنشینەکانیتر وەک هەکاری بێنێتە سەر ئەو ڕایەی کە سەربەخۆبوونی کوردستان کارێکی پێویستە. لە دوای ئەویش شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کە وەک یەکەم سەرکردە ناوی هاتوە بۆ دامەزراندنی ویلایەتێکی سەربەخۆی کوردی و پێی وابوو تاکە چارەسەری کێشەی کورد دامەزراندنی کوردستانی گەورەیە و بۆ ئەو مەبەستەش شۆڕشێکی بەرپا کرد کە وەک هەنگاوێک بوو بۆ بوون بە دەوڵەت و سەرەتایەک بوو بۆ سەربەخۆیی.

لە دوای ئەویش چوونی شەریف پاشا بۆ پاریس کە بانگەشەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی کردوە و لەو پێناوەشدا ساڵانێکی زۆر لە ئەورووپا تێکۆشاوە و لە جەنگی یەکەمی جیهانی وەک سەرۆکی شاندی نوێنەرایەتی کورد بەشداری کۆنفرانسی ئاشتی کرد لە پاریس بۆ ئەو مەبەستەش پەیوەندی بە سمکۆی شکاک و شێخ مەحموود دەکات، بەڵام دواجار ئەم خەونەش نایەتەدی و شەریف پاشاش بێ ئۆمێد دەبێت و دەستبەرداری خەونەکەی دەبیت. و پاشان حکوومەتەکەی شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩١٩کە هەڵەبجە و سلێمانی تا دەگاتە ڕەواندز و کۆیە دەگرێتەوە کە زمانی فەرمی کوردی بوو. پاشان ساڵی ١٩٢٠ هەوڵێک هەبوو بۆ سەربەخۆیی کورد لە پەیمانی "سیڤەر" بەڵام دواتر کە پەیمانی "لۆزانی" بەسەردا هات سیڤەر جێبەجێ نەکرا و کوردیش لە نێوان "عێراق، ئێران، تورکیە، سووریە،" دابەش کرا. دواتر شۆڕشی سمایلئاغای شکاک و دوایە دامەزرانی "کۆماری کوردستان" لە مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ و "کۆماری ئارارات" لە ئاگری لە ساڵی ١٩٢٧ هەوڵەکانی شێخ ئەحمەد لە باشوور و هەوڵەکانی مەلا مستەفا کە بە دوای ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆییە بوون.

لە باشووری کوردستان ساڵی ٢٠٠٥ و دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەددام کورد بە فەرمی هەرێمێکی بەدەستهێنا و لە ساڵی ٢٠١٧ هەوڵی سەربەخۆبوونی دا، بەڵام سەرنەکەوت . لە ڕۆژئاوای کوردستانیش پارتە کوردییەکان ساڵی ٢٠١١ەوە هەتا ئێستا

ئیدارەی خۆسەرییان لە سووریادا هەیە.

**شەهرام سوبحانی**: هۆکاری سەرکەوتوو نەبوونی کورد لە هەوڵدان بۆ خواست و ویستی سەربەخۆیی چییە؟

**ئەسما مەحیەدین**: بێگومان کورد لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگی بۆتەوە و هیچ جارێکیش لەم هەوڵانەی سەرکەوتوو نەبووە و ئێمە دەتوانین هۆکارەکانی لەم چەند فاکتەرەدا دابڕێژین:

١- هۆکاری سەرەکی ناکۆکی و دووبەرەکیی نێوخۆییە کە دەردێکی کوشندەی نێومالّی کوردە کە زۆر جاران جیاوازی ئایدۆلۆژی دەگرێتەوە کە سیاسەتی دژ بەیەک بەکاردەهێنن، کەواتە کورد بەبێ یەکریزی ئەستەمە بتوانێت دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکگرتوو بنیات بنێ.

٢- پارچەپارچەبوونی خاکی کوردستانە و کورد لە سەرەتای مێژووەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت بە تایبەتی لەلایەن عێراق، ئێران، سووریە و تورکیە کە خاکی کوردستان بەسەریاندا دابەش کراوە و بەهەر شێوەیەک بۆیان ڕەخسا بێت دژایەتی سەربەخۆبوونی کوردیان کردووە. بەو بەهانەیەی کە یەکپارچەیی خاکی ئەوان دەخاتە مەترسییەوە کە خۆی لە ڕاستیتدا هەر ئەوانن لەسەر خاکێکی داگیرکراودان.

٣- نەبوونی پاڵپشتی نێودەوڵەتی. ئەگەرچی لە هەندێک ئان و ساتدا پشتیوانییان لە دۆزی کورد کردووە، بەڵام بێ ئەنجام بووە چونکە تاکتیکی و کاتی بووە، و پاراستنی پەیوەندییان لەگەڵ نەیارانی کورد لەپێشینەی کارەکانییان داناوە. لێرەدا دەکرێت بڵێین ناکۆکی نێوخۆیی کورد ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە نەگەیشتنی کورد بە سەربەخۆیی و ئەگەر ئەم دووبەرەکییە لەنێو کورددا کۆتایی پێ نەیەت تا ئەبەد ناگەینە مەقسەد.

**شەهرام سوبحانی**: خاتوو ئەسما سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا و ماندووش نەبن

**ئەسما مەحیەدین**: سپاس بۆ ئێوەش کە ئەم دەرفەتەتان بە من دا بتوانم لە خزمەتتاندا بم.

١٧ی بەفرانباری ٢٧٢٤

# حیسام دەستپیش: کۆماری ئیسلامی بە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران دەڕوات




**وەرگێڕان لە فارسییەوە: دانا خەدیو**

**ئاماژە:**

**ڕووداوەکانی دوای ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ کە بە هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل دەستی پێکرد و لەسەر چارەنووسی حەماس، حیزبوڵڵا، حوسییەکانی یەمەن و وڵاتانی عێراق و سووریە کاریگەریی قووڵی داناوە، بەستێنی پێویست بۆ ئاڵوگۆڕی بەربڵاوتر و پێکهێنانی نەزمێکی نوێی ناوچەیی دروست کردوە. لە ئێستادا ئەم نەزمی نوێیە لەسەر بنەمای ئەسڵی کۆتاییهێنان بە "بەرەی مقاومەت" بە لاوازبوونی پراکسییەکانی کۆماری ئیسلامی و ڕووخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد لە سووریە چووەتە قۆناغێکی دیکەوە. پرسیار ئەوەیە دەرهاویشتەکانی ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانە لە سووریە دوای ڕووخانی بەشار ئەسەد لە سەر کۆماری ئیسلامیی لە دەرەوە و نێوخۆ چییە هەروەها دوورەدیمەنی خەباتی گەلانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی لەژێر کاریگەریی ئەم گۆڕانکارییانە چۆم دەبێت؟ "کوردستان" بۆ تاوتوێی ئەم بابەتە لەگەڵ حیسام دەستپیش، چاودێری سیاسیی کورد وتووێژێکی پێکهێناوە:**

**شەهرام سوبحانی: کاک حیسام دەرهاویشتەکانی ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانە لە سووریە دوای ڕووخانی بەشار ئەسەد لە سەر پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیی لە دەرەوە و نێوخۆ چییە؟**



سەرچاوە
Serchawe

**حیسام دەستپێش**: بۆ تێگەیشتن لە ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی سووریە و شوێندانەری لەسەر نێوخۆ و دەرەوە دەتوانم لە سەر چوار ئاست ڕیزبەندیان بکەم.

**یەکەم**: پێکهاتەی ڕێژیمی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا خاوەن پشتیوانگەلێک وەکوو ڕووسیە بوو، ئەو پشتیوانە یەکێک لە هێزە گەورەکانی جیهان بووە یان هەیە و لە ئێستادا سەبارەت بە سووریە لەگەڵ کێشەیەکی لەڕادەبەدەر جیددی ڕووبەڕوو بووەتەوە و سووریە بۆ ئەو بووەتە شوێنێکی زۆر مەترسیدار و جێگای نیگەرانی. لە ئاستی ئورووپاشدا لەگەڵ ئۆکراین لە شەڕدایە و لە بواری ئابووریشەوە کێشەیەکی جیددی یەخەی گرتوە، هەروەها لە بواری نیزامییەوە نەک هەر توانایی ناردنی هێزی بۆ وڵاتانی دیکە نییە بەڵکوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئۆکراین لە کۆرەی باکوور و وڵاتانی دیکەوە هێزی یارمەتیی هێناوە، لە لایەکی دیکەشەوە ڕووخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد لە سووریە هۆکاری لاوازیی یەکێکی دیکە لە پشتیوان و هاوپەیمانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا بوو. بۆیە لە ئاستی یەکەمدا ئەوەی لە سووریە ڕووی دا بۆ ڕێژیمی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا قەیرانێکی جیددی بوو.

**دووهەم**: بابەتێک کە زۆر جێگای سەرنجە لە ئاستی ئەو ناوچەیەدا، ئەوەیە کە یەکێک لە دوژمنەکانی ڕێژیم، ئیسرائیلە کە دوای ئەوەی لە غەززە، لوبنان و لە هەمان کاتدا لە سووریە ڕووی دا و لە عێراقیشدا ڕەنگی داوەتەوە و خەریکە لە یەمەنیش پەرە دەگرێت، دەبێ بڵێین ئیسرائیل بووەتە هێزێکی هێژمونی لە ناوچەکە و هەوڵ دەدات خواست و ئامانج و ستراتێژییە باڵاکانی خۆی لە ناوچەکەدا بسەپێنێت. سرووشتییە ڕێژیمی ئیسلامی لە بواری دزەکردنەوە تووشی کێشە و گرفتێکی زۆر ببێتەوە و بووەتە هۆی ئەوەی لەگەڵ قەیرانێکی جیددی ڕووبەڕوو بێتەوە.

**سێهەم**: تورکیە کە وەکوو دوژمنێکی دیکەی ڕێژیم بۆ ماوەی چەندین ساڵ کەرەستەی ئابووری، نیزامی، ئەمنییەتی خۆی بۆ دژایەتیکردنی خەرج دەکرد لە ئێستادا تەنگی پێ هەڵچنیوە و ئەوەش بەو واتایە کە قووڵایی ستراتێژیی تورکیە لە بەرامبەر ڕێژیمی ئێراندایە و بە جۆرێک وەکوو بەربەستێک لە بەردەم ڕێژیمدا ڕاوەستاوە. لە ئاستی ناوچەکەشدا بە جۆرێک تووشی شکست و زیان بووە کە وڵاتانی عەرەبی کە هەتا پێش ڕووخانی ڕێژیمی سووریە، لوبنان و فەلەستین یان باشترە بڵێین پێش ٧ی ئۆکتۆبر بە کردەوە خۆیان لە ئاستێکی لاوازتر لە ڕێژیم دەبینی و ڕێژیم ئەوانی بە هاژەک دەکردە ئامانج و بە جۆرێک هەڕەشەی لێیان دەکرد کە گوایا ئەوان لە تیرۆرسی ئەواندان بەڵام لە ئێستادا ڕێژیم پێویستی بەوان هەیە و بە هەر شێوەیەک بووە دەبێت دڵیان بە دەست بێنێت هەتا بتوانێت لەگەڵیان بسازێت بەڵام لەم کاتەدا لە چوارچێوەی ناوچەکەدا تووشی گرفتێکی زۆر جیددی بووەتەوە. ئەو گرفتەی ڕێژیم لە ناوچەکە تووشی بووە لە ڕاستیدا کۆڵەکەی سەرەکیی قەیرانێکە بۆ ڕێژیم و بەرەی مقاومەتەکەی، ئەو بابەتە لەگەڵ بابەتی هاژەکیی کە دوو کۆڵەکەی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیم لە ناوچەکەیە بە شێوەی کردەیی یەکیان یانی بەرەی مقاومەتی بە تەواوی لەنێو چووە و چیتر

بەناو بەرەی مقاومەتێک لە ناوچەکەدا نییە. ڕێژیم بەرەی مقاومەتی وەکوو کەرەستەیەکی سیاسەتی دەرەوە لە ناوچەکە و تەنانەت لە ئاستی نێونەتەوەییشدا وەکوو گوشارێک بۆ چەنەلێدان، مانەوە و بەردەوامیی بەرژەوەندییەکانی خۆی کەڵکی لێ وەردەگرت. دەبینین لە چوارچێوەی ناوچەییدا، ڕێژیمی ئیسلامیی لە بنەڕەتدا ڕێژیمی ئیسلامیی سەردەمی ڕێژیمی ئەسەد نییە و لە ئێستادا وڵاتێکی شکستخواردووە کە لە نێو سنوورەکانی خۆیدا بیر لە خۆ پاراستن دەکاتەوە، بەڵام لە ئاستی نێوخۆیی پێش هەموو شتێک ئەوەی بۆ ڕێژیم لە چوارچێوەی نێوخۆییدا رووی داوە جێگای سەرنج و گرنگییەکی تایبەتە چونکە وێژمانی ڕێژیم لێک هەڵوەشایەوە، ئێمە نابێت لە بیرمان بچێت لێکهەڵوەشانەوەی پێکهاتەیەکی ئیدۆلۆژیک لە "وێژمان"ەوە دەست پێدەکات لە بناخەی ڕەوایی بیرکردنەوەیەک کە لەودا سیستەمی سیاسی هەیە و ئەو ڕووداوە لە ئێستادا چوارچێوەی وێژمانی ڕێژیمی ئێرانی لەنێو بردووە و خامنەیی لە وتەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوویدا هەوڵیدا بتوانێت بە جۆرێک نۆژەنی بکاتەوە و ورەیانی پێ بەرز بکاتەوە هەتا وایان تێبگەیەنێت کە هێشتا خاوەن وێژمانن و ئەو وێژمانەش هەنووکە دەتوانێت شوناسیان بۆ بگەڕێنێتەوە بەڵام دەبێ بڵێین ئاکامی ئەو لێک هەڵوەشانەوەی وێژمانە، تەنیا گرووپێک دەتوانێت کەڵکی لێوەربگرێت ئەویش ڕێفۆرمخوازەکانە کە وێژمانی وان هێز دەگرێت و بەو واتایە کە ئەوانەی لە سەر باوەڕی بوونی بەرەی مقاومەت و هەڵسوکەوتە نابەجێیەکانی ڕێژیم لە ناوچەکە و چوارچێوەی نێونەتەوەییدا بوون لە ئاکامدا ئەو هەلومەرجە دەتوانێت جۆرێک قورسایی هێز لە ڕێژیمدا دروست بکات و ڕەقیبی خۆیان بە جۆرێک سەرکۆنە بکەن یان بە واتایەکیتر ڕەخنەیان لێ بگرن یانی ئەو گرووپە ئەگەر توانایی جووڵانەوەی ببێت وەکوو ئەو گرووپانەنکە دەتوانن تەنانەت وەکوو یەکیەتیی سۆڤییەت ڕۆڵی لێک هەڵوەشانی ڕێژیم دەگێڕێت.

**چوارەم**: ڕێژیم لە بواری ئابووری و پێکهاتەی خۆشبژێوییەوە زۆر زیاتر لە جاران شکستخواردووترە، ئەگەر پێشتر دەیتوانی لە ڕێگەی بەرەی مقاومەت و بابەتی ناوکییەوە و... چەنەلێدانێک بۆ کرانەوەی ڕۆچنەیەکی ئابووری بکاتەوە لە ئێستادا ئەو توانایەشی لێ وەرگیراوەتەوە و پتر لەوە بابەتی ناوکییە کە هەر ئەوەش بووەتە بەربەستی سەرەکیی کرانەوەی ڕۆچنەی ئابووری و یان بە شێوەی قەزافی بینێنە لاوە یان ئەوەیە دەبێتە شاخێک و بە سەر هەمووی پێکهاتەی ئابووریی و بژێوی ئەو ڕێژیمەدا دەڕووخێت بەگشتی دەمهەوێت بڵێم کە ئەوەی بۆ ڕێژیم لە دوای بەشار ئەسەد ڕوویداوە ڕوانگەی زۆری هەیە هەتا لێیەوە بڕوانی کە ئەو ڕوانگانە جۆرە قەیرانێکی بۆ ڕێژیم بە دواوە بوو کە ڕۆژ بە ڕۆژ قووڵتر و بەرفراوانتر دەبێت.

**شەهرام سوبحانی**: هەندێک لە شرۆڤەکارانی سیاسی پێیان وایە دوای سووریە نۆرەی عێراقە. ڕای ئێوە لەو بوارەوە چییە؟

**حیسام دەستپێش**: ئێمە ناتوانین بە واتا گشتییەکەی لە بارەی عێراقەوە قسە بکەین، چونکە عێراق لە بنەڕەتدا گرووپێکی شیعەن کە دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست و لە ڕاستیدا لە دوو بەرەی سەرەکی پێکهاتوون. گرووپێک کە پێیان

باشه ڕەوتی سیاسی لە عێراقدا ڕۆڵ بگێرێت و عێراق ببێتە ڕۆڵگێڕێکی ئاسایی و لە بنەڕەتدا لایەنگری دەوڵەتی مەدەنین. گرووپی دووهەم کە لە میلیشیاکان پێکهاتووە و لە دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم و بەرەی مقاومەت و شوناسی شیعەی ویلایەتیی فەقێی ئێران بە ئەژمار دێن. بەڵام ئەوەی کە روونە ئەوەیە لە عێراقدا ئەو گرووپەی لە ڕێژیمی ئێرانەوە نزیکە تووشی قەیران بووە. ئەو گرووپە لە دوو ڕێیانێکی دژواردایە و دەبێت هەڵبژێرێت کە ئایا وەکوو هێزێکی سیاسی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا چالاکی بکات، یان ئەوەی درێژەدەری هەمان ئیدۆلۆژیی نزیک لە تاران دەمێنێتەوە. نیشانەگەلێک هەن کە پێمان دەڵێن عێراقییەکان پاشەکشێیەکی زۆر جیددیان کردوە. یەکەمین و گرنگترین پاشەکشێ ئەوان ئەوە بوو کە نیانویرا پشتیوانی لە ئەسەد بکەن تاکوو ڕێژیمی سووریە نەڕووخێت. نیشانەی دووهەم هەندێکیان ڕایانگەیاند کە چیتر لە دژی ئیسرائیل کارێک ناکەن و بە سەرنجدان لە هەلومەرجی هەنووکەیی، ئەگەر ڕەوتی سیاسی لە سووریە لە دۆخی نۆرماڵی خۆیدا جێگیر ببێت ئەوا ئەو گرووپانە ناچارن پاشەکشێ بکەن. ناچار دەبن پێوەندی و وەفاداریی خۆیان سەبارەت بە تاران وەلا بنێن و وەفاداریی خۆیان بۆ بەغدا بسەلمێنن بە واتایەکی دیکە سەرچاوەی وەفادارییان بەغدا بێت نەک تاران. ئەگەر ئەو ڕووداوە بەگشتی ڕوو بدات ئەوا ڕێژیم لە بنەڕەتدا پاڵپشتی و سەنگەرێکی بە ناو عێراق نامێنێت و لە ئێستادا ئەو دۆخەی لەم ماوە کورتەدا ڕوویدا شێعەکانی عێراق نەیانتوانی لە سووریەدا یارمەتی ڕێژیم بکەن و لە دروستکردنی ژانەسەر بۆ ئیسرائیل خۆ دەبوێرن، ئەوەش بەو واتایە ئەو پاشەکشێیەکی تەواوە و شوێندانەرییەکەی پێش ئەوەی لە بەغدا بەدی بکرێت لە تاران دەبینرێت.

**شەهرام سوبحانی**: بۆچی ڕێژیمی ئێران ئامادە نییە دان بە شکستی خۆی دابنێ؟

**حیسام دەستپێش**: هیچ پێکهاتەیەکی ئیدۆلۆژیک، نادیموکراتیک و دیکتاتۆرییەت نییە کە دان بە شکستی خۆیدا بنێت. لە بنەڕەتدا قەبووڵی شکست بە واتای پێداچوونەوە بە تەواوی ئەو شتانەیە کە پێکهاتەیەکی سیاسی لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆیدا هەیبووە و هەروەها خستنەڕووی شێوازێکی نوێ بۆ نۆژەنکردنەوە و چاکسازییە. بە بڕوای من ئەگەر ڕێژیمی ئیسلامی بچێتە نێو وەها هەلومەرج و دۆخێکەوە بەهۆی ئەوەی لە سەر بنەڕەتی وەهمێکی زەینی و ناڕاست بنیات نراوە، لەگەڵ کێشەیەکی زۆر ڕووبەڕوو دەبێتەوە. ئێمە هەتا ئەمڕۆ ئەوەمان بینیوە کە هیچکام لە بەرپرسانی باڵای ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەی لە سووریەدا ڕووی دا ئامادە نەبوونە ئەو شکستە قبووڵ بکەن، چونکە ڕاگەیاندنی شکست بە واتای هاتنە دەرەوەیە لە بەرەی مقاومەت لە دەزگای زەینی و وێژمان و ڕەفتاریی ڕێژیمی ئێران و هەروەها پێداچوونەوە بە بابەتی هاژەکی و ناوکیی ڕێژیمە، کە ئەو سێ ڕوانگە تەواوی شوناسی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانن و قبووڵی ئەو شکستە بە واتای وەلانانی ئەو شوناسەیە و وەلانانی ئەو شکستە سیستەم و پێکهاتەی ئەو ڕێژیمە تووشی قەیران دەکات، و هۆکاری ئەوەی هەتا ئێستا ئەو شکستەی قبووڵ نەکردوە، بۆ ئەوەیە لەگەڵ ئەو قەیرانە ڕووبەڕوو نەبنەوە. بۆچی؟ بۆ ئەوەی قبووڵی

شەهرام سوبحانی

شکست لە پێش هەموو شتێک لەنێو سیستەمدا قەیران دەخوڵقێنێت و دواتر کۆمەڵگەیش دەگرێتەوە و ئەوەی هەتا ئێستا ڕژێمی هێشتووەتەوە هەمان پێکهاتەی ئەمنییەتی، سیاسی و باوەڕەیە و ئەگەر شکست ڕابگەیەنن ئەو ناوەندە بەهێزە بە تەواوی دەپسێت و لێک هەڵدەوەشێتەوە، لە ڕاستیدا ئەوان لە ڕێگەیەکدان کە ئیمکانی گەڕانەوە یان بە قەوڵی ئەوان ڕاگەیاندنی شکستیان نییە، ئەوەی لە سووریە ڕووی دا شکستێکی زۆر بەرچاو و ڕوونە کە تەنیا خودی ڕێژیم ئینکاری دەکات.

**شەهرام سوبحانی:** دژبەرانی ڕێژیمی ئیسلامیی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات لەمەڕ ئەم ئاڵوگۆڕیانەدا لە چ دۆخێکی کارتێکەری و لێهاتوویدا بەسەر دەبەن؟

**حیسام دەستپیش:** ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دژبەرانی ڕێژیم هێشتا نەبوونەتە ئۆپۆزسیۆن "دژبەری ناوەندگەرا". ئەوان هێشتا دژبەرن و وەکوو چالاکانی سیاسی تەنیا خەریکی شرۆڤەکردنی دۆخی ڕێژیمن، نەک سازکردنی بەستێنی لێک هەڵوەشانەوە و ڕووخانی ئەو ڕێژیمە. بەو واتایەیە کە ئێمە هێشتا هێزێک نین کە ئاسۆیەکی دیاریکراومان سەبارەت بە پرۆسەی گۆڕان لە ئێراندا ببێت. هەرچەند نابێ ئەوە لە بیر بکەین لە پەراوێزی دژبەرانی ڕێژیم ئێمە ئۆپۆزسیۆنێکی کوردستانی و بەلووچستانیمان هەیە کە خاوەنی مەرامنامە و ئاسۆیەکی دیاریکراون سەبارەت بە گۆڕان و ڕووخانی ڕێژیم. بەڵام بەداخەوە تێڕوانین بە نیسبەت گۆڕان لە ئێراندا هێشتا لە ژێر کارتێکەری ناوەندگەراییدایە. هەر بەو هۆیەیە کە ڕێگەی گۆڕانی ڕێژیم لە ئێراندا بووەتە بەربەست و لەمپەرێک. لە لایەکی دیکەی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە، ڕاپەڕینی خەڵکە لە ئێران. ئاڵوگۆڕییەک وەکوو هێرشی ئیسرائیل و بڕیاری وڵاتانی ناوچەکە و ئەمریکا لە ڕاستای ڕووخانی ڕێژیمدا کردەیەکی گونجاوە و لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی هاواهەنگیی زیاتر. ڕاپەڕینی خەڵکیش لە ئاکامی دۆخی ئابووری، بژێوی و گوشارە سیاسییەکانەوە بوو و بەو قەناعەتەی گەیاندن کە نەمانی ڕێژیم داهاتوویەکی باشتری بە دواوەیە. بەگشتی سەرنجی من زیاتر لە سەر دۆخی نێوخۆیی ئێرانە کە دەتوانم بڵێم لێک هەڵوەشانەوە لەنێوخۆ یان ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران لە کۆتاییدا ڕێژیم لەنێو دەبات.

**شەهرام سوبحانی:** کاک حیسام سپاس لەوەی کاتتان دانا بۆ ئەم وتووێژە، ماندوو نەبن

**حیسام دەستپیش:** ڕێزتان هەیە، هەروەها ئێوەش ماندوو نەبن.

ی ڕێبەندانی ۲۷۲٤

## د. ئازاد محەممەدیانی: ناوەند نەیویستوە شوناسی جیاوازی کورد لەسەر پێناسەیەک کە کوردەکان لە شوناسی خۆیان هەیانە، قبووڵ بکات



وتوویژ: شەهرام سوبحانی

### ئاماژە:

گرنگترین هەنگاوی بنەڕەتی بۆ ئازادبوونی نەتەوەکانی ژێردەستە لە زوڵم و ژێردەستەیی، دەتوانین ئاماژە بە دەوڵەت . نەتەوەسازی بکەین، چونکە نەتەوەسازی دەتوانێت یارمەتی بە پتەوبوون و یەکانگیریی کۆمەڵگە، پەرەسەندنی بیرۆکەی هاوبەش و چوونەسەرەوەی هاواهەنگیی کۆمەڵایەتی و جیهانی بکات و لە ئەنجامدا ئەو ڕەوتە لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی، پەرەسەندنی یەکانگیریی و هاوپێوەندی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە و دروستکردنی هەستی بەستراوەیی و بەشداریی لە کاروباری گشتی، ڕێگە بۆ ئامانجی گەورەتر کە هەمان ئازادبوون لە ژێردەستەیی و کۆتایی زوڵم و ستەم خۆش دەکات. لە درێژەی ئەم وتوویژەدا پرسیارگەلێک وەکوو؛ نەتەوەسازی چییە؟ مێژووی دەوڵەت، نەتەوەسازی بۆ چ سەردەمێک دەگەڕێتەوە؟ کوردستان لەو بوارەوە چ پرۆسەیەکی تێپەڕاندووە؟ ئایا لە کوردستاندا نەتەوەسازی جێ کەوتووە؟ دەخەینە بەرباس و بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە وتوویژێکمان لەگەڵ دوکتور ئازاد محەممەدیانی، شرۆڤەکاری

سیاسی ڕێک خستووە.

**شەهرام سوبحانی**: کاک ئازاد سپاس لەوەی ئەو بانگهێشتەی ئێمەت قبووڵ کرد، سەرەتای وتووێژەکەمان بەوە دەست پێ دەکەین کە نەتەوەسازی چییە و مێژووەکەی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

**د. ئازاد محەممەدیانی**: نەتەوەسازی (Nation-Building) پڕۆسەیەکە کە گرووپێک لە مرۆڤەکان بە مێژوو، کەلتوور، زمان و شوناسی هاوبەشەوە وەکوو نەتەوە پێناسە دەکرێن و هەوڵ دەدەن تاکوو ئەو نەتەوە لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکی سەربەخۆ یان یەکپارچەدا بیچم بگرێت. لە ڕاستیدا پڕۆسەی نەتەوەسازی کۆمەڵە هەوڵ، کردەوە و کارتێکرانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییە کە ئامانجی دروستکردنی شوناسێکی هاوبەشی نێوان گرووپە جۆراوجۆرەکانی خەڵک لەسەر خاکێکدایە. ئەو پڕۆسە دەتوانێت بە شێوەیەکی سروشتی و بەردەوام وەکوو ئاڵوگۆڕی مێژووی ئورووپا کە لە کۆتاییدا چەندین دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی تێدا دەردێت یان بەشێوەی بەرنامە داڕێژراو و بە زۆر وەکوو وڵاتانێک وەکوو تورکیە، یەکیەتیی سۆڤیەت، چین و ئێران ڕوو بدات. بنچینەی دەوڵەت . نەتەوەسازی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕێککەوتننامەی ڤێستافالیا کە لەنێوان سەددەکانی حەڤدەهەمدا لەنێوان وڵاتانی تووشبوو بە شەڕەکانی سی و هەشتا ساڵەی ئورووپا و لە کۆتاییدا بووە هۆی کۆتایی شەڕ و بیچمگرتنی پێکهاتەیەکی نوێی نێونەتەوەیی و دووبارە پێناسەکردنەوەی تێگەیشتنی دەسەڵاتداری و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی. بەڵام پڕۆسەی ئەمڕۆیی نەتەوەسازی زیاتر بۆ کۆتاییەکانی سەدەی١٨و دوای شۆڕشی فەڕانسە لە ساڵی١٧٨٩ و ئاڵوگۆڕەکانی سەدەی ١٩ی ئورووپا دەگەڕێتەوە. لەنێوان هەر دوو شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی و کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی، داوێنی ئەو شەڕانە بۆ وڵاتانی ئاسایی و ئەفریقایی کێشرا و وڵاتانێکی زۆر لە ڕێگەی نەتەوەسازییەوە هەنگاویان نا. دوایین نموونەی ئاڵوگۆڕەکانی نەتەوەگەراییانە، دەوڵەتانی تازە سەربەخۆبووی دوای شەڕی سارد و هەرەسهێنانی یەکیەتیی سۆڤیەت بوو. لە ڕاستیدا چەمکی نەتەوەسازی زیاتر بە بابەتی دەوڵەتەوە گرێ دراوە، مێژووی ئاڵوگۆڕەکانی ئورووپا لە دوای ڤێستافالیا کە بووە هۆی دروستبوون یان دووبارە پێناسەکردنەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی و پێکهاتەی نوێی نێونەتەوەیی. بەڵام سەرەڕای ئەوەی بەگشتی لە ئورووپادا بیچمی گرت بەو واتایە کە دەوڵەتان شوناسی وەکوو یەکیان هەیە، نموونەکانی وڵاتانێک کە پێکهاتەی چەند نەتەوەیین بە شێوەی ئاشتییانە دروست بوونە کە سویس و بێلژیک لە یەکیەتیی ئورووپا نموونەی هەرە بەرچاویەتی.

**شەهرام سوبحانی**: کوردستان لەو بوارەوە چ پڕۆسەیەکی تێپەڕاندووە؟

**د. ئازاد محەممەدیانی**: هەروا کە ئاماژەی پێ کرا نەتەوەسازی پرۆسەیەکی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتییە کە بە تێپەڕبوونی کات پرۆسەیەکی درێژخایەنی مێژوویی لەسەر پایەی بابەتگەلێک وەکوو زمان، خاک، کولتوور و ئوستوورە هاوبەشەکان دروست بووە، بەو واتایە کە دەتوانین بڵێین نەتەوەسازی پرۆسەیەکی سروشتییە کە بە درێژایی مێژوو ڕوو دەدات. ئەو ڕەوتە کە بە شێوەی سروشتی لە بەهێز بووندایە و ڕوانگەیەکی شوناسسازی لە بیرۆکەی بژاردەکان "مرجع" کورد دەتوانێت ئەو ڕەوتە خێراتر بکات یان پێکی بێنێت بەڵام لە ئێستادا دەتوانین بپرسین کە مەبەست لە بژاردە چییە؟ لە ڕەوتێکی کۆمەڵایەتیی ئاسایی چەندقات بە بلیمەتەکانی کۆمەڵگەی داسەپاو کە بەرپرسی بەڕێوەبردن و ڕێنوێنی کۆمەڵگەن دەتوانێت بژاردە بێت کە لە سەرەوەی جۆری ئەوانە دەوڵەتەکانن، ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو حیزب و گرووپی سیاسی بە ئامانجگرتنی ئەو بابەتە گرنگە دەتوانن هەستی هاوبەشی هەمەلایەنە بەهێز بکەن کە بە نەتەوەیەک پێناسە دەکرێت. ئەگەرچی لەسەر ئەو باوەڕەم نەتەوەسازی پرۆسەیەکی سروشتییە کە دەبێت لە تێپەڕبوونی کاتدا ڕوو بدات بەڵام نابێت ڕۆڵی بژاردەکان لەو پرۆسەدا لە بەرچاو نەگرین. هەر بەو پێیە ڕۆڵی حیزبەکان و ڕەوتی سیاسی کوردی، بژاردەکان و تەنانەت ناوەندە ئایینی و بژاردە ئایینییەکانیش لە کێشانەوەی نەخشە ڕێگای تەواوکەری ئەو پرۆسەدا جێگای سەرنجە. لە کوردستان کە جۆراوجۆری ئایینی، سیاسی و تەنانەت شەڕەدەندووکی زمانیی بوونی هەیە، بە فەرمیناسین و قبووڵکردنی ئەو جۆراوجۆرییانە و هاوبەشیکردن لە بەرامبەر ئەو جیاوازییانە لە هەستی نەتەوەیی، هەستی هاوبەشیی نیشتمانی بەهێز دەکات. ڕێوڕەسمەکان و بۆنە ئایینییەکان کە هێماکانی نەتەوەیین کە ملکی هەموو جۆراوجۆرییەکانی کوردستانە، دەتوانێت هۆکاری بەهێزی ئەو هەستە هاوبەشە بێت. لە ڕاستیدا ئەرکی بژاردەکان ڕێکخستنی ڕێوڕەسمەکانە بە پێی وێژمانی نەتەوەیی کە ئەوەیش دەبێتە هۆی تەواوکردنی پرۆسەی نەتەوەسازی.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا نەتەوەسازی لەنێو کورددا جێ کەوتووە؟

**د. ئازاد محەممەدیانی**: لە نەبوونی بژاردە فەرمییەکان لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا ڕووداوێک خەریکە ڕوو دەدات کە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەستی هاوبەش لەنێوان کوردەکان بەتایبەت لە کوردستانی ئێران. ڕەوتی نەتەوەسازی لە کوردستانی ئێران بەهۆی نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردەوە ڕووداوگەلێک خەریکە ڕوو دەدەن. لە ڕاستیدا پرۆسەی نەتەوەسازی بە شێوەی زۆرەملێ یان لە سەرەوە و لە چوارچێوەی پرۆژەدا و لە ڕێگەی دەوڵەتەکانەوە دەخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە. لە نەبوونی وەها دەوڵەتێکدا کۆمەڵگەی کوردی بە دوو شێوە بەرەو گەشەسەندنی ڕەوتی نەتەوەسازییەوە دەچێت، یەکەمیان لە بەرامبەر وێژمانگەلێک کە لەسەر دژایەتیکردنی شوناسی نەتەوەیی کورد خووی گرتووە و ڕۆژانە دوژمنایەتی لەگەڵ ئەو شوناسە سەربەخۆیە دەکات بۆ مانەوەی خۆیان. دووهەمیان بە کەڵکوەرگرتن لە بەهێزکردنی هەستی هاوبەش لە ڕێگەی هێما و کەرەستەگەلێک کە لەنێو مێژووی هاوبەش، ئەدەبیات و ئوستوورەکانی نەتەوەییدا ڕیشەی داکوتاوە، خەریکە خۆی



سەرچاوە
Serchawe

دەنوێنێت. هەر بۆیە لە کوردستاندا نەتەوەسازی وەکوو پرۆسەیەکی سروشتی خەریکە خۆی دەردەخات و هەستی هاوبەشی نەتەوەیی لەنێوان کوردەکاندا دروست دەکات، بەڵام بۆ بیچمگرتنی ئەو هەستە دەروونییە ڕێگایەکی دوور و درێژ لە پێشدایە چونکە زیاتر ئەو هەستە هاوبەشە هەمەلایەنەیە وێنەی زنجیرێک پێکەوە گرێ دراون وەکوو چەمک و کەرەستەی نەتەوەیی لەلایەن بژاردەکانەوە شرۆڤە و شی دەکرێتەوە، پێویستە. تەنانەت بزووتنەوەی ئازادسازیی کورد بۆ هەموو جۆراوجۆرییەک لە چوارچێوەی وێژمانی نەتەوەیی خەباتی خۆیدا بوونی هەیە دەبێت پێکەوە گرێیان بدات. ڕێوڕەسمی ئابووری بۆ ژێردەستان، پێکهاتەی چینایەتی و توێژبەندیکراوی لەبار بۆ سازکردنی نەتەوەیی لە کوردستاندا بێتەدی. لە ڕاستیدا پێکەوەبییەکی سەرتاسەری نێوان ناوەندەکان، بژاردەکان و کەسانی خاوەن وێژمانی ناسیۆنالیزمی پێویستە هەتا کۆمەڵگە بەرەو ڕێگەی تەواوکەری پرۆسەی نەتەوەسازی ڕێنوێنی بکەن و هەڵبەت ڕێگەیەکی دوور و درێژ لە پێشدایە. لە دۆخی هەنووکەیی جیهاندا و پێشکەوتنە بەرچاوەکانی مرۆڤ لە بواری ڕاگەیاندن و فەزای سایبێری وەرزی کۆتایی بە سەر گێڕانەوەکاندا هاتووە، گێڕانەوەهایەک کە تەنیا دەوڵەتەکان و خاوەن هێزەکانی نیشان دەدات لە کاتێکدا فەزای نوێ ئەو هەلەی بۆ جۆراوجۆرییەکان پێکهێناوە تاکوو گێڕانەوەیان لە شوناسی خۆیان هەبێت، پێناسەیەک کە پێشتر لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی بەهێزی دەسەڵاتدار یان حکوومەتی ناوەندییەوە باس لە شوناسی کوردەکانەوە دەکرا، بەڵام لە ئێستادا کوردەکان خۆیان شوناسی خۆیان نیشان دەدەن و شرۆڤەکاری تایبەتمەندییە جیاوازییە کەلتووری، مێژوویی و دەروونییەکانی خۆیانن بۆیە ئەو فەزا بەستێنێکی لەبارە بۆ کوردەکان تاکوو پێناسەیەکی وردی خۆیان لە چوارچێوەی تەواوکردنی ڕەوتی نەتەوەسازی نیشان بدەن.

**شەهرام سوبحانی**: نەتەوەسازی چ دەرهاویشتەیەکی لەسەر ڕوانگەی جیاوازی کۆمەڵگەوە دەبێت؟

**د. ئازاد محەممەدیانی**: نەتەوەسازی ڕەوتێکی چەند لایەنەیە کە دەتوانێت دەرهاویشتەی بەربڵاوی بە سەر کۆمەڵگەدا هەبێت، ئەو دەرهاویشتانە دەتوانێت ئەرێنی یان نەرێنی بێت، نەتەوەسازییەک کە ڕەوتی سروشتی خۆی تێپەڕێنێت و لە ماوەی پرۆسەی مێژوویی و ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕوویان داوە کە خاوەنی کەمترین دەرهاویشتەی نەرێنییە، بە جۆرێک کە کۆمەڵگە لە ڕەوتی پرۆسیەکی ئەزموون و هەڵەدا دەگەنە خاڵێک هەستی هاوبەشی گشتی و هەستی دەروونیی هاوپێوەندی و بەستراوەیی نێوان هەموو لایەکی کۆمەڵگە پێک دێنێت. ڕەوتێک کە ئورووپا وەکوو نموونەی دیاری نەتەوەسازیی سروشتیە، ڕاستە کە شۆڕشە نەتەوەییەکانی لە سەدەی هەژدەدا خۆی خاوەنی چەندین دەرهاویشتەی وەکوو پەراوێزخستنی جیاوازییە قەومییەکان بوو و کەلێنی قەومی لەنێو کۆمەڵگە تایبەتەکان لە وڵاتگەلێک کە لە بواری قەومییەوە نالێکچوو بوون چالاکی نواند، بەڵام لە کۆتاییدا تێپەڕاندنی ئەو دۆخە بووە هۆی سەقامگیریی دێموکراتیک، جۆرێک لە سەقامگیریی کە ڕوویەکی دیکەی دەوڵەتی نەتەوەیی یان دێموکراسی پێکهێنا، بۆیە نەتەوەگەرایی یان



سەرچاوە
Serchawe

نەتەوەسازی لە ئورووپادا ڕێخۆشکەر بوو بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی دێموکراتیکی نەتەوەیی. جێگای باسە لە وڵاتێکدا ئەو ڕەوتە سروشتییە بیچمنەگرێت، ئەوا دەرهاویشتەی نەرێنی زیاتری بە دواوەیە بە جۆرێک کە ئەو شێوە لە ڕێگەی زۆرەملێوە تێدەپەڕێت و ئەو زۆرەملێیە هۆکاری سڕینەوەی جیاوازییەکان و لەبەرچاونەگرتنی جیاوازییە زمانی و قەومییەکان لەو یەکە سیاسی، کۆمەڵایەتییەیە. لە دەرهاویشتەی ئەرێنی نەتەوەسازیدا دەتوانین بە دروستکردن و بەردەوامیی شوناسی کولتووری هاوبەش، پەرەسەندنی یەکانگیریی کۆمەڵایەتی، بەهێزکردنی ناوەندگەلێک کە بتوانن لە کۆتاییدا دەوڵەتی نەتەوەیی دروست بکەن، هەستی شانازیی نەتەوەیی و پێگە و قورسایی نێونەتەوەیی و ... ئاماژە بکەین.

**شەهرام سوبحانی**: ڕۆڵی حیزبەکانی کوردستان لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**د. ئازاد محەممەدیانی**: حیزبە سیاسییەکانی کورد کە زۆربەیان لە ڕاستای خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی کوردەکان تێدەکۆشن و دامەزراون، ڕۆڵی سەرەکی لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا دەگێڕن، حیزبەکان کە لە ئەسڵدا وێژمانیان لەسەر ڕاستای بواری شوناسی کوردییەوە سەرچاوە دەگرێت، شوێندانەرییەکی زۆریان لە تەواوکردنی ئەو پرۆسەدا هەیە، ئەو حیزبانە، بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە هەمان ڕۆژە سەرەتاییەکانی دامەزرانیەوە، بە دروستکردنی ناوەندی جۆراوجۆر بۆ خزمەت بە بیچمگرتنی وێژمانی نەتەوەیی و پرۆسەی نەتەوەسازی هەنگاوی هەڵهێناوە، ناوەندی پەروەردە کە لەسەر زمانی کوردی دامەزراوە یەکێک لە گرنگترین هەوڵەکانی ئەو حیزبەیە بۆ پاراستنی شوناسی جیاوازی کورد لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمی ئێرانی و دواتر نەتەوەسازیی ئێرانی بە دوای پشتگوێخستن و یەکسانسازی جیاوازییەکانی دیکەی ئێران بەتایبەت کوردەکانەوە بوو. حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکە کە تەنانەت ئەوانەش نەتەوەیی نەبوون بەڵام بەهۆی ئەوەی مافی نەتەوەی کورد بووە بەشێک لە بەرنامەکانیان، ڕۆڵێکی بەرچاویان لەمەڕ بەهێزکردنی هەستی هاوبەشی نەتەوەیی کوردەکان و خۆشکردنی ڕێگەی دژواری نەتەوەسازی بوو. پەرەپێدانی زمانی کوردی، پێداگریی لەسەر کەڵک وەرگرتن لە جلوبەرگی کوردی وەکوو جلوبەرگی هێزی نیزامیی کوردەکان یانی "پێشمەرگە"، جەختکردنەوە لەسەر بەڕێوەبردنی جێژنی "نەورۆز" وەکوو جێژنی نەتەوەیی کورد و کەڵکوەرگرتن لە ئوستوورە مێژووییەکان بۆ ڕوونکاریی ئەو جێژنە، بەرزڕاگرتنی ئەدەبیاتی کوردی وەکوو بەشێکی دانەبڕاوە و شوێندانەر و جیاوازیی کولتووری کوردی لە بەرامبەر وێژمانی دوژمنکارانە و هەوڵەکانی دیکە کە لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا کاری بۆ کراوە یارمەتییەکی بەرچاوی بە هەستی دەروونی هاوبەشی نێوان کوردەکان داوە لە کۆتاییدا دەتوانێت پرۆسەی نەتەوەسازی تەواو بە ئاکام بگەیەنێت. بەڵام سەرەڕای شوێندانەریی ئەرێنی کە حیزبە کوردییەکان لەسەر پرۆسەی نەتەوەسازی بوویانە دەتوانین ڕێژەی زۆریی حیزبەکانی کوردستانیش وەکوو مەترسییەک بۆ هۆکاری بیچمنەگرتنی وێژمانی هاوبەشی کوردەکان لە بەرامبەر وێژمانی دوژمنکارانە ئاماژە پێ بکەین. بەو پێیە لە ماوەی ساڵانێکی زۆردا، ململانێی و دووبەرەکی نێوان حیزبەکان هۆکاری لاوازیی

کردەیی کوردەکان لە بەرامبەر دوژمن کە لە بنەڕەتدا لەگەڵ کوردەکان لەسەر شوناسخوازی دەست پێکردووە، دوژمنایەتی نێوان کوردەکان و حکوومەتی ناوەندی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دوژمنان نەیانویستووە شوناسی جیاوازی کورد لەسەر پێناسەیەک کە کوردەکان لە شوناسی خۆیان هەیانە، قبووڵ بکەن. کە هەڵبەت ناکۆکییەکانی حیزبەکان هۆی لاوازیی ویژمان و کزیی لە کردەوەی سیاسی لە بەرامبەر دوژمندا بووە. بوونی حیزبەکان لە دۆخێکی ئاسایی لە دەوڵەتێکدا دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەستیی دەروونیی هاوبەش لەنێوان هاووڵاتیان ئەویش بەهۆی بەشداریکردن لە پرۆسە سیاسییەکاندا. بەڵام لە دۆخی ئێستای کوردەکان کە لە کاتی خەباتدان بۆ بەدیهێنانی مافی نەتەوەیی و تەواوکردنی پرۆسەی نەتەوەسازی بۆ ڕێگریکردن لە تواندنەوە و سڕینەوەیان، دەتوانێت زیانبەخش بێت، کە چارەی ئەو کێشەیە بیچمگرتنی ویژمانی هاوبەشی نێوان حیزبە سیاسییەکانی کوردەکانە کە بەرامبەر ئەویتری دەرەوەی خۆیان، بابەتێک کە سەردەمانێکە لەلایەن بژاردەکانی کوردەوە پشتگوێ خراوە تاکوو ئێستا نیشانەیەک لە بەدیهاتنیان بەدینەکراوە.

**شەهرام سوبحانی**: ڕێگە جیاوازەکانی نەتەوەسازی کامانەن؟ و ئێوە وەکوو کارناسێکی سیاسیی چ ڕێگەگەلێک بۆ نەتەوەسازی پێشنیار دەکەن؟

**د. ئازاد محەممەدیانی**: هەڵبەتە لە وەڵامی پێشوودا ئاماژەمان بە پرۆسەی نەتەوەسازی و ڕێگەکانی کرد بەڵام بەگشتی دەتوانین دوو ڕێگە بۆ ئەو پرۆسەیە باس بکەین؛ یەکەمیان: شێوەی سروشتییە کە لە ڕەوتێکی مێژوویی و لەسەر هەڵکشان و ئاڵوگۆڕە کۆمەڵاتییەکان لە ماوەیەکی دیاریکراو بەپێی توانایی کۆمەڵگە و ڕۆڵگێڕیی هێزە کۆمەڵایەتییەکان کە دەتوانن درێژ یان کورت بێت، ڕوو بدات، وەکوو ئەوەی لە ئورووپای سەدەی هەژدە و نۆزدەدا ڕووی دا. ئەو ڕەوتە زیاتر بە پەرەگرتنی ئابووری و سیاسی کۆتایی دێت چونکە لە ڕاستیدا دەوڵەتە نەتەوەییەکان پێک دێت کە بەرهەمی گشتیی پێکەوە هەڵکردنی هێزەکان و چینەکانی ئەو کۆمەڵگەیەیە و بەشداریی ئەوان لەو خاڵەدا ئەرێنی و بەجێیە، دووهەم: نەتەوەسازی زۆرەملێ بەپێی ئەساسی پرۆژەیەکی دیاریکراو، دەوڵەتێک بۆ بەهێزکردنی هەستی دەروونیی هۆگربوون بە خاکێکی تایبەت کۆمەڵە هەوڵێکە کە بەڕێوە دەبات، کە زۆربەیان بە جیاوازیی زمانێک لە جیاوازیی زمانەکانی دیکە، کەلتوورە جیاوازەکان یان شوناسی قەومی لە بەرامبەر شوناسی دیکەدا کۆتایی پێ دێت، لە نەبوونی جێبەجێکردنی پرۆژەی نەتەوەسازی جیاوازییەکانی دیکە یان بە زۆر دەسڕێنەوە یان خواست و تایبەتمەندیەکانیان لەبەرچاو ناگیردرێت و لە ماوەیەکی زەمەنیدا هەوڵ دەدرێت بیانتوێننەوە، ئێرانی سەردەمی پاڵەوی نموونەیەکی بەرچاوی ئەو نەتەوەسازییەیە. بە سەرتر نیشاندانی زمانی فارسی و نیشاندانی ئێرانێکی یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک ئاڵا فەرمییەتی پێ درا و ئەوانی دیکە یان مەحکووم بە لە نێوچوون یان ناچار بە قبووڵکردن و تێکەڵبوون لەگەڵ ئەو کەلتوورە بوون، چوارچێوە و بنەڕەتی ئەو بیرۆکەیە ئەو پرۆژە بوو. لە ڕاستیدا پرۆسەی نەتەوەسازی لە کوردستاندا لە سەردەمێکی هەستیاردایە بەو واتایە کە ئەو

## شەهرام سوبحانی

ڕەوتە لە مێژە بە هاناوەهاتنی لە ئاڵوگۆڕە جیهانییەکان و گۆڕانێک لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕوویان داوە، دەستی پێکردووە و هەمیش هێزە سیاسییەکانی کورد و هەم کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان لەو بوارە تێگەیشتوون کە پێناسەی شوناسی جیاواز کە ناوی کوردە "نەتەوە"یە، پێداگریی لەسەر بابەتگەلی جیاواز ڕۆژ بە ڕۆژ لە هەڵکشاندایە و ئەو ڕەوتە دەتوانێت ئەرێنی و بەجێ بێت، بەڵام لە ئێستادا ئەم نەتەوە لە سەروبەندی هەڵبژاردنێکی گرنگ و مێژوویدایە کە ئایا قبووڵ دەکات وەکوو نەتەوەیەکی جیاواز لە چوارچێوەی دەوڵەتە سەقامگیرەکان درێژە بە ژیانی سیاسی بدات یان بە ڕێگەی دەوڵەت - نەتەوەی کوردییەوە بەرەو پێش بڕوات؟ لە هەر حاڵەتێکدا هەرکام لەو بژاردانە هی کورد بن، بژاردە کۆمەڵایەتییەکان، کەلتووری و سیاسی و هەروەها حیزبە سیاسییەکان دەبێت لەسەر خاڵە هاوبەشە نەتەوەییەکان و بابەتە نەتەوەسازییەکان جەخت بکەنەوە و لە بیچمگرتن بە ڕۆحی گشتی و هەمەلایەنە کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەستی گشتیی نەتەوەیی پێداگریی دەکات و ناوەندی پەیوەندیدار لەگەڵ ئەو ئامانجانە بنیات بنێن و بەو شێوەیە دەتوانێت یارمەتی بە بەهێزکردنی کۆمەڵگە بکات و لە کۆتاییدا لە دوای ماوەیەک پرۆسەی ئەو ڕەوتە بەتەواوەتی بە ئامانجی خۆی دەگات.

**شەهرام سوبحانی**: کاک ئازاد سپاس لەوەی کاتتان دانا بۆ ئەم وتووێژە

**د. ئازاد محەممەدیانی**: تکایە.

١٤ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## عەلی مێهرپەروەر: ڕەزامەندیی خەڵک لە کۆماری کوردستان گەورەترین دەسکەوتی کۆمار بوو



### ئاماژە:

**٢ی ڕێبەندان یەکێک لە گرینگترین ڕۆژە مێژووییەکانی کوردستانە، چونکە لەم ڕۆژەدا یەکەمین دەوڵەتی مۆدێرنی کوردی لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد، پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد دامەزرا و بوو بە ڕێچکەیەک بۆ نەوەکانی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان تا لەو ڕێگەیەوە هەوڵ بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانمان بدەین. لە وتووێژێکدا لەگەڵ بەڕێز عەلی مێهرپەروەر، تێکۆشەر و سیمای ناسراوی حیزبی دێموکرات کە بەبۆنەی ٧٩ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان کردبوومان و هەتا ئێستا دەرفەتی بڵاوکردنەوەیمان نەبووە، بەڕێزیان تیشکی خستووەتە سەر زۆر ڕەهەندی گرینگ و بەبایەخی کۆمار کە لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا بڵاو دەبێتەوە:**

**شەهرام سوبحانی: کاک باباعەلی بۆچی ٢ی ڕێبەندان بە یەکێک لە مەزنترین ڕووداوەکانی مێژوویی نەتەوەی کورد دادەنرێ؟**

**عەلی مێهرپەروەر**: کورد بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدرێژایی مێژووی خۆی لەلایەن ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران سەرکوت کراوە و هەموو سیاسەتێکی بۆ بە ژێردەستە هێشتنەوەی گیراوەتە بەر، لەوانەیە لە شێوەی سەرکوتکردنەکەدا جیاوازی هەبوو بێ، بەڵام لە یەک بابەتدا هەموو ڕێژیمەکان یەکڕا و یەکدەنگ بوون، ئەویش ئەوەیە کە لە ئێران مەسەلەیەک بە ناوی مەسەلەی کورد لە ئارادا نیە، ئەوەی کە هەیە سەرهەڵدان و یاخی بوونە دژ بە دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی و دەبێ ئەو بزووتنەوانە و ئەو گەلە هەر چۆنێک بێ سەرکوت و ملکەچ بکرێ و لەژێر ڕکێفی ڕێژیم نەچیتە دەر. بێگومان بە بوون و بەردەوامی وەها سیاسەتێک دژ بەو گەلە، لە بەرانبەریشدا هەستی خۆڕاگری، ڕزگاریخوازی، هەستانەوە و... لەنێو ئەو گەلەدا سەرهەڵ دەدا و پەرە دەستێنێ و هەر دەشمێنێ. وەک دەزانین بەپێی هەلومەرجی هەر پارچەیەک لەو کوردستانە ئەو هەستانە ڕەنگی کردەییشیان بە خۆوە گرتووە، بۆیە لە سەدەکانی ڕابردووە تا ئێستا هەر جارێک لەلایەن سەرۆک عەشیرەیەک یان کەسایەتییەکی ئایینی یا نیشتمانی بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕاپەڕینێک دژ بە دەسەڵاتدارانی نەیارو دوژمنی کورد سەری هەڵداوە. هەر جارەش وەک باسمان کرد نە هەوڵی چارەسەری کێشەی کورد هاتبێتە گۆڕ بەڵکوو دەستوبرد سەرکوت و لەنێوبردنی بزووتنەوەکان لەلایەن ڕێژیمەکانەوە دەستی پێ کردوە و بەداخەوە ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بووە سەرکەوتوو بوون و ڕاپەڕینەکانیان سەرکوت و دامرکاندوە. پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان تایبەتمەندی و خەسڵەتی ڕاپەڕینەکان،"تاک تەوەر" بوون کە بە گیران یا شەهیدکرانی ڕێبەر، جووڵانەوەکەیش پووکاوەتەوە. بەڵام جیاوازیی کۆماری کوردستان لەوە دابووە کە حیزبێکی سیاسی بە بەرنامە و پێڕەوێکی بەپێی سەردەم پێشکەوتوو حکوومەتێکی خۆجێی بە ناوی کۆماری کوردستان پێکهێناوە. خاوەنی دامەزراوە و نەهادی تایبەت بە حکوومەت بووە (دەرحق بە زمان) خەڵک لەو حکوومەتەدا هەستی بە ئازادی خۆی کردوە، دێموکراسی پێڕەو کراوە، ئاسەوارێک لە گەندڵی و فەساد نەبینراوە، کەمئەزموونی و هەڵە بووە بەڵام تا ئەو ڕادەیە کە مۆمکین بووە خزمەتی خەڵکی کراوە، ژنان بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو کات ئازادیەکی ڕێژەیان هەبووە، زمان و ئەدەبیاتی کوردی بووژانەوەی بە خۆوە بینیوە و ئەمنییەت و ئاسایش تا ڕادەیەکی باش لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی کۆماردا هەبووە، بەگشتی ئەزموونی کۆماری کوردستان لە تەمەنی کورتی ١١ مانگیی خۆیدا سەرکەوتوو بووە، ئەوەش گرینگیی ئەم کۆمارە و پێگەکەی دەردەخات.

**شەهرام سوبحانی: ئەگەر ئێستا چاو لە مێژووی کۆماری کوردستان دەکەین، دەسکەوتەکانی کۆمار لە سەر بەرەوپێشبردنی بزاڤی کورد لە چیدا دەردەکەوێ؟**



**عەلی مێهرپەروەر**: دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان لە جۆری خۆیدا بەرچاون، ئەو دەسکەوتانە دەبێ بەپێی پێوەری ئەو سەردەمە کە لە هەلومەرجێکی تایبەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بووە هەڵبسەنگێندرێ کە بایەخەکەی پتر دەر دەکەوێ، بۆ نموونە: بوونی ئازادییەکی سیاسی ئەوتۆ کە هیچ کەسێک لەو ماوەدا بە تاوانی سیاسی بەند نەکراوە. یا بە وتەیەکی دیکە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هیچ زیندانییەکی سیاسی نەبووە، ئەوە نیشانەیەکی باشە لە سیستمی بەڕێوەبەری کۆماری کوردستان. ژنان ڕێکخراوی خۆیان هەبووە، لە ئاستێکی گونجاودا خزمەت بە زمانی کوردی و ئەدەبیاتی کوردی کراوە، شێعر و شاعیری و هونەر بەگشتی لە برەودا بووە، ئاسایش و ئەمنییەت بە ڕادەیەکی باش هەبووە، گەندڵی و فەسادی ئیداری نەبینراوە یا نەبووە. دیارە ئەوانە و زۆر شتی دیکەش بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەدا سەقامگیر بێت و ببنە کولتوور پێویستی بە بەردەوامی ئەو سیستەمە هەیە کە پێکیانی هێناوە، لە ماوەیەکی کورتی ۱۱مانگەدا چاوەڕوانی زیاتر لە حکوومەتێک کە هێشتا بە تەواوی پێی نەگرتبوو و هەزاران کێشەی لە بەردەمدا بوو جێی خوی نییە. بەداخەوە ئەو دەسکەوتانە هێشتا هەر چرۆ و شکۆفە بوون کە تووشی کرێوە و زریان بوون و وەک خۆدی کۆمارەکە نەپشکووتان و خەزانیان بەسەردا هات. بە بڕوای من گەورەترین دەسکەوت، ڕەزامەندی خەڵکی کوردستان لە حکوومەتی کۆماری کوردستان بوو کە ئێستاش ئاواتی بۆ دەخوازن.

**شەهرام سوبحانی: بۆچی کۆماری کوردستان نەیتوانی بازنەی دەسەڵاتەکەی بۆ ناوچەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوردستان درێژ بکاتەوە؟**



سەرچاوە
Serchawe

**عەلی مێهرپەروەر**: جگە لە دوژمنی سەرەکیی کۆماری کوردستان کە ڕێژیمی دیکتاتۆری پەهلەوی بوو،

**کۆمەڵێک هۆکاری دیکە لەو پێوەندیەدا ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبووە:**

- هەلومەرجی دامەزرانی کۆماری کوردستان تایبەتی بوو، تا ڕادەیەک کتوپڕ و لە نەکاو، لەو ناوچە کە کۆماری کوردستانی تێیدا دامەزرا پێشینەی حکوومەتداری و دامەزراوەکانی نەبوو.

- پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان سوپایەکی تۆکمە و کارامە و مەشقپێکراو و تەیار بە کەرەسەی سەربازی لە ئارادا نەبوو و هەروەها کسانی پسپۆڕ و شارەزا لە کاروباری سەربازی زۆر کەم بوو. هەروەها سوپا، پاش کۆمار پێی گرت.
- ناوچەی کۆماری کوردستان بەهۆی هێزی سەربازی ڕزگار نەکرابوو، بەڵکوو هەلومەرجی شەڕی دووهەمی جیهانی و هاتنی هێزەکانی هاوپەیمان بۆ ئێران و تێکشکانی سوپای ڕێژیمی پەهلەوی بۆشایەکی جۆغرافیایی و سیاسی لەو ناوچەدا پێکهێنا بوو کە کۆمار ئەو بۆشاییەی بە ژیەر و درایەتیکی سیاسی پڕ کردبۆوە.

- جگە لە هەموو کۆسپەکان گەورەترین بەربەست، نە هێزەکانی ڕێژیم، بەڵکوو حکوومەتی یەکیەتیی سۆڤییەت بوو کە بە توندی پێشی بە بەرنامەی هێرش بۆ سەر شاری سەقز کە لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی ڕێژیمدا بوو گرت، بە بیانووی ئەوە کە ئەوێ ناوچەی ژێردەسەڵاتی بریتانیایە. لە ڕاستیدا ئەگەر سۆڤیەتییەکان لایەکیان لە کۆماری کوردستان دەکردەوە بۆ ئەوە نەبوو کە ئەو حکوومەتە کوردییە بەهێز و بەتوانا بکەن، ئەوان تەنیا حکوومەتی کوردستان و ئازەربایجانیان بۆ موعامەلە لەگەڵ ئێران و وەرگرتنی ئیمتیازی نەوتی شیمال بوو هیچی تر. بۆیە دژ بە بەرین بوونەوەی ناوچەی ژێردەسەڵاتی کۆمار بوون.

**شەهرام سوبحانی**: ئێستاش زۆر جار و لە هەندێک میدیادا کۆماری کوردستان بە کۆماری مەهاباد ناو دەبردرێ، ئەمە چ مەبەستێکی لە پشتە؟

**عەلی مێهرپەروەر**: بەکارهێنانی دەستەواژەی کۆماری مەهاباد لەلایەن هەرکەس و لایەنێک بێ یان لە ڕووی ناشارەزایی و تەنیا بە پشتبەستن بەوەی کە شاری مەهاباد پێتەختی کۆماری کوردستان بووە و لەو شارە کۆمار دامەزراوە و بەبێ سەرنجدان بە مانا و مەفهومی بابەتەکە هەر چۆن بەهەڵە بیستوویانە دووپاتی دەکەنەوە، یان نە، هێندێک کەس و لایەن بەئەنقەست ئەو دەستەواژە بەکار دێنن چونکە دەیانهەوێ کۆمارەکە لە شارێکی بچووک بە نیسبەتی شارە گەورەکان قەتیس بکەن و بەنیبەتی خۆیان لە بەها و شکۆی کۆماری کوردستان کەم بکەنەوە. واتە لە جیاتی ئەوەی بابەتەکە بە

کوردستانەوە پێوەند بدەن کە مانایەکی دیکەی هەیە، لە شارێکدا قەتیسی ئەکەن. تەنیا لە چەند وڵاتێکی کەم لە جیهاندا کە ناوی پێتەختەکەی لەگەڵ ناوی وڵاتەکەدا یەک یان زۆر نێزیک لە یەکن نیسبەتی سیستەمی حکوومەتەکە لە ناوە هاوبەشەکە دەدرێ، بۆ نموونە "الجزایر" دەنا کەس ناڵێ "کۆماری ئیسلامیی تاران" یا "کۆماری پاریس". بۆیە ئەو لایەنانە کە لە ڕووی زانیارییەوە دەستەواژەی کۆماری مەهاباد بەکار دێنن، ئاگایانە یان نائاگایانە قسەی دوژمنانی گەلی کورد دووپات دەکەنەوە.

**شەهرام سوبحانی**: دیاردەیەکی دیکەش ئەوە لەژێر ناوی ئەوەی کۆمار دێفاکتۆیەکی کوردستانی بووە، هەوڵ دەدەن ڕۆڵ و دەوری حیزبی دێموکرات لە کۆماردا بسڕنەوە، ئەمە چۆن دەبینن؟

**عەلی مێهرپەروەر**: بەڵێ کەس و لایەنی وا هەیە نەخش و ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لە دامەزرانی کۆماری کوردستاندا پشتگوێ ئەخەن و دەیسڕنەوە کە دیارە ئەوە هەوڵێکی نزۆکە و هیچکات سەر ناگرێ. دیارە لە بەرانبەریشدا فیکرێک لەنێو حیزبدا هەیە کە پێی خۆشە کۆماری کوردستان وەک مڵک و سامانی حیزب لە قەڵەم بدا، و لە ڕاستیدا ئەویش جۆری لە بەرتەسکردنەوەی کۆمار و قەتیس کردنیەتی لە نێو قەفەسی حیزبیدا. هەر دووی ئەو بۆچوونانە هەڵەن. ڕاستە حیزبی دێموکرات ڕۆڵ و کاریگەریی لە دامەزراندنی کۆماردا هەبووە و نە حاشای لێدەکرێ و نە دەتوانرێ بیسڕیتەوە، لەو لاشەوە کۆمار مڵکی هیچ حیزبێک نییە. کۆمار، کۆماری خەڵکی کوردستانە و خاوەنی سەرەکیی کۆمار خەڵکی کوردستانن. بۆیە پێویستە هەوڵ بدرێ وەک ماهیەتەکەی چۆن بووە ئاوەها هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێ و دوور بخرێتەوە لە چوارچێوەی تەسکی حیزبایەتی.

**شەهرام سوبحانی**: مەسەلەی نەبوونی یەکیەتیی فیکری و سیاسیی لە کێشە گەورەکانی بەردەم کورد بووە بە تایبەت لە کۆماری کوردستانیشدا، پێتان وایە ئێمە بۆ تا ئێستا نەمانتوانیوە یەکرێزی و یەکگرتوویی لەنێو ماڵی خۆماندا پێک بێنین کە ئاکامەکەی ڕزگاری یەکجاری نەتەوەکەمان بێت؟

**عەلی مێهرپەروەر**: لە سیستەمی دێموکراسی و لە ڕەوتە دێموکراتیکەکاندا یەکدەنگی و یەکرێزی بوونی نییە، دێموکراسی واتا فرەدەنگی و فرەڕەنگی، فەلسفەی پلۆرالیزم یا فرە حیزبیش ئەوەیە، کە هەر حیزب و لایەنێک بانگەوازی بیروباوەڕی خۆی دەکا و لەو نێوەدا ململانێی و ڕەقابەت دێتە مەیدان. تا ئێستا مەترسییەکی ئەوتۆ لە فرەدەنگیدا نییە، بەڵکوو مەترسییەکە ئەوەیە کە بەداخەوە ململانێیەکە لە ڕاستیدا بۆ دابینکردنی مافی نەتەوەیی نییە، بەڵکوو هەرچەند بە زارەکی ئەوە نەگوترێ بەڵام بە "حەقیقەت" ململانێیەکان لە تەوەری بەرژەوەندی حیزبییەوە سەرچاوە دەگرن. زۆر بەداخەوە

شەهرام سوبحانی

بزووتنەوەی کورد بەگشتی و بە ڕۆژهەڵاتیشەوە هەوڵەکان و چالاکییەکان بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی حیزبەکانە. حیزب جێگەی نەتەوەی گرتووەتەوە، نەخشەکەی کە دەبووا کەرەستەیەک بووایە بۆ دابینکردنی مافە نەتەوەییەکان حیزبەکان بۆخۆیان لەجێی ئامانجە سەرەکییەکان دانیشتوون و خۆیان بوونەتە ئامانج. دەبووایە بۆ ڕزگاری نەتەوەیی بەرەیەکی یەکگرتوو لە بیچمی (کونفیدراڵی) لە حیزب و لایەنەکانی نێو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات پێکبهاتایە، بەڵام بەداخەوە ئەوە بووەتە خەون و خەیاڵ، بەڵام خۆ دەکرا و هەر دەبێ بکرێ، کە پەیمان یا میساقێکی نەتەوەیی بۆ دیاریکردنی هێلگەلێکی سوور کە هیچ لایەنێک بۆی نەبێ لێ تێپەڕ بێ، لەنێو ئەو لایەنانەدا مۆر بکرێ، کە ئەوە بۆ خۆی چەشنێک لە هاودەنگی و هاوڕەنگی لە مەسایلی نەتەوەییدا پێک دێنێ، کەچی ئەوەشمان نییە و هەتا لانیکەم ئەوە پێک نەیە دەستی نەیارانی کورد بۆ دروستکردنیان بەرینتر کردنەوەی درز لەنێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی کورددا ئاوەڵاتر دەبێ. بەکورتی ئەڵێم حیزب و ڕێکخراو کەرەستەن، هەدف و ئامانج نین، با لە جیاتی حیزب خۆشەویستی لە ڕادەبەدەر بیرمان لای بابەتە گەورەکە واتا ڕزگاری گەلەکەمان بێ.

**شەهرام سوبحانی**: ئێمە وەک نەتەوەی کورد چۆن دەتوانین وانەکانی کۆماری کوردستان بکەینە نەخشە ڕێگایەک بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوومان؟

**عەلی مێهرپەروەر**: وانەکانی کۆماری کوردستان دوو بەشن بەشێکی دەسکەوتەکانن و لەوانەش هەبووە کە بۆ ئەو سەردەمە وەک دەسکەوت حیسابی بۆ کراوە، بەڵام بەپێی ئەو گۆڕانکارییانە کە لە ماوەی ئەو دەیان ساڵە کە بەسەر دامەزران و بەداخەوە ڕووخانی کۆماردا تێپەڕیوە و لە کۆمەڵگەی کوردستان هاتووەتە ئاراوە، ڕەنگبێ لەگەڵ هەلومەرجی ئەوڕۆ نەگونجێ. لە هەمان کاتدا لە بیرمان نەچێ کە بابەتەکانی هەر سەردەمێک دەبێ بە پێوەری ئەو سەردەمە بێ، لەم بارەوە دەبێ بگوترێ کە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان لەو سەردەمەی خۆی گەلێک گرینگ و پڕ بایەخ بوون، بەڵام ئەگەر هێندێکی هەروەک باسمان کرد بۆ ئەم سەردەمە نەگونجێ ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە. هەروەک ئاماژەی پێ کرا وانەکانی سەردەمی کۆمار تەنیا دەسکەوتەکان نەبوون بەڵکوو هەڵەکان و کەموکۆڕییەکانی خۆکردیش هەیە کە دەبێ دووپاتە نەکرێنەوە.

**شەهرام سوبحانی**: زۆر سپاس بۆ بەشدارایتان لەم دیمانەیەدا و ماندووش نەبن

**عەلی مێهرپەروەر**: سپاس بۆ ئێوەش.

١٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## فرمێسک ڕەزایی: ژنان کۆڵەکەی ئازادی هەر کۆمەڵگەیەکن واتە پێوەری ئازادی وڵاتەکان بە ئازادی ژنان پێوانە و هەڵسەنگاندنی بۆ ئەکرێت



### ئاماژە:

هەشتی مارس، ڕۆژێکە کە بە مەبەستی ڕێزگرتن لە ماف و داخوازییە ڕەواکانی ژنان لە ئاستی دنیادا بە "ڕۆژی جیهانیی ژنان" ناودێر کراوە، و هەموو ساڵێک لەلایەن ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی دنیاوە یادی ئەم ڕۆژە دەکرێتەوە و تێیدا باس لە دۆخ و ڕەوشی مافی ژنان دەکرێ. بەڵام خاڵی گرینگ ئەوەیە کە نابێ ڕێزگرتن لە ژنان و مافەکانیان تەنیا قەتیس بکرێتەوە بە ڕۆژێک، بەڵکوو هەموو ڕۆژێک دەبێ ڕۆژی ژنان بێت، چونکە لە ڕاستیدا ئەوە ژنانن کە ژیان پێک دێنن و کۆمەڵگە بونیاد دەنێنەوە. لە وتووێژێکدا لەگەڵ خاتوو فرمێسک ڕەزایی، چالاکی سیاسی ئەو باسەمان کردووەتەوە:

**شەهرام سوبحانی**: خاتوو فرمێسک زۆر سپاس بۆ ئەم دەرفەتە با بەم پرسیارەوە وتووێژەکە دەست پێ بکەین کە بۆچی هەشتی مارس وەک "ڕۆژی جیهانیی ژنان" لە ئاستی دنیادا دیاریکرا و مێژووی ئەم ڕۆژە بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

**فرمێسک ڕەزایی**: هەشتی مارس کە سەرەتا بە ناوی ڕۆژی جیهانیی ژنانی کرێکار ناونراوە بوو، بەهۆی ئەوەیکە لە ڕۆژی

هەشتی مارس ١٨٥٧دا ژنانی کرێکاری کارگەی ڕستن و چنین لە شاری نیۆیۆرک هاتنەسەر شەقام و داوای مافەکانی خۆیان کرد، ئەم نارەزایەتی و خۆپیشاندانانە لەلایەن هێزی پۆلیسەوە سەرکوت کرا، بەڵام پاش پەنجا ساڵ خۆڕاگری و بەردەوامبوون لە خەبات، دیسان ژنان لە کارگەکان خۆپیشاندانیان بەڕێوە برد و مانگرتنیان دەستی پێکرد، بەڵام پاسەوانەکان درگایان لەسەر داخستن و بە هۆکارێکی نادیار کارگەکە ئاگری تێبەر بوو و جگە لە چەند کەسێک هەموو ئەو ژنانە سووتێندران. ژنانی درێژەدەری ئەو خەباتە، هەموو ساڵێک لە یەکشەممەی کۆتایی مانگی فێوریەیە خۆپیشاندانی گشتییان لە ئامریکا بەڕێوە برد، کلارا زتکین، یەکێ لە بەناوبانگترین پارێزەرانی مافی ژنان، لە ڕۆژی ٢٧ی ئاگۆست ١٩٧٠ لە شاری کۆپێنهاکی دانمارک لە ئەنجومەنێک بە بەشداری ١٧ وڵات ڕۆژی هەشتی مارسی بە ناوی ڕۆژی ژنان و هاوپەیمانی بۆ پاراستنی ژنان و خەبات دژ بە نابەرابەری و جیاوازی و هەڵاواردن دژی ژنان دیاریکرد. هەشتی مارس بەدەر لە جیاوازە سیاسی و ئایینی و فکرییەکان ڕۆژێکە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی جیهانی بە گەڕانەوە بۆ مێژووی خوێناوی و پڕ لە خەبات و ماندووبوون لەوە تێبگەن کە ژنگەلێکی خەباتکار بە ڕەنج و ماندووبوونی خۆیان، ڕۆژێکیان وەک ڕۆژی ژن لە مێژوودا تۆمار کردوە.

**شەهرام سوبحانی:** پەیوەندیدار بە پرسیاری پێشوو ناودێرکردنی ئەم ڕۆژە بە مەبەستی ڕێزگرتن لە مافی ژنان و داکۆکی لەسەر داخوازییەکانیان چەندە توانیویەتی لە چوارچێوەی پراکتیکی دەوڵەتان و ڕێکخراوە مەدەنی و مرۆڤییەکان ڕەنگدانەوەی بێت؟

**فرمێسک ڕەزایی:** هەشتی مارس ڕۆژێکی گرینگ لە ڕۆژژمێری جیهانییە، لەم ڕۆژەدا تێکڕای ژنان و پارێزەرانی مافی ژنان هاودەنگ دەبن، تێکڕای ڕێکخراوە فێمێنیستییەکان چڕوپڕتر لە هەموو کاتێک دەپرژێنە سەر پرسی ژنان و ژنانی ترەنس. ئامانجی ئەم یەکدەنگییە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی جیهانی بەگشتی و دەوڵەتەکان بەتایبەتی بە شێوەی جددیتر لەسەر پرسی ژنان و ژنانی ترەنس بڕوانن و کاری بۆ بکەن. ئەگەر ژنان لە وڵاتە جیاوازەکان بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بوونەتە خاوەن مافە سەرەتاییەکان، و دەرفەتێکیان بۆ ڕەخساوە، هەموو بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانی ڕێکخراوە فێمێنیستییەکان بووە. ئەگەر یاساگەلێک وەکوو مافی دەنگدان وەکوو لێخوڕینی ئۆتۆمبێل و... هتد. پەسەند کراون هەمووی ئامانجی خەباتێکی درێژماوە و قوربانیدانی ڕێکخراوە فێمێنیستییەکانە. بەڵام وەک دیارە سەرەڕای تێچوویەکی یەکجار زۆر تا گەیشتن بە یەکسانی، ئەم تێکۆشانە، ئەم خەباتە هەر بەردەوام دەبێت.

**شەهرام سوبحانی:** لە کۆمەڵگەی کوردستاندا کە سەرەڕای ئەوەیکە ژنان بزوێنەری سەرەکی شۆڕشی(ژن، ژیان، ئازادی) بوون بەڵام بەداخەوە بەشێکیش هەن کە نایانهەوێ ئازاد بن لەو یاسا و چوارچێوانەی کە دەیان چەوسێنێتەوە، پێتان وایە

**شەهرام سوبحانی**

**هۆکار چییە و ڕێگەی چارەسەری چۆن دەبێت؟**



**فرمێسک ڕەزایی**

**فرمێسک ڕەزایی**: نەبوونی بڕوا بەخۆبوون و مانەوە لە چوارچێوەی زوڵم و ستەم، هەمووی ئەنجامی سەرکوتی پیاوسالارییە، لە مێژەوە دەسەڵاتی پیاوسالارانە لە کوردستاندا وەکوو زۆربەی لە نەتەوەکانی دیکە زاڵ بووە بەسەر ژناندا و وای کردووە کە ژنان نەتوانن بەپێی پێویست پەروەردە بکرێن، ئەم ژنگەلە لە بنەماڵەیەک پەروەردە کراون کە پیاوانی بنەماڵە پێوەری «ژنی باشبوون»یان دیاری کردووە، و پێوەرەکان هەموو پێوەری کۆیلایەتیین، ژنێک ئەگەر پێچەوانەی ئەو پێوەرانە بجووڵێتەوە و لەو بازنەیەدا بێتەدەر، کەواتە دەچێتە نێو ڕیزی «ژنی خراپ»وە. ئەمە وایکردووە کە هەندێک لە ژنان بترسن لەوەیکە هەوڵ بەن بۆ دەستەبەرکردنی خواست و مافەکانیان.

**شەهرام سوبحانی: پێوەندیدار بە پرسیاری پێشوو، شۆڕشی ژینا چەندە کاریگەری ئەرێنی لەسەر ئەم چینەی کۆمەڵگەدا هەبوو؟**

**فرمێسک ڕەزایی**: شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» ئەو شۆڕشە بوو کە پیاوسالاری لێ دەترسا و دەسەڵاتی پیاوسالار ساڵانێک بە هەموو هێزیانەوە هەوڵیان دا کە ئەم شۆڕشە لە بنەڕەتەوە سەرکوت بکەن، و نەیانتوانی. بێگومان شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" کاری یەک ڕۆژ و دوو ڕۆژ نەبوو، بەڵکوو بەرهەمی دەیان ساڵ تێکۆشانی بێوچان بوو، بەرهەمی خۆڕاگری و خەباتی کەسگەلێک وەکوو "زەینەب جەلالیان" کە پێش پازدەساڵ لە سەر دیواری بەندیخانە نووسیوە «ژن، ژیان، ئازادی» و دەیان و سەدان ژنی دیکە کە لەم ڕێگەیەدا گیانیان بەخت کردووە. بە چاوخشاندێک لە دۆخی هەنووکەیی کۆمەڵگەی کوردستان



سەرچاوە Serchawe

**شەهرام سوبحانی**

جیاوازییەکی بەرچاو لەگەڵ پێش سەرهەڵدانی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" هەستی پێ ئەکرێت و دیارە. هەرچەندە ئەستەمە کە سەرکوت و چەوساندنەوەی ژنان بە تەواوەتی بنبڕ بکرێت، بەڵام ئەوەی گرنگە کە ژنان مافەکانیان بناسن تەنانەت ئەگەر نەتوانن و ئەو دەرفەتیان بۆ نەڕەخست کە دەستەبەری بکەن، چونکە یەکەم هەنگاو بۆ ڕزگاری لە کۆیلایەتی، ناسینی ماف و ئازادییە و زانستی گەیشتن بە ئازادییە.

**شەهرام سوبحانی**: بۆچی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان لە ئازادی و وشیاری ژن تۆقیون؟

**فرمێسک ڕەزایی**: بناغەی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان لەسەر چەوساندنەوە و سەرکوت چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیە بەتایبەتی ژنان هەڵچنراوە. ژنان کۆڵەکەی ئازادی هەر کۆمەڵگەیەکن واتە پێوەری ئازادی وڵاتەکان بە ئازادی ژنان پێوانە و هەڵسەنگاندنی بۆ ئەکرێت. ئەمە فەلسەفەیەکە کە تەواوی دەوڵەتە دێموکراتیک و دیکتاتۆرەکان پێ گەیشتوون و لە دەسەڵاتی دێموکراتیک ڕۆژ بە ڕۆژ ژنان زیاتر ئەتوانن مافەکانیان بچەسپێنن و بە پێچەوانەوە لە دەسەڵاتی دیکتاتۆر و تۆتالیتەر ڕۆژ بە ڕۆژ ژنان زیاتر دەچەوسێننەوە، ئازادی ژنان واتە هەنگاوێک بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد، ژنێکە خاوەن ڕۆحی ئازاد بێت دەبێتە سەرچاوەی بیرو هزرێکی ئازاد و هەروەها کاریگەری لەسەر هەموو کۆمەڵگە دادەنێت. دەسەڵاتی دیکتاتۆر لە ڕێگەی سەرکوتی ژنان و هەڵخڕاندنی پیاوان و گەشەپێدانی پیاوسالاری و هزری دژە ژن، مانەوەی خۆی گارانتی دەکات. بۆ نموونە حکوومەتی تالیبان هەر لە ئێستەوە بە هەموو توانایەوە کچان سەرکوت دەکات بۆ ئەوەی لە داوڕۆژدا کۆمەڵگەیەک گوێڕایەڵ پەروەردە بکات. ئەوان باش لە هێز و توانای ژنان تێگەیشتوون و تاکە ڕێگەیان بۆ بەردەوامی دەسەڵاتیان، سەرکوتی هێزی ژنانە.

**شەهرام سوبحانی**: ئەو بەربەستانەی کە پێش بە ئازادی و مافی ژنانن ئەگرێ، چین؟ و ژنان چۆن دەتوانن بەرپەرچی ئەوانە بدەنەوە و کۆمەڵگەیەکی ئازاد و بەختەوەر پێک بێنن؟

**فرمێسک ڕەزایی**: هەنگاوی یەکەم وەک باسم کرد ناسینی مافەکانە، هەنگاوی دووهەم پاش ناسینی مافەکان، هەوڵدان بۆ پێشکەوتنە، بەڵام بەربەستەکان لەم ڕێگەیەدا یەک لە دوای یەک خۆیان دەردەخەن، دەکرێت ئەم بەربەستانە لە سێ خاڵدا ئاماژەی پێ بکرێت، یەکەم بنەماڵە و کۆمەڵگە، دووهەم ئایین و سێهەم کە ئەستەمترین بەربەستە بۆ دەرباز بوون یاسا و دەسەڵاتە. هەندێک لە ژنان دەتوانن لەسەر بەربەستی یەکەم کە بنەماڵە و کۆمەڵگەیە دەرباز بن و هەندێکیش کە بەپێی ئامار، ڕێژەیان زۆرە لەم هەنگاوەدا لەلایەن پیاوانی بنەماڵەوە دەکوژرێن، و لە ئەگەری دەرباز بوون لەگەڵ ئاییندا ڕووبەڕوو ئەبنەوە، بە تەواوەتی ئایینەکان لە دژی ژنان داڕێژراون و لە هەر ئایینێک بەشێوازی جۆراوجۆر. بەڵام گرنگترین



سەرچاوە
Serchawe

و ئەستەمترین بەربەست یاسا و دەسەڵاتە. دەرباز بوون بەسەر یاسادا تا ڕادەیەکی زۆر مەحاڵە. بۆیە هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێکردبوو، ئامانجی خەباتی ڕێکخراوە فێمێنیستییەکان، چەسپاندن و دارشتنی یاسای نوێی و بە پێوەری یەکسانییە. هەروەها جیاوازی ئەو وڵاتانەی کە ژنان توانیویانە مافەکانیان دەستەبەر بکەن، دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی یاسا. یاسا دەتوانێت ئاسانکاری بکات و بە پێچەوانەوە ڕێگر بێت لە بەردەم بزووتنەوەی مافخوازانەی ژنان. ژنانی بەندکراو لە بەندیخانەکان نموونەیەکی دیارن بۆ ئەم بابەتە، کەسانێک وەکوو "ژینا مودەڕێس گورجی" کە لە هەموو بەربەستەکان دەرباز بوون، بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەبوونی یاسایەکی دادپەروەرانە ئێستا لە بەندیخانەدایە.

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر بە چاوێکی خەسارناسییەوە بڕوانینە ئەم مەسەلە پێتان وایە پرسی ژن و مافی ژنان چەندە لە چوارچێوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا ڕەنگدانەوەی بووە؟

**فرمێسک ڕەزایی**: هەنووکە ژنان لە پێشکەوتووترین وڵاتەکانیش نەیانتوانیوە مافەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن، بۆیە چاوەڕوانی ئەوەیکە لە لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسی ژن بە تەواوەتی چارەسەر بکرێت و تەواو مافەکان بدرێت، چاوەڕوانییەکی ژیریێژانە نییە، بەڵام هاوکات ئەکرێت ئەم ڕەخنەیە ئاراستەی ئەحزابی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکرێت. ئاشکرایە کە وەک پێویست ڕێگە بە ژنان نادرێت کە سەرکەوون و خۆیان لە ئاستی ڕێبەریی و ... ببیننەوە، بەڵام حاشاهەڵنەگرە کە زۆرێک لە ژنان هەر لە چوارچێوەی ئەحزابدا خۆیان دۆزیوەتەوە. هەر لە ڕابردوو تاکوو ئێستا چەک هەڵگرتن و شەڕ لە دژی دەسەڵاتە ملهوڕەکان، بۆتە هۆکارێک کە ژنان توانای خۆیان ببیننەوە و ئاستی هێزی و تێفکرینی خۆیان بناسێنن، و هەروەها لە ئەو دەرفەتە ڕەخساوە کە لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی پەروەردە بکرێن.

**شەهرام سوبحانی**: خاتوو فرمێسک سپاس بۆ بەشداری کردنتان لەم وتووێژەدا و ماندووش نەبن

**فرمێسک ڕەزایی**: زۆر سپاس بۆ ئەم دەرفەتە و ئێوەش ماندوو نەبن.

١٨ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤

## چرا یاسین: کاتێک ناسیۆنالیزم دەبێتە خاوەنی شوناس کە پڕۆژەی دەوڵەتی نەتەوەیی هەبێت




**چرا یاسین: کاتێک ناسیۆنالیزم دەبێتە خاوەنی شوناس کە ببێتە بەرنامە و پڕۆژەیەکی جەماوەری و بەرنامەکەی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی هەبێت**

**(بەشی ٣ - ١)**

**ئاماژە:**

**ناسیۆنالیزم یان هەستی نەتەوایەتی وەک چەمکێکی گرینگ کاریگەریی و ڕۆڵی بەرچاو لە بەرەوپێشبردن و یەکگرتوویی هەر نەتەوەیەکدا دەگێڕێ کە بە کارکردن و تەکز خستنەسەر ئەم چەمکە گرینگە میللەتانی بێ دەوڵەت ئامانجە گەورەکانیان دەستەبەر دەکەن کە دەربازبوون لە دیلی و ژێردەستییە. "کوردستان" لە وتووێژێکی تێروتەسەلدا و بۆ باسی زیاتر لەسەر ناسیۆنالیزم و لەمپەرەکانی بەردەم ناسیۆنالیزم و کاریگەری ناسیۆنالیزمی داگیرکەران لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان لەگەڵ خاتوو چرا یاسین، کارناس و توێژەری مێژوو تیشکی زیاتری خستوەتە سەر ئەم بابەتە. ئەم وتوویژە لە سێ بەشدا بڵاو دەبێتەوە**

**شەهرام سوبحانی: خاتوو چرا با سەرەتا بەم پرسیارە دەست پێ بکەین کە ناسیۆنالیزم چییە؟ هەروەها مێژووی ناسیۆنالیزم لە کوردستان بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

**چرا یاسین**: ناسیۆنالیزم بابەتێکە زیاتر لە ماوەی نێوان سەدەی ٢٠ - ٢١ کەوتە بەرباس، لەڕووی چەمکەوە ناسیۆنالیزم بە مانای "نەتەوەگەرایی، نەتەوەپەرستی، هەستی نەتەوایەتی ودەمارگیریی نەتەوەیی دێت". لە زمانی فەرەنسیدا وشەی nasionalisme بەکار دەبرێ و لە وشەی لاتینی (nascor) دوە واتە "من هەم، لەدایک بووم، هاتوومە دنیا"وە هاتووە. لە ڕووی ماناوە ناسیۆنالیزم چەندین مانای گەورە و قوڵ لەخۆی دەگرێت و تا ئێستا چەندین پێناسەی بۆ کراوە. لە سادەترین شێوەیدا بریتییە لە جۆرێک هەستی وەفاداری بۆ نەتەوەیەکی تایبەت و جۆرێک لە نیشتمانپەروەری. ناسیۆنالیزمی کوردی وەک ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی و بزاڤێکی نەتەوەیی دیاردەیەکی نوێیە بۆ کورد، زۆربەی ئەوانەی لەبارەی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە دوواون و وەکوو ناسیۆنالیزم لە هەر شوێنێکیتری جیهان سەیری دەکەن، چ لە ڕووی مێژووییەوە چ لە ڕووی دروستبوون و ئەرک و کارەکانیەوە. بێگومان جیاوازییەکی زۆر هەیە لە سروشتی ناسیۆنالیزمدا بەپێی کۆمەڵگە و ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵگە جیاوازەکان، ئەم جیاوازییانەش ئاست و شێوازی ئینتیمای ئەم ناسیۆنالیزمە دیاری دەکەن. زۆرێک لە نووسەرانی بواری ناسیۆنالیزم پێیان وایە ناسیۆنالیزم نەتەوە دروست دەکات. ئەگەر بڕوامان بەو تێزە هێنا ئەوا مانای وایە قسەکردن لەسەر بە نەتەوەبوونی کورد دەکەوێتە بەردەم گومانەوە، ئێمە قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە جێ دەهێڵین و دەگەڕێینەوە بۆ قسەکردن لەبارەی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی. لەڕووی دەرکەوتنەوە ناسیۆنالیزم بەرهەمی مۆدێرنیتەیە و مێژووی ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوا ڕاستەوخۆ لەگەڵ مێژووی دەرکەوتنی مۆدێرنیتەدا دەست پێ دەکات و یەکەمین وێنەی بەرجەستەی ئەو دەرکەوتنەش لە شۆڕشی فەرەنسیدا خۆی دەبینێتەوە، لەبەر ئەوەی تا ئەو مێژووەش زۆربەی نەتەوەکانی ئەوروپا هۆگربوون بە زمان و بیر و کولتووری گریگی و ڕۆمانەوە، بەڵام سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدە بە دواوە، ئینتیمایەکی بەهێزی نەتەوەیی لای گەلانی ڕۆژئاوا دروست کرد و پەیوەستبوونی بە نەتەوە و نیشتیمانەوە خستە پێش بە هەر پەیوەستبوونێکی دیکەوە، بە تایبەتیش دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکان کە بەرهەمی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم بوون، نەتەوەکانی ڕۆژئاوای بە جۆرێک فۆرمووڵە کرد کە هەر یەکێکیان ببێت بە خاوەنی شوناسی تایبەتی خۆی و وای لێکردن بگەڕێنەوە بۆ نێو جوگرافیای بوونی خۆی لە هەموو ڕوویکەوە. لەو گەڕانەوەدا بەهێزترین ئینتیما بۆ خاک و نیشتیمان و سەروەری نیشتیمانی دروست بوو.



چرا یاسین

**شەهرام سوبحانی**: ئەدی ناسیۆنالیزمی کوردی؟

**چرا یاسین**: بەداخەوە کورد هەتا ئێستا لەبەر ئەوەی خاوەنی جۆگرافیای سیاسیی خۆی نییە، ناسیۆنالیزمی کوردی نەیتوانیوە شوناسی سیاسیی کوردی لە شوناسی ئەوایتر جیا بکاتەوە. دەربڕینەکانی ناسیۆنالیزمی نوێی کوردی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و بەرایی سەدەی بیستدا سەری هەڵدا و تاوەکوو ئێستاش بنەماکانی بە تەواوی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا ڕەگی دانەکوتاوە. زۆر بۆچوونی جیاواز لەبارەی مێژوو و ڕەچەڵەک و ڕیشەی ناسیۆنالیزمەوە هەیە. بەشێک لە شرۆڤەکارانی بواری نەتەوە، مێژووی ناسیۆنالیزم دەگەڕێننەوە بۆ سەرەتای ژیان و کەونارای کۆن، چونکە لە سەرەتای ژیانەوە مرۆڤ هەوڵی مانەوەی لەسەر زەوی داوە و بیرۆکەی خاوەندارییەتی هەبووە و هەوڵی داوە سنووری دەسەڵاتی فراوان بکات. لە سەرتاسەری جیهاندا، کەمینە نەتەوەییەکان لەسەر هێڵی ناسیۆنالیستی ڕۆیشتوون و وەکوو گرووپێکی تایبەت بەردەوام بەدوای بەدەستهێنانی دەسەڵات و ناساندنی خۆیانەوە بوون، هەندێکجار ئەم کەمینانە بەپێی توانا و دۆخی تایبەتی خۆیان داوای دەوڵەتی سەربەخۆشیان کردوە، ئەم چەشنە داوایە لەلایەن سیستەمی دەسەڵاتدارەوە بە توندی ڕەت کراوەتەوە و کەمینەکان بە شێوەی کارەساتبار سەرکوت کراون، بەڵام وڵامی کەمینەکان بەم زەبر و زەنگە بە لەبەرچاوگرتنی مەترسی زۆر و هەروەها ئەگەری کەمی سەرکەوتن، درێژەدان بە خۆڕێکخستن و تێکۆشانی زیاتر بووە. ناسیۆنالیزمی کوردی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی زۆربەی نەتەوەکانیتر جیاوازە، بەهۆی ئەوەیکە کوردستان بەبێ ویستی خۆی لە نێوان چوار وڵاتی (ئێران، عێراق، تورکیە، سووریا) دابەش کراوە. ڕاستە کە گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی و پەی بردن پێی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و بەرایی سەدەی بیستدا سەریهەڵدا، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە بەر لەوە کورد گوتاری ناسیۆنالیستی نەبووە،

خەڵکی کورد هەر لە کۆنەوە خاوەن هەستی نەتەوایەتی بوونە و هەستیان بەوە کردووە کە ناسنامەیەکی جیاوازیان هەیە، لە مێژووشدا چەندین نیشانەمان هەبووە، و سەبارەت بە لێدانەوەی مێژووی ناسیۆنالیزمی کوردی توێژەران دابەشی سەر دوو ئاراستە دەبن، بەشێکیان پێیان وایە سەرەتای بیری نەتەوەیی کوردی بۆ سەدەکانی شازدە و حەڤدەی زایینی لەم مەیدانەشدا چەند هەوڵ و گوزارشتێک دەکەن بە پاڵپشتی بیروبۆچوونەکانیان کە ڕوخساری نەتەوەیی بوونیان پێوەدیارە، بەشێک لەم گرووپە ئاماژە بۆ هەوڵەکانی نووسینەوەی مێژووی کورد دەکەن و باس لە کتێبی (شەرەفنامە)ی (شەرەفخانی بەدلیسی) دەکەن، هۆکاری نووسینی ئەم کتێبە بە نموونە دەهێننەوە کاتێک مێژوونووس (شەرەفخانی بەدلیسی) دەڵێت: "چونکە مێژوونووسان تا ئێستا هیچیان لەبارەی کورد و کوردستانەوە نەنووسیوە، من ویستم بەپێی توانا لەو بارەیەوە کتێبێک بنووسم و ناوی لێ بنێم "شەرەفنامە"، هەموو ئاواتیشم ئەوەیە کە خانەدانە گەورەکانی کوردستان ناویان گووم نەبێت". هەروەها باسکردنی چەند شاعیرێکی کوردی ئەو سەردەمە بە نموونە و هێنانەوەی شێعرەکانیان وەک بەڵگە بۆ بیر و بۆچوونەکانیان یەکێکی دیکەیە لەو بنەمایانەی ئەم گرووپە پشتی پێ دەبەستن بۆ نموونە کاتێک باس لە (مەلای جزیری) دەکرێت کە دەڵێت:

گوڵی باغی ئیرەمی بۆتانم
شەب چراغی شەبی کوردستانم

هەروەها (ئەحمەدی خانێ) لە "مەم و زین"دا دەڵێت:

ئەز مامە د حیکمەتا خودێ دا
کورمانج د دەوڵەتا دێندە
ئایا بە چ وەجهی مانە مەحرووم
بێلجوملە ژ بۆ چ بوونە مەحکووم
بفکر ژ عەرەب هەتا ڤەگورجان
کورمانجییە بوونە شوبهێ بورجان
ئەڤ ڕۆم و عەجەم ب وان خەسارن
کورمانج هەمی ل چار کەنارن
هەردوو تەرەفی قەبیلی کورمانج
بۆ تیرێ قەزا کرنە ئارمانج

شەهرام سوبحانی: لەگەڵ ئەو بۆچوونە هەن کە ئەحمەدی خانی سەرەتای ناسیۆنالیزمی کوردی بووە؟

**چرا یاسین**: ڕوانگەی ناسیۆنالستیی ئەحمەدی خانی لە هاوسەردەمانی لە پێشتر بووە، ئەم چەند دێڕەی یەک سەدە بەر لە شۆڕشی گەورەی فەڕەنسا نووسراوە کە وێنای (دەوڵەت - نەتەوەیە) هەتا سەرەتای سەدەی نۆزدە واتە ئەو کاتەی کە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، خودموختاریی لەمێژینەی کوردەکان و سەرجەم ئیمتیازات و بەرژەوەندییەکانی میرنیشینە کوردەکانی لەنێو برد. دیارە بەشێکیتر سەرەتای بیری نەتەوەیی کوردی بۆ سەدەی هەژدە و نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە دەگەڕێننەوە، کە هەروەک ڕۆژهەڵاتناس (باسیل نیکیتین) بە قۆناغی نافەرمانی و یاخیگەرییەکانی کۆمەڵایەتی و شۆڕشی خان و دەرەبەگەکانی دادەنێت. مێژوونووس جەماڵ نەبەزیش لەم سۆنگەیەوە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنال لای کورد بە کردەوە دەباتەوە بۆ سەدەی هەژدە و پێی وایە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە خەباتی چەکدارانەی ڕێکخراو سەری هەڵداوە، نموونەی میرە کوردەکان دەهێننەوە کە چەندین ڕاپەڕینیان دژی دەسەڵاتی عوسمانی و قاجاری بەرپاکرد. هەروەها عەزیز شەمزینی لەم بارەیەوە پێی وایە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە جووڵانەوە ڕزگاریخوازەکان دەست پێ دەکەن، جیاوازیی ئەم جووڵانەوە و خەباتە لەم قۆناغەدا دروشمە نەتەوەیی و ڕزگاریخوازەکان ڕوونتر و گەشتر دەردەکەون. ڕۆژهەڵاتناس "مینیۆرسکی"ش بە هەمان شێوە باس لە پیادەکردنی سیاسەتی مەڵبەندی دەوڵەتی عوسمانی دەکات و کاریگەری ئەم سیاسەتە لەسەر ڕەوتی نەتەوەیی کورد پێشان دەدات و دەڵێت: **داگیرکردنی تازە هۆیەک بوو بۆ ئەوەی کورد لە ساڵانی ( ١٨٤٣ - ١٨٤٦ز)دا، بە سەرۆکایەتیی بەدرخان پاشا یەکەم بزووتنەوەی نەتەوەیی خۆی هەڵبگیرسێنێت.** جەختکردنەوەی ئەم نووسەر و مێژوونووسانە لەسەر سەدەی هەژدە و نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە بۆ سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی لە هەوڵەکانی میری سۆران هاتووە کاتێک هەوڵی دا کوردستانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ دروست بکات و دەست بەسەر گشت میرنیشینەکاندا بگرێت. هەروەها هەوڵەکانی (بەدرخان پاشا)ی میری بۆتان کاتێک ویستی لە ڕێگەی پەیمانی پیرۆز یەکخستنی میرنیشینەکانەوە کیانێکی یەکگرتوو بۆ کورد دروست بکات.

**شەهرام سوبحانی**: **ئەدی چۆن باس لە کاریگەریی ناسیۆنالیزمی "فارس" و "عەرەب" و "تورک" لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان دەکەن؟**

**چرا یاسین**: کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کە بەردەوام لەژێر داگیرکاریی دوژمنان و نەیارانی بووە، بێگومان هۆکارەکانی داگیرکردنیش سەپاندنی باڵادەستی خۆیان و فراوانکردنی دەسەڵاتیان بووە، ئەگەر سەیرێکی مێژووی سەدەکانی ڕابردوومان بکەین، دەبینین کە لە چەندین ڕووەوە کاریگەری نەرێنی گەورە و قوڵی بەجێ هێشتوە، لەوانە لە ڕووی سیاسییەوە سنووردارکردنی مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد، هەروەها پارچەبوونی کوردستان بەسەر چوار بەشدا، و بچووکردنەوەی جوگرافیای کوردستان، وەک نموونە: قەتیس کردنەوەی سنووری کوردستانی ڕۆژهەڵات تەنیا بە پارێزگای "سنە" لە لایەن دەوڵەتەوە و دەیان شار و پارێزگای دیکە لە هەر چوارپارچەی کوردستان کە لە بنەڕەتدا خاکی کوردستان

بووە و مۆڵکی کورد بوونە کەچی ئێستا بەداخەوە لەلایەن داگیرکەرانەوە تەفریس، تەعریب و تەتریک کراون. لەگەڵ ئەوەشدا گرتنەبەری سیاسەتی بە تورکردن و بە عەرەبکردن بەرامبەر بە کورد و هەوڵدان بۆ توانەوەی ڕەچەڵەکیان، هەروەها لە ڕووی کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە، قەدەغەکردن و سنووردارکردنی زمانی کوردی، هەوڵدان بۆ تواندنەوەی کولتووری کوردی لەنێو کولتووری زاڵدا، سڕینەوەی ناسنامەی مێژوویی و کلتووری هەندێک لە ناوچەکانی کوردستان، دروستکردنی هەستی بێ متمانەیی لە نێو کورددا، گۆڕینی دیمۆگرافیای دانیشتوان و دەربەدەرکردن و ڕاگواستنیان. لە ئاستی وشیارییشدا گەورەترین لێدانی بەرکەوتووە، کە وایکردوە هۆشیاریی نەتەوایەتی لەنێو کورددا دوا بکەوێت هەروەها لە ڕووی ئابوورییەوە چەند کاریگەری خراپی بەسەر کوردستانەوە جێماوە لەوانە پەراوێزخستنی ناوچە کوردستانییەکان لە پلانی پەرەپێدانی ئابووریدا، سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان لەلایەن داگیرکارانەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان.

**شەهرام سوبحانی:** پەیوەندیدار بە پرسیاری پێشوو، کورد چۆن دەتوانێت بەرپەرچی ناسیۆنالیزمی هێرشبەرانەی دژبەران و نەیارانی بداتەوە؟

**چرا یاسین:** بۆ بەرپەرچدانەوەی ناسیۆنالیزمی دوژمنەکان، زۆر ڕێگا هەن کە نەتەوەی کورد دەتوانێت پێی بەرپەرچی ناسیۆنالیزمی دوژمنەکانی و نەهێشتنی ئەو کاریگەرییانەی کە ئەم ناسیۆنالیزمە لەسەر کورد وەک نەتەوە دروستی کردوون، لە گرینگترینیشیان بەهێزکردنی ناسنامەی کوردی لە ڕووی پاراستن و پەرەپێدانی زمان، کولتوور، ئەدەب و هونەری کوردی بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ بەجیهانی کردنیان، هەروەها یەکگرتوویی نێوخۆیی و کەمکردنەوەی ناکۆکییە ناوخۆییەکان و بەهێزکردنی یەکڕیزی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان، دیپلۆماسی کاریگەر و پەرەپێدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دروستکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا پێشخستنی گوتاری ئاشتیخوازانە و بڵاوکردنەوەی پەیامی پێکەوە ژیان و دیالۆگ لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە. هاوکات بەرەنگاربوونەوەی زانیاری هەڵە و بەکارهێنانی میدیا و تەکنەلۆژیای نوێ بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییە هەڵانەی کە لەلایەن دوژمنانەوە بڵاو دەکرێنەوە. بێگومان پەرەپێدانی ئابووری و بەهێزکردنی پێگەی ئابووری وەک ڕێگایەک بۆ سەربەخۆیی زیاتر و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە دەوڵەتانی ناوچەکە و پشتیوانیی یاسایی نێودەوڵەتی و بەکارهێنانی یاسا و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ پشتیوانی لە مافەکانی گەلی کورد ڕێگایەکی گرنگ و کاریگەرە. کورد لە ڕێگەی ئەم ستراتیژیانەوە دەتوانێ بە شێوەیەکی کاریگەرتر بەرپەرچی ناسیۆنالیزمی دوژمنەکانی بداتەوە، بەبێ ئەوەی خۆشی بکەوێتە داوی ناسیۆنالیزمی توندڕەووە.

**شەهرام سوبحانی: ئێوە پێتان وایە کە ئێمە وەک نەتەوەی کورد، پێویستیمان بە ناسیۆنالیزمە؟**

**چرا یاسین**: وەک باس کرا بەشێک لە نووسەرانی بواری ناسیۆنالیزم پێیان وایە ئەوە ناسیۆنالیزمە نەتەوە دروست دەکات، هەر بەو پێیەش بە ڕوانینی کۆن بۆ نەتەوە کۆمەڵێک بنەمای دیاریکراو هەن کە وەکوو پایەکانی نەتەوە دەناسێنرێن، ئەوانیش بریتیین لە: **زمانی هاوبەش، خاکی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، ئایینی هاوبەش و داب‌ونەریتی هاوبەش. واتا ئەو پێکهاتەیەی ئەم بنەما هاوبەشانەی هەبووایە بە نەتەوە دادەنرا،** بێگومان لەڕووی ڕاستییەوە ئەم ڕەگەزانە وەکوو ماددەی خاوی نەتەوە سەیر دەکرێن و لە ئێستادا بە تەنیا بەس نین بۆ ئەوەی پێکهاتەیەک بکەن بە خاوەنی شوناسێک کە شوناسی نەتەوایەتییە، ئەگەر ئەو پێکهاتەیە خاوەنی کۆمەڵێک خاسییەت و تایبەتمەندیی دیکە نەبێت کە بیگەیەننە ئەو ئاستەی بوونی ڕاستەقینەی لە ڕووی ئامادەبوون و بەشداریکردنەوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بۆ فەراهەم بکەن و لە هەمان کاتیشدا سنووری جیاکردنەوەی ئەو پێکهاتەیە لە نەتەوەکانیتر دەستەبەر بکەن کە بێگومان ئەو جیاکردنەوەیەش لە ئاستی یەکەمدا لە میانەی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییەوە فەراهەم دەبێت. لە هەمان کاتدا تەنیا کاتێک ناسیۆنالیزم دەبێتە خاوەنی شوناس کە ببێتە بەرنامە و پرۆژەیەکی جەماوەری و ئاستی ئاسایی بەرنامەکەی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بێت. هەر پرۆژە و بەرنامەیەکیتر لە خوار ئاستی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەییەوە بەڵگەی لاوازی و بێ شوناسی ناسیۆنالیزمە. ئێمەی کورد وەک لامان ئاشنایە تا وەکوو ئێستا خاوەن دەوڵەت نین، کە خاوەنی دەوڵەت و جۆگرافیایەکی یاسایی خۆمان نەبووین داهاتوومان بەردەوام لەژێر هەڕەشە و مەترسی دایە، دامەزراندنی دەوڵەت فاکتەرێکی سەرەکی ئاسایشی نەتەوەییە، ئەم ئامانجەش هەروا ئاسان بەدی نایەت، بەڵکوو پێویستی بە ڕێچکە و بنەمای تایبەت و میکانیزمی زۆرباش هەیە. جیا لەمەش ناسیۆنالیزم دەتوانێت وەک هێزێکی یەکگرتوو خزمەت بکات، و ڕا و بۆچوونە جیاوازەکان لەسەر یەک بنەما کۆ بکاتەوە، بەتایبەتی بۆ نەتەوەیەکی وەکوو کورد کە بەسەر چەند وڵاتدا دابەشکراوە، ئەم دابەشبوونەی کوردستان بەسەر چەند دەوڵەتدا پێویستی هەستی هاوبەشی نەتەوەیی زیاتر دەکات، دەتوانێت هەستی هاوبەشی شوناس و پێکەوەبوون لەنێو کورددا بەهێز بکات، بەتایبەتی دوای مێژوویەکی درێژ لە سەرکوتکردن. ناسیۆنالیزم دەتوانێت پارێزگاری لە زمان، کولتوور و کەلەپووری کوردی بکات لە زۆر ناوچەدا زمان و کولتووری کوردی ڕووبەڕووی سنووردارکردن و هەوڵی لەناوبردن بووەتەوە. هاوکات دەتوانێت ببێتە بنەمایەک بۆ داواکردنی مافە سیاسی و کولتوورییەکان، وەک خودموختاری یان جۆرەکانی دیکەی دەسەڵاتی سیاسی لە چوارچێوەی دەوڵەتە جیاوازەکاندا، گرنگە ئەوەش لە یاد نەکەین کە بۆ ئەوەی ناسیۆنالیزم کاریگەرییەکی ئەرێنی و بەردەوامی هەبێت دەبێت لەگەڵ بەها جیهانییەکانی مافەکانی مرۆڤ، دیموکراسی و هاوژیانی ئاشتیانە بێت.

١٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥

## چرا یاسین: کوردپەروەریی ڕاستەقینە لە هەستی نەتەوایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت و لە بیری نەتەوایەتیدا قووڵ دەبێتەوە




**(٢-٣)**

**وتووێژ: شەهرام سوبحانی**

### ئاماژە:

ناسیۆنالیزم یان هەستی نەتەوایەتی وەک چەمکێکی گرینگ کاریگەریی و ڕۆڵی بەرچاو لە بەرەوپێشبردن و یەکگرتوویی هەر نەتەوەیەکدا دەگێڕێ کە بە کارکردن و تەکز خستنەسەر ئەم چەمکە گرینگە میللەتانی بێ دەوڵەت ئامانجە گەورەکانیان دەستەبەر دەکەن کە دەربازبوون لە دیلی و ژێردەستییە. "کوردستان" لە وتووێژێکی تێروتەسەلدا و بۆ باسی زیاتر لەسەر ناسیۆنالیزم و لەمپەرەکانی بەردەم ناسیۆنالیزم و کاریگەری ناسیۆنالیزمی داگیرکەران لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان لەگەڵ خاتوو چرا یاسین، کارناس و توێژەری مێژوو تیشکی زیاتری خستوەتە سەر ئەم بابەتە. لە بەشی یەکەمی ئەو وتووێژەدا باس لە مێژووی ناسیۆنالیزم لە کوردستان و کاریگەریی ناسیۆنالیزمی "فارس" و "عەرەب"

و "تورک" لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان کرد و تیشکمان خستەسەر ئەوەی کە چۆن دەتوانێت بەرپەرچی ناسیۆنالیزمی هێرشبەرانەی دژبەران و نەیارانی بداتەوە؟

**شەهرام سوبحانی**: کورد ئەگەر بەدرێژایی مێژوو وەک دوژمنەکانی خاوەن ناسیۆنالیزمێکی بەرچاوتەنگ بووایە، هەلی زیاتر بۆ گەیشتن بە مافەکانی بۆ نەدەڕەخسا؟

**چرا یاسین**: مافی ڕەوا بۆ کورد لە هەموو سەردەمەکان پاراستن و داننان بووە بە مافە سەرەتاییەکانی وەک (نەتەوە، ناسنامە، زمان) هەموو ئەمانەش لە چوارچێوەی دەوڵەتدا زیاتر پارێزراو دەبن. ناسیۆنالیزمیش وەک ڕێباز و بنەمایەک بۆ دامەزراندنی دەوڵەت بایەخێکی زۆری هەیە و زۆربەی دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەمڕۆ بەو ڕێگەیەوە بوونەتە خاوەنی وڵات و دەسەڵات، بەڵام شێوازی گرتنەبەری جیاوازی هەیە لە کاتێک بۆ کاتێکدا و بەپێی قۆناغ و سەردەمەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت. ناکرێت ئێمە بە چاوی ڕابردوو بڕیار لەسەر ئێستا بدەین، هەروەها بە پێچەوانەشەوە. بۆ نموونە ئێمە لە ئێستادا ناتوانین داوای ناسیۆنالیزمێکی بەرچاوتەنگ بکەین، لەبەر ئەوەیکە بە شێوەیەکی گشتی خەباتکردن لە قۆناغی چەکداری تێپەڕیوە، مافەکانی مرۆڤ بەرەوپێشتر چووە، ڕەنگە زۆربەی هاوپەیمانانیشمان دژایەتیمان بکەن. ئەمە بۆ سەردەمێک دروست بوو، کە کورد لەژێر داگیرکاریی ڕاستەوخۆی دوژمنانی بوو، هاوکات خەریکی خەباتی چەکداری بوو، بەڵام نەیتوانیوە سوود لەم میکانیزمە وەربگرێت، چونکە هەڵوێستی کورد لە ئاست ئەو داگیرکارییەدا لەو کاتدا زیاتر بەرگریکردن بووە، نەوەک هێرشکردن، یان بەدەستهێنانەوەی ناوچە لە دەستچووەکانی. هەروەها هەمیشە سیمای بوونە قوربانی بۆخۆی کێشاوە و چارەنووسی خۆی داوەتە دەست دەوڵەتە سەردەستەکانی دیکە و چاوی لەوە بووە کە دەوڵەتانیتر مافەکانی بۆ بە دەست بهێنن، ئەمە خۆی لەخۆیدا گەورەترین هەڵەیە، چونکە هیچ دەوڵەتێک ناتوانێ ببێت بە دەوڵەتێکی زلهێز کە دەوڵەتەکەی بۆ دروست کرابێت، بۆ نموونە: عێراق، وڵاتێکە چەندە هەوڵ بدات ناتوانێت بەشی پێویست هێزی خۆی قایم بکات و ببێت بە وڵاتێکی ئارام و سەقامگیر، لەبەرامبەردا کۆماری تورکیە کە توانی لە لێواری ڕووخاندا خۆی هەستێنێتەوە و خۆی پێ بگەیەنێتەوە، بەهۆی ناسیۆنالیزمێکی بەرچاوتەنگ بۆ نەتەوەکەی خۆی و دارشتنی ئامانج و ڕێبازێکی یەکگرتووی تۆکمە و بەهێزی سیاسی وەک دەبینین هەتا وەکوو ئێستاش وڵاتێکی خاوەن هێزە و لەلایەنی نێودەوڵەتییەوە حیسابی بۆ دەکرێت.

**شەهرام سوبحانی**: یانی پێتان وایە کورد بە زانینیەوە ئەو ناسیۆنالیزمە بەرچاوتەنگەی نەویستوە؟

**چرا یاسین**: کورد هیچ کاتێک خاوەنی ناسیۆنالیزمێکی بەرچاوتەنگ و نەتەوە ویست، هەروەها خاوەنی دیدگا و ئامانجێکی



سەرچاوە
Serchawe

یەکگرتوو نەبووە کە بۆ یەک بەرژەوەندیی هاوبەش پێداگر بن لەسەری و دەرهاوێشتەی ئەرێنیی هەبوویێت، ئەمەش لە زۆر بواردا بەجێی سوود زیانی زۆری لە پرسی کورد داوە، چ لە رووی خەباتی چەکدارییەوە، چ لە رووی دیپلۆماسیەتەوە. هەر بەهۆی ئەمەشەوە کورد لە مێژوودا چەندین هەل و دەرفەتی زێرینی لە کیس چووە، بە تایبەت لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم و رووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کورد گەورەترین دەرفەتی لە دەست دا، بەهۆی چەند هەڵەیەکی سیاسی و نەبوونی شارەزایی دیپلۆماسی وەکوو پێویست. کە ئەمە خۆی لە خۆیدا گەورەترین دەرفەت بوو بۆ ئەوەی کورد دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت، کە ئێستا ئەم دەرفەتە لە دەست چووە و دووبارە نابێتەوە.

بە بڕوای من، لە سەردەمی مۆدێرنیزمدا ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگ زۆر کات بەرەو داخران و دوژمنکاریی زیاتر دەڕوات، یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی، پێکەوەژیان و گونجان بووە لەگەڵ نەتەوە و کولتووره جیاوازەکان. ئەم کرانەوەیە بووەتە هۆی پاراستنی کولتووری کوردی لە ناوچەیەکی فرە کولتووریدا، بەدەستهێنانی پشتیوانیی نێودەوڵەتی لە چەندین قۆناغی جیاوازدا، گەشەکردنی هزری دیموکراسی و پلۆرالیزم لە نێو بزووتنەوەی کوردیدا ئەگەر کورد ناسیۆنالیزمێکی بەرچاوتەنگی هەبووایە، پێدەچێت ئەو پێگە مرۆییە بەهێزەی ئێستای لە ئاستی نێودەوڵەتیدا نەدەبوو، هەروەها ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگ زۆر جار بزووتنەوەکان بە لاڕێدا دەبات و بێ بەشیان دەکات لە هاوپەیمانی و پشتیوانی دەرەکی ئەمەش بۆ کورد کەمێک زەحمەتە، لەبەر ئەوەی هێزی کورد بەبێ پاڵپشتی وڵاتانی زلهێز بەتەنیا بەس نیە. بۆ ئێستای کورد هاوسەنگی نێوان هەستی بەهێزی نەتەوەیی و کرانەوە بە رووی جیهان و نەتەوەکانی دیکەدا دەتوانێت ستراتیژییەکی گونجاوتر بێت لەبەر چەند هۆکارێکی سەرەکی ئەوانیش لە رێگەی پەرەپێدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کرانەوە بەرووی جیهاندا دەرفەتی هاوپەیمانی و پشتگیری نێودەوڵەتی دەڕەخسێنێت. بەهێزکردنی پێگەی سیاسی کە ئەم هاوسەنگییە دەرفەت دەدات بە کورد کە لە سیاسەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا پێگەیەکی کاریگەرتر دروست بکات، بەبێ بوون بە پاشکۆی لایەنێکی تایبەت. هەروەها گەشەپێدانی ئابووری کرانەوە بەرووی جیهاندا دەرفەتی گەشەسەندنی ئابووری و بازرگانی دەڕەخسێنێت، لەکاتێکدا هەستی نەتەوەیی هاوبەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەرچاوەکان. جیا لەمانەش کەمکردنەوەی مەترسییەکانی دژایەتیی نێوخۆیی هاوسەنگی نێوان ئەم دوو ڕەهەندە دەتوانێت مەترسی توندڕەوی نەتەوەیی یان جیابوونەوەی کولتووری کەم بکاتەوە، کە هەردووکیان دەکرێت ببنە هۆی لاوازبوونی یەکگرتوویی ناوخۆیی. سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیا و زانستی نوێ کرانەوە دەرفەت دەدات بە کۆمەڵگەی کوردی سوود لە پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژییەکان وەربگرێت، لەکاتێکدا بنەما کولتوورییەکان دەپارێزێت. هەر بۆیە ئەم ستراتیژە هاوسەنگە رێگە دەدات بە نەتەوەی کورد کە پارێزگاری لە ناسنامەی خۆی بکات لەکاتێکدا وەک بەشێکی کاریگەر لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەشە دەکات.



سەرچاوە Serchawe

**شەهرام سوبحانی**: نێوان "هەستی نەتەوایەتی" و گەیشتن بە قۆناغی "بیری نەتەوایەتی" چ مەودایەکە و مانەوە لەنێو هەستی نەتەوایەتی و دوورکەوتنەوە لە عەقڵی نەتەوایەتی چەندە کاریگەری نەرێنی لە سەر دۆزی کورد داناوە؟

**چرا یاسین**: هەستی نەتەوایەتی و بیری نەتەوایەتی دوو شتی لەیەکتر جیاوازن، کە بەداخەوە زۆربەی خەڵکی ئێمە بە هەڵە لێی تێگەیشتوون. بە گشتی "هەستی نەتەوەیی" بریتییە لە جۆرێک وابەستەبوون و خۆشەویستی بۆ نەتەوە و نیشتمان و ئەو خاکەی تێیدا هاتۆتە دونیا، بەڵام "بیری نەتەوەیی" ئاماژە بە ئەو بیر و باوەڕ و بەها و ئایدیاگەلە دەکات کە بەشێوەیەکی هاوبەش لە نێوان ئەندامانی نەتەوەیەکدا بڵاو بۆتەوە و بووەتە بەشێک لە شوناسی کۆمەڵایەتی و کولتووریان، بیری نەتەوەیی کاتێک چەکەرە دەکات و پێدەگات کە تاکەکانی هەر کۆمەڵێک هۆشیارییان لە بەرژەوەندییە باڵاکانیان هەبێت بە هۆی زمان و ڕۆشنبیریی هاوبەشەوە کاریگەریی گشتگیر و بەکۆمەڵ دروست دەبێت. لە دونیای ئەمڕۆدا، بیری نەتەوایەتی و هەستی نەتەوایەتی دوو ڕووی دراوێکن کە بە دوو چەشنی جیاواز کاریگەرییان هەیە لەسەر گەلان و کۆمەڵگەکان. بیری نەتەوەیی زۆر لەوە قووڵترە کە تەنیا لە چەند نیشانەیەکی نەتەوەیی وەک پۆشینی پۆشاکی کوردی، هەڵکردی ئاڵای کوردستان، گوێگرتن لە هۆنراوەی نەتەوەیی کورت بکرێنەوە، ڕاستە ئەمانە گرنگن و پابەندبوونمان بە ناسنامەی کوردبوونمانە، بەڵام کوردپەروەریی ڕاستەقینە لە هەستی نەتەوایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت و لە بیری نەتەوایەتیدا قووڵ دەبێتەوە، هیچ نەتەوەیەکیش ناگات بە ئامانجەکانی خۆی ئەگەر بیری نەتەوایەتی لە هزری تاکەکانیدا نەچەسپابێت. سەرەتای سەرهەڵدانی بیری نەتەوەییش وەکوو هەر شۆڕش و کارەساتێکی سروشتی ناتوانرێت بە بەروارێکی مێژوویەکی دیاریکراو دەستنیشان بکرێت، واتە ئەم هەستە سیمای سەرەتایی لە قۆناغەکانی کۆنی مێژوودا هەبووە، بەڵام ڕووخاندنی ئیمپراتۆرییەتەکان و سەرهەڵدانی شۆڕش، هۆکاری سەرەکین بۆ دەرکەوتنی، ئیدی گەل و نەتەوەکان لەو کاتەوە بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی خۆیان هەوڵیان داوە، تەنانەت لە پێناویدا بە میلیۆنان ڕۆڵەی نیشتمان و نەتەوەکەیان بەکوشت داوە، لە نموونەی شۆڕشی جەزائیر بۆ دەرکردنی فەڕانسەی داگیرکەر. ئەوەی لای ئێمەی کورد زۆرترە هەستی نەتەوایەتییە، نەک بیری نەتەوایەتی، نەتەوەپەروەری ئێمەی کورد نەتەوەپەروەرییەکی لاواز و خاوە بە تەواوی وەکوو پێویست نەگەیشتووین بە بیری نەتەوایەتی، بۆیە گەر بەراورد بکەین دەبینین کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان خەباتی بەردەوامی هەیە و هێشتا نەگەیشتووەتە مەنزڵ و بەڕێوەیە بەرەو سەربەخۆیی، کەواتە تەنها هەستی نەتەوەیی هێندە گرنگ نیە، بەڵکوو وشیاری و بیری نەتەوەیی داینەمۆی بزووتنەوەی نەتەوەیین. ئەوە نەتەوە نییە کە دەوڵەت و ناسیۆنالیزم دروست دەکات، بەڵکوو بەپێچەوانەوە ئەوە ناسیۆنالیزم و دەوڵەتە کە نەتەوە دروست دەکات یان لانیکەم گەشەی پێدەدات و دەیبوژێنێتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: باسەکە ئەوە کورد بۆ لەو قۆناغەدا ماوەتەوە؟

**چرا یاسین**: مانەوەی نەتەوەی کورد لە قۆناغی هەستی نەتەوایەتی و نەگەیشتن بە عەقڵی نەتەوایەتی دەکرێ بۆ چەند هۆکارێک بگەڕێتەوە پەرتەوازەیی جۆگرافی و سیاسی و دابەشبوونی کوردستان بەسەر چەند دەوڵەتدا بووەتە هۆی ئەوەیکە یەکیەتییەکی نەتەوەیی دروست نەبێت، کە ئەمەش ڕێگری کردوە لە گەشەکردنی ستراتیژییەکی هاوبەش. هەروەها کاریگەری سیستەمی عەشیرەتی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کە زیاتر لەسەر بنەمای عەشیرەت بووە وایکردوە کە هۆگری تەسکی ناوچەیی و خێڵەکی زاڵ بێت بەسەر بیری نەتەوەیی فراواندا. وشیاریی نەتەوەیی لەنێو ئێمەی کورددا تا وەکوو ئێستا وەکوو پێویست نیە، بەهۆی ئەوەیکە ئەگەر ئاورێک لە بیری کورد بدەینەوە، دەبینین بیری خێڵەکی بەسەرماندا زاڵ بووە و بۆتە یەکێک لە کێشە هەرە بنەڕەتییەکانی ئێمە، بەرژەوەندییە خێڵەکییەکان لە پێش بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانەوەن، بۆ نموونە ئەگەر قسەیەکی نەشیاو بەرامبەر بە خێڵ و هۆز و سەرداری کەسێکەوە بکرێت، ڕەنگە کاردانەوەی زۆر توندی هەبێت، بەڵام زۆر لای ئاساییە کە هەمان قسەی نەشیاو بە خاک و نیشتمانی بگوترێت، بێگومان ئەم دیاردەیەش بۆتە نەخۆشییەکی کوشندە و لە کۆنەوە لەگەڵمان دایە، کە وایکردوە تا وەکوو ئێستا زۆرترین دەرفەت لە دەست بدەین و کاریگەری نەرێنی و زۆر خراپی بەسەر دۆزی کورددا بەجێ هێشتوە و دۆزی کوردی پاشەکشێ پێ کردوە، بۆ نموونە ئەگەر سەیری مێژووی میرنیشینە کوردییەکان بکەین، دەبینین بەشێک لەو میرنیشینانە خاوەن سەروەری و هێز و دەسەڵات بوونە، بە جۆرێک کە لە هەندێک بواردا داگیرکەرانی (عوسمانی و سەفەوی) نەیانتوانیوە بە تەنیا ڕووبەڕوویان ببنەوە، بەڵام ئەم میرنیشینانە بەردەوام لەگەڵ یەکتری ناکۆک بوون و هیچ کاتێک بیریان لەوە نەکردۆتەوە لە یەکیەتییەکی سیاسیدا کۆ ببنەوە و بە یەکەوە لە پێناو بەرژەوەندییەکی هاوبەش ڕووبەڕووی هەردوو داگیرکەرانی (عوسمانی و سەفەوی) ببنەوە، بەڵکوو لە زۆر بواردا هاوکاریان لە دوژمنان وەرگرتووە بۆ لێدان لە میرنیشینێکی دیکە. بێگومان ئەمەش دەرئەنجامی بیری خێڵەکی بووە، کە ڕێگەی نەداوە سەروەری خۆی بۆ هاونەتەوەکەی دابەزێنێت و ئەمەی بە شکاندنی شکۆی خۆی بینیوە. هەروەها زۆربەی ئەو ڕاپەڕینانەی لە مێژوودا هەمانە کەمیان هەیە بە تەنیا تاکە ڕەهەندێکی نەتەوەیی لەخۆی گرتبێت، وە یان ئامانجێکی ڕوونی نەتەوەیی هەبووبێت، هاوکات لە نموونەیەکی دیکەدا وەک تیشکمان خستەسەر لە سەروبەندی کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی کورد دەرفەتێکی زۆر گەورەی لەدەست دا بەهۆی نەبوونی یەک دەنگی و پلان و ئامانجێکی دیار و ڕوون بەو واتایەی نەتوانراوە سوود لە دەرفەتەکان وەربگیرێت بۆ بەرژەوەندی گشتی نەتەوەیی کە ئەمە وەک جۆگەلەیەک قۆناغەکانی مێژووی کورددا درێژ بووەتەوە. ئەمە جیا لە نەبوونی سیستەمێکی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری یەکگرتووبوونی چەند سیستەمی پەروەردەیی جیاواز لە ناوچە کوردییەکاندا کاریگەریی لەسەر دروستکردنی زەمینەیەکی فیکری هاوبەش هەبووە. کەمیی دامەزراوەی نەتەوەیی، نەبوونی دامەزراوەی ڕۆشنبیری، ئاکادیمی و سیاسی بەهێز کە بتوانێت فەلسەفەی نەتەوەیی بەرهەم بهێنێت.

**شەهرام سوبحانی**: بەڵام لێرەدایە کە ئەرکەکانی ناسیۆنالیزم خۆیان دەردەخەن، وا نیە؟

**چرا یاسین**: وایە و گرنگە بگوترێت کە سەرەکیترین ئەرکی ناسیۆنالیزم ئەوەیە کۆمەڵ لە دەوری یەک بەرژەوەندی هاوبەشدا کۆ بکاتەوە، تاکەکانی فێر بکات بەرژەوەندی گشتی نەتەوەیی لە سەروی هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکەوەن، هەر بۆیە کاتێک باس لە بوونی ناسیۆنالیزمێکی خاوەن شوناس دەکەین، دەبێت ئەو ڕاستییەش لەبەرچاو بگرین بەرنامە و پرۆژەی ئەو ناسیۆنالیزمە چییە و چۆن کار دەکات؟ ئایا ئەم ناسیۆنالیزمە توانیویەتی دامەزراوە تەقلیدییەکانی خێڵ و هۆز و عەشیرەت هەڵبوەشێنێتەوە و هەموو کۆمەڵگە لە یەکەیەکی گەورەتر و فراوانتر کۆ بکاتەوە و بکرێ بە گەل یان نەتەوە ناو ببرێت؟ ئایا ئەم ناسیۆنالیزمە توانیویەتی ڕۆڵی ئاغا و بەگ لە کۆمەڵگەدا پەراوێز بخات، نوخبەی خوێندەوار یان چینی ناوەند شوێنی بگرێتەوە؟ ئایا ناسیۆنالیستی کوردی توانیویەتی ئەم هەنگاوانە هەڵبنێت و لەو سەروبەندەشدا ببێتە بزووتنەوەیەکی جەماوەری کە هۆگری ڕاستەقینەی ئەو بزووتنەوەیە بۆ نەتەوە و نیشتمان بێت لە بری ئاغا و بەگ و شێخ و خێڵ و عەشیرەت و جوگرافیای خێڵ و عەشیرەتی؟ کە هەر یەک لەم پرسیارانە بابەتی زۆر فراوان و قووڵ لەخۆی دەگرێت.

**شەهرام سوبحانی**: شاعیرە کۆنەکانی کورد وەکوو "ئەحمەد خانی"، "مەلای جەزیری"، و تەنانەت ئەوانەی ئێستاش بە تایبەت نووسەران، گلەییەکی زۆریان لە یەکرێزنەبوونی نێومالی کورد بووە و هەیە پێت وایە ئەم کێشەیە لە عەقڵی سیاسی کوردە یان لە دەسەڵاتی کوردی؟

**چرا یاسین**: شاعیران و نووسەران زووتر لە سیاسەتمەداران هەستیان بەم کێشەیە، وایە یەکرێزنەبوونی نێومالی کورد کردوە، چونکە بەردەوام خەونی نەتەوەیی و یەکگرتووییان هەبووە، وەکوو چاوەدێرێکیش بوونە بەسەر کۆمەڵگەی کوردەواری و دەرد و مەینەتییەکانیان کردووە بە سەرچاوەی ئیلهام لە هۆنینەوەی شێعرەکانیان، بە تایبەتی شاعیری گەورەی کورد "ئەحمەدی خانی" لە بەرهەمە دانسقەکەی "مەم و زین"دا، کە ئێمە بەردەوام وەک بەرهەمێکی ئەدەبی و دڵداری دەیبینین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاوێنەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ پێشاندانی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوساکە و چەندان بنەما و ڕەهەندی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی لەخۆی دەگرێت.

**هەروەک خۆی لە بەیتێکیدا دەڵێت:**

**(شەرحا خەمی دل بکەم فەسانە**
**زین و مەمێ بکەم بە بەهانە)**

خانێ لە "مەم و زین"دا بە قووڵی باسی لەم کێشەیە کردوە و ڕەخنەی لە نەبوونی یەکریزی گرتووە، هەر وەک لەو نموونەی کە لە سەرەوە باسمان کرد، بە دەیان نموونەی دیکەی لە مەڕ ئەم بابەتەوە هەیە. دیاردەی نەبوونی یەکریزی نێوماڵی کوردی لە هەر دوو ئەو لایەنانەی ئاماژەیان پێ کراوە ڕەگیان هەیە، کوردستان کۆمەڵگەیەکی شوانکارەیی، نیمچە دەرەبەگایەتی ئایینی خێڵەکی بووە، هەتا ئێستاش شوێنەوارەکانی هەرماوە، ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە هەر ئەو بیر و کولتوورە بەرهەم دەهێنێت کە ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە بێت، هەروەکی گوتمان پەیوەندییە خێڵەکییەکان و ناکۆکییە ناوخۆییەکان بەردەوام ڕێگر بوون لە دروستبوونی یەکگرتوویی نەتەوەیی بەهێز، هاوکات لەژێر ڕۆشنایی بیرکردنەوەی تاکی کورد سەبارەت بە سروشتی خۆی لە مێژووماندا دوو دیاردەی سەرەکی لەنێو کوردا گەڵاڵە دەبێت، یەکەمیان: بەهۆی ئەوەیکە خاوەن کەسایەتییەکی خۆ سەپێن بووە، نەیویستووە سازش بۆ بەرامبەرەکەی بکات، بە تایبەت لە چینی دەسەڵاتداردا، هەر ئەمەش وای کردوە کە بەردەوام ململانێی ناوخۆیی لە نێوماندا بوونی هەبێت و نەگەین بە ڕێککەوتن و یەکگرتوویی، دووەمیان: لە بەرامبەر بێگانەدا خۆی پێ لە ئاستێکی نزمتر بووە، ئەو هۆگری و دڵسۆزییەی بۆ دوژمنەکەی هەیبووە، بۆ کەسێک کە هاوخوێنی بووە نەیبووە، هەر بۆیەشە کە بەردەوام نوخبەیەک هەبوون چوونەتە پاڵ دوژمن و بە هۆیانەوە زەبر و لێدانی گەورە بەر گەلەکەمان و بزاڤی ڕزگاریخوازیمان کەوتوە. ئێمە لە واقیعی کوردستاندا لە مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقییەوە ئەوە دەبینین کە پەیوەستبوون و ئینتیما بەو دەوڵەتەوە ڕووبەرێکی فراوانی لە هاوسۆزی کۆمەڵایەتی کوردی ئەم بەشەدا دروست کردوە بە جۆرێکی ئەوتۆ کە ئینتیما بۆ عێراق ئامادەبوونێکی بەرچاو و کاریگەری هەیە. دیارە ئەم دیاردەش تەنیا پەیوەست نیە بەو بەشەی کوردستانەوەکە کەوتۆتە ژێر دەستی دەوڵەتی عێراق، بەڵکوو بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش کە هەر یەکەیان لەژێر سایەی دەوڵەتێکی داگیرکەری دیکەدایە هەمان لێکدانەوە ڕاستە.

**شەهرام سوبحانی**: مەبەستتە بڵێی کورد بیر و ئایدیاکانی خۆماڵی نین و لە دەرەوەیان وەردەگرێ؟

**چرا یاسین**: بە بڕوای بەندە هۆکارێکی سەرەکی کە تا وەکوو ئێستا نکۆڵی لێ ناکرێت ئەوەیە کورد کەمووکورتییەکی زۆری هەیە لە بەرهەمە فیکرییە خۆماڵییەکان، وەکوو تاک و وەکوو کۆمەڵ، لە ڕابردوو و بە ئێستاشەوە بیر وەکوو کاڵایەک لە دەرەوە هاتوە و بە باڵای کوردەوە بڕاوە، یان هەمیشە کوێرانە بەدووی بیرێکی دەرەکی کەوتووە، ئەمە خراپ، بەڵام لە کاتێکدا کە بۆ گەشەسەندن و دەوڵەمەندکردنی سەرمایەی بیر و ڕووناکبیری و هۆشیاری کۆمەڵ سوودی لێ وەربگیرێت، چونکە ژیریی بە تەنیا مۆڵکی تاکێک یان گەلێک نییە، زۆر جار ئاستی ڕووناکبیری کەسیەتی نەتەوەیەک یان گەلێک دیاری دەکات، ئەمەش لەسەر بناغەی ئازادی بیر و دەربڕینی ئازادانە دەوەستێت. ئەم ئەورووپایەی ئەمڕۆ دەیبینین بەر لە دەستەبەرکردنی ئازادی تاریکستانێک بوو.

لە بیری سیاسی کوردیشدا بەدرێژایی مێژوو، پەرتەوازەیی و دابەشبوونی سیاسی بەشێکی گرنگی کێشەکە بووە، هەروەک ئەوەی لە دەسەڵاتی کوردیدا جیاوازی بەرژەوەندی و کێبڕکێی نێوان سەرکردەکان و هێزە سیاسییەکان جاری وا هەبووە بەرژەوەندی گشتی خستۆتە دواوە. لە مێژووی سەدەی ڕابردوودا زیاتر لە بیست ڕاپەڕینی کوردی سەریانهەڵداوە و تێکشکاون، بەشی زۆری شکستەکانیش بۆ خاڵی هاوبەش دەگەڕێنەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئێمە لە چەندین قۆناغی مێژووماندا بەشی پێویست هێزمان هەبووە، بەڵام نەتوانراوە سوود لەو هێزە وەربگیرێت بەهۆی نەبووی ئەقڵی سیاسی کوردی و ڕەچاونەکردنی هەلومەرج و پێشهاتی پێویست، هەر بۆیەشە کە هەر کاتێک دوژمن هەستی بە بەهێزبوونێکی ئەوتۆ کردبێت لەناوی بردووە. هەروەها دەسەڵاتی کوردی زۆر جار لەژێر کاریگەری هێزە دەرەکییەکاندا بووە. ئەم دوو فاکتەرە تێکەڵاوی یەکترن و یەکتریان بەهێز کردووە. حیزبە سەرەکییەکانی کوردستان بۆ ماوەیەکی زۆر هەرێمی کوردستانیان بە شێوەیەکی دابڕاو بەڕێوە بردووە کە ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی کارگێڕی جیاواز، ئەمە جیا لەوەی کە زۆر جار بەرژەوەندییە لایەنییەکان لەسەروی بەرژەوەندی نەتەوەیی دانراون و بووەتە هۆی لاوازبوونی هەڵوێستی کوردی لە ئاستی نێودەوڵەتی. هاوکات ڕازینەکردنی خەڵکی لەخۆی، بەو پێیەی نەیتوانیوە سیستەمێکی دادپەروەرانە بۆ دابەشکردنی سەرچاوەکان و داهاتەکان دامەزرێنێت، کە ئەمەش نارەزایەتی لەنێو کۆمەڵگەدا دروست کردوە، جۆرێک لە بێ متمانەیشی سازداوە کە خەڵک هیوایەکی ئەوتۆی نەماوە تا هەوڵی بۆ بدات. سەرباری ئەمانەش جیاوازی لە پەیوەندییەکانی حیزبە کوردییەکان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بووەتە هۆی دروستبوونی ئاراستەی سیاسی جیاواز و دژ بەیەک. وێڕای ئەمانەش دەسەڵاتی کوردی نەیتوانیوە دامەزراوەی نیشتمانی بەهێز دروست بکات کە سەروەری یاسا و بەرژەوەندی گشتی بپارێزێت.

٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## چرا یاسین: ئایین یەکێک بووە لە فاکتەرە هەرە دیارەکانی بەردەم لاوازیی ناسیۆنالیزمی کورد




**چرا یاسین: ئایین یەکێک بووە لە فاکتەرە هەرە دیارەکانی بەردەم لاوازیی ناسیۆنالیزمی کوردی لەسەر دوو ئاستی نێوخۆیی و دەرەکیدا**

**وتووێژ: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

**ناسیۆنالیزم یان هەستی نەتەوایەتی وەک چەمکێکی گرینگ کاریگەریی و ڕۆڵی بەرچاو لە بەرەوپێشبردن و یەکگرتوویی هەر نەتەوەیەکدا دەگێڕێ کە بە کارکردن و تەکز خستنەسەر ئەم چەمکە گرینگە میللەتانی بێ دەوڵەت ئامانجە گەورەکانیان دەستەبەر دەکەن کە دەربازبوون لە دیلی و ژێردەستییە. "کوردستان" لە وتووێژێکی تێروتەسەلدا و بۆ باسی زیاتر لەسەر ناسیۆنالیزم و لەمپەرەکانی بەردەم ناسیۆنالیزم و کاریگەری ناسیۆنالیزمی داگیرکەران لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان لەگەڵ خاتوو چرا یاسین، کارناس و توێژەری مێژوو تیشکی زیاتری خستوەتە سەر ئەم بابەتە. لە**



سەرچاوە
Serchawe

**شەهرام سوبحانی**

**بەشی یەکەم و دووهەمی ئەو وتووێژەدا باس لە مێژووی ناسیۆنالیزم لە کوردستان و کاریگەریی ناسیۆنالیزمی "فارس" و "عەرەب" و "تورک" لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان کرا و تیشکمان خستەسەر ئەوەی کە چۆن دەتوانێت بەرپەرچی ناسیۆنالیزمی هێرشبەرانەی دژبەران و نەیارانی بداتەوە. هەروەها باس لە مەوداکانی نێوان هەستی نەتەوایەتی و بیری نەتەوایەتی کرا ئەرکەکانی ناسۆنالیزم هەڵوێستەیان لەسەر کرا. لە بەشی کۆتایی دیمانەکە ئاکامگیرییەکی چڕ لەو باسە دەکەین.**

**شەهرام سوبحانی**: بەلای ئێوە ناسیۆنالیزم تەنیا دەرهاوێشتەی ئەرێنی هەیە، یاخوود لایەنی نەرێنیشی هەیە؟ لەگەڵ ئەوەشدا لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ناسیۆنالیزم لە چیدا خۆی دەبینێتەوە؟

**چرا یاسین**: بێگومان ناسیۆنالیزم وەک هەر بابەتێکیتر هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی لەخۆ دەگرێت، ئەگەر باس لە لایەنە ئەرێنییەکانی ناسیۆنالیزم بکەین دەتوانین بە چوار خاڵ گوزارشتی لێ بکەین ئەوانیش:

**یەکەم**، ناسیۆنالیزم پرەنسیپێکی رەواییەتی پێشکەش دەکات کە بنەمای سیستەمی دەوڵەتی، مۆدێرن پێک دەهێنێت، ئەم بەڵگەیەش ئەوە روون دەکاتەوە ئەرکی دەوڵەتە کە نوێنەرایەتیی گەلەکەی بکات، بەمەش دەوڵەت ڕەواییەت بە دەست دەهێنێت لە ڕێگەی ڕەزامەندیی گەلەکەیەوە.

**دووهەم**، ناسیۆنالیزم بەدیهێنەری پرەنسیپەکانی دیموکراسییە، بەپێی ئەوەی ناسیۆنالیزم بریتییە لەو ئامرازەی لە ڕێگەیەوە پرەنسیپەکانی بزووتنەوەی ڕۆشنگەری تایبەت بە حکوومەت لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا جێبەجێ دەکرێت.

**سێهەم**، ناسیۆنالیزم خزمەتی پیادەکردنی ئەرکێکی دەروونی گرنگ دەکات، چونکە هەستی ئینتیمابوون دابین دەکات و ڕەگی بنەڕەتی تاک و مێژوو و داهاتووی دیاری دەکات، هەروەها شێوازی دەربڕینی کلتووریش دیاری دەکات. ئەم پێداویستیانەش بریتین لە پێداویستییە سەرەکییەکانی تاک و بەبێ دیاریکردنیان بێهیوایی و پشێوی دروست دەبێت، کەواتە لێرەدا گرنگی ناسیۆنالیزم بریتییە لە دابینکردنی پێداویستییە دەروونییە نەتەوەییەکانی ئەم سەردەمە.

**چوارەم**، ناسیۆنالیزم یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی داهێنان و فرەیی مرۆڤایەتی، تەقینەوەی هەستی نەتەوایەتی چەندین هەنگاوی گەورەی لە بوارەکانی (هونەر، ئەدەبیات، موزیک، وەرزش، زمان، کلتوور)بەدوای خۆیدا هێنا، لەم بوارانەدا ناسیۆنالیزم تەنیا سوودی بەو گەلانە نەگەیاندووە کە کاریگەر بووە لەسەریان، بەڵکوو سوودی بە تەواوی مرۆڤایەتی گەیاندوە.



چرا یاسین، کارناس و توێژەری مێژوو

**شەهرام سوبحانی**: ئەدی لایەنە نەرێنییەکانی؟

**چرا یاسین**: لایەنە نەرێنییەکانیش بە هەمان شێوە دەتوانین پۆلینیان بکەین:

**یەکەم**، ناسیۆنالیزم سەرچاوەی ململانێ و جەنگەکانە، بەتایبەت هەڵگیرسانی جەنگە جیهانییەکان و پاکتاوکی ڕەگەز و ژینۆسایدی بەکۆمەڵ و قەیرانی بیسنوور لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، هەموو ئەوانەش بەهۆی پێداگریی ناسیۆنالیزم و دەستگرتن بەسەر خاکدا بووە.

**دووهەم**، هەر چەندە ناسیۆنالیزم هەوڵی ئەوەش بدات خۆی لە پێکدادانی سەربازی دوور بخاتەوە، بەڵام هێشتا بە ڕێگرێک لەبەردەم هاوکاری و چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان، لە بوارە جیا جیاکانی بازرگانی و کۆچکردن و ژینگە و...هتد دادەنرێت. هەمیشە جیهان پێویستی بە هاوکاریی نێودەوڵەتیی فراوانتر و کارکردن بە پرەنسیپی بەرژەوەندییە جیهانییەکان هەیە، لە بەرامبەر دەستگرتن بە تایبەتمەندییە نەتەوەییە جیاکەرەوە و دژ یەکەکان.

**سێهەم**، ناسیۆنالیزم دەبێتە هۆی لەبەریەکهەڵوەشانەوەی دەوڵەتان و وێرانکردنی چەندان قەوارەی سیاسی و ئابووری لە جیهاندا و دواجار ئەوە کە ناسیۆنالیزم لە دیدێکی لۆکاڵییەوە بابەتێکی خوازراو نیە، چونکە بۆچوونەکان زۆرن لەسەر ئەوەی ناسیۆنالیزم دەبێتە هۆی دروستکردنی کەشێکی بارگاوی بە دیکتاتۆرییەت لە نێوخۆی وڵاتدا.

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر بێینەوە لەسەر باسی ناسیۆنالیزمی کوردی. جەنابت پێت وایە لەمپەرەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی چین؟

**چرا یاسین**: ئەم پرسیارە وڵامێکی فرە لایەن لەخۆ دەگرێت بۆیە بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە دوو خاڵی سەرەکی بکەم. یەکەم؛ جێگیرنەبوونی بیری نەیەوایەتی، کە پێشتر بە تێر و تەسەلی قسەمان لێکرد. دووەم؛ ئاگادارنەبوونمان لە مێژووی خۆمان و پەند لێوەرنەگرتنمان.

مێژوو مانایەکە بۆ تێگەیشتن لە ڕابردوو و ئێستامان، لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ڕووداوە مێژووییەکانی ڕابردوو لە گۆشەنیگا جیاوازەکانەوە یارمەتیمان دەدات بە باشی لە ئێستامان تێبگەین و پێشبینیمان و کارکردنمان بۆ داهاتوو بە باشی ڕێکبخەین. مێژوو هەروەها یارمەتیمان دەدات لە ناساندنی ناسنامەی تاکی و نەتەوەیمان، بێگومان ئەمە یەکێکە لە گرنگترین ئەو خاڵانەی کە هانمان دەدات بە گرنگییەوە لە خوێندنی مێژوو بڕوانین، لە ڕێگەی مێژووەوە دەتوانین لە گۆڕانکارییەکان تێبگەین و بکۆڵینەوە کە چۆن کۆمەڵگە و نەتەوە و جیهان گەشتوە بەم حاڵەی ئێستا و یارمەتیمان دەدات لە بنەڕەتی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان تێبگەین. مێژوونووسی ئینگلیزی (جۆرج سێڵ) دەڵێت: (سیاسەتمەدارێک ناتوانێت گرفتێک چارەسەر بکات بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە، ئەگەر هاتوو لە مێژوو هەڵوێستی گونجاو وەربگرێت، هەروەها دەرکردنی بڕیارێکی گونجاو و پەسەند پێویستی بە گەڕانەوەیە بۆ مێژوو، چونکە مێژوو هەر وەکوو کۆگا وایە لەبەر ئەوەی تەمەنی مرۆڤ کەمەو ناتوانێت هەموو شتێک تاقی بکاتەوە لەبەر ئەوە پێویستی بەکەسانی تر دەبێت). یەکێکیتر لە سوودەکانی بایەخدانی ئێمە بە مێژوو بریتییە لە پێناساندنی شوناسمان، لە ڕێی مێژووە و دەزانین چین و کێین و دۆستمان کێیە؟ دوژمنمان کێیە؟ هیچ نەتەوەیەک بەبێ بوونی مێژوویەکی نەتەوەیی بوونی نیە، تا بیرەوەریی هاوبەشی ئازار و سەرفرازییەکانی، قارەمانان و خراپەکارانی، دوژمن و جەنگەکانی و شکست و سەرکەوتنەکانی لە هزر و بیری خەڵکەکەی نەچەسپا بێت، سەرکەوتوو نابێت. ئەو هەنگاوە لە داهاتوودا دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ بەهێزبوونی یەکگرتوویی ڕیزەکانی نەتەوە و لە کۆتاییدا ئاسایشی نەتەوەیش بەهێز دەکات.

**شەهرام سوبحانی**: ئەدی ڕۆڵی ئایین لەو هاوکێشەیەدا چیە، ئەمیش وەک لەمپەر دەبینن؟

**چرا یاسین**: ئایین یەکێکە لە فاکتەرە هەرە دیارەکانی بەردەم لاوازی ناسیۆنالیزمی کوردی، کە لەسەر دوو ئاستی نێوخۆیی و دەرەکی بووەتە لەمپەر و کاریگەری خۆی هەیە لەسەر لاوازی ناسیۆنالیزمی کوردیدا. لە ئاستی دەرەکیدا ئەگەر سەیر بکەین عەرەبە ئیسلامییەکان خاوەن ٢٢ دەوڵەتن کەچی دژی نەتەوەکانی وەک کورد و ئاشووری و ...هتدکانن، کە دەوڵەتی



سەرچاوە
Serchawe

نەتەوەیی خۆیان هەبێت، و ئایین دەکەنە بیانوو، هەروەها ئێران چەندین نەتەوەی تێدا دەژی و لەژێر سێبەری فارسەکاندان و دەوڵەتی نەتەوەیی بە داهێنراو دەزانێت چونکە ئایینی ئیسلام وایگوتوە بە هەمان شێوە وڵاتی تورکیەی تۆرانی لە دوای نەتەوە پەرستی خۆیان، ئایین وەکوو ئامرازێک بۆ سەرکوتکردنی گەل و نەتەوەکان دیکە بەکار دەهێنن و زمان و کولتووری نەتەوەکانی دیکە قەدەغە دەکەن، لەسەر ئاستی ناوخۆیش لەمێژوودا تاکی کورد لەدێر زەمانەوە خاوەن هەست و سۆزێکی لە ڕادەبەدەر بووە، بە تایبەت کە باسەکە دەکەوێتە سەر ئایین، هەمیشە ئایین وەک ئامرازێکی بەستنەوەی کورد بەکارهاتوە لەلایەن دوژمنانیەوە، لە هەمان کاتدا بوونی هەستێکی ئایینی ڕەها و نەکردنی هاوسەنگی لە نێوان هەستی ئایینی و هەستی نەتەوایەتی. لەلایەکیتر زۆربەی تاکی کورد بە جۆرێک لە ناسیۆنالیزم تێگەیشتووە، کە ناسیۆنالیزم ڕەتی ئایین و ئاییندارى دەکاتەوە، ئەمە خۆی لەخۆیدا هەڵەیەکی گەورەیە و لە ناسیۆنالیزمدا دژایەتیکردنی ئایین هێندە ڕەنگدانەوەی نییە، بەڵکوو ئایین لە بەرژەوەندی نەتەوەیی بەکار دەهێنێت، هەروەک ئەوەیکە دەوڵەتانی دیکەی موسڵمانانی هاوشێوەی (تورک، عەرەب، فارس) بەکاریان هێناوە و توانیویانە لەو ڕێگەیەوە سوودێکی زۆر کە بەرژەوەندی نەتەوەکەیان بەدەست بهێنن و زۆر جار وەک کارتێکی فشاریش بەرامبەر کورد بە کاریان هێناوە و کوردیان تێکەڵ ئەم ستراتیژییەتە کردوە. بۆ نموونە لە کاتی ململانێی (عوسمانی-سەفەوی) دوژمنان زۆربەی کات جیاوازی مەزهەبییان کردوە بە بیانوو و هانی کوردەکانیان داوە بۆ دژایەتیکردن یان پاڵپشتیکردن، نموونەیەکیتر لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی ناوچەکانی کوردستان کە ببووە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەکانی عوسمانی و وڵاتانی خۆرئاوا عوسمانییەکان هەستی کوردەکانیان بەکار دەهێنا بۆ بەشداری پێکردنیان لە بەرەی خۆیان بە بیانووی شەڕی کافران.

**شەهرام سوبحانی: نەبوونی ئینتیما بۆ خاک و سەروەری نەتەوەیی چ کاریگەرییەکی نەرێنیی لەسەر ناسیۆنالیزم هەیە؟**

**چرا یاسین**: وەک خۆتان ئێستا باستان کرد یەکێک لە کێشە هەرە گەورەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی، نەبوونی ئینتیمایە بۆ خاک، نیشتیمان، ئاڵا، کە بۆ ئەمەش چەندین هۆکار هەن، وەک خراپی دۆخی سیاسی وڵات، خراپی باری گوزەران و ئابووری هاوڵاتیان، وا دەکات خەڵکی ڕقیان لەکۆپرسە نەتەوەییەکانیان بێتەوە و زۆر گرنگە پرسی ئاڵا، نەتەوە، خاک، نیشتیمان، کە بابەتی گشتی و پەیوەست بە کۆمەڵگەن بە تەواوی دایماڵێنین لەو جۆرە خاوەندارەتیکردنە، دەبێت تێبگەین لەوەی کە بوونی خۆشەویستی و ئینتیما بۆ ئاڵا، یەکسان نیە بە بەرگریکردن لەو سیستەمەی لەژێر ئەم ئاڵایە کار دەکات، و دژایەتی کردنیشی بە هەمان شێوە، چونکە دەسەڵات هی بەشێک لە خەڵکییە، بەڵام (ئاڵا، خاک، نیشتیمان) هی هەمووانن و شتانێکن کە ئەگەر دەسەڵات و سیستەمی فەرمانڕەواش بگۆڕێن ئەوانە هەر وەک خۆیان دەمێننەوە و گۆڕانیان بەسەردا نایەت. تەنانەت ئەگەر ڕۆژێک بێت بە یاسای فەرمی نێودەوڵەتی دان بە کوردستان دابنرێت و و ئاڵای کوردستان لە نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵبکرێت، ئەو ئاڵایەی لە UN هەڵدەکرێت، گوزارشت لە وڵاتی کوردان دەکات، نەک

دەستە و تاقمێکی دیاریکراو.

**شەهرام سوبحانی**: بارودۆخی سیاسیی کوردستان چەندە بۆ گەشەی ناسیۆنالیزمی کوردی یارمەتیدەرە؟

**چرا یاسین**: بارودۆخی ڕابردوو و ئێستای کوردستان لەو هاوکێشەیەدا زۆر گرینگە. دابەشبوونی حزبایەتی لەسەر بنەمای لایەنی و، بوونی شۆڕشی جیاواز، لە بنەمادا گەورەترین زیانیان لە بیری ناسیۆنالیزمی کوردی داوە، هاوکات دروستبوونی شەڕی نێوخۆ، کە هەموو بنەماکانی ناسیۆنالیزمی شێواند و لێکەوتەکانی ئەم شەڕە نەگریسە هەر لە هەڵگیرسانییەوە گەلی کوردی کرد بە دوو بەرەی دژ بە یەک و تا وەکوو ئێستاش کاریگەری نەرێنی بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا جێ هێشتووە. لە ئێستاشدا نەبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندی تۆکمە و دابەشبوونی کارگێڕی هەرێمی کوردستانی، بە یەکێک لە کۆسپەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە قەڵەم دەدرێت تا دەسەڵاتی ناوەندی لە هەرێمی کوردستاندا نەبێت مانایەک بۆ ناسیۆنالیزم نابێت. خراپی بارودۆخی سیاسیی کوردستان کە لەسەر هەموو لایەنەکانیتری ژیان ڕەنگی داوەتەوە، خراپی گوزەران و هەستنەکردن بە یەکسانی لە کۆمەڵگەدا جۆرێک لە تووڕەیی و بێ هیوایی لەلای خەڵکی دروستکردووە، بە جۆرێک پشت بکاتە ئامانجە گەورەکەی خۆی کە دەوڵەتی کوردییە، و یان ئەوەتا بڕیاری کۆچکردن بدات، یانیش حاشا کە نیشتیمان و هەموو کۆڕپرسە نەتەوەییەکان بکات. هەر لە بازنەی سیاسییەوە نەبوونی سەرکردەی کاریزما هۆکارێکی دیکەیە بۆ پاشەکشێکردنی بزاڤی ناسیۆنالیزمی کوردی، بە مانایەکیتر تێڕوانینی خەڵکی بەرامبەر بە سەرکردەکان ئەو جۆرە تێڕوانینە نییە کە وەک سەرکردەی کاریزما لە سەرکردە کوردەکانمان بڕوانن. سەرکردەی کاریزما ئەو کەسەیە کە بەدیهێنەر و خوڵقێنەری ژیانێکی شایستە بێت بۆ گەلەکەی، و دیدێکی درێژخایەنیان هەیە و هەموو یەکەکانی لایەنەکان بۆ بەدیهێنانی ئەو دیدە گەورەیە کۆ دەکەنەوە. هەروەها توانایەکی لە ڕادەبەدەریان هەیە بۆ گۆڕینی دیدگای لایەن یا خوود حیزب بۆ ئامانجی گەورە و پاڵنەر، تا ئەو ڕادەیە کە هەموو ئەندامانی ژیانی خۆیان ببەخشن بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە. مرۆڤێکی چالاکن و بەردەوامن لە کارکردن و دەبنە هاندەر بۆ ئەوانیتر، بۆ گەیشتن بە ئامانجە مەزنەکەیان.

**شەهرام سوبحانی**: عەقڵییەتی کوردی یان بڵێین عەقڵییەتی نەتەوەیی کورد بەو ئاستە گەیشتوە خاوەندارەتی لەو پرۆسەی نەتەوەسازی بکات؟

**چرا یاسین**: بیری نەتەوایەتی کوردی لەڕووی زانیارییەوە زۆر لاوازە، ئەویش لەبەر سادەکردنەوەی نەتەوایەتی تەنها بۆ (خۆشویستنی وڵات، هەستکردنی بە خود، و پۆشینی جلوبەرگی نەتەوەیی و...هتد.) ئەمانە تەنیا بەشی وشیاری پێکدەهێنن کە هەزاران ساڵە بە شێوەی جیاواز بوونی هەیە، بەڵام ئایا بیرۆکەی نەتەوەیی کوردی گەیشتوە بەو ئاستەی

کە دەبێت بگات؟ نەخێر، ئەم جۆرە لە نەتەوایەتییە بووەتە هۆی لاوازکردنی وشیاری نەتەوەیی، بیرکردنەوە کلۆڵی بۆ ڕێبازی ناسیۆنالیزمی دەهێنێت و لاوازتری دەکات. هەتا وەکوو نەتەوایەتی بە ڕێبازێکی دیاریکراو نەڕوات بەڕێوە و کەسانی شارەزای بۆ دانەنرێت هەرگیز ناتوانێت ببێتە ڕێبازێک لەناو کورددا. خودی نەتەوەییەکان بەرپرسیارن لە ئاست لاوازکردنی نەتەوایەتی، لە زۆربەی چەمک و بیر و باوەڕەکان تێ ناگەن، بۆیە کاتێک بانگەشە بۆ نەتەوایەتی دەکەن، زیان بە نەتەوایەتی دەگەیەنن. گروپ و دەستە نەتەوەییەکان زۆرن بە ڕێژە، بەڵام خاوەنی پەیڕەوێکی دیاریکراو و ڕوون نین. نەتەوەخوازەکانی ئەمڕۆی کورد هەتا ئێستا نەیانتوانیوە ڕێبازێک بۆ نەتەوایەتی دیاری بکەن، هەمیشە دەیلکێنن بە بیر و هزرێکی دیکە، هیچ نەتەوەییەک لەنێو کورددا، دەرکی بەوە نەکردوە کە مەسەلەی نەتەوەیی، دژی هەر دوو باڵی ڕاست و چەپی سیاسییە، هەتا لەوانەیە نەشزانێت ڕاست و چەپی سیاسی چیە؟ لە کاتێکدا نەتەوەپەروەرەکانی تورک و فارس بە شێوەیەکی زۆر تۆکمانە خاوەن ڕێباز و پەیڕەوێکی دیاریکراون، بەڵام نەتەوەییەکانی کورد، لەم مافە خۆیان بێ بەشکردووە و سەر بە هیچ قوتابخانەیەکی فیکری نین. لە ناو نەتەوایەتیشدا چەندان قوتابخانەی گرینگ هەیە، نموونە (ڕۆمانتیک/ئەڵمانی) یان (فەڕەنسی)کە هەر یەکێکیان بیر و ئایدیای خۆی لەسەر چەند بنەمایەک دارشتووە، بەڵام ئایا نەتەوایەتی کوردی لە ئێستادا توانیویەتی ئەمە بکات بەبێ تێکەڵکردنی لەگەڵ مارکسیزم یان دیموکراسی؟ بێگومان نەخێر، بیری نەتەوایەتی کوردی بە تەواوی نەیتوانیوە ببێتە قوتابخانەیەکی سەربەخۆ کە تەنیا لەسەر بنەمای نەتەوایەتی دامەزرابێت، بەڵکوو زۆربەی جار تێکەڵ کراوە لەگەڵ بیری مارکسیزم یان بیری لیبرالیزم و دیموکراسی، یان بیری ئیسلامی، کە بۆ هەر یەکێکیشیان نموونەی بەرجەستەمان هەیە، هۆی نەبوونی کیانێکی سەربەخۆی کوردی ڕێگری بووە لەوەی کە قوتابخانەیەکی تەواو سەربەخۆی نەتەوایەتی کوردی بێتە کایەوە، کە تەنیا لەسەر تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی، کلتووری و مێژووییەکانی کورد بونیاد نرابێت.

**شەهرام سوبحانی**: خاتوو چرا سپاس بۆ ئەم دەرفەتە و ماندووش نەبن

**چرا یاسین**: ڕێز و سپاس بۆ ئێوەش کە ئەم دەرفەتەتان ڕەخساند کە لە خزمەتتاندا بم.

**١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

## جەمال فەتحی: نەورۆز تەنیا هی کوردە و نەتەوەکانی دیکە لاسایی نەورۆزی کورد دەکەنەوە

## یان بە زۆر و خۆسەپاندن خۆیان کردووەتە شەریکی ئەم نەریتە مێژووییە



### ئاماژە:

ئەم جێژنە نیشتمانییەی کوردستان(نەورۆز)کە هێمای یەکبوونی کوردستانییانە، داگیرکەری ئێرانی و داگیرکەرانی تریشی وەلەزرە خستووە و هەموو ساڵێک بە هەڕەشە و گوشارخستنە سەر چالاکانی مەدەنی لەناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خەیاڵی خۆیان پێش لە بەرێوەچوونی ئەم هێماگەلە دەگرن، تاکوو نەوەی نوێی کوردستان لەگەڵ دابونەریت و میراتی باب و باپیرانیان ئاشنا نەبن و ڤایرۆسی ئاسیمیلاسیۆنی خۆیان بکەنە مێشکیانە و نەیارشەیدا باریان بێنن، لە ڕاستیدا ئەم هەوڵە لە ڕاستای پرۆسەی سڕینەوەی نەوە نوێی کوردستانە. بەڵام بە خۆشحاڵییەوە هۆشیاریی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت نەوەی نوێ، گەیشتووەتە ئاستێک کە هیچ بەربەستێک ناتوانێت پێش هەستی نیشتمانپەروەری و کوردستانیبوونیان بگرێت. هەروەک هەموو ساڵێک بە تایبەتی ئەمساڵ چاوەری ئەوە بووین کە خەڵکی ڕۆژهەڵات و پارچەکانیتر یادی ڕۆژە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کوردستان، یەک لەوان نەورۆزیان بە ئەوپەڕی هەست و سۆزەوە بەرز ڕاگرت، لە درێژی ئەم وتوویژەدا بۆ باس و بابەتێکی تایبەت بە نەورۆز و گرینگی



سەرچاوە
Serchawe

**ئەم ڕۆژە نەتەوەییە بۆ نەتەوەی کورد، داوامان لە زۆر بەڕێز کاک جەماڵ فەتحی، چالاکی سیاسی کردووە تا لەم بارەوە زانیاری زیاترمان پێ بدا.**



**جەماڵ فەتحی**

**شەهرام سوبحانی: کاک جەمال سپاس بۆ بەشداریت لەم دیمانەیەدا سەرەتا پێمخۆشە بەم پرسیارە دەست پێ بکەم کە مێژوویی جێژنی "نەورۆز" لە کوردستان بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ و بۆچی نەورۆز بۆ ئێمەی کورد گرینگە؟**

**جەمال فەتحی**: نەورۆز لە کوردستان دوو بوار لەخۆ دەگرێت، یەکەم نەورۆزێکی کۆمەڵایەتی و نەریتی و دووهەم نەورۆزێکی مێژوویی و سیاسی. ئەوەیکە باری کۆمەڵایەتی و نەریتی هەیە جیا لە شێوازی بەڕێوەبردنەکانی، وەکوو یەکەم ڕۆژی بەهار و بووژانەوەی سروشت و ژینگە لەلایەن چەندین نەتەوەی دیکەی ناوچەکە و دەورووبەری کوردستان یاد دەکرێتەوە و جێژنی بۆ دەگرن، بەڵام لە بواری مێژوویی و سیاسییەوە نەورۆزی کورد لەگەڵ نەورۆزی نەتەوەکانی دیکە جیاوازی هەیە و تەنانەت باری شوناسخوازانە و نەتەوەیی لەخۆ دەگرێت. تا ڕادەیەک ئەم جیاوازییە بەرچاو و دیارە کە لە ئێستەدا ئەو وێژمانەی زاڵە کە نەورۆز تەنیا هی کوردە و نەتەوەکانی دیکە یان لاسایی نەورۆزی کورد دەکەنەوە یان بە زۆر و خۆسەپاندن خۆیان کردووەتە شەریکی ئەم نەریتە مێژووییە. ئەوەیکە هێندێ نەتەوە خۆیان لەم نەریتە کۆنە کردووەتە هاوبەش تەنیا هۆکاری سیاسی هەیە، چونکە نەورۆز کە لە ئێستەدا بەم ناوە ناسراوە لە سەردەمی مادەکان و ئایینی باوی ئەو سەردەمە کە ئایینی میترایی یان مێهر بووە بە ناوی مێهرگان بووە و ئەم جێژنە کە لە سەرەتای وەرزی بەهار بووە و بە ناوی جێژنی گاکوژانیش دەیانناسی، پێوەندی بە ئایینی میتراییەوە هەیە و شوێنکەوتووانی ئەم ئایینە لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە "بورجی گا" کە هێمای سەرما و ساردییە لەلایەن بورجی شێرەوە کە هێمای گەرما و مێهرە دەکوژرێت و لەم کاتدا گەرما بەسەر سەرمادا زاڵ دەبێت. بەڵام دوای کەوتنی دەسەڵاتی مادەکان کە خاوەنداریەتییان لە ئایینی مێهر

کردووە، ئەم جێژنە بۆ سەرەتای پاییز گوازراوەتەوە و ناوی یەکەم مانگی پاییز و جێژنی مێهرگانیش بۆ ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە. هۆکاری سیاسیی پشتی ئەم ئاڵوگۆڕە بۆ ئەوەیە کە سەرکەوتنی هەخامەنشییەکان بەسەر مادەکاندا لە یەکەم مانگی پاییز بووە کە لە ڕۆژژمێری ئێستەی ئێراندا بە مانگی مێهر ناسراوە. ئەم ئاڵوێرکردنە سیاسییە ئەوەمان پێ دەڵێت کە کورد بەردەوام لەلایەن دوژمنانییەوە بە هەموو شێوەیەک پەلاماری دراوە و شکستەکانی کراوەتە جێژنی دوژمنان و سەرکەوتنەکانی شێوێندراوە بۆ ئەوەی شەڕی سایکۆلۆژی لەگەڵ کورددا بکرێت. نەورۆز کە واتای ڕۆژی نوێ دەدات لە بەر ئەوەی بۆ کورد گرنگە چونکە ڕەگێکی مێژوویی و سیاسی هەیە و پێوەندییەکی سۆزداری بۆ ئێمەی کورد چێ کردووە. ئەگەر لە ئێستەدا دەبینین کە کوڕان و کچان بە نیسبەت نەورۆزەوە نۆستالۆژیایەکی دەروونی و واتاییان بۆ ساز دەبێت بەبێ ئەوەی ڕەنگە هیچ زانیارییەکی ئەوتۆیشیان لەسەر مێژووەکەی هەبێت، ئەو ڕاستییە دەردەخات کە نەورۆز بە هەموو بارێکییەوە جێژنێکی کۆنی کوردییە کە لەلایەن نەتەوەکانی دیکەوە یان لاسایی دەکرێتەوە یان بە زۆرەملێ خۆیان بە شەریکی ئەم سامانە مێژووییە دەزانن و تەنانەت هێندێ جاریش کوردی لێ بێبەری دەکەن.

**شەهرام سوبحانی**: ڕۆڵ و کاریگەری "نەورۆز" لەسەر پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی چۆن دەبینن؟

**جەمال فەتحی**: لەنێو هەموو نەتەوەیەکدا کۆمەڵێک پارادایم هەن کە دەکرێنە بیانوویەک بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییان، کوردیش کە هەزاران ساڵە لەلایەن گەلانی کۆچەرییەوە پەلامار دەدرێت و سەدان ساڵیشە لە دەسەڵاتی هاوشێوەی دەسەڵاتە مۆدێرنەکان بێبەشە، لە هەموو دەرفەت و پارادایمێک کەڵکی وەرگرتووە بۆ ئەوەی ناسنامە و شوناسی خۆی بپارێزێت. بەرگریکردن لە ناسنامە بە شێوازی جۆراوجۆر لە کوردستان سەدان ساڵە دەبینرێت و بووەتە کەتوارێک بۆ هەموو جیهان، ڕەنگە ئەم بەرگریکردنە نەگەیشتبێتە ئەنجامی خۆی و کوردیان وەکوو نەتەوەکانی دیکە نەکردبێتە خاوەن دەسەڵات و دەوڵەت بەڵام بەو هەمووە پەلامارە بێڕەحمانانەی کە کراوەتە سەر کورد ئەگەر ئەم بەرگرییانە نەبووبایتن بەدڵنیاییەوە ئێستە پرسێک بەناوی کورد بوونی نەبوو. زۆر پارادایم هەن کە دەکرێت وەکوو بیانوویەک بۆ بەرگریکردن لە شوناسی کورد چاویان لێ بکرێت، بەڵام نەورۆز وەکوو بۆنەیەکی نەتەوەیی هەموو ساڵێک لە کوردستان دەبێتە دەرفەتێک بۆ هەڵکردنی ئاگری ڕق و تووڕەیی لە هەمبەر داگیرکەرانی کوردستان و وەکوو قۆناغێکی هەستیار لە مێژووی ئەم نەتەوە گرنگی پێ دەدرێت. ئەگەر ئێمەی کورد کە ناسنامەمان لەلایەن چوار دەوڵەتی تازە سەرهەڵدراوەوە کەوتووەتە بەر هەڕەشە و مەترسی لەنێوچوون، بە کەمتەرخەمی لە پاڵ زمان، دابونەریت، مێژوو و خاکمانەوە تێپەڕین و یان بەشێک لە ئێلێمانە نەتەوەییەکانمان بە خەمساردی چاو لێ بکەین بەدڵنیاییەوە نەوەکانی داهاتوومان چ لە دۆخی سەردەستی بێت چ دۆخی بندەستی ناتوانن کوردبوونی خۆیان بسەلمێنن یان داکۆکی لە بوونیان خۆیان بکەن. یەکێک لەو ئێلێمانانە کە وەک وتمان هەم باری کۆمەڵایەتی هەیە و هەم باری مێژوویی و سیاسی، نەورۆزە کە هێندە بۆ سەلماندنی کورد وەکوو نەتەوەیەکی


سەرچاوە
Serchawe

خاوەن مێژوو و دێرین لە ناوچەکە گرنگە کە بەردەوام داگیرکەران هەوڵیان داوە ئەم بۆنە و خۆشییە لە خەڵک بگرنەوە و نەهێڵن ئاگری نەورۆز لە کوردستان هەڵکرێت.

**شەهرام سوبحانی**: جیاوازی نەورۆزی کوردستانی لەگەڵ نەورۆزی ئێرانی چییە؟

**جەمال فەتحی**: نەورۆزی کوردستان تەنیا ئاماژە بە بووژانەوەی سروشت و گۆڕینی کەشوهەوا نییە، بەڵکوو جیا لەمە نەورۆزی کوردەواری باری سیاسی و مێژوویی هەیە و بەڕێوەبردنی بۆنەی نەورۆز لە سەری ساڵدا پێناسە و سیمایەکی جیاوازتری لەگەڵ نەورۆزی نەتەوەکانی دیکەی نێو جۆگرافیای ئێران هەیە. ئەوەی لە نەورۆزەکانی کوردستان دەبینرێت هەم لە رواڵەتدا و هەم لە نێوەرۆکدا زۆر جیاوازە، چونکە نەورۆزی نەتەوەکانی دیکەی ئێران جگە لە فارسەکان پێناسەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە کە پێوەندی بە گۆڕینی وەرزی زستان بۆ بەهار هەیە و تەنیا بیانوویەکە بۆ ئاڵوگۆڕی دۆخی ژیانی و رابواردن لە چەند رۆژی سەرەتای ساڵدا. بەڵام فارسەکان کە بە زۆرینە عەقڵیەتی ئێرانشارییان هەیە روانگەیەکی سیاسی و مێژوویییان لەسەر نەورۆز هەیە و وەکوو دەرفەتێک بۆ بەربەرەکانێ و شەڕی دەروونی لە هەمبەر کوردەوە کەڵکی لێ وەردەگرن. بۆیە نەورۆز هەم بۆ کورد و هەم بۆ دوژمنەکەی کە هەڵگری عەقڵیەتی ئێرانشارییە هەم باری کۆمەڵایەتی هەیە وەکوو نەتەوەکانی دیکە و هەم باری مێژوویی و سیاسی. لە بواری مێژوویی و سیاسییەوە عەقڵیەتی ئێرانشاری لە دۆخی هێرشبەری و خۆسەپاندنایە و عەقڵیەتی کوردایەتی دۆخی بەرگریکاری و خۆسەلماندنی لەخۆ گرتووە. ئەم دوو دۆخە کە مێژوویەکی چەند هەزار ساڵەیان هەیە تەنیا لە ڕێکەوتێکی وەکوو نەورۆزدا قەتیس ناکرێنەوە، بەڵکوو بەریەککەوتنی عەقڵیەتی خۆسەپاندن و خۆسەلماندن لە زۆر بوار تەنانەت لە بواری کۆمەڵایەتی و ژیانی ڕۆژانەشدا خۆ دەنوێنن. نەورۆزی کوردی کە نەورۆزێکی حەماسی و شۆڕشگێڕانەیە لە هەمبەر ئەو پێناسە نامۆوانەی کە بۆی دەکرێت دەوەستێتەوە و بە هەڵپەڕکێ و بازدان بەسەر ئاگردا ئەو کەتوارە مێژوویییەی سەردەمی دەسەڵاتداریەتیی ماد و باوەڕبوونی ئایینی سەرزەوینیی میترا دەسەلمێنێ کە جێژنی سەرەتای ساڵ و یەکەم ڕۆژەکانی بەهار لە چوارچێوەی جێژنی گاکوژی و بە واتای سەرکەوتنی گەرما بەسەر سەرمایە. بازدان بەسەر ئاگری نەورۆز و هەڵسووڕان بە دەوریدا ئەوەمان پێ دەڵێت کە دوای سەرمای زستان بەرەبەرە کەشوهەوا بەرەو گەرما دەڕوات و گەرما و تینی ئاگر هەم بۆ ژیان پیرۆزە و هەمیش لەژێر ڕکێف و کۆنترۆڵدایە کە لە بازدان و پەڕینەوە بەسەر ئاگری نەورۆزدا خۆ دەنوێنێ. ئەم نەریتانەی کە لەسەر نەورۆزی کوردەواری باس کران هیچیان لە نەریتی نەورۆزە دزراوەکانی نەتەوەی خۆسەپێندا نابینرێت بەڵکوو وەک چۆن لە مێژوو و پێناسەکەیدا چەواشە کراوە، لە بەڕێوەبردنیشی دەسکاری و گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

بۆچی داگیرکەرانی کوردستان هەموو ساڵێک بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن پێش لە بەڕێوەچوونی جێژنی "نەورۆز" بگرن؟



سەرچاوە
Serchawe

ئەوەیکە داگیرکەرانی کوردستان هەموو ساڵێک هەوڵی بەرێوەنەچوونی جێژنی نەورۆز و هەڵنەکردنی ئاگری نەورۆز دەدەن بۆ ئەو وزەیەی دەگەڕێتەوە کە کورد لە نەورۆزی وەردەگرێت و هەموو ویست و ئیرادەی خۆی بە بۆنەی جێژنی نەورۆزەوە بە چاوی دوژمن دەدات و پێی دەڵێت: وەک چۆن ئاگری نەورۆز پاش هەزاران ساڵ نەکوژاوەتەوە و هەموو ساڵێک لەگەڵ بووژانەوەی سروشت هەڵدەکرێت، ئاواش هەستی کوردایەتی دەبووژێتەوە و سەرەڕای ئەو هەمووە کوشتن و بڕینانە دیسان کورد هەر ماوە و قەت نامرێ. دوژمن باش دەزانێت کە کورد لە ڕێگای نەورۆزەوە شەڕی شوناس و ناسنامە لەگەڵ داگیرکەرانی خۆی دەکات و تا ئاستێک لە چییەتی و کێیەتی خۆی تێگەیشتووە کە بەتەواوەتی لە بۆنەیەکی وەکوو نەورۆز سنووری خۆی و ئەوی ترەکان دەکێشێتەوە و پێیان دەڵێت: ئەگەرچی سەدان ساڵە بەسەر خاک و وڵاتمدا خۆت سەپاندووە، بەڵام کورد وەکوو ئاگری نەورۆز لەسەر داوا ڕەواکانی خۆی سوورە. بەگشتی بۆنەی نەورۆز لە ڕوانگەی دوژمنانی کورددا تەنیا بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی و یان میراتێکی کۆن نییە، بەڵکوو بۆنەیەکە کە بوونی هەزاران ساڵەی کورد نەک لە خاکی خۆی بەڵکوو لە ناوچەکە دەسەلمێنێ.

**شەهرام سوبحانی**: هەموو ساڵێک دەبینین کە هەندێک موسڵمانی کورد بە مەوعیزە بەرەورووی جێژنی نەورۆزی دەبنەوە و دەیانهەوێ ئەم جەژنە نەتەوەییە تێک بدەن، بۆ؟

**جەمال فەتحی**: لە کوردستان لە هەمبەر پرسی کورددا و بەرەورووبوونەوە لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردی جیا لە دوژمنانی دەرەکی و داگیرکەران و جیا لە ئەو جاشانەی کە بە ڕاشکاو و ڕاستەوخۆ چەکیان هەڵگرتووە و لە بەرانبەر نیشتمان هەموو وزەی خۆیان بۆ سەرکوتی بزاڤەکانی کورد بەکار دەهێنن، هێندێ بیری توندئاژۆی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان گەشەیان کردووە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن نەورۆز بۆنەیەکی دژە ئیسلامییە و کورد بە ئاگرپەرەست و مەجووسی ناو دەبەن. ئەگەرچی کۆمەڵگەی کوردستان بە زۆرینە موسڵمانن، بەڵام موسڵمانبوونی کوردستان لە ڕابردووەوە هەتا ئێستە جیاواز بووە لەگەڵ موسڵمانبوونی نەتەوەکانی دیکە بەتایبەت نەتەوە داگیرکەرەکانی کوردستان کە تەنیا ئیسلام وەکوو ئامرازێک بۆ بەرژەوەندیی و دەسەڵاتی خۆیان بەکار دێنن. ئەم وێژمانانە کە بەرەورووی نەورۆزی کوردی دەبنەوە بەشێکیان گرێدراوی ئیسلامی سیاسیی دەرەوەی ئێرانن کە بە ناوی ئیسلامی واقیعی و سەلەفییەت بە دژی کورد دەوستنەوە و بە بڕیارێکی ڕەها کورد وەکوو نەتەوەیەکی کافر و نەورۆز بە بۆنەیەکی ئاگرپەرەستی لە قەڵەم دەدەن؛ بەشێکی دیکەی ئەم وێژمانە گرێدراوی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامین و لەلایەن سپای تێرۆریستی پاسداران و ئیتلاعاتەوە لێدوان و وتەی توندئاژۆیانە بە دژی نەورۆزی کوردی دەدەن و لە لێدوانێکی بێبنەما و دوور لە لۆژیکدا هەڵپەڕکێی کوڕان و کچانی نیشتمانپەروەر کە تەنیا سۆزی نیشتمانپەروەری هانیان دەدات کە خۆشک و برایانە دەست لە دەستی یەک و ڕەشبەڵەک هەڵدەپەڕن، بە ئاکارێکی دژە بەها دژ بە بیری خەڵکی موسڵمانی کورد لە قەڵەم دەدەن. هەموو ئەم لێدوانە بێبنەمانەی

کە بەرەورووی نەورۆز و بۆنە کوردییەکان دەبنەوە تەنیا یەک هۆکاری هەیە ئەویش دوژمنایەتی نەتەوەیەکی چەوساوەیە کە هەزاران ساڵە بە هەموو شێوەیەک هەوڵی لەنێوبردنی دەدرێت و دیسان هەر لەسەر پێیە و بە هەڵپەڕکێ و سروودەکانی بە دوژمنانی دەڵێت: ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان، نایشکێنێ دانەیی تۆپی زەمان......

**شەهرام سوبحانی**: گرینگی بەڕێوەچوونی جێژنی نەورۆزی ئەمساڵ لە "کرماشان" و بە تایبەتی "ورمێ" لە چیدا بوو؟

**جەمال فەتحی**: کوردستانی بندەستی داگیرکەران جیا لە ئەوەیکە هەزاران ژینۆساید و کۆمەڵکوژی بە سەریدا هاتووە، بە هەموو شێوەیەکیش هەوڵ دراوە کە دێموگرافییەکەی بشێوێندرێ. خوارەوەی کوردستان کە "ئیلام" ، "کرماشان" و تەنانەت "لوڕستان" لەخۆ دەگرێت و هەروەها "ورمێ" و شارەکانی دەوروبەری لەو شوێنانەی کوردستانن کە بە هۆی گرنگبوونیان لە بواری ستراتیژی و ژێئۆپۆلۆتیکییەوە هەوڵ دراوە سیمای کوردبوونیان لێ دابماڵدرێت. هەوڵەکانی دوژمن لەم ناوچانە بە شێوازی جۆراوجۆرەوە روویان داوە، بۆ نموونە: لە پارێزگاکانی خوارەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی بوونی ئایین و ئایینزا جۆراوجۆرەوە لەلایەن دوو ڕێژیمی پالەوی و ئاخوندییەوە هەوڵ دراوە لە کوردبوون دوور بخرێنەوە و شوناس و ناسنامەی کوردبوونیان لێ بستێندرێتەوە و لە ورمێ و شارەکانی دەوروبەری کە سەدان ساڵە تورک هاوردە کراوە، بەردەوام لەلایەن ڕێژیمە داگیرکەرەکانەوە پشتی فاشیزمی تورکی گیراوە کە ببنە سەرئێشە بۆ ژیانی کوردێک کە خاوەنی ڕەسەن و ڕاستەقینەی ئەم شارانەن. ئەم هەمووە پیلان و گەڵاڵانەی کە لەم شوێنە ستراتیژیکانەی کوردستان هاتوونەتە ئاراوە بۆ ئەوە بووە کە کاتێک کورد داوای بەڕێوەبەری و سەروەری خۆی کرد، لەم سۆنگەوە کێشەی بۆ ساز بکەن، کەچی پاش ئەو هەمووە تێچووە و پیلانە نگریسانە دەبینین کە چەند ساڵێکە لە "ئیلام" و "کرماشان" هەستی کوردایەتی چەندە گەشەی کردووە و تەنانەت تا ئاستێک ڕادیکاڵتر و تۆختر لە ناوچەکانی دیکە هاواری کوردبوون بەرز دەکرێتەوە. هەروەها لە ورمێش کە ساڵانێکە ئەو تورکە فاشیزم و خۆسەپێنانەی کە هەم وەکوو شەریکی دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانی و هەم داردەستی دەوڵەتە تورکەکانی ناوچەکەن بەرەورووی بزووتنەوەی کورد دەبنەوە نەک "ورمێ" بەڵکوو هەتا "سنە"بە موڵکی خۆیان دەزانن، چۆناوچۆن بە بینینی نەورۆزی سەد هەزار کەسیی ورمێ سەریان لە بەردیدا و تووڕەیی خۆیان بە شێوەیەکی نامرۆڤانە دەربڕی. بۆیە ئەگەر بە وردی چاو لەم ڕووداوانە بکەین و بە دوای هۆکارەکانی بگەڕین، دەبێت ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە کوردستان خاک و مۆڵکی کوردە و بست بە بستی بۆ دوژمنانی جێی تەماحە. ئەگەریش لە شوێنێک وەکوو "ئیلام"، "کرماشان" و "ورمێ" پیلانەکانی دوژمن بە زەقی دەبینرێت و تووڕەیی دوژمن بەرچاوترە، ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەم شوێنانە دڵی کوردستانن و وەکوو گلێنەی چاومان دەبێت پارێزگارییان لێ بکەین.

**شەهرام سوبحانی**: بۆچی داگیرکەران هەوڵ ئەدەن بۆنە نەتەوەییەکانی کوردستان لە باوەشی کورد ڕاماڵن؟ و بە ناوی



سەرچاوە
Serchawe

خۆیانەوە تۆماریان بکەن.

**جەمال فەتحی**: بۆ ئەوەیکە دوژمنانی کوردستان بوونی خۆیان لە نەبوونی کورددا دەبیننەوە، دوژمنانێک کە لە ڕاستیدا دانیشتووانی ئەم ناوچە نین و نەتەوەگەلێکی گەڕۆک بوون کە لە ڕابردوودا بە دوای بژیوی ژیانیان ڕوویان لە وڵاتێک کردووە کە خاوەن خاکێکی پڕ پیت و بەرەکەتە و خاوەنەکەی خاوەن مێژوویەکی قایم و کۆنە. بۆیە داماڵین کورد لە مێژووی خۆی و ئەو بۆنانەی کە هەر کام چیرۆک و بەسەرهاتێکن لە بوون و کەتواری کورد دەتوانێت ڕێخۆشکەری سیاسەتە ئاسمیلاسیۆنەکانی ئەم دوژمنانە بێت.

**شەهرام سوبحانی**: کاک جەماڵ سپاس بۆ ئەوەیکە هەتا ئێستا لەگەڵمان بووی و ماندووش نەبی

**جەمال فەتحی**: سپاس و ڕێز بۆ جەنابیشتان، ئێوەش ماندوو نەبن.

١٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥

---



سەرچاوە
Serchawe

## عیرفان ڕەهنموون: ئاگایی نەتەوایەتییە کە بەرنامە و ڕێکاری خەباتکارانە دادەڕێژێ و دەتوانێ نەتەوەی ستملێکراو بە ڕزگاری و ئازادی شاد بکات



### ئاماژە:

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاش ڕووداوی تیرۆریستی ٧ی ئۆکتۆبر، هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت شوێنی ململانێی زلهێزەکان بە تایبەت ئیسرائیل لەگەڵ گروپە نیابەتییەکانی ڕێژیم بووە، ئاکامی ئەم دەستێوەردانانەی ڕێژیم لە ناوچەکەدا چی دەبێ و بەرەو کوێ دەڕوا، و ئاڵوگۆڕەکانی سووریا دەتوانێ بە چ ئاراستەیەکدا کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دابنێت؟ پێگەی کۆماری ئیسلامی دوای ڕووداوەکانی غەزە، لوبنان و سووریا ئێستا لە عێراق چۆنە و ئایا هاوکێشەیە هەر وەکوو پێشوویە؟، کوردستانی سەربەخۆ لە کوێی هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی نوێدا جێ دەگرێت؟ ئەم پرسیارانە تەورەی سەرەکی وتووێژی ئەمجارەیە کە "کوردستان" بۆ وەڵامدانەوەیان داوای لە زۆر بەڕێز کاک عیرفان ڕەهمنوون، شرۆڤەکاری سیاسی کردووە تا لەم بارەوە زانیاری زیاترمان پێ بدا.**

**شەهرام سوبحانی: کاک عیرفان سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا سەرەتا پێمخۆشە بەم پرسیارە دەست پێ بکەم کە لە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و بە ڕوانینێکی گشتی هەڵسەنگاندنی بەڕێزتان بۆ دۆزی کورد لە هەر کام لە**

شەهرام سوبحانی

**بەشەکانی کوردستان چییە؟**

**عیرفان ڕەهنموون**: دەتوانین بێژین کە دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە ئێستادا و بە تایبەت پاش ڕووداوی تێرۆریستیی ٧ی ئۆکتۆبر لە ئیسرائیل لە قیراناویترین ساتەوەختی مێژوویی خۆیدایە. گۆڕانکاریی گەورە لە ئیسرائیل، غەززە، لوبنان، یەمەن و سووریە هاتۆتە ئاراوە و پریشکی ئەو گۆڕانکارییانەش بەر عێراق، ئێران و تورکیاش کەوتوون و جارێ سەرەتای ئەم بۆمەلەرزە سیاسییە هەژێنەرەیە و بە دڵنیاییەوە، لێکەوتەی زۆر و پێشبینینەکراوی دیکەیشی دەبێ. کورد لە ڕۆژئاوا پاش ئەم گۆڕانکارییانە بە شێوەیەکی گشتی باش خۆی ڕاگرتووە و سپایەکی بەهێزی هەیە و تا ڕادەیەکی بەرچاویش، پشتیوانیی نێونەتەوەییشی بەدوادا هاتووە. بەڵام دوو مەترسیی گەورەیشی لەسەر ڕێدایە کە یەکیان فاشیزمی مەزهەبیی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی سووریایە کە هیچ مافێک بۆ کورد ناپەژرێنێ و ئەوی دیکە ڕێژیمی داگیرکەری تورکە کە ئەگەر بتوانێ، ڕێگەی هەناسەدانیش لە کورد دادەخات. بەگشتی چارەنووسی ئەزموونی ڕۆژئاوای کوردستان بەندە بە ئیرادەی هێزە سیاسییەکانی کورد و درێژەی پشتیوانیی نێودەوڵەتییەوە. باشووری کوردستان تا ڕادەیەک جێگیرە، بەڵام دەوڵەتی عێراق بەهۆی گەندەڵی و دەستێوەردانی ئێران، لەژێر مەترسیی هێرشی ئیسرائیل و تەنانەت ئێرانیش دایە. جارێ ڕوون نییە کە عێراق چارەنووسی خۆی دەبەستێتەوە بە دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانییەوە یان نا. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، هەر گۆڕانکارییەک لە ئێراندا، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر باشووری کوردستان و عێراق دەبێ. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازانە و سەروەرییخوازانەی پتەو لە ئارادایە کە لە شۆڕشی ژینادا گەیشتە لووتکە و لە بۆنەکانی نەورۆزی ئەمساڵدا هەر لە ماکۆوە تا ئیلام و لوڕستانی گرتەوە و سەلماندی کە بزاڤی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە لووتکە دایە و دێر یا زوو بەرهەمەکانی دەردەکەون. دەتوانین بێژین کە ڕێژیمی ئێران لە دوایین قۆناغی تەمەنیدا و یان لەبەرامبەر گوشارەکانی ڕۆژئاوادا پاشکشە دەکات یان گورزی سەربازیی لێدەدرێ. لەهەر دوو حاڵەتدا، پێشبینیی گۆڕانکاریی چارەنووساز لە ئێراندا دەکرێ.

**شەهرام سوبحانی**: لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەستی نەتەوایەتی بەهێزە، لە ڕۆژئاوا بە ڕوویەکی دیکەدا و لە باکوور و باشووری کوردستانیش ئاماژەکان جۆرێکی ترن. بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی لە گێژاوە سیاسی و ئەمنیەتیییەکانی ئێستای ناوچەکەدا چەندە دەتوانێ لە لە بەرژەوەندیی سەروەریخوازیی کورددا بێت؟



## عیرفان ڕەهنموون

**عیرفان ڕەهنموون**: بۆ ئەوەیکە بزانین ماهییەتی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی چییە، دەبێ لێکۆڵینەوە لەو کۆمەڵگەیە بکەین بزانین پێکناکۆکیی سەرەکیی لەو کۆمەڵگەیەدا چییە. دەبێ بزانین درزی و کەلێنی سەرەکیی لەو کۆمەڵگەیەدا چییە. کوردستان بە هەموو بەشەکانییە جگە لە بەشێک لە باشووری کوردستان، هەمووی داگیرکراوە و سیستەمێکی کۆلۆنیالیستی لەوێدا جێگیرکراوە. کەواتە لەوێدا پێکناکۆکیی نەتەوایەتیی بوونی هەیە. پێکناکۆکیی نێوان نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی بندەست. لە پێکدادانی نێوان نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی بندەستدا، هەم هەستی ستەملێکراوی و هەم هەستی نەتەوایەتیی لە ناو ئەندامانی نەتەوەی بندەستدا، سەرهەڵدەدات. هەستێک، کە جۆرێک تێگەیشتنە و گرنگییەکی تایبەتی هەیە. هەمیشەیش هەست لە پێش ژیری و ئاوەزەوەیە. بۆیە نەتەوەی بندەست ئەگەر هەستی نەتەوایەتی نەبێ ئیمکانی ڕزگاربوونی نییە. هەربۆیە هەستی نەتەوایەتی یەکەمین چەخماخەیە بۆ ئاگایی نەتەوەیی. بەڵام هەست بە تەنیا هیچ نەتەوەیەکی بندەستی ڕزگار نەکردوە و هەست تەنیا دەستپێکە. هەست دەبێ بەرە و ئاگایی و ئاوەز هەنگاو بنێ و لەچوارچێوەی هەست تێپەڕێ و ببێتە ئاگایی نەتەوایەتی. چونکە ئاگایی نەتەوایەتییە کە بەرنامە و ڕێکاری خەباتکارانە دادەڕێژێ و دەتوانێ نەتەوەی ستەملێکراو بە ڕزگاری و ئازادی شاد بکات. بەگشتی هەستی نەتەوایەتی لەناو کورددا تا ڕادەیەک باشە، بەڵام ئاگایی نەتەوایەتی بەڕای من لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا لاوازە.

**شەهرام سوبحانی**: بە سەرنجدان بە گۆڕینی دیموگرافیی زۆر لە ناوچەکانی کوردستان بەتایبەت لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان لەسەر دەستی حکوومەتە ناوەندگەراکان و گرینگیی پرسی خاک و حەشیمەت لە یەکلاکردنەوەی هاوکێشە سیاسییەکاندا، خوێندنەوەی ئێوە بۆ کاریگەرییەکانی سیاسەتی تەعریب، تەتریک و تەفریس لە هەموو بەستێنەکانی ژیانی سیاسیی کورددا چییە؟



سەرچاوە
Serchawe

دەبێ ئەوە بزانین کە دوژمنانی کورد( تورک و عەرەب و فارس ) بۆ ئەوە خاکی ئێمەیان داگیر نەکردوە کە ڕەقیان لە کوردە، بەڵکوو حەزیان لە خاکەکەمانە! کوردستان دەوڵەمەندترین خاکە لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چ لە ڕووی کشتوکاڵەوە و چ لە ڕووی ئاژەڵداری و دارستان و سەرچاوە سروشتییەکانەوە. ئێمە زۆرترین زێڕ و نەوت و ئاوی ڕۆژهەڵاتی ناڤینمان هەیە. گۆڕینی دیموگرافی، بۆ دزینی زیاتری سەرچاوە سروشتییەکانمانە. کورد نابێ سیاسەتی گۆڕینی دیموگرافیا قەبووڵ بکات و کورد گوتەنی « قەرز کۆن دەبێ بەڵام نافەوتێ ». بۆیە کورد هیچ ڕێگەیەکی دیکەی نییە جگە لەوەی لە دەرفەتی گونجاودا ئەو خاکانە ڕزگار بکات کە دێموگرافیاکەی شێواوە و بەهەر شێوەیەکە دەلوێ دەبێ بیانگێڕێتەوە بۆ سەر خاکی کوردستان.

**شەهرام سوبحانی:** ڕەخنەگرانی دۆزی کورد دەڵێن ئێستا تەعریبی خۆکرد و خۆویست لە باشووری کوردستان، ڕاهاتن لەگەڵ ئەو دۆخە لە ڕۆژئاوا و جۆرێک بێ‌پلانی لە هەمبەر ئەو سیاسەتەی تاران بەنیسبەت گۆڕانی دێموگرافیی زۆر لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادایە. پێم‌خۆش بوو ڕای ئێوە لە بارەی هۆکارەکان و چەندوچۆنیی ئەو باسەوە بزانم.

**عیرفان ڕەهنموون:** پرۆسەی بە عەرەبکردن و بە تورککردن لە باشوور و ڕۆژئاوا و باکوور پاش "سایکس پیکۆ" دەستی پێکرد و سەرەتا کوردیان لە دەریا دابڕی و پاشان ڕوویانکردە ئەو ناوچانەی کە نەوتیان زۆرە. لە ڕۆژهەڵات مێژووی بە تورککردن ٨٠٠ ساڵە درێژەی هەیە. پێش هاتنی مەغولەکان، کوردستان لکابوو بە ناوچەی مازنی و گیلەکەکانەوە. "تەورێز" پێتەختی فەرمانڕەوایانی کوردی "شەدادی" بوو. هۆکاری ئەو دۆخە لاوازی کورد و نەبوونی بزووتنەوەیەکی چەکدارانەی پتەوە کە ڕێگانەدات دێموگرافیای کوردستان بشێوێ. هێزی چەکداری لە نموونەگەلی وادا قسەی یەکەم دەکات و ئەگەر نەتەوەیەک نەتوانێ چەکدارانە بەرەڤانیی لە خۆی بکات، چارەنووسی لەوە باشتر نابێ.

**شەهرام سوبحانی:** ئاڵوگۆڕەکانی سووریا دەتوانێ بە چ ئاراستەیەکدا کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دابنێت؟

**عیرفان ڕەهنموون:** هەرچەند ڕۆژئاوای کوردستان، بچووکترین پارچەی کوردستانە، بەڵام گەیشتنی ئەو پارچەیەی کوردستان بە مافەکانی ڕاستەوخۆ کاریگەریی ئەرێنی لەسەر هەموو پارچەکانی کوردستان دادەنێ. ڕزگاریی ئەو پارچەیە دەبێتە هۆی ئەوەیکە بۆ یەکەمجار باشووری کوردستان ببێتە دراوسێی دەسەڵاتێکی کوردی. ئەمە ئەوان دەکات بە قووڵایی ستراتیییکی یەکتر. ڕۆژئاوا دەبێتە دراوسێی باکووری کوردستان و کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ئەوێ دادەنێ و تورکیە ناچار بە نەرمینواندن لەسەر پرسی کوردستان دەکات. هەروەها کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ڕۆحییەی کوردی ڕۆژهەڵاتیش دادەنێ. ئەم

پرسە، پرسی کوردستان لە ئاستی جیهانیدا زۆر دەباتە سەر و دۆزی کورد زیاتر بە جیهان دەناسێنێ.

**شەهرام سوبحانی**: پێگەی کۆماری ئیسلامی دوای ڕووداوەکانی غەزە، لوبنان و سووریا ئێستا لە عێراق چۆنە و ئایا هاوکێشەیە هەر وەکوو پێشوویە؟

**عیرفان ڕەهنموون**: دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانی لە پاش ٧ی ئۆکتۆبرەوە لە لاوازترین دۆخی خۆیدایە لە ٤٦ ساڵی ڕابردوودا. سووریەی لەدەستداوە و ڕێژیمی دژە ئێران لەوێ هاتۆتە سەرکار. حیزبوڵڵای لوبنان نیوەگیان کراوە و حوسییەکانی یەمەن لەژێر گورزی گراندان. حەشدی شەعبی ناوێرێ پەل ببزوێ. ئێران لەژێر گەمارۆی زۆر توندی ئابووریدا و ئەو ڕێژیمە تەنانەت ناتوانێ ئاو و کارەبای خەڵک دابین بکات. ئێران دوو ڕێگەی لەپێشە یان وتوویژ دەکات و ئاڵای سپی هەڵدەکات یا گورزی گورچک بڕی لێدەدرێ. لە هەر دوو ئەگەرەکەدا، ئیمکانی گۆڕانکاری گرنگی سیاسی بوونی هەیە.

**شەهرام سوبحانی**: کوردستانی سەربەخۆ لە کوێی هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی نوێدا جێ دەگرێت؟

**عیرفان ڕەهنموون**: تا ئێستا کوردستانی سەربەخۆ بوونی نییە، بوونەکەی پەیوەندی بە ئیرادەی خەڵکی کوردستانەوە هەیە. بەڵام کوردستانی سەربەخۆ بەپێی زانستی لۆژیک مەحاڵ نییە، بەڵکوو مومکینە. بەپێچەوانەی خەڵکی دیکە کە پێیان وایە ڕەوشی ناوچە و جیهان بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەبار نییە، من پێموایە هێشتا ئەو ئیرادەیە لە خەڵکی کوردستاندا بوونی نییە. ئیرادە لە ئاگاییەوە سەرچاوە دەگرێ. وەک پێشتر باسم کرد، ئاگایی نەتەوایەتی لە ناو خەڵکی کوردستاندا بەگشتی لاوازە. مێژوو سەلماندوویەتی کە هیچ هێزێک لەبەرامبەر ئیرادی نەتەوەکاندا بۆ سەروەریی خۆیان ناتوانێ خۆی ڕابگرێ. دیارە جارێ باس لە سەربەخۆیی پارچەیەکی کوردستانە، چونکە بەداخەوە ئێمە بزووتنەوەیەکمان نییە کە هەوڵی ڕزگارکردنی هەموو کوردستان بدا. کارەساتبارتر لەوە ئەوەیە کە ئێمە گوتاری سەربەخۆییمان نییە و هیچ حیزبێکی گەورەی هیچ پارچەیەکی کوردستان باسی سەربەخۆیی ناکات. جارێ کورد کەوتۆتە شوێنی تراویلکەی ئۆتۆنۆمی و فێدرالیزم و برایەتی گەلان. ئەگینا چۆن نەتەوەیەکی ٧٠ میلیۆنی ناتوانێ سەربەخۆ و سەروەر بێ؟

**شەهرام سوبحانی**: چەک، ئابووری، یان دیپلۆماسی کامیان دەتوانن دەوری سەرەکی لە گۆڕینی ستاتوی کورددا ببینن؟

**عیرفان ڕەهنموون**: هەم چەک، هەم دیپلۆماسی و هەم سەرمایە بۆ کاری سیاسی گرنگن. بۆ نەتەوەیەکی بندەست چەک گرنگترین کەرەستەیە. نەتەوەی بندەست خاکەکەی بە چەک داگیر کراوە، دیارە تەنیا بە چەکیش ڕزگار دەبێ. دیپلۆماسی

تـا ئێسـتا و تەنـانەت لە ئەورووپایشـدا نەیتوانیـوە، پرسی نەتەوایەتـی چارەسـەر بکـات. ئەوە باسـک و ئەوە کاتـالان و ئەوەش ئیسکاتلەند. دیپلۆماسی بـۆ بـوونی خەبـاتی چەکـداری مانـای نییە. دیپلۆماسـی واتە دان و سـتاندن. بـۆ چەک چـی دەتـوانی پێشکەش بکەیـت و چـی دەتـوانی وەرگـری. مەبەسـتی مـن لەچەک تەنیـا کلاشـینکۆف نیـیە، چەکـێکە کە بتـوانێ هاوسەنگیی هێز لە ماوەیەکی دیاریکراودا لە بەرژەوەندی کورد بگۆڕێ.

**شەهرام سوبحانی**: کاک عیرفان سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا و ماندووش نەبن

**عیرفان ڕەهنموون**: سپاس بۆ ئێوەش هاوڕێیانی ماڵپەڕی کوردستان میدیا، ماندوو نەبنەوە.

٢١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥

# دڵزار عابدی: هونەر ئەو ئەکتەیە کە ڕاستەوخۆ لە خولقاندنی جیهانێکی ئیدەئاڵ بۆ هەرمانکردنی خۆی و مرۆڤایەتی هەنگاو دەنێت



وتوویژ: شەهرام سوبحانی

**دڵزار عابدی: هونەر ئەو ئەکتەیە کە ڕاستەوخۆ لە خولقاندنی جیهانێکی ئیدەئاڵ بۆ هەرمانکردنی خۆی و مرۆڤایەتی هەنگاو دەنێت و لە بەراوەردکاری و دادوەری و لێکدانەوەدا ئەم هەنگاو و ئەکتە واتا پەیدا دەکات**

## ئاماژە:

هونەر و مۆسیقا بەشێکە لە شوناسی هەر نەتەوەیەک کە هەڵگری دەیان پەیام و چیرۆکی لەمێژینەی گەلێکە کە بە درێژایی مێژوو لەگەڵیان ژیاوە، و تەنانەت دەتوانێ وەکوو ئاوێنەیەک یا تابلۆیەک بێت بۆ ناساندنی میللەتێک بە میللەتانی دونیا. لە درێژەی ئەم وتوویژەدا بۆ باسی زیاتر لەسەر هونەر و مۆسیقای کوردستان و کاریگەری مۆسیقای کوردی لەسەر مۆسیقای وڵاتانی دونیا و ڕۆڵی مۆسیقا و گۆرانی لە پاراستنی "شوناسی نەتەوەیی" و... داوامان لە بەڕێز کاک دڵزار عابدی، کارناس مۆسیقا کردووە تا پێکەوە تیشکی زیاتر بخەینە سەر ئەم بابەتە.



دڵزار عابدی

**شەهرام سوبحانی**: کاک دڵزار سپاس بۆ بەشداریتان لەم وتووێژەدا سەرەتا پێمخۆشە بەم پرسیارە بچینە ناو باسەکەمان کە، دەڵێن: "بۆ ناسینی میللەتێک گوێ لەگۆرانییەکانیان بگرە"، ڕوانین و بۆچوونی بەڕێزتان بۆ ئەم وتەیە چییە؟ چی لە ئاواز و گۆرانییەکاندا بوونی هەیە کە دەتوانێ کارنامەیەک بێ بۆ ناسینی میللەتێک؟

**دڵزار عابدی**: ئەم بیرکردنەوەیە تا ڕادەیەک دروستە و تا ڕادەیەک نادروست، لەو ڕووەوە کە زمان، ئایین، کولتوور، دابونەریتەکان و عەقڵی سەلیم لەسەر مۆسیقا شوێندانەرن و دەتوانین تا ڕادەیک بە گوێ گرتن بۆ مۆسیقای هەر نەتەوەیەک ناسینێکی سەرەتایی لەو نەتەوەیە پەیدا بکەین. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەمە بە شێوەیەکی مۆتڵەق نییە. چوون مۆسیقا هەموو بەشەکانی بیرکردنەوە و ژیانی ئەو نەتەوەیە ناگوازێتەوە. بەتایبەت مۆسیقای بێ وشە کە لە جەوهەری خۆیدا هونەرێکی ئەبستراکتە و هەڵگری پەیامێکی ڕاشکاو و ڕوون نییە بەڵکوو بەپێی بیرکردنەوەی تاکەکان دەتوانێت پەیامی شاراوەی میوزیکەکە بگۆڕێت. هەروەها سیاسەت، ئابووری، ڕەوتە زاڵەکان دەتوانن ئاراستەی ڕاستەقینەی میوزیکی وڵاتێک بگۆڕن و نەهێڵن ناسینێکی ڕاستەقینە لەو نەتەوەیە پەیدا بکەین. بابەتەکە ساکار نییە، بەڵکوو هەڵگری چەندین ڕەهەندی جۆراوجۆرە. بەتایبەت لە سەردەمی ئێستادا کە تاکتەوەری هەم لە ئاستی هونەرمەندان و هەم لە ئاستی خەڵکدا ڕەوتیکی زاڵە، هونەر زۆرتر گێڕانەوەیەکی ئیندیویدواڵ و تاک گەرایە تا گێڕانەوەیەکی گشتی و نەتەوەیی. ڕەنگە بکرێت بە خوێندنەوە بۆ ئۆپێراکانی واگنەر و بێرلیوز بتوانین ڕەگەکانی پێکهاتنی چینی مام ناوەند و چینی کاپیتال لە ئورووپای سەدەی نۆزدە بدۆزینەوە، یان بە گوێ گرتن لە بەیتێکی "خلە دەرزی"کۆمەڵگەی کۆنی کوردستان باشتر بناسین بەڵام بە گوێ گرتن لە میوزیکی ئێستای کوردی ناتوانین بە ئەنجامێکی ڕوون و لۆژیکاڵ بگەین. خوێندنەوەی کۆمەڵناسانە بۆ میوزیک بە شێوەیەکی ڕێژەییە و تا ڕادەیەک دەتوانێت ڕاست بێت.



سەرچاوە
Serchawe

**شەهرام سوبحانی**: بە بڕوای بەڕێزتان ئەو تازە لاوانەی کە ئێستا هاتوونەتە نێو دونیای هونەر، چۆن دەتوانن هەڵگری پاشناوی "هونەرمەند" بن؟

**دڵزار عابدی**: تا ئێستا لە هیچ جێگەیەک تایتڵی "هونەرمەند"م لە خۆم نەداوە. پێم وایە ئەوە بابەتێکە خۆم نابێت دادوەری بکەم. پێم وایە کەسێک دەتوانێت دەیان ساڵ ئاوازدانەر، ژەنیار، گۆرانیبێژ، مامۆستای میوزیک و تاد بێت، بەڵام هونەرمەند نەبێت. هونەرمەند بوون بەبڕوای من ئاستێکی گەلێک بەرزترە لەوانەی ناوم لێ برد. لە باشترین حاڵەتدا پێناسەی "کانت"ی لە هونەر- "بلیمەت بوون بۆ ئافراندن و زەوق بۆ دادوەری- بووەتە بناغەیەک بۆ پێناسەکردنی هونەرمەند لە دونیای ئەمڕۆدا". هەر لەسەر ئەم بنەمایە هەر ئاوازدانەر و ژەنیار و گۆرانیبێژێک تایتڵی بۆ خۆی هەڵدەگرێت. بەڵام بە بڕوای من بیرکردنەوەی "کانت" لە پێناسەکردنی هونەردا تا ڕادەیەک کرچ و کاڵە. ئەگەرچی ئافراندنی هونەر پێویستی بە بلیمەت بوون هەیە و لە دادوەریدا ئەمە دەردەکەوێت، بەڵام دیسان لێرەدا پرسیارێکی بنەڕەتی دێتە ئاراوە کە ئەم بلیمەتە دەبێت چی بخولقێنێ کە پێی بوترێت هونەرمەند؟ چی هونەرە؟ لە ڕوانگەی کانت دا هەر بابەتێک کە زۆرتر لە سروشت نزیک بێتەوە. بەڵام لێرەدا هەر بابەتێکی ناتوورالیستی دەچێتە زومرەی ناهونەر. جۆرێک لە بەرتەسک کردنەوەی دونیای هونەر. بەبۆچوونی من "نێلسۆن گودمەن" تا ڕادەیک پێناسەیەکی باشتری هەیە و دەڵێت: "هونەر ئەوەیە ڕاستەوخۆ لە ئافراندنی دونیادا ڕۆڵی هەبێت و لە ئاکامدا دونیایەکی نوێ بخولقێنێ". ناتەواوی بۆچوونەکەی گودمەن لەوە دایە کە بەدڵنیایی هەر دونیایەکی نوێ غایەت و ویستی مرۆڤانەی مرۆڤ نییە. بەڵکوو خولقاندنی دونیایەکی ئیدەئاڵە. کە ئەمە تا ڕادەیەک ئەوەیە کە "هێگل" باسی دەکات.

**شەهرام سوبحانی**: ئەدی ڕوانگەی بەڕێزتان لەم بارەوە چییە؟

**دڵزار عابدی**: ڕوانگەی خۆم تێکەڵێکە لە هێگل، گودمەن، ئارتوور دانتۆ و شیلێر؛ من پێم وایە هونەر ئەو ئەکتەیە کە ڕاستەوخۆ لە خولقاندنی جیهانێکی ئیدەئاڵ بۆ هەرمانکردنی خۆی و مرۆڤایەتی هەنگاو دەنێت و لە بەراوەردکاری و دادوەری و لێکدانەوەدا ئەم هەنگاو و ئەکتە واتا پەیدا دەکات. وەک خۆم بەپێی ئەو پێناسەیە چەند سەرکەتوو بوومبێتم دەبێت کەسانی دیکە دادوەری بکەن.

**شەهرام سوبحانی**: کاریگەری مۆسیقای کوردی لەسەر مۆسیقای وڵاتانی دونیا چۆن دەبینن؟

**دڵزار عابدی**: بەگشتی مۆسیقای کوردی لە قۆناغی لاوازی خۆیدایە. بە هۆی بێدەوڵەتی کورد و نەبوونی ستراتیژی کولتووری دروست، ئێمە نەمانتوانیوە ڕۆڵێکی باش لە میوزیکی جیهاندا بگێڕین. لە ئێستادا لە قۆناغێکین دەبێت بۆ مانەوە بجەنگین. واتا لە قۆناغێکی هەستیاری مێژوویی داین. مۆسیقای کوردی بووەتە پاشکۆی مۆسیقای تورکی و فارسی، بە گەورە و بچووکەوە کاریگەری تورکی و فارسی لەسەرە. لە بەرامبەری ئەم هێژمۆنەدا تا ڕادەیەک بێ هەڵوێستین. پێم وایە ئێستا خاڵێکی مەترسیداری میوزیکی کوردییە و ڕوو لە هەڵدێری نەمان دەچێت. میوزیکی کوردی هەزاران ساڵە توانیویەتی خۆی بپارێزێ و بەردەوام گەشەیەکی سروشتی بکات. ئەم توانستە بووەتە هۆی بێخەمبوونی ئێمە بە نیسبەت ئەم میوزیکە. چوون پێمان وایە مادام هەزاران ساڵ خۆی پاراستووە، ئێستاش دەتوانێت. ئەوە لەبەرچاو ناگرین کە هەزار ساڵ پێش ئێستا تەوژمی کولتووری بە شێوەی ئەمڕۆ نەبوو. بە شێوەیەکی بەردەوام و سیستماتیک پرۆژەگەلی ئاسیمیلاسیۆن و تەوژمی کولتووری لە ئارادا نەبوو. میوزیکی کوردی لە بەرامبەر ئەم مەترسییانە پارێزراو نەکراوە.

**شەهرام سوبحانی**: پێتان وایە کە ڕێگە چارە چییە لە بەرانبەر ئەم مەترسییانەی کە ئەمڕۆ بەرەو ڕووی مۆسیقای کوردی بوونەتەوە؟

**دڵزار عابدی**: پێموایە پێویستی بە پاراستنە، ئەم پارێزراو کردنەش پێش هەموو شتێک پێویستی بە خەمخۆرییەکی گشتی لە ئاستی بەرزی دەسەڵات تا تاکی کورد و هونەرمەندان و میدیاکاران هەیە. کە بتوانین پرۆژەیی و ئامانجدار سیستەمی بەرگری و پارێزمەندی ئەم میوزیکە دابین بکەین.

**شەهرام سوبحانی**: پێتان وایە هونەرمەندانی کورد توانیویانە هونەر وەک چەکێک بۆ بەرگری لە شوناسخوازی و هەروەها وەک ئامرازێک بۆ گەشەی بیری نەتەوەیی بەکار بێنن؟

**دڵزار عابدی**: لە هەندێک قۆناغدا و بە شێوەیەکی پەرتەوازە (نەک گشتگیر) ئەم بابەتە تا ڕادەیەک ڕووی داوە. بەڵام نە بە مەدرەسە کراوە، نەک لەلایەن خودی ئەو هونەرمەندانەوە درێژە دراوە، نە بناغەیەکی تیۆریکی هەبووە. زۆرتر پەرچەکردارێک بووە بە دۆخێکی سیاسی - کۆمەڵایەتی کە هونەرمەند تێیدا ژیاوە و بە گۆڕینی ئەم دۆخە جۆر و شێوازی کاری ئەویش گۆڕدراوە. دیارە ئەمە بابەتێکی چاوەڕوان کراوە، بەڵام هونەرمەندی خاوەن بیر پێویستە هەنگاوێک یان چەند هەنگاو لە پێش کۆمەڵگەی خۆی بێت، نەک پاشکۆ بێت. ئەمە بەو واتایە نییە کە پێویستە ئاوانگارد یان پۆست مۆدێڕن بێت. بەداخەوە چوون ئێمەی کورد بنەمای فەلسەفیمان زۆرتر چەپییە، زۆربەی کات پێشڕەوبوون بە ئاوانگاردبوون و پۆست مۆدێڕن بوون لێک دەدەینەوە. لە حاڵێکدا من پێموایە لە ئێستادا هونەرمەندی پێشڕەو لە کوردستان ئەو کەسەیە کە

بتوانێت لە دارشتنی بنەمای تیۆریک و پراکتیک بۆ ساماندانی رەوتی سەرەکی مۆسیقای کوردی بە شێوەیەکی نەتەوەیی، هەنگاو بنێت. ئەمە کارێکە کە دەبێت بکرێت بەڵام ناکرێت.

**شەهرام سوبحانی**: مۆسیقا و گۆرانی چەندە توانیویەتی لە پاراستنی "شوناسی نەتەوەیی" رۆڵ بگێرێت؟

**دڵزار عابدی**: پێوەندی بە ئەوەوە هەیە کە ئێمە شوناس بەچی پێناسە دەکەین. ئەگەر وەک ئێتنیکێک شوناسێکی کولتووری هەڵبگرێت بە دڵنیایی مۆسیقای کوردی لە پاراستنی ئەو شوناسەدا رۆڵێکی سەرەکی هەبووە. بەڵام ئەگەر کورد وەک نەتەوەیەکی خاک داگیرکراو پێناسە بکەین کە شوناسی ئەو بە خاکەوە گرێدراوە، مۆسیقای کوردی نەیتوانیوە لە دروستکردنی مرۆڤی خاکتەوەر و نەتەوەیی بە رادەی پێویست رۆڵ بگێرێت. رەنگە ئەمە تۆزێک رادیکاڵ بنوێنێت و خوێنەر بە پێچەوانەی ئەمە دەیان سروودی نیشتمانی بیر بێتەوە، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی و لە دیدێکی دوورتر و مەزنتردا سەیری لانیکەم سەد ساڵی رابردووی کورد بکەین دەبینین لایەنی میوزیکی "نەتەوەیی" کەمترین پشکی بەردەکەوێت و میوزیکی بازاری زۆرترین بەشی ئەم کەیکەی داگیرکردووە. جا بۆیە پێموایە میوزیکی کوردی بە شێوەی مێژوویی بەتایبەت لە سەردەمی کەونار تا پێش لە داگیرکرانی کوردستان لە پاراستنی زمان و چیرۆک و دابونەریت و تاد رۆڵێکی مەزن و بەرچاوی گێراوە، بەڵام پاش داگیرکرانی کوردستان تووشی هەڵدێرێکی جیددی بووەتەوە. هەوڵی تاک و ترا و پەرتەوازە بۆ ساخکردنەوەی میوزیکی کوردی بە ئاراستەیەکی دروست دا دراوە، بەڵام بە هەزار هۆکار ئامانجەکەیان نەپێکاوە.

**شەهرام سوبحانی**: یەکێک لەو مەترسییانەی کە ئەمرۆ رووبەرووی مۆسیقای کوردستان بووەتەوە، بە تاڵانبردن و دزینی مێلۆدییە کوردییەکانە لەلایەن داگیرکەرانەوە، وەکوو ئاوازی "ای ایران"، "حەریرحەریرە" و تەواوی ئەو مەقامانەی کە لەلایەن تورکەکانەوە دزراون و دەیان ئاوازی دیکە کە لە ئەسڵدا مێلۆدییەکانی کوردییە، پێتان وایە چۆن دەتوانین بەگژی ئەم تاڵانکارییانەدا بچینەوە و بیانهێنییەوە باوەشی مۆسیقای کوردستان؟

**دڵزار عابدی**: گرنگە بابەتەکە قووڵتر سەیر بکەین، داگیرکەران خەزێنەی کولتووری ئێمە بە سەرمایەی خۆیان دەزانن. لێرەدا کوردستان تەنیا لە بواری سەرمایە مادییەکان بە کۆلۆنی نەکراوە، بەڵکوو لە بواری کولتووریش کۆلۆنایز کراوە. نە تەنیا میلۆدییەکان بگرە ئامێرەکان، ریتمەکان، مەقامەکانیشمان لەلایەن داگیرکەرانی ئێرانی، تورکی و عەرەبی بە تاڵان براون. هەرچەند سەد مەخابن کوردگەلی بێگانەپەرەست و نەیارشەیدا لەم تاڵانکارییەدا رۆڵی سەرەکییان گێراوە. بۆ نموونە: "کامکارەکان" بوون کە ریتمە خانقاییەکانیان و ئامێری دەفیان پێشکەشی داگیرکەری ئێرانی کرد. "ریتم" بنیادی میلۆدییە. لەسەر هەر ریتمێک بە دەیان و هەزاران میلۆدی تازە دادەنرێت. ئەوان نەتەنیا میلۆدی بەڵکوو ریتمە

کوردییەکانیان برد بۆ ئێرانییەکان. کامکارەکان خوێنێکی تازەبوون بۆ میوزیکی فارسی. ئەمە تەنیا کامکارەکان ناگرێتەوە بەڵکوو "ئیبراهیم تاتلیسیش" لە تورکیادا ڕۆڵی بەتاڵانبردنی میلۆدییەکان و فۆرمە ئاوازییەکانی لەئەستۆ بوو. ئەم تاڵانکارییە تا بەرزنەبوونەوەی ئاگایی گشتی و پێکنەهێنانی دەوڵەتی کوردی و بنیادنەنانی ئەکادیمیای کوردستانی، درێژەی دەبێت. بەڵام هەوڵە تاکەکەسییەکان و پرۆژەگەلی بەسود بۆ میوزیکی کوردی دەتوانێ خێرایی ئەم تاڵانکارییە خاو بکاتەوە یان ئەوەی ببنە بەربەستی جیددی. گەڕاندنەوەی میراسی کولتووری پێویستی بە کاری ئەکادمیک و بنخانی هەیە. لەگەڵیدا بەرزکردنەوەی ئاگایی گشتی و پێشکەش کردنەوەی ئەم فۆرم و میلۆدی و ئامێر و ڕیتمانە بە شیوازێکی ئاستبەرزتر و ناوەڕۆکێکی کوردانە. هەموو ئەمانەش پێویستی بە خەمخۆری گشتی و بە ئاگابوونی ڕێبەرایەتی سیاسی و میدیاکان و هەوڵ و ماندووبوونی جیددی هونەرمەندان و کۆک بوونی هەموو جومگەکانی کۆمەڵگەی کوردستانە.

**شەهرام سوبحانی**: کاک دڵزار سپاس بۆ ئەوەیکە هەتا ئێستا لەگەڵمان بووی و ماندووش نەبیت

**دڵزار عابدی**: زۆر سپاس بۆ ئەم دەرفەتە و جەنابیشتان ماندوو نەبنەوە.

١٠ی بانەمەڕی ٢٧٢٥

## د. مەجید حەقی: بۆ دەسەڵاتدارانی ڕێژیم مانەوەیان لە دەسەڵاتدا لە هەموو شتێک گرینگترە



**وتووێژ: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

**بەهۆی بێئاکامبوونی دانوستانەکانی ئەمریکا لەگەڵ کاربەدەستانی ڕێژیم، و هەروەها هەوڵە چڕوپڕەکانی ڕێژیم بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی، ئیسرائیل و ئەمریکا لە درێژەپێدان بە دانوستانەکان نائۆمێد بوون، بووە هۆی ئەوەیکە ئیسرائیل ڕاستەوخۆ فەرمانی هێرش بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمیی و نیزامییەکانی ڕێژیم بدات. بەجۆرێک کە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەم هێرشانە بەردەوامن و تەنانەت تا ئاستێک چوونەتە پێش کە ئەگەری ڕووخانی ڕێژیم لە هەموو کاتێک زیاتر هەستی پێدەکرێت. لەم وتووێژەدا لەگەڵ کۆمەڵێک پرسیار وەکوو: ئایا ئەم شەڕە بە مەبەستی ملکەچکردنی بەرپرسانی باڵای ڕێژیمە بۆ دانوستان، یان ئامانجەکە گۆڕینی ڕێژیمە؟ ئایا ئیمکانی ڕاگرتنی شەڕ و گەڕانەوە بۆ سەر مێزی وتووێژ لە ئارادایە؟ لە ئاکامی بەرینبوونەوەی ئەم شەڕە لە ئێران، ئایا ئیمکانی تێوەگلانی وڵاتانی دیکەش هەیە؟ داهاتووی ئەم شەڕە چۆن دەبێ؟ و... ڕووبەڕوو دەبینەوە کە "کوردستان" بۆ تاوتوێی ئەم بابەتە وتووێژێکی لەگەڵ د. مەجید حەقی، شرۆڤەکاری سیاسی کردوە.**

**شەهرام سوبحانی: کاک مەجید بەپێی هێرشە بەربڵاوەکانی ئیسرائیل بۆ سەر دامەزاوە نیزامیی و ئەتۆمییەکانی ڕێژیم لەم چەند ڕۆژەدا، بەڕای بەڕێزتان ئایا ئەم شەڕە بە مەبەستی ملکەچکردنی بەرپرسانی باڵای ڕێژیمە بۆ دانوستان، یان**



سەرچاوە
Serchawe

### ئامانجەکە گۆڕینی ڕێژیمە؟

**د. مەجید حەقی:** بۆ تێگەیشتن لە ئامانج و مەبەستی ڕاستەقینەی ئەو هێرشانە پێویستە چاوخشاندنێکی خێرا بکرێتە سەر ڕووداوەکانی ناوچەیی و ناونەتەوەیی دوای هێرشی تیرۆریستی ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ کە لەودا هێزەکانی حەماس بە هێرشێکی بەربڵاو بۆسەر باشووری ئیسرائیل زیاتر لە ١٢٠٠ کەسی بێتاوانیان کوشت. ئەم هێرشە لە ئیسرائیل هاوشێوەی هێرشی"١١ی سێپتامبر" بیناواە و خاڵگۆڕانێکی بنەڕەتی بوو لە سیاسەتی ئەمنییەتی دەوڵەتی ئیسرائیل. بە دوای ئەودا ئیسرائیل نەتەنیا حەماس و غەزەی کردە ئامانجی هێرشەکانی خۆی، بەڵکوو لەنێوبردن و لاوازکردنی هەموو هێزەکانی پێوەندیدار بە هێرشی ٧ی ئۆکتۆبر بریتی لە ئێران و ئەو هێزانە بوون کە بەناوی "مێحوەری مقاومت" دەناسران. ئیسرائیل هاوکات لەگەڵ شەڕی غەزە چەندین جار هێرشی کردە سەر بنکەکانی ئێران و هێزەکانی سەر بە ئێران لە سووریە و عێراق. دوا بەدوای شکستی حیزبوڵڵا لە لوبنان و بەچۆکداهاتنی حەماس لە غەزە لە دێسەمبری ٢٠٢٤دا حکوومەتی ئەسەد ڕووخا و بەوە ئێران تووشی شکستێکی ستراتیژیک لە ئاستی ناوچەییدا بوو. لەو ماوەیەدا و هەروەها گفتگۆکانی ناوکی نێوان ئەمریکا و ئێران کە بە نێونجیگەری عەمان بەڕێوە دەچوو سەرەڕای هەوڵەکانی ئەمریکا نەیتوانی بە ئاکام بگات. هاوکات لەگەڵ بنبەستی دیپلۆماسی "شورای حوکام"ی ڕێکخراوی وزەی ناوکی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارنامەیەکی دەرکرد کە بەپێی ئەو بڕیارنامە ئێران هەموو مەرجەکانی پەیماننامەی "NPT" لەژێرپێناوە و پیتاندنی ئۆرانیۆمی بە شێوەیەکی زۆر زیاتر لەوەیکە لە بەرجام و "NPT" دا ڕێگە پێدرابوو بەرهەمی هێناوە. شورای حوکام لە بڕیارنامەی خۆیدا نیگەرانیی جیددی خۆی لە بوونی بنکەی شاراوەی پیتاندنی ئەتۆم دەربڕی. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە ڕێک هەفتەیەک پێش کۆبوونەوەی شورای حوککام، ئایەتوڵڵا خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لەنێوبردنی ئیسرائیل وەک پەڵەیەکی شێرپەنجەی ناوچەیی چەند بارە کردەوە.

لە هەلومەرجێکی وادا هێرشی لە ناکاوی ڕۆژی سێزدەی ژووئیەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران فرە ڕەهەندە. ئیسرائیل لە ئەنجامی دەیان هێرش بۆ سەر بنکەکانی ناوکی، مووشەکی، و فەرماندەیی هێزەکانی چەکداری ئێرانی تووشی زیان و زەرەرێکی زۆر کردوە و ژمارەیەکی بەرچاو لە فەرماندەکانی باڵای سوپای تیرۆریستی پاسداران و زانایانی ئەتۆمی لەناو بردوە. هەرچەند کاربەدەستانی باڵای ئیسرائیل بەتایبەت سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە بێنیامین نێتانیاهوو ڕایانگەیاندوە کە ئامانجیان ڕووخانی ڕێژیمی ئێران نیە و ئەوە ئەرکی خودی خەڵکی ئێرانە، بەڵام ئەو هێرشە دەتوانێت بەهۆی لاوازبوونی ڕێژیم، دەرفەت بۆ خەڵکی ئێران بڕەخسێنێت کە یەکگرتووانە ئەو ڕێژیمە بڕووخێنن. ئەو هێرشانەی ئیسرائیل درێژەی شەڕێکە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە ٤٠ ساڵە لە ڕێگەی هێزە نیابەتییەکانی خۆیەوە بەسەر ئیسرائیلیدا سەپاندوە. بۆیە ئەو هێرشانە هەم تاکتیکین و هەم ستراتیژیک. ئیسرائیل لە ڕێگەی ئەو هێرشانەوە دەیهەوێ دوو

هەڕەشەی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر خۆی کەم بکاتەوە: یەکەم، کۆتایی هێنان بە پرۆژەی ئەتۆمی ئێران کە مەترسییەکی جیددی و پۆتانسیەلە بۆ سەر مان و نەمانی ئەو وڵاتە. دووهەم، لەنێوبردنی پرۆژەی مووشکە دوورهاوێژەکانی ڕێژیم. چونکە لە ڕاستیدا ئیسرائیل دەیهەوێ توانایی بەرگری ئێران بە ڕادەیەک لاواز بکات کە ناچاربێت بگەڕێتەوە سەر مێزی گفتگۆ بۆ قبووڵکردنی مەرجەکانی ئەمریکا. ئەگەر ئێران کە تا ئێستا لە هەموو بوارێکەوە شکستی خواردووە ئەو مەرجە قبووڵ نەکات، لەوانەیە گۆڕینی ڕێژیم و کوشتنی ڕێبەرانی سیاسیی ڕێژیم بکرێتە بەرنامەی داهاتووی ئیسرائیل.

**شەهرام سوبحانی: ڕێژیمی ئێران هەڕەشەی کشانەوەی لە "NPT" پەیمانی قەدەغەکردنی پەرەپێدان بە چەکە ئەتۆمییەکان کردووە، ئایا ئەم هەنگاوەی ڕێژیم ڕێگا خۆشکەر نیە بۆ ئەوەیکە ئەمریکا و ئورووپا بە ئاشکرا هێرش بکەنە سەر ڕێژیم و لەنێوی ببن؟**

**د. مەجید حەقی:** پەیمانی NPT (پەیمانی قەدەغەکردنی پەرەپێدانی چەکی ناوکی) یەکێک لە بنەماکانی سەرەکیی سیستەمی ئاسایشی جیهانییە لە بواری وزەی ئەتۆمیدا کە سێ بنەمای سەرەکی هەیە کە بریتین لە بڵاونەبوونەوەی چەکی ناوکی، داماڵینی چەک و بەکارهێنانی ئاشتییانەی وزەی ئەتۆمی. بەڵام لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا پرسی ئەتۆمی ئێران چەندین جار ناوەندی ناکۆکی نێودەوڵەتییەکان بووە. ئێران وەک وڵاتێکی واژۆکاری ئەو پەیمانناامەیە، بەڵێندارە کە بەدوای چەکی ناڤۆکی دا نەڕوات و چالاکییەکانی خۆی لەژێر چاوەدێری ئاژانسی ناونەتەوەیی وزەی ناوکی بەڕێوە ببات. هیچ وڵاتێکی جیهان نیە کە ئامانجی سەربازی نەبێت و پیتاندنی ئۆرانیۆمی خۆی تا ئاستی ٦٠٪ بەرز بکاتەوە. ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە ڕۆژی بەسەرکارهاتنی ئەو ڕێژیمە، کۆماری ئیسلامی هەڕەشەی لەنێو بردنی ئیسرائیلی کردووە و لە شاری تاراندا ڕۆژ ژمێری لەناوچوونی ئیسرائیلی چەقاندوە. ئەمەش لە ڕاستیدا یەکێک لە هاندەرە سەرەکییەکانی ئیسرائیل بوو بۆ هێرش بۆ سەر ئێران. دوا بە دوای دەرچوونی بڕیارنامەی شوڕای حوکام، ئێران ئەو هەڕەشەیەی دووپات کردەوە. ئێستا دوای هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕێژیم پێی وایە بەو هەڕەشەیە دەتوانێت پاشەکشە بە ئیسرائیل و ئەمریکا بکات. ئێستا پرسیاری سەرەکی ئەمەیە: ئەگەر ئێران بەڕاستی بیهەوێ لە NPT دەرکەوێت، چی ڕوو دەدات؟! لەوانەیە لە ڕوانگەی "مافی نێونەتەوەییەوە" دەرکەوتن لە NPT بە "پێشێلکردنی یاسا" دانەندرێ.

**بەڵام لە جیهانێکدا کە لە سەر بنەمای ڕیئاڵ پۆلیتیک بەڕێوە دەچێت دەرکەوتنی ئێران لەو پەیمانە دەتوانێت چەندین دەرئەنجامی هەبێت:**

- ڕەوایی نێونەتەوەیی بۆ هێرشی هێزە هاوپەیمانەکان بەتایبەت ئەمریکا بۆ سەر ئێران.



سەرچاوە
Serchawe

- ڕەوایی سیاسی و گوشاری بیروڕای گشتی. چونکی لە ئەگەری دەرکەوتنی ئێران لە NPT لەوانەیە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان خێراتر بڕیاری مکانیزمی ماشە (Snapback) چالاک بکات و وەک چۆن بۆ عێراق لە دەیەی ١٩٩٠ مۆڵەتی ئەوە بدات بە هێزەکانی هاوپەیمان هێرش بکەنە سەر ئێران. هەرچەند لەوانەیە ڕووسیە و چین دژی ئەو بڕیارنامەیە بن، بەڵام ڕەوایی سیاسی بۆ تەریککەوتنی ئێران زۆرتر لە هەمووکات دەبێت.

- لە هەلومەرجی ژێئۆپۆلیتیکی ئێستا، یەکیەتیی ئەمریکا و ئورووپا دەتوانن کۆماری ئیسلامی ئێران زیاتر لە جاران تەریک بکەن و هەموو دەروازەکانی پێوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ جیهانی ئازاد داخەن.

**شەهرام سوبحانی**: بەپێی ئەو بارودۆخە پڕ ئاڵۆزەی کە ئێستا ئێران و ناوچەکەی گرتۆتەوە، ئایا ئیمکانی ڕاگرتنی شەڕ و گەڕانەوە بۆ سەر مێزی وتوویژ لە ئارادایە؟

**د. مەجید حەقی**: بەڵێ، ئیمکانی ڕاگرتنی شەڕ و گەڕانەوە بۆ سەر مێزی وتوویژ هەیە، بە مەرجێک ئێران مەرجەکانی ئەمریکا بۆ وتوویژ قبوول بکات. لەو هەلومەرجەدا بەهۆی ئەوەیکە ئێران لە لاوازترین دۆخی خۆی دایە ناچارە نەتەنیا لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ئەتۆمی بەڵکوو لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی مووشەکی و هێزەکانی پرۆکسی خۆی گفتگۆ بکات. کەوابوو ئێران دەبێ واز لە پیتاندنی ئەتۆمی لە نێوخۆی ئێراندا بێنێت. مووشەکە دوورهاوێژەکانی خۆی لەناو ببات و مەوودایان کورت بکاتەوە. ئێران دەبێ واز لە هێزە نیابەتییەکان بێنێت و دەست تێوەردان نەکات لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی ناوچە و هەڕەشە لە ئیسڕائیل نەکات. لە وەها دۆخێکدا لەوانەیە ڕێگەی دیپلۆماسی دووبارە دەست پێ بکرێتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: ئیسڕائیل بە فەرمی ڕایگەیاند: کە خەڵکی ئێران خۆیان لە شوێنە نیزامییەکانی ڕێژیم بە دوور بگرن و تەنانەت باسی ئەوەش کرا کە تاران چۆڵ بکەن، ئایا ئەم پەیامە بە واتای بەرینبوونەوەی شەڕەکە نییە؟

**د. مەجید حەقی**: بەڵێ، ئەم هۆشدارییە دەبێ وەک نیشانەیەکی ڕوونی پەرەسەندنی شەڕەکە ببیندرێت، بەتایبەتی بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی ئێران بە شێوەی ڕاستەوخۆ بە مووشەکی باڵستیک و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان هێرش دەکاتە سەر شوێنە نیشتەجێیەکانی ئیسڕائیل لەوانە تەلاڤیڤ و حەیفا. لە ئەنجامی ئەو هێرشانەدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی مەدەنی ئیسڕائیل کوژراون و سەدان کەسیش بریندار بوون. ئەم هێرشانە سنوورەکانی شەڕی بەزاندووە و زیانی ڕاستەخۆی بە خەڵکی ئاسایی و مەدەنی گەیاندووە. لە بەرانبەر ئەو دۆخەدا، ئیسڕائیل هاوکات لەگەڵ هێرشەکانی خۆی بۆ سەر ناوەندە مووشەکییەکان و ئەتۆمییەکان، بنکە سەربازی و ئابوورییەکان و بەڵکوو هۆشداری داوە کە دوور بکەون لە بنکە نیزامی، پادگانەکان و پایگا مووشەکییەکان و تەنانەت ناوەندە توێژینەوەکانی سەربازی و تەکنۆلۆژی سەربازی. ئەم ئاگادار کردنەوە لە ئەدەبیاتی سەربازی و "حقوق جنگ" بە واتای ئامادە سازی بیروڕای گشتییە بۆ دەستپێکی قۆناغێکی

قووڵتر و توندتری شەڕەکان کە دەتوانێت ناوەندە ستراتیژیکەکانی ڕێژیم لە قووڵایی خاکی ئێران و لەناو شارەکان بکاتە ئامانج. بەوە بەرپرسایەتیی ئەخلاقی کوژرانی کەسانی مەدەنی لە ئێران دەکەوێتە ئەستۆی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەهۆی ئەوەیکە بنکە سەربازییەکانی خۆی لەناو خەڵکدا ساز کردووە.

**شەهرام سوبحانی**: پێوەندیدار بە پرسیاری پێشوو، لە ئاکامی بەرینبوونەوەی ئەم شەڕە لە ئێران، ئایا ئیمکانی تێوەگلانی وڵاتانی دیکەش هەیە؟

**د. مەجید حەقی**: بە دڵنیاییەوە ئەگەری تێوەگلانی وڵاتانی دیکەش لەو شەڕەدا هەیە. ئەمریکا تا ئێستا ڕاستەوخۆ بەشداری لە شەڕەکەدا نەکردووە، هەرچەند پشتیوانی سیاسی و دیپلۆماتیکی کردووە لە هێرشەکانی ئیسرائیل. وڵاتانی ئورووپایی خوازیاری نێونجی گەرین. بەڵام ئەگەر بێت و ئێران ئامادە نەبێت بگەڕێتەوە سەر مێزی گفتگۆ و هێرش بکاتە سەر بەرژەوەندییەکانی ڕاستەوخۆی ئەمریکا و وڵاتانی کەنداو لەوانەیە هەم ئەمریکا و هەمیش وڵاتانی کەنداو و تەنانەت وڵاتانی ئورووپاییش بگلێنە نێو شەڕەکە.

**شەهرام سوبحانی**: کاک مەجید بەم پرسیارە کۆتایی بە وتووێژەکە دێنم، ئەوەیش ئەوەیە کە داهاتووی ئەم شەڕە چۆن دەبینن؟

**د. مەجید حەقی**: لە ڕاستیدا داهاتووی ئەم شەڕە گرێدراوە بە بڕیارەکانی ئەکتەرە سەرەکییاکەنی ناوچە و لە هەمووان گرینتر بڕیاری خامنەیی و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران. بۆ دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێران مانەوەی ڕێژیم لە هەموو شتێک گرینگترە، بۆیە بە دووری نازانم ڕێژیم بەرلەوەیکە تووشی بەرفراوانتر بوونی شەڕ و بەشداری وڵاتانی دیکە بێت، بگەڕێتەوە سەر مێزی گفتگۆ و مەرجەکانی ڕۆژاوا قبووڵ بکات. هەڵبەت ئەگەر زۆر درەنگ نەبووبێت.

**شەهرام سوبحانی**: کاک مەجید سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا و ماندووش نەبن.

**د. مەجید حەقی**: سپاس بۆ جەنابیشتان، ئێوەش ماندوو نەبن.

٢٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

## کاوە ئاهەنگەری: ناکرێ بە حیزبێک کە بەرنامە و مەرامی سیاسیی دژ بە حکوومەتی زاڵە، نەڵێین شۆڕشگێڕ!






**وتووێژ: شەهرام سوبحانی**

**ئامازە: بێگومان ٢٥ی گەلاوێژ یەکێک لە گرینگترین ڕۆژە مێژووییەکانی نەتەوە کوردە، چونکە لەم ڕۆژەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەمین حیزبی مۆدێڕنی کورد لەسەر دەستی پێشەوای نەمر دامەزرا. ئەم حیزبە هەم ڕێچکەیەکی نوێی بۆ خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کورد داڕشت و هەم بووە هۆی هیوا و هۆمێدی کۆمەڵانی خەڵکی**



سەرچاوە
Serchawe

کوردستان بۆ ئەوەی بتوانن لە چوارچێوەی حیزبێکی ئەمڕۆیی و نەتەوەیی وەک حیزبی دێموکراتدا خۆیان ببینەوە و خەبات بۆ ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆیان بکەن. "کوردستان" بۆ باس و بابەتی زیاتر لەسەر ٢٥ی گەلاوێژ وتووێژێکی لەگەڵ کاک کاوە ئاهەنگەری، شرۆڤەکاری سیاسی پێکهێناوە.

**شەهرام سوبحانی**: کاک کاوە سپاس بۆ بەشداریتان لەم وتووێژەدا، سەرەتا با بەم پرسیارە دەست پێ بکەین کە، حیزبی دێموکرات بە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات ناسراوە، هۆکارەکانی ئەم هەموو خۆشەویستییە چین؟

**کاوە ئاهەنگەری**: بەر لە هەموو شتێک ئێزن دەخوازم ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پیرۆزبایی لە هەموو ئەندامان و کادر و پێشمەرگە و بنەماڵە سەربەرزەکانیان بکەم و هیوادارم کە ساڵی داهاتوو لە کوردستانێکی ئازاد و لەنێو ئاپۆرای لایەنگران و ئەندامانی حیزبی دێموکراتدا ئەم ڕۆژە مێژووییە جەژن بگرین.

یەکەم هۆکار دەگەڕێتەوە سەر خودی پرسی کورد کە بەداخەوە هەتا ئێستا بە حەلنەکراوی ماوەتەوە و حیزبی دێموکراتیش دامەزران و خەباتی خۆی لەم پێناوەدا پێناسە کردوە و ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتیش گیانی و ژیانی خۆی هەر لە پێناو ئامانجەکانی گەلی کورد داناوە. لەلایەکی دیکەشەوە حیزبی دێموکرات، حیزبێکی ئیدئۆلۆژیک یان تایبەت بە چین و توێژێکی کۆمەڵگەی کوردەواری نیە، بە زمانێکی دیکە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری، لەو حیزبەدا بەشدارن و خاوەنی خەبات و تێکۆشانی دەیان ساڵەی حیزبی دێموکراتن.

هۆکاری سێهەم بە باوەڕی من دەگەڕێتەوە سەر ڕێباز و سیاسەتی دروستی حیزبی دێموکرات کە لە ماوەی ئەو هەشتا ساڵەدا گرتوویەتە بەر. بەهۆی خەڵکی بوونی سیاسەتەکان و ڕوانگەی سیاسی ئەم حیزبە، پێشوازییەکی بێ وێنەی لەلایەن هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەوە لێکراوە.

وەک هۆکاری چوارەم، دەتوانم بە ڕۆڵ و کەسایەتی و زانایی چەند ڕێبەری بلیمەتی وەک پێشەوا قازی محەممەد وەک دامەزرێنەری حیزب، دکتور قاسملوو وەک ساغکەرەوەی حیزب و دکتور سادقی شەڕەفکەندی وەک ڕێبەری قۆناغێکی سەخت و دژوار، ئاماژە پێ بکەم کە لە دامەزران و ڕێبەری و بەڕێوەبەری حیزب و سیاسەتەکانیدا توانیان متمانەی خەڵک بە دەست بێنن و حیزبی دێموکرات لەنێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکدا خۆشەویستتر بکەن.

شەهرام سوبحانی

**شەهرام سوبحانی**: بۆچی حیزبی دێموکرات لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوویی خەباتی کوردستان، لە قوربانیدان و گیانفیدابییدا هەمیشە پشکی شێری بەرکەوتووە؟

**کاوە ئاهەنگەری**: لەبەر ئەوەیکە بە جەماوەرترین حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و هەروەها هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانیش بەهۆی سیاسەتی دروستی ئەم حیزبەوە توانیویانە خۆیانی تێیدا ببیننەوە و لەگەڵی کەوتوونە. و ئەوە بە مانای جۆرێک "نوێنەرایەتیی ناڕاستەخۆ"ی حیزبی دێموکرات بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێراندایە. و هەروەها پێمخۆشە لێرەدا ئاماژە بەو پەندی پێشینیانە بکەم کە دەڵێ: "هەر کەس سەربانی زیاتری هەبێ، بەفری زیاتری وەبەر دەکەوێ" بۆیە ئەو پشکەش بە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک واتا "حیزبی دێموکرات" دەبڕدرێ.

**شەهرام سوبحانی**: حیزبی دێموکرات، حیزبێکی شۆڕشگێڕ یا ڕیفۆرمخواز؟

**کاوە ئاهەنگەری**: بە باوەڕی من هەر دووکیان. بەڵام ئیزنم بدە با ڕوونی بکەمەوە، شۆڕش واتە بەرخۆدان و مقاومەت لەهەمبەر زۆر و خوو و خەدەی داگیرکەرانە و ستەم و هەڵاواردن. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ئایا حیزبی دێموکرات لەم بوارەدا کۆتایی کردوە؟ ناکرێ بە حیزبێک کە بەرنامە و مەرامی سیاسیی، دژ بە پێکهاتە و مەرامی سیاسی حکوومەتی زاڵە، و زیاتر لە شەش هەزار شەهیدی داوە و ٤٧ساڵە بە دژی کۆماری سێدارەدا شەڕ و خەبات دەکات، نەڵێین شۆڕشگێر، لە لایەکی دیکەوە چونکە حیزبی دێموکرات ڕەگی پراگماتیسمی سیاسی تێدایە و لە دەرفەتەکان کەڵک وەردەگرێ و تەنانەت "وتوویژ" وەک مکانیزمێکی خەبات بۆ دەستەبەربوونی مافەکانی نەتەوەی کورد پێناسە دەکات، پێموایە کە لایەنی ڕیفۆرمخوازیشی تێدا بەدی دەکرێ. بەڵام ئەم ڕیفۆرمخوازییە زۆر جیاوازە لە ڕیفۆرمخوازی حکوومەتی کە لە ئێراندا باوە و ئێمە دەیناسین. بۆ نموونە: شەهید دکتور قاسملوو ئەگەرچی لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیمی تاران دانیشتن و وتوویژی کرد، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لە داوا ڕەواکانی گەلی کورد و بڕوا و پرەنسیپی حیزبی کە هەزاران گیانی بۆ بەخت کرابوو، پاشەکشەی نەکرد. بۆیە من دەتوانم شەهیدی سەرکردە قاسملوو وەک ڕیفۆرمخوازێکی شۆڕشگێر پێناسە بکەم. یان ئەوەی کە لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، ڕێبەری ناودار کورد پێیوابوو کە ڕۆژێکیش شەڕ وە درەنگی بکەوێ بە قازانجی کوردە. بۆیە بە باوەڕی من، دەکرێ لە ڕووی تەکنیکی سیاسییەوە ڕیفۆرمخواز بێ، بەڵام لە ڕووی ستراتێژی و ڕەوشتی سیاسییەوە شۆڕشگێر بمێنێتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: دەسکەوتەکان زۆرن، کە بەشێکیان بریتین لە: ئاڵای کوردستان، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردستان، پلۆرالیزمی سیاسی و ئایینی و...هتد.

**کاوە ئاهەنگەری**: بەڵام بێجگە لە ئەوانە و بەگەڕانەوە بە تەمەنێکی هەشتا ساڵە، بە باوەڕی من خەباتێکی بێوچان و ڕاگرتنی پرێستیژی سیاسی کورد و ناساندنی پرسی کورد لە ڕێگای حیزبی دێموکراتەوە بە جیهان، هەروەها بەرەوپێشبردنی لابیگەری بۆ پرسی کورد لە ئورووپا و بە ڕێکخستنکردنی دینامیزمی کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕووی سیاسییەوە بەرانبەر بە هەموو ئەو پیلانانەی کە لەلایەن ڕێژیمی زاڵ بەسەر ئێراندا و هەندێک لە ئۆپۆزیسیۆن بەڕێوە دەچن، وایکردووە کە بە حەق حیزبی دێموکرات وەک سەنگەرێکی خۆڕاگر لێ بێ و ببێتە شوێنێکی بە شکۆ بۆ ئەوانەی عەوداڵی ئازادی و خەبات بۆ خاک و گەلن. بۆیە پێموایە ئەم دەسکەوتانە زۆر گرینگن و جێی خۆیەتی ئاماژەیان پێ بکەین.

**شەهرام سوبحانی**: پێوەندییدار بە پرسیاری پێشوو، ڕۆڵی ئەو دەسکەوتانە وەک ڕێچکەیەک بۆ خەباتی پارچەکانی دیکەی کوردستان چۆن هەڵدەسەگێنن؟

**کاوە ئاهەنگەری**: لە ڕاستیدا یەکەم حیزبی مۆدێرنی کوردستانی، حیزبی دێموکراتە و بە زمانێکی دیکە مۆدێرنیزاسیۆنی سیاسەتی کوردی، بۆخۆی وێژمانێکە کە توانیویەتی لەسەر پارچەکانی دیکە شوێندانەر بێ. بۆ نموونە و بە تایبەتی شوێندانەری حیزبی دێموکرات لە سەر باشووری کوردستان. یان ئەوەیکە پێشەوا قازی، وەک پێشەوای هەموو کوردان و هەموو پارچەیەک دەناسرێ.

٤ی خەرمانانی ٢٧٢٥

## د. هۆشمەند عەلی: نووسینەوەی مێژووی کورد و کوردستان پێویستیی بە چاوی کوردی هەیە، نەک بە چاوی بیانی



**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

### ئاماژە:

دەڵێن بۆ ئەوەیکە میللەتێک بهێنیتە ژێر ڕکێفی خۆت و بتوانی بەسەریدا حۆکم بکەی، دەبێ لەپێشدا مێژووەکەی بسڕیتەوە و دواتر مێژوویەکی نوێ و پڕ لە چەواشەکاریی بۆ بنووسی، ئەو کارەی کە بەدرێژایی مێژوو دوژمنانی کورد لەبەرانبەر کورددا کردوویانە، کە بەداخەوە ئاکامەکەی پەرتەوازبوونی نێوماڵی کورد و نەمانی باوەڕبەخۆبوون لەنێو هەر تاکێکی کورددا بووە. ئەم کارە لە چاندنی نەمامی بێهیوایی و سەرلێشواویی میللەتی کورددا گەورەترین ڕۆڵی گێڕاوە و هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت شوێنەوار و لێکەوتەکانی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا دەبیندرێ. "کوردستان" بۆ تاوتوێی ئەم بابەتە کۆمەڵێک پرس و پرسیاری لەگەڵ د.هۆشمەند عەلی، مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی مێژوو ورووژاندوە.

**شەهرام سوبحانی**: دوکتور هۆشمەند با بەم پرسیارە دەست پێ بکەین کە چۆن سەرلەنوێ مێژووی کورد و کوردستان بخوێنینەوە و بە دیدێکی خۆماڵی شیکاری ڕووداوەکانی پێ بکەین؟

**د. هۆشمەند عەلی**: بۆ خوێندنەوە و شیکاری مێژووی کورد و کوردستان بە دیدێکی خۆماڵی و ڕەسەن، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەین: لێکۆڵینەوە لە سەرچاوە ڕەسەنەکان: وەک سەرچاوە کوردییەکان و خوێندنەوەی نووسراوە کوردییەکانی وەک شاعیرانی کلاسیک (مەولەوی، فەقێی تەیران، خانی، ئەحمەدی خانی) و مێژوونووسانی کورد وەک (شەرەفخانی بەدلیسی) بە نموونە. هەروەها سەرچاوە بیانییەکان، بە سەرنجدان لەسەر سەرچاوە عەرەبی، فارسی، تورکی و ئەورووپییەکان کە باسی کورد و کوردستانیان کردوە. جگە لەمانەش شیکاری چەمکی "نەتەوە" و "ناسیۆنالیزمی کوردی و لێکۆڵینەوە لە چەمکی کوردایەتی لە مێژوودا گرنگە کە ئایا کورد خۆمان وەک نەتەوەیەکی یەکگرتوو زانیوە؟ لە وڵامی ئەو پرسیارەوە بگەین بەوەی کە ڕۆڵی نەتەوەیی لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد وەک: شۆڕشی سمکۆی شکاک، شێخ عۆبەیدوڵڵای نەهری لە کوێی یەکگرتوویماندا بووە؟ بۆ شیکاری مێژووی خۆماڵیمان بێگومان نابێت ڕۆڵی جوگرافیا و ئابووری کوردستان نادیدە بگرین،

**بۆ ئەوەش گرنگە کە:**

- لێکۆڵینەوە لە کاریگەریی جوگرافیای شاخاویی کوردستان لەسەر دروستبوونی کۆمەڵگە و سیاسەتی کوردی.
- شیکاری سیستەمی ئابووری کوردستان (وەک ڕێڕەوی کۆچەری، کشتوکاڵی شاخاویی، بازرگانی.

هەروەها هەر لە وڵامی ئەو پرسیارەدا گرنگە کە شیکاری و لێکۆڵینەوەی ورد بکرێت لەسەر پەیوەندی هەرێمایەتیی کوردستان وەک لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی کورد و دەوڵەتە دراوسێکان لە ڕابردوودا سەبارەت بە (عوسمانی، سەفەوی، عەرەب، فارس) بەبێ سەرنجدان بە پێوەری نەتەوەیی مۆدێرن. لەمەشەوە دەگەین بە تێڕوانین بۆ ڕێکخراوەی سیاسی-کۆمەڵایەتیی کوردی لە مەزهەب، تەکیە و خانەقا، هۆزگەرایی و ناوچەگەریێتی و... هتد.

لێکۆڵینەوە لە زمان و کولتوور وەک ناسنامە بۆ خوێندنەوەی زمانی کوردی و گۆڕانکارییەکانی لە مێژوودا. بۆ لێکۆڵینەوە لە کاریگەری ئایین (ئیسلام، زەردەشتی، مەسیحی و جوو) بە نموونە لەسەر کولتووری کوردی.

**بە بەکارهێنانی میتۆدێکی زانستی بۆ:**

- ڕەخنەگرتنی سەرچاوەکان و پێداچوونەوەی سەرچاوەکان بەبێ پەسەندکردنی بێ ڕەخنە.
- بەراوەردکردنی سەرچاوە جیاوازەکانی تورکی، عەرەبی، فارسی، کوردی، ئەورووپی.
- بەکارهێنانی مێتۆدی نووسینی مێژوو لە دیدی خەڵکی ئاسایی (نەک تەنیا سەرکردەکان).

هەروەها خۆ پەیوەستکردن بە کۆمەڵێک پرسیاری وەک: لێکۆڵینەوە لە کاریگەری کۆلۆنیالیزم و دەوڵەت-نەتەوە لەسەر دروستبوونی کوردستانی مۆدێرن؟ شیکاری ڕۆڵی کورد لە جەنگی سارد و دوای جەنگی سارد؟ بە کورتی، پێویستە مێژووی کوردستان بە فرەیی و هەمەلایەنە ڕەچاوی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری کوردی بخوێنینەوە، نەک تەنیا لە ڕێگەی ڕووداوە سەربازییەکان بۆ نموونە.

**شەهرام سوبحانی**: سەرچاوەکانی نووسینەوەی مێژووی دوور و نێزیکی ئێمە چین و تا چەندە جێگەی متمانەن؟

**د. هۆشمەند عەلی**: سەرچاوەکانی مێژووی کورد و کوردستان جیاوازن لەڕووی جێگەی متمانەوە، هەندێکیان زۆر باوەڕپێکراون، هەندێکیش پێویستی بە ڕەخنەگرتن و شیکردنەوەیان هەیە. پێویستە سەرچاوەکان بەپێی سەردەم و شوێن جیاکردنەوە بکرێن و لەگەڵ یەکتر بەراوەرد بکرێن.

سەرچاوە کوردییەکان (نووسراوە و زارەکی): "شەرەفنامە"ی شەرەفخانی بەدلیسی (سەدەی١٦) یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوە کوردییەکان، بەڵام لایەنگری خانەکانی بەدلیسیش هەیە. "مەم و زینی" ئەحمەدی خانی (سەدەی١٧) ڕەوانگەی کوردیی هەیە، بەڵام زیاتر ئەدەبی - ڕۆمانسییە وەک مێژووی ڕاستەوخۆ. دەستنووسە کوردییەکانیش زۆر گرنگن، بەڵام پێویستە بە وردی لێکۆڵینەوەیان لێب کرێت.

**شەهرام سوبحانی**: پێوەندیدار بە پرسیاری پێشوو، کێشەکانی متمانەیی بە سەرچاوەکانی نووسینەوەی مێژووی کورد چین؟

**د. هۆشمەند عەلی**: سەبارەت بە وڵامی ئەو پرسیارە و متمانەیی سەرچاوەکانی نووسینەوەی مێژووی کورد، کێشەکان زۆرن وەک:

- زۆرینەی مێژووی کورد زارەکی بووە، دەماودەم و پشتا و پشت لە شێوەی چیرۆک و بە لاوک و حەیران و هۆنینەوەی شاعیرانە و گۆڕانکاری و زیادکراوەی تێدا کراوە.

- نەهێشتنی سەرچاوە فەرمییەکان لەلایەن دەوڵەتەکانی (تورکیە، عێراق، ئێران، سووریە) و بەشێکی مێژوومان ون بووە .
سەبارەت بە سەرچاوە بیانییەکان (عەرەبی، فارسی، تورکی، ئەورووپی) و ڕادەی متمانەیمان بۆیان دەبینین کە سەرچاوە عەرەبییەکان (ئیبن ئەثیر، ئیبن خەلدون، مەسعوودی) بە نموونە، زۆر گرنگن بۆ سەردەمی ناوەڕاست، بەڵام لایەنگری عەرەبیان هەیە. سەرچاوە فارسییەکان (وەک ڕەشیدەدین فضلالله، حەمدوڵلا مستەوفی) بە نموونە زانیاری دەربارەی کورد دەدەن، بەڵام لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئێرانیدایە. سەرچاوە تورکییەکان(عوسمانی) و بەڵگەنامە فەرمییەکان (دەفتەری مەحکوومە) گرنگن، بەڵام لایەنگری عوسمانییان هەیە. سەرچاوە ئەورووپییەکان (گەشتنامەکان، ڕاپۆرتەکانی کۆلۆنیالیستەکان) زانیاری ورد دەدەن، بەڵام لە دیدی ڕۆژئاواییەوە نووسراون. ئەمانەش ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشەی گەورەی کردوینەوە، بۆ نموونە: بیانییەکان زۆرجار کورد وەک "یاخی" پیشان دەدەن. یان زۆرێک لە سەرچاوە تورکی و فارسییەکان بەشێوەیەکی سیاسی دەستکاری کراوە.

جگە لەمانەش سەرچاوە مۆدێرنەکانی (سەدەکانی٢٠ و ٢١) وەک: ئەرشیڤی بەریتانی و فەرەنسییەکان (دەربارەی کورد لە جەنگی یەکەم و دووهەمی جیهانیی) بە نموونە زۆر جێگەی متمانەن، چونکە فەرمین و دەستکاریکراو نین. هەروەها ڕاپۆرتەکانی حیزبە کوردییەکان وەک (PDK, PUK, PKK): بە نموونە ڕوانگەی خۆماڵیان هەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا لایەنگری سیاسییان هەیە. ڕۆژنامە و میدیای کوردی (وەک "کوردستان"ی ١٨٩٨، "هاوار"ی ١٩٧٠ەکان) بەڵگەی ڕاستەوخۆن، بەڵام پێویستە بە ڕەخنەوە بخوێنرێنەوە.

هەروەها سەرچاوە زارەکی و یادەوەرییەکان، چیرۆک و یادەوەری کەسایەتییەکان گرنگن، بەڵام ڕەوانگەی کەسییان هەیە. گۆرانی و فۆلکلۆری کوردی نیشاندانی ڕووداوە مێژووییەکانن، بەڵام ناتوانرێت متمانەی تەواویان پێبکرێت.

بەکورتی سەرچاوەی تەواو و بێلایەن نییە، بۆیە باشترین ڕێگە کۆکردنەوەی هەموو سەرچاوەکانە و شیکردنەوەیانە بە دیدێکی ڕەخنەگرانە لە چوارچێوەیەکی ئەکادیمیانە و زانستی بەپێی مێتۆدە هاوچەرخەکانی نووسینەوەی مێژوو.

**شەهرام سوبحانی**: هۆکارەکانی دواکەوتنی کورد لە نووسینەوەی مێژوو چین؟

**د. هۆشمەند عەلی**: هۆکارەکانی دواکەوتنی کورد لە نووسینەوەی مێژوودا چەندین ڕەهەندی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری لەخۆ دەگرێت.

**لەم ڕاستییەدا، هۆکارە سەرەکییەکان بەم شێوەیە دەخەملێنرێن:**

**١- نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ و سیستەمی فەرمیی تۆمارکردن:**

- کوردستان بەدرێژایی مێژوو لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتە جیاوازەکاندا بووە (وەک عوسمانی، سەفەوی، عەرەب) کە سیاسەتی "فرامۆشکردنی کورد"یان هەبووە و سەرچاوە فەرمییەکانیان بە زمانی خۆیان نووسیوەتەوە .
- نەبوونی دەوڵەتی کوردی وەک نەتەوەیەکی یەکگرتوو بووەتە هۆی نەبوونی سیستەمی تۆمارکردنی مێژوویی کوردی.

**٢- کەمیی سەرچاوەی نووسراوە کوردییەکان:**

- زۆربەی مێژووی کورد بە شێوەی زارەکی گەیەندراوە، کە ئاسانە لەگەڵ کاتدا بگۆڕێت یان ون ببێت .
- سەرچاوە نووسراوە کوردییەکان (وەک شەرەفنامە) زۆر کەمن و زۆرجار لەلایەن بیانییەکانەوە نووسراون، کە لایەنگریان تێدا هەیە.

**٣- ڕەوتە سیاسیی و کولتوورییەکان:**

- دەوڵەتە داگیرکەرەکان وەک (سووریە، تورکیە، عێراق و ئێران) سیاسەتی قەدەغەکردنی زمانی کوردی و نەهێشتنی بەڵگەنامە کوردییەکانیان جێبەجێ کردوە.

- مێژوونووسانی کورد زۆرجار ناچاربوون مێژوو لە دیدی دەسەڵاتدارانەوە بنووسن، نەک لە دیدی خەڵکی ئاسایی.

**٤- پەرتەوازەیی کورد و کاریگەری جوگرافیا:**

- جوگرافیای شاخاویی کوردستان بووەتە هۆی گۆشەگیری ناوچەکانی کورد لە یەکتر، کە ئەمەش بووەتە هۆی نەتەوەیەکی پەرتەوازە کە ئاسان نییە مێژووی یەکگرتووی بۆ بنووسرێت. ئەمەش وایکردوە زۆرجا لە دەرەوەی مێژوودا بین.
- نەبوونی ناوەندێکی مێژوویی کوردستانی (وەک ناوەندێکی مێژوونووسی کوردی) بووەتە هۆی نەبوونی سیستەمی مێژوونووسی فەرمی.

٥- نەبوونی تێگەیشتنێکی فەلسەفی لە مێژوودا: زۆربەی مێژوونووسانی کورد تەنیا ڕووداوەکانیان نووسیوەتەوە بەبێ شیکردنەوەی فەلسەفی یان پەیوەندیان بە پرسی نەتەوەییەوە.

٦- کاریگەری کولتوور و ئایین:

- کولتووری زارەکی و فۆلکلۆری کوردی زۆر بەهێزە، بەڵام ئەمە نەیتوانیوە بگۆڕدرێت بە سیستەمێکی نووسینی مێژوویی.
-ئایینەکان (وەک ئیسلام) کاریگەرییان هەبووە لەسەر نەهێشتنی مێژووی کوردی، چونکە زۆربەی سەرچاوەکانی مێژوویی لەلایەن مێژوونووسانی عەرەب و فارسییەوە نووسراون.

بە کورتی هۆکارەکانی دواکەوتنی کورد لە نووسینەوەی مێژوو تێکەڵەیەکن لە سیاسەت، جوگرافیا، کولتوور و کەمی سەرچاوە.

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر باسێک لە چارەسەری ئەم کێشەیە بکەن، پێتان وایە پێویستە چی بکەین؟

**د. هۆشمەند عەلی**: بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، پێویستە:

- کۆکردنەوەی سەرچاوە و زانیارییە زارەکییەکان (چیرۆک، گۆرانی، یادەوەری).
- دروستکردنی سیستەمێکی مێژوونووسی خۆماڵی کە لە دیدی کوردەوە بنووسرێت.
- بەکارهێنانی سەرچاوە بیانییەکان بە ڕەخنەیی.

ئەگەر ئەم خاڵانە جێبەجێ بکرێن، دەکرێت مێژووی کورد بە شێوەیەکی یەکگرتووتر و ڕەسەنتر بنووسرێتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: زیانەکانی پشتبەستن بە سەرچاوە بیانییەکان بۆ نووسینەوەی مێژووی خۆمان لەچیدا دەبینین؟

**د. هۆشمەند عەلی**: پشتبەستن بە سەرچاوە بیانییەکان بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد بێگومان بێ زیان نەبووە،

که دەکرێت لێرەدا چەند خاڵێکی سەرەکیی ئاماژە پێ بکەم وەک:



سەرچاوە
Serchawe

١- لایەنگری سیاسی و نەتەوەیی:

- دیدێکی خراپ پێگەیشتوو: زۆربەی سەرچاوە بیانییەکان (عوسمانی، فارسی، عەرەبی، ئەوروپی) کورد وەک "یاخی"، "کەمینە" یان "ڕەگەزی نارێک" پیشان دەدەن.
- پشتگیری لە دەسەڵاتداران: نووسەرە بیانییەکان زۆرجار لایەنگری دەوڵەتە داگیرکەرەکانیان هەیە (وەک عوسمانییەکان لە بەرانبەر شۆڕشە کوردییەکان).

٢- نەهێشتنی ڕۆڵی کورد لە ڕووداوە مێژووییەکان:

کورد نەناسراوە: مێژوونووسانی بیانی زۆر جار ڕۆڵی کورد لە ڕووداوە گرنگەکاندا (وەک شەڕەکانی عوسمانی - سەفەوی) بە کەم دەخەنە ڕوو یان بەتەواوی ناهێڵن.
- نەناسینەوەی دەوڵەتە کوردییەکان: وەک میرنشینی "سۆران" و "بابان" لە مێژووی فارسی و تورکیدا بە "یاخی" ناویان هێناوە.

٣- وێنەی نادروست لە کولتوور و کۆمەڵگەی کوردییدا:

- ڕەگەزپەرەستی: سەرچاوە ئەوروپییە کۆنەکان (وەک گەشتنامەکانی سەدەی ١٩) کورد بە "ڕەگەزێکی چەتە" یان "نەشارەزا" وێنا کردوە .
- نەتەوەسازی نادروست: زۆر لە سەرچاوە بیانییەکان جیاکەرەوەی نێوان کورد و عەرەب/تورک/فارس نییە و هەموویان وەک یەک نەتەوە دەبینن.

٤- نەبوونی سەرچاوەی ڕاستەوخۆ (دەستی یەکەم)

- گوێگرتن لە بیانییەکان: زۆربەی سەرچاوە بیانییەکان لە چەندین دەست (سەرچاوەی دووهەم یان سێهەم)ەوە گەیاندوون، کە زۆر سەرلێشێواوی تێدایە.

- کەمبوونی بەڵگەی ڕاستەقینە: بەڵگەنامە فەرمییەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکان (وەک عوسمانی) زۆرجار تەنیا لە دیدی خۆیان نووسراون.

٥ . پشتگوێخستنی زمان و ناسنامەی کوردی:

- زمانی کوردی وەک "ژێرزمان": سەرچاوە بیانییەکان زۆر جار زمانی کوردی وەک زمانێکی نایاسایی یان زمانی "گوندی" پیشان دەدەن. یان ناوی شوێنە کوردییەکان دەگۆڕن.

٦- کاریگەری کولتووری داگیرکەر:

- سەرچاوە بیانییەکان زۆرجار مێژووی کوردستان بەشێک لە مێژووی تورکیە/ئێران/عێراق دەبینن، نەک وەک مێژوویەکی سەربەخۆ.
- فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی کوردی لەلایەن سەرچاوە بیانییەکانەوە بە کەمەوە دەبینرێت.

**شەهرام سوبحانی**: دوکتور! ئەدی بە چە مێتۆدێک دەتوانین ئەم زیانانە کەم بکەینەوە؟

**د. هۆشمەند عەلی**: بۆ کەمکردنەوەی ئەم زیانگەلە دەتوانین ئاماژە بەو خاڵانەی خوارەوە بکەین:

١- بەکارهێنانی سەرچاوە بیانییەکان بە ڕەخنەیی.
٢- پشت بە سەرچاوەی زارەکیی و فۆلکلۆری کوردی ببەستین (چیرۆک، گۆرانی، یادەوەری).
٣- دروستکردنی سەرچاوەی کوردی خۆماڵی.
٤- نووسینی مێژوو لە دیدی خەڵکی ئاسایی، نەک تەنیا سەرکردەکان.

لە کۆتایی وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەتوانم بڵێم کە سەرچاوە بیانییەکان گرنگن، بەڵام پێویستە بە چاوی ڕەخنەوە بەکاربهێنرێن، چونکە نووسینەوەی مێژووی کورد و کوردستان پێویستی بە چاوی کوردی هەیە، نەک بە چاوی بیانی.

**شەهرام سوبحانی**: پێشکەشکردنی تیژ و دیدی تایبەت و دامەزراندنی ناوەند و سەنتەری لێکۆڵینەوەی خۆماڵی هەڵقوڵاو لە


سەرچاوە
Serchawe

**کولتووری کوردی بۆ بواری مێژووناسی چەندە گرینگە؟**

**د. هۆشمەند عەلی**: پێشکەشکردنی تێز و دیدی تایبەت و دامەزراندنی ناوەندی لێکۆڵینەوەی خۆماڵی لە مێژووناسیی کوردییدا بێگومان گرنگی و کاریگەری خۆی هەیە، چونکە پێویستی دیدێکی خۆماڵی و دامەزراندنی ناوەندە زانستییەکان بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی کورد یەکێکە لە گرنگترین پێداویستییەکانی بواری مێژووناسی کوردی. بە ڕەچاوکردنی چەندین لایەنی گرنگی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووریی، کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ناسینەوە و نووسینی مێژووی ڕەسەنی کورد هەیە. بۆیە کورد پێویستی بە دیدێکی خۆماڵی لە مێژوونووسیدا هەیە. تاوەکوو دوور بکەوینەوە لە لایەنگری بیانی، چونکە مێژوونووسانی بیانی زۆرجار کورد وەک "یاخی" یان "کەمینەی نەخوازراو" پیشان دەدەن. پێویستە مێژوو لە دیدێکی ناوخۆییەوە بنووسرێتەوە بۆ نەهێشتنی ئەم لایەنگیرییە. لەوەش گرنگتر ناسینەوەی ناسنامەی کوردی، چونکە تێزی کوردی دەتوانێت کولتوور و مێژووی کورد وەک بەشێکی سەربەخۆ لە ناو مێژووی جیهاندا بناسێنێت، نەک وەک بەشێک لە مێژووی تورکیە، عێراق یان ئێران.

بۆیە دەتوانم بڵێم دامەزراندنی ناوەند و سەنتەری لێکۆڵینەوەی خۆماڵی کاریگەری ئەرێنی لەسەر کۆکردنەوەی سەرچاوە کوردییەکان و کۆکردنەوەی بەڵگەنامە زارەکی و نووسراوەکان هەیە بۆ دروستکردنی ئەرشیڤێکی فەرمی بۆ پاراستنی مێژووی کورد.

بێگومان ئەمەش بە پەرەپێدانی میتۆدێکی زانستی و بە بەکارهێنانی شیکردنەوەی ڕەخنەگرانە بۆ سەرچاوە بیانییەکان، پەیوەستکردنی مێژووی کورد بە تیۆری کۆمەڵایەتی و فەلسەفی. بەهەماهەنگی و پەیوەندی لەگەڵ زانکۆ و ناوەندەکانی توێژینەوە نێودەوڵەتییەکان و هاوکاری لەگەڵ زانکۆکانی کوردستان و جیهان بۆ پێشبردنی لێکۆڵینەوە مێژووییەکان. ئەمەش دەبێتە پاراستن و بەدەستهێنانی ئەرشیڤی کوردی بە ڕاهێنان و هاوبەشیکردنی خوێندکار و تێزنووسی پەروەردەی نەتەوەیی لە ڕووی زانستی.

**شەهرام سوبحانی**: دوکتور! زۆر زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیدا

**د. هۆشمەند عەلی**: سپاس بۆ بەسەرکردنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان" و ئەم دەرفەتە.

۱۹ی خەرمانانی ۲۷۲۵



سەرچاوە
Serchawe

# د. کوردستان موکریانی: ئەگەر تۆ زمانی خۆت نەپاراست، یانی ئاسایشی نەتەوەیی خۆت نەپاراستوە



**وتووێژ: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە: یەکێک لە گرنگترین فاکتەرەکانی پێناسەکردنی هەر نەتەوەیەک، زمانەکەیەتی، چونکە زمان کۆڵەکەی سەرەکیی بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی هەر نەتەوەیەکە و زۆر لە بیرمەندان گوتوویانە "گەلێک زیندووە کە زمانەکەی زیندوو بێت". دوکتور کوردستان موکریانی، ئاکادیمیسیەن، زمانناس و کەسایەتیی دیاری بواری ئەدەبیی کوردستان لە وتووێژێکی تایبەتدا پتر باس لە گرنگی و ڕۆڵی زمان لە پرۆسەی نەتەوەسازیی نەتەوە بێدەوڵەتەکاندا دەکا.**

**شەهرام سوبحانی: با بەم پرسیارە دەست پێ بکەین بۆچی زمان گرنگترین فاکتەرە بۆ پێناسەکردنی هەر نەتەوەیەک؟**

**د. کوردستان موکریانی: زمان ناسنامەیە، ناسنامەی هەر نەتەوەیەکە، و لە هەمان کاتیشدا ئەگەر تۆ زمانی خۆت نەپاراست، یانی ئەمنییەتی نەتەوەیی خۆت نەپاراستوە. ئەمە وەکوو دراوێکە لایەکی ئەمنییەتە و ئەویتری زمانە، یانی دەبێ تۆ زمان بپارێزی. تۆ هەموو ئەو پاشخانە ڕۆشنبیری و هەموو ئەو ڕابردووییەی هەتە لە ڕێگەی زمانەوە تۆمار کراوە.**



سەرچاوە
Serchawe

کەواتە تۆ ئەگەر زمانت نەبوو، نە ڕۆشنبیریت هەیە، نە ژیانت هەیە و نە شارستانییەتت هەیە. بۆیە زمان ناسنامەی تۆیە و دەبێ بیپارێزیت.

**شەهرام سوبحانی: زمان چۆن و بە چ شێوەیەک دەتوانێ کاریگەریی لەسەر پرۆسەی نەتەوەسازیدا هەبێ؟**

**د. کوردستان موکریانی:** هەر نەتەوەیەک زمانی تایبەتی خۆی هەیە، زمانێک کە شانازیی پێوە دەکات، زمانێک کە گفتوگۆی پێ دەکات، زمانێک کە بیرەوەرییەکانی خۆی پێ دەنووسێ، کەواتە هیچ نەتەوەیەک نیە لە دونیادا زمانی خۆی نەبێ. جابۆیە نەتەوە و زمان هاوتەریب پێکەوە دەڕۆن، یانی یەکێک لە ڕەگەزەکانی نەتەوەیەک کە هەبێت، دەبێ زمانی تایبەتی خۆی هەبێ.

**شەهرام سوبحانی: نێومالّی کورد بە درێژایی مێژوو پەرتەوازە بووە، ئایا یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم پەرتەوازەییە بۆ نەبوونی زمانێکی ستاندارد ناگەڕێتەوە؟**

**د. کوردستان موکریانی:** لێرەدا دووریکی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەڵکەوتەی جوگرافیاییش دەوری هەیە. تۆ ئێستا مەبینە کە خەڵک لە یەکتری نێزیکن و دەتوانن هاتوچۆ بکەن و ئێستا هەر بە ڕێگەی ئەم مۆبایلەی دەستی خۆت، تۆ دەتوانی یەکێک لەوپەڕی دونیا بێت و تۆش بە ئاسانی بە کوردی قسە و گفتوگۆی لەگەڵ بکەی و ببیینی و بیدوێنی. ئەوسا ئەگەر ڕووبارێک هەبوویێت لە نێوانیاندا نەیانتوانیوە بیپەڕنەوە و پێوەندییان بە لایکی ترەوە هەبێت، هەر بۆیەش ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کەوا لێک نێزیک نەبنەوە، یانی نەک زمانی ستاندارد، بەڵکوو باری جوگرافییەکە وای لێ کردوە کەوا لێک نێزیک نەبن، یان دیالێکتێکی زۆری هەبێت، بەڵام هەبوونی دیالێکتیش ئەوە ناگەیەنێ کە تۆ نابێ زمانێکی ستاندارت هەبێ، نەخێر! هەموو نەتەوەیەک دیالێکتی جۆراوجۆریان هەیە، بەڵام جیاوازیی ئێمە لەگەڵ ئەواندا ئەوەیە کە ئەوان یەکێک لەو دیالێکتەیان هەڵبژاردوە و بووەتە زمانێکی ستاندارد لە لایان، بەڵام ئێمە هەتا ئێستا ئەوەمان نیە. هۆی نەبوونیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە دەوڵەتمان نیە، کە دەوڵەتت هەبوو ئەوسا تۆ دەتوانی کار لەسەر زمانی ستانداردیش بکەی، ئێستا ئێمە دەتوانین تەنیا کار لەسەر زمانی فەرمی بکەین. ئێستا لێرە لە باشووری کوردستاندا زمانی فەرمی بە هەموو نووسراوەکان هەیە، و ئەو زمانەی کە لەنێو هەموو شارەکاندا بەکار دێت زمانێکی فەرمییە، خوێندن زمانێکی فەرمییە، بەڵام ستاندارد نیە، فەرمی جیایە، تۆ کاروباری دەوڵەتی پێ دەڕوێنی، پێی دەخوێنی، ئەمە وەکوو زمانی ئاخاوتن نیە، زمانی ئاخاوتن جیایە، تۆ بە چە دیالێکت بتهەوێ، قسەی پێ دەکەی، شێوەزارێک قسەی پێ دەکەی، بن زارێک قسەی پێ دەکەی، بەڵام لە نووسیندا نەخێر، زمانێکی فەرمیت هەیە. لە خوێندندا زمانێکی فەرمیت هەیە، لە

دامودەزگاکانی حکوومەتدا زمانێکی فەرمیت هەیە، لە باشووری کوردستاندا. من ناوم ناوە زمانی فەرمی، ئەمە زمانی ستاندارد نیە.

**شەهرام سوبحانی:** پەیوەست بە پرسیاری پێشووتر، ئاماژەتان بەوە کرد کە هۆی نەبوونی زمانێکی فەرمی بۆ نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی دەگەڕێتەوە، ئەدی خۆ ئێمە لەمێژە لە باشووری کوردستان خاوەنی حکوومەتێکی دیفاکتۆین، بەڵام بۆچی نەمانتوانیوە هەتا ئێستا زمانێکی ستاندارد ڕێک بخەین بۆ ئەوەیکە ئاکامەکەی ببێتە دروستکردنی یەکیەتیی و یەکڕیزی لە نێومالماندا؟

**د. کوردستان موکریانی:** ئەمە بڕیاری دەوێ، دەبێ بڕیاری لەسەر بدرێ، و هەموو سەرکردەیەکیش ئامادە نیە ئەو بڕیارە بدات، چونکە تۆ چەند دیالێکتێکت هەیە لێرە، ئەگەر بێت و یەکێک لەو دیالێکتانە زاڵ بکەی بەسەر ئەوی تردا، ئەوی تری لێ زوێر دەبێ. تەنانەت کۆتایی سەدەی ڕابردوو بەتایبەتی لە نیوەی دووهەمی سەدەی ڕابردوو تاک بە تاکی ڕووناکبیرانی کورد هەڵکەوتووانی کورد، زمانناسانی کورد، هەوڵیان دەدا و دروشمی "زمانێکی یەکگرتووی کوردی"یان هەڵگرتبوو، و مەبەستیان لەوە ئەوە بوو کەوا زمانێک هەبێ کەوا هەردوو دیالێکتە سەرەکییەکە لە یەکتر تێ بگەن و پێی بنووسن، بەتایبەتی لە دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار ئەم دروشمە دەورێکی باڵای بینی. چونکە کاریان لەسەر کرد، چەند کتێبێکیان دانا بەو شێوەیە و لە سەرتاسەری کوردستاندا بەو کتێبانە دەیانخوێند، بەڵام دوای ئەو کە تووشی نسکۆ بووین، ئیتر بەرە بەرە حکوومەتی عێراق ئەوە مافەی لێت سەندەوە و ئەو بابەتانەی کە بە زمانی کوردی بوون کردیانی بە عەرەبی، یانی ئەگەر هاتبا ئەمە بەردەوام بووبا تا ئێستا زمانێکی دەتوانی بڵێی یەکگرتووت هەبوو. بەڵام ڕایانگرت، ئێستا ڕووناکبیران لەگەڵ ئەوەدا نین کەوا بڵێین زمانێکی یەکگرتوو، ئەڵێن ناکرێ، نابێ و نابێ، بەڵام من پرسیار دەکەم لەهەر دوو دیالێکتە سەرەکییەکەی زمانی کوردیدا کە ئەگەر تەماشای فەرهەنگ بکەی دەبینی ٩٥٪ وشە فەرهەنگییەکان وەکوو یەکن، بەڵام هەر دیالێکتێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، من ناڵێم جیاوازی، بەڵکوو دەڵێم تایبەتمەندیی خۆی هەیە، هێندێک ناوچە هەیە دەبینی ئەو تایبەتمەندییەی لەولا هەیە هێندێک ناوچە هەیە دەبینی ئەو هەردوو تایبەتمەندییەکەی تێدا هەیە و تۆ دەتوانی ئەم ناوچەیەی کە لە نێوەڕاستدا هەیە بکەیە زمانێکی ستاندارد، بەڵام کاری دەوێ و بڕیاری دەوێ. کەواتە تۆ دەتوانی زمانێکی ستاندارد بکەی، بەڵام ئاکادێمیای دەوێ کە تەنیا ئاکادێمیای زمان بێت، ئەو ئاکادێمیایەی کە ئێستا هەمانە ئاکادێمیای کوردییە، ناشتوانێ ناوی ئاکادێمیای زمانی کوردی لە خۆیی بنێ، چونکە ئەمە هەر بەردەوامی کۆڕی زانیاری کوردستانە ئی ساڵی هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئێستا کورد لە باشووری کوردستاندا پێویستی بە ئاکادێمیایەکی زمان هەیە، کە کار لەسەر زمان بکات، پێویستی بە دەزگایەکی تایبەت هەیە بە فەرهەنگدانان، پێویستیمان بە فەرهەنگێکی یەکگرتوو هەیە، بەڵام نەک لەسەر حیسابی فەرهەنگەکانی تر بێ، بەڵکوو

ئەو فەرهەنگانەی کە ئێستا هەن هێندێک لەوانە تایبەتمەندی ئەوەیان تێدا هەیە کە فراوان بکرێن و لە ژیان کاری تێدا بکات و دەوڵەمەند بکرێ و سالانە سەر لەنوێ چاپ بکرێتەوە و دەوڵەمەند بکرێت، دەبێ وابکرێ، نەک بێن هەموو فەرهەنگەکان تێکەڵ بکەین و بڵێین ئەوە فەرهەنگێکی یەکگرتووە، چونکە ئەوسا مافی ئەو فەرهەنگنووسانە دەخورێت کە کاتێک بە تەنیا و یەکباڵ کاریان لە دونیای فەرهەنگدا کردوە.

**شەهرام سوبحانی**: **بێجگە لە زمان کام فاکتەری دیکە ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە نەتەوەسازیدا؟**

**د. کوردستان موکریانی**: دەی خۆ ئێمە نەتەوەین، هەیە پێمان دەڵێ میللەت، میللەت نەتەوە نیە، ئێمە نەتەوەین و سەربەخۆیی خۆمان هەیە، ئێستا ئێمە لە باشووری کوردستان هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستانی لەخۆ گرتوە، کە تەماشای ڕاگەیاندن دەکەی لێرە لە باشووری کوردستان دەبینی لێهاتووەکانی ڕۆژهەڵات لە هەموو ڕاگەیاندنەکاندا کار دەکەن، هی باکوور لێرەدا کار دەکەن، کە دەچییە مۆڵەکان، کە دەچیە شوێنە بازرگانییەکان دەبینی ڕۆژاوا دەوڵەمەندیان کردوە و بووژاندوویانەتەوە. یانی تۆ لە باشووری کوردستان توانا و هەڵکەتووەکانی هەر چوارپارچەی تێدا دەبینی، کەواتە تۆ نیمچە دەوڵەتێکی ئێستا، جابۆیە تۆ نەتەوەیەکی، ئابووریی خۆتت هەیە، بەڵام لێت ناگەڕێن، ئاگات لێیە بەغدا دەیهەوێ بە زۆری نەوتەکەت بەرێ، کە نەوتەکەی تەواو کرد، دەڵێ بێنە گازەکەشم بدەیە، چونکە تۆ کە گیرفانت پڕ بوو، سەربەخۆیی، هەر وەکوو ژنێک ئەو ژنەی کەوا خاوەنی جزدانی خۆیەتی، خاوەنی مانگانەی خۆیەتی، ژنێکی بڕیاردەرە، هەر نەتەوەیەکی خاوەن ئابووری خۆی بوو، نەتەوەیەکی بڕیاردەرە.

**شەهرام سوبحانی**: **لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە پێکەوە وەک نەتەوەیەک یەکگرتووانە بۆ کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ کار بکەین؟**

**د. کوردستان موکریانی**: وەک ئاماژەم پێدا ئێمە نەتەوەین، بەڵام هێشتا وشیاری نەتەوەیی لە لامان بە باشی پێ نەگەیشتوە، و بەداخەوە لەگەڵ یەکتری وەکوو هاونەتەوەیەک مامەڵە ناکەین، دیارە نەک هەموومان، نەخێر ڕووناکبیر هەیە زۆر زۆر هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات، سەرکردە هەیە زۆر هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات، تاک هەیە لەنێو ئەو بازاڕەی کە دەچی دەبینی هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات. بەڵام کار لەسەر ئەمەش دەکرێ بۆ ئەوەی زمانێکی یەکگرتووت نەبێ، کار لەسەر ئەمە دەکرێ هاوبیر نەبن لەگەڵ یەکتری، ئێمە کەوتووینەتە نێو دەمی چوار ئەژدیها لە دەورووبەرمان. هەر باشە ماوین، جا چۆن دێڵن ئەتۆ وەکوو نەتەوە ببووژێتەوە، یانی لەوانەیە نیوەی سەروەت و سامانی خۆیان تەرخان بکەن تەنیا بۆ ئەوەی خاک لە پێش چاوت ڕەش کەن، نیشتمان لەلات نرخی نەمێنێ، سەرکردەکان ناویان بزڕێ، یانی

کاری لەسەر دەکرێ و کەسیش هەیە لە ناوشیاریی خۆی، لە نابەرپرسیارێتی خۆی بە دوایان دەکەوێ و ئەو قسانە دەڵێتەوە. یەکێکی وەکوو من هەرگیز ئەوانە ناڵێتەوە، چونکە من دەزانم لەکوێوە ئەم بایە هەڵ دەکرێ و بۆچی هەڵ کراوە و لەبەر چیە! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێک هەن کە ئەمەیان ڕاگرتوە، و ئەمە ماوە ئەگەر ئەو کەسانە نەبن، ئەوە دەخورێین ئێمە، و بەڕاستی ئەو ئەژدیهایانە دەمانخۆن، و دەبینم ئێمە زۆر نەتەوەیەکی بە توانایین، نەتەوەیەکی زۆر ئازاین، نەتەوەیەکی خاوەن بیرین، بۆیە لەنێو ئەم چوار دەسەڵاتەی کە دابەشیان کردووین، کەوا وایان لێ کردووین ئەوان حوکمڕانیمان بکەن، و ئەوە سەد ساڵە بە هەموو شێوەیەک هەوڵیان داوە بمانتوێننەوە، نەیانتوانی و ئێمە هەر ماوین، کەواتە ئێمە هەر دەمێنین.

**شەهرام سوبحانی**: دوکتور زۆر سپاس کە کاتتان دانا. ئەگەر قسەیەکی نەگوتراوتان لەسەر ئەو بابەتە هەبێت بفەرموون.

**د. کوردستان موکریانی**: ئەمن ئامۆژگاریی کەس ناکەم، بەڵام لە ئەزموونی خۆم قسە دەکەم، ئەویش ئەوەیە کەوا ئێمە پێویستە یەکدەنگ و یەکڕەنگ بین، و یەکترمان خۆش بووێت، چونکە دەزانی خۆشەویستیی خاک، خۆشەویستیی کەس، خۆشەویستیی ئایدئۆلۆژییەت، خۆشەویستیی بیروڕا، هەر جۆرە خۆشەویستییەک بێت، هێزت پێ دەبەخشێ. ئەم هێزەش وات لێ دەکات کەوا تۆ بەردەوام بیت لە ژیاندا و ئەفراندن بکەی لە کار و کردەوکانتدا. بۆیە دەبێ ڕێز لە یەکتری بگرین و یەکترمان خۆش بووێ، لە هەمان کاتدا خاکمان خۆش بووێ و شانازی بە ڕابردوومان بکەین، بەڵام تەنیا لە ڕابرووودا نەژین و لە ئێستادا بژین. ئێستا دەبێ چاومان کراوە بێت، کاتی ئەوە هاتووە کە ئێمە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان بین، دەبێ هاوار بکەین بە هەموومان ئێمە دەوڵەتمان دەوێ، یانی شەرمە بۆ ئەو دەوڵەتە زلهێزانەی ١٠٠ ساڵ لەمەوپێش بە دروشمی مافی مرۆڤ و دیموکراسی هاتن، کەچی بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ئێمەی کورد و خاکی کوردستانیان دابەش کرد بەسەر چوارپارچەدا، دەبێ بچینە چاویانەوە و بە زمانی خۆیان بە کردەوەکانی خۆیان بڵێین، ئێوە کردوەکانتان ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر هەڵە بوو، و دەبێ ئەم هەڵەیە ڕاست بکەنەوە، و دەبێ باجی ئەم هەڵەیەش بدەن، چونکە ئێمە سەد ساڵە باجی ئەوە دەدەین کە ئێوە بۆ بەرژەوەندیی خۆتان ئێمەتان کردە چوارپارچە، دەبێ ئێمە بەو زمانە قسە بکەین لەگەڵیان، ئیتر بەسە!

١٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## کاوە بەهرامی: پێشمەرگە پێویستی بە پەروەردەیەک هەیە لێهاتوویی سەربازی ئاوێتەی تێگەیشتنی سیاسی و ئەخلاقی بکات



وتوویژ: شەهرام سوبحانی

**ئاماژە:**

ئەمساڵ ٤١ ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی بە ڕۆژی پێشمەرگە وەک هێزی پارێزەری خاک و نیشتمان کە یادگاری کۆماری کوردستانە ناودێر کرد. "کوردستان" بە بۆنەی ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان وتووێژێکی لەگەڵ کاک کاوە بەهرامی، بەرپرسی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێک هێناوە.

**شەهرام سوبحانی:** کاک کاوە بەڕێزتان سەرەتا وەک پێشمەرگەیەکی کوردستان و دواتریش وەک بەرپرسی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی کوردستان چۆن باس لە ڕۆڵ و کاریگەریی پێشمەرگە لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستاندا دەکەن؟

**کاوە بەهرامی:** هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەکێکە لە دەستکەوتە هەرە مەزنەکانی کۆماری کوردستان کە بۆ یەکەم جار

شۆڕشگێڕی کورد لەژێر ناوێکی پڕ بە پێست و لە چوارچێوەی دەوڵەتی کوردیدا ڕێک خست. ئەم ڕێکخستنە بەنەزم و نیشتمانییە بۆخۆی وەرچەرخانێکی گرنگە لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد. ڕێژیمی پاشایەتی پێی وابوو بە ڕووخانی کۆماری کوردستان شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆتایی پێ دێت، بەڵام لە سەردەمی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەتی پاشایەتیدا لە ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ جارێکی دیکە هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەباتی ئاشکرای خۆی دژی ڕێژیمی پاشایەتی دەست پێ کرد. کەواتە بەرخۆدانی هێزی پێشمەرگە بوو بە فاکتەرێکی گرنگ بۆ بەردەوامبوونی شۆڕش. ئەگەرچی لە شۆڕشەکانی پێش کۆماری کوردستان لە لایەن داگیرکەرانەوە ناچار بە پاشەکشە یان توانەوە دەکرا، بەڵام لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان هێزی پێشمەرگە نەک هەر خۆی بەدەستەوە نەدا، بەڵکوو بەو پێناسە نەتەوەییەی کە بۆخۆی هەڵیگرتبوو لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بەتایبەتی باشووری کوردستان، بوو بە ڕێکخەر و درێژەدەری شۆڕش.

مێژووش شاهیدە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەرەڕای ناهاوسەنگیی هێز، لاوازیی کەرەستەی نیزامی و چەک، نەبوونی پشتیوانی دەرەکیی بەهێز، بەو حاڵەشەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بەبێ دابڕان تا هەنووکە بەردەوامە لە خەبات و هیچ هێزێک هەتا ئێستا نەیتوانیوە لەنێوی بەرێت، هەر بۆیەش لەنێو میللەتەکەماندا بە "باسکی بەهێزی گەل" ناودێر کراوە. ڕۆڵی هێزی پێشمەرگە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا تەنیا بەرگری چەکداری و پاراستنی خاکی کوردستان نەبووە، بەڵکوو پێشمەرگە لە هەرکات و ساتێکدا بەپێی پێویستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و بەپێی ویستی نەتەوەی هەڵسوکەوتی کردووە و خزمەتی بە نیشتمانەکەی کردووە. ئاشکرایە دوژمنان بۆ تواندنەوەی نەتەوەکەمان کەلکیان لە هەموو ڕێگاکانی بەردەست وەرگرتووە. پێشمەرگە هەستی بەو بەرپرسیارییەتییە کردووە کە دەبێ بۆ هەر قۆناغێک و بۆ هەر شێوەیەک لە خەبات خۆی ئامادە بکات. پێشمەرگە ڕۆڵی وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و تاکەکانی لەئەستۆ بووە و هەیە. پێشمەرگە بزوێنەری هزری کۆمەڵگە بووە بۆ هەڵوێستگرتن بەرانبەر بە نادادپەروەری، چەوساندنەوەی مرۆڤ و سەرکوتکردنی ژنان. کۆی ئەمانە و زۆر ڕۆڵی نەوتراوی دیکە وای کردوە پێشمەرگە مێژوویەکی پڕشنگدار و پاک لە مێژوودا بۆخۆی تۆمار بکات.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا پێشمەرگە دەبێ جیهانیتر ببینرێت یان نیشتمانیتر؟ چی پێویستە بگۆڕدرێت و بکرێت بۆ گەیشتن بە هەر دوو مەبەستەکە؟

**کاوە بەهرامی**: هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێزی نیشتمانی نەتەوەی مەزنی کوردە کە دەتوانێ لە جیهاندا دەوری کاریگەری هەبێت، لە لایەکی دیکەوە هێزێکی سەردەمیانەیە کە دەتوانێ بە حەق پارێزەرێکی دڵسۆز بۆ گەل و نیشتمان

بێت. بەڵام ناکرێ پێشمەرگە لە هەڵبژاردنێکدا بەرتەسک بکرێتەوە کە لە نێوان خۆگونجاندن لەگەڵ چاوەڕوانییە دەرەکییەکان یان درێژەدان بە ئەرکی نیشتمانی خەباتکردن بۆ کوردستان بێت. ئەم دوو ڕوانگەیە لەگەڵ یەک لە گرژیدان بە جۆرێک، بەڵام ناتەبا نین. ڕەنگە پرسیاری گرنگ ئەوە بێ کە پێشمەرگە چۆن ڕۆڵی خۆی پێناسە دەکات بەبێ ئەوەی مەودای ستراتیژیی خۆی لەدەست بدات. لە لایەکەوە زۆرجار ڕوانگەی دەرەکی بە بەرژەوەندییە ئەمنییە کورتخایەنەکان تایبەتمەندە. وەک ئەو چاوەڕوانییەی جیهانی دەرەوە لە پێشمەرگەیان هەبوو لە شەڕ بەرانبەر بە تیرۆر (داعش) یان گرووپە توندڕەوە مەزهەبییەکان. لەم ڕوانگەیەوە پێشمەرگە بە پلەی یەکەم کاتێک قبووڵ دەکرێت کە وەک هێزێکی سەقامگیرکەر، شەڕکەرێکی بەرگریکار، یان بەشێک لە لۆژیکی ئەمنی ناوچەیی کار بکات. ڕۆڵێکی سنووردار لەم جۆرە ڕەنگە شەرعییەتێکی کاتی دابین بکات، یان هەندێک دەستکەوتی لاوەکی هەبێ، بەڵام لە هەمان کاتدا مەترسی لەنێوچوونی ئەرکی مێژوویی و سیاسی پێشمەرگە هەیە ئەگەر هاوسەنگی لەگەڵ ئامانجێکی نیشتمانی ڕوون نەبێت، هەروەها دەبێ ژیرانە مامەڵە لەگەڵ دەستکەوتەکانی بکات بۆ ئەوەی لە خزمەت ئامانجی نەتەوەیی بەکاریان بهێنێتەوە. لە لایەکی دیکەوە، بوونی پێشمەرگە لە بنەڕەتدا ڕەگ و ڕیشەی لە خەباتی نەتەوەیی کورددایە، خەبات بۆ دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین، کەرامەتی نەتەوەیی و نوێنەرایەتیی سیاسی. ئەگەر ئەم ڕەهەندە لاواز بێت، مەترسی ئەوە هەیە پێشمەرگە وەک "شەڕکەرێکی ئازا"ی سەربازیی بێ ئاڕاستەی سیاسی کورت بکرێتەوە. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ئەگەر بناغەی ئایدیۆلۆژی و نەتەوەیی خۆی لەدەست بدات، ناتوانێت لە درێژخایەندا بەردەوام بێت.

**بۆیە ئەو ڕۆڵەی پێشمەرگە پێویستە سەرنجی لەسەر بنیاتنانی بدات، ڕۆڵێکی دووانەیە، بەڵام یەکگرتووە:**

**یەکەم**: وەک هێزێکی تۆکمەی سەربازی و دیسیپلینکراو، کە بە ڕوونی لە لێپرسینەوەی سیاسی و نۆرمەکانی نێودەوڵەتیدا لەنگەری گرتووە.

**دووەم**: وەک دامەزراوەیەکی نیشتمانی بەوپەڕی دڵسۆزییەوە خەبات بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی میللەتەکەی دەکات.

**بۆ گەیشتن بە هەردوو ئامانجەکە، چەند مەرجێکی چارەنووسساز پێویستە.**

**یەکەم**: ڕوونیی ستراتیژی پێویستە: پێشمەرگە دەبێت خۆی ئامانجە درێژخایەنەکانی خۆی دیاری بکات، نەک ڕێگە بدات بەرژەوەندیی و لایەنە دەرەکییەکان لە قاڵبی بدەن.

**دووەم**: هەماهەنگی سیاسی، یەکگرتوویی هێز و دیسیپلینی نێوخۆیی پێویستە، کە هێزی سەربازی بە بەردەوامی ملکەچی پرۆژەیەکی سیاسی یەکگرتووە.

**سێهەم**: بەنێودەوڵەتیکردنی پرسی کورد پێویستە، کە پێشمەرگە نەک تەنیا وەک ئەکتەرێکی ئەمنی، بەڵکوو وەک بەشێک لە بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی نەتەوەیی شەرعی کە رەگ و ریشەی لە یاسای نێودەوڵەتیدا هەیە، بناسرێت. خۆگونجاندن بەو شێوەیەی کە جیهان دەیهەوێت هەرگیز ناتوانێت لە خۆیدا ئامانجی پێشمەرگە بێت، بەڵکوو تەنیا ئامرازێک دەبێت. هێزی درێژخایەنی پێشمەرگە لە توانای تێکەڵکردنی شەرعییەتی نێودەوڵەتی لەگەڵ خۆڕاگریی نیشتمانیدایە. تەنیا کاتێک ئەم دوو رەهەندە بەیەکەوە رابگیرێن، پێشمەرگە دەتوانێت هەم وەک ئەکتەرێک کە جیهان بتوانێت پەیوەندیی پێوە بکات و هەم وەک هێزێک کە بە بەردەوامی هەڵگری خواستە نەتەوەییەکانی گەلی کوردە، کار بکات.

**شەهرام سوبحانی**: ئاڵا و پێشمەرگە دوو دەستکەوتی کۆماری کوردستانن. رازی زیندوومانەوەی ئەم دوو هێمایە هەتا ئێستا چین؟

**کاوە بەهرامی**: مانەوەی ئاڵا و پێشمەرگە وەک دوو هێمای نەتەوەیی کورد، پێش هەموو شتێک دەرئەنجامی خەباتی بەردەوامی کوردە لە هەموو پارچەکانی کوردستان، بەتایبەتی لە رۆژهەڵات و باشووری کوردستان. ئەم هێمایانە لە رێگەی دامەزراوە فەرمییەکان یان دانپێدانانی نێودەوڵەتییەوە نەپارێزراون، بەڵکوو لە رێگەی پێشمەرگە و ئەو شۆڕشگێڕانەوە پارێزراون کە سەرەڕای هەموو جۆرە پیلانێکی دوژمن بۆ لەنێوبردنیان، هەرگیز شۆڕشگێڕانی کورد دەستبەرداری ویستی نەتەوەیی خۆیان نەبوون و رێگربوون لە هەوڵی نەزۆکی دوژمنان. گەلی کورد گەلێکی بێ مافە، بەڵام هۆشیاری سیاسییە. سەرەڕای پارچەپارچەبوونی وڵاتەکەی، نکوڵی لێکردن و هەوڵی دووپاتە بۆ ئاسمیلەکردن، خەباتی جەماوەری و شۆڕشگێڕیی خۆی نەپچڕاندووە و لە نەوە بۆ نەوە بەپێی دەرەتان بەردەوام بووە. لەم چوارچێوەیەدا هەم ئاڵا و هەم پێشمەرگە وەک رەمزێکی یەکگرتوویی نەتەوەیی بە بەردەوامی کاریان کردوە، نەک وەک هێمای کاتی بەستراو بە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراوەوە. حیزبی دێموکرات وەک حیزبی دامەزرێنەری کۆمار هەم فۆرمی سیاسیی و هەم نێوەرۆکی تەشکیلاتی بە خەباتی نەتەوەیی کورد بەخشی. هەرچەندە ئەو کۆمارە بەهۆی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتی نێودەوڵەتی و دەستێوەردانی رێژیمی شای ئێران رووخێنرا، بەڵام نەتوانرا سیمبولە ناوەندییەکانی بسڕدرێنەوە. ئاڵا و پێشمەرگە لە ژیاندا مانەوە، چونکە پێشتر وەک دامەزراوەی نەتەوەیی لە هۆشیاری خەڵکدا چەسپاندبووی، نەک تەنیا وەک دەربڕینی بڕیاری دەوڵەت. لە دەیەکانی دواتردا کاری سیاسی و تەشکیلاتی حیزب یارمەتیدەر بوو بۆ زیندووکردنەوەی ئەو هێمایانە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا. پێشمەرگە نەک هەر وەک هێزێکی سەربازی، بەڵکوو وەک هەڵگری بەرپرسیارێتی و دیسیپلین و



سەرچاوە Serchawe

بەرگری نیشتمانی لەو سەردەمەدا گەشەی کرد کە هیچ پێکهاتەیەکی دیکەی پارێزەر بوونی نەبوو. بە هەمان شێوە ئاڵا وەک نیشانەیەکی یەکگرتوویی شۆڕش و بەرخۆدان و ناسنامەی نەتەوەیی لە سەرجەم قۆناغەکانی خەبات و ڕەمزی سەرەکی نەتەوەکەمان بوونی هەبووە و هەیە. ئاڵا و پێشمەرگە لە ژیاندا ماون، چونکە بە شێوەیەکی دانەبڕاو بە خەباتێکی زیندوو و پرۆژەیەکی سیاسی ڕێکخراو و یادەوەرییەکی مێژوویی بە کۆمەڵگەوە گرێدراون. هێزی ئەوان لە خودی سیمبولیزمەکەدا نیە، بەڵکوو لە بەردەوامی بەرخۆدان و ڕێکخستن و قوربانیداندایە کە نوێنەرایەتیی دەکەن، لە کۆماری کوردستانەوە تا خەباتی ئەمڕۆ بۆ ئازادی و مافی چارەنووسی کورد.

**شەهرام سوبحانی:** ئایا پێشمەرگە پێویستی بە فەلسەفەی سەربازییەکی نوێ هەیە؟ ئەگەر هەیە ستوونە سەربازییەکانی چی دەبن؟

**کاوە بەهرامی:** پێشمەرگە لە بنەڕەتدا هێزێکە کە لە خەبات دژی دەسەڵاتە داگیرکەرەکان بۆ ڕزگاری گەل و نیشتمان سەری هەڵداوە. ئەم شوناسە بنەڕەتییە وەک خۆی ماوەتەوە. لە هەمان کاتدا واقیعی سیاسیی و سەربازیی ئەمڕۆ پێویستی بە پەرەپێدان و ڕوونکردنەوەی فەلسەفەی سەربازیی پێشمەرگەیە، بۆ ئەوەی نەک تەنیا بە پێویستیی و بەرخۆدان، بەڵکوو بە ستراتیژی درێژخایەن لە قاڵب بدرێت. لە ڕووی مێژووییەوە پێشمەرگە تا ڕادەیەکی زۆر ناچار بووە بە ئیمکاناتی سنووردار شەڕ بکات. زۆربەی چەک و ئامرازە نیزامییەکانی وەک دەستکەوتی شەڕ بەدەستی هێناوە، نەک بە پلان و بودجەی دیاریکراو. ئەمەش کاریگەری لەسەر توانای بەکارهێنانی تەواوی توانا سەربازییە پێشکەوتووەکانی پێشمەرگە هەبووە. بۆیە ناتوانرێت فەلسەفەیەکی سەربازی مۆدێرن لە پرسی دەستڕاگەیشتن بە چەکدا کورت بکرێتەوە، هەرچەندە کەرەستە و چەک بە سروشتی خۆی ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن. پێویستە فەلسەفەی سەربازیی داهاتووی پێشمەرگە لەسەر چەند پایەی یەکگرتوو بێت: گرنگترین پایە بۆ پێشمەرگە باڵادەستی تەکنۆلۆژی نیە، بەڵکوو هۆشیاری و دیسیپلین و سەبرە. هۆشیاری سیاسی، تێگەیشتن لە ئامانجی خەبات و بەرپرسیارێتی بەرانبەر بە نەتەوە، بۆ بەڕێوەبردنی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانە، چارەنووسسازە. پێشمەرگە پێویستی بە پەروەردەیەکی سیستماتیک هەیە کە لێهاتوویی سەربازی لەگەڵ تێگەیشتنی سیاسی و ئەخلاقی تێکەڵ بکات. پێشمەرگەیەک کە بزانێت بۆچی شەڕ دەکات، نەک تەنیا چۆن، زیاتر خۆڕاگر دەبێت بەرانبەر بە هەردوو فشاری دەرەکی و نێوخۆیی. تەنانەت لەژێر بارودۆخی ماددی سنووردارادا، پێکهاتەی ڕوون و دیسیپلین و گەشەپێدانی ڕێکخراوەیی پێویستە. فۆرمە نوێیەکانی شەڕ، لەوانەش ڕەهەندە تەکنۆلۆژی و دەروونییەکان، گونجاندن دەکاتە بەشێکی ناوەندی فەلسەفەی سەربازی. چەکی پێشکەوتوو و کەرەستەی سەردەمیانە گرنگن، بەڵام ناتوانن لە ئێستادا ببنە پایەی سەرەکی ستراتیژی پێشمەرگە. بۆیە دەبێت فەلسەفە لەسەر بنەمای ئەوەی کە لە ڕاستیدا مومکین بێت، بەبێ ئەوەی چاوی لە بنیاتنانی تواناکانی داهاتوو لەدەست بدات. پێشمەرگە پێویستی بە فەلسەفەیەکی سەربازی



سەرچاوە
Serchawe

نیە کە تەقلیدی سپای دەوڵەت بکات، بەڵکوو پێویستی بە یەکگرتووییەکی تایبەت بەخۆی هەیە کە متمانەی جەماوەری و هۆشیاری سیاسی و پیشەیی سەربازی و ڕیالیزمی ستراتیژی تێکەڵ بکات.

**شەهرام سوبحانی:** ئاڵای کوردستان سیمبول و کۆی مێژوو، خەون و ئاواتی نەتەوەیەکە. لە ڕوانگەی ئێوەوە ئاڵا چ تەعبیر و خوێندنەوەیەک لەو مێژووە دەکات؟

**کاوە بەهرامی:** ئاڵای کوردستان هێمای ناسێنەری نەتەوەیەکە کە خاوەنی خاک، زمان، کولتوور و مێژووی خۆیەتی. ئاڵای کوردستان دەکرێ بە پوختەی ئەزموونی مێژوویی نەتەوەی کورد لێک بدرێتەوە، کە نکۆڵی و خۆڕاگری و هیوا بۆ داهاتوو پێکەوە دەژین. ئاڵای کوردستان نوێنەرایەتیی یەک قۆناغی سیاسی یان حوکمێکی کاتی ناکات، بەڵکوو یادەوەرییەکی بەکۆمەڵی درێژخایەن و خواستێکی هاوبەشە کە بەدرێژایی نەوەکان لە قاڵب دراوە، و لەم ڕووەوە ئاڵا هەڵگری میراتی کۆماری کوردستانە، کە لەنێوخۆیدا نوێنەرایەتیی ئەو ساتە دەکات کە بزووتنەوەی گەلی کورد هەنگاوی لە خەباتی پەرشوبڵاوەوە بەرەو پرۆژەیەکی نەتەوەیی ڕێکخراو هەڵگرت. بەم شێوەیە ئاڵا و مێژوو وەک چیرۆکێکی بەئاگاهاتنەوەی نەتەوەیی لێک دەدرێنەوە، کە تێیدا خەبات بۆ مافەکان گۆڕا بۆ فۆرمولاسیۆنێکی ڕوونی ناسنامەی نەتەوەیی. لە هەمان کاتدا ئاڵا وەک زمانێکی مێژوویی یەکگرتوو کار دەکات. ئاڵا بۆ هەر نەتەوەیەک شێوازێکە بۆ خوێندنەوە و ناسینی ئەزموونە بەکۆمەڵەکانی. هەربۆیە لە چوارچێوەی کوردیدا ئاڵا بووەتە دەربڕینێکی چڕ بۆ مێژووی خۆڕاگری و چەوساندنەوە و خۆڕاگریی گەل. کاتێک ئاڵا هەڵدەگیرێت یان هەڵدەدرێت، نەک هەر واتای "ئەمە کوردستانە"، بەڵکوو "ئەمە مێژوویەکە ڕەتی دەکاتەوە بسڕدرێتەوە". لە کۆتاییدا ئاڵا ڕەهەندێکی ئەخلاقیشی تێدایە. بەرپرسیارێتیمان بیر دەخاتەوە، چ بەرانبەر بە مێژووی گەلی کورد، خوێنی شەهیدان و چ بەرانبەر بە نەوەکانی داهاتوو. هەڵگرتن یان بەرگریکردن لە ئاڵا نەک هەر بە مانای بیرهێنانەوەی ئەوەیە کە بووە، بەڵکوو بە شێوەیەکی چالاکانە بەڕێوەبردنی خەبات لە ڕێگەی دیسیپلین و هۆشیاری و پابەندبوونی درێژخایەنە. ئاڵای کوردستان مێژووی نەتەوەی کورد وەک بزووتنەوەیەک لە نکۆڵی لێکردنەوە بۆ خۆپێناسەکردن، لە دابەشبوونەوە بۆ شوناسی هاوبەش و لە خەباتی مێژووییەوە بۆ تەماحی داهاتوو لێک دەداتەوە. نیشانەیەکی زیندووە کە میللەتی کورد نەک هەر مێژووی خۆی لەبیرە، بەڵکوو بەردەوامە لە نووسینی.

**شەهرام سوبحانی:** ڕزگاریی کوردستان بەندە بە هێزێکی یەکگرتووی نیشتمانیی پێشمەرگە کە ئەرکی تەنیا خەبات بۆ ڕزگاری کوردستان بێت، نەک قەتیس و داخراو لە چوارچێوەی بیر و ئایدیایەکی جیاواز، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا ئەم یەکگرتووییە لەنێو حیزبەکانی کوردستاندا ڕووی نەداوە بە باشووریشەوە، بەڕای بەڕێزتان ئەم بەربەستانە چین کە ڕێگرن لە دروستبوونی ئەم یەکگرتووییە؟

**کاوە بەهرامی**: لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، قەناعەت بە پێویستیی هێزی پێشمەرگەی نەتەوەیی یەکگرتوو، لەمێژە بوونی هەیە. بۆ ئەم مەبەستەش هەم دەستپێشخەریمان کردوە و هەمیش هەنگاومان هەڵێناوە. ئەزموونەکان ئەوە دەردەخەن کە هەتا باڵی سەربازی لە رووی رێکخراوەییەوە پارچەپارچە و بەستراو بە سنوورە تەسکەکانی حیزبی بمێنێتەوە، کێشە نێوخۆییەکانی کورد مەترسی بەردەوامبوون و قووڵبوونەوەیان زیاتر دەبێت. بۆیە یەکگرتوویی پرسێکی ڕەمزی نیە، بەڵکوو پێویستییەکی ستراتیژییە. هێزی پێشمەرگەی یەکگرتووی کوردستان پێویستە وەک هێزێک تێبگەین کە ئەرکە سەرەتاییەکانی بەستراوەتەوە بە ئامانجە نەتەوەییە هاوبەشەکانی گەلی کوردەوە، نەک بە بەرژەوەندیی تاکە حیزبێکی ئایدیۆلۆژی یان حیزبی سیاسی. ئەمە بە مانای نکۆڵیکردن لە فرەچەشنی سیاسی نیە، بەڵکوو بە ڕوونی خەباتی چەکداری ملکەچی ئەرکێکی هاوبەشی نیشتمانییە، ئەویش ڕزگاری کوردستانە. لە هەمان کاتدا گرنگە لە ئاست بەربەستەکانی بەردەم ئەم یەکگرتووییەدا ڕوون بین. گەورەترین ئاستەنگ لە مێژوودا پارچەپارچەبوونی قووڵی حیزبی سیاسی بووە، کە پێکهاتە سەربازییەکان بە شێوەیەکی هاوتەریب گەشەیان کردوە نەک بە هاوبەشی. کاتێک پێشمەرگە وەک هێزێکی حیزبی نەک دامەزراوەیەکی نیشتمانی هەست پێ دەکرێت، هەم یەکگرتوویی نێوخۆیی و هەم شەرعییەتی دەرەکی لاواز دەبێت. بەربەستێکی سەرەکی دیکە، نەبوونی متمانە بە یەکترە، کە لە ڕێگەی ململانێی ڕابردوو و ستراتیژییەکانی کێبڕکێ و دەستێوەردانی دەرەکییەوە سەری هەڵداوە. زلهێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانیش زۆرجار ئەم دژایەتییانەیان قۆستۆتەوە، ئەمەش هەوڵەکانی بۆ هەماهەنگی نیشتمانی زیاتر ئاڵۆزتر کردوە. جگە لەوەش بەربەستێکی پێکهاتەیی لە شێوەی ئەزموونی مێژوویی و بارودۆخی جوگرافی جیاواز لە بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا هەیە. ئەم جیاوازییانە کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتی ڕێکخستنی خەبات و دانانی چ ئەولەوییەتێک هەبووە، ئەمەش لە بەرانبەردا دروستکردنی پێکهاتەی سەربازی هاوبەشی ئاڵۆز کردوە. سەرەڕای ئەم ئاستەنگانە، هێزێکی یەکگرتووی پێشمەرگە نەک هەر مومکین نیە، بەڵکوو پێویستییەکی بێ ئەم لا و ئەولایە، بە تایبەت لە قۆناغی ئێستادا کە ڕەنگە هەلومەرجی سیاسی نوێ سەرهەڵبدات. هەروەها یەکگرتووییەکی لەو شێوەیە بۆ پێگەی کوردستان لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیشدا زۆر گرنگە. ئازادکردنی کوردستان پێویستی بە پێشمەرگەیەکی بێ پرەنسیپ نیە، بەڵکوو پێویستی بە پێشمەرگەیەکی بە باوەڕ و ئیرادەی قووڵی نیشتمانیی ڕوون و ئاشکرا هەیە. ئاستەنگەکانی بەردەم یەکگرتوویی واقیعین (دابەشبوونی حیزبی، نەبوونی متمانە و کاریگەریی دەرەکی)، بەڵام تێنەپەڕێنراو نین. زاڵبوون بەسەریاندا بەرپرسیارێتی هاوبەشی هێزە سیاسییەکانە و پێشمەرجێکی چارەنووسسازە بۆ خەباتێکی نەتەوەیی باوەڕپێکراو.

**شەهرام سوبحانی**: چۆن دەتوانین فەلسەفەی پێشمەرگایەتی کە بریتییە لە: گیانفیدایی و خۆنەویستی، بگوازینەوە بۆ نەوەی نوێ کە لە هەلومەرجێکی تەواو جیاوازدا دەژین؟



سەرچاوە
Serchawe

**کاوە بەهرامی**: گواستنەوەی فەلسەفەی پێشمەرگە بۆ نەوەی نوێ، دووپاتەکردنەوەی مێژوو نیە، بەڵکوو وەرگێڕانی بەها سەرەکییەکانە بۆ سەردەمێکی نوێ. ئەم ئەزموونانە بنەمای فەلسەفەیەک پێکدەهێنن کە لەسەر بنەمای خۆبەختکردن و خۆنەویستی دامەزراوە. لە هەمان کاتدا گەنجانی ئەمڕۆ لەژێر بارودۆخێکی تەواو جیاوازدا دەژین، ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەو بەهایانە دەبێ بە شێوەیەکی نوێ و وشیارتر بگوازرێنەوە. هەڵگرتنی میراتەکە بەو مانایە نیە کە نەوەی داهاتوو دەبێ وەک نەوەکانی پێشوو بژین یان شەڕ بکەن، بەڵکوو لە مانای قوربانیدانەکە تێ بگەن. خۆبەختکردن لەمڕۆدا بریتییە لە: وەرگرتنی بەرپرسیارێتی و کۆڵنەدان و خواستی بەشداریکردن لە چاکەی گشتیدا، تەنانەت کاتێک خەبات چەکداریش نەبێت. خۆنەویستی واتە دانانی بەرژەوەندیی گەل و میللەت لە پێش تەماحی شەخسییە، لێرەدا پێشمەرگە بەرپرسیارێتی تایبەتی لە ئەستۆدایە. ئەو لاوانەی بەشداری لە خەباتدا دەکەن، نەک تەنیا پێویستییان بە ڕاهێنانی سەربازی هەیە، بەڵکوو پێویستیان بە پەروەردەی سیاسی و ئەخلاقی هەیە کە ڕوونی بکاتەوە کە بۆچی خەباتەکە بەڕێوە دەچێت و لەسەر چ بەهایەک دامەزراوە. لە ڕێگەی پەروەردەی هۆشیارانە دەتوانرێت ئەزموونی نەوەکانی پێشوو بەبێ ڕۆمانسیزەکردن یان سادەکردن بگوازرێتەوە، هاوکات ڕێزگرتن لە واقیعی نەوەی نوێش پێویستە. لاوانی ئەمڕۆ بە پێکهاتە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و تەکنۆلۆژیای نوێ و شێوازی نوێی پەیوەندی کردن لە قاڵب دەدرێن. بۆیە دەبێت گواستنەوەکە لە ڕێگەی دیالۆگ و نموونە و مەعریفەوە ڕووبدات، نەک لە ڕێگەی داواکارییەوە کە مێژوو بە هەمان شێوە دووپاتە بکرێتەوە. دواجار فەلسەفەی پێشمەرگە نەک لە ڕێگەی یادەوەرییەکانی ڕابردووەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی ئاشناکردن بە چۆنیەتی هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی نەتەوەیی بە هەر نەوەیەکی نوێ ئاراستە دەکرێت. خۆبەختکردن و خۆنەویستی ئەوکات وەک دروشم نامێنێتەوە، بەڵکوو وەک پرەنسیپی زیندوو خۆیان لەگەڵ سەردەمی نوێ دەگونجێنن.

**شەهرام سوبحانی**: کاک کاوە سپاس بۆ ئەوەیکە کاتت پێ بەخشین و ماندووش نەبنەوە

**کاوە بەهرامی**: سپاس بۆ بەسەرکردنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان" و ئێوەش ماندوو نەبنەوە.

١ی بەفرانباری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە: لە ٨٠ ساڵ تەمەنی "کوردستان"دا هیچ لە جەوهەر و ڕیسالەتی نەگۆڕاوە



**وتووێژ: شەهرام سوبحانی**

### ئاماژە:

لە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا، هەندێک ڕۆژ و ڕێکەوت هەن کە تەنیا ژمارەیەک نین لە ڕۆژژمێردا، بەڵکوو وەرچەرخانێکی مێژوویی و هەڵگیرسانی چرایەکی پڕشنگدارن لە تاریکستانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. ٢٠ی بەفرانبار، ساڵڕۆژی دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی "کوردستان"، زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکێکە لەو ڕۆژە پیرۆز و مانادارە کە وەک سیمبولی تێکەڵبوونی "خەبات" و "ڕووناکبیری" دەناسرێت. لە کاتێکدا پێشەوا قازی محەممەد و سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات بیریان لە دامەزرانی کۆماری کوردستان وەک یەکەم ئەزموونی دەوڵەتداریی مۆدێڕنی کوردی دەکردەوە، به دروستی دەرکیان بەوە کردبوو کە خەباتی چەکداری و سیاسی بەبێ بوونی مینبەرێکی ڕاگەیاندن و هزری، ناتەواوە. بۆیە ڕۆژنامەی "کوردستان" تەنیا وەک بڵاوکراوەیەکی ئاسایی لەدایک نەبوو، بەڵکوو بوو بە ناسنامەیەک بۆ سەلماندنی بوونی نەتەوەیی کورد و ئامرازێک بۆ گەیاندنی دەنگی مافخوازانەی گەلێک بە گوێی دۆست و دوژمن. "کوردستان" بۆ باس و بابەتێکی تایبەت بۆ ئەم ڕۆژە مێژووییە وتووێژێکی لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سیمای سیاسی و ئەدەبیی ناسراوی کورد، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات و هەروەها یەکێک لە سەرنووسەرانی پێشووی ئەم ڕۆژنامەیە پێکهێناوە.

## شەهرام سوبحانی

**شەهرام سوبحانی**: بەڕێز مامۆستا، دەرچوونی ژمارە ٩١٠ی ئەم دەورەیەی "کوردستان" هاوکاتە لەگەڵ ٨٠ ساڵەی ئەم ڕۆژنامەیە. ٨٠ ساڵ تەمەن، ٨٠ ساڵ بەردەوامی بەڵام ٩١٠ ژمارە کە ئەوەندە ژمارەیەش لە ماوەی ٥٥ ساڵدا دەرچووە. بەڕێزتان چ خوێندنەوە و لێکدانەوەیەکتان بۆ ئەم بابەتە هەیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: پێم خۆشە لە پێشدا ئەوە بڵێم ئەگەر ئەتۆ وتوویژ لەگەڵ من دەکەی وەکوو یەکێک لە ئەندامانی هەرە کۆنی حیزب، ئەمنیش هەر چەند ساڵێک پێش ئێوە ڕۆژنامەی کوردستانم دیوە، دەنا نە هاودەورەی بووم و نە بە زوویش دیومە، بە حوکمی ئەوەی ئێمە ئارشیڤێکمان لەبەردەستدا نەبوو کە ڕۆژنامەی کوردستان ببینین. بەداخەوە ئێستاشی لەگەڵ بێ، ئێمە هەموو ژمارەکانی یەکەم دەورەی ڕۆژنامەی کوردستانمان لەبەردەستدا نیە. بۆیە شتێکی تەبیعییە کە ئێمەش زۆری لێ نازانین، بەڵام لەبارەی ئەوەی کە بۆچی ئاوایە، دەڵێم بەبۆنەی دەرچوونی ژمارە ١٠٠ی کوردستانەوە پێم وابێ هەر لەو ژمارەیەشدا بوو، وتارێکمان هەبوو بە ناوی ئەوەی کە دەڵێ ڕۆژنامەی کوردستان "هاوچارەنووسی تێکۆشەرانی کوردە" یا "زمانحاڵی تێکۆشەرانی کوردە". لەوێدا بە تەفسیل باس دەکا ئەو کاتەی حکوومەتی کۆماری کوردستانمان هەبووە، ڕۆژنامەی کوردستانیش لەنێو شار بووە، کاتێک خەباتکاران کەوتوونەتە شاخ ئەویش کەوتۆتە شاخ. دەورانێک هەبووە کە تێکۆشەرانی کورد نەیانتوانیوە دەرکەون ئەویش هەر غایب بووە. خولاسە، بەحوکمی ئەوەی ڕۆژنامەکە ئۆرگانی ڕەسمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانە و ئەویش هەتا ئێستا لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە حیزبێکی ناقانوونییە، حیزبێکە کە لە دەرەوەی ژیانی تەبیعی خەباتەکەی درێژە دەدا، ئیمکانی ئەوەی نیە بە ڕێک و پێکی دەربچێت، بۆیە ئەوە کە دەبینین پاش ٨٠ ساڵ ڕۆژنامەی کوردستان ٩٠ ژمارەشی ماوە بۆ ئەوەی هەزارەمین ژمارەی دەربچێ، ناخۆشە، تاڵە، بەڵام واقیعەتێکە کە قابیلی دەرکە.

**شەهرام سوبحانی**: هەمیشە باس لەوە کراوە کە ڕۆژنامەی "کوردستان" پتر لەوەی ناسنامەی "ڕۆژنامە"ی هەبێ، "ئۆرگان"ی حیزبێکی سیاسی بووە. دیارە من وەک خۆم لام وایە دەتوانین بڵێین "کوردستان" زمانحاڵی نەتەوەیەکیش بووە. ئەو ئۆرگانبوونەی "کوردستان" چ کاریگەرییەکی لەسەر پێناسە و ژیانی ٨٠ ساڵەی ڕۆژنامەی "کوردستان" بووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ڕۆژنامەی کوردستان لە یەکەمین ڕۆژ و حەوتوو و مانگەکانی دەرچوونیدا تا ڕادەیەک خەسڵەتی ڕۆژنامەشی پێوە بووە، چونکە لە خاکی خۆی و لەنێو خەڵکی خۆی دەردەچوو، هەواڵی ڕۆژانە و ڕووداوی ڕۆژانەی قەید دەکرد، لە حەوتوودا دووجار یان سێ جار دەردەچوو، ئەوە خەسڵەتی ڕۆژنامەشی پێوەیە، هەر تەنیا ئۆرگان نیە. ئێستا پتر ئۆرگانە، ئیدی ناتوانێ ئەو شتانە تۆمار بکا، ناتوانێ بەئاسانی بەدەست خەڵکی بگا. بەڵام ئەوەی کە ئۆرگان بوونەکەی چ تەئسیرێکی هەبووە، بە باوەڕی من ئەو تەئسیرە دوولایەنەیە، هەم حیزبی دێموکراتی کوردستان ئیستیفادەی

لە ڕۆژنامەکە کردوە بۆ ئەوەی دەنگی خۆی بگەیەنێتە بەردەنگەکانی، ناڵێم کۆمەڵانی خەڵک، هەم کوردستانیش بە حیزبی دێموکراتەوە خۆشەویست بووە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەو ڕۆژنامەیە زمانحاڵی سادقی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە، هەمیشە ئەوەی گوتووە کە حیزبەکەی ویستوویەتی بیڵێ و بناغەی سیاسەتی حیزبەکە بووە. جاری واش هەبووە لای داوە، ئەمن لەبیرمە جارێک تازە دەورەی ئێستامان دەست پێ کردبوو، مەقالەیەکمان لەسەر دۆخی ئێران نووسی، پێویست ناکا بڵێین کێ نووسیبووی! بەلاڕێدا چووبوو، یانی نەیتوانیبوو ئەوەی پێویستە بیڵێ، لە ژمارەی داهاتوودا عەینی ئەو تیترە دووپاتە کرایەوە بەناوی دیسان لەسەر بارودۆخی ئێران، ئەوجار سیاسەتەکە ڕاست کرایەوە. لەسەر ئەوەی کە فەرمووت پێم وایە ئۆرگانی نەتەوەیەکە یان زمانحاڵی نەتەوەیەکە، بەو مانایە کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی خۆشەویست و حیزبی کۆمەڵانی خەڵکە ڕاستە، بەڵام موبالەغە نەکەین باشە. ئەو ڕۆژنامەیە زیاتر هەر ئۆرگانی حیزب بووە و تا ئێستاش بە هۆی ئەوەی بەداخەوە لە دەورانێکی یەکجار زۆر، لانیکەم ٦٠ ساڵ لەو ٨٠ ساڵەی عومریدا هەم نامورەتتەب دەرچووە و هەم نەیتوانیوە بگاتە دەستی خەڵک، نەشتوانراوە ئارای خەڵکی بەوجۆرە کۆبکاتەوە، یانێ ڕۆژنامەیەک کە هی خەڵک بێت، دەبێ ئاوا بێت. تەنیا لەو ٢٠ ساڵەی ڕابردوودا کە ئەویش نەک لە ڕێگای ڕۆژنامەکەوە وەک کاغەز، بەڵکوو لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە خەڵک ئەوەی بیهەوێ، لەهەر جێیەک بێ دەستی پێ ڕادەگا و دەتوانێ زیاتر زمانحاڵی خەڵک بێ.

**شەهرام سوبحانی:** لە "کوردستان"ی زمانحاڵی حکوومەتی کۆماری کوردستانەوە هەتا ئەم "کوردستان"ەی ئێستا کە لانیکەم زیاتر لە ٧٠ ساڵ لە تەمەنی لە دەرەوەی زێد و شوێنی لەدایکبوونی دەردەچێ، چ شتێک لە جەوهەر و ڕیسالەتی "کوردستان" گۆڕاوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ڕۆژنامەی کوردستان لە دەورانی جۆراوجۆردا کە تێیدا دەرچووە، زۆر شتی گۆڕاوە، شکڵی گۆڕاوە، فۆرمی گۆڕاوە، زمانی دەرچوونی گۆڕاوە. وەختێک هەر سێ ڕۆژ جارێک دەرچووە، وەختێک بە شەش مانگ جارێک، تەنانەت وەختی وای تێدایە بە ساڵ و دوو ساڵ و سێ ساڵ و دە ساڵ ژمارەیەکی دەرنەچووە، هەمووی ئەوانە هەن. جارێک بە شێوەی کتێب بووە، جارێک بە شێوەی بەیاننامە دەرچووە، هەمووی ئەوانە گۆڕاون. بەڵام لە شتێکدا بە باوەڕی من ڕۆژنامەی کوردستان هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتوە، ئەویش ئەوەیە لە هێڵە گشتییەکاندا زمانحاڵی حیزبی دێموکرات و ئاوێنەی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات بووە. سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتیش کە پیاو تەماشا دەکا، لە لایەکەوە ناخۆشە کە ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات پاش هەشتا و چەند ساڵیش هێشتا وەدی نەهاتوون. بەڵام لە لایەکەوە جێگەی شانازییە کە ئەو ئامانجەی هەشتا ساڵ، هەشتا و سێ ساڵ بەر لە ئێستا دانراون هەتا ئێستاش تازەیی خۆیان و ڕاستی و دروستیی خۆیان لەدەست نەداوە. جا بۆیە لەو بارەیەوە دەتوانین بڵێین هیچ لە جەوهەر و ڕیسالەتی ڕۆژنامەکە نەگۆڕاوە.

**شەهرام سوبحانی**: یەکێک لە ئامانجەکانی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بنیاتنانی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا کە وەک ئەرکێک بۆ ڕۆژنامەیان دیاری کردوە، بردنەسەرێی ئاگایی نەتەوەیی کورد یان بەواتایەکی دیکە نەتەوەسازی بووە. دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کە هەمووان دەیبینین. پێتان وایە "کوردستان" چەندەی بەش لەو دەسکەوتە، واتە پەرەسەندنی گوتاری نەتەوەیی پێ دەبرێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن پێم وایە ئەگەر موبالەغە نەکەین، وەکوو لەپێشدا باسم کرد حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنیا هەڵگری ڕیسالەت و پەیامی نەتەوەییە و ڕۆژنامەکەش هەڵگری ئەو پەیامە و ئەو ڕیسالەتەیە. بەڵام بە حوکمی ئەوەی کە ڕۆژنامەکە کەمتر گەیوەتە دەستی خەڵکی، ناتوانێ ئەو نەخشە کاریگەرەی بۆ خۆی هەبێ. چونکی ڕۆژنامەکە وەکوو بۆم باس کردی، لە دەورانی جۆراوجۆردا و بە ماوەی جۆراوجۆر و بە حەجمی جۆراوجۆر دەرچووە. سەرباری ئەوەش نەگەیوەتە دەستی خەڵکی، لە باری پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکدا دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەی کوردستان ئێستا دەورانی زێڕینی خۆی دەگوزەرێنێ. چونکە لە سایەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە خەڵک دەتوانێ لە هەر جێگایەکی دونیا هەیە دەستی پێ ڕابگا. بۆیە ناتوانین بڵێین ئەو دەسکەوتە یانی پەرەسەندنی گوتاری نەتەوەیی هەموو یا بەشی هەرە زۆری هی ڕۆژنامەی کوردستانە. دەتوانین بڵێین هی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. چونکە ئەو پەیامە کە حیزبی دێموکرات هەیەتی ئێستا دەبینین لەنێو خەڵکی کوردستاندا، ئەوانە کە ئەندامی حیزبیش نین، ڕەنگە لە جێی وا هەبێ ئیحتمالەن لەگەڵ حیزبی دێموکرات پەیوەندی دۆستانەشی نەبێ، بەڵام ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات وا فۆرموولە کراون کە ئێستاش ئامانجی خەڵکی کوردستانن. لەو بارەیەوە حیزبەکە تەئسیری هەبووە، بەڵام هیچ تاوان نیە کە بڵێین ڕۆژنامەی کوردستان بەداخەوە نەیتوانیوە ئەو نەخشە بگێڕێ، بە حوکمی ئەوەی کە وەک گوتم نامورەتتەب دەرچووە، حەجمەکەی کەم بووە و لە هەمووی گرنگتر زەحمەت گەیوەتە دەستی خەڵکی.

**شەهرام سوبحانی**: جەنابت جگە لەوەی سیاسەتمەدارێکی دیاری کوردی، هاوکات ئەدیب و زمانزانێکی ناوداری کوردیشی. پێتان وایە "کوردستان" زیاتر خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردیی کردوە، یان تایبەتمەندییە زمانییەکانی "کوردستان" یارمەتیی گەشەکردنی ئەم ڕۆژنامەیەی داوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دەتوانین بڵێین هەردوولایان دروستن. لەلایەکەوە ڕەوانیی ئەو کوردییەی کە لە بەشێکی زۆری عومری ئەم ڕۆژنامەیەدا پێی نووسراوە وای کردوە کە خەڵک ڕۆژنامەکەیان خۆش بوێ. ئەمن لەبیرمە وەختێک لە ساڵەکانی ١٩٧٠دا، ئێمە لە عێراق ڕۆژنامەی کوردستانمان چاپ دەکرد، لە ئەوەڵەوە فەقەت لە چوار لاپەڕەدا بوو، دوایە بوو بە هەشت لاپەڕە، زۆر لە ئەدیبان و کەڵە نووسەرانی ئەم وڵاتە، هی باشووری کوردستان، دەیانگوت ئێمە، مەتالبی

کوردستانمان لە پێش دەرچوونی ژمارەی کوردستان لەمێژە دیوە، بەڵام پێمان خۆشە ڕۆژنامەی کوردستانمان بە ڕێک و پێکی پێ بگا، بە خاتری زمانەکەی. بە خاتری زمانەکەی چوار لاپەڕە چییە؟ لەبەر ئەوە نموونەیەکی باشە، ئەو نموونە باشە وای کردوە کە ڕۆژنامەکە خۆشەویست بێ. ئەگەر وابێ کاریگەریی ڕەوانیی زمانەکەیە لەسەر مەحبووبییەتی ڕۆژنامەکە، لە پاشانیش ڕۆژنامەکە کاریگەریی داناوە. چونکە نموونەیەکی باشی داوەتە دەستی ئەو کەسانە کە پێیان خۆشە، ڕۆژنامەکان زمانێکی ڕەوانیان هەبێ، کوردی دروستتر بنووسن. بەڵام ئەو کاریگەرییە کەمە بە هۆکاری ئەوەی وەک وتم و چەند جاریش دەیڵێمەوە، ئەو ڕۆژنامەیە ئەوەندە بڵاو نەبووەتەوە لەنێو خەڵکیدا کە بتوانێ ئەوەی بکا، لە عەینی حاڵدا چوار لاپەڕە بە یەک مانگ یان چەند لاپەڕە بە دوو مانگ ناتوانێت ئەو کاریگەرییە دابنێ لەسەر دروستبوونی زمانێکی ئەدەبی کوردی.

**شەهرام سوبحانی:** ڕەخنەیەک کە لەم ساڵانەدا لە "کوردستان" دەگیرێ ئەوەیە مەودای لەگەڵ ئەو زمانە گرتوە کە لە دەیەکانی ٥٠ هەتا ٧٠ و ٨٠ی هەتاویدا پێی دەنووسرا. ئەم ڕەخنەیە چەندە بەجێیە و هۆکارەکانی بۆچی دەگەڕێننەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەم ڕەخنەیە ئەمن لەمێژە هەمە، وەکوو ئاماژەی پێ دەکەی، وادیارە خەڵکی دیکەش هەیەتی. وەختی خۆی وەک باسم کرد، ڕۆژنامەی کوردستان وەک نموونەی زمانێکی ڕەوانی کوردی کە دەیتوانی ببێتە بناغەی زمانی ستانداردی کوردی چاوی لێدەکرا. ئێستا بەداخەوە، فاسیلەی گرتوە. هۆکارەکەشی دەتوانین لە دوو سێ شتدا کۆ بکەینەوە. یەکەم ئەوەیە ئێمە لەنێو خەڵکی خۆماندا نین تا کوردی لە خەڵکی خۆمان فێر بین. ئەوە زۆر گرنگە. کوردی یان لە کتێبێک فێر دەبین، یان لە ڕۆژنامەی خەڵکی دیکە، یان لە قسە کردنی خەڵکی دیکە، و بەتایبەتی خەڵکی خوێندەوار. دووهەم ئەوەیە کە ئەوانەی ئەو وەختە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا کاریان دەکرد، بەشێکی زۆریان کەسانێک بوون کە لە عومقی کۆمەڵگەی کوردەواری هەڵقوڵابوون، لە دێوە هاتبوونە شار و هاتبوونە نێو کاری نووسین و وەرگێڕان. ئەوانە ئێستا یان هەر نەماون، یان ئەگەر مابن، فاسیلەیان لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستاندا گرتوە و کەمتر سەروکاریان لەگەڵی هەیە. ئەوەی دیکە ئەوەیە دەستیان خۆش بێ، خوا عومریان درێژ کا، بەردەوام بن، ئەوانەی ئێستا کە دەنووسن، زۆریان پتر مەتڵەب پێیە لەوانە کە پێشتر دەیان نووسی. بەڵام بۆ خۆیان پەروەردەی نێو کۆمەڵی کوردەواری نین، لە مەدرەسە و لە زانکۆ و لە وانە فێری زمانی کوردی بوون. زمانی ئەسیلی هەر میللەتێکیش لە زانکۆوە نایە، قانوون لە زانکۆوە دێ، قانوونی زمانیش لە زانکۆوە دێ، بەڵام زمان لەنێو کۆمەڵانی خەڵک و بەتایبەتی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی لادێ و نەخوێندەوار دێتە دەرێ. ڕەنگە لەو بارەشدا ئەمەیان گلەیی بێ، کە زۆر گرنگی بەوە نادەن، کە بزانن چۆن بکەین بۆ ئەوەی زمانەکە زمانێکی پتر ڕەسەن بێ. ئەمن لەبیرمە جارێکییان برادەرێکم شتێکی نووسیبوو، ئەمن پێم گوت ئەوەها نابێ، ئەو بە پانەوە گوتی ئەوەی تۆ دەیڵێی کۆنە. باشە ئەو قسەیە ڕاست نیە، چونکە هەموو شتێک تازەکەی باش بێ، زمان کۆنەکەی باشە. ئەسالەت لەوێ دایە. جا ڕەنگە ئەوەش یەکێک لە هۆکارەکان بێ کە باسم کرد.

**شەهرام سوبحانی:** مامۆستا جەنابت تەمەنێک لەگەڵ "کوردستان" بووی. هەم وەک ئەزموونی تاکەکەسی، هەم وەک گێڕانەوەی بەسەرهاتی قۆناغە جیاوازەکانی کارکردنت لە ڕۆژنامەدا چۆن باسی ئەو مێژووە دەکەی؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەو مێژووە پڕە لە دەورانی خۆش و ناخۆش، لە بیرەوەریی خۆش و ناخۆش. یانی ئێمە ئێستا ئەوانەمان کە لە کوردستان کار دەکەن، دونیایەک کەموکورتی هەست پێ دەکەن. چونکە بە حەقیقەت ئەو ئیمکانیاتە کە ئەوڕۆ بۆ ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەیە، ڕۆژنامەی کوردستان یەکجار زۆر کەمی لەبەر دەستدایە، حەقیانە، بەڵام ئەوەی ئێمە دیومانە لەو دەورانەدا کە ئەمن ئاگام لێیەتی، لەچاو ئێستا ئیتر قابیلی بەراورد نیە. مەسەلەن ئێمە دەبوو بە تایپێکی شەق و شڕی میکانیکی ڕۆژنامە بنووسین، دەبوو زۆر بە دیققەت بێ، ئەو تایپیستە، هەمووی لەسەر ستوونی پێنج سانتیمتری یان کەمتر یان زیادتر تایپ بکا. لە پاشان ئەوەی بە مقەستێک ببڕین لەسەر کاغەزێکی دیکە بیچەسپێنین بە چەسپ، جا ئەوجار کە ئەوەمان ئامادە دەکرد، پێکەوەمان نابایەوە و ناردبامانە شوێنێک بۆ ئەوەی فیلم و زینگی لێ هەڵبگیرێ و چاپ بکرێ. بەڵام لەوەش سەیرتر، ڕەنگە جێی باوەڕ نەبێ، ئەمن ژمارەیەکی کوردستانم لەبیرە، ئامادەمان کرد، ڕۆژنامەی کوردستان چونکە خەبەری نیە، زوو کۆن نابێ، ئێمە چوار پایتەختمان پێ کرد تا توانی چاپ بێ. لەم پایتەختە چاپ نەبوو، لەو پایتەختە چاپ نەبوو، ئاقیبەتەکەی بە جۆرێک کە ئەگەر لەبیرم بێ، لە بەیرووت بۆمان چاپ بوو. پاشان ئەو حەجمە سەیر و سەمەرەی کە تێیدا چاپ بوو. ئێستاش ئەگەر یەکێک بیەوێ ڕۆژنامەی کوردستان مەسەلەن وەک ڕۆژنامەی خەڵکی دیکە لە بەرگ بگرێ، ئەو دەورانەی ئاخیرە ئەلحەمدولیللا هەموویان یەکن. بەڵام قەت شتی وا مومکین نیە، چونکی هێندێکی بەقەد کتێبە، هێندێکی ئا چوارە، هێندێکی ئا سێیە، یانی لەو بارەوە بیرەوەرییەکی تاڵ و ناخۆشم لەگەڵی هەیە.

**شەهرام سوبحانی:** هەتا ٢٠ - ٢٥ ساڵ پێش ناوی هیچ بەرپرسێکی حیزبی لە ڕۆژنامەدا نابینی، بابەتەکانیش ناوی نووسەریان بە سەرەوە نییە و خاوەنەکانیان ناناسرێنەوە. ئەوەش ئاستەنگی بۆ کاری توێژینەوە و بەدواداچوونەکان دروست کردوە. لە حاڵێکدا لە دەورەی یەکەمی ڕۆژنامەدا کە بە ڕۆژنامەکانی سەردەمی کۆمار دەناسرێ ئەم دیاردەیە نابینین. بنەماکانی ئەم بڕیارە کە جەنابیشت یەک لە بڕیاردەرانی بووی چی بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دیارە دەورانی کۆمار لە بارێکەوە وتم دەورانی ئیقبالی ڕۆژنامەی کوردستان بوو. چونکە لە نێوخۆی وڵات دەردەچوو، تەنانەت بەفۆرمی ئەو وەختەی چاپخانەی خۆی هەبوو. ئێوە دەزانن ئێستاش ئێمە چاپخانەمان نیە. ئەو وەختەی چاپخانەی خۆی هەبوو، لەنێوخۆی وڵات دەردەچوو، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی دەگەڵ خەڵکی هەبوو. بۆیە ئەوانەش کە دەیاننووسی هەموویان خەڵکی ئازاد و زۆرجاریش خەڵکی خۆشەویست و بەنفوز بوون. ئەوەیان دەکرد، بەڵام دوایە کە



سەرچاوە Serchawe

ئێمە لەو حاڵەتەیدا بووین، کەمێک باری ئەمنییەتی بوو، هەرچەندە زۆر کاریگەری دانەنا، بەڵام هۆکاری ئەسڵیمان ئەوە بوو کە ئەوە ڕۆژنامەی ئۆرگانە. دەبێ هەموو وتارێک، هەرکەس دەینووسی، پتر لە ڕای خۆی، ڕای حیزبەکەی تێدا مونعەکیس بێ. ڕۆژنامەیەکی ئازاد نیە، تریبونێکی ئازاد نیە، هەرکەس قسەی خوێ بکا. با هەموویان هەر بە ناوی ڕۆژنامەکەوە بن، چونکی لە واقیعدا زۆرجار وتاری هەموو ئینسانێک کە دەنووسێ، ئەگەر مەحدوودی بکا لە چوارچێوەی سیاسەتی ڕۆژنامەکەی و سیاسەتی حیزبەکەیدا، هەموو ڕایەکەی خۆی تێدا نیە. تەنانەت ئەوەشمان پێ باش بوو، چونکە ناکرێ وتارێک بنووسرێ لە ڕۆژنامەی ئۆرگانی حیزبدا، بەڵام کابرا بڵێ ئەوە ڕای خۆمە، ئەدی باشە خەڵک ئەو ڕۆژنامەیە دەخوێنێتەوە بۆ ئەوەی ڕای حیزبەکەی بزانێ. هێندێک سازمانی ئێرانیمان هەبوون ئێمە لەگەڵیان کێشەمان هەبوو. وتارێکی دەنووسی و چاوت لێ دەکرد مەسەلەن هێرشی کردوە بۆ میللەتی کورد، بە ئامانجەکانی میللەتی کورد و هێرشی دەکردە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان. کە گلەییمان لێ دەکردن دەیانگوت بابە ئەوە ڕای نووسەرەکەیە. دەمانگوت باشە ڕای خۆیەتی، ئەی ڕای حیزبەکەت چییە؟ ئەتۆ وتار دەنووسی، ئەگەر باش دەرچوو ئەوە هی حیزبە، ئەگەر باش دەرنەدەچوو ئەوە دەیکەیە نەزەری شەخسی خۆی. بۆیە پێمان باش بوو ناوەکانی خۆمان فیدا بکەین لەپێناو ناوی حیزبدا، بۆ توێژینەوەش ڕاست دەکەی، ئەگەر توێژینەوەکە هەر ئەوە بێ، یەکێک بیهەوێ مەسەلەن هەموو وتارەکانی دوکتور قاسملووی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا تەعقیب بکا، کارەکە زەحمەتە. بەڵام بۆ توێژەرێک کە دەیهەوێ بزانێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان نەزەری چی بووە؟ ئەوە هیچ کێشەیەکی نیە. موراجەعە دەکا بە ڕۆژنامەکە و ژمارەکە و تاریخەکە و دەیبینێ و دەڵێ حیزبی دێموکرات وای گوتوە جا ئەو وتارە کە ئەو ئیشارەتی پێ دەکا، بە قەڵەمی هەرکەس نووسرابێ، هیچ لە ماهییەتەکەی ناگۆڕێت.

**شەهرام سوبحانی**: مامۆستا باس و پرسیار زۆرن، بەڵام زیاترت ماندوو ناکەین. بەڵام دەمانەوێ لە دەسپێکی دەیەی نۆهەمی تەمەنی "کوردستان"دا ئەگەر ڕاسپاردەیەکت بۆ بەڕێوەبەرانی ئەم ڕۆژنامەیە هەیە بفەرمووی.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن زۆر حەق بە خۆم نادەم کە ڕاسپاردەم هەبێت، چونکی بەهەرحاڵ ئەمن لە کاروباری مێدیایی زۆر دوور کەوتوومەتەوە ، بەڵام ئەگەر بمهەوێ ئارەزوو بکەم ئەوەڵەن ئارەزووی سەلامەتی و پێشکەوتنیان بۆ دەکەم، دەستخۆشیان پێ دەڵێم. ئەگەر ئەوە نەبێ کە دەڵێن ئەوانەی لەپێشدا بوون حەقی تەقەددومیان هەیە، ئەوانەی ئێستا لە ڕۆژنامەدا کار دەکەن لە نووسینەوە بگرە هەتا وەرگێڕان و هەتا کاری فەننی و ئەوە زۆر لەپێش ئەوانەون کە ئێمە لەبیرمانن، بەڵام ئەگەر بمهەوێ قسە بکەم ئارەزوو دەکەم نەک تەوسیە، حەقی تەوسیە بە خۆم نادەم، ئارەزوو دەکەم یەک دوو شت هەبن کە بەلامەوە گرنگن، یەکێکیان لەباری سیاسی و مەعنەوییەوەیە. خەڵکەکەمان هەر کەس دەنووسێ سەعی بکات پتر هەم سیاسەتی ئەمڕۆی حیزب و هەم ڕابردووی سیاسیی ئەم حیزبەی لەبەرچاو بێ، لەو چوارچێوەیە



سەرچاوە
Serchawe

دەرنەچێ، چونکی بەهەرحاڵ وەک گوتم تریبوونی ئازاد نیە، ئۆرگانی حیزبێکە و دەبێ ئیدامەکاری هەبێ. لە پاشان ڕۆحی شاد بێت دوکتور قاسملوو هەموو جارێک کە لەگەڵ بەشی تەبلیغات کۆ دەبووەوە دەیگوت واقع بین بن و زمانتان خاوێن بێ، لە هەمووی گرنگتر دەیگوت هێندەشی مەڕووخێنن، هێندێک کەس پێی وایە هەر کە قسەی کرد دەبێ بڵێ سبەینێ دەڕووخێ، خۆشبینی باشە! بەڵام ئومێدی کازیب بە خەڵکدان باش نیە، لەگەڵ واقیعیات سەروکارمان هەبێ باشترە. لە پاشانیش زمان خاوێنی یەکێک لە خەسڵەتە بەرجەستەکانی ئەدەبیاتی حیزبی دێموکرات بووە، ناڵێم هەمیشە وابووە، بەڵام بەشی زۆری وابووە، ئەو زمانخاوێنییەش بپارێزن. مەسەلەن من زۆرجار نموونە دێنمەوە ئەتۆ بڵێی فلان کەس وای گوت، ناوی هیچ کەس نابەم بە باوەڕی من کاریگەریی پتر دەبێ لە گەیاندنی مەتڵەبەکەدا لەوەی کە بڵێی فلانەکەسی کۆنەپەرستی، نامەردی، پیاوکوژی و... ئەوە هیچ کاریگەریی نابێ، تەنیا وەزنی وتارەکەت، وەزنی قسەکانت دێنێتە خوارێ، چونکە تۆ ڕق دەردەبڕی، پەیامی کابرای ناگەیەنی. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە ناڵێم گرنگتر بەڵام بۆ ئەمڕۆ بە باوەڕی من گرنگە کە لە باری زمانەوە وریاتر بن. ئەمن بێ ئەدەبییشە لە خزمەت نووسەرانی ئێستای کورد لە باشوور و لە هەموو جێگەیەکی، وەختێک گەورە نووسەرەکان دەیانویست لە ، ڕۆژنامەی کوردستان زمانی ئەسیلی کوردی فێر بن کەچی ئێستا نووسەرانی کوردستان لەو کەسانەوە کە بە تایبەتی لەگەڵ ئەدەبیاتی فارسی ئاشنا نین و کەڵکی لێ وەردەگرن فێر دەبن. مەسەلەن ئێمە شەڕئەنگێز دەنووسین، باشە شەڕ ئەنگێز لە زمانی فارسیدا "جنگ‌انگیز" هەیە؟ نیە. یان مەسەلەن کەلیماتێک هەیە بە هەڵە هاتوە، مەسەلەن دەڵێ: "کجا مرحبا؟" کجا مرحبا. پیاوێکی گەورە بەکاری هێناوە ئێستا بووەتە زمانی هەمووان، گۆرانی شاعیر بەکاری هێناوە، چون گوێی لێ بووە کە فارسێک دەڵێ: "کجا بر کجا؟" ئەو وای لێ حاڵی بووە، ئەوە هەموو بەکاری دێنن. باشە ئێمە دەزانین "کجا مرحبا" هیچ مەعنای نیە، ئەو تەعبیرە لە کوردیدا دەڵێ: چی بەسەر چیەوەیە؟ لە فارسیدا دەڵێ: "کجا بر کجا"، لە عەرەبیدا کە ئەو زمانەی کە من شارەزاییم هەیە شتێکی وەک "کجا بر کجا" دەڵێ: "این هذا من ذاک"، ئەمە لە کوێ و ئەوی دیکە لە کوێ؟ سەعی بکەین بگەڕێینەوە بۆ زمانە ئەسیلەکە. خۆ تاریخ لەو ڕۆژەوە دەست پێ ناکا کە ئێمە دەست پێ دەکەین، بەهەرحاڵ دووبارە سەرکەوتن و بەختەوەری بۆ هەموو لایەک بە ئاوات دەخوازم.

٢٠ی بەفرانباری ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

## د. هۆشمەند عەلی: متمانەکردن بە فاکتەری دەرەکی هەڵەیە، کورد بۆ سەرکەوتنی سیاسی دەبێ پشت بە یەکڕیزی و تەبایی نێوخۆیی ببەستێ



**وتووێژ: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ٧٩ ساڵ، ٢ی ڕێبەندان تەنیا یادکردنەوەی مێژوویەک نییە، بەڵکوو خوێندنەوەی ئەزموونێکی زیندووی دەوڵەتدارییە.لەم وتووێژەدا لەگەڵ د. هۆشمەند عەلی، شرۆڤەیەکی ورد بۆ قۆناغی زێڕینی کۆماری کوردستان دەکەین، لە گۆڕانکارییە ڕیشەییەکانی گۆڕینی "ژ.ک" بۆ "حیزبی دێموکرات"ەوە تا کاریگەرییە نەبڕاوەکانی شۆڕشی فەرهەنگی و ڕۆڵی زمانی کوردی. هەروەها بە ڕاشکاوی باس لە برینەکانی ناتەبایی نێوخۆیی و ڕۆڵی نەرێنیی بەشێک لە عەشیرەتەکان لە ساتەوەختی ڕووخاندا دەکەین. دواجار، گرنگترین وانە مێژووییەکان بۆ سیاسەتی ئەمڕۆی کورد تاوتوێ دەکەین، تا بزانین چۆن لە نێوان پشتبەستن بە دەرەوە و یەکڕیزیی نێوخۆدا، ڕێگەی سەرکەوتن بدۆزینەوە.

**شەهرام سوبحانی:** دوکتور دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ٧٩ ساڵ، بۆچی هێشتا ٢ی ڕێبەندان وەکوو گرنگترین وەرچەرخانی

**مێژوویی لە هزری نەتەوەیی کورددا دەمێنێتەوە؟ ئایا لەبەر ئەوەیە کە یەکەم جار بوو وشەی "دەوڵەت" و "کۆمار" بەکار هێنرا، یان بەهۆی کەسایەتیی کاریزمای پێشەوا قازی محەممەدەوەیە؟**

**د. هۆشمەند عەلی**: دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ۷۹ ساڵ بەسەر ۲ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێشەوایەتیی قازی محەممەد و بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دیارە گرنگی و بایەخی ئەو ڕۆژە لەوەدایە کە دەوڵەتداری و کۆمار و خۆبەڕێوەبەریی کورد لە چوارچێوەی کۆمەڵێک دەزگای ڕێکخراو و دامەزراوەی حکوومەتی، بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو و بە شێوەیەکی دەستووری جێگە و بایەخی خۆی هەیە. ئەوەی کە وای کردوە ۲ی ڕێبەندان لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا و لە مێژووی هاوچەرخی کورد بەگشتی ببێتە شکۆی نەتەوەیی و دەوڵەتداریی کوردی، بۆ کۆمەڵێک کاریگەری دەگەڕێتەوە؛ کە بۆ یەکەمین جارە بە شێوەیەکی فەرمی کورد لە چوارچێوەی کۆمارێکدا دەوڵەتداری بەڕێوە دەبات. بە تایبەتیش لەو بەشەی کوردستان و بەهۆی هەلومەرجی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووهەمی جیهانی و ئەو هەلومەرجە نێوخۆییەی کە لە ئێرانی سەردەمی شاهەنشاهیدا بەڕێوە دەچوو لە سیاسەتی دەوڵەت بەرانبەر بە کورد و کوردستان بەگشتی. هەروەها ئەو تێکۆشان و خەباتە ڕزگاریخوازییەی کە گەلی کورد لە کوردستاندا لە دوای سالانی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، بە تایبەتیش لەو بەشەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و بزووتنەوە و جووڵانەوەکانی سمکۆی شکاک و دوای سمکۆی شکاکیش هەوڵ و تێکۆشانە سیاسییەکانی کورد لە چوارچێوەی ڕێکخراوی سیاسی تاوەکوو گەیشتن بە "پارتی ئازادی" و لەوێشەوە بۆ "ژێکاف" و لە ژێکافیشەوە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان؛ بۆیە ۲ی ڕێبەندان ڕۆژێکی شکۆمەند و کاریگەرە لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتیی کوردستان بەگشتی و لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و جووڵانەوەی ئازادیخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی.

**شەهرام سوبحانی: پرۆسەی گۆڕانی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" (ژ.ک) بۆ "حیزبی دێموکراتی کوردستان" گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بوو. ئایا ئەمە تەنیا گۆڕینی ناو بوو، یان گۆڕانکاری بوو لە ئایدۆلۆژیا و شێوازی کارکردن لە نهێنییەوە بۆ ئاشکرا؟ کاریگەریی ئەم بڕیارە لەسەر بەشداریکردنی چین و توێژە جیاوازەکان چی بوو؟**

**د. هۆشمەند عەلی**: پرۆسەی گۆڕینی ژێکاف بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان گۆڕانێکی ڕیشەیی بوو لە خەباتی ئازادیخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەمەش نەک هەر تەنیا لەبەر ئەوەی کە بە تەنیا کاریگەرییەکەی لەسەر بەشەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبوو، بەڵکوو هەم کاریگەریی لەسەر ئاستی نێوخۆیی کوردستان بەگشتی و لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی کاریگەرییەکی نەبڕاوەی هەبوو. ئەو کاریگەرییەش ڕەگ و ڕیشەیەکی هەڵقوڵاوی ناو

خەبات و جووڵانەوەی ئازادیخوازی کوردستان بوو و گۆڕینی پرۆسەی ژێکاف بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆگونجان بوو لەگەڵ ئەو هەلومەرجە نێوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەی کە لە دوای سەروبەندی کۆتایی هاتنی جەنگی دووهەمی جیهانی هاتە ئاراوە، لەژێر هەژموونی ئەو زلهێزانەی کە لە ئێرانی ئەوسادا کاریگەرییان هەبوو (یەکیەتیی سۆڤیەت لە لایەک و هێزە ئیمپریالیستەکان لە لایەکی دیکە) و لە سیاسەتی شاهەنشاهی و دەوڵەت و لەنێوخۆ و لە ناو مەرکەز بەرانبەر بە کورد لە لایەکی دیکە. بۆیە گۆڕینی پرۆسەی ژێکاف بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی هەبوو؛ هەر تەنیا گۆڕینی ناو نەبوو لە ژێکافەوە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڵکوو گۆڕینی شێوە خەباتێکی شۆڕشگێڕانەی ئازادیخوازانەی ئاشکرا بوو بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک لە یەک بەرنامە و یەک پەیڕەوی سیاسی. لە لایەکی دیکەوە بۆ یەکەمین جار بوو کە بە شێوەیەکی فەرمی کورد لە ڕێگەی پارتێکی سیاسیی ئاشکرا هەوڵی تێکۆشانی دەوڵەتداری و خەبات و بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی و ئازادیخوازییەکانی کورد بدات لەو بەشەی کوردستان، کە نەک هەر تەنیا بۆ نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو ببووە گەشانەوەیەک بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەباتگێڕانی کوردستانیش لە چاوپێوەی نەتەوایەتیی خۆی و لە کۆکردنەوەیان لە موکریان و مەهاباد و لە چوارچێوەی خەباتێکی سیاسیی شۆڕشگێڕانەی یەکگرتوو و سەرتاسەریدا. لە لایەکی دیکەشەوە، پرۆسەی گۆڕینی ژێکاف بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان گۆڕانێکی ڕیشەیی بوو لەسەر سەرنجی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەگشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی؛ ئەو کاریگەرییە ئەوە بوو کە گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان لە چوارچێوەی پارتێکی سیاسی بە ئاشکرا دەستی بە تێکۆشان کرد و لە هەمان کاتدا دەستبەکار و تێکۆشانی چالاکیی سیاسیی مەدەنییانە بوو لە پاڵ بەرەودان بە خەباتی چەکداری بەگشتی لە کۆمەڵگەی کوردستان. ئەو شانازییە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەمێنێتەوە لە مێژوودا کە وەکوو یەکەمین پارتی سیاسیی فەرمی خەباتی ئاشکرای لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تێدەکۆشی بۆ مافە نەتەوایەتییەکان و هەوڵدان بۆ ئازادییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی ئێران و خەباتی فراوانتر و یەکگرتووتر لە تێکۆشەرانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش.

**شەهرام سوبحانی**: لە ماوەی ١١ مانگدا، کۆمار گرنگییەکی زۆری بە زمانی کوردی، شانۆ، ڕۆژنامەگەری و خوێندن دا. ئایا دەکرێت بڵێین "شۆڕشی فەرهەنگی"ی کۆمار کاریگەرتر و درێژخایەنتر بوو لە دەسەڵاتە سیاسییەکەی؟

**د. هۆشمەند عەلی**: کۆماری کوردستان لە ماوەی تەمەنی یانزە مانگ و نزیک بە یانزە ڕۆژدا کۆمەڵێک دەسکەوتی فەرهەنگیی گرنگ و گەورەی هەبوو، لە ڕووی ڕۆژنامەوانی، زمانی کوردی، شانۆ، ئەدەبیاتی کوردی و خوێندن بە زمانی کوردی و قوتابخانەکان. لە هەمان کات هاوشانی خەباتە سیاسییەکەی و دەسکەوت و کۆششە سیاسییەکانی کۆمار، ئەوەی پەیوەستە بە نیشاندانی ڕووی دێموکراتیانەی کورد وەک نەتەوەیەکی زوڵملێکراو و ستەملێکراو و بێ دەوڵەت، کە دەتوانێ

پڕاکتیزەی دەسەڵاتی خۆجێیی و خۆبەڕێوەبەریی خۆی بکات لە چوارچێوەی خاک و نیشتمانی خۆیدا، و لە هەمان کاتدا جەختکردنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مافە نەتەوایەتی و سیاسییەکانی کورد لە چوارچێوەی مافی خودموختاری و مافی دێموکراسی لە ئێراندا؛ لە ڕاستیدا دەسکەوتە سیاسییەکان لە قۆناغی خۆیدا بە ئاکام نەگەیشتن، بەو هۆیەی کە کۆمار تەمەنی کورت بوو و بە پیلانی ناوچەیی و نێوخۆیی و دەوڵەتییەوە ڕووخێنەدرا و کۆتایی پێهات و بەداخەوە پێشەوا و هاوڕێیانی دواتر لەسێدارە دران. دەسکەوتە سیاسییەکە لە ڕەگ و ڕیشەی داکوتراوەیی خۆیدا لە هەناوی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا مابوویەوە، دواتر وەک بووژانەوەی حیزبی دێموکرات و خەباتە سیاسی و چالاکییەکانی قۆناغی دوای کۆمار و دواتر دەرکەوتەوە. بەڵام ئەوەی کە لە چوارچێوەی شۆڕشە فەرهەنگییەکەی کۆماری کوردستان لەو ماوەی تەمەنە کورتەی خۆیدا لە کۆمەڵگەی کورددیدا پێشکەشی کرد، دەسکەوتەکان وەک شۆڕشێکی فەرهەنگی ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵتریان داکوتا لە کۆمەڵگەی کوردی. بۆ نموونە لەو چەند ساڵەی ڕابردوو خەباتی فەرهەنگیی کوردی لە کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕۆژهەڵات لە جەختکردنەوە لەسەر زمانی کوردی، پاراستنی زمانی کوردی، فەرهەنگی کوردی، کولتووری کوردی و برەودان بە ڕۆژنامە و ڕۆژنامەگەری لە قۆناغی دوای کۆماریش و تاوەکوو ئێستاش کە ئەو خەباتە فەرهەنگییە بەردەوامی هەیە، بووەتە یەکێک لە سیمبولەکانی سەردەمی کۆمار لە ڕووی خەباتە فەرهەنگییەکەوە لە داکۆکیکردن لە زمان و فەرهەنگی کوردی، لە بابەتەکانی پەیوەست بە کولتوور و فەرهەنگ و پاراستنی ناسنامە و شوناسی کوردی. بۆیە دەسکەوتە فەرهەنگییەکانی کۆمار لە بوارە جیاجیاکانیدا کە ئاماژەمان پێ کرد، وەک شۆڕشێکی فەرهەنگیی درێژخایەن تا هەنووکەش درێژەی هەیە و ئەو دەسکەوتانە یەکێکن لەو شانازییانەی کە مێژووی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی شانازی پێوە دەکات کە لە سەردەمانی کۆماری کوردستان برەوی پێدرا و گرنگیی پێدرا. بۆیە لە واقیعدا خەباتە فەرهەنگییەکە و شۆڕشە فەرهەنگییەکەی کۆماری کوردستان قووڵتر لە ڕووی ستراتیژییەوە و درێژخایەنتر شوێنپێ و کاریگەریی خۆی دانا، کە ئەو کاریگەرییەش لە کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لەم چەند ساڵەی ڕابردوو جارێکی دیکە قوڵپەی داوە و هەڵگیرساوەتەوە وەک خەباتێکی فەرهەنگیی نەبڕاوە لە چوارچێوەی خەباتە سیاسییەکانی ژێردەستەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

**شەهرام سوبحانی**: لە کاتی هێرشی سپای ئێران بۆ سەر مەهاباد، بەشێک لە سەرۆک خێڵەکان نەک هەر بەرگرییان نەکرد، بەڵکوو هاوکاریی سپای ناوەندییان کرد. هۆکاری ئەم دابڕانە لە نێوان سەرکردایەتیی کۆمار و پێکهاتەی عەشایەریدا چی بوو؟

**د. هۆشمەند عەلی**: لە ڕاستیدا لە سەروبەندی هێرشی سپای ئێران بۆ سەر مەهاباد و هەوڵەکان بۆ ڕووخان و تێکشکاندنی کۆماری کوردستان و نەمانی ئەو دەسکەوتەی کورد لەو بەشەی کوردستان، ئەگەر پێشتر پێشەوا قازی محەممەد و حیزبی



سەرچاوە
Serchawe

دێموکراتی کوردستان بەشێوەیەکی تەندروست و بە شێوەیەکی سیاسییانە و کۆمەڵایەتییانە مامەڵەی دروستیان کردبوو لەگەڵ سەرکردە و سەرۆک هۆز و عەشایەری کوردی بەگشتی لە چوارچێوەی کوردستان بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لە خۆبەڕێوەبەری ناوچە کوردستانییەکانی چوارچێوەی موکریان و کۆکردنەوەیان لە دەوری کۆمار بە پێشەوایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، بەڵام مخابن ئەو دەردە کوشندەیەی کوردکوژی و خۆکوژییەی کە بەدرێژایی مێژوو لە ناوماندا هەبووە، لە کاتی نوشوستی شکستەکاندا درز دەخاتە نێومان و ئەو درز و کەلێنەش هەمیشە وای کردوە بەشێک لە خۆمان تاوانبار بێت و بەشێک لە خۆمان تووشی دابڕان دەبێت. ئەو کەسەی پێشتر هاوپەیمان و هاوکار بوو لە دەسەڵاتە سیاسییە کوردییەکەی کۆماری کوردستاندا و ئەو پێکهاتە عەشایەرییە، بەشێکیان دواتر بەداخەوە (هەر لە سەرەتاوە بەپێی ئەو چەند بەڵگە مێژووییانەی کە لە چەند ساڵی ڕابردوو لە ئەرشیڤی وەزارەتی بەرگریی شاهەنشاهیدا دەرکەوتن)، ئەوە دەردەخەن کە بەشێک لەو سەرۆک عەشیرەتانە هەر لە سەرەتای بونیادنانی کۆماری کوردستانەوە ئەگەرچی لە چوارچێوەی کۆماردا بەشدار بوون و بەشدارییان پێ کراوە، بەڵام پۆوەندییان نەپچڕیوە و لە دەسەڵاتی ناوەند لە تاران دانەبڕاون. ئەو پەیوەندییانەش هەوڵیان داوە و باوەڕیان وابووە لە قۆناغی نوشوست و تێکشکاندا دەسەڵات و پێگەی خۆیان لە عەشایەری و لە دەسەڵاتەوە بپارێزن و ئەو پاراستنەش بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار بێنن. ئەو شێوە هاوکارییەی کە پێشتر لە نێوان عەشایەری کوردی لەگەڵ دەسەڵاتی پێکهاتەی کۆماری کوردستاندا هەبوو، لە دوا ساتەکانی هێرشی سپای ئێران بۆ سەر مەهاباد و ڕووخانی کۆماری کوردستان بەرگرییان نەکرد و هاوکار و ڕێنیشاندەری سپای ناوەندییان کرد. ئەوەش هۆکارە سەرەکییەکەی بۆ ئەم دابڕانە و ڕەگ و ڕیشە داکوتراوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خۆخۆری، ناتەبایی و نایەکگرتوویی، کە بەداخەوە لە ناو کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی و عەشایەری کوردی بەتایبەتی بوونی هەبووە و ئێستاکەش تا ڕادەیەک لە هەندێک حاڵەت و بارودۆخدا ئەو ناتەباییە بوونی هەیە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ستراکچەرە و ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی کە لە بەشەکانی کوردستان بەگشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی بوونیان هەیە، کە ئینتیما بۆ هۆز و عەشیرەگەری لە چوارچێوەی فەرمانی سەرۆک عەشیرەت کۆ دەبێتەوە و کەمتر بۆ هەستێکی گەورەتر و بۆ نەتەوە دەڕوانرێت؛ واتە بیر لەوە ناکرێتەوە کە دەسکەوتە نەتەوەییەکان و هەوڵ و تێکۆشانە نەتەوەییەکان زۆر لەوە گەورەترن. بەداخەوە هۆکاری ناتەبایی، هۆکاری نارەزایی، هۆکاری بەرژەوەندی، هۆکاری کەس پەرەستی و ئینتیمای پتر بۆ عەشیرەتی و هۆزگەری لە بەرانبەر ئینتیمای نەتەوەیی و هۆشیاریی سیاسیی نەتەوەیی، وای کرد ئەم دابڕانە لە سیاسەتەکانی کۆماردا دروست ببێت و بەشێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان ڕێنوێنی و هاوکاریی سپای ئێران بکەن بۆ سەر مەهاباد و هەڵگەڕانەوەیەک لە بەرگریکردن لە کۆمار ڕوو بدات. کە لە واقیعیشدا بەرگری بە شێوەیەکی درێژخایەنتر، ئەگەر ئەوانیش لە پاڵ کۆماردا بمانایەتەوە، قسەکە لەسەر ئەوە نیە کە ئەگەر ئەوان هەڵنەگەڕابوونایەوە یا خود ئەوان دانوسانیان بە تەواوەتی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی و سپای ئێراندا نەکردایە ئەگەری ئەوە هەبوو کۆمار بمایەتەوە؛ پێم وا نیە. لەبەر ئەوەی فاکتەرە دەرەکییەکان زۆر زۆرتر کاریگەرتر بوون؛ لەوانە یەکیەتیی سۆڤیەت و ڕێککەوتنی قەوام سەڵتەنە و دەسەڵاتی ناوەندیی

تاران لەسەر مەسەلەی نەوت و ئیمتیازی نەوت و پاشەکشەی سپای سوور لە ناوچەکانی دەسەڵاتی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان. چارەنووسی بەرگری و چارەنووسی لایەنە سەربازییەکە هەر کۆنترۆڵکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندی دەبوو بەسەر ئەو بەشەی کوردستان و ئەو چارەنووسەی کە بەسەر کوردستاندا هات، بەڵام ئەوەی کە لە مێژوودا ماوەتەوە ئەوەیە کە بەشێک لە عەشیرەت و ئەو سەرۆک هۆزانە ڕێنوێنی و هاوکاریی سپای ئێرانیان کرد بۆ کۆتاییهێنان بە کۆماری کوردستان، کە بەداخەوە وەکوو باسم کرد هۆکارە سەرەکییەکەی بۆ بەرژەوەندی و کەسپەرەستی و بۆ دابڕینی ئەو ستراکچەرە کۆمەڵایەتییە دەگەڕێتەوە کە وەکوو نەخۆشییەکی کوشندە و دەردە کورد (کە ناتەبایی بووە) لەبری باوەڕبوون بە ئینتیمای سیاسی و هۆشیاریی نەتەوەیی، ئینتیما بۆ هۆز زیاتر زەق بووەتەوە و ئەم دۆخە لە قۆناغی مێژوویی خۆیدا ڕووی دا.

**شەهرام سوبحانی:** بەڕێزتان وەک توێژەر و پسپۆڕی مێژوو، گەورەترین وانە کە سیاسەتمەدارانی کورد دەبێت لە ئەزموونی کۆماری کوردستانەوە فێری ببن چییە؟ ئایا مەترسیی پشتبەستن بە فاکتەری دەرەکی گەورەترین وانەیە، یان نەبوونی یەکڕیزیی نێوخۆیی؟

**د. هۆشمەند عەلی:** ئەو وانە سیاسییانەی کە سیاسەتمەدارانی کورد پێویستە ئەزموونی بکەن و فێری ببن لە ئەزموونی کۆماری کوردستان و مێژووی کۆماری کوردستان، لە ڕاستیدا هەردوو لایەنەکە و لایەنی دیکەش زیاتر لەخۆ دەگرێت؛ هەم ئەگەری مەترسیی ئەوەی کە پشتبەستن بە فاکتەری دەرەکی و بە هاوکاریی دەرەکی وەکوو وانەیەک لە وانە سیاسییەکانیان، و لە هەمان کاتیشدا دەردە کوشندەییەکەی نێوخۆی نێوماڵی کورد بەگشتی کە نەبوونی یەکڕیزی و ناتەبایی نێوخۆییە. بۆیە ئەو ئەزموونانەی کە پێویستە وەکوو وانەی سیاسی و وەکوو ئەزموون لەبەری بکەن لە کۆمەڵگەی کوردی و سیاسەتمەدارانمان بە تایبەتی، و لەو ئەزموونە وانە وەرگرن کە لە کۆماری کوردستانەوە فێری ببن، ئەوەیە کە نابێت هەمیشە پشت بە فاکتەری دەرەکی ببەسترێت. فاکتەری دەرەکی لە ڕوانگەی ستراتیژییەوە بۆ کورتخایەن، بۆ قۆستنەوەی هەلومەرجەکان و بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوت و ئامانجەکان، وەک تاکتیکی کورتخایەن گرنگە کە لەگەڵ هاتنەپێشەوەی ڕووداوەکان بەکار بێت. بۆ نموونە ئەوەی کە ئەمڕۆ لە دۆخی نێوخۆی ئێراندا دەگوزەرێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا و بەشێک لە وڵاتانی دیکە بە تایبەتی کە سەرکۆنە و ئیدانەی سیاسەتی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامی دەکەن؛ ئەوە گرنگە کە سیاسەتمەداران لەو فاکتەرە دەرەکییەوە سوود وەربگرن و بیقۆزنەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکان، بۆ گەیشتن بە ڕزگاریی نەتەوەیی و دەسکەوتەکان، و لە پاڵ ئەو ئامانجە ستراتیژییە نێودەوڵەتییانە بەکاری بێنن و سوودی لێ وەربگرن بۆ دەسکەوت و قازانجە نەتەوەییەکانی کورد لە نێوخۆی کوردستاندا. بەڵام بۆ مانەوەی هەمیشەیی و وەستان بەرانبەر بە فاکتەرە دەرەکییەکان و هەمیشە چاو لەڕێبوون بۆ فاکتەری دەرەکی ناڕاستە. ئەمە یەکێکە لەو وانە مێژووییانەی کە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی سەردەمی کۆماری کوردستان، ئەو



سەرچاوە
Serchawe

فاکتەرە دەرەکییەی کە یەکیەتیی سۆڤیەت بوو و پاڵپشت و هاوکار بوو لە ڕووی ماددی و سەربازی و لۆجیستییەوە (تا ڕادەی کەمتر لە چاو ئەوەی کە بەرانبەر بە فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان دەکرا، بۆ کورد کەمتر لە واقیعدا بوو)، بەڵام وەکوو پشت بەستنێکی دەرەکی بینیمان ئاکامەکەی دواجار لە بەدەستنەهێنانی ئامانجەکانی خۆی، یەکیەتیی سۆڤیەت پشتی لە کورد و لە کۆمار و لەو دەسکەوتانە کرد کە کورد بەدیهێنابوو. بۆیە ئەمە بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان، بۆ کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان، و بۆ ئایندەی داهاتووی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پشتبەستن بەتەنیا بە فاکتەری دەرەکی یەکێکە لە خاڵە لاوازەکان. وەکوو باسم کرد، نابێت بە تەنیا لە ڕێگەی فاکتەری دەرەکی و هاوکاریی دەرەکییەوە چاو لەڕێ بین بۆ ئەوەی کە ببێتە ئامانج و ببێتە ستراتیژیی قووڵی درێژخایەن؛ نەخێر، بەڵکوو لە تاکتیکدا و لە گەیشتن بە ئامانجی کورتخایەندا ڕاستە، بەڵام بۆ درێژخایەن مەترسیدارە. جگە لەوە، ئەزموونێکی دیکە وەکوو ئاماژەشم پێ کرد لە سەرەتاوە، ئەوەی کە پەیوەستە بە یەکگرتوویی و تەبایی کورد لەنێوخۆدا؛ لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە ئێستادا و لە سەردەمی کۆماری کوردستانیش بە تایبەتی ئەگەر بگەڕێینەوە، ئەو هەماهەنگی و هاوکارییەی لە نێوان (بەتایبەتی) چوونی بەشێک لە شۆڕشگێڕان و تێکۆشەرانی کورد لە باشووری کوردستانەوە بۆ کۆماری کوردستان، دەرخەری یەکگرتوویی کورد بوو لە خەباتی ئازادیخوازیی نەتەوەیی کورددا. بۆیە فێربوونی سیاسییەکان و سیاسەتمەداران لە یەکڕیزیی نێوخۆیی نێوماڵی کورد دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی دەسکەوتە دەرەکییەکانیش و دەبێتە پشتیوانیی دەرەکیی زیاتر لەسەر ئەوەی کە زۆرتر و خێراتر بگەین بە مافە نەتەوەییەکان. گرنگترین وانەی سیاسی یەکگرتووییە، وەکوو کورد دەڵێت: "هێز لە یەکیەتیدایە"، لە یەکڕیزیدایە. ئەوەی کە خۆشبەختانە ئەمڕۆکە دەبینرێت لە چوارچێوەی "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکان" و پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ڕابردوو، وەکوو بینیمان لە سەرهەڵدانەوەی ئەم دواییانەی خۆپێشاندان و نارەزاییەکانی نێوخۆی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر حەوت هێز و پارت و ڕێکخراوی سیاسیی کوردی لە بەیاننامەیەکی یەکگرتوودا لە ئامانجێکی دیاریکراوی نەتەوەیی یەکگرتوودا (ئەگەرچی لە نێوەڕۆکیشیدا هەر یەک لەوانە پلان و بەرنامە و ستراتیژیەتی جیاوازی هەبێت)، بەڵام لە ستراتیژییە درێژخایەنەکەدا و لە چوارچێوەی نەتەوەییدا بە یەک ئامانج و بە یەک هەست بڕیاریان دا و بەیاننامەیان دەرکرد. ئەمە گرنگە، بۆیە ئەوە یەکێکە لەو وانە مێژووییانەی کە پێویستە ئەزموون بکرێت و ببێتە بەردی بناغەی داهاتوو لە دەسکەوتە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێرانی نوێدا و لە ئێرانی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی.

ی ڕێبەندانی ۲۷۲۵



سەرچاوە
Serchawe

## شوان پەروەر: پێشمەرگە بەرگریکار و پارێزەری جڤاک، وڵات و هەبوونە، بۆیە دەبێ پێشمەرگە نەتەوەیی بێت




**وتوویژ: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

پێشمەرگە؛ سروودی بەرخۆدان و ئەفسانەی شاخ، ئەو ڕێبوارە عاشقەیە کە کۆڵەپشتییەکەی پڕە لە خەونی نیشتمان و تفەنگەکەی قەڵەمێکە بۆ نووسینەوەی مێژووی ئازادی. پێشمەرگە، تەنیا جەنگاوەرێک نیە لە سەنگەردا، بەڵکوو خودی خاکە کە هەستاوەتە سەر پێ، بۆ ئەوەی کەرامەتی کورد و کوردستان بپارێزێت. لەو شەوانەی کە تاریکی وەک دەریایەکی ڕەش باڵ بەسەر دۆڵ و کێوەکاندا دەکێشێت، چاوەکانی دەبنە دوو ئەستێرەی گەش، و ڕێگە بە هیوا نیشان دەدەن. سەرما و بەفر، کە تەنانەت بەردەکانیش دەقەڵەشێنن، لە ئاست گڕی ئیرادەی پێشمەرگەدا دەبنە شەونم و دەتوێنەوە. لە درێژەی ئەم وتووێژەدا "کوردستان" بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان وتووێژێکی لەگەڵ مامۆستا شوان پەروەر، هونەرمەندی گەورە و کەسایەتیی دیاری هونەریی بەرگری پێکهێناوە.

**شەهرام سوبحانی: مامۆستا! با ئاوا بچینە نێو باسەکەمان و بڵێین کە گۆرانییەکانی بەڕێزتان بوونەتە بەشێک لە**

یادەوەریی بەکۆمەڵی کورد. کە ئاماژە بە تراژیدیا و بەرخۆدانی کورد دەکەن، ڕۆڵی پێشمەرگە لەم یادەوەرییەدا چۆن دەبینن؟ ئایا پێشمەرگە تەنیا بکەرێکی مێژووییە یان پارێزەری ئەم یادەوەرییەیە؟

**شوان پەروەر**: کە ناوی پێشمەرگە دەهێنرێت، پێشمەرگە ناوێکی تایبەت بە گەلی کوردە. هەر وەکوو ئیسپانییەکان ناوی گەریلایان داناوە و لە دونیادا ناسراوە، پێشمەرگەش بەرهەمی کوردە و بەم چەشنە ناسراوە. لە کوردستان جگە لە ناوی پێشمەرگە هیچ ناوێکی دیکە پەسەند ناکرێت؛ ئەگەر ئێستا بڵێین لەشکەر، کەس قبووڵی ناکات. لەبەر ئەوەی کە خزمەت، هێز و گیانفیدایی پێشمەرگەمان دیوە و وەکوو سیمبول ناوی کوردییە و شانازییەکە بۆ گەلی کوردستان. هەر ئەو تایبەتمەندییەش وای کردووە کە پێشمەرگە بۆ ئێمە ناوێکی پیرۆز بێت.

**شەهرام سوبحانی**: بەشێکی زۆری مێژووی قارەمانێتیی پێشمەرگە لە ڕێگەی گۆرانی و حەیران و لاوکەوە گێڕدراوەتەوە. بەڕای بەڕێزتان، ئەم گێڕانەوە هونەرییە چەندە توانیویەتی مێژووی ڕاستەقینەی پێشمەرگە بپارێزێت؟

**شوان پەروەر**: لێرەدا باس لە هونەر دەکرێت، هونەر دەنگی سروشتە و هەموو زیندەوەرێکیش لە سروشتدا دەنگی تایبەت بە خۆی هەیە. لە کۆی زیندەوەرانی سروشتدا مرۆڤ هەبوونێکی کولتوورییە و کولتوورسازی (پەروەردە و ئاوەدانی) دەکات. موزیک و هونەریش دەنگی پێوانەیین؛ بۆیە هەر ڕووداو و کارەساتێک کە لە ژیانی مرۆڤدا ڕوو دەدات، لە کۆمەڵگەدا زیاتر لە ڕێگای موزیکەوە دەردەبڕدرێت. موزیک مۆراڵ، هیوا و ڕوحییە بەرز دەکاتەوە و خۆشەویستی بەرهەم دەهێنێت. دەبێ ئۆگری ژیان، مرۆڤ، سروشت و کوردستان بیت، دەبێ ئۆگری پێشمەرگە بیت. لێرەدایە کە ئەم موزیک و گۆرانییانەی کە لەم بوارە و لە کوردستاندا تۆمار کراون، لە سەردەمی کلاسیکەوە بگرە هەتاکوو ئێستا، لە هیچ وڵاتێکی دونیادا بەرهەم نەهاتووە. بە تێپەڕینی سەد و بڕێک ساڵ لەسەر داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستاندا، نەتەوەی کورد هەمیشە خەباتی کردووە، شەهیدی داوە و ئێش و مەینەتیی کێشاوە و قارەمانێتیی نواندووە. لەسەر هەموو ئەمانەشدا موزیکی تۆمار کردووە. ئەمەش بووە بە هۆکاری پتەوبوونی ڕۆڵ و پێگەی موزیک لە ژیانی گەلی کورددا.

**شەهرام سوبحانی**: لە جیهانێکی پڕ لە گۆڕانکاریی ژیئۆپۆلیتیکیدا، ئەرک و ڕۆڵی پێشمەرگە چییە؟ ئایا تەنیا هێزێکی بەرگرییە یان دەتوانێت ببێتە بەشێک لە سیستەمی ئاسایشی ناوچەکە و جیهانیش؟ چۆن دەکرێت وێنەی پێشمەرگە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا زیاتر بەهێز بکرێت؟

**شوان پەروەر**: هەر پاڵەوانێک کە خۆی تەیار و ئامادە نەکات، سەرکەوتوو نابێت. پێشمەرگەش ناوێک نیە کە ئەوا بە

سانایی باسی لێوە بکرێت؛ پێشمەرگایەتی بەرهەمی خەبات و تێکۆشان و هەلومەرجی دژوارە، بۆیە لە دونیادا ناسراوە. وایە، هێزی پێشمەرگە هێزێکی ناسراوە لە هەموو شوێنێکی دونیادا. ئینجا خەبات و گیانفیدایی پێشمەرگە بە هێزی سیاسیی کوردستانەوە گرێ دراوە و پێویستە کە بە باشی ڕێکی بخات. ئەگەر هێزی سیاسیی کوردستان بە باشترین شێوە هێزی پێشمەرگە ئامادە و ئۆرگانیزە بکات، هێزی پێشمەرگە دەتوانێت ببێتە هێزێکی بەرگریکاری جیهانی. بێنە بەرچاوی خۆت، کاتێک کە داعش سەری هەڵدا، ئەگەر هێزی پێشمەرگە نەبوایە، دەبوو بە مەترسی بۆ هەموو گەلانی جیهان. بەڵام ئەوە هێزی پێشمەرگە بوو کە داعشی بە چۆکدا هێنا، کە ئەمیش بوو بە هۆکاری ئەوەی کە پیرۆزی و گرنگیی هێزی پێشمەرگە بۆ هەموو دونیا دەرکەوێت.

**شەهرام سوبحانی**: پێتان وایە لە دەرەوەی کوردستان تێگەیشتنێکی دروست بۆ فەلسەفەی "پێشمەرگە" هەیە؟

**شوان پەروەر**: ژیان واتە فەلسەفە و لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانیشدا ڕەنگینیی فەلسەفە دەردەکەوێت. پێشمەرگایەتیش فەلسەفەیەکە. وەکوو پێشتریش باسم کرد کە هێزی پێشمەرگە کاتێک داعشی بە چۆکدا هێنا، دونیا چەندە یارمەتیی هێزی پێشمەرگەی دا و بەهای پێ دا. ئەگەر پێشمەرگە لەوە زیاتر یارمەتی و بەهێزبوونی دەوێت، ئەمە دەکەوێتە سەر شانی هێزی سیاسی و دیپلۆماسیی کورد. هەرچەندە کە سیاسەت و دیپلۆماسیی کورد لە جیهاندا بەهێز بێت، ئەوەندەش گرنگیی هێزی پێشمەرگە بۆ جیهان دەردەکەوێت و پشتگیری دەکرێت.

**شەهرام سوبحانی**: دوای ئەم هەموو ساڵە لە خەبات و هونەر، کاتێک وشەی "پێشمەرگە" دەبیستن، یەکەم وێنە یان یەکەم هەست کە دێتە ناو دڵ و مێشکتانەوە چییە؟ ئایا ئەو وێنەیە بە تێپەڕبوونی کات گۆڕاوە؟

**شوان پەروەر**: پێشمەرگە لە گەلێک بواردا زەحمەتی کێشاوە. سەرەڕای ئەوەی قارەمانێتیی نواندووە، بەڵام چەکی پێویست و گرنگیی پێ نەدراوە. زۆرجار بووە کە ماڵ و منداڵی دەربەدەر بوون، کە لە جێی خۆیدا کێشەیەکی گەورەی ناوەتە بەردەم خەباتی پێشمەرگە. ستران و گۆرانی بە باشی هێناویەتە زمان و دەریخستووە کە پێشمەرگە بە چ زەحمەتێک پێشمەرگایەتیی کردوە و بە چ ئایدیۆلۆژی و باوەڕێک دەستی کردوە بە شۆڕش. بەڵام لە سیاسەت و دیپلۆماسیدا نەمانتوانیوە بەپێی پێویست و بەگوێرەی گیانفیدایی و تێکۆشانی پێشمەرگە، هێزی پێشمەرگە بە باشی بناسێنین. بۆیە پێویستە هەوڵی باشتر ناساندنی هێزی پێشمەرگە بدرێت، چونکە هێزی پێشمەرگە مێژوو، ناسنامە، کوردایەتی، قارەمانێتی و مرۆڤایەتییە. هەموو ڕێبەرێکی پێشمەرگە کە شۆڕشی دەست پێ کردوە و شەڕی کردوە، وتوویەتی ئاشتی، دۆستایەتی و مرۆڤایەتی. پێشمەرگە هێزێک نیە کە تەنیا بۆ لێدان و شەڕ بێت. پێشمەرگە ئاوەزمەندانە شەڕ دەکات بۆ

خزمەتی گەلەکەی. دەبێ ئەو مرۆڤدۆستی و ئاگاییەی پێشمەرگە لە بواری ئاشتی و ئازادیشدا ڕوون بکرێتەوە. بەپێچەوانەی ئەوەی کە دوژمنانی گەلی کورد دژی گەلی کورد دەیانکرد، پێشمەرگە هیچ کات لایەنگری داگیرکردن و دەستدرێژی بۆ سەر ماڵ و ئازادیی کەس نەبووە و هیچ کات لایەنگریی کوشتنی دیل نەبووە. هێزی پێشمەرگە هێزی ئاشتی و مرۆڤایەتی و لە هەمان کاتدا هێزی پاراستنی ئازادی و وڵاتە.

**شەهرام سوبحانی**: ڕۆژی پێشمەرگە" و " ئاڵا" چ قورساییەکی فەلسەفی و سۆزدارییان بۆ جەنابتان هەیە؟ ئایا ئەم ڕۆژە تەنیا یادکردنەوەی ڕابردووە، یان پرۆژەیەکن بۆ دارشتنی داهاتوو؟

**شوان پەروەر**: تەماشای هەر ئایینێکیش کە بکەیت چۆن سەری هەڵداوە و کێ خزمەتی کردوە، شرۆڤە دەکرێت و بەردەوام دەبێت. ئاڵای کوردستانیش بۆ یەکەم جار لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد شەکایەوە و هێزی پێشمەرگە دامەزرا؛ هەر ئەوەندەی کە باس لە ئاڵا و پێشمەرگە دەکرێت ئەوا مێژووەکەش شرۆڤە دەکرێت و بەردەوام دەبێت، و لە هەموو بوارێکی ئایینی، جڤاکی، دەوڵەتی و... هتد لە جیهاندا، وەکوو خۆی کە چۆن پێکهاتووە و باس دەکرێت. بۆ ئێمەش ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان لێرەوە دەست پێ دەکات. مەهاباد ساڵی ١٩٤٥ی زایینی، کە مێژوویەکی ناسراو، بەهادار و پیرۆزە.

**شەهرام سوبحانی**: پێشمەرگە وەک هێزێکی نیشتمانی سەیر دەکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دابەشبوونی سیاسی کاریگەریی لەسەر هەبووە. هونەر چۆن دەتوانێت لە سەرووی ئەم دابەشبوونانەوە بوەستێت و وێنەیەکی یەکگرتوو بۆ پێشمەرگە وەک هێزی پارێزەری "نیشتمان" پێشکەش بکات نەک "حیزب"؟

**شوان پەروەر**: هونەر هەردەم زمان، ڕامان و دەنگی ئاوازی یەکگرتنی گەلە و دابەشکاری قبووڵ ناکات. من وەکوو هونەرمەندێکی کورد هەر گۆرانییەک کە پێشکەش دەکەم، دەڵێم بۆ هەموو لایەکی نەتەوەی کورد. بەڵام لە سیاسەتدا زۆرجار ئەمە ناکرێت، دابەش دەکرێت و تایبەت دەکرێت. سیاسەت شرۆڤەی ژیانە؛ هەر یەک بە جۆرێک دەڵێت کە ژیان باشتر دەکات: یەک بە لیبرالیزم، یەک بە کۆمۆنیزم، یەکیش بە دینداری و ئەوی دیکەش دەڵێت بە کۆنسێرڤاتیڤ باشتر دەکەین. ئەم جۆرەیە کە سیاسەت هێزی پێشمەرگەش دابەش دەکات. بۆ وێنە پێشمەرگەیەک بە بیری کۆمۆنیزم و پێشمەرگەیەک بە ڕامانی ئایینپەرستی، کاتێک سەرەڕای ئەوەی کە هەردوو لاش پێشمەرگەن، کە کۆ دەبنەوە یەکتر قبووڵ ناکەن. ئەمەش بەرهەمی ئەوەیە کە سیاسەت ڕکابەریی دروست کردووە. باشتر وایە کە سیاسەت بە هەر ڕەنگێک کە هەیە، هەوڵی پارچەکردنی هێزی پێشمەرگە نەدات. ئەمە یاسایەکە لە هەموو جیهاندا، کە دەڵێن حیزب، سیاسەت و دەوڵەتداری بۆ هەموو لایەک، بەڵام بە دوور بێت لە هێزی لەشکری. بۆیە دەبێت سیاسەت تێکەڵ بە هێزی پێشمەرگە نەکرێت و

پێشمەرگە بە بیر و باوەڕی نەتەوەیی ڕێک بخرێت و لە چوارچێوەی حیزبایەتی بە هەر بیر و باوەڕێکەوە بێتە دەرەوە. ئێستا کە من هونەرمەندم، دەمەوێت هەموو کەس ئاگادار بکەمەوە کە هیچ حیزبێک من داگیر نەکات، و نابێت هیچ حیزبێک پێشمەرگەش داگیر بکات. بۆ ئەوەی کە لێرە کێشەیەک بێتە ئاراوە، پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتیش بتوانێت یارمەتیدەر بێت. کاتێک کە داعش دێت یان شەڕێک ڕووبەڕووی گەلی کورد دەبێتەوە، هەموو هێزی پێشمەرگە دەبێ بێت. دەبێ واز لە پارچەپارچەکردنی هێزی پێشمەرگە هەڵبگیرێت. پێشمەرگە بەرگریکار و پارێزەری جڤاک، وڵات و هەبوونە. ئەگەر سیاسەت تێکەڵ بە خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگە ببێت، ئەوا دابەشبوون ڕوو دەدات کە ئەمەش ڕێگا نادات بەهێز بین. بۆیە دەبێ پێشمەرگە نەتەوەیی بێت.

**شەهرام سوبحانی: هونەری بەڕێزتان هەمیشە وەک "چەکێکی کاریگەر" لە شۆڕشی کورددا سەیر کراوە. چۆن لە ڕێگەی مۆسیقا و گۆرانییەکانتانەوە هەوڵتان داوە وێنەیەکی ڕاستەقینە و قووڵ بۆ کارەکتەری پێشمەرگە بکێشن، کە تەنیا شەرکەرێک نیە، بەڵکوو پارێزەری خاک و کولتوور و ناسنامەیە؟ ئایا هونەر دەتوانێت ئەو ڕەهەندانە بگەیەنێت کە مێدیای جەنگ ناتوانێت؟**

**شوان پەروەر**: وەکوو خۆم هیچ کات هەوڵم نەداوە هونەر بە ماڵ و موڵک و پارە بیگۆڕمەوە یان لە خزمەت هێز و حیزبێکدا بم. دەنگخۆش بووم و دەمتوانی ببم بە هونەرمەندێک کە تەنیا گۆرانی بچڕم، بەڵام ئەمە لەگەڵ ڕۆحییەی من نەدەگونجا کاتێک کە بیرم لە بارودۆخی کوردستان کردەوە. بۆیە لە خوێندن بەردەوام بووم و بە دەوری دونیادا گەڕام. لە دەرەوەی زانکۆ بەردەوام بووم لە خوێندن، لە ڕامانی مارکس و ئایینی عیسا، مووسا و زەردەشتەوە بگرە هەتا سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەفریقا و ئەمریکا و... هتد. بارودۆخی کولتووری، سیاسی و ئابووری و کوردستان و ڕەوشی زمانی کوردیم تاوتوێ کرد کە زۆر بەلای منەوە گرنگ بوون. ئەمەش بوو بە هۆکار کە بیر لە موزیک و گۆرانی بکەمەوە بۆ گەلی خۆم. هەیە دەتوانێت لە ڕێگای ئینجیل و هەیە لە ڕێگای قورئان، ئەوەی دیکەیان بە کاپیتالیزم یان فەلسەفە بیگۆڕێت، یەکیش هەیە کە بە هونەر دەیگۆڕێت. هونەر بۆ هەموو ڕێگا و ڕەنگێکی ژیان شرۆڤە دەکرێت و بەرفراوان دەبێت. لە گۆرانیدا باس لە پێشمەرگە، سیاسەت و خۆشەویستیی وڵات، شەهید و خۆشەویستیی دایک و باوک و ژیان دەکرێت و ڕەنگێکی تایبەتی پێ دەدرێت. ئەمەش لە هزر و ڕامانی مندا جێی گرت و ئەو باوەڕە لای من بەهێز بوو کە کوردستان نە بۆ کڕین دەبێت و نە بۆ فرۆشتن. بۆیەش ڕێگای هونەرم هەڵبژارد تا لە ڕێگای هونەرەوە خزمەتی گەل بکەم و بۆ مرۆڤایەتی سوودبەخش بم. ئەوەی کە من لە هەموو شتێک زیاتر دڵخۆش دەکات هەر ئەو خزمەتەیە کە بە مرۆڤایەتیی دەکەم. کاتێک دەبینم کە گەلی کورد خۆی دەناسێت و ڕێز لە یەکتر دەگرێت، پێشمەرگەی کورد بەهێز دەبێت، هێزی سیاسی خەبات و خزمەت دەکات، ئەوا دڵشادم دەکات. لەم ڕێگایەدایە کە هونەر دڵشادم دەکات. بەڵام بۆ ئەوەی هونەر بە باشی پێشکەش بکەم پێویستە کە

شارەزای مێژوو، کۆمەڵگە، ئایین، سیاسەت و هەموو ڕەهەندەکانی جیهان بم. بەپێچەوانەوە ناتوانم لە گۆرانی، ستران و لاوژەدا بیڵێمەوە. هونەر بۆ من شۆڕش، گۆرانی، ژیان، نەتەوەی کورد و مرۆڤایەتییە.

**شەهرام سوبحانی**: نەوەی نوێ چۆن دەتوانێت ڕێز لە مێژوو و ماندووبوونی پێشمەرگە بگرێت و ئەو میراتە بپارێزێت؟

**شوان پەروەر**: لە ڕێگای نەتەوەییبوونەوە؛ پێشمەرگە هێزێکی نەتەوەیی کوردە، هێزێکە بۆ ڕزگاری و پاراستنی خاک و هەموو بەرهەمی کوردی، جڤاکی و دیرۆکی کوردستانە. واتە ئەگەر هێزی پێشمەرگەمان نەبێت، دوژمن بەسەر ئێمەدا زاڵ دەبێت. هەر بۆیەش پێویستە هەمیشە هێزی پێشمەرگەمان لەبەرچاو بێت، ڕێزی لێ بگرین، بەهای پێ بدەین و بەرفراوان بکرێت وەکوو هێزێکی سەرانسەری لە کوردستاندا.

**شەهرام سوبحانی**: مامۆستا گیان! سپاس بۆ ئەوەیکە کاتت پێ بەخشین و ماندووش نەبیتەوە

**شوان پەروەر**: سپاس بۆ ئێوەش.

١٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

---

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕێبەندانی ٢٧٢٥ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢٦ی زایینی

---



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ شەهرام سوبحانی بۆ ئامادەکردنی دیمانەکان و وەڵامدانەوەی بەشدارانی هێژا.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe